

تصویر ابو عبدالرحمن الكردي
5
تەفسیری نامی
بۆ
قورئانی پیرۆز
دانراوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
ئامادەکردنی: موحەممەد عەلی قەرەداغی
سەرپەرشتی چاپی نوێ: ڕەئووف مەحموودی

منتدي اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



تەفسیری نامی

بۆ قورئانی پیرۆز

سرشناسه	:	مدرس، عبدالکریم، ۱۹۰۵ - ۲۰۰۵م. Mudarris, Abd al - karim
عنوان و نام پدیدآور	:	دەقی تەفسیری نامی/دانراوی عبدالکریمی مودەرریس.
مشخصات نشر	:	سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۸۹.
مشخصات ظاهری	:	۶ ج.
شابک	:	دوره: 9649800363؛ ج.۱: 9649800370؛ ج.۲: 9649800387؛ ج.۳: 9649800394؛ ج.۴: 9649800400؛ ج.۵: 9649800417؛ ج.۶: 9649800424؛
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا
یادداشت	:	کردی.
عنوان دیگر	:	تەفسیری نامی بوقورئانی پیروز.
موضوع	:	تفاسیر اهل سنت -- قرن ۱۴ق.
رده بندی کنگره	:	BP۹۸/م۳۸ت۹ ۱۳۸۶
رده بندی دیویی	:	۱۷۹/۲۹۷
شماره کتابشناسی ملی	:	۷۲۵۶۱۱۱

تەفسیری نامی

بۆ قورئانی پیرۆز

نووسینی:

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

بەرگی پێنجەم

(نوور، فورقان، شوعەرا، نەمل، قەسەس، عەنکەبووت، ڕۆم، لوقمان، سەجدە، ئەحزاب، سەبەء، "فاطر"، یاسین، سافات، "ص"، زومەڕ، غافیر، "فصّلت" و شوورا)



بڵاوکردنەوەی کوردستان

سنە

ئەم نوسخە لە سەر ئیزنی بەڕێز «محمدی مەلا کەریم» لە چاپ دراوە
و مافی لە چاپ دانەوەی ئەم نوسخە پارێزراوە بۆ بڵاوکردنەوەی کوردستان



سنە - پاساژی عیزەتی - تەلەفوون - ۲۲۶۵۳۸۲

تەفسیری نامی

✔ ناوی کتێب (نام کتاب):	تەفسیری نامی (بەرگی پێنجەم)
✔ دانراوی (تألیف):	مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
✔ کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول)؛ ۱۳۸۹
✔ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۳۰۰۰ دەورەی شەش بەرگی (دورەی شش جلدی)
✔ ژمارەی لاپەڕەو قەوارە (تعداد صفحه و قطع):	۵٦۰ صفحەی وزیری (شش جلد ۳۳٦۰ صحفه)
✔ بڵاوکەرەوە (ناشر):	بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)

نرخی دەورەی شەش بەرگی: ٦۲,۰۰۰ تمەنە

شابک دورە: ۳ - ۰۳٦ - ۹۸۰ - ۹٦٤ - ۹۷۸
شابک ج ۵: ۷ - ۰٤۱ - ۹۸۰ - ۹٦٤ - ۹۷۸

سووره‌تی نوور، مه‌دینه‌ییه، "٦٤" ئایه‌ته،
دوای سووره‌تی حه‌شر هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿سُورَةٌ أَنزَلۡنَٰهَا وَفَرَضۡنَٰهَا وَأَنزَلۡنَا فِيهَآ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ لَّعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ١﴾

ئه‌مه كه نازڵی ئه‌كه‌ین بۆ لای تۆ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خۆشه‌ویست سووره‌تێكی گه‌وره‌یه كه ناردوومانه‌ته خواره‌وه بۆ ئه‌وه ره‌هنومایی عاله‌می پێی بكه‌ی بۆ رێگه‌ی راست، وه ئه‌و ئه‌حكامه كه وا له‌و سووره‌ته‌دا فه‌رزمان كردووه له‌سه‌ر هۆشیارانی عاله‌م ره‌فتاری پێ بكه‌ن و، چه‌ن ئایه‌تێكی رووناكی بێ‌شوبهه‌مان تیا داناوه بۆتان و ناردوومانه بۆتان به ئومێدی ئه‌وه كه به هۆی ئه‌و ئایه‌تانه‌وه یادی خودای ته‌عالا بكه‌ن و ئاماده ببن بۆ ره‌فتار كردن له‌سه‌ر میزانی ئه‌مر و نه‌هی ئه‌و و فه‌رمانبه‌رداری بكه‌ن هه‌تا له دنیادا سه‌ربه‌رز و له قیامه‌تا سه‌رفه‌راز بن.

موناسه‌به‌ی ئه‌م سووره‌ته له‌گه‌ڵ سووره‌تی «مؤمنین»دا ئه‌مه‌یه: كه له سووره‌تی موئمینیندا بڕیاردراوه پاراستنی عه‌وره‌ت له تاوانباری هۆی رزگاری ئینسانه، وه له‌م سووره‌ته‌یشدا باسی حوكمی پیاو و ژنی تاوانباری زیناكار و بوختان كردن له‌سه‌ر ژنی پاك و تۆڵه‌ی ئه‌وه و فه‌رماندان به نووقاندنی چاو له ته‌ماشای نامه‌حره‌م و،

ئیجازە خواستن لە خاوەن ماڵ لە کاتێکدا بمانەوێ بڕۆینە خانووی کەسێکەوە و، ئەمر بە راگرتنی «عفة» ئەکا... کە هەموو ئەمانە لە یەك بابەتن.

جا لەبەر ئەوە کە ئەم سوورەتە باسی ئەمانە ئەکا، وەکوو چۆن سوورەتی «مائیدە» باسی ئەحکامی موناسبی پیاو ئەکا، حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «علموا رجالكم سورة المائدة، و علموا نساءكم سورة النور». واتە پیاوەکانتان فێری سوورەتی مائیدە بکەن و، ژنەکانتان فێری سوورەتی نوور بکەن.

وە ریوایەت کراوە لە حاریسەی کوڕی «مضرب»ەوە رضي الله عنه ئەڵێ: عومەری کوڕی خەتتاب رضي الله عنه بۆی نووسین کە: فێری سوورەتەکانی «نیساء» و «نوور» و «ئەحزاب» ببین؛ چونکی باسی ژنانیان زۆر تێدایە.

﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجْلِدُوا۟ كُلَّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا مِا۟ئَةَ جَلْدَةٍ ۖ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِى دِينِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ ۖ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَآئِفَةٌ مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢﴾﴾

ئەو ژنانە کە زینا کردنیان سابت بووە و ئەو پیاوانەیش کە زینایان سابت بووە لە هەرکام لەو دوانە سەد داریان لێ بدەن، بە عادەت بە تووڵێ نە زۆر گەورە و نە زۆر بچووك، بەڵام مەدەن لە چاویان و لە سەریان و لە جێگەی کوشندەیان، وە میهرەبانی و بەزەیی نەتان گرێ بەرابەر بەمانە بۆ ئەوە کە فەرمانی خودا زایە نەبێ، ئەگەر ئێوە ئیمانتان هەیە بە خودا و بە رۆژی پاشەڕۆژ، وە پێویستە کۆمەڵێ لە موسوڵمانان لەو شوێنەدا حازربن کە دارەکان ئەدەن لە زیناکارەکان، وە پێویستە چوار کەس یا زیاتر بن بە گوێرەی مەزهەبی ئیمامی شافیعی رحمه الله.

لەم ئایەتەدا چەن باسێ هەیە:

[باسی] یەکەم: ئەمەیە کە زینا لە عورفی شەرعا بریتییە لەوە: ئینسانێکی نێرینەی باڵغی عاقڵ بە ئارەزووی خۆی دوخوول بکا بە «فەرجی» مێینەیەکی باڵغی عاقڵدا بە ئارەزووی خۆی، بە مەرجی ئەوە نە نیکاح و نە موڵك و نە شوبهەی نیکاح و نە شوبهەی موڵك لە ئارادا نەبێ. کە وابێ پیاوێ بڕوا دوخوول بکا بە ژنێ کە مەنکووحەی خۆی بێ بە نیکاحێکی دروست یا «فاسد» ئەوە زینا نییە؛ چونکی لە نیکاحی فاسیدیشدا کابرا وای زانیوە ژنی مارەبڕی خۆیەتی. هەر وەکوو ئەوەیش بە زینا دانانرێ کە کابرایەك دوخوول بە جارییەی موڵکی خۆی بکا، یاخود بە جارییەیەك کە گومانی موڵکی تێدا ببێ بەم جۆرە بە کڕینێکی «فاسید» کڕیبێتی.

هەر وەکوو زینا نییە بەیەکگەیشتنی کوڕ و کچی ناباڵغ یا شێت یا کەسێ بە زۆر ئەو کارەی پێ بکرێ. وە لەم قسانەوە دەرکەوت ئەگەر یەکێ بە زۆر ژنێ داگیر بکا و دوخوولی پێ بکا ئەوە ئەو پیاوە زیناکارە نەك ژنەکە؛ چونکی ژنەکە بە زۆر داگیر کراوە.

باسی دووەم: ئەمەیە بۆیە لە ئایەتەکەدا ژنی پێش خست لەبەر ئەوە ئەگەر ژنەکە رازی نەبێ بە هیچ شێوەیێ زینا بۆ ژنەکە نانووسرێ، وە بە زۆری بۆ پیاوەکەیش رێك ناکەوێ بە زۆر ژنێ داگیر بکا، کەوابێ ژن روکنی گەورەیە لەو تاوانەدا.

باسی سێهەم: زینا سابت نابێ بە ئیقراری خاوەن رەفتارەکان یاخود بە شایەتی چوار کەس نەبێ؛ چونکی خودا فەرموویەتی: ﴿فاستشهدوا علیهن أربعة منکم﴾.

باسی چوارەم: ئەو سەد دارە لە لای ئیمامی شافیعیﷺ ئەبێ حاکمی ئیسلام یا جێگری ئەو بیاندا لە تاوانبارەکە، وە ئەبێ دارەکە میانە بێ، وە لەسەر و چاو و جێگەی کوشندە نەدرێ.

باسی پێنجەم: لە مەزهەبی شافیعیدا﷫ وەکوو ئەو سەد دارەیان لێ ئەدرێ ئەبێ بۆ ماوەی دوازدە مانگ لەو شوێنی خۆیانە دووربخرێنەوە، بە ئەندازەی مەسافەی قەسر، واتە هەشتا و دوو کیلۆمەتر، جا ئەگەر دوورخراوەکە ژن بوو لە شوێنێکی وادا دادەنرێ کە ژنەکە تیایا لە فیتنەی نەفس و ناموس پارێزراو بێ.

باسی شەشەم: ئەگەر ئەوانە زیناکەیان کردووە تا ئێستە دارای نیکاحی سەحیح نەبوون و لە نیکاحا نەگەیشتوون بەیەك ئەوە حوکمەکەیان سەد جەڵدە و ساڵێ دوورخستنەوەیە. وە ئەگەر پیاو و ژنەکە «محصن» و «محصنة» بن، واتە پیاوەکە ژنی هێنابێ و چووبێتە لای و ژنەکەیش شووی کردبێ و مێردەکەی چووبێتە لای. ئەوە کاتێ زینایان کرد و زیناکەیان سابت بوو بە شەرع ئەوە «حد»ی ئەوانە بریتییە لە «رجم» یانی سەنگەسار کردن تا ئەمرن.

وە بەڵگەی ئەمە حوکمی حەزرەتە ﷺ بە رەجمکردنی «ماعز» ناو و بە رەجمی ژنێك لە هۆزی «غامد» لە «جهینه» وە حەزرەت ﷺ فەرمووی بە «انیس»: «أغد علی امرأة هذا فإن اعترفت فارجمها»، واتە: برۆ بۆ لای ژنی ئەم کابرا ئەگەر ئیقراری بە زینا کردن کرد رەجمی بکە.

بزانن! لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

[باسی] یەکەم: لە حوکمی لیواتەدا (واتە نێرینە بڕواتە لای نێرینە وە یا لە دواوە بڕواتە لای ژنی غەیر) لە ناو ئیمامانی موجتەهیدیندا ئیختیلافی رەئی هەیە، وە رەئی ئیمامی شافیعی لەو حوکمەدا دوانە؛

یەکەم: ئەمەیە کە لیواتە وەکوو زینا وایە؛ ئەگەر لە غەیرە موحسەنەوە بوو ئەوە سەد دار و نەفی و دوورخستنەوەی مەسافەی قەسرە بۆ ماوەی ساڵێك، وە ئەگەر لە موحسەنەوە بوو ئەبێ سەنگەسار بکرێ.

دووەم: ئەمەیە واجبە ئەوخاوەن کردەوانە بکوژرێن «محصن» بن یا «غیر محصن» وە کوشتنەکەیان بەوەیە: یا لە بەرزییەکەوە هەوا بدرێن، یا دیوارێکیان بەسەردا برووخێنرێ، یا سەریان ببڕن.

باسی دووەم: حوکمی چوونە لای حەیوانات تەعزیر کردنی کابرایە و بەس، وەکوو حوکمی چوونەلای ئینسانی مردوو تەعزیرە، هەروا حوکمی ئەوە کە دوو ژن خۆیان لەیەك هەڵسوون تا ئاویان دێتەوە، وە حوکمی «استمنا»یش، کە راجیح وایە حەرامە، هەر تەعزیرە، مەگەر کاتێ وەسیلەی رزگاربوون بێ لە زینا یا لە لیواتە کە لەو کاتەدا دروستە بۆ خۆپاراستن لەو کارە فاحیشانە. هەروا حوکمی چوونەلای ژنی خۆی لە پاشەوە تەعزیرە؛ چونکە حەرامە و لە حەدیسی شەریفا لەعنەت کراوە لەو کەسە ئەو کارە ئەکا، وە بە قیاس لەسەر چوونەلای ژنی خۆی لە کاتی عوزری شەرعیدا کە حەیز و زەیسانییە، لەبەر ئەوە وەکوو لە «مقیس علیه»دا پیسی خوێن هەیە لە «مقیس»ەکەیشا پیسی پاشی ژنەکەی هەیە.

باسی سێهەم: حەددی قەزف هەشتا دارە و، حوکمی شەرابخواردنەوەیش لە چل دارەوەیە تا هەشتا، وە لەوە بەرەوژوور دروست نییە.

وە ئەم کردەوانە کە حەدیان لەسەرە سابت ئەبن بە ئیقراری خاوەنەکەی هەرچەن یەك جار بێ، وە ئەگەر ئیقراری نەکرد و شایەتی لەسەر راست کرایەوە پێویستە بۆ زینا و لیواتە چوار شایەتی عادڵ شایەتی بدەن. بۆیە ئەگەر کەسێ قەزفی کەسێکی کرد بە زینا یا لیواتە ئەگەر چوار شایەتی راست کردەوە و شەهادەتیان دا لەسەر ئەو عەمەلە ئەوە باشە، ئەگەرنا هەشتا داری لێ ئەدرێ، تەنها لە مەسئەلەی قەزفی پیاو بۆ ژنی خۆیدا نەبێ ئەوە ئەگەر شایەتی نەبوو پێویستە «لعان» بکا، وەکوو لەمەولا باس ئەکرێ.

باسی چوارەم: ئەمەیە کەسێ ئەگەر گیرۆدەی ئەم گوناهانە بوو چاك وایە دایپۆشێ و باسی نەکا و لە نێوان خۆی و خودادا تەوبەی لێ بکا؛ چونکی سەتری عەیب باشە بە لای خوداوە و خاوەنەکەی پاداشی هەیە.

﴿ٱلزَّانِى لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٣﴾﴾

ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی بازێ موهاجیری بێ ماڵدا کە ویستیان بازە ژنێ بخوازن لەوانە کە مەشهوور بوون بە زینا کردن لە ناو خەڵکدا، جا خودا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە و فەرمووی: پیاوی زیناکاری کافر مارە نەکا ژنێ نەبێ کە زیناکار بێ یا موشریکە بێ. وە ژنی زیناکاری کافر مارەی ناکا پیاوێکی زیناکار یا موشریك نەبێ. وە حەرامە لەسەر موسوڵمان ژنی زیناکاری بەدڕفتار مارە بکا.

جا کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ئەو کەسانە کە ئەیانویست ئەو ژنانە مارە بکەن دەسبەردار بوون و مارەیان نەکردن، کە وابوو دەرکەوت کە ئەم ئایەتە لە سوورەتا نەفی و خەبەردانە و، لە حەقیقەتا نەهی و ئینشایە. وە پاش ماوەیێ ئەم ئایەتە نەسخ کرایەوە بە فەرموودەی خودا «وانکحوا الأيامى منكم» وە «مقيد» نەکراوە بە «سالحە» یا «غەیرە سالحە»وە. وە فەرموودەی حەزرەت ﷺ تەئییدی ئەم نەسخە ئەکا، کە لە وەڵامی پرسیاردا لە مارە کردنی ئەو جۆرە فەرمووی: «أوله سفاح و آخره نكاح، والحرام لا يحرم الحلال». واتە: وەختی خۆی ئەو ژنانە حەرام بوون و چوونەلایان بە مارەبڕین دروست نەبوو، بەڵام لە دواییدا بوو بە نیکاح و مارەبڕینیان ڕەوا کرا؛ چونکی کردەوەی حەرامی ئەو جۆرە ژنانە حەڵاڵی وەکوو نیکاحی پێ حەرام نابێ.

﴿وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ وَلَا تَقۡبَلُواْ لَهُمۡ شَهَٰدَةً أَبَدٗاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿٤﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ وَأَصۡلَحُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٥﴾﴾

وە ئەو کەسانە کە نیسبەتی ئافرەتی حوڕی باڵغی عاقڵی موسوڵمانی پاك لە داوێن‌پیسی ئەدەن بۆ لای زینا و ئەڵێن زینایان کردووە ئەگەر چوار شایەتی خاوەن عەداڵەتیان راست کردەوە لەسەر ئەو کردەوە نابارە ئەوە باشە، وە ئەگەر چوار شایەتیان نەهێنا لەسەر ئیسباتی ئەو زینایە ئەوە هەشتا داریان لێ بدەن لە حەدی ئەو قەزفەدا. وە لە پاش ئەوە کە دارەکانیان لێ درا ئیتر شایەتییان قەبووڵ مەکەن بۆ هیچ باس و خواستێك هەتا هەتایە. وە ئەوانە بە فاسق ئەناسرێن، ئەوانەیان نەبێ کە پەشیمان ئەبنەوە لەو قەزفە و لە دوای ئەوە کردەوەی خۆیان باش ئەکەن. ئەوە بە راستی خودای تەعالا تاوانبەخش و میهرەبانە.

بزانن! لە تەفسیری ئایەتەکەوە دەرکەوت کە قەزفی کچێکی وەها کە قابیلی موباشەرە نەبێ لەبەر بچووکی، یا قەزفی شێتێ یا ژنێکی «ذمیە» یا ژنێکی موسوڵمان بەڵام پاك نەبێ لە زینا و زینا کردنی دەرکەوتبێ، ئەم جۆرە قەزفانە مووجیبی حەد نین. بەڵام هەموویان گوناهی گەورەن لەسەر پایە پایەی جیاواز؛ واتە قەزفی عاقڵ گوناهی زیاترە لە شێت.

بزانن! خاوەن تەفسیرەکان و موجتەهیدەکان لە مەعنای «ئیستیسنا»ی «إلا الذین تابوا من بعد ذلك»دا چەن بیری جیاجیایان دەربڕیوە؛ بیری ئیمامی شافیعی ﷺ لەسەر ئەوەیە کە ئەو ئیستیسنایە ئەگەڕێتەوە بۆ هەر سێ جوملە پێشووەکان، واتە قەزفی ژنانی خاوەن ئیحسان بە بێ ئیسباتی ئەو تاوانە بە چوار شاهید ئەبێ بە هۆی ئەوە کە هەشتا داری لێ بدرێ و شایەتیی قەبووڵ نەکرێ لە هیچ دەعوایەکدا و بە فاسق

بناسرێ، مەگەر کابرا تەوبە بکا لەو قەزفە بە تەوبەیەکی شەرعی، ئەو کاتە شایەتی قەبووڵ ئەکرێ پاش رابوردنی ماوەی «استبراء» کە ساڵێکە و، بە فاسق ناناسرێ و دارەکانیشی لێ نادرێ ئەگەر لە لایەنی مەقزووفەکەوە یا وەرەسەی مەقزووفەکەوە عەفو بکرێ؛ چونکی ئەم مەسەلە حەقی ئینسانی تیادا زۆرترە مادام ئەو مەقزووفە ئازادی کرد ئیتر داری لێ نادرێ.

﴿ وَٱلَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَٰجَهُمْ وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمْ فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَٰدَٰتٍۭ بِٱللَّهِ ۙ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٦﴾ وَٱلْخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ ٱللَّهِ عَلَيْهِ إِن كَانَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٧﴾ وَيَدْرَؤُا۟ عَنْهَا ٱلْعَذَابَ أَن تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَٰدَٰتٍۭ بِٱللَّهِ ۙ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٨﴾ وَٱلْخَٰمِسَةَ أَنَّ غَضَبَ ٱللَّهِ عَلَيْهَآ إِن كَانَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٩﴾ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ وَأَنَّ ٱللَّهَ تَوَّابٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ ﴾

ئەفەرموێت: ئەو کەسانە کە نیسبەتی زینا کردن ئەدەن بۆ لای ژنەکانیان و شایەتیان نییە شایەتی بدا لەسەر ئەو تاوانە [بێجگە لە نەفسی خۆیان]، ئەوە بۆ ئەوە کە ئیسباتی ئەو تاوانە بکا پێویستە خۆی چوار شایەتی بدا لای قازی و، لای کەمی چوار کەس لە لایان حازر بن. بڵێت: شایەتی ئەدەم بە خودا کە من راست ئەڵێم لەوەدا کە نیسبەتی ئەدەم بۆ لای ژنەکەم وەکوو زینا بێ. وە ئەگەر ویستی نەفی نەسەبی منداڵەکەیشی بکا هەم لە هەموو شەهادەتەکانیا بڵێ: وە ئەو منداڵەیش کە لە لای ژنەکەیە لە من نییە. وە بۆ جاری پێنجەم بڵێ: وە لەعنەتی خودام لەسەر بێ ئەگەر درۆ بکەم لەم نیسبەتەدا. وە بەم پێنج جوملە زینا کردن سابت ئەبێ لەسەر ژنەکەی، جا یا ئەبێ ژنەکە ئەم تاوانە لە خۆی دوور بخاتەوە بە «لعان» یا ئەبێ حەدی بەسەردا جاری بکرێ.

جا ئەگەر ژنەکە ویستی تاوانەکە لەسەر خۆی لاببات ئەبێ چوار جار شایەتی بدا و بڵێ: شایەتی ئەدەم بە خودا بە راستی ئەو کابرایە درۆزنە لەو نیسبەتی زینادا بۆ لای من، وە ئەگەر منداڵیشی بوو بڵێ: ئەو منداڵەیش کە لەلامە لەو کابرایە. وە بۆ جاری پێنجەم بڵێ: غەزەبی خودام لەسەر بێ ئەگەر ئەو کابرایە راست بکا و راستگۆ بێ لەو نیسبەتی زینادا بۆ لای من.

کاتێ ئەم لیعانە کرا عەقدی نیکاح لە نێوان ئەو ژن و پیاوەدا لە خۆیەوە هەڵئەوەشێتەوە و لەیەك حەرام ئەبن هەتا هەتایە و، منداڵی ئەو ژنە نیسبەت نادرێ لەو پیاوە و حەدیش لەو ژنە نادرێ.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنه کە هیلالی کوڕی ئومەییە هات لە خزمەتی حەزرەتا ﷺ نیسبەتی زینای دا لە ژنەکەی خۆی وتی: زینای کردووە لەگەڵ شورەیکی کوڕی سەمحادا، جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: یا چوار شایەت یا داری حەد ئەدەم لە پشتت! ئەویش عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خودا کاتێ یەکێ لە ئێمە پیاوێکی بینی بەسەر ژنەکەیەوە بڕوا بگەڕێ بە شوێن شایەتا بێن تەماشای رووداوەکە بکەن بۆ ئەوە شایەتی بۆ بدەن؟! ئەویش فەرمووی: یا شایەت یا داری حەد بۆ پشتت! جا هیلال وتی: قەسەم بەو کەسە تۆی بە حەق رەوانە کردووە من راست ئەڵێم و بێ‌گومان خودا ئایەت ئەنێرێتە خوارەوە بۆ ئەوە پشتی من لە حەد بپارێزێ. جا دوای ئەمە جوبرەئیل هاتە خوارەوە و ئەم ئایەتەی هێنا: ﴿والذين يرمون أزواجهم ولم يكن لهم شهداء إلا أنفسهم...﴾.

جا حەزرەت ﷺ هەستا و ناردی بە شوێن ژنەکەدا و، هیلال هات و شایەتی خۆی دا و حەزرەت ﷺ ئەیفەرموو: بە راستی یەکێ لە ئێوە درۆ ئەکات، ئایا کەستان تەوبە ئەکات؟ وە پاش ئەم قسە ژنەکەیش راستەوە بوو چوار شایەتیی خۆی تەواو کرد. کاتێ گەیشتە شایەتی پێنجەم ژنەکەیان ماتڵ کرد و پێیان وت:

ئەم شایەتییە ئەبێ بە هۆی هاتنی قاری خودا، ژنەکە کەمێ خۆی گرت و گەڕایەوە دواوە تا گومانمان برد کە لەو شایەتییانە پەشیمان ئەبێتەوە. جا ژنەکە هات وتی: من گەلەکەی خۆم رسوا ناکەم تا رۆژی قیامەت و شایەتی پێنجەمیشی تەواو کرد.

جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: بڕوانن بۆ ئەو ژنە، ئەگەر منداڵێکی لێ داکەوت کە چاو رەشی بێسوورمە بوو، رانی پڕبوون و، لاقەکانی ئەستوور بوون ئەوە ئەو منداڵە لە شورەیکی کوڕی سەمحایە. وە کاتێ ئەو ژنە منداڵێکی بوو لەسەر ئەو شێوە کە حەزرەت ﷺ بەیانی کردبوو حەزرەت فەرمووی: ئەگەر لە ئایەتا نەبوایە کە بەو شەهادەتانە ئەو ژنە لە سزای حەد رزگاری ئەبێ شتێکم پێ ئەکرد. واتە حەدی زینام لێ ئەدا.

وە ئیبنوعەباس رضي الله عنهما لە ریوایەتێکی تردا ئەمەیشی لێ زیاد کردووە ئەفەرموێ: جا حەزرەت ﷺ حوکمی دا بەوە ئەو منداڵە بۆ ژنەکەیە و پەیوەندی بە هیلالەوە نییە. وە ئەو دوو کەسە کە لیعانەکەیان کرد لە یەکی جیاکردنەوە. وە سوننەت رابورد لە میراتا کە ئەو منداڵە میرات لەو ژنە بگرێ و ئەو ژنەیش میرات لەو منداڵە بگرێ ئەوەی خودا بڕیاری داوە.

وە ئەگەر فەزڵ و رەحمەتی خوداتان لەسەر نەبوایە کە خودا تەوبە وەرئەگرێ و میهرەبانە و تاوان ئەبەخشێ، ئابڕووی ئەبردن بە هۆی خۆنەگرتنتانەوە لە دەربڕینی عەیبی تردا و، سزایشی ئەدان بە بۆنەی شوومی تاوانبارەکانتانەوە، بەڵام خودا تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ ۚ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم ۖ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ لِكُلِّ ٱمْرِئٍ مِّنْهُم مَّا ٱكْتَسَبَ مِنَ ٱلْإِثْمِ ۚ وَٱلَّذِى تَوَلَّىٰ كِبْرَهُۥ مِنْهُمْ لَهُۥ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١١﴾﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە درۆ گەورە و ناهەموارەکەیان هەڵبەست، کۆمەڵێ بوون لە ئێوە، وەکوو سەرۆکی مونافقەکان عەبدوڵڵای کوڕی (أُبَیّ)ی کوڕی سەلوول و چەن کەسێ کە لەگەڵیا بوون. گومان مەبەن کە ئەو درۆهەڵبەستنە شەڕ بوو بۆ ئێوە، بەڵکوو زۆر باش بوو بۆتان: لە لایەکەوە کەفارەت بوو بۆ گوناه و لە لایەکەوە بەرز کردنەوەی پایەتان بوو؛ چونکی بەو هۆوە هەژدە ئایەت لە لایەنی خودای تەعالاوە هاتنە خوارەوە لە باسی پاکیی ئێوەدا.

ئەم خیتابە لە لایەنی خودای تەعالاوە بۆ حەزرەت و ﷺ ئەبووبەکری سددیق و عائیشەی دایکی موسوڵمانان ـ خێزانی پێغەمبەر ﷺ ـ و سەفوانە، کە جەڵەوکێشی وشتری عائیشە بوو لەو رۆژەدا گومانیان خستە سەر. وە بۆ هەر یەکێ لەو درۆزنانە بەشی خۆی هەیە لە گوناه و تاوانباری کە بەو دەنگوباسە نای بەیەکەوە بۆ خۆی، وە بە تایبەتی ئەو کەسەیان کە کێشی تاوانەکەی هاویتە سەر شانی خۆی و سەرۆکایەتی درۆبلاوکردنەوەکەی دەکرد کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول بوو گوناه و تاوانێکی گەورە بڕیار درا [بۆی]؛ چونکی یەکەم کەسێ کە دەستی کرد بە دروستکردنی ئەو بوختانە و بۆ بلاوکردنەوەی تێکۆشی ئەوبوو.

﴿لَّوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ ظَنَّ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمۡ خَيۡرٗا وَقَالُواْ هَٰذَآ إِفۡكٞ مُّبِينٞ ﴿١٢﴾﴾

ئەوە بۆچی لەو کاتەدا کە ئەو درۆ نابارەتان بیست پیاو و ژنە موسوڵمانەکان گومانی پاکی و ئەدەبیان نەبرد بە خۆیان و نەیانوت: ئەم درۆیە درۆیەکی ناهەموارە؟ ئایا نەیانئەزانی کە خودای تەعالا هەر ژنێ هەڵبژێرێ بۆ پێغەمبەری خۆی ئەبێ پاك و بەرز و دوور لە پەستی خوو و رەوشت بێ و نەیانئەزانی بوختانێ بناغەی بە دەستی مونافق دانرابێ بێجێ و بێبناغەیە؟

﴿لَّوْلَا جَآءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ ۚ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا۟ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْكَـٰذِبُونَ ﴿١٣﴾﴾

ئەوە ئەو درۆهەڵبەستانە بۆچی لە ناو سوپایەکی گەورەی وەهادا چوار شایەتیان نەهێنا لەسەر سەلماندنی ئەو درۆیە؟ وە بۆچی جگە لە سەرۆکی مونافقەکان کەس سەرۆکیی ئەو بوختانەی نەکرد؟ جا مادام شایەتیان نەهێنا ئەوە ئەوانە لە لای خودا درۆزنن.

﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِى مَآ أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٤﴾﴾

وە ئەگەر فەزڵ و رەحمەتی خودا لەسەر ئێوە نەبوایە بە گەلێ نیعمەت و، تەوفیقدانتان بۆ تەوبە کردن، وە لە قیامەتا بە عەفو کردن و تاوانبەخشین، بە راستی سزایەکی گەورە لێی ئەدان بە هۆی ئەو درۆ نابارەوە کە دروستتان کرد و دەمتان تێ‌ژەند و بلاوتان کردەوە.

﴿إِذْ تَلَقَّوْنَهُۥ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُۥ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾﴾

ئەو سزا گەورە کە لە لایەنی خوداوە ئەهات بۆتان لەو کاتەدا کە ئەو درۆ نابار لە ناو خۆتانا بڕێکتان وەری ئەگرێ لە بازێکتان و بە دەمتان درۆیێ ئەجاوون و بە زمان ئەیڵێن ئەوەی کە عیلمتان پێی نییە نە لە رێگەی ئیحساسەوە و، نە لە رێگە· هەواڵی ئینسانی راساڵەوە و، نە لە رێگەی عیلم و ئیستیدلالەوە، وە جاوینی ئە قسانەیش بە شتێکی سووك ئەزانن کەچی ئەمە لای خودا تاوانێکی زۆر گەورەیە چونکی بوختانە بۆ شەخسی پاك و، رەخنە گرتنە لە خانەدانی رەهبەریی لە عالەمدا

و، مەیدان گوشادکردنەوەیە بۆ کافران و مونافقان و بڵاوکردنەوەی تانەیە بۆ ئەو کەسانە لە رەخنە ئەگەڕێن لە پاشەڕۆژا و بە تایبەتی ئازاردانی دڵی پێغەمبەری خودایە.

﴿وَلَوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا سُبْحَٰنَكَ هَٰذَا بُهْتَٰنٌ عَظِيمٌ ﴿١٦﴾﴾

ئەوە بۆچی لەو کاتەدا کە ئەو درۆ نابارەتان بیست نەتانوت: قەت شیاو نییە ئێمە کە قسەی وەها ناڕەوا بە زمانمانا بێت، خودایە پاکی و بێعەیبی هەر بۆ تۆیە وە ئەم خەبەرە بەدسەمەرە بوختان و درۆهەڵبەستنێکی گەورەیە؟

﴿يَعِظُكُمُ ٱللَّهُ أَن تَعُودُوا۟ لِمِثْلِهِۦٓ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧﴾ وَيُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٨﴾﴾

خودای تەعالا ئامۆژگاریتان ئەکا و پەندتان بۆ دائەدا و مەنعتان ئەکا لەوە بگەڕێنەوە بۆ سەر دروستکردن و هەڵبەستنی درۆیەکی وێنەی ئەم درۆ نابارە هەتا ماون لە جیهانا ئەگەر بە راستی خاوەن ئیمانن. وە خودا ئایاتی ئیرشاد و تەربییە و تەئدیبتان بۆ رەوانە ئەکا و بۆتان رووناك ئەکاتەوە و خودا زانایە بە ئەحواڵ و خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا.

د. هەڵئەگرێ کە لە جوملەی حیکمەتەکانی بێ لەم جۆرە کارەساتە کە روو ئەدا لە خانەدانی گەورە بێدارکردنەوەی ئەهلی ئەو خانەدانەیە لەوە کە دوژمن هەمیشە وەکوو مار و سەگی لانگر و گورگی هار خۆیان ئامادە کردووە بۆ رەخنە گرتن و عەیب بڵاوە کردن و، زۆر واجبە خانەدان هەتا بەرزتر بێ زۆرتر بڕوانێ بە وردی بۆ بەر و داوێنەی خۆی و بۆ دەستە و بەستەی خۆی و خۆی بپارێزێ لە مونافقان، نەکا تووشیان بکەن.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلْفَٰحِشَةُ فِى ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٩﴾﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە حەز ئەکەن باسی کردەوەی ناشیرین بڵاوبێتەوە لە ناو خاوەن باوەڕەکانا، ئەوانە سزای ناهەمواری خاوەن ئازاریان هەیە لە دنیا و قیامەتا، هەرچی وەکوو دنیا بەوە کە خودا سووکیان ئەکا وەکوو ئەوان حەز ئەکەن کە موسوڵمانان سووك و رسوا ببن، وە هەرچی وەکوو قیامەتیش ئەوە بەو سزا و ئازارە کە خودا خۆی ئەیزانێ، وەکوو خۆی فەرموویەتی: خودا خۆی بە ئەحواڵی خەڵك ئەزانێ کە کێ حەز لە هێمنی ناو موسوڵمانان ئەکا و کێ حەز بە بشێوە و سووك کردنی رەهبەر و پەیڕەوانی ئەکا.

﴿وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ وَأَنَّ ٱللَّهَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٠﴾﴾

ئەگەر فەزڵ و رەحمەتی خودا لەسەر ئێوە نەبوایە (بالذات) لەبەر وجوودی پێغەمبەر ﷺ لە ناوتانا، وە ئەوە نەبوایە کە خودا لە زاتی خۆیا میهرەبان و خاوەن رەحمەتە، کەستان رزگار نەدەبوون، واتە لەوانە کە حەزیان کردووە بە بڵاوە بوونی ئەم قسە درۆیە لە ناو عالەما.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۚ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢١﴾﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە شەیتان گەلێ هەنگاو ئەنێ بۆ تێکدانی دینی ئیسلام بەوە کە خەڵك هەڵئەنێ بۆ جەنگکردن لەگەڵ موسوڵمانانا و تێئەکۆشێ بۆ

ئەوە جیاوازی و ناکۆکی بخاتە نێو موسوڵمانانەوە و، بۆ ئەوە کە عەیبداریان بکا و سووکیان بکا لە بەر چاوی خەڵکا، جا ئێوە مەکەونە شوێن شەیتان و هەنگاوەکانی، وە هەرکەسێ شوێن هەنگاوی شەیتان بکەوێ ئەوە ئەکەوێتە ناو ئەو کارانەوە کە زۆر ناپەسەند و ناشیرینن؛ چونکی شەیتان یاسای وایە هەر فەرمان ئەدا بە کاری زۆر خراپ و ناپەسەند، وە هەرکەسێ شوێن ئەو بکەوێ وەهای بەسەر دێ. وە تا ئێستە هەرچی رابورد وا رابورد، خودا چاوپۆشی ئەکا، وە ئەگەر میهرەبانی ئەوتان لەسەر نەبوایە بەوە کە تەوفیقیان بدا بۆ پەشیمان بوونەوە لە گوناه هیچکەسێ لە ئێوە لە چڵکی تاوانباری پاك نەدەبووەوە، وە خودا بیسەرە بۆ وتاریان و زانایایە بە رەفتاریان، بەڵام خودا ئارەزووی پاك کردنەوەی هەرکەسێکی ببێ پاکی ئەکاتەوە.

ریوایەت کراوە: مەستەح ناو پوورزای ئەبووبەکری سدیق، ئەویش یەکێ بوو لەوانە کە لە بڵاوکردنەوەی ئەو درۆ نابارەدا دەستی هەبوو، لەسەر ئەوە حەزرەتی ئەبووبەکر سوێندی خوارد ئیتر یارمەتی مەستەح نەدا. جا خودا ئەبووبەکری لەم کارە مەنع کرد و فەرمووی:

﴿ وَلَا يَأْتَلِ أُوْلُواْ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓاْ أُوْلِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَلْيَعْفُواْ وَلْيَصْفَحُوٓاْ ۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾ ﴾

با ئەوانەی کە خاوەن پایەن لە دینا و خاوەن مایەن لە دنیادا سوێند نەخۆن لەسەر دەسبەرداربوونیان لە خزمەت کردن و ماڵ دان بە خزمەکانیان، وە بەوانە لە مەککەوە کۆچیان کردووە بۆ مەدینە لە رێگەی خودادا بۆ بەرز کردنەوەی دینی خودا، وە با چاوپۆشی بکەن لەو تاوانە کە کردوویانە، ئایا ئێوە حەز ناکەن خودا بتانبەخشێ لە تاوانی خۆتان لەسەر ئەم چاو پۆشی ئێوە لەوان؟ وە خودای تەعالا

لەگەڵ ئەوەدا کە تەوانایە لەسەر تۆڵەسەندنەوە لە تاوانباران ئەیانبەخشێ، دەی ئێوەیش لەسەر ئەم یاسا باشەی خودا رەفتار بکەن.

ریوایەت کراوە: کاتێ حەزرەت ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە بەسەر ئەبووبەکری سددیقدا ﷺ ئەبووبەکر وتی: «بلى أحِبُّ» واتە: بەڵێ حەز ئەکەم خودا لە تاوانەکانم خۆش ببێ. وە ئەو یارمەتییە کە ئەیدا بە مەستەحی پوورزای بۆی گەڕاندەوە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْغَٰفِلَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ لُعِنُوا۟ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٢٣﴾ يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَأَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٤﴾ يَوْمَئِذٍ يُوَفِّيهِمُ ٱللَّهُ دِينَهُمُ ٱلْحَقَّ وَيَعْلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْحَقُّ ٱلْمُبِينُ ﴿٢٥﴾﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە نیسبەتی زینا ئەدەن بۆ لای ژنانی خاوەن عیفەت و خاوەن شەرم و حەیا و داوێن پاك و بێئاگا لەو کارە ناباره کە نیسبەت دراوە لێیان و خاوەن ئیمانن بە خودا و پێغەمبەر، ئەوانە لەعنەت و نەفرینیان لێ ئەکرێ لە دنیا و قیامەتا و، سزا و ئازارێکی گەورەیان بۆ هەیە لەو رۆژەدا کە زمان و دەست و پێیان شایەتییان لێ ئەدەن و لێیان دێنەدەم و بە قودرەتی خودا قسە ئەکەن لەسەر خاوەنەکانیان و راستی ئەو کردەوانە ئەڵێن کە کردوویانن لەو رۆژەدا خودا پاداشی تەواوی ئەوان ئەداتەوە و ئەوانیش بە «علم اليقين» ئەزانن خودا یەکە و حەقە و خاوەن گەورەیی و کەماڵی بێشوبهەیە.

﴿ٱلْخَبِيثَٰتُ لِلْخَبِيثِينَ وَٱلْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَٰتِ ۖ وَٱلطَّيِّبَٰتُ لِلطَّيِّبِينَ وَٱلطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَٰتِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَ ۖ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٢٦﴾﴾

ژنانی بەدڕەوشت بۆ پیاوانی پیسی بەدرەوشتن، پیاوانی پیس بۆ ژنانی پیسن، وە ژنانی پاك بۆ پیاوانی پاکن، وە پیاوانی پاك بۆ ژنانی پاکن. واتە داوێن پاك، داوێن پاك مارە ئەکا، وە داوێن پیس داوێن پیس، وە ئەم ئینسانە پاکانە ـ وەکوو حەرەمانی حەزرەت ﷺ بێ ـ بەری و پاکن لەو جۆرە وتارە نابارانە کە ئەو بەدکارانە هەڵیان بەستووە، وە ئەم پاکانە پایەیان بەرزە لە دنیا و قیامەتا، وە لە بەهەشتا ماوایان باڵایە.

خودای تەعالا چوار ئینسانی بەڕێزی پاك کردووەتەوە لە شوبهە و بەد گومانی نامەردان بە یاسای کەرامەت:

حەزرەتی یووسفی پاك کردەوە لە شوبهەی خەیانەت بە شەهادەتی منداڵێکی بەربێشکەی پاك.

حەزرەتی مووسای پاك کردەوە لە شوبهەی عەیبی عەورەت بە «بەردێ» کە لە کاتی خۆشۆرینی مووسادا جلەکانی فڕاند و کەوتە تل بوونەوە تا دوور کەوتەوە و حەزرەتی مووسا بە رووتی رای کرد بە شوێنیا و گیانی دەرکەوت و زانرا کە بێ‌عەیبە.

وە حەزرەتی مەریەمی پاك کردەوە بە شایەتیی عیسا ﷺ لە کاتی حەوتە و چلەدا.

وە حەزرەتی عائیشەی پاك کردەوە لە توهمەتی خەیانەت بەم ئایەتانە. لە ئایەتی: «إن الذين جاؤا بالإفك...» هەتا ئاخری ئەم ئایەتە کە ئێستە باسی ئەکەین، لەبەر بەرز کردنەوەی خانەدانی پێغەمبەر ﷺ جا رەحمەت لەو کەسە فەرمووی:

پاکی «حمیراء» دەرکەوت بێ‌سەدا	شازدە ئایەتی بۆ هات لای خودا
خوا شادەتی دا بۆ سەدیقەکەی	رووڕەشی ماوە بۆ «ابن أُبَیّ»

بوخاری و موسلیم و ترمزی‌ ﷺ ریوایەتیان کردووە لە عائیشەوە ﷺ فەرموویەتی: حەزرەت ﷺ عادەتی وەهابوو کاتێ برۆیشتایە بۆ سەفەرێ قورعەی ئەخست لە بەینی خێزانەکانیا، قورعە بە ناوی هەرکامیانەوە دەربچوایێ ئەو خێزانەی لەگەڵ

خۆیا ئەبرد بۆ ئەو سەفەرە. وە لەسەر ئەم یاسایە قورعەی خست لە ناومانا بۆ سەفەری غەزایەك (واتە غەزای بەنی‌موستلەق) و قورعە بە ناوی منەوە دەرچوو، وە لە خزمەتیا رۆیشتم بۆ ئەو غەزایە. ئەم سەفەرەیش پاش ئەوە بوو کە ئایەتی حیجاب هاتبووە خوارەوە بۆ حەرەمەکانی پێغەمبەر ﷺ لەبەر ئەمە من بە حیجابەوە لە ناو کەژاوەیەکدا هەڵئەگیرام و دائەبەزێنرام بە کەژاوەکەوە لە وشتر.

حەزرەت ﷺ لەو غەزایە گەڕاوە و گەیشتینە نزیکی مەدینە، لەوێدا لە شەودا بانگ کرا لە خەڵك بۆ بار کردن و رۆیشتن، وە من لەو کاتەدا رۆیشتم بۆ قەزای حاجەت و دوورکەوتمەوە لە قەرەباڵغی ئەو سوپایە. کاتێ کە قەزای حاجەتم کرد هاتمەوە بۆ لای شوێنەکەی خۆم، تەماشام کرد ملوێنکەکەم بچڕاوەتەوە و چەن دانەیەکی لێ داکەوتووە، منیش مەشغووڵ بووم بە چنینەوەیان و لە کەژاوەکەم بێ‌ئاگا بووم، تمەز ئەوانە کە خزمەتی ئێمەیان ئەکرد هاتوون کەژاوەکەیان ناوەتە سەر وشترەکەم و وایان زانیوە من وام لە ناویا و بێ‌ئاگان لەوە کە من نیم لە کەژاوەدا و رۆیشتوون.

کاتێ ملەوانەکەم بە تەواوی دۆزییەوە هەستام رۆیشتم بۆ شوێنی سوار بوونم، تەماشام کرد کەسی تیا نەماوە منیش بە ناچاری لە جێگەی خۆما دانیشتم و گومانم وا بوو ئەو رەفیقانەم ئاگادار ئەبن لەوە کە من نیم لە کەژاوەکەدا و ئەگەڕێنەوە بە شوێنما.

کەمێ مامەوە لەو شوێنەدا و خەوم پیا کەوت، کە چاوم کردەوە سەفوانی کوڕی موعەتەلی سولەمی، کە لە پاش سوپاکەوە بوو هات گەیشتە نزیکی شوێنەکەی من، کە لە دوورەوە چاوی کەوت بە قەوارەی ئینسانێکی نوستوو چاوی پێم کەوت و ناسیمی، وتی: «إنا لله و إنا إليه راجعون» منیش خۆم داپۆشی، وەڵڵاهی یەك کەلیمە قسەی لەگەڵ نەکردم و لەو ئایەتە زیاترم لێ نەبیست، هەتا وشترەکەی لە لاما یخ دا

و منیش سواری وشترەکە بووم و ئەویش وشترەکەی رائەکێشا هەتا گەیشتین بە سوپاکەمان، پاش ئەوە کە خستبوویان لە گەرمای نیوەڕۆدا. جا ئیتر تیاچوو ئەو کەسەی تیاچوو، وە ئەو کەسە کە سەرچۆپی درۆ و بوختانەکەی کرد عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول بوو.

جا گەیشتینەوە مەدینەی مونەووەرە و من نەخۆش کەوتم، ماوەی مانگێ نەخۆش بووم، وە من ئاگام لێ نییە خەڵك لە ناو خۆیانا باسی ئەو بوختانە ئەکەن، بەس ئەوەندە ئەزانم حەزرەت ﷺ ئەو میهرەبانی جارانەی نەبوو لەگەڵما. جار بە جار ئەهاتە دەرگای ماڵەکەم و سەلامی لێ ئەکردم و ئەیفەرموو: نەخۆشەکەتان چۆنە؟ ئیتر ئەڕۆیشت.

تا رۆژێ پاش ئەوە تۆزێ چاك بوومەوە لەگەڵ دایکی مەستەح ـ پووری باوکم ـ دا چوومە دەرەوە بۆ ئەو شوێنە کە زۆر بۆی ئەڕۆیشتین بۆ قەزای حاجەت لە شەوانا. کاتێ گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە دایکی مەستەح لە رێگەدا پێی هەڵکەوت و دوعایەکی شەڕی لە مەستەحی کوڕی کرد! منیش وتم: بۆ دوعای لێ ئەکەی مەستەح لە بەشدارانی جەنگی «بەدر»ە و ئینسانی باشە؟ ئەویش وتی: تۆ نازانی مەستەح چی وتووە؟ وتم: نەوەڵڵا نازانم. جا باسی واقیعەی «إفك» و بوختانەکەی بە درێژی بۆ گێڕامەوە. منیش نەخۆشینەکەم لێ زیندووبووەوە و زۆر بێئاسایش بووم.

جا کاتێ حەزرەت ﷺ هاتە ماڵەوە عەرزم کرد: ئیزنم ئەدەی بڕۆمەوە بۆ لای باوك و دایکم؟ ئەویش ئیجازەی پێ دام و منیش رۆیشتمەوە. جا عەرزی دایکم کرد: دایە ئەو قسانە چین خەڵکی ئەیانکەن؟ ئەویش وتی: رۆڵەم ئاگات لە خۆت بێ، ئەو قسە و باسە ئەوەندە بە شتێکی گەورە تەماشا مەکە، وەڵڵاهی کەم رێکەوتووە کە ژنێ جوان بێ و لە لای مێردەکەیا خۆشەویست بێ و هەوێیشی هەبێ و خەڵکی زۆر باسی نەکەن و قسەی لێ نەکەن و عەیبی بۆ هەڵنەبەستن.

منیش وتم: سوبحانەڵڵا ئایا راستە خەڵکی قسەی وەهایان کردووە؟ ئیتر ئەو شەوە لەبەر عاجزی و گریان خەوم لێ نەکەوت و تا سبەینێ هەر ئەگریام!

جا حەزرەت ﷺ عەلی کوڕی ئەبووتالیب و ئوسامەی کوڕی زەیدی بانگ کرد، لە کاتێکدا کە وەحی ماتڵ بوو نەدەهات بۆ حەزرەت ﷺ. حەزرەت داوای بیر و رای لەم دوو کەسە کرد. ئوسامە ئەوەی کە زانی بەیانی کرد و وتی: ئەی پێغەمبەری خودا فلانە کەس خێزانی تۆیە، وەڵڵاهی ئێمە خراپەمان لێ نەدیوە. بەڵام عەلی فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا! خودا دەستی پێداوی و ژنیش زۆرن لە دنیادا. وە ئەگەر پرسیار لە «بريرة»ی جارییە بکەی بە راستی وەڵامت ئەداتەوە. ئەفەرموێ: حەزرەت ﷺ «بريرة»ی بانگ کرد و فەرمووی: ئەی «بريرة» هیچت لە عائیشەوە چاوپێکەوتووە جێگەی گومان بێ؟ ئەویش لە وەڵاما وتی: سوێندم بەو کەسەی تۆی بە راستی ناردووە هیچم لەوەوە چاوپێنەکەتووە مایەی سووکی بێ بۆ شوێن و جێگەی ئەو ئەوە نەبێ کە کچێکی منداڵە ئەگەر هەویر بشێلێ خەوی لێ ئەکەوێ جا حەیوانات دێن ئەیخۆن.

جا کە حەزرەت ﷺ تۆزێ دڵی ئارام بووەوە و زانی کە عائیشە دوورە لە گومانەوە، رۆیشت بۆ مزگەوت و چووە سەر مینبەر و فەرمووی: ئەی موسوڵمانەکان کێ یارمەتیم ئەدا لەسەر پیاوێ[1] کە ئازاری پێ گەیاندووم لە بارەی خێزانمەوە؟ وەڵڵاهی من [لە] خێر زیاتر هیچم لەو خێزانی خۆمە نەدیوە، وە ناوی پیاوێکیان بردووە کە تاوانبار بێ، وەڵڵاهی ئەویش لە خێر بەولاوە هیچم لێ نەبینیوە و لەگەڵ خۆما نەبێ نەهاتووەتە ماڵمان.

---

[1] مەبەستی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوولە.

جا سەعدی کوڕی مەعاز هەستا وتی: ئەی پێغەمبەری خودا من یارمەتیت ئەدەم لەسەری ئەگەر لە هۆزی «ئەوس» بێ و ئەدەم لە ملی. وە ئەگەر لە برا خەزرەجییەکان بێ چیمان پێ ئەمر بفەرمووی ئەیکەین. لەوێدا سەعدی کوڕی عوبادە راستەوە بوو، لەوەبەر ئینسانێکی باش بوو بەڵام لەو کاتەدا «حمية» گرتبووی وتی بە سەعدی کوڕی مەعاز: درۆت کرد! وەڵڵاهی نایکوژی و ناتوانی بیکوژی! جا لەوێدا «أسيد»ی کوڕی «حضير» راستەوە بوو وتی بە سەعدی کوڕی عوبادە: درۆ ئەکەی! وەڵڵاهی ئەیکوژین، بە راستی تۆ لە موونافقانی و موجادەلە بۆ موونافقان ئەکەی! لەوێدا دوو هۆزی ئەوس و خەزرەج نزیك بوو بڕۆن بە گژی یەکا! وە حەزرەتیش ﷺ لە سەر مینبەر بوو مەشغووڵ بوو بە هێدی کردنەوەیان هەتاکوو بێدەنگ و ئارام بوون.

جا حەزرەتی عائیشە ئەفەرموێت: ئەو رۆژەیش کە ئەم هەرایە هەبوو هەر گریام و خەو نەچووە چاوم، وە باوك و دایکم هەر بەلامەوە بوون، وە من دوو شەو و رۆژێ هەر گریام، وە ئەوان گومانیان وابوو کە گریان جگەری لەت کردووم.

جا لەو کاتەدا ئەوان لە لام بوون ژنێکی ئەنساری هاتەماڵەوە بۆ لام، ئەویش دانیشت لەگەڵما ئەگریا، جا ئەفەرموێت: لەو کاتەدا تەماشام کرد حەزرەت ﷺ هاتە ماڵەوە و سەلامی کرد و دانیشت لە لام. لەگەڵ ئەوەدا کە لە رۆژێکەوە ئەو قسانەم دەرباره کراوە لە لام دانەنیشتبوو، وە ماوەی مانگێکیش بوو کە وەحی بۆ نەهاتبوو لە هۆی منەوە بە هیچ جۆرێ. جا حەزرەت ﷺ «أشهد أن لا إله إلا اللّٰه»ی کرد، جا فەرمووی: پاش سەنا و ستایش ئەی عائیشە دەربارەی تۆ بازێ قسەی خراپم بیستووە، ئەگەر تۆ لەوانە بەریت خودا لەمەولا پاکیت دەرئەخا، وە ئەگەر کەوتوویتە ناو گوناهەوە تەوبە بکە و داوای لێ خۆشبوون لە خودا بکە؛ چونکی کاتێ بەندەی خودا تەوبەی کرد و پێی لە تاوانی خۆی‌نا ئەوە خودای تەعالا تەوبەکەی لێ وەرئەگرێ.

عائیشە ئەفەرموێ: کاتێ حەزرەت ﷺ قسەکەی تەواو کرد، فرمێسکی چاوم وەستا و هەستم بە تنۆکێ فرمێسك نەکرد، جا وتم بە باوکم: تۆ وەڵامی پێغەمبەر ﷺ بدەرەوە لەو پرسیارەدا کە کردی. ئەویش فەرمووی: وەڵڵاهی نازانم چۆن وەڵامی بدەمەوە. جا وتم بە دایکم: دەی تۆ وەڵامی پێغەمبەر بدەرەوە. ئەویش وتی: نازانم چی بڵێم.

جا حەزرەتی عائیشە ئەڵێ: منیش کە ئافرەتێکی منداڵ بووم و زۆرم لە قورئان نەخوێندبوو، وتم: وەڵڵاهی بیستوومە کە ئێوە ئەوەندەتان قسەی ئەم بوختانە بیستووە لە دڵتانا دامەزراوە و باوەڕتان پێ کردووە، جا ئەگەر من ئەڵێم بەریم باوەڕ ناکەن و خودا ئەزانێ کە من بەریم. وە ئەگەر ئیعتیرافتان بۆ ئەکەم، ـ و خودایش ئەزانێ کە من دوورم لەو تاوانە و پاکم ـ ئێوە باوەڕم پێ ئەکەن و بە ناحەق گیرۆدە ئەبم، وەڵڵاهی وەزعێ نابینم بۆ خۆم ئیللا وێنەی وەزعی حەزرەتی یەعقووب کە لە ڕووداوی حەزرەتی یووسفدا فەرمووی: «فصبر جميل والله المستعان على ما تصفون».[١] ئەمجار لەو شوێنە هەستام و ڕۆیشتمەوە بۆ سەر شوێنەکەی خۆم و نوستمەوە و، من ئەزانم سوپاس بۆ خودا بەریم.

وە قەسەم بە خودا بیرم نەدەڕۆیشت بۆ ئەوە کە خودا ئایەت لە شانی مندا بنێرێتە خوارەوە و باسی من بکا و، خۆم لەوە بە کەمتر ئەزانی کە ئایەتی قورئان لە بەرائەتی مندا بێتەخوارەوە، بەڵام هیوام وەها بوو کە حەزرەت ﷺ خەوێ ببینێ و لەو خەوەدا حاڵی بکرێ کە من دوورم لە عەیب و خەیانەت.

جا قەسەم بە خودا حەزرەت ﷺ ئەو شوێنی خۆیە لەماڵی ئێمەدا بەجێ نەهێشت و کەس لە ماڵی ئێمە دەرنەچوو لەو کۆمەڵە کە حازر بوون، هەتا وەحی

---

[١]. يوسف: ١٨.

هاتە خوارەوە و وەحی گرتی بە نەوعێ عارەق لە روخساری موبارەکی ئەهاتە خوارەوە وەکوو دورِی جوان لەبەر قورسی ئەو وەحیە، لەگەڵ ئەوەدا کە رۆژەکەیشی رۆژێکی سارد بوو! کاتێ حەزرەت ﷺ لە وەرگرتنی وەحیەکە بووەوە لە پێش هەموو شتێکدا پێکەنی و فەرمووی: ئەی عائیشە ئەوا خوا پاکی تۆی دەرخست. جا دایکم وتی: ئەی عائیشە هەڵسە بچۆ بۆ لای. منیش وتم: وەڵڵاهی هەڵناسم و سوپاسی خودا نەبێ سوپاسی کەس ناکەم. جا خودا هەژدە ئایەتەکەی ناردەخوارەوە.

جا کاتێ خودا ئەم ئایەتانەی لە پاکی مندا ناردەخوارەوە باوکم ـ ئەبووبەکری سدیق ـ فەرمووی: وەڵڵاهی ئیتر هیچ مەسرەف بۆ مەستەحی پوورزام ناکەم هەتا هەتایە. لەبەر ئەوە کە ئەیوت دەربارەی عائیشە بە درۆ، وە لەوەوبەر ئەبووبەکر خەرجی مەستەحی ئەکێشا و پارەی پێ ئەدا. ئەمجار ئایەتی: ﴿ولا یأتل أولوا الفضل...﴾ هاتە خوارەوە.

جا ئەبووبەکر فەرمووی: بەرێ وەڵڵا حەز ئەکەم کە خودا لە گوناهم خۆش ببێ و ئەو مەسرەفە ئەیکرد بۆ مەستەح بۆی گەڕاندەوە و فەرمووی: وەڵڵاهی ئیتر ئەو مەسرەفەی لێ ناگرمەوە.

عائیشە ﵂ ئەفەرموێت: حەزرەت ﷺ پرسیاری لە زەینەبی کچی جەحش ئەکرد ـ کە خێزانی بوو ـ لە ئەحواڵی من و زەینەب ئەیوت: ئەی پێغەمبەری خودا من چاو و گوێی خۆم لە ئاگری دۆزەخ ئەپارێزم، من خێر و چاکە نەبێ هیچم لەوەوە نەزانیوە. وە عائیشە ئەفەرموێت: هەر زەینەب مونافەسەی بوو لەگەڵ مندا لە خۆشەویستی و پەیوەندی لەگەڵ حەزرەتدا ﷺ و خودا پاراستی بەو وەرعە و بەو پارێز و ئەمانەتە کە باسی خراپەی منی نەکرد. بەڵام «حمنە»ی خوشکی ئەو هاورد و بردی قسەی ئەکرد وەك ئەهلی ئیفك و ئەویش لەگەڵ ئەواندا بە هیلاك چوو.

هەم ریوایەت کراوە لە عائیشەوە ﵂ ئەفەرموێت: کاتێ ئەو ئایەتانە هاتنەخوارەوە بۆ بەیانی پاکی من حەزرەت ﷺ ڕۆیشتە سەر مینبەر و ئەو باسەی کرد و ئایەتەکانی خوێندەوە، کاتێ لە مینبەر هاتە خوارەوە فەرمانی دا بە بەجێهێنانی حەدی قەزف بە هەشتا دار لەسەر دوو پیاو: حەسانی کوڕی سابیت و مەستەحی کوڕی ئەساسە، وە لەسەر ژنێ کە «حمنە»ی کچی جەحش بوو، ئەمانە شەریك بوون لە حادیسەی «ئیفك»دا، لە پاشان تەوبەیان کرد و بوون بە موسوڵمانێکی بێفێڵی باوەڕ بەهێز.

بــرا ســەیرانــە! بــرا ســەیرانــە! لە فــیتنەی ئــیبلیس دڵم حــەیرانــە!
لە ڕۆژێــکەوە ئــادەم کــەوتە عــەرز ئایین هـاتە خـوار بـۆ مـەردی سەربەرز
ڕەهــبەرانــی ڕاست ڕێــیان لێ گــیرا بــە ڕاست و چــەپا، بسەسەر و ژێــرا
تــایبەتی چــەرخی ڕەســوولی ئــەکرەم دنــیایان پــڕ کــرد لە غــوبار و تــەم
بـە هـەڵخەڵەتان بـە مـەکر و بـە فـێڵ مـەخسووس بۆ پیاوی بێدەماخی وێڵ
بۆ پایە خـواهـان بـە کورسی و بە شان لە بـۆ بـێجاهان بـە ئـاو و بـە نـان
نـامەردان عـەدووی ئەهلی کەماڵ بوون لەسـەر بـێحاڵی خـاوەن ئـەحواڵ بـوون
ڕۆژێ بــە تــانە و نــاوو نــاتۆرە ئــەو لایــە ڕەشــە و ئــەم لایــە بـۆرە
بــە ئــازاردانــی کــۆمەڵی پــەیڕەو بـە دار و بـە داخ، هـەم هـەمە هـەوهەو
بـە ئـاشووب گـێڕی، بـە سـوپاکێشی بـە دیـعایەی پـیس، بـە بـەدئەندێشی
عـەیب و عـار دانـان بۆ دەستەو بەستە حــەیا بــردنی پــەیوەند و ڕســتە
«حـبّە» بـە «قـوبّە» و دانـە بـە خـەرمان بــە دانــە و داو و دەردی بــێدەرمان
وتــیان: ســاحیرە، یــانی جــادووگەر نــافامن جــادوو نــاشێ بــۆ ڕەهــبەر
جادووگەر ڕووی خۆی ئەشۆرێ بەمیز! دوورە لە پــایەی ڕەهــبەری عــەزیز
جـادووگەر عـەدووی شـەرم و حـەیایە ڕەهـبەر جـیلوەگای نـووری خـودایـە
جـادوو بـە کـەسبە لە پاك و لە پـیس ریــاڵەت وەهــبە لە خـاوەن تـەقدیس

جادوو مەدرەسەی تایبەتی هەیە   دەرسە، درۆیە، سەرخۆشی مەیە

ریسالەت مایەی رەوشتی بەرزە   ریسالەت نووری سەماو سەر عەرزە

ریسالەت ئینسان ئەکا بە مەلەك   بە بەرزی رەوشت ئەیبا بۆ فەلەك

ریسالەت دوورە لە عەیب و نوقسان   ریسالەت نوورە بۆ رۆحی ئینسان

ریسالەت خێری دین و دنیایە   مایەی مەرتەبەی بەرزی حوسنایە

پێیان وت: شێتە و دەس لێوەشاوە   بۆیە وا عەقڵ و هۆشی نەماوە

شێت ئینسانێکە بێبیر و را بێ   نەک ئینسانێکە لە حەق ئاگا بێ

شێت ئینسانێکە هەوا بە دەس بێ   نەک ئینسانێکە خودا پەرس بێ

ئەوەی کە نەشێ هێنایانە پێش   تا دینی ئیسلام سەر نەباتە پێش

نازانن رەهبەر چرای خودایە   شەوق ئەداتەوە هەتا هەتایە

نافامن چرای کارەبای خودا   ناکوژێتەوە لە رۆژ و شەودا

خودا کە ویستی هەڵ کا چرایێ   ناکوژێتەوە بە گشت دنیایێ

«هودا» بە هەوا ناکوژێتەوە   تا فووی لێ بکەی ئەگەشێتەوە

رەهبەر نووری بوو عامی عالەمی   لە بۆ فریشتە و پەری و ئادەمی

هات بۆ تەکمیلی خوو و رەوشتی چاك   بۆ تەمێی ئینسان بە کردەوەی پاك

زاتێ کە دارای عیلم و عەلەم بێ   رەهنومای پەری و بەنیئادەم بێ

نادا لە جامی دەروونی غوبار   بە تانەی دوژمن، بەهانەی ئەغیار

نەوەستانەوە بە خاوەن پڕتەو   روویان کردە لای خانەوادەی ئەو

ئەوەی بۆ ئەوان هاتەسەر ئیمکان   بڵاویان کردەوە لەسەر رووی جیهان

ئاگادار نەبوون خودای ئاگادار   بۆی ئەپارێزێ پسایەی ئیعتیبار

گەلێ ئایەتی قورئانی کەریم   ناردی بۆ پاکیی عەفیفەی عەزیم

پاکیی داوێنی دەرکەوت بێ ئەدا   درۆزنەکان دایان بە سەردا

خوا شایەتی دا بۆ سدیقەکەی   روو رەشی ماوە بۆ «ابن أبي»

جیهان رووناك بوو بە جوانی ئەو   چۆن تاریك ئەبێ خانەدانی ئەو

ئایەت هاتەخوار، حەقیقەت سەرکەوت   مەعنای سدیقی سدیقە دەرکەوت

یەکێ هاوڕازی نووری ئەقدەس بێ   ئەبێ ڕێبازی فەرشی سوندوس بێ

دووره لە غوبار لای ئەهلی مەعنا   مادەی «مصفا»ی بلووری مینا

برا ئەم غەوغا غەوغای شەیتانە   هەمووی لە دژی مینای ئیمانە

لە بۆ دەرچوونە لە ڕێی ئادەمی   بۆ سەرنگوونی مێژووی ئادەمی

بۆ بەرەڵلا بوون لە رووی جیهانا   بۆ هەوای زاهیر یا لە پەنهانا

بۆ دژی خودای پەروەردگارە   بۆ دژی جەزای «یوم القرار»ە

بۆ دژی شوعوور بە مەسئولییەت   بۆ رابواردن بە بەهیمییەت

ئەلحاسڵ دژی دین و ئیمانە   مەکر و تەلبیسی پیسی شەیتانە

«الحمد للّه» دین ماوە بە حەق   خۆی گرت لەبەر بای رەشابەی ئەحمەق

براکان ئێستەیش هەر دەریای ئیفساد   شەپۆل دەرئەخا بەرەوڕووی عیباد

دژی نیزامی دینی پێغەمبەر   هەر رۆژێ نەوعێ شەیتان دێتە دەر

بە داوی تەماع لە ماڵی دنیا   بۆ تەفرەدانی ئینسانی وریا

چەنها عەقیدەی فاسید کەوتە دەر   دژی نیزامی ئایینی رەهبەر

هەر لە «خەواریج» تا «باطنية»   تا «معتزلة» و هەتا «جبرية»

تا بیری خاوەن بەهانەی تەوحید   «بەهائی» و «بابی» و ئەفکاری پەلید

تا داوای تەجدید لە «قادیانی»   تا نەشری بیری خیدمەی ئینسانی

شەپۆلیان هێنا بۆ غەرقی ئیسلام   بەڵام هەر کەشتی دەرچوو بە سەلام

عەشرەت! براکان! دڵتان ئاگایە   حافیزی ئیسلام زاتی خودایە

بەڵام ئەسبابیش پێویستە بۆمان   تێکۆشان فەرزە بۆ حیفزی پەیمان

پەیمانی بەرزی بەڕێزی «ألست»   بەسە بۆ «نامی» دوور لە بیری پەست

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ٢٧ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فِيهَآ أَحَدٗا فَلَا تَدۡخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤۡذَنَ لَكُمۡۖ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرۡجِعُواْ فَٱرۡجِعُواْۖ هُوَ أَزۡكَىٰ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ٢٨﴾

ئەی کەسانێ ئیمانتان هێناوە بە خودا و پێغەمبەر ﷺ مەڕۆنە ماڵانێکەوە، بێجگە لە ماڵانی خۆتان، هەتا ئیجازەیان لێ ئەخوازن و سەلام ئەکەن لە خاوەن خانووەکان، واتە: کاتێ ئیجازەیان پێدان و ڕۆیشتنە ماڵەوە، ئەوجا کاتێ گەیشتن بە هۆدەی ئاوەدان سەلام بکەن لەسەر نەفسی خۆتان، یانی ئەگەر سەلام لەوان بکەن ئەوە وەکوو سەلامکردنە لە نەفسی خۆتان، لەبەر ئەوە ئەوانیش لە ئێوەن، یاخود موسوڵمانن وەکوو ئێوە، وە ئەم یاسایە باشترە بۆتان لەوە کە بە بێ ئیزن وەرگرتن بڕۆنە ماڵەوە، وە کاتێ گەیشتن بە ئاوەدانی سەلامیان لێ ئەکەن خودای تەعالا ئەم ئایەتەی بۆ ئەوە ناردووە بۆ لاتان هەتاکوو بیر بکەنەوە و کارێ بکەن خێری هەموو لایەکی تێدابێ، جا ئەگەر کەستان لەو خانووەدا دەس نەکەوت ئەوە مەڕۆنە ناوی هەتا کەسێ لە ئەهلی ئەو خانووە دێ و ئیزنتان پێ ئەدا، وە ئەگەر هەر وتیان: بگەڕێنەوە، ئەوە بگەڕێنەوە ئەمە باشترە بۆ ئێوە لەوە کە هەر مل بنێن و بڕۆنە ناو خانووەکەوە، خودا زانایە بەوەی ئێوە ئەیکەن.

﴿لَّيۡسَ عَلَيۡكُمۡ جُنَاحٌ أَن تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ مَسۡكُونَةٖ فِيهَا مَتَٰعٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا تَكۡتُمُونَ ٢٩﴾

واتە: تاوانتان لەسەر نییە کە بڕۆنە ناو خانووگەلێکی وا کە جێگەی دانیشتنی خێزان و منداڵ نییە کە لەو خانووەدا حەقی ئیستیفادەتان هەبێ، وەکوو دووکان و

مەحەلاتی تیجارەت و موعامەلە و خان و خانەقا و تەکایا و وێنەی ئەمانە بە بێ داوای ئیجازەی ئەوانە وان تیایانا، وە خودای تەعالا ئەزانێ ئەوەی دەری‌ئەخەن و ئەوەی وا لە دڵتانا، واتە ئەگەر بۆ سوود وەرگرتنێکی شەرعی بڕۆنە ئەو شوێنانە ئەوە باشە، وە ئەگەر بڕۆن بۆ ئەوە کەمین بگرن بە مەبەستێکی ناڕەوا خودا پێتان ئەزانێ و لە ئەنجاما رسواتان ئەکا بێجگە لە ئازاری قیامەت.

﴿قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾﴾

ئەی رەهبەری خۆشەویست بفەرموو بە موسوڵمانەکان کە چاوی خۆیان بگرن بە بازە گرتنێ لە تەماشا کردنی ژنی نامەحرەم، وە عەورەتی خۆیان بپارێزن لە لەزەت‌وەرگرتنی ناڕەوا، ئەم دەستوورە پاکترە بۆ ئەوان، وە خودا ئاگادارە بەو کارانە ئەوان ئەیکەن، وە ئەزانێ بە هەڵسووڕاندنی چاویان و لە چلۆنیەتی تەماشاکەیان ئایا بە خەیانەتە یا بە ئەمانەت.

بزانن! لەبەر ئەوە کەلیمەی «من» نازڵ بوو لەسەر «أبصار» چونکی بازێ تەماشا کردنی دروستە وەکوو تەماشای مەحرەم لە غەیری مابەینی ناوك و ئەژنۆیان، وە بازێکی زیاد لە دروستی خێری هەیە وەکوو تەماشا بۆ دەرسداران و بۆ هەڵگرتنی شایەتی و، بازێکی واجبە وەکوو تەماشا بۆ دەرمانکردنی ژنی نەخۆش، لە کاتێکدا پیاوی مەحرەم یا ژن نەبێ بۆ ئەو دەرمان کردنە.

﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ أَوْ ءَابَآءِ

﴿بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ أَبْنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوْ نِسَآئِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيْرِ أُوْلِى ٱلْإِرْبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفْلِ ٱلَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا۟ عَلَىٰ عَوْرَٰتِ ٱلنِّسَآءِ ۖ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾﴾

وە ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بفەرموو بەو ژنانە کە باوەڕیان کردووە: بازێ چاویان بقونجێنن لە تەماشا کردنی نامەحرەم و عەورەتی خۆیان بپارێزن لە لەزەت پێ وەرگرتنی ناشەرعی، وە دەرنەخەن بۆ تەماشا کردنی نامەحرەم ئەو شتانە کە هۆی جوانی ئەوانە لە ئەنواعی خشڵ وەکوو: تەپەڵغ و، کلاوزەڕ و، لاسەرە و، ملوانە و، قەتارەی قەراخی کەوا و سەڵتە و سوخمە و کەمەرە و، گۆودەڵەکە و، بازن و، خەڵخاڵ و... غەیری ئەمانەیش، ئەوانە نەبێ کە بە عادەت لە کاتی ئیشکرندا دەرئەکەون، وەکوو نەفسی جلەکەیی و ئەنگوسیلە و، نەفسی روخساری، واتە دەم و چاو و رووی و هەردوو دەستی و بەر و پشتیان هەتا جمگەی بەینی دەست و باسك، وە با سەرپۆشەکانیان بگەیەنن بە بەرۆکیان بۆ ئەوە کە مل و سنگیان داپۆشن.

وە بە شێوەی تەئکید ئەڵێمەوە ئەسبابی زینەتی خۆیان لە لەش و لە خشڵ دەرنەخەن، ئەوانە نەبێ جیامان کردنەوە، ئیللا بۆ مێردەکانیان، یا باوکی خۆیان، یا باوکی مێردەکانیان، یا بۆ کوڕانی خۆیان، یا کوڕانی مێردەکانیان، یا بۆ براکانیان، یا کوڕانی براکانیان، یا کوڕانی خوشکەکانیان، یا بۆ ژنانی خۆیان، واتە هاودینیان، یا بۆ ئەو بەندە و کەنیزەکانە کە کڕیونیان، یا بۆ ئەو پیاوە پیرە لێ کەوتوانە کە ئەگەڕێن بە شوێن پێویستی خۆیانا و، لە بەر پیری ئیحتیاجیان بە ژنان نەماوە، یا بۆ ئەو کوڕە

منداڵانە کە ئاگادار نەبوون بەسەر عەورەتی ژنانا، واتە ئارەزووی نەفسیان پەیدا نەبووە.

وە یا ئەو ژنانە لە هاتوچۆی دەروماڵدا پێکانیان نەکوتن بە زەویدا هەتاکوو بزانرێ بەوەی شاردوویانەتەوە لە خشڵەکانیان، وە هەمووتان، ئەی پیاوان و ژنان، بگەڕێنەوە بۆ لای خودا بە پەشیمان بوونەوە لە گوناحەکان بەڵکوو لە ئازاری قیامەت رزگار ببن.

بزانن! لەم دوو ئایەتە پیرۆزەوە دەرکەوت بە ئاشکرا کە حەرامە روانینی پیاو بۆ ژنی نامەحرەم، وە روانینی ژنان بۆ پیاوانی نامەحرەم، وە ئەو کەسانە کە لە ئایەتی دووهەمدا ئیستیسنا کراون، هەموو لە «مەحاریم»ن ئیللا مەملووك و پیاوی پیری بێئارەزوو و منداڵێ کە نەگەیشتبێ بە تەمەنی ئارەزووبازی، وە یا گێڕانەوەی باسی عەورەتی ژنان، بەم مەعنا لە حەوت ساڵ کەمتر بێ.

وە تەماشا کردنی پیاو بۆ پیاو و ژنان بۆ ژنانی موسوڵمان حەرامە لە مابەینی ناوك و ئەژنۆدا و رەوایە لە ماعەدای ئەوانا ژنانی کافران نەبێ، ئەوە دروست نییە بۆ ژنی موسوڵمان کە غەیری روخسار و دەستەکانی تا مووچەکان دەربخا بۆ ژنی کافر تەماشایان بکا، وە ئیللا تەماشا کردنی پیاو بۆ کوڕی بێتووك، ئەوە حەرامە ئەگەر شێوەی جوان بێ بە عادەت (موتڵەقا) وە ئەگەر ناشیرین بێ هەر بە شەهوەتەوە حەرامە و بە بێ شەهوەت دروستە. بەڵێ حەڵاڵە تەماشا کردنی ژن بۆ پیاوان و پیاوان بۆ ژنان لەگەڵ ئیحتیاجیدا، وەکوو دەرمان کردن و دەرس پێ وتن و هەڵگرتن و دانی شایەتی بۆیان یا لەسەریان، وەکوو لە شوێنی خۆیا بەیان کراوە.

وە دەلیل لەسەر ئەوە کە دەرخستنی روخسار و دەست دروستە ئەوەیە کە تەبەری ریوایەتی کردووە لە عائیشەوە ﵂ ئەفەرموێ: رەوا نییە بۆ ژنێ ئیمانی هێنابێ بە

خودا و بە رۆژی قیامەت کە باڵغ بوو هیچ شوێنێ لە لەشی دەربخا روخسار و هەردوو دەستی نەبێ هەتا ژووری جومگەکانی.

وە ئەبووداوود ریوایەتی کردووە لە عائیشەوە ﵂ کە حەزرەت ﷺ فەرمووی بە ئەسمای خوشکی عائیشە: ئەی ئەسما ئافرەت کە حەیزی پێدا هات ـ واتە باڵغ بوو ـ ئیتر دروست نییە لە دەم و چاو و هەر دوو لەپی بەولاوە دەربخات.

بەڵێ کاتێ ژنێ ئاگادار بوو لەوە کە لە رێگەوبانا نامەحرەم تەماشای ئەکەن ئەوە پێویستە بە گوێرەی توانا خۆی بپارێزێ و سەر و دەم و چاوی داپۆشێ. وە «امام الحرمين» ئەفەرموێت: دروستە بەڵکوو پێویستە کە گەورەی ئیسلام لەبەر پاراستنی مەسڵەحەت فەرمان بدا بە ژنان دەم و چاویان داپۆشن هەتا بێگانە بۆیان نەڕوانن.

﴿وَأَنكِحُوا الْأَيَامَىٰ مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ ۚ إِن يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ ۗ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٣٢﴾﴾

جا کاتێ خودای تەعالا ئەمری فەرموو بە پیاوان و ژنانی موسوڵمان چاو بنێن بەیەکا لە تەماشا کردنی بێگانە نەکا ئەو تەماشا کردنە ببێ بە هۆی هێرشی ئارەزووی نەفس بەسەر ئینسانا و گیرۆدەی تاوانی زینایان بکا، ئەمری فەرموو بەوە ئەگەر ژنێکی بێمێرد هەبوو، وە یا پیاوێکی ساڵحی بێژن هەبوو چارەیان بکەن. وە فەرمووی: ئەو ژنانتانە کە بێمێردن بیاندەن بە شوو، وە ئەو بەندە و جارییە باشانەتان ژنیان بۆ بێنن و بیاندەن بە شوو، وە ئەگەر ئەو کەسانە داوای ژنتان لێ ئەکەن فەقیرحاڵ و گەدا بوون و ژنیان پێ نەئەدان، یا ئەو ژنانە کە مارەیان ئەکەن بۆ داخوازانیان گەدا بوون و لە بەر گەدایی کەس نەدەهات مارەیان بکا، ئەوە مەکەن بە هۆی تەرکی ئەو مارەکردنە و ئیعتیماد بدەن لەسەر کەرەمی خودا، ئەوانە هەرچەن گەدا بن خودا

دەوڵەمەندیان ئەکا لە فەزڵ و میهرەبانی خۆیەوە و خودا دارایی گوشادە و زانایشە بە ئەحواڵی ئێوە رزق و رۆزی کەم و زیاد ئەکا بە گوێرەی حیکمەتی خۆی.

وە لە واقیعا ئەگەر موسوڵمانان لە هەموو چەرخ و کاتێکدا پەیڕەوی ئەم ئایەتەیان بکردایە گوێیان بە ماڵ و دارایی داخوازیکەر و داخوازیکراو نەدایە گەلێ کەس دائەمەزران و لە تاوانباری ئەپارێزران.

﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ ٱلَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّىٰ يُغْنِيَهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَٱلَّذِينَ يَبْتَغُونَ ٱلْكِتَـٰبَ مِمَّا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ فَكَاتِبُوهُمْ إِنْ عَلِمْتُمْ فِيهِمْ خَيْرًا ۖ وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ ءَاتَىٰكُمْ ۚ وَلَا تُكْرِهُوا۟ فَتَيَـٰتِكُمْ عَلَى ٱلْبِغَآءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا۟ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۚ وَمَن يُكْرِههُّنَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ مِنۢ بَعْدِ إِكْرَٰهِهِنَّ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٣﴾﴾

واتە با ئەوانەی تواناى ژن هێنانیان نییە خۆیان بپارێزن و هەوڵی داوێن پاکی بدەن و خۆیان بە دوور بگرن لە کاری بەد و تاوانی زینا هەتا خودای تەعالا لە میهرەبانی خۆیەوە ماڵیان دەداتێ و دەوڵەمەندیان ئەکا.

وە ئەو بەندانە کە ئەیانەوێ موکاتەبەیان لەگەڵدا بکرێ بەم جۆرە ئاغاکەیان پێیان بڵێ، وا نامەنووسیم لەگەڵ کردی لەسەر ئەوەندە پارە هەر کاتێ بۆت هێنام بەوەندە بەش ئازاد بە. بەمەرجێ کە بزانن بەوە کە ئەو بەندانە ئەمینن راناکەن و خۆیان ناشارنەوە و ئەتوانن ماڵ پەیدا بکەن، وە ئەو پارەیە ئەیگرنە گەردنی خۆیان بۆتانی دێنن. وە بدەن بەو بەندانە بازێ لەو ماڵی خودایە کە پێی داون، واتە مادام نامەنووسیتان لەگەڵ بەندەکاندا کرد لەسەر ئەندازەیێ ماڵ، ئێوەیش بازێ ماڵیان پێ بدەن بۆ یارمەتیدانیان، یا بازێ لەو ماڵە دابشکێنن بۆ ئاسانکردنی رزگار بوونی ئەو بەندانە.

یاخود ئەمە خیتابە بۆ موسوڵمانان کە هەرکەسێ لە ماڵی خۆی شتێ بدا بەو بەندانە وەکوو «باربوو».

وە زۆر مەکەن لە جارییەکانتان لەسەر زینا کردن بە موقابیلی پارەوە، ئەگەر ئەوان خواستیان لەسەر عیفەت و شەرم و ئەدەب و حەیایە، بۆ ئەوە کە بە هۆی ئەو زینا کردنی ئەوانەوە ماڵی بەسوودتان دەست بکەوێ بۆ رابواردنتان لە ژیانی دنیادا. وە هەرکەسێ زۆریان لێ بکا لەسەر ئەو زینا کردنە ئەوە خودا لە پاش ئەو زۆر کارییە تاوانبەخش و میهرەبانە.

ئەم ئەندازە ـ لە ﴿ولا تکرهوا...﴾ تادوایی ـ لە شانی عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی سەرۆکی مونافقاندا هاتە خوارەوە. ئەم بەدڕەوشتە شەش جارییەی هەبوو بە زۆر ناچاری ئەکردن بۆ ئەوە زینا بکەن و پارەی بۆ پەیدا بکەن! جا دوو جارییە لەوانە کە موسوڵمان بوون هاتنە لای حەزرەتﷺ شکاتیان لە عەبدوڵڵا کرد و ئەویش دەستبەرداری ئەو کارە بوو.

﴿ وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكُمْ ءَايَٰتٍ مُّبَيِّنَٰتٍ وَمَثَلًا مِّنَ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُمْ وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٣٤﴾ ﴾

بە راستی ئێمە نازڵمان کرد بۆ لای ئێوە لەم سوورەتەدا چەن ئایەتی رووناکیدەر لە ئەحکامی دینا، وە قسە و باسێکی سەرسوڕهێنەر لە بەسەرهاتی ئەوانە کە رابوردن لە پێش ئێوەدا. لەوە چەن دەرسی ئیرشاد بۆ ئەحواڵی کۆمەڵایەتی لە هاتوچۆی حاڵانا کە بەسوودن بۆ ئەوانە لە خودا ئەترسن.

﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ﴾

خودای تەعالا رووناککەرەوەی زەوی و ئاسمانەکانە، نوورانی کردوون بە نووری وجوود و دەرچوون لە نەبوونەوە بۆ بوون. وە بە نووری هیدایەت، یانی رێنومایی

ئەهلی ئاسمان و زەوی کردووە بۆ زانیاری بە گوێرەی پێویست و رووناکی کردوونەتەوە بە فریشتەکانی ئاسمان و بە پێغەمبەران و رەهبەرانی سەر زەوی و بە تاو و تیشکی رۆژ و مانگ و ئەستێرەکان.

﴿مَثَلُ نُورِهِۦ كَمِشْكَوٰةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ ۖ ٱلْمِصْبَاحُ فِى زُجَاجَةٍ ۖ ٱلزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّىٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَٰرَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ زَيْتُهَا يُضِىٓءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ ۗ يَهْدِى ٱللَّهُ لِنُورِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَٰلَ لِلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣٥﴾﴾

سیفەت و حاڵی نووری خودا لە ئاسمانەکان و زەویدا، لە وجوودا و لە ئیشراق و پڕتەودا وەکوو پڕتەوی چراییکە لە ناو جامێکی مینای بێ‌گەردا، (کأنه) ئەستێرەکە پڕتەوداره، وە ئەو جامە لە ناو تاقێکی بێ‌کەلێندا بێ کە هەموو پڕتەوی چراکە رابگرێ و نەیەڵێ بڵاوببێتەوە بەم لا و بەولادا. وە ئەو چرایە هەڵبگیرسێ لە رۆنی زەیتوونی دارێکی خاوەن فەڕ، نە زۆر خۆرهەڵاتی و نە زۆر خۆرنشینی بێ، بەڵکوو لە باخێکدا بێ سارا و رێك کە بە عادەت هەموو کاتێ لە رۆژدا هەتاو لێی بدا و بەرەکەی باش پێ بگەیەنێ، وە ئەو رۆنی زەیتوونە ئەوەندە ساف بێ لەوانە بێ لە خۆیەوە ـ با ئاگریش پێی نەگا ـ هەڵگیرسێ و رووناکی هەڵگیرسانەکەی عەلاوەی نووری سەفای زاتیی خۆی بێ.

جا خودای تەعالا هەرکەسێ مەیلی لەسەر بێ هیدایەتی ئەدا و شارەزای ئەکا بۆ تێگەیشتن لەو نووری وجوودی کائیناتە کە بە ئیجادی «واجب الوجود» پەیدا ئەبێ، وەکوو چۆن رۆژ لە بەرزەوە کوتوپڕ هەتاو ئەخاتە سەر پانایی جیهان، وە بۆ ئەو نووری عیلم و عیرفان و ئیمانە کە ئەیدا بە خەڵکی زەوی و ئاسمان، وە بۆ

باوەڕ بە نووری قودسییەتی فریشتەکان و نوبووەت و ریسالەتی رەهبەرەکان و «إتصاف» بە نووری مەعریفەت و حوزووری دڵ، وە ئەیکا بە یەکێ لە پیاوچاکان، وە بۆ باوەڕ بەوە کە ئەو هەتاوی رۆژ و مانگ و ئەستێرە لەو ئاسمانە بەرزانەوە دەرئەچێ هەمووی لە خواستی خوداوەیە نەك لە شتیترەوە و خودا وێنە دێنێتەوە بۆ ئادەمیزاد بە یاسای تەشبیهی مەعقوول بە مەحسووس لەبەر رووناك کردنەوەی مەعانی پەنهانی دوور لە عەقڵ. وە خودا زانایە بە هەموو شتێ و هیچ شتێکی لێ ون نابێ.

بزانن! بە پێی کتێبی زمان وەکوو «قاموس» کەلیمەی «نور» هاتووە بە مەعنای ئەوە کە «مبین» و «مظهر»ی ئەشیایە. واتە: ئەو شتەی کە ئەشیای پەنهان دەربخا بەجۆرێ کە خەڵك تێی بگەن. وە بەم ئیعتیبارە سیفەتی موشەبەهەیە و بۆ زاتی باری بەکار دەهێنرێ. وە جوملەی ﴿اللّٰه نور السماوات والأرض﴾ حەقیقەتە و مەجازی تێدا نییە. وە ئەنجامی مەعناکەی ئەمەیە کە خودای تەعالا «مبین» و «مظهر»ی ئاسمانەکان و زەوییە. یانی لە نەبوونەوە دەری کردوون بۆ بوون. وە هەرچۆن بڵێیت خودا «مبین» و «مظهر»ە ئەیشتوانی بڵێیت «منور»ە؛ چونکی ئەنجامی «تنویر»، «اظهار»ە و یەکەمین «اظهار» بۆ هەر شتێ دەرکردنیەتی لە نەبوونەوە بۆ بوون.

هەروا «نور» هاتووە بە مەعنای «پرتەو» و بەم مەعنایە بە حەقیقەت ئیتلاق ناکرێ بەسەر زاتی خودادا بە بێ تەئویلی «نور» بە «منور» وە مەعنای ﴿اللّٰه نور السماوات والأرض﴾ لەسەر ئیعتیباری نوری عەقڵی ئەمەیە کە خودا هیدایەت و عیلم و عیرفانی داوە بە ئەهلی ئاسمانەکان و زەوی. واتە بە فریشتەی ئاسمانەکان و بە رەهبەرانی زەوی لە پێغەمبەران و ئەوانە کە رێگەی راستیان گرتووە.

وە لەسەر ئیعتیباری «نوری حسسی» ئەمەیە کە خودای تەعالا، ئاسمانەکان و زەوی رووناك کردووە بە نووری رۆژ و مانگ و باقی ئەستێرەکان.

لەم بەیانەوە دەرکەوت کە بە هەر شێوەیێ تەفسیری «نور» بە «منور» راستە و جوانە؛ چونکی ئەگەر سیفەتی موشەبەهە بێ و بە مەعنای «مبین» و «مظهر» بێ مەعلوومە کە موبین و موزهیری هەر شتێ «منور»ە بۆ ئەو شتە و چ تەنویرێ لەوە بەرزترە کە شتێ لە تاریکی نەبوونەوە دەربکرێ بۆ رووناکی وجوود و بوون بە جۆرێ کە ببێ بە «مبدأ» بۆ ئاسار لە جیهانا؟

وە ئەگەر «مصدر» بێ بە مەعنای رووناکی ئەوە لەبەر ئەوەیە کە حەملی لەسەر زاتی خودا ناکرێ و پێویستە تەئویل بکرێ بە «منور» خوا تەنویر عەقڵی بێ یا «حسی».

﴿فِي بُيُوتٍ أَذِنَ ٱللَّهُ أَن تُرْفَعَ وَيُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ يُسَبِّحُ لَهُۥ فِيهَا بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْءَاصَالِ ﴿٣٦﴾ رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَٰرَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَإِقَامِ ٱلصَّلَوٰةِ وَإِيتَآءِ ٱلزَّكَوٰةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ ٱلْقُلُوبُ وَٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٣٧﴾ لِيَجْزِيَهُمُ ٱللَّهُ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِۦ وَٱللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٨﴾﴾

واتە ئەو تاقە بێ کەلێنە لە ناو چەن خانوویەکدایە خودای تەعالا ئیجازەی داوە کە بەرز بکرێنەوە لەسەر قاعیدەی عیبادەتخانە بە نرخەکان و ناوی خودایان تێدا ببرێ و تەسبیح و تەقدیسی خودایان تێدا بکا لە سبەینییان و ئێوارانا چەن پیاوێکی ساغی راساڵی وەها کە تیجارەت و کڕین و فرۆش فەرامۆشیان ناکا لە زیکری خودا و بەجێهێنانی نوێژ و لە دانی زەکاتی ماڵیان بە خاوەن حەقان و حاڵیان وایە ئەترسن لە رۆژێ کە چاوان و دڵی ئینسان تیایانا هەڵئەچەرخێن لەسەر یاسای ئینسانی ترساو.

وە ئەو تەسبیحەیش بۆ ئەوە ئەکەن کە خودا جەزایان بداتەوە بە پێی شیرینترینی ئەو کارانە کردوویانن و لە میهرەبانی خۆیەوە پاداشی‌تریشیان بۆ زیاد بکا، وە لە واقیعا خودای تەعالا رۆزی هەرکەسێ خۆی خواستی لێ بێ ئەیدا لە قووتی ژین و لە قووەتی دین بە بێ ئەوە کە ئەندازەی سنووری هەبێ، یاخود بە بێ ئەوە کە خاوەن کردەوەکە گومانی ئەو جۆرە پاداشەی بردبێ کە لە لایەنی خوداوە پێی ئەبەخشرێ.

بێدار بنەوە! من لەسەر موافەقەی تەفسیرەکان هاتم ﴿في بيوت﴾م بەست بە «مشکاة»ەوە لەسەر ئەو ئەساسە کە سیفەتی «مشکاة» بێ. گەلێ وەجهی‌تریان بۆ پەیوەندی ئەو «جار و مجرور»ە بەیان کردووە.

بەڵام بە باوەڕی من ﴿في بيوت﴾ بەسراوە بە فەرموودەی خوداوە «يهدي». واتە خودا بیەوێ هەرکەسێ هیدایەت بدا بۆ ئیدراکی نووری باسکراو هیدایەتی ئەدا لەو مزگەوتە پیرۆزانەدا کە بە ئیزنی خودا بەرز کراونەتەوە بۆ تاعەت و بەندەیی. وە مەبەست لەو رەبتەیش ئەوەیە کە تەرغیبی موسوڵمانان بدا بۆ چوونە ناو ئەو مزگەوتانەوە بۆ نوێژی جەماعەت و بۆ زیکر و قورئان خوێندن و ئیعتیکاف کردن، وە بۆ ئیستیفادە لەو خێراتە کە لە مزگەوتا دەست ئەکەون وەکوو تەفاهوم لەگەڵ موسوڵمانان و دۆستی کردن و چاوپێکەوتنی ئەهلی عیبادەت و دەربڕینی هەیبەتی ئیسلام لەو گردبوونەوەیانا لە مزگەوتەکانا و پرسیاری ئەحکامی نوێژ و عیبادەت لە ئیمامەکان، وە بۆ ئەوە منداڵی موسوڵمانەکان ئولفەت بگرن بە مزگەوتەوە؛ چونکی منداڵێ کە باوکی خۆی بینی ئەڕوا بۆ مزگەوت بە تایبەتی کە خۆیشی لەگەڵ باوکیا بڕوا ئەوە بە راستی ئەبێ بە ئەهلی تاعەت.

وە لە واقیعا زۆربەی پیاوی خاوەن شوعووری دینی و ئاگادار لە ئەسراری ئیسلام و گەیشتوو بە بەختیاری و پیرۆزی لە ژیانا ئەوانەن کە هۆگری مزگەوتەکانن، نەك

ئەوانە کە بە دەگمەن ڕێیان ئەکەوێتە ماڵی خودا، بەڵکوو ئەوانە لە خوانی خودادا بەشیان کەمە.

﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَعۡمَٰلُهُمۡ كَسَرَابِۭ بِقِيعَةٖ يَحۡسَبُهُ ٱلظَّمۡـَٔانُ مَآءً حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَهُۥ لَمۡ يَجِدۡهُ شَيۡـٔٗا وَوَجَدَ ٱللَّهَ عِندَهُۥ فَوَفَّىٰهُ حِسَابَهُۥۗ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ﴿٣٩﴾ ﴾

فەرمووی: ئەو کەسانە کە لە عیبادەتخانەکاندا تەسبیحی خودا ئەکەن لە ئەنجاما خودا پاداشیان ئەداتەوە بە گوێرەی باشترینی کردەوەکانیان، ئێستەیش ئەفەرموێت: ئەوانەیش کە ئیمان و باوەڕیان نییە بە خودا هەر کردەوەیێ ئەکەن لە دنیادا لە ڕۆژی قیامەتدا بێسوود دەرئەچێ وەکوو یەکێ لە کاتێکی گەرمادا بە سارایەکدا بڕوا و چاوی بکەوێ بە «سەراب»ێ لە دوورەوە، ئەو کەسە وا گومان ئەبا کە ئەو سەرابە ئاوە هەتا کاتێ دێتە لای هیچ ئاوێ نابینێ زاتی خودا نەبێ، کابرایش بێئیمان و باوەڕ لە ڕۆژی قیامەتا بە هیچ جۆرێ پاداشی چاکە لەسەر کردەوەکانی نابینێ، بەس مەئمووری خودا ئەبینێ کە دێن ڕای ئەکێشن بۆ دۆزەخ، جا خودای تەعالا حیسابی خۆی بۆ تەواو ئەکا و تەسلیمی ئەکا، وە لە واقیعا خودای تەعالا حیسابی زۆر مەزبووتە و حیسابی کەس نابێ بە مانیعی لە حسێبی کەس.

﴿ أَوۡ كَظُلُمَٰتٖ فِي بَحۡرٖ لُّجِّيّٖ يَغۡشَىٰهُ مَوۡجٞ مِّن فَوۡقِهِۦ مَوۡجٞ مِّن فَوۡقِهِۦ سَحَابٞۚ ظُلُمَٰتُۢ بَعۡضُهَا فَوۡقَ بَعۡضٍ إِذَآ أَخۡرَجَ يَدَهُۥ لَمۡ يَكَدۡ يَرَىٰهَاۗ وَمَن لَّمۡ يَجۡعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورٗا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ﴿٤٠﴾ ﴾

یاخود کردەوەی ئەو کافرانە وەکوو چەن تاریکییەك لە ناو دەریایەکی زۆر قووڵدایە کە ئەو ناوی دەریایە داگیر بکا شەپۆلێ و لەسەر ئەو شەپۆلەوە شەپۆلێکی‌تر و لە

سەر ئەو شەپۆلەیشەوە هەور ببێ بۆ ئەوە کە تاو و تیشکی ئەستێرە و رۆژ و مانگ مەنع بکا لەو دەریایە، جا لەم شوێنەدا چەن تاریکییەك پەیدا بوون، بازێکیان وان لە ژووری بازێکیانەوە بە شێوەیێ کاتێ ئەو کەسە کە ها لە ناو دەریاکەدا دەستی خۆی دەربکا بۆ ئەوە تەماشای بکا لەوانەیە بە چاو نەیبینێ. وە کەسێ خودا نووری پێ نەدا بێ لەبەر سەرپێچی خۆی و نووری تەوفیق ناو دڵی ئەو کەسەی رووناك نەکردبێتەوە ئەوە ئیتر رووناکی ناکەوێتە دڵیەوە.

بزانن! ئینسان ئەتوانێ بەیانی ئەم تاریکییانە وا بکا کە کردەوەی ئینسانی کافر لەبەر ئەوە کە لە باوەڕی پووچەوە پەیدا ئەبێ ئەوە پەردەی تاریکی دەوری ئەدا. وە لەبەر ئەوە وا لەگەڵ باسی بتەکانا ئەوا لە دنیایشا تاریکییەکی‌تری بەسەراهات. وە لەبەر ئەوە بە کردەوەکەی خۆی زۆر بایی ئەبێ و ئەیخاتە ناو کردەوە پووچەکانی کافران پەردەیەکی‌تری رەشی بەسەرا دێ.

سێ پەردەی هەیە کردەوەی کافر ‌ ‌ ‌ یەکەم: عەقیدەی تاریکی خاتر
دووەمین: پەردەی ناوی بتەکان ‌ ‌ ‌ سێهەم: بایی بوون بە کردەوەکان
کرداری ئاوا زۆر دوورە لە نوور ‌ ‌ ‌ نە لە دنیادا، نە «یوم النشور»

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلطَّيْرُ صَٰٓفَّٰتٍ ۖ كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلَاتَهُۥ وَتَسْبِيحَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٤١﴾ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿٤٢﴾﴾

ئایا ئەی خۆشەویست تۆ نازانی بە وەحی خودا و ئیلهامی راستی، کە خودای تەعالا زاتێکی وایە کە تەسبیحی بۆ ئەکا و تەنزیهی ئەکا لە نوقسانی خواست و تەوانایی هەرچی عاقڵی ئاسمان و زەوییە؟ وە یا هەرچی مەوجوودات هەن لە ئاسمانەکانا و

لە زەویدا لە خاوەن عەقڵ و غەیری خاوەن عەقڵ، بە تایبەتی نەوعی پەلەوەرەکان کە حاڵیان وایە باڵی خۆیان ڕائەخەن لە ئاسمانا و بە تیژی ماوەی دوور ئەبڕن، وە هەرکام لەوانە ـ عاقڵ و بێعەقڵ ـ واجباتی خۆی لە نوێژ و تەسبیحاتی پەروەردگاری خۆی ئەزانێ؟ وە لە هەمان کاتدا خودا زانایە بە هەرشتێ ئەوانە ئەیکەن.

بزانن! ئەگەر ﴿کل قد علم﴾ بەسرابێ بە ﴿من في السماوات والأرض﴾ەوە و بریتی بێ لە هۆشیارانی کائینات ئەوە زانیاری ئەوان بۆ واجباتیان وەکوو نوێژ و تەسبیحاتیان مەعلوومە بە تەبیعەتی حاڵ هەر عاقڵێکی فەرمانبەرداری خودا زانایە بە واجباتی خۆی.

وە ئەگەر مەربووت بێ بەویشەوە و بە تەیریشەوە یا خەیر هەر مەربووت بێ بە تەیرەوە ئەوە زانیاری تەیر و باقی گیانلەبەرانی بە عەقڵ ئەبێ عیبارەت بێ لەو میقدارە ئیحساس و شوعوورە کە خودا داویەتی بە حەیواناتی بێعەقڵ لە خوسووسی ئەو جۆرە کارەوە کە بۆی ڕام کراون. وە نیسبەت بەوانەی بێگیانن. یا ئەبێ مەعنای بخەینە سەر ئەو جۆرە حاڵە کە خودا پێیداون بۆ بەجێهێنانی ئیش و کاریان، وەکوو لە زاهیری گەلێ ئایەتەوە دەرئەکەوێ و لە سوورەتی ئیسرادا باسمان کرد. وە یا ئەبێ حەمڵ بکرێتە سەر تەسخیری ئەو مەوجووداتە بۆ دەلالەت لەسەر وجوودی «واجب الوجود»ی تەواو و تەنزیهی لە عەیب و کەمی.

جا ماوەتەوە سەر ئەوە کە خودا نیسبەتی سەلات و تەسبیحی داوە لەوانە ئەبێ مەبەست لە نوێژ غەیری مەبەست بە تەسبیح بێ. بەم ڕەنگە مەبەست لە سەلات مانەوەیان بێ لە عالەمی وجوودا لەگەڵ ئەو حاڵ و وەزعی خۆیانەدا، وە مەبەست لە تەسبیح ئەوە بێ کە لەو تایبەتیانەدا پێیانەوە بەسراوە دوورن لە نوقسان. واتە دروستکراوی پەروەردگارێکن کە ئەزانێ بە ئەندازەی ئەو خاسیەتانە و ئەو ئاسارانە کە لەوانە پەیدا ئەبێ.

وە هەر بۆ خودایە سەرداری و مالیکییەتی ئاسمانەکان و زەوی و بۆ لای خودایە گەڕانەوەی هەموو مەوجووداتی مومکینە.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِن بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَن يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَن مَّن يَشَاءُ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ ﴿٤٣﴾ يُقَلِّبُ اللَّهُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُولِي الْأَبْصَارِ ﴿٤٤﴾﴾

ئایا ئەی ڕەهبەری خۆشەویست نازانی بە زانستێکی ڕەسا کە خودای تەعالا هەور دروست ئەکا و جا لێی ئەخوڕێ تا پارچەکانی ئەگەیەنێ بە یەك، ئەمجار ئەیانداتە دەم یەك و لە پاشان ئەیکا بە مادەیێ بازێکی بنیشێتە سەر بازێکی، جا ئەبینی باران لە ناویەوە دائەبارێتە خوارەوە، ئەگەر هەوا و سەرما و گەرمای موعتەدیل بێ. وە دائەپەڕێنێ لە ئاسمانەوە لە چەن کۆمای گەورەی وەکوو کێو تەرزە، ئەگەر لە پاش بوونی بە تنۆکی باران سەرمای بە تین لێی بدا، جا بەو تەرزەیە ئەدا لە هەرکەسێ خواستی لێ ببێ، لە خۆی یا لە کشتی، یا لە باخ و بێستان وماڵیات و حەیوانی. وە لایشی ئەدا لە هەرکەسێ خواستی وابێ کە تووش نەبێ، نزیکە ڕووناکی برووسکەی تیژی ئەو هەورە هێزی ڕووناکی چاو ببا، وە خودا بە هێزی خۆی شەو و ڕۆژ هەڵئەسووڕێنێ و یەکیان لە جێگەی یەك دائەنێ بە هەڵسووڕاندنی ئەستێرەکان لەسەر میزانێ کە بڕیار دراوە؟ بە ڕاستی لەم کارە گەورە بەنرخانەدا پەندوەرگرتن هەیە بۆ ئەو کەسانە کە خاوەن چاوی سەرن بۆ تەماشا کردنی دیمەنی کائینات، وە خاوەن چاوی دڵن بۆ حاڵی بوون لە هێزی خودای تەعالا.

﴿وَٱللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَآبَّةٍ مِّن مَّآءٍ فَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ بَطْنِهِۦ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰ رِجْلَيْنِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَىٰٓ أَرْبَعٍ يَخْلُقُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٤٥﴾ لَّقَدْ أَنزَلْنَآ ءَايَٰتٍ مُّبَيِّنَٰتٍ وَٱللَّهُ يَهْدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٤٦﴾﴾

وە خودای تەعالا ئیجادی کردووە هەموو گیانلەبەرێ کە ئەڕوا بە سەر زەویدا بە یاسای عادەت لە ئاوێ کە بەشێکە لە مادەی فیترەت و دروستکردنی، یاخود لە ئاوی تۆمی نێر و مێ. جا لەو گیانلەبەرانەیە گیانلەبەرێ کە وەکوو مار و گیانلەبەرە خشکییەکان لەسەر سك ئەڕۆن، وە لەوانەیە بازێ کە لەسەر دوو پێ ئەڕۆن، وەك ئادەمیزاد و پەلەوەر. وە لەوانەیە بازێکی وا کە لەسەر چوار پێ ئەڕوا، خوا چوار پێی هەبێ وەکوو ئاژەڵی ماڵی و دڕندەو... تاد، یاخود پێی زۆر بێ بەڵام هێزی ڕۆیشتنی لەسەر چواریان بێ وەکوو هەزارپێ. خودای تەعالا خواستی لە هەر شتێ ببێ دروستی ئەکا و هەرکەس بیەوێ شارەزای ئەکا بۆ ڕێگەی ڕاست کە ئایینی ئیسلامە. بە ڕاستی چەند ئایەتی جوانی ڕێنوماییکەرمان نارد، وە خودا هەرکەسێکی بوێ شارەزای بکا بۆ ڕێگەی چاکە شارەزای ئەکا.

﴿وَيَقُولُونَ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ وَمَآ أُو۟لَٰٓئِكَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾﴾

ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی «بشر» ناوی مونافقدا نیزاعی بوو لەگەڵ جوولەکەیەکدا؛ جوولەکەکە بانگی ئەکرد بۆ لای حەزرەت ﷺ بۆ داوەری و ئەویش جوولەکەکەی بانگ کرد بۆ لای کەعبی کوڕی ئەشرەف.

وە بازێ وتوویانە: هاتووەتە خوارەوە لە شانی موغیرەی کوڕی وائیلدا کە نیزاعی بوو لەگەڵ عەلیدا لە زەوییەکدا و نەدەهات بۆ داوەری لە خزمەتی حەزرەتا.

واتە بیشر و هاوڕێکانی، یاخود موغیرە و هاوڕێکانی بە زمان ئەڵێن: ئێمە ئیمانمان هەیە بە خودا و پێغەمبەر ﷺ و فەرمانبەردارین، کەچی لە پاش ئەو قسە پشت هەڵئەکەن لە حوکمی حەزرەت ﷺ کە وابێ ئەوانە خاوەن ئیمان نین لە دڵدا.

﴿وَإِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُم مُّعۡرِضُونَ ﴿٤٨﴾﴾

وە کاتێ بانگ بکرێن بۆ لای خودا و پێغەمبەری خودا بۆ ئەوە حوکم بدا لە ناویانا تەماشا ئەکەی کوتوپڕ تاقمێ لەوان پشت هەڵئەکەن و لووتەلان لەوە بێن بۆ لای حەزرەت ﷺ.

﴿وَإِن يَكُن لَّهُمُ ٱلۡحَقُّ يَأۡتُوٓاْ إِلَيۡهِ مُذۡعِنِينَ ﴿٤٩﴾﴾

وە ئەگەر بزانن حەق بۆ ئەوانە بە ملکەچی دێن بۆ لای حەزرەت ﷺ و فەرمانبەرداری ئەکەن.

﴿أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ٱرۡتَابُوٓاْ أَمۡ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمۡ وَرَسُولُهُۥۚ بَلۡ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٥٠﴾﴾

ئایا ئەو کۆمەڵە نەخۆشی لە دڵیانایە؟ یاخود گومانیان لە عەدالەتی حەزرەتدا ﷺ هەیە؟ یا خەیر هەر بە راستی ترسیان لەوە هەیە کە خودا و پێغەمبەر ستەمیان لێ بکەن؟! حاشا! خودا ستەمکار نییە، بەڵکوو ئەو کافرانە خۆیان ستەمکارن.

﴿إِنَّمَا كَانَ قَوۡلَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَهُمۡ أَن يَقُولُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٥١﴾ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَخۡشَ ٱللَّهَ وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴿٥٢﴾ ۞﴾

نابێ ببێ وتاری خاوەن ئیمانان، کاتێ بانگ بکرێن بۆ لای خودا و پێغەمبەری خودا بۆ ئەوە حوکم بدا لە ناویانا، ئەوە نەبێ بڵێن: بیستمان و ملکەچ بووین و ئامادەین بۆ فەرمانی حەزرەت ﷺ. جا ئەو جۆرە موسوڵمانانەن کە رزگار و سەرفەرازن.

وە هەرکەس ئیتاعەی خودا و پێغەمبەر بکا و لە خودا بترسێ و تەقوای خودا بکا و لە سزای ئەو بترسێ، ئەوە ئەوانە گەیشتوون بە رەزای خوداوەند.

﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِنْ أَمَرْتَهُمْ لَيَخْرُجُنَّ قُل لَّا تُقْسِمُوا طَاعَةٌ مَّعْرُوفَةٌ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (٥٣)﴾

ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە شانی مونافقەکانا: پاش ئەوە کە دەرکەوت حوکمی حەزرەتیان ﷺ پێ خۆش نییە هاتن لە خزمەتی حەزرەتدا دەستیان کرد بە سوێند خواردن: ئەگەر تۆ بفەرموویت: لە خانە وماڵی خۆمان دەرچین دەرئەچین ئەوەندە ملکەچی تۆین. جا خودا ئەفەرموێت: قەسەمیان خوارد بە خودا بە سوێندی زۆر بەهێز کە ئەگەر تۆ ئەمر بکەی پێیان لە ماڵی خۆیان دەرچن دەرئەچن، جا تۆ، ئەی خۆشەویست، پێیان بڵێ: ئێوە ئەم سوێندانە مەخۆن، ئەوەی مەقسوودە لە ئێوە هەر ئیتاعەیێکی مەعرووفە کە لەسەر عورف و عادەت باش بێ [یا سوێند مەخۆن، پێویست بە سوێند خواردن ناکا، ئیش و کاری ئێوە ئیش و کارێکی دیاری و ناسراوە].[1]

بە راستی خودا ئاگادارە بەوەی ئێوە ئەیکەن.

[١. لەوانەیە نووسراوەی ناو ئەم دوو کەوانەیە هینی مامۆستا موحەممەد عەلی قەرەداغی بێت - بلاوکرنەوەی کوردستان].

﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ ﴿٥٤﴾﴾

تۆ ـ ئەی خۆشەویست ـ پێیان بفەرموو: ئیتاعەی خودا و پێغەمبەری خودا بکەن، جا ئەگەر ئەوان پشتیان هەڵکرد ئەوە پێغەمبەر ﷺ ئەوەی لەسەرە کە کراوە بە باری شانی کە گەیاندنی پەیامی خودایە و، لەسەر ئێوەیشە ئەوەی کە کراوە بە باری شانتان کە پەیڕەوی رەهبەرانە لەوەدا کە لە لای خوداوە هێناویانە، بەڵێ ئەگەر ئیتاعەی بکەن شارەزای رێگەی پیرۆزی ئەبن، وە پێغەمبەر تەنها گەیاندنی ئەحکامی خودای لەسەرە و بەس.

﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْئًا وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿٥٥﴾﴾

خودای تەعالا وەعدەی داوە بەوانەی کە ئیمان دێنێ لە ئێوە و کردەوەی چاکە ئەکا کە بیانهێڵێتەوە لە زەویدا وەکوو چۆن ئەوانەی لە پێش ئێوەدا بوون مانەوە لە زەویدا و دەستیان پەیدا کرد و، ئەو دین و ئایینە کە خۆی هەڵی بژاردووە و پێی رازی بووە بۆ ئەوان بۆیان دابمەزرێنێ، وە لە پاش ترس و بیم ئەوانەیان بۆ ئەگۆڕێتەوە بە ئەمن و ئاسایش و حورمەت، جا ئەوانیش بەندەیی بۆ من ئەکەن و هەرگیز هاوڕێم بۆ بڕیار نادەن، جا پاش بەجێهێنانی ئەم بەڵێنە و دامەزراندنی خۆیان هەرکەس کافر ببێ و پاشگەز ببێتەوە پاش ئەم هەموو رەحمەتی منە ئەوە بێگومان بە فاسق و دەرچوو لە یاسای ئیسلام ئەناسرێ. پەنا بە خودا!

﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ٥٦﴾

نوێژەکەتان بەجێ بێنن و، زەکاتی ماڵتان بدەن و، فەرمانبەری پێغەمبەر بکەن لە هەموو کارێکدا و بە هەموو بارێ لە چاك و خراپا بەڵکوو خودا رەحمتان پێ بکا.

﴿لَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مُعۡجِزِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَمَأۡوَىٰهُمُ ٱلنَّارُۖ وَلَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ٥٧﴾

وە گومان مەبە ئەوانەی کافرن خوا عاجز ئەکەن و لە دەستی دەرئەچن لە زەویدا و ئەوانە جێگە و شوێنیان ئاگری دۆزەخە و دۆزەخیش شوێنێکی زۆر خراپە.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِيَسۡتَـٔۡذِنكُمُ ٱلَّذِينَ مَلَكَتۡ أَيۡمَـٰنُكُمۡ وَٱلَّذِينَ لَمۡ يَبۡلُغُواْ ٱلۡحُلُمَ مِنكُمۡ ثَلَـٰثَ مَرَّٰتٍۚ مِّن قَبۡلِ صَلَوٰةِ ٱلۡفَجۡرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ ٱلظَّهِيرَةِ وَمِنۢ بَعۡدِ صَلَوٰةِ ٱلۡعِشَآءِۚ ثَلَـٰثُ عَوۡرَٰتٍ لَّكُمۡۚ لَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ وَلَا عَلَيۡهِمۡ جُنَاحُۢ بَعۡدَهُنَّۚ طَوَّٰفُونَ عَلَيۡكُم بَعۡضُكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٍۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَـٰتِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٥٨﴾

ریوایەت کراوە، کە غوڵامی ئەسمای کچی «ابو مرشد» رۆیشتە ماڵەوە بەسەر ئەسمادا لە کاتێکا کە پێی ناخۆش بوو، جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

وە لە ریوایەتێکی‌تردا ئەفەرموێت: حەزرەت ﷺ «مدلج»ی کوڕی عەمری ئەنساری نارد بۆ لای عومەر کە بانگی بکا، عومەر لەو کاتەدا خەوتبوو پۆشاکی لەبەرا نەبوو، عومەر پێی ناخۆش بوو کابرا بەو شێوە ببینێ ـ کە بینی ـ جا عومەر

فەرمووی: خۆزگا خودای تەعالا ئایەتێکی بناردایە مەنعی بکردینایە! جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

ئەفەرمویێت: ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا، با داوای ئیجازەتان لێ بکەن بۆ هاتنەماڵەوە ئەو بەندانە کە موڵکی ئێوەن و ئەو منداڵانەیش کە نەگەیشتوونەتە کاتی ئیحتیلام لە سێ کاتا: لە پێش نوێژی بەیانیدا، و لەو کاتەدا کە پۆشاکتان دائەنێن لە نیوەڕۆدا، و لە پاش نوێژی عیشا. لەم سێ کاتەدا کە کاتی رووتی لەشی ئێوەیە. ئیتر نە ئێوە و نە ئەوان گوناحتان لەسەر نییە ئەگەر لە پاش ئەو کاتانە بێ‌ئیزن هاتوچۆی یەکتر بکەن. بەم شێوە خودای تەعالا حوکمەکانتان بۆ روون ئەکاتەوە و خودا زانایە بە حاڵی ئێوە و بە حیکمەتە لە تەشریعاتا.

﴿وَإِذَا بَلَغَ ٱلْأَطْفَـٰلُ مِنكُمُ ٱلْحُلُمَ فَلْيَسْتَـْٔذِنُوا۟ كَمَا ٱسْتَـْٔذَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَـٰتِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٩﴾﴾

وە کاتێ کە منداڵانی خۆتان گەیشتنە کاتی باڵغ بوون و موکەللەف بوون بە ئەحکام با ئەوانیش لە وەختی هاتوچۆ و زیارەتا داوای ئیجازە بکەن لە خاوەنی ئەو خانووە کە ئەڕۆنە ناوی وەکوو داوای ئیجازە ئەکەن ئەو پیاوانە کە لە پێشدا باسمان کردن، واتە پێویستە لە هەموو کاتێکا داوای ئیزن بکەن، نەك هەر لەو سێ کاتەدا کە باسمان کردن. خودا بەم جۆرە ئەحکامی خۆیتان بۆ بەیان ئەکا و خودا زانا و خاوەن حیکمەتە.

﴿وَٱلْقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّـٰتِى لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا فَلَيْسَ عَلَيْهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعْنَ ثِيَابَهُنَّ غَيْرَ مُتَبَرِّجَـٰتٍۭ بِزِينَةٍ ۖ وَأَن يَسْتَعْفِفْنَ خَيْرٌ لَّهُنَّ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٦٠﴾﴾

ئەم ئایەتە پیرۆزە لە مەعنای ئیستیسنادایە لە فەرموودەی پێشوو کە خودای تەعالا فەرمووی: «با بە سەرپۆشەکانیان بەرۆك و سنگیان داپۆشن» جا ئەفەرموێ: ئەو ژنانەی کە لەبەر پیری و ناتەوانی لە ماڵدا کەوتوون و دانیشتوون و هیوای شووکردنیان نییە و کەڵکی هیچیان پێوە نییە، ئەوە گوناحیان ناگا ئەگەر جلی داپۆشەری زینەتی بەدەنیان دابنێن و نەیکەنە بەر. واتە ئەو سەرپۆش و سینە و بەرەك پۆشە کە ژنان ئەیانکەن بە پەردەی داپۆشەری جوانییان بۆ ئەو پیرەژنانە دروستە فڕەی بدەن، بە مەرجی ئەوە خۆیان نەنوێنن بەو خشڵ و شتەوە کە بۆ جوانی وا بە لەشیانەوە. بەڵام ئەگەر هەر هەوڵی ئەوە بدەن خۆیان داپپۆشن و سەرپۆش و شتەکەیان لانەبەن باشترە بۆیان، وە خودای تەعالا وتاریان لەگەڵ پیاواندا ئەبیسی و ئاگای لە گوفتاریانە ئەگەر ساف بێ یا توێکڵدار بێ و زانایە بە رازی دەروونیان.

﴿ لَّيْسَ عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ وَلَا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَن تَأْكُلُوا۟ مِنۢ بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ ءَابَآئِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ إِخْوَٰنِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخَوَٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَعْمَٰمِكُمْ أَوْ بُيُوتِ عَمَّٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخْوَٰلِكُمْ أَوْ بُيُوتِ خَٰلَٰتِكُمْ أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُۥٓ أَوْ صَدِيقِكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَأْكُلُوا۟ جَمِيعًا أَوْ أَشْتَاتًا ۚ فَإِذَا دَخَلْتُم بُيُوتًا فَسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ تَحِيَّةً مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةً ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦١﴾

موفەسیرەکان لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویانە: بۆ هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە گەورە وەختێ خۆی کوێرەکان و شەلەکان و ناساغەکان بە لایانەوە باش نەبوو کە بڕۆن بۆ ماڵی ئەوانەی ناویان براوە لەم ئایەتەدا، لەبەر ئەوە کوێر بە هەموو لایەکدا دەست ئەگێڕێ لەسەر سفرە و، ئینسانی شەل شوێنی زۆر ئەگرێ بۆ دانیشتن و، گەلێ جار جێگەی لەسەر خەڵك تەنگ ئەکرد، وە ناساغەکانیش ئەترسان لەوە کە خەڵك تەرێزیان لێ بکەن، لەبەر ئەوە گەلێ دوور ئەکەوتنەوە لە قەرەباڵغ لەو ماڵانەدا کە ناو براون لەم ئایەتەدا، جا خودا بۆ دەفعی ئەو «استکراه»ە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە، واتە حەرەج و ناباری و ناڕەوایی دینی نییە لەسەر کوێر و لەسەر شەل و ناساغ کە بێن لەگەڵتانا نان بخۆن. وە هەروا تاوان نییە لەسەر نەفسی خۆیشتان بە تەنیا یاخود لەگەڵ ئەم سێ بەشەدا کە نان بخۆن لە ماڵی ئەولادتانا کە وەکوو ماڵی خۆتانە، یا لە ماڵی باوکەکانتانا، یا لە ماڵی دایکەکانتانا، یا براکانتان، یا خوشکەکانتان، یا مامتان، یا پوورتان، یا خاڵتان، یا «خالة» خوشکی دایکتان، یا لە ماڵی کەسێکدا کە کلیلەکانتان وەرگرتووە و بوون بە خاوەنی، بە جێگری یا بە ئەمینداری، یا لە ماڵی دۆست و برادەرتان کە هەمووتان بە یەکەوە یا بە جیاجیا دابنیشن و نانی تێدا بخۆن، جا کاتێ چوونە ناو ماڵێ لەم ماڵانە ئەوە سەلام بکەن لەسەر کەسانێ کە ئەوانە خۆتانن، یانی وەکوو خۆتانن، بە سەلامێکی وا لە لای خوداوە هاتبێ و فەرمانی پێ درابێ، کە ئەو سەلامە پیرۆزە؛ چونکی لە خوداوە هاتووە، وە جوانیشە چونکی دڵی پێی خۆش ئەبێ، ئاوەها بەو شێوە خودای تەعالا ئایاتی قورئانتان بۆ ڕەوانە ئەکا بە هیوای ئەوە کە ئێوە زانا ببن بە ئادابی ئیسلام و شێوەی موسوڵمانان لە هەستان و دانیشتنا.

ریوایەت کراوە لە ئەنەسەوە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: کاتێ گەیشتی بە یەکێ سەلامی لێ بکە عومرت درێژ ئەبێ، وە کاتێ چوونە ماڵەوە سەلام بکەن لە

خەڵکیماڵەکە خێراتتان زۆر ئەبێ، وە نوێژی چاشتە نوێژیش بکەن؛ چونکی ئەو نوێژە نوێژی ئەو پیاوە باشانەیە کە گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا.

وە بازێ لە موفەسیرەکان فەرموویانە: سەرەتای ئەم ئایەتە کە ﴿ليس على الأعمى حرج﴾ە تا ئەگاتە ﴿ولا على أنفسكم﴾ پەیوەندی بە مەوزووعی خواردنەوە نییە، بەڵکوو بۆ ئەوە هاتووەتە خوارەوە کە بەیانی رەفعی حەرەج و تاوان بکا لە کوێر لەو شتانەدا کە پێویستی بە چاوە، وە لە شەل لەو شتانەدا کە پێویستی بە پێی ساغە، وە لە نەخۆش لەو شتانەدا کە بە نەخۆش ناکرێن و ئینسانی ساغیان ئەوێ. بە کورتی ئەم کوێر و شەل و نەخۆشە مەعزوورن لە نەکردنی ئەو شتانەدا کە مەعزوورن تیایانا. ئەمجار لە جوملەی ﴿ولا على أنفسكم...﴾ تا دوایی. باسی خواردنە لەو ماڵانەدا وەکوو باسمان کردن.

وە قازی بەیزاوی لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی: یا حوکمی ئەم ئایەتە لە سەرەتای زەمانی ئیسلامدا بووە کە خەڵکی گەدا زۆر بوون، لەبەر ئەوە خودا ئەمەی دامەزراندووە کە ئینسان لەم ماڵانەدا دروستە خواردن بخوا و، لە پاشان نەسخ کراوەتەوە.

وە یا ئەگەر حوکمەکە ئیستمراری بێ، واتە دەوامدار بێ، ئەبێ حوکمی ئەم ئایەتە مەشرووت بێ بە حاڵی ئیزنی خاوەن ماڵ، یا زەنی رەزای خاوەن ماڵەکە بە گوێرەی قەرینەیێ، ئەگەرنا بەڵگەگەل و ئوسووڵی ئەحکامی ئیسلام لەسەر ئەوەن دروست نییە ئینسان بە بێ هۆیەك ماڵی خەڵکی بخوات. بە کورتی ئینسان بە بێ ئەوە مافێکی رەوای ببێ لە ماڵێکدا دروست نییە بە هیچ جۆرێ شتێ بکا لەو ماڵە، بە خواردن یا بە غەیری خواردن مەگەر بە سەریحی ئیزنی ئەو خاوەن ماڵە یا بە عیلم بە رەزا یا بە زەنی رەزا بە زەنێکی وا ئیسناد بدرێ لەسەر قەرینەیێ.

﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَإِذَا كَانُوا۟ مَعَهُۥ عَلَىٰٓ أَمْرٍ جَامِعٍ لَّمْ يَذْهَبُوا۟ حَتَّىٰ يَسْتَـْٔذِنُوهُ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَـْٔذِنُونَكَ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ فَإِذَا ٱسْتَـْٔذَنُوكَ لِبَعْضِ شَأْنِهِمْ فَأْذَن لِّمَن شِئْتَ مِنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمُ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٦٢﴾﴾

ریوایەت کراوە: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە کاتی هەڵکەندنی خەندەقدا لە خواری مەدینەی مونەووەرەوە لەساڵی هێرشی ئەحزابدا کە ساڵی پێنجەمی کۆچی بوو. وە لەو کاتەدا گەلێ لە مونافقان ئەهاتن داوای ئیزنیان لە حەزرەت ﷺ ئەکرد، وە عوزریان ئەهێنایەوە بە بازێ عوزری دووری بێ‌ئەسڵ.

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: خاوەن ئیمانەکان (واتە ئیمانی تەواو) ئەوانەن کە ئیمان دێنن بە خودا و پێغەمبەری خودا و، کاتێ لەگەڵ حەزرەتا ﷺ بوون بۆ کارێکی گرنگ وەکوو گردکردنەوەی خەڵك لە لایەنی حەزرەتەوە بۆ راوێژ لە کاری جەنگدا، یاخود بۆ نەفسی جەنگکردن، یاخود بەجێ‌هێنانی سونەتێ لە دینا، نەڕۆن و حەزرەت ﷺ بەجێ نەیەڵن تا ئیزنی لێ وەرئەگرن. بە راستی ئەو کەسانە کە داوای ئیزنت لێ دەکەن ئەوانە ئەو کەسانەن کە ئیمانی راستیان هەیە بە خودا و پێغەمبەری خودا. جا کاتێ داوای ئیجازەیان لێ کردی بۆ بازێ کاریان، کێیان ئارەزووت بوو ئیزنی بدەی رێگەی بدە با بڕوا و داوای لێ خۆشبوونیشیان بۆ بکە لە خودا؛ چونکی ئەو کاتە کاتی دەرچوون نەبووە، بە راستی خودا میهرەبانە و لەوانەیە خۆش ببێ لە کاری ناباریان.

﴿لَّا تَجْعَلُوا۟ دُعَآءَ ٱلرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَآءِ بَعْضِكُم بَعْضًا ۚ﴾

کاتێ کە حەزرەت ﷺ بانگ ئەکەن ئەو بانگ کردنی ئەوە وەکوو بانگ کردنی خەڵکی‌تر نییە و پێویستە بۆ ئەم بەڕێز بن، کە وابێ هەڵس‌وکەوتتان لەگەڵ حەزرەتا

و بانگ کردنی مەکەن بە بانگ کردنی بازێکتان بۆ بازێکتان، بەڵکوو بە شێوەی ڕێز وەکوو «یا رسول اللّٰه» و «یا نبی اللّٰه» و بە شێوەی ئەدەب و دەنگی نزم و لەگەڵ حەیادا بێ.

وە یاخود کاتێ حەزرەت ﷺ ئێوە بانگ بکا بۆ کارێ ئەو بانگ کردنە بە سووك تەماشا مەکەن و زوو بڕۆن بەدەنگیەوە.

وە یاخود خۆشبوونی ئەو لە ئێوە لە کاتی قارا وەکوو دوعا کردنی بازێکتان لە بازێکتان نییە، ئەو دوعاکەی زۆر زوو کار دەکا و خودای تەعالا لێی وەرئەگرێ، جا خۆتان لەوە لادەن.

﴿قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذًا﴾

بە ڕاستی خودا ئەزانێ بەوانەتان کە لە ئێوە ئەبچڕێن و لە کۆمەڵی حەزرەت ﷺ جیا ئەبنەوە و خۆیان ئەدزنەوە، بە شێوەی پەنا بردن بە خەڵك، واتە خۆی ئەداتە پەنا شتێ یا کەسێ بۆ ئەوە پێی نەزانرێ.

﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٦٣﴾﴾

واتە با خۆیان بپارێزن ئەو کەسانە کە سەرپێچی لە ئەمری حەزرەت ﷺ ئەکەن لەوە کە لە دنیادا تووشی ئاشووبێك ببن، یا لە ڕۆژی قیامەتدا سزایەکی سەختیان پێ بگات.

﴿أَلَا إِنَّ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قَدْ يَعْلَمُ مَا أَنتُمْ عَلَيْهِ وَيَوْمَ يُرْجَعُونَ إِلَيْهِ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٦٤﴾﴾

بێداربن! بە راستی هەر بۆ خودایە، بە بێ پەیوەندی کەس، ئەوەی وا لە ئاسمانەکانا لە مادە و لە فریشتەکان و ئەستێرەکان و ئەوەیش وا لە زەویدا لە جەمادات و نەباتات و حەیوانات. بە راستی خودا زانایە بەو حاڵە کە ئێوە وان لەسەری و بەو رۆژە کە ئێوە ئەگێڕرێنەوە بۆ لای خودا تیایا. جا خودای تەعالا خەبەرداریان ئەکا بەوەی کردوویانە، وە بەو پاداش و تۆڵەیش بۆیان دانراوە و خودا بە هەموو راز و نیاز و کار و کرداری ئەزانێ.



سووره‌تی فورقان، مه‌ککه‌ییه، ئایه‌ته‌کانی "٦٨" و "٦٩" و "٧٠" نه‌بێ، ئه‌وانه مه‌دینه‌یین، "٧٧" ئایه‌ته، دوای سووره‌تی یاسین هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا ﴿١﴾ الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا ﴿٢﴾﴾

ماشه‌ڵڵا چه‌نێ گه‌وره‌یه و چه‌نێ فه‌ڕی زۆره ئه‌و خودایه که به‌ش به‌ش و پله پله ئایاتی قورئانی ناردووه بۆ سه‌ر به‌نده‌ی خاوه‌ن پایه‌ی خۆی که موحه‌ممه‌ده، ئه‌و قورئانه که جیاوازیخه‌ره له نێوان حه‌ق و به‌تاڵ، خودایه‌کی ئه‌وته‌و که سه‌رداری زه‌وی و ئاسمانه‌کان بۆ ئه‌وه و به‌س. وه هه‌رگیز فه‌رزه‌ند و نه‌ته‌وه‌ی بۆ خۆی بڕیار نه‌داوه و هاوڕێی نه‌بووه له‌سه‌رداریدا و هه‌موو شتێ که بووبێ به سه‌ره‌تای ئاسار ئه‌و دروستی کردووه و له نه‌بوونه‌وه هێناویه‌تی بۆ بوون، وه ڕێکی خستووه و ئاماده‌ی کردووه بۆ ئه‌و بیر و باوه‌ڕ و کار و کرده‌وه و خوو و ڕه‌وشته که په‌یوه‌ندی ئه‌بێ پێیه‌وه.

﴿وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً لَّا يَخۡلُقُونَ شَيۡـًٔا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ وَلَا يَمۡلِكُونَ لِأَنفُسِهِمۡ ضَرًّا وَلَا نَفۡعًا وَلَا يَمۡلِكُونَ مَوۡتًا وَلَا حَيَوٰةً وَلَا نُشُورًا ﴿٣﴾﴾

لەگەڵ ئەوەدا کە ئاشکرایە خودای جیهان خودایەکی تاق و بێباکە و هەر ئەو سەردار و خاوەن دەستەڵاتە بەسەر عالەمی غەیب و شەهادەتا. ئەو کافرە موشریکانە بڕیاریان داوە بۆ خۆیان چەن مەعبوودێکی نابوودی نارەسای وەها کە ناتوانن هیچ شتێ دروست بکەن، بەڵکوو خۆیان دروستکراون، وە خاوەن دەستەڵات نین و دەستیان بەسەر هیچ سوود و زیانێکدا ناڕوا بۆ خۆیان و دەستیان ناڕوا بەسەر مردن و زیندوێتی و بەسەر زیندوو کردنەوەی پاش ماوەی مردندا کە ناوی مەعادە.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ إِفۡكٌ ٱفۡتَرَىٰهُ وَأَعَانَهُۥ عَلَيۡهِ قَوۡمٌ ءَاخَرُونَۖ فَقَدۡ جَآءُو ظُلۡمًا وَزُورًا ﴿٤﴾ وَقَالُوٓاْ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ ٱكۡتَتَبَهَا فَهِيَ تُمۡلَىٰ عَلَيۡهِ بُكۡرَةً وَأَصِيلًا ﴿٥﴾﴾

کافرەکان لە مەقامی تانەدان لە قورئاندا ئەڵێن: ئەم قورئانە هەرچەند وتارێکی درۆیە کە هەڵی بەستووە و یارمەتییان داوە لەسەر ئەم هەڵبەستنە گەلێ‌تر، بە راستی ئەمانە ئەم قسەیانە کردووە ستەمکاری و درۆزنییەکی گەورەیان کردووە. وە بازێکی‌تر لە کافرەکان وتیان: ئەم قورئانە لە قسە کۆنە نووسراوەکانە کە گردی کردوونەتەوە و نووسیونیەتەوە بە هۆی نووسەرێکەوە بۆی ئەنووسێتەوە و بەیانی و ئێوارە ئەیخوێنێتەوە بەسەریا و، ئەویش لەبەری ئەکا و جا پاش ئەوە ئەیخوێنێتەوە بەسەر هاورێکانیا. بە کورتی ئەم قورئانە ـ وەك ئەوانە ئەڵێن ـ چیرۆك و ئەفسانەی پێشینانە و نووسەرێك بۆی ئەنووسێتەوە و پێی لەبەر ئەکا و ئەویش ـ واتە پێغەمبەر ﷺ ـ ئەیخوێنێتەوە بەسەر خەڵکدا.

﴿ قُلْ أَنزَلَهُ ٱلَّذِى يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٦﴾ ﴾

جا تۆ ئەی ڕەهبەری خۆشەویست لە وەڵامی ئەم قسە و گومانیانەدا پێیان بڵێ: ئەو قورئانە ئەفسانە نییە، بەڵکوو ئایاتی خودایە و ناردوویەتیە خوارەوە بۆ لای من، ئەو خودایە کە زانای هەموو ڕازێکی پەنهانە لە ئاسمان و زەویدا و بە هەموو ڕووداوێکی کۆن و تازە و ئێستە و داهاتوو ئەزانێ و، زانایە بە نهێنییەکانی هەموو ئەستێرەکان و چلۆنی هاتوچۆیان و سووڕانەوەیان، بۆیە وا ئەم قورئانە باسی ڕووداوی کۆن و ئەوەی ڕوو ئەدا لە پاشەڕۆژا ئەکات. وە بۆیە هەموو نهێنییەکانی ئەستێرەمان بە کورتی بۆ باس ئەکا، وە ئەم ڕووداو و نهێنیانە لەوانە نین بە ئەفسانەی کۆن بزانرێن، زیاد لەوانە ئەوشێوازە و ئەو یاسایە کە بۆ قورئان هەیە لە ڕێکخستنی جوملەکانیا لە عیبارەتی عەرەبی‌تردا نییە، جا کەلامێ وەها بێ مەعلوومە کەلامی خودایە، وە خودا ئەزانێ ئێوە بە عەناد و جەهل ئەم قسانە ئەکەن، وە ئەگەر خودا لەگەڵتانا میهرەبان نەبوایە، یاخود مولاحەزەی ئەو ئەولادانەی نەکردایە کە لە پاش ئێوە دینی ئیسلام وەرئەگرن و سوودیان بۆ عالەم ئەبێ، لە تۆڵەی ئەم قسە نابارانەدا ئێوەی لە ناو ئەبرد، بەڵام خودا تاوانبەخش و میهرەبانە بۆیە چاوپۆشیتان لێ ئەکا.

﴿ وَقَالُوا۟ مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأْكُلُ ٱلطَّعَامَ وَيَمْشِى فِى ٱلْأَسْوَاقِ ۙ لَوْلَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مَلَكٌ فَيَكُونَ مَعَهُۥ نَذِيرًا ﴿٧﴾ أَوْ يُلْقَىٰٓ إِلَيْهِ كَنزٌ أَوْ تَكُونُ لَهُۥ جَنَّةٌ يَأْكُلُ مِنْهَا ۚ وَقَالَ ٱلظَّٰلِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا ﴿٨﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ ضَرَبُوا۟ لَكَ ٱلْأَمْثَٰلَ فَضَلُّوا۟ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ سَبِيلًا ﴿٩﴾ ﴾

ئەو کافرانە بۆ بەرهەڵستی پەیامی پێغەمبەرﷺ ئەڵێن: ئەگەر ئەو زاتە رەهبەر بوایە ئەبوو حاڵی لەگەڵ حاڵی ئێمەدا جیاواز بوایە؛ ئێستە بۆچی وەکوو ئێمە خواردن ئەخوا و بە بازاڕا ئەگەڕێ؟ بۆچی فریشتەیێ لە ئاسمانەوە نەهاتە خوارەوە بۆ لای هەتا لەگەڵیا بوایێ و خەڵکی بترسانایێ لە سزای خودا؟ یاخود بۆچی خەزێنەیێ لە زێڕ و زێوی بۆ نەخراوەتە خوارەوە و نەخراوەتە بەر دەستی تا بیکا بە هۆی ژیانی خۆی و ژیانی پەیڕەوەکانی و بە هۆی رەغبەتی خەڵکیش بۆ لای ئەو؟ یاخود ئەگەر خەزێنەی بۆ نەهات بۆچی بێستانێکی نییە کە لە بەرەکەی بخوات؟

وە ئەو ستەمکارانە پاش ئەم بەرهەڵستییە بێنرخە وتیان: مادام ئەم شەخسە یەکێ لەم تەئییداتەی نییە، وە دەرکەوت کە پێغەمبەر نییە، دیارە کە ئینسانێکە جادوولێکراوە و بیر و هۆشی نەماوە و لە خۆیەوە قسەی پڕوپووچ ئەکا.

جا ئەی خۆشەویست بڕوانە بۆ ئەو بێماریفەتانە و ئەو بێڕوشدانە چلۆن ئەو وتارە نابارانەیان وت و رێگەیان لە خەڵك ونکرد تا بە جارێ گومڕا بوون لە رێگەی ناسینی ئەحواڵی واقیعی تۆ کە سیفەتی ریسالەتە؟ ئیتر وایان لێهات کە ناتوانن رێگەی رزگاری بگرن.

وە ئەگەر گومڕا و بەدبەخت نەبوونایێ ئەیانزانی کە حاڵی پێغەمبەران بانگ کردنی خەڵکە بۆ رێگەی باوەڕ کردن بە پەروەردگاری عالەم و هەست کردن بە لێپرسراوی و تێکۆشین بۆ خوو و رەوشتی بەرز. وە عادەتی خودا وا نەبووە کە فریشتە لە ئاسمانەوە رەوانە بکاتە خوارەوە، وە ئەگەر فریشتەی رەوانە بکردایە ئیتر کەس ماوەی قسەی نەدەما و دین وەرگرتن ئەبوو بە کارێکی ئیجباری لەسەر هەموو کەس، ئەو کاتە فەزڵ و پایەیێ نەدەما بۆ ئەو کەسە کە موسوڵمان بووە؛ چونکی بە ناچار موسوڵمان بووە و لە فریشتە ترساوە.

هەروا عادەتی خودا وا نەبووە کە بە ماڵ و دارایی و بە باخ و بێستان کاری پێغەمبەران بخاتە رێ؛ چونکی ئەم جۆرە کارانە خزمەتی ئارەزووبازی و شەهوەترانی و دنیاخوازی ئەکەن، وە پێغەمبەران بۆ ئەوە رەوانە ئەکرێن کە نەفس بشکێنن و ماوەی خەیالاتی شەیتان و نەتەوەی نەدەن لە دڵ و دەروونی عالەما و، پەیوەندی پەیدا بکەن لە نێوان بەندە و مەعبوودا بە بەندەیی و تاعەت و رووکردن لە زاتی باری و چاوەڕێ کردن بۆ رژاندنی بارانی رەحمەت بەسەر دڵ و دەروونا.

﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِىٓ إِن شَآءَ جَعَلَ لَكَ خَيْرًا مِّن ذَٰلِكَ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ وَيَجْعَل لَّكَ قُصُورًۢا ﴿١٠﴾ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِٱلسَّاعَةِ ۖ وَأَعْتَدْنَا لِمَن كَذَّبَ بِٱلسَّاعَةِ سَعِيرًا ﴿١١﴾ ﴾

زۆر گەورە و خاوەن فەڕە ئەو خودایە کە ئەونە خاوەن دەستەڵاتە ئەگەر خواستی لەسەر بێ لەم دنیادا شتێکت پێ ئەدا کە باشتر و خاوەن سوودترە لەوەی کە ئەوان وتیان کە عیبارەتە لە چەن باخێ کە جۆباری زەلاڵ و ساف و رووناك لە ژێر دارەکانیانەوە رەوان بێ و چەن عەمارەت و قەسرێکیشت پێ ئەدا، بەڵام ئێستە لەم دنیادا ئەمە ناکا بۆ ئەوە لە دنیادا ببی بە ئیمام و پێشەوای ئەوانە کە خزمەتی رۆح و ئەخلاق و سەفای دڵ و دەروون ئەکەن. بەڵام ئەی خۆشەویست تۆ واز بێنە لە باسی ئەو کافرانە و لە واتە شێتانەکەیان، ئەوانە کۆمەڵێکن ئینکاری هاتنی قیامەتیان کردووە و چاویان هەر لە دنیاوەیە بۆیە ئەو قسانە ئەکەن، وە ئێمە ئامادەمان کردووە بۆ ئەوانە کە ئینکاری قیامەت ئەکەن ئاگرێکی بەتین و نابار.

﴿ إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ سَمِعُوا۟ لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا ﴿١٢﴾ ﴾

کاتێ ئەو ئاگری دۆزەخە چاوی ئەکەوێ بە مان، واتە کاتێ ئەو ئاگرە دەرکەوت بەو شێوە ئامادەکراوییە، دەنگ و ناڵەیەکی رقاوی لەو ئاگرە ئەبیستن، دەنگێ کە لە ناو دڵەوە دێتە دەرەوە.

﴿وَإِذَآ أُلۡقُواْ مِنۡهَا مَكَانٗا ضَيِّقٗا مُّقَرَّنِينَ دَعَوۡاْ هُنَالِكَ ثُبُورٗا ١٣﴾

وە کاتێ ئەم کافرانە بهاوێنرێنە شوێنێکی تەنگی نارەسا لە دۆزەخدا بە دەست بەملەوە بەسراوی هاوار ئەکەن و داوایماڵوێرانی بۆ خۆیان ئەکەن.

﴿لَّا تَدۡعُواْ ٱلۡيَوۡمَ ثُبُورٗا وَٰحِدٗا وَٱدۡعُواْ ثُبُورٗا كَثِيرٗا ١٤﴾

جا لە لایەنی فریشتەی مەئمووری دۆزەخەوە پێیان ئەوترێ: ئیمڕۆ یەك جار هاوار و داوای ماڵوێرانی مەکەن، بەڵکوو زۆر هاوار بکەن و داوای ماڵکاولی زۆر بکەن.

﴿قُلۡ أَذَٰلِكَ خَيۡرٌ أَمۡ جَنَّةُ ٱلۡخُلۡدِ ٱلَّتِي وُعِدَ ٱلۡمُتَّقُونَۚ كَانَتۡ لَهُمۡ جَزَآءٗ وَمَصِيرٗا ١٥ لَّهُمۡ فِيهَا مَا يَشَآءُونَ خَٰلِدِينَۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ وَعۡدٗا مَّسۡـُٔولٗا ١٦﴾

جا ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ بەو کافرانە: ئایا ئەو سزا نابارەی ڕۆژی قیامەتە باشە یا ئەو بەهەشتە هەمیشەییە کە لەسەر بەڵێن دراوە بە موسوڵمانە خاوەن پارێزەکان، وە بڕیار دراوە بۆیان لە پاداشی ئیمان و کردەوەی چاکەدا و ئەو بەهەشتە جێگە و مەڵبەندی پاشەڕۆژی ئەو موسوڵمانانەیە؟

وە هەیە بۆ موسوڵمانەکان لەو بەهەشتانەدا هەرچی دڵیان داوای بکا و حاڵیان وەهایە ئەمێننەوە تیایا هەتا هەتایە و ئەم پاداشە بەڵێنی پێ دراوە لە لایەنی خوداوە و داوا کراوبووە لە لایەنی بەندەکانی خوداوە. واتە کاتی خۆی موسوڵمانان لە ماوەی

ژیانی دنیادا داوای ئەو بەهەشتانەیان لە خودا کردووە و خودایش فەرموویەتی بە پێغەمبەران کە لە لایەنی خوداوە بەڵێنیان پێ دراوە خودا جێبەجێی ئەکا.

﴿ وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ وَمَا يَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَقُولُ ءَأَنتُمۡ أَضۡلَلۡتُمۡ عِبَادِي هَٰٓؤُلَآءِ أَمۡ هُمۡ ضَلُّواْ ٱلسَّبِيلَ ﴿١٧﴾ قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ مَا كَانَ يَنۢبَغِي لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن دُونِكَ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ وَلَٰكِن مَّتَّعۡتَهُمۡ وَءَابَآءَهُمۡ حَتَّىٰ نَسُواْ ٱلذِّكۡرَ وَكَانُواْ قَوۡمَۢا بُورٗا ﴿١٨﴾ فَقَدۡ كَذَّبُوكُم بِمَا تَقُولُونَ فَمَا تَسۡتَطِيعُونَ صَرۡفٗا وَلَا نَصۡرٗاۚ وَمَن يَظۡلِم مِّنكُمۡ نُذِقۡهُ عَذَابٗا كَبِيرٗا ﴿١٩﴾ ﴾

لەو رۆژەدا کە خودای تەعالا ئەو کافرانە حەشر ئەکا لەگەڵ ئەوانەدا کە ئەوان بەندەییان بۆ ئەکردن بێجگە لە خودا، وەکوو عوزەیر و، مەسیح، خودای تەعالا ئەفەرموێت بەو کەسانە کە کافرەکان عیبادەتیان بۆ کردوون: ئایا ئێوە ئەم بەندانی ئێمەتانە گومڕا کردووە یاخود ئەوان خۆیان گومڕا بوون و ڕێگەی خۆیان ون کردووە؟ ئەوانیش لە وەڵامی پرسیارەکەی خودادا عەرزی ئەکەن: پەروەردگارا تۆ پاکی و دووری لە شەریك و هاوڕێ و قەت شیاو نییە بۆ ئێمە بێجگە لە تۆ کەسێ بکەین بە دۆست و یارمەتیدەر یا بەندەیی بۆ بکەین مادام ئێمە بەندەی تۆبین و بەندەیی بۆ تۆ بکەین چۆن بە کەسێکیتر ئەڵێین لەگەڵ بەندەیی تۆدا بەندەیی بۆ ئێمەیش بکا! نەخەیر شتی وا لە ئێمەوە نەبووە، بەڵکوو تۆ بە گەورەیی و بە بێ باکی خۆت ئەمانەت کردووە بە خاوەن دەستەڵات لەگەڵ باوك و باپیرەیانا و خۆشی دنیات پێداون هەتا ئەوانیش بایی بوون و ناوی تۆیان لە بیر چووەوە و بوون بە گەلێکی

لە ناوچوو. جا پاش ئەم پرسیار و وەڵامە خودا بە کافرەکان ئەڵێت: ئەوا ئەوانە کە ئێوە بە خودایان ئەزانن ئێوەیان بەدرۆخستەوە و یەخەیان هەڵتەکان لە هەر وتارێکی وا کە بە زمانی ئەوانەوە ئەتانوت، ئیتر ئێوە ناتوانن سزای خودا لە خۆتان دووربخەنەوە و ناتوانن یارمەتیدەرێ دەس بخەن بۆ چارەی ئەم سزایە کە وا بەسەرتانەوە، وە هەرکەسێکیش لە ئێوە، ئەی خەڵکی چەرخ و زەمانە، ستەمکاری بکەن بە سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ ئەوە ئێمە سزایەکی گەورەی پێ ئەچێژین لە رۆژی قیامەتا.

﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ إِلَّآ إِنَّهُمْ لَيَأْكُلُونَ ٱلطَّعَامَ وَيَمْشُونَ فِى ٱلْأَسْوَاقِ ۗ وَجَعَلْنَا بَعْضَكُمْ لِبَعْضٍ فِتْنَةً أَتَصْبِرُونَ ۗ وَكَانَ رَبُّكَ بَصِيرًا ﴿٢٠﴾ ۞﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئێمە پێش زەمانی تۆ هەر پێغەمبەرێکمان ناردووە هەر وەکوو باقی مرۆڤ وابوون و بە بازاڕدا گەڕاون و خواردنیان خواردووە و لەسەر یاسای ئاسایی ئادەمیزاد ژیاون و، وە ئەوانە کە پێغەمبەرەکانمان بۆ ناردوون بێشەرمییان لەگەڵ کردوون، وە بازێ لە ئێوەم کردووە بە هۆی ناڕەحەتی بۆ بازێکتان، واتە ئەم پێغەمبەرانەمان گیرۆدەی دەستی کافرە بێئامانەکان کردووە و ئەوانیش خۆیان گرتووە، جا ئایا ئێوەیش لەسەر سوننەتی پێغەمبەری پێش خۆتان خۆ ئەگرن، واتە هەر ئەوەیش موناسبە بۆ ئێوە (یانی حەزرەت ﷺ و پەیڕەوەکانی) کە سەبر بکەن، وە پەروەردگاری تۆ بینایە و چاوی لە حاڵی هەمووتانەوەیە.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرْجُونَ لِقَآءَنَا لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَوْ نَرَىٰ رَبَّنَا ۗ لَقَدِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ وَعَتَوْ عُتُوًّا كَبِيرًا ﴿٢١﴾﴾

وە ئەو کافرە بێباوەڕانە کە هیوای گەیشتنیان بە ئێمە نییە لە قیامەتا، لەبەر ئەوە باوەڕیان بە قیامەت نییە، ئەڵێن: ئەوە بۆچی بازێ لە فریشتەکانی ئاسمان نەهاتنە خوارەوە بۆ سەر ئێمە بۆ ئەوە هەواڵمان پێ بدەن کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خودایە، یا خەیر بۆچی خودامان نەبینی هەتا پێمان بڵێ باوەڕ بکەن بە موحەممەد و ئێمەیش باوەڕی پێ بکەین؟ بە راستی ئەم کافرانە گەلێ گەلێ خۆیان بە گەورە تەماشا کرد لە زاتی خۆیانا و زیادەڕەوییەکی زۆریان کرد و لە ئەندازە لایان دا بە لادانێکی زۆر.

﴿ يَوْمَ يَرَوْنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ لَا بُشْرَىٰ يَوْمَئِذٍ لِّلْمُجْرِمِينَ وَيَقُولُونَ حِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿٢٢﴾ وَقَدِمْنَآ إِلَىٰ مَا عَمِلُوا۟ مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَٰهُ هَبَآءً مَّنثُورًا ﴿٢٣﴾ ﴾

ئەمانە کە ئیقتیراحی چاو پێکەوتنی فریشتە ئەکەن لە خۆیان دەرچوون، وە فریشتە نایەتە خوارەوە بۆ لای کەس بۆ لای پێغەمبەرەکان نەبێ بۆ ئەوە کە پەیغامی خودا بێنن بۆ لایان. بەڵێ فریشتە ئەنێرینە خوارەوە بۆ گیانکێشانیان و بۆ دانەبەریان بۆ مەحشەر، وە لەو رۆژەدا کە فریشتەکان ئەبینن هیچ موژدە و خۆشی بۆ تاوانباران نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لەو رۆژەدا فریشتەکان یا گیان ئەکێشن، وە یاخود لێیان ئەخوڕن بۆ مەیدانی حسێب و کتێب. وە کافرەکان ئەڵێن: دەخیل خودا مەنعی ئێوە بکا لە هاتن بۆ سەرمان، وە یاخود ئێوە هەر دوورخراوە بن لێمان، واتە ئازاری دڵی خۆیان بەرابەر بە دیتنی ئەو فریشتانە دەرئەبڕن.

وە لەو رۆژەدا دێین بە لای ئەو کردەوانەوە کە ئەوانە کردوویانن و، بە خەیاڵی خۆیان باش بوون، ئەو کردەوانە ئەکەین بە تۆز و تەمێکی بڵاو کراوە بە ئاسمانا یا بە هەوای جیهانا.

﴿ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ يَوْمَئِذٍ خَيْرٌ مُّسْتَقَرًّا وَأَحْسَنُ مَقِيلًا ﴿٢٤﴾ ﴾

وە ئەوانە کە ئەچنە بەهەشتەوە لەو چەرخەدا کە موسوڵمانەکانن زۆر باشترن لە کافرەکان لە بارەی قەرارگا و ئارامگا و شوێنی ئاسایش کردنەوە.

﴿ وَيَوْمَ تَشَقَّقُ ٱلسَّمَآءُ بِٱلْغَمَٰمِ وَنُزِّلَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ تَنزِيلًا ﴿٢٥﴾ ٱلْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ ٱلْحَقُّ لِلرَّحْمَٰنِ ۚ وَكَانَ يَوْمًا عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ عَسِيرًا ﴿٢٦﴾ ﴾

وە لەو ڕۆژەدا کە ئاسمان بە هەور کەرت ئەبێ، واتە پارچە پارچە هەور لە ئاسمانەوە دێنەخوارەوە و مەلائیکەیش لەگەڵ دەفتەر و نامەی کردەوەی خەڵکدا دێنەخوارەوە، جا لەو ڕۆژەدا سەرۆکی و گەورەیی و سەرداری هەر بۆ خودایە و بەشی کەسی تێدا نامێنێ. واتە لە دنیادا بە موڵکی مەجازی جۆرە عەلاقەیێ هەیە بۆ ئادەمیزاد، بەڵام لە ڕۆژی قیامەتا ئەوە نامێنێ و هەموو ماڵ و دارایی هەر بۆ خودایە و لە واقیعدا ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە زۆر ناڕەحەت و ناهەموارە بۆ کافرەکان.

﴿ وَيَوْمَ يَعَضُّ ٱلظَّالِمُ عَلَىٰ يَدَيْهِ يَقُولُ يَٰلَيْتَنِى ٱتَّخَذْتُ مَعَ ٱلرَّسُولِ سَبِيلًا ﴿٢٧﴾ يَٰوَيْلَتَىٰ لَيْتَنِى لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا ﴿٢٨﴾ لَّقَدْ أَضَلَّنِى عَنِ ٱلذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَآءَنِى ۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾ ﴾

وە لەو ڕۆژەدا کە ئینسانی ستەمکار هەردوو دەستی خۆی لە پەشیمانیدا ئەگەزێ. ئەڵێت: کاشکی لەگەڵ پێغەمبەرا ڕێگەم بگرتایە، ئەی هاوار بۆ من کاشکی فلان کەسم نەگرتایە بە دۆست و برادەری خۆم، بە ڕاستی منی گومڕا کرد لە خۆشەویستی ئیسلام و باوەڕ کردن بە خودا و بە قورئان و خوێندنەوەی پاش ئەوە کە هات بۆ لام و کەوتە بەردەستم، وە لە واقیعدا شەیتان لە بۆ ئینسان نامەردە و ئەکەوێتە دەستبڕینی هەتا بە تەواوی ئەیفەوتێنێ.

﴿ وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوْمِى ٱتَّخَذُوا۟ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ مَهْجُورًا ﴿٣٠﴾ ﴾

وە لە هەمان رۆژدا پێغەمبەر ﷺ عەرزی بارەگای خودا ئەکا و ئەڵێ: پەروەردگارا بە راستی گەلەکەم تەرکی قورئانیان کرد، واتە پشتیان تێکرد و باوەڕیان پێ نەکرد کە کەلامی خودایە.

﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ ۗ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا ﴿٣١﴾﴾

ئەی خۆشەویست وەکوو ئەم کافرانە لە زەمانی تۆدا دوژمنی تۆن و باوەڕت پێ ناکەن هەروا بڕیارمان دا بۆ هەر پێغەمبەرێ دوژمنێ لە تاوانبارەکان، بەڵام خودای تەعالا بەسە لە بابەتی شارەزا کردن و یارمەتیدانی ئەو پێغەمبەرانەوە کە ناردوونی وە لە یارمەتی تۆیشدا کە بە حەق رەوانە کراوی بۆ سەر جین و ئینس.

﴿وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً ۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ ۖ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلًا ﴿٣٢﴾﴾

واتە کافرەکان وتیان: بۆچی قورئان هەمووی بە یەك جوملە بە جارێ نەهێنرایە خوارەوە؟ وە ئێمەیش لە وەڵامدا ئەڵێین: بۆیە قورئانمان بەش بەش کرد و بەرودوا ناردمانە خوارەوە تا دڵی تۆی پێ بەهێز بکەین بۆ ئەوە لە مەعناکەی تێ بگەیت، یا بۆ ئەوە دڵی تۆ دابمەزرێنین لە ئیمانا؛ چونکی لە هەر کاتێکدا کەسێ یا چەن کەسێ پرسیارێ بکەن و من چەن ئایەتێ رەوانە بکەم بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە گەلێ دڵت دائەمەزرێ و شادمان ئەبی بە میهرەبانی خودای تەعالا. هەروا مادەم بە پێی رووداو ئایەت بێتە خوارەوە ئینسان باشتر لە راستی تێ ئەگا و زیاتر بەرچاوی دڵی گوشاد ئەبێتەوە، وە مادام بەش بەش بێتە خوارەوە لەگەڵ ئەوەیشا کەس نەتوانێ بەرهەڵستی بکا ئەوە زۆرتر و زیاتر دەرئەکەوێ کە قورئان موعجیزەیە وەی لەوە کە هەمووی بە جارێ بێتە خوارەوە و بەرهەڵستی نەکرێ، وە لەبەر ئەوە ئینسان

حاڵی ئەبێ جار بە جار کە حوکمی پێشوو مەنسووخ بووە و ئەم ئایەتە کە لە دوایيدا هاتووە ناسیخە بۆ ئەو. وە مادام بەش بەش بێتە خوارەوە لە هەر جارێکدا بازێ بەڵگە بە پێی کات دەرئەکەوێ بۆ تێگەیشتن لە مانای قورئان و ئینسان باشتر دڵی لەسەر ماناکەی دائەمەزرێ.

وە هەروا کە بەش بەش و بەرودوا ناردمانە خوارەوە بۆ لات لەبەر ئەو فەوائیدە کە وتران ئەو ئایەتانەیشمان بۆ خوێندیتەوە بە شێوەیەکی بە مۆڵەت و ئایەت لە دوای ئایەت.

﴿وَلَا يَأْتُونَكَ بِمَثَلٍ إِلَّا جِئْنَاكَ بِالْحَقِّ وَأَحْسَنَ تَفْسِيرًا ﴿٣٣﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! ئەمین بە ئەو کافرانە هیچ پرسیارێکی پڕوپووچی وات لێ ناکەن کە وەکوو «ضرب المثل» وابێ ئیللا ئێمە لە بەرانبەری ئەوەوە نموونە و مەسەلێکی راست و واقیعی و زۆر جوانترت لە عیبارەتی خەڵکی بۆ ئەنێرین بۆ دەربڕینی ئەحکامی دینی چ ئیعتیقادی و چ کردەوەیی و چ ئەخلاقی و چ غەیری ئەمانە.

﴿الَّذِينَ يُحْشَرُونَ عَلَىٰ وُجُوهِهِمْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٣٤﴾﴾

ئەو کافرە بەدبەختانە کە حەشر ئەکرێن و ئەبرێن بۆ دۆزەخ بەسەر روخسارا نەك بەسەر پێدا لەبەر سەرسەختی و بەد کردەوەیی خۆیان ئەوانە ناهەموارترن لە باقی خەڵك لە خوسووسی جێگە و ڕێگەی قیامەتەوە و زۆرتر لە خەڵکیتر گومڕان.

ئەم ئایەتە لە مەقامی ڕەدی وتاری کافرەکانایە کە وتوویانە: موحەممەد و پەیڕەوانی لە پاشەڕۆژا لە هەموو کەس خراپترن، جا خودایش ئەفەرموێ: ئەو کافرانە کە بەو جۆرە ناشایستە ئەبرێن بە ڕێگەدا ئەوانەن خراپتر نەك ئێوە.

ریوایەت کراوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە: کابرایێ هات عەرزی حەزرەتی ﷺ کرد: چلۆن کافران بەسەر رووودا ئەڕۆن بۆ حەشر؟ ئەویش فەرمووی: ئەو کەسە ئەیان با بەرێدا لەسەر دوو پێ ئەیشتوانێ لەسەر روو حەشریان بکا لە رۆژی قیامەتا.

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَـٰبَ وَجَعَلْنَا مَعَهُۥٓ أَخَاهُ هَـٰرُونَ وَزِيرًا ﴿٣٥﴾ فَقُلْنَا ٱذْهَبَآ إِلَى ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا فَدَمَّرْنَـٰهُمْ تَدْمِيرًا ﴿٣٦﴾ ﴾

وە کیتابی پیرۆزی تەوراتمان دا بە مووسا و هاروونی برایمان کرد بە وەزیری و پشتیوانی لە بانگ کردنی خەڵکدا بۆ دین و فەرمانبەرداری خودا، جا پێم وتن: بڕۆن بۆ سەر ئەو گەلە کە سەرپێچییان کردووە و ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ خستووەتەوە، ئەوانیش رۆیشتن و بانگیان کردن بۆ دینی حەق کەچی ئەوان بەرهەڵستیان کردن، جا ئێمەیش یارمەتی مووسا و هاروونمان دا و ئەوانمان ریشەکەن کرد.

﴿ وَقَوْمَ نُوحٍ لَّمَّا كَذَّبُوا۟ ٱلرُّسُلَ أَغْرَقْنَـٰهُمْ وَجَعَلْنَـٰهُمْ لِلنَّاسِ ءَايَةً ۖ وَأَعْتَدْنَا لِلظَّـٰلِمِينَ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٣٧﴾ ﴾

وە گەلی نووحیشمان بە ئاو و لافاوی بێئامان خنکان لەو کاتەدا کە ئینکاری نووح و باقی رەهبەرانیان کرد و کردمن بە نیشانەی قار و تەوانایی خۆمان بۆ ئادەمیزادان، وە ئامادەمان کرد بۆ ئەو ستەمکارانە سزایەکی سەخت و ئێش گەیێن.

﴿ وَعَادًا وَثَمُودَا۟ وَأَصْحَـٰبَ ٱلرَّسِّ وَقُرُونًۢا بَيْنَ ذَٰلِكَ كَثِيرًا ﴿٣٨﴾ ﴾

هەروا گەلی عاد و گەلی سەموود، کۆمەڵی بیری نەچنراو و، خەڵکی چەن چەرخێکی دیکەی بەینی کۆن و تازەی ئەو کافرانەیشمان کرد بە نیشانەی تەوانایی خۆمان.

هوودی نارد بۆ عاد، سالْح بۆ سەموود شوعەیب بۆ ئەهلی بیری نامەسعوود
چونکی قەومەکان گەڕان بە ئینکار دەماریان دەرهات لە رووی رۆزگار
خودایش هەر ماوە و قودرەت وەکوو خۆی جا کێ ئەیەوێ بێتە مەیدان بۆی؟
خۆزگەم بەو کەسە لەسەر هۆش و فام ئەژی و خۆی ناکا بە پەندی ئەییام

﴿ وَكُلًّا ضَرَبْنَا لَهُ ٱلْأَمْثَٰلَ ۖ وَكُلًّا تَبَّرْنَا تَتْبِيرًا ﴿٣٩﴾ ﴾

وە بۆ هەرکام لەم قەومانە ئەوەی پێویست بێ لە ئامۆژگاری و گێڕانەوەی بەسەرهاتی عەجایبی رۆژانی پێشووی گەلانی رابوردوو بۆمان گێڕانەوە بۆ ئەوە پەند بگرن و بە ئەدەب فەرمانی پێغەمبەرەکان وەربگرن، بەڵام پەند و ئامۆژگاری سوودی نەبوو، جا هەموویانمان هاڕی بەیەکا و هەڵمان وەراندن.

﴿ وَلَقَدْ أَتَوْا۟ عَلَى ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِىٓ أُمْطِرَتْ مَطَرَ ٱلسَّوْءِ ۚ أَفَلَمْ يَكُونُوا۟ يَرَوْنَهَا ۚ بَلْ كَانُوا۟ لَا يَرْجُونَ نُشُورًا ﴿٤٠﴾ ﴾

وە ئەو کافرانە گەلێ جار رابوردوون بەسەر ئەو دێدا کە بارانی ناشیرینی نابار، یانی بەردی قاری خودایان بەسەرا باری، ئایا ئەمانە ئەو بەسەرهاتەیان نەدیوە هەتا پەندی پێ بگرن؟ بەڵکوو ئەگەر چاویشیان پێی بکەوێ پەندی لێ وەرناگرن؛ چونکی بە تەمای زیندوو بوونەوەی قیامەت نین.

﴿ وَإِذَا رَأَوْكَ إِن يَتَّخِذُونَكَ إِلَّا هُزُوًا أَهَٰذَا ٱلَّذِى بَعَثَ ٱللَّهُ رَسُولًا ﴿٤١﴾ إِن كَادَ لَيُضِلُّنَا عَنْ ءَالِهَتِنَا لَوْلَآ أَن صَبَرْنَا عَلَيْهَا ۚ وَسَوْفَ يَعْلَمُونَ حِينَ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ مَنْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٢﴾ ﴾

کاتێ ئەو کافرانە تۆ ئەبینن ئەتکەن بە جێگەی پێکەنین و گاڵتەجاڕ و ئەڵێن: ئا ئەم شتە بێنرخەیە خودا بە رابەری ناردوویەتی بۆ ئێمە؟! بە راستی لەوانە بوو لە

ڕێگە لامان بدا و ونمان بکا و دوورمان بخاتەوە لە بەندەیی بتەکانی خۆمان، ئەگەر خۆمان نەگرتایە و بەردەوام نەبوایەین لەسەر بەندەیی بتەکان. جا خودا ئەفەرموێت: ئەو کافرانە لە داهاتووی نزیکدا، کاتێ سزایان چاو پێ ئەکەوێ، ئەزانن کێ لە کێ گومڕاترە لە بارەی ڕەوشت و ڕەفتارەوە.

﴿أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا ﴿٤٣﴾﴾

ئاگادارم بکەن و هەواڵم بدەنێ ئایا ئەگەر کەسێ خودای واقیعی خۆی بکا بە هەوای نەفسی خۆی، ئایا تۆ ئەبی بە وەکیل بۆ ئەو کەسە و ئەتوانی چاری تەنگوچەڵەمە و ناباریی ئەو بکەی؟

﴿أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَٱلْأَنْعَـٰمِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿٤٤﴾﴾

نەخەیر ئایا تۆ گومان وا ئەبەی کە زۆربەی ئەو کافرانە بە گوێ شت ئەبیسن، یا چاویان شت ئەبینێ بەبینین و بیستنێ کە سوودی لێ وەربگرن؟ نەخەیر ئەوانە وەکوو ئاژەڵ وان، بەڵکوو لە ئاژەڵیش گومڕاتر و خراپترن؛ چونکە ئاژەڵ مل ڕائەکێشن و بە فەرمانی خاوەنەکەیان ئەجووڵێنەوە و جار جار دۆست و دوژمنی خۆیان لە یەك جیا ئەکەنەوە.

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ ٱلظِّلَّ وَلَوْ شَآءَ لَجَعَلَهُۥ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا ٱلشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا ﴿٤٥﴾ ثُمَّ قَبَضْنَـٰهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا ﴿٤٦﴾﴾

ئایا ئەی خاوەن چاو ناڕوانی و تەماشا ناکەی خودای تەعالا چلۆن سێبەری ڕاخستووە بەسەر ڕووی جیهانا لە بەینی تولووعی فەجر و تولووعی ڕۆژا، وە ئەگەر بیویستایێ ڕاوەستێ ئەوە لە شوێنی خۆیدا دامەزراوی ئەکرد و بەو شێوە ئەمایەوە و،

کەس گومانی نەدەبرد کە ئەو سێبەرە شتێکی راستەوەبووە و هەیە، لە پاشان دەرکەوتنی رۆژمان کرد بە دەلیل لەسەر ئەوە کە شتێکی واقیعی و دامەزراوە، پاش ئەوە ئەو سێبەرەمان وەرگرتەوە بۆ لای خۆمان وردە وردە لەسەر میزانی بەرز بوونەوەی رۆژ.

جا ئەم ئایەتە پیرۆزە دەلیلە لەسەر ئەوە کە سێبەر شتێکی وجوودییە و سێبەر رووناکییەکی میانەیە لە نێوان تاریکی تەواو و رووناکی تەواودا.

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِبَاسًا وَٱلنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ ٱلنَّهَارَ نُشُورًا ﴿٤٧﴾ ﴾

خودا خودایەکی وایە کە ماوەی شەوی کردووە بە بەرگ و پۆشاك بۆ ئێوە. واتە داتان ئەپۆشێ لە بەرچاوی دوژمنان ئەگەر بە شەوا برۆن بۆ شوێنێ، وە داتان ئەپۆشێ لە بەرچاوی تەماشاکەران ئەگەر یەکێ بیەوێ بۆتان بڕوانێ، وە ئەبێ بە قەڵا و پارێزگا بۆتان و داتان ئەپۆشێ لە بەرچاوی ئەوانەدا کە قەسدی سەرتان ئەکەن، وە نوستنیشی کردووە بە هۆی ئاسایش بۆ لەشتان لە کاتی ماندووبوونا و بۆ دڵتان لە کاتی پەستی و زویریدا، وە ماوەی رۆژی کردووە بە هۆی دەرچوون لە ماڵ بۆ کار و کاسبیتان و ئەگەر نوستن بە مردن دابنێین ئەوە بەخەبەرهاتنی رۆژ وەکوو زیندووبوونەوەی قیامەت وایە (نوستن برای مردنە).

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۚ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً طَهُورًا ﴿٤٨﴾ لِّنُحْـِۧىَ بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا وَنُسْقِيَهُۥ مِمَّا خَلَقْنَآ أَنْعَٰمًا وَأَنَاسِىَّ كَثِيرًا ﴿٤٩﴾ ﴾

وە خودا خودایەکی وایە کە باکان رەوانە ئەکا بە بەینی زەوی و ئاسمانا بە مۆژدەدەر لە بەردەمی بارانی رەحمەتی خۆیەوە و بە دوای ئەودا باران ئەنێرێ، وە ئێمە لە

ئاسمانەوە رژاندوومانە و ناردوومانەتە خوارەوە بارانێکی زۆر پاك و خاوی وا خۆی ساف و پاکە و ئەوەندەیش ڕەوان و سافە پیسی لائەبا و شت پاك ئەکاتەوە، وە ئەو ئاو و بارانەیشمان بۆیە رژاندووەتە خوارەوە هەتا شارێکی وێرانی پێ زیندوو بکەینەوە، واتە شارێکی وێران لەبەر برسێتی و بێئاوی و بێنانی، یا عەرزێکی وێرانی وشکی بێسوود و خێر. وە بە ئاوی ئەو بارانە ئاو ئەدەین ئادەمیزادێکی زۆر و گیانلەبەرانێکی بێئەندازە لەوانەی کە لەسەر زەویدا دروستمان کردوون.

﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَٰهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا۟ فَأَبَىٰٓ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴿٥٠﴾﴾

وە بە راستی ئێمە ئەم باسەمان کردووە بە عیباراتی جیا جیا و لە موناسەباتا لە بەینی ئەوانەدا بۆ ئەوە بیرێ بکەنەوە بە هۆی ئەو دەرس و ئامۆژگارییانەوە، کەچی زۆربەی ئادەمیزاد هیچیان ـ بێجگە لە کوفر و ئینکاری خودای تەنیا ـ ناوێ و ئینکاری ئەو نیعمەتانە ئەکەن کە پێیان دراوە.

﴿وَلَوْ شِئْنَا لَبَعَثْنَا فِى كُلِّ قَرْيَةٍ نَّذِيرًا ﴿٥١﴾﴾

ئەگەر خواستمان لەسەر بوایە لە هەموو دێیەکدا رابەرێکی ئادەمیترسێنمان ئەنارد، بەڵام ئیکتیفامان کرد بە تۆ لەبەر رێزی تۆ لە لامان.

﴿فَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَجَٰهِدْهُم بِهِۦ جِهَادًا كَبِيرًا ﴿٥٢﴾﴾

مادام من خودایەکی ئەوەندە گەورەم تۆ هەرگیز ئیتاعەی کافرەکان مەکە لەو بیر و باوەڕە نابارانیانەدا و لەو کردەوە ناهەموارانەدا کە کافرەکان وان لەسەری، وە هەمیشە جیهاد بکە و بە هۆی ئەم قورئانەوە تێبکۆشە لە گەڵیانا بە تێکۆشانێکی گەورە و بە ئاموژگاری و بە تەرغیب لەسەر بەهەشتی بەرزی پایەدار و ترساندن بە دۆزەخی ناهەموار، بەڵکوو روو بکەن لە خودا و لادەن لە هەرا.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿٥٣﴾﴾

خودا خودایەکی وایە دوو دەریای لە پاڵ یەکا راگرتووە بێ‌تێکەڵی سنووریان لەگەڵ یەکا، ئەم دەریایانە ئاوێکی خۆش و ساف و گەوارای هەیە، وە ئەوەی‌کەیان ئاوێکی سوێری تاڵی هەیە، وە لە بەینی ئەم دوو دەریادا پەردەیەکی قودرەتی داناوە و تەبیعەتێکی مانیعە و دافیعەی وای دروستکردووە نایەڵێ تێکەڵی یەك ببن و، وەزعێکی لە مونافەرەت دروستکردووە لە ناویانا کە لەوانە نییە تێك بچێ و ببێ بە مولایەمەت لە بەینی ئەوانا، وە بە زمان بە یەکتر ئەڵێن: ﴿حجراً محجوراً﴾ ئەمەوێ دوور بم لە تۆ و زۆر دوور بم.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ مِنَ ٱلْمَآءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُۥ نَسَبًا وَصِهْرًا ۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴿٥٤﴾﴾

وە خودا خودایەکە دروستی کردووە لە ئاوی تۆم گەلێ ئادەمیزاد، وە ئەو ئادەمیزادەی کردووە بە هۆی نەسەب و باوك بۆ نەتەوە ئەگەر نێرینەیە، وە بە هۆی تێکەڵی و خزمایەتی ژن و ژنخوازەوە ئەگەر مێینە بێ، وە خودای تەعالا تەوانا بووە و هەر تەوانایە، لەسەر هەر شتێ خواستی بکا بۆ کردن ئەیکا و هەرچی خواستی لێی نەبێ نایکا.

﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُهُمْ وَلَا يَضُرُّهُمْ ۗ وَكَانَ ٱلْكَافِرُ عَلَىٰ رَبِّهِۦ ظَهِيرًا ﴿٥٥﴾﴾

ئەو کافرانە بەندەیی ئەکەن بێجگە لە خودا بۆ چەن بتێ کە سوودیان پێ ناگەیەنن و زیانیشیان لێ نادەن، واتە خاوەنی هیچ هێزێ نین هەتا سەرفی بکەن لە سوودا یا

لە زیانا بەرابەر بە کەس، وە بە راستی هەر لە ئەساسەوە کافر نامەرد بووە و پشتیوانی شەیتانی کردووە لە موخالەفەی خودادا.

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا مُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ٥٦﴾

وە ئێمە تۆمان نەناردووە بە موژدەدەر نەبێ بۆ موسوڵمانان و ترسێنەر بۆ کافران و تۆ هەر حەقی موژدەدان و ترساندنت هەیە و بەس.

﴿قُلۡ مَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍ إِلَّا مَن شَآءَ أَن يَتَّخِذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلٗا ٥٧﴾

تۆ ئەی رابەری راست بڵێ بەو کافرانە: من داوای هیچ پاداشێ لە ئێوە ناکەم ئەوە نەبێ هەرکەسێ ئەیەوێ ڕێگەیێ بگرێتە بەر بۆ لای خودای خۆی و ئەو ڕێگەگرتنە بەشی منیشی تیایە لە پاداش لە رۆژی خۆیدا.

﴿وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱلۡحَيِّ ٱلَّذِي لَا يَمُوتُ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِهِۦۚ وَكَفَىٰ بِهِۦ بِذُنُوبِ عِبَادِهِۦ خَبِيرًا ٥٨﴾

وە ئیعتیماد بدە و پاڵ بدەرەوە بەسەر میهرەبانی و پاراستنی ئەو خودایە کە زیندووە و نامرێ و تەنزیهی بکە لە عەیب لەگەڵ سوپاس و ستایشیا، ئەو خودایە بەسە لە خوسووسی ئاگادارییەوە بەسەر گوناهەکانی بەندەکانی خۆیدا.

﴿ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۚ ٱلرَّحۡمَٰنُ فَسۡـَٔلۡ بِهِۦ خَبِيرٗا ٥٩﴾

ئەو خودایە خودایەکی ئەوتەوە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە لە نەبوونەوە بە خواستی خۆی لە ماوەی شەش رۆژا و پاش تەواو کردنی خەلقی

ئاسمان و زەوی ئەو خودا میهرەبانە عەرشی بە گەورەیی و پایە بڵندیی خۆی ڕاگرت، جا پرسیار بکە لە کەسێکی ئاگادار لەو وەزعی خەلقی ئاسمان و زەوییە و ئەو زاڵبوون و داگرتنی عەرشە هەتا بۆت بەیان بکا. وە ئەو کەسە ئاگادارە نیسبەت بە حەزرەت ﷺ زاتی خودایە و نیسبەت بە ئوممەتی پێغەمبەریش پێغەمبەر خۆیەتی یان زانایانی ئوممەتەکەی.

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسْجُدُوا۟ لِلرَّحْمَٰنِ قَالُوا۟ وَمَا ٱلرَّحْمَٰنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا ۩ ﴿٦٠﴾﴾

وە کاتێ بەوان ئەوترێ: سوجدە ببەن بۆ ئەو خودایە کە ڕەحمان و میهرەبانە، یا مەشهوورە بە وەسفی «ڕەحمان»، ئەڵێن: ڕەحمان کێیە؟ ئایا ئێمە سوجدە ئەبەین لەبەر خاتری فەرمانی تۆ؟ وە ئەمر بە سوجدە نەفرەتیان زیاد ئەکا و بە تەواوی لە ئیتاعەی خودایان دوور ئەخاتەوە.

﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا ﴿٦١﴾﴾

زۆر گەورەیە ئەو خودایە کە دروستی کردووە لە ئاسمانا چەن بورجێکی بەرز و لە ناو ئەو بورجانەدا چرای ڕۆژ و مانگی خاوەن ڕووناکی و دنیا ڕووناککەری تێدا داناوە.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا ﴿٦٢﴾﴾

خودا خودایەکی وایە کە شەو و ڕۆژی کردووە بە دوو ماوەی وەها کە بە شوێنی یەکا دێن لە بۆ ئەو کەسانە کە خواستیان هەیە بیر بکەنەوە لە گەورەیی خودادا، وە

ئەم شەو و رۆژە و زیاد و کەمی سەعات و دەقیقەیان و دەوامی وجوودی هەرکام بە شوێنی ئەودا بکا بە دەلیل لەسەر وجووی پەروەردگارێکی «واجب الوجود»ی زیندووی زانای تەوانای خاوەن خواست، وە یا بۆ کەسێ کە بە دڵ بیر لە نیعمەتەکانی ئەکاتەوە و ئەیەوێ سوپاسی خودا بکا لەسەر ئەو نیعمەتانە کە بەردەوامن وەکوو نەفسی شەو و رۆژەکە و ئەو خۆشی و نیعمەتانەیش دەستی ئەکەون لە ناویانا.

بزانن! ئێمە کە چاو ئەکەینەوە ئەزانین ئەمجیهانە و ئەم زەوی و ئاسمانە بە دەوام یا رۆژە یا شەوە و دیارە ئەمە بە جووڵاندنی ئەجزای جیهانە.

لەمەوپێش خاوەن حیکمەتە ریازییەکان ئەیانوت: رۆژ و مانگ بە دەوری زەویدا ئەسوورێنەوە، وە ئێستە ئەڵێن: زەوی و باقی ئەستێرە گەڕۆکەکان ـ کە تا ئێستە یازدەیان زانراوە ـ بە دەوری رۆژدا ئەسوورێنەوە و، مانگ لە بەشی زەوییە و بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە.

وە بڕیاریان داوە کە زەوی دوو هەڵسووڕانی هەیە: هەڵسووڕانێ بە دەوری مەرکەزی خۆیا لە هەموو شەو و رۆژێکدا جارێ و بەم هەڵسووڕانە شەو و رۆژ پەیدا دەبن، واتە هەتا رۆژی لێوە دیارە رۆژە و کاتێ کە رۆژی لێ ئاوا بوو شەوە. وە هەڵسووڕانێ بە دەوری رۆژدا کە لە ماوەی ساڵێکی رۆژیدا تەواو ئەبێ، واتە بە سێسەد و شەست و چوار رۆژ و کەسرێك یانی بە دوازدە مانگی رۆژی کە شەش مانگیان لەسەر ژمارەی سی‌و یەك رۆژن و پێنج مانگیان لەسەر سی‌ڕۆژن و مانگێ لەوانە لەسەر بیست و هەشت رۆژ و کەسرێك بە ئەندازەی چواریەکی رۆژێ کە ئەکاتە سێسەد و شەست و چوار رۆژ لە سێ ساڵا و سێسەد و شەست و پێنج رۆژ لە ساڵی چوارەما.

وە مانگیش کە سەر بە زەوییە ساڵی دوازدە جار دەورە ئەکاتەوە بە دەوری زەویدا بە حسێبی شەش دەورەی بە سی رۆژ و شەش دەورەی بە بیست و نۆ رۆژ کە

ئەکاتە سێسەد و پەنجاو پێنج رۆژ، واتە جیاوازی ساڵی رۆژی و مانگی لە سێ ساڵدا بە نۆ رۆژە و لە ساڵی چوارەما بە دە رۆژە، وە لەبەر ئەمەیە کە ساڵی ١٢ مانگی لە جێگەی خۆیدا نامێنێ و هەموو ساڵێ چەن رۆژێ دێتە پێشەوە.

بە هەر حاڵ کە هەڵسووڕان بۆ زەوی بێ بە دەروی رۆژا ئەو دائیرە بەش کراوە بە دوازدە بەشەوە، واتە دوازدە بورج، بازێکیان بە سی‌ویەك رۆژ ئەبڕێ و بازێکیان بە سی‌ڕۆژ و یەکێکیان بە بیست و هەشت رۆژ و کەسرێ.

وە ناوی ئەم دوازدە بورجە بەم شێوەیە، حەمەل، سەور، جەوزا، سەرەتان، ئەسەد، سونبولە، میزان، عەقرەب، قەوس، جەدی، دەلو، حووت.

وە سیڕی ئەم ناوانەیش ئەوەیە ئەو بورجە کە زەوی ئەیبڕێ بریتییە لە چەن ئەستێرەی نەجوولاو کە لەسەر شێوەی بەرخ و، گاو، گوێز و، قرژانگ و، شێر و، گوڵ و، ترازوو، دووپشك و، کەوان و، کارژەلە و، دۆڵچە و، ماسییە، واتە وەها رێکەوتوون و لەبەرچاودا وا دیارن لەو شتانە دەچن، ئەنا لە واقیعا ماوەی ئەو ئەستێرانە لە بەینی خۆیانا زۆر زۆر دوورە لە یەك.

وە بزانن ساڵی مانگی بریتییە لەوە کە دوازدە جار مانگی یەك شەوە ببینین. بەم مەرجە جاری دوایی رۆژەکانی تەواو بکا کە سی رۆژە، یا بیست و نۆ رۆژە. وە دانانی مانگی «موحەڕەم» بە سەری ساڵی مانگی لەبەر رێزی بڕیاری خەلیفەی دووهەم عومەری کوڕی خەتابە ﷺ کە موحەڕەمی کرد بە سەری ساڵی کۆچی واتە کۆچکردنی حەزرەت ﷺ لە مەککەوە بۆ مەدینە.

وە ساڵی رۆژی بریتییە لەوە ئیمساڵ تەماشای ئەوەت کرد رۆژ یا زەوی لە یەکەم نوختەی بورجی حەمەل دەرکەوت جارێکی‌تر تەماشایان بکەی بگەنەوە ئەو نوختەیە کە ئەمە بە سێسەد و شەست و چوار رۆژ و کەسرێ جێ‌بەجێ ئەبێ.

جا پاش ئەوە کە سەرزەنشتی کافرەکانی کرد لەسەر ئەوە کە سوجدە بۆ «رەحمان» نابەن و فیز و دەمار ئەیانگرێ، ئێستە باسی ئەوانە ئەکا ئیتاعەی خودا ئەکەن و سوجدەی بۆ ئەبەن و ئەوەندە پەیوەندییان بە فەرمانی خوداوە هەیە مەشهوورن بە «عباد الرحمن» و لەم ئایەتەدا چەن نیشانەیەکیان بەیان ئەکا و فەرمووێ:

﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَٰمًا ﴿٦٣﴾﴾

واتە بەندە خالیسەکانی خودای میهرەبان ئەوانەن کە بەسەر زەویدا بە ئارامی ئەڕۆن و کاتێ نەزانێ قسەی ناموناسبیان لەگەڵدا بکا ئەوان قسەیێ ئەکەن کە هۆی ئارامی و سەلام بێ، وە یاخود ئەمان ئەڵێن: «السلام علیکم».

﴿وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَٰمًا ﴿٦٤﴾﴾

وە ئەو کەسانەن کە شەو ئەمێننەوە و لەبەر تاعەت و رەزای خودا بە راوەستانەوە لە نوێژا و بە سوجدە بردن لە نوێژا، واتە شەونوێژ ئەکەن لەبەر رەزای خودا.

﴿وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ ۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ﴿٦٥﴾﴾

وە ئەوانەن کە لە خودا ئەپاڕێنەوە و ئەڵێن: پەروەردگاری ئێمە سزا و ئازاری دۆزەخمان لێ لادە، بە راستی سزای دۆزەخ لەسەر ئینسان گران و قورسە.

﴿إِنَّهَا سَآءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا ﴿٦٦﴾﴾

بە راستی دۆزەخ جێگە و شوێنێکی خراپە و دانیشتن و ژیان تیایا زۆر ناهەموارە.

﴿وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُوا۟ لَمْ يُسْرِفُوا۟ وَلَمْ يَقْتُرُوا۟ وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا ﴿٦٧﴾﴾

وە ئەوانەن کاتێ کە مەسرەف ئەکەن زیادەڕەوی ناکەن و لە سنووری خۆیان دەرناچن، هەروا تەنگ کاریش ناکەن لەسەر ئەوانە وان لە بەردەستیانا و مەسرەفەکەیان مامناونجییە و لە نێوانی ئەم دوو پایەدایە.

﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا ﴿٦٩﴾ إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَٰئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ ۗ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٠﴾ وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَابًا ﴿٧١﴾﴾

واتە بەندەکانی خودای میهرەبان ئەوانەن کە لەگەڵ ئیعتیراف بە خودادا خودایەکی دیکە ناپەرستن و داوای رزق و رۆزی لێ ناکەن، واتە هەر خودای عالەم بە پەروەردگاری راست و شیاوی بەندەیی ئەزانن و کەسی‌تر ناکەن بە هاوڕێی. وە هەرکەسێ کە خودا کوشتنی ئەوی حەرام کردبێ نایکوژن بە هۆی سەبەبێکی حەقی شەرعییەوە نەبێ بۆ کوشتنەکەی وەکوو «قیساس» یا وەرگەڕانەوە لە ئایینی ئیسلام، یا زینا کردن لە حاڵی «احصان»ا لەگەڵ ژنی بێگانەدا. وە زیناش ناکەن، واتە ناچنە لای ژنێکی بێگانە و دەست بۆ ژن نابەن بە بێ یاسای شەرعی. وە هەر کەس ئەم گوناحانە بکا ئەگا بە تاوانی بێ‌پایانی ناهەموار و لە رۆژی قیامەتا لە ناو دۆزەخا سزا و ئازاریان بۆ چەن قات ئەکرێتەوە، لەبەر ئەوە کە بێجگە لە کوفر پیاوکوژن و، بێجگە لە مانەیش داوێن‌پیسن و، لەو سزادا ئەمێننەوە بە سووکی و بێ‌نرخی هەتا هەتایە. کەسێ نەبێ لە پاش ئەم گوناهانە تەوبە بکا و واز لەو گوناهانە بهێنێ و کوفرەکەی بە ئیمان

بشۆرێتەوە و کردار و کردەوەی خۆی باش بکا، ئەوە ئەم کەسانە خودای تەعالا کوناهەکانیان ئەپۆشێ و خراپەکانیان بۆ ئەکا بە چاکە و خودای تەعالا میهرەبان و تاوانبەخش بووە و هەر وایش ئەبێ.

چونکە ئەو کەسە کە تۆبەی ساغ ئەکا و بە شوێن تەوبەکەدا کردەوەی باش ئەکا ئەوە بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە بە گەڕانەوەیەکی راست.

﴿وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا ﴿٧٢﴾﴾

وە بەندەکانی خودا ئەوانەن کە شایەتی درۆ نادەن، وە یاخود لە شوێنی درۆ و دەلەسە کردن و نامەردیدا دانانیشن و، کاتێ کە بەسەر کردەوەی پووچ و بەتاڵ و بەسەر وتاری بێسوود و قاڵ و مەقالا رائەبوورن بە وێنەی پیاوێکی بە حورمەتی وەها رائەبوورن کە لاناکاتەوە بە لای کار و وتاری بێسوودا. جا ئەمە لەسەر ئەو ئەساسەیە کە فەرمانە پووچەکە گوناهێکی گەورە نەبێ، وە یا دەستیان نەڕوا بەسەر تێکدانیا، ئەگەرنا پێویستی سەرشانی موسوڵمانە کاتێ مونکەرێکی دی پێویستە بە دەست یا بە زمان چاری بکا، جا ئەگەر هەر دەست و زمانی کاریان پێ نەکرا ئەوجار بە دڵ ئەو کارەی پێ ناخۆش بێ.

﴿وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا ﴿٧٣﴾﴾

وە بەندەکانی خودا ئەوانەن کە هەرکاتێ ئامۆژگارییان کرا بە ئایاتی خودا وەری ئەگرن و کەڕانە و کوێرانە بە سەریاندا ناڕۆن. واتە خۆیان کەڕ ناکەن بۆ بیستنیان و خۆیان کوێر ناکەن بۆ تەماشا کردنی ئەو شتانە کە لە ئایەتەکانا کراون بە هۆی دەرسی دینداری بۆیان.

﴿ وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾ ﴾

وە بەندەکانی خودا ئەوانەن کە لە خودا ئەپاڕێنەوە و ئەڵێن: پەروەردگارا لە لایەنی ژنەکانمانەوە و منداڵەکانمانەوە فێنکی چاومان پێ ببەخشە.

واتە ژنەکانمان بکە بە یارمەتیدەرمان لە ژینی دنیادا هەتا بتوانین باش بەندەیی تۆ بکەین و چاومان رووناك ببێتەوە و سارد ببێت بە ئاوی سارد؛ چونکی ئینسان ئەگەر خەفەتبار بێ دڵی جۆش ئەخوا و ئاوی گەرم دێتە چاوەکانییەوە و بە گریان ئەڕژێتە خوارەوە. ئەگەر شادی بۆ بێ و دڵی شادمان بێ ئەوە چاوی ئاوی ساردی تێ ئەزێ.

وە پەروەردگارا لە لایەنی نەتەوەمانەوە هەم فێنکی چاومان بدەرێ. واتە ئەولاد و ئەحفادێکمان پێ بدە یارمەتیمان بدەن لەسەر بەندەیی، وە یاخود لە پاش مردنی ئێمە ببن بە باشترین جێگر هەتا ئیمان و زانست و نان و ئاو و خزمەتی موسوڵمانان لە خانەدانمان نەبڕێ و، بمانکە بە پێشەوا بۆ موسوڵمانە خاوەن پارێزەکان.

﴿ أُولَٰئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَامًا ﴿٧٥﴾ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ حَسُنَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا ﴿٧٦﴾ ﴾

ئەو کەسانە کە ئەو سیفەتانەیان هەیە و کە رابووران ئەوانەن پاداشیان ئەدرێتەوە بە باڵەخانەی خاوەن سەفا لە بەهەشتا بە هۆی ئەوەوە کە خۆیان گرتووە لەسەر تەرکی شتی حەرام و ناڕەوا، وە بۆ بەجێهێنانی تاعەت و بەندەیی خودا. وە لەو شوێنە بەرزانەدا پێشوازییان ئەکرێ بە سەلام و رێز، واتە فریشتەکان دێن بە پیریانەوە و سەلامیان لێ ئەکەن، وەکوو لە کۆتایی سوورەتی «زمر»دا [ئایەتی ٧٣] ئەفەرموێت: ﴿سلام علیکم طبتم فادخلوها خالدین﴾.

بزانن! خودای تەعالا لە باسی بەندەکانی خۆیا لەم ئایەتە پیرۆزانەدا نۆ سیفەتی بەیان کرد کە بە «مهمات» ئەژمێررێن لە بیر و باوەڕا و، لە دەست و داوێن پاکیدا و، لە دووری لە دەس بڵاوی و هەڵەیی لە مەسرەفدا و، لە دووری لە شایەتیدانی درۆدا و، لە دووری لە فیز و دەمار کردنا و، لە تەوبە کردن لە گوناھ و، لە شەونوێژ و موناجاتا و، لە پاڕانەوە بۆ پاراستن لە سزای دۆزەخ، وە لە داوا کردنی ئەنجامی باش لە خانەوادە و خانەدانا، وە باقی سیفاتی موسوڵمان وێنەی ئەمانەن یا کەمترن لەمانە، بەڵام ئەمانە زۆر بە نرخن بۆیە خودا لەم شوێنەدا باسی کردن، وە لەم شوێنەدا بە موناسەبە ئەم چەن هۆنراوەمە نووسی:

بەندەی خالیسی بارەگای خودا — کە تەوفیق درا بۆ ڕێگەی هودا
دوورە لە ئیشراك لە کوفری مەعبوود — لە غەیری خودا نایەوێ مەقسوود
دەستێ خاوێنە لە خوێنی ناحەق — نابێ بە ئازار بۆ بەشەر «مطلق»
مەگەر بە جۆرێ لەوا مەئموور بێ — یانی بە ئەمری خودا مەجبوور بێ
بە کاری فاحیش، بە زینا کاری — گیرۆدە نابێ بە شەرمەساری
یەکێ لەمانەی ئەگەر هاتە ڕێ — کاری بە تەوبە جێ‌بەجێ ئەبێ
زووبەزوو لەسەر هیمەتی مەردان — مەشوورەت ئەبا بۆ دەرگای یەزدان
بە پەشیمانی لە بای «سیئات» — بۆی دێ نەسیمی عەتری «حسنات»
ئەونە بە ڕەحمە خودای میهرەبان — تاوانی ئەکا بە خەیر و ئیحسان
بەندەی خوداوەند دوورە لە درۆ — چ بۆ شەهادەت چ بۆ گفتوگۆ
دوورە لە فیز و دەماری نابار — مەخسووس بەرابەر بە پیاوی هەژار
وا ئەڕوا لەسەر پانایی زەوی — دەنگی پێی نەیێ بە دەنگی قەوی
دوورە لە تەبزیر، لە کاری ئیسراف — میانە خەرجە بە یاسای ئینساف
دوورە لە تاڵی و لە ترشی کەلام — وەڵامی نادان ئەدا بە سەلام
لە ڕۆژ و شەوا بە یاسای ئیخلاس — لە «ذمە»ی واجب خۆی ئەکا خەلاس

بـــێجگە لە واجب بـــۆ ڕەزای خـــودا
شـــەو نـــوێژەکانی بـــاش ئـــەکا ئـــەدا

ڕوکـــووعێ ئـــەبا بۆ خـــودای مـــەعبوود
لە خـــێرا بـــگا بـــە پـــایەی ســـوجوود

ســـوجدەیێ ئـــەبا لە تـــەختی عـــەرزێ
دڵی عـــارفان بـــۆ ئـــەو بـــلەرزێ

ئـــەپاڕێنەوە لە خـــودای ئـــەکرەم
بـــیانپارێزێ لە بـــۆی جـــەهەنەم

چ بـــای ئـــاگرین چ بـــای زەمـــهەریر
«رب إنك العـــفو القـــدير»

عـــیبادی ڕەحـــمان شـــیرین ڕەوشـــتن
ئـــەڵێی فـــریشتەی ڕەوزەی بـــەهەشتن

گـــەلێ بـــەشەرمن لە ڕووی ئـــەییاما
«إن مـــروا بـــاللغو مـــروا کـــراما»

وایـــە دوعـــایان لای خـــودای عـــەللام
لە بـــۆ «مـــتقین» بـــبن بـــە ئـــیمام

بـــۆیە داخـــوازن بـــۆ «قـــرة العـــین»
تـــا ژن و مـــنداڵ کـــاتێ بـــێنە بـــەین

ژنـــیان ســـاڵحە و کـــچیان عـــەفیف بـــێ
دووربن لە هەرچی کارێ کەسیف بێ

کـــوڕیان بـــۆ ئـــەوان بـــبن بـــە چـــرا
دووربـــن لە مـــەوجی هـــەرچی مـــاجەرا

مـــادام بـــەندەکان حـــاڵیان وەهـــایە
خـــودایش بـــە کـــەرەم بـــە تـــەجەللایە

بـــەسەر ئـــەوانـــا ئـــەبارێ بـــاران
وێـــنەی خـــوڕزمی کـــاتی بـــەهاران

بـــارانـــی خـــەیر و ئـــیحسانی عـــامی
دێتەخوار بۆ سەر جامید و «نامی»

﴿ قُلْ مَا يَعْبَؤُا۟ بِكُمْ رَبِّى لَوْلَا دُعَآؤُكُمْ ۖ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًۢا ﴿٧٧﴾ ﴾

خودای تەعالا پاش ئەوە سیفات و بیر و باوەڕ و کردەوەی بەندە باشەکانی گێڕایەوە بۆ موسوڵمانان، وە بە هۆی تێکەڵییان لەگەڵ کافرەکانا ئەوانیش ئەیزانن، فەرمان ئەدا بە حەزرەتی موحەممەد ﷺ ئەڵێ: تۆ ئەی ڕابەری ڕاست بڵێ بەو کافرانە: خودا هیچ ئیعتیبارێ ناکا بە ئێوە، ئەگەر بانگ کردنتان نەبێ بۆ تاعەت و بەندەیی، خۆ بە ڕاستی ئێوەیش بەدرۆتانخستەوە و باوەڕتان نەکرد بە ئایاتی خودا و بە پێغەمبەری ئەو، وە لە پاشەڕۆژی نزیکدایە ئەو تۆڵەیە لەسەر بەدرۆخستنەوەکەتان بڕیاردراوە بۆتان ئەلکێ پێتانەوە و لێتان جیا نابێتەوە و خودا بێنیاز و ئیحتیاجە لە عالەم.

سووره‌تی شوعه‌را، مه‌ككه‌ییه‌، ئایه‌تی "٩٧" و ئایه‌تی "٢٢٤"
و ئایه‌ته‌كانی دوای ئه‌و تا كۆتایی سووره‌ته‌كه نه‌بێ، ئه‌وانه مه‌دینه‌یین،
سووره‌ته‌كه "٢٢٧" ئایه‌ته‌، دوای سووره‌تی واقیعه (الواقعة) هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿طسٓمٓ ۝١ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ۝٢﴾

وشه‌ی «طسم» له ره‌مزه‌كانی قورئانه و لێكدانه‌وه‌كه‌ی عائیدی خودای ته‌عالایه. خاوه‌ن ته‌فسیره‌كان ئه‌ڵێن: ناوی سووره‌ته‌كه‌یه‌. وه «تلك» ئیشاره‌ته بۆ ئه‌و ئایه‌تانه له‌مه‌ولا دێن، واته ئه‌و ئایه‌تانه له‌مه‌ولا ئه‌خوێنرێنه‌وه ئایه‌ته‌كانی كتێبی رۆشنی رووناكه كه له زاناكان په‌نهان نییه.

﴿لَعَلَّكَ بَٰخِعٞ نَّفۡسَكَ أَلَّا يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ۝٣ إِن نَّشَأۡ نُنَزِّلۡ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ءَايَةٗ فَظَلَّتۡ أَعۡنَٰقُهُمۡ لَهَا خَٰضِعِينَ ۝٤﴾

واته وا ده‌رئه‌كه‌وێ تۆ ئه‌ته‌وێ خۆت هیلاك بكه‌ی و نه‌فسی خۆت بفه‌وتێنی له‌سه‌ر ئه‌وه كه ئه‌و كافرانه ئیمان نایه‌نن، تۆ وا مه‌كه به خۆت و خۆت ماندوو مه‌كه، ئێمه ئه‌گه‌ر خواستمان لِه‌سه‌ر ئه‌وه بوایه به زۆر ئیمانیان پێ بهێنین به‌ڵایه‌كمان بۆ ئه‌ناردن جا به ناچاری ملیان بۆ رائه‌كێشا. به‌ڵام ئێمه نامانه‌وێ به زۆر ره‌فتاریان له‌گه‌ڵ بكه‌ین و یاسای خاترخۆیی ده‌رحه‌ق به‌وان تێك‌بده‌ین.

﴿وَمَا يَأۡتِيهِم مِّن ذِكۡرٖ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ مُحۡدَثٍ إِلَّا كَانُواْ عَنۡهُ مُعۡرِضِينَ ۝٥﴾

ئەم کافرانە هەر عادەتیان لەسەر یاخیێتی بووە و قەت بە ئاسانی روویان نەکردووەتە خێر و لەمەولایش قەت ئایەتێ لە لایەنی خوداوە نایێ بۆ سەر ئەوان بە تازەیی و لە شەریعەتێکی تازەدا ئیللا ئەوان ئیعرازی لێ ئەنێن و گوێی نادەنێ.

﴿فَقَدۡ كَذَّبُواْ فَسَيَأۡتِيهِمۡ أَنۢبَٰٓؤُاْ مَا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ۝٦﴾

به راستی ئەم کافرانە وا تەکزیبی تۆیان کرد، جا لەمەولا باسی راستی ئەو کیتابەیان بۆ دێت کە ئەوان گاڵتەی پێ دەکەن. واتە حاڵی ئەبن کە کارێکی ناهەمواریان کرد و حەق نەبوو کە عیناد بکەن و پێویست بوو ئیمان بێنن و ئیتاعەی خودا بکەن و بێنە ژێر یاسای ئیسلام.

﴿أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ كَمۡ أَنۢبَتۡنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوۡجٖ كَرِيمٍ ۝٧ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ ۝٨ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ۝٩﴾

ئایا ئەم کافرانە نارِوانن بۆ زەوی تا بزانن چەن جۆر گیامان تیا رواندووە لە هەموو جۆرێ لە گیای بە نرخ و قیمەت نێر و مێیەکمان رواندووە بۆ سوودی ئادەمیزاد و خۆراکی خۆیان و ئاژەڵیان؟ بە راستی لەم جۆرە دروستکردنەدا نیشانەی گەورە هەیە لەسەر قودرەتی خودا، وەلحاڵ زۆربەیان ئیمانیان نەهێنا. وە بە راستی خودای تۆ زاڵە بەسەر خواستی خۆیا و میهرەبانە بۆ خەڵك، ئەگەرنا ئەم وەزعەی لێ قەبووڵ نەدەکردن.

﴿وَإِذۡ نَادَىٰ رَبُّكَ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱئۡتِ ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝١٠ قَوۡمَ فِرۡعَوۡنَۚ أَلَا يَتَّقُونَ ۝١١﴾

باسی ئەوە بکەن کە خودای تۆ بانگی کرد لە مووسا: کە بێ برۆ بۆ لای ئەو گەلە ستەمکارە کە قەومی فیرعەونە ئایا لە خودا ناترسن و ناگەڕێنەوە بۆ سەر یاسای دادگەری.

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ ﴿١٢﴾ وَيَضِيقُ صَدۡرِي وَلَا يَنطَلِقُ لِسَانِي فَأَرۡسِلۡ إِلَىٰ هَٰرُونَ ﴿١٣﴾ وَلَهُمۡ عَلَيَّ ذَنۢبٞ فَأَخَافُ أَن يَقۡتُلُونِ ﴿١٤﴾﴾

مووسا فەرمووی: خودایە من ئەترسم لەوە کە بە درۆم بخەنەوە و برۆن بە گژما و بە هۆی ئەو تەکزیبەوە دڵم تەنگ ئەبێ و نایشتوانم ئیستیدلال بکەم و ئیلزامیان بدەم، چونکی زمانم بەرنابێ و ئەگیرێ، جا هاروونی برام لەگەڵما بکە بە پێغەمبەر با ئەو یارمەتیم بدا لە وتارا و لە وەڵامدانەوەی ئەو گەلە ستەمکارەدا، وە بێجگە لە عوزرە پێشووەکان تاوانێکیشم کردووە و پیاوێکم لێ کوشتوون تۆڵەی ئەو تاوانەیانم لەسەرە و ئەترسم کە بمکوژن.

﴿قَالَ كَلَّاۖ فَٱذۡهَبَا بِـَٔايَٰتِنَآۖ إِنَّا مَعَكُم مُّسۡتَمِعُونَ ﴿١٥﴾﴾

جا خودا فەرمووی: وا هاروونم کرد بە پێغەمبەر لەگەڵتا و هەرگیز لەوە مەترسە کە بتکوژن و زمانیشم بەرەڵا کردی، دەی هەردووکتان برۆن لەگەڵ چەن موعجیزاتێکدا کە من ئەتاندەمێ و ئێمە لەگەڵتاناین و گوێی قودرەتمان لێتانە و هەموو رازێکی ئێوە وەرئەگرین.

﴿فَأۡتِيَا فِرۡعَوۡنَ فَقُولَآ إِنَّا رَسُولُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ أَنۡ أَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴿١٧﴾﴾

وە برۆن بۆ لای فیرعەون و پێی بڵێن: ئێمە فرستادەی خودای جیهانین، بۆ ئەوە هاتووین کە پێت بڵێین: بەنیئیسرائیلمان لەگەڵا رەوانە بکە با بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان و لەمە زیاتر ئازاریان مەدە ئەوانیش ئادەمیزادن.

﴿قَالَ أَلَمۡ نُرَبِّكَ فِينَا وَلِيدٗا وَلَبِثۡتَ فِينَا مِنۡ عُمُرِكَ سِنِينَ ۝١٨ وَفَعَلۡتَ فَعۡلَتَكَ ٱلَّتِي فَعَلۡتَ وَأَنتَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ۝١٩﴾

جا مووسا و هاروون کەوتنە ڕێگا هەتا گەیشتنە میسر، جا ڕۆیشتن بۆ لای فیرعەون، ئەوەی خودا فەرمووی پێیان گەیاند. ئەویش بە ملھوڕی و ئیستینکارەوە کەوتە قسە لەگەڵیا و پێی وت: ئایا ئێمە تۆمان بە منداڵی پەروەردە نەکرد لە ناو خۆمانا و لە خانەدانی خۆما و، چەن ساڵ لە ژیانی خۆت لە لای ئێمە رات نەبوارد؟ وە ئەو کردەوە نابارەت کرد کە کردت ـ کە زەلامێکی کوشتبوو ـ وە لەو کاتەدا لەوانە بووی ناسوپاس بووی لەگەڵ گەورەی خۆتا، جا چۆن ئینسانی ناسوپاس ئەبێ بە رابەر؟! وە یا تۆ لە ئێمە بووی ئەو رۆژە کە ئێستە بە کافرمان دائەنێی، ئەوسا بۆچی ئێمە باش بووین هەتا تۆمان بەخێو ئەکرد و، ئێستە بۆچی بە ئینسانی ناپیاو و ستەمکارمان دائەنێی و داوای ئەوە ئەکەی دەست بەرداری رەعیەتی خۆم ببم؟!

﴿قَالَ فَعَلۡتُهَآ إِذٗا وَأَنَا۠ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ۝٢٠ فَفَرَرۡتُ مِنكُمۡ لَمَّا خِفۡتُكُمۡ فَوَهَبَ لِي رَبِّي حُكۡمٗا وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ۝٢١ وَتِلۡكَ نِعۡمَةٞ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنۡ عَبَّدتَّ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ۝٢٢﴾

جا حەزرەتی مووسا عليه السلام وەڵامی قسەکانی فیرعەونی دایەوە فەرمووی: بەڵێ من ئەو کردەوە نابارەم کرد کە کوشتنی ئەو نەفسە «قیبتی»یە بوو لە تاقمی تۆدا، بەڵام من لەو کاتەدا نەزان بووم و ئاگام لەوە نەبوو کە ئەو کارەساتە نابارەی لێ پەیدا ئەبێ؛ چونکی من مشتەکوڵەیەکم لێدا و مشتەکۆڵ لەوانە نییە ئینسانی پێ بمرێ، کەچی قەزای خودا وابوو بمرێ.

بە کورتی کارەکەی هەڵە بوو قەسدی کوشتنی نەبوو کاری هەڵە لەوانە نییە ئینسانی لەسەر دوچار بکرێ بەو شێوە. جا پاش مردنی کابرا من هەڵاتم لە وڵاتی میسر لەو کاتەدا کە لێتان ترسام. جا خودا بە میهرەبانی خۆی عەقڵ و رایەکی دامەزراوی پێدام و کردیشمی بە یەکێ لە پێغەمبەرە مورسەلەکان، وە ئەو نیعمەتی تەربییەتی تۆیە بۆ من و لەسەر من لەبەر ئەوە نەبوو کە تۆ منت خۆش ویستبێ، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە تۆ بەنیئیسرائیلت کردبوو بە بەندە و رامت کردبوون بۆ هەموو کارێکی ناهەموار و ئازارت ئەدان بە بێگار و، نێرینەی نەتەوەکەیانت سەرئەبڕێ و، دایکی من لە ترسی ئەوەدا خۆی نەیتوانی رامبگرێ، وەها خستمیە ناو سندووق و دامی بەدەم ئاوی نیلەوە و ئاو لای دام بۆماڵی ئێوە و رێگە و جێگەم کەوتە لای تۆ.

﴿قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٣﴾ قَالَ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ ﴿٢٤﴾﴾

جا فیرعەون لە حەزرەتی مووسای پرسی: حەقیقەتی ئەو خودای عالەمە چییە کە تۆ من بانگ ئەکەی بۆ ئەوە عیبادەتی بۆ بکەین؟ ئەویش لە وەڵاما فەرمووی: حەقیقەتی خودا نە بە من کەشف ئەکرێ و نە تۆیش لەو حەقیقەتە حاڵی ئەبی، ئەوەندە هەیە پێویستە خودا بە ئاسارا بناسین؛ بۆ وێنە ئەڵێین، خودا پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی وا لە بەینی ئەوانایە، ئەگەر ئێوە لەوانە بن باوەڕ بکەن بەوە کە ئاساری «ممكنة» لەوانە نییە بە بێ «مؤثر» ببێ.

﴿قَالَ لِمَنْ حَوْلَهُۥٓ أَلَا تَسْتَمِعُونَ ﴿٢٥﴾﴾

جا فیرعەون وتی بەوانەی لە دەوریا بوون: ئایا نابیسن ئەو جوابە نارێکە کە مووسا ئەیداتەوە، من پرسیاری راستی پەروەردگاری عالەمی لێ ئەکەم ئەویش بە ئاسار وەڵامم نەداتەوە.

﴿قَالَ رَبُّكُمْ وَرَبُّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٢٦﴾﴾

ئەمجار حەزرەتی مووسا علیه السلام لایدا لە باسی زەوی و ئاسمانەکان و ئەوەی وا لە نێوانیاندا؛ چونکە شتێکی دوورن لە بەرچاوا و فەرمووی: خودای تەعالا پەروەردگاری ئێوەیە و پەروەردگاری باپیرە پێشووەکانتانە کە مردوون.

﴿قَالَ إِنَّ رَسُولَكُمُ ٱلَّذِىٓ أُرْسِلَ إِلَيْكُمْ لَمَجْنُونٌ ﴿٢٧﴾﴾

جا فیرعەون وتی بەوانەی لە دەوریا بوون: بە راستی ئەو پێغەمبەرەی کە نێرراوە بۆ لای ئێوە بێ‌گومان شێتە؛ چونکی من پرسیاری شتێکی لێ دەکەم و ئەو وەڵامی شتێکیترم پێ ئەداتەوە.

﴿قَالَ رَبُّ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِن كُنتُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾﴾

جا حەزرەتی مووسا علیه السلام فەرمووی: خودای عالەم خودای خۆرهەڵات و خۆرنشین و مابەینی ئەم دوانەیە ئەگەر خاوەن عەقڵن و لە راستی ئەگەن.

﴿قَالَ لَئِنِ ٱتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِى لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ ٱلْمَسْجُونِينَ ﴿٢٩﴾﴾

جا فیرعەون وتی بە حەزرەتی مووسا علیه السلام: سوێندت بۆ ئەخۆم ئەگەر غەیری من خودایەکی‌تر بۆ خۆت دابنێی تۆیش ئەکەم بە یەکێ لەو زیندانییە بەدحاڵانە کە خۆت ئەزانی حاڵیان چەند خراپە و چەندێ سزا و ئازاریان هەیە.

﴿قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكَ بِشَىْءٍ مُّبِينٍ ﴿٣٠﴾﴾

مووسا فەرمووی: هەر سزام ئەدەی ئەگەر چی من موعجیزەیەکی وەهات بۆ بێنم کە راستی دەربڕێ؟

﴿قَالَ فَأْتِ بِهِۦٓ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٣١﴾﴾

جا فیرعەون وتی: دەی ئەو موعجیزە بێنە ئەگەر تۆ راست ئەکەیت و لە راستگۆیانی.

﴿فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴿٣٢﴾ وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيْضَآءُ لِلنَّـٰظِرِينَ ﴿٣٣﴾﴾

جا مووسا عاساکەی دەستی فڕەدا و کوتوپڕ بوو بە مارێکی گەورەی وا کە لە بەر چاوی عالەمەکەدا دیار بوو کە مارە، وە دەستی لە باخەڵی دەرهێنا دەستێکی سپی جوان بوو لە بەرچاوی ئەوانەدا بۆیان ئەڕوانی، ریوایەت کراوە: دەستی وا ئەگرا ئەتوت چرایە.

﴿قَالَ لِلْمَلَإِ حَوْلَهُۥٓ إِنَّ هَـٰذَا لَسَـٰحِرٌ عَلِيمٌ ﴿٣٤﴾ يُرِيدُ أَن يُخْرِجَكُم مِّنْ أَرْضِكُم بِسِحْرِهِۦ فَمَاذَا تَأْمُرُونَ ﴿٣٥﴾ قَالُوٓا۟ أَرْجِهْ وَأَخَاهُ وَٱبْعَثْ فِى ٱلْمَدَآئِنِ حَـٰشِرِينَ ﴿٣٦﴾ يَأْتُوكَ بِكُلِّ سَحَّارٍ عَلِيمٍ ﴿٣٧﴾﴾

جا پاش ئەوە کە حەزرەتی مووساعليه السلام ئەو دوو موعجیزە گەورەیە نیشانی فیرعەون دا، فیرعەون بەو خەڵکەی دەور و بەری خۆی وت: ئەمە جادووگەرێکی زانایە، ئەیەوێ ئێوە لەم وڵاتی خۆتانە دەربکا بە هۆی جادووەکەیەوە جا ئیتر ئێوە ئەمرتان بە چییە؟ ئەوانیش وتیان: لەگەڵ براکەیا رایان بگرە و بنێرە بۆ شارەکانی وڵاتی میسر فەننان و جادووزان گرد بکەنەوە و هەر چەن جادووگەری بە ماریفەت هەیە هەموویان بێنن بۆ لات.

﴿فَجُمِعَ ٱلسَّحَرَةُ لِمِيقَـٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿٣٨﴾ وَقِيلَ لِلنَّاسِ هَلْ أَنتُم مُّجْتَمِعُونَ ﴿٣٩﴾ لَعَلَّنَا نَتَّبِعُ ٱلسَّحَرَةَ إِن كَانُوا۟ هُمُ ٱلْغَـٰلِبِينَ ﴿٤٠﴾﴾

جا فیرعەون لەسەر ئەو راوێژە مەئموورەکانی خۆی نارد بە وڵاتانا بە شوێنی جادووگەرانا و هەموویان لە کاتێکی دیاریکراودا گرد کرانەوە، جا جاڕ درا بە ناو خەڵکدا: ئایا ئەتوانن زوو لەو شوێنە دیاریکراوەدا گردببنەوە هەتا تەماشای وەزعی

مووسا و هاروون بکەین لەگەڵ جادووگەرەکانی خۆماندا و بزانین کام لایان بە دەستەڵاتن لە کاری خۆیانا؟ بەڵکوو بکەوینە شوێنی جادووگەرەکانی خۆمان ئەگەر ئەوان غاڵب بوون بەسەر مووسا و هاروونا.

﴿ فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ قَالُوا۟ لِفِرْعَوْنَ أَئِنَّ لَنَا لَأَجْرًا إِن كُنَّا نَحْنُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿٤١﴾ قَالَ نَعَمْ وَإِنَّكُمْ إِذًا لَّمِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾

کاتێ جادووگەرەکان هاتن بۆ مەیدانی فەنبازی بەر لەوەی دەست بکەن بە کاری خۆیان وتیان بە فیرعەون، ئایا ئێمە پاداشێکمان ئەبێ ئەگەر ئێمە سەرکەوتین؟ فیرعەون وتی: بەڵێ مافتان هەیە و پاداشتان هەیە و بێجگە لەوەیش ئێوە لە پیاوەکانی بارەگا ئەبن ئەگەر سەر بکەون.

﴿ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلْقُوا۟ مَآ أَنتُم مُّلْقُونَ ﴿٤٣﴾ فَأَلْقَوْا۟ حِبَالَهُمْ وَعِصِيَّهُمْ وَقَالُوا۟ بِعِزَّةِ فِرْعَوْنَ إِنَّا لَنَحْنُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾

جا ئەو جادووگەرانە هاتن بۆ لای مووسا و پێیان وت: یا تۆ پێش بکەوە لە کاری خۆتا یا ئێمە، ئەویش فەرمووی: قەی ناکا ئێوە لە پێشا چی لە مەیدانا فڕە ئەدەن فڕەی بدەن، ئەوانیش هەرچی پەت و داریان پێ بوو لەوانە کە لە جادووگەریدا بە کاردەهێنران فڕەیان دا و وتیان: بە هۆی عیززەتی فیرعەونەوە ئێمە سەر ئەکەوین، وە ئەوەی بۆیان کرا کردیان و نیشانی خەڵکیان دا.

﴿ فَأَلْقَىٰ مُوسَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِىَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾

جا حەزرەتی مووسا عليه السلام عاساکەی خۆی فڕەدایە مەیدان و کوتوپڕ ئەو عاسایە بوو بە ئەژدیهایەکی گەورە و مارێکی مارخۆر و بە جارێ هەرچی ئەوان بە درۆ و دەلەسە دروستیان کردبوو هەمووی قووت دان و شوێنەواری نەهێشتن.

﴿فَأُلْقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿٤٦﴾ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿٤٨﴾﴾

جا ئەو جادووگەرانە وەها بێ‌حاڵ بوون هیچ خۆیان بۆ نەگیرا و لەپەوڕوو کەوتن سوجدەیان برد بۆ ئیمان بە خودای تەعالا و وتیان: ئیمانمان هێنا بە پەروەردگاری هەموو عالەم؛ ئەو کەسە کە پەروەردگاری مووسا و هاروونە.

﴿قَالَ ءَامَنتُمْ لَهُۥ قَبْلَ أَنْ ءَاذَنَ لَكُمْ ۖ إِنَّهُۥ لَكَبِيرُكُمُ ٱلَّذِى عَلَّمَكُمُ ٱلسِّحْرَ فَلَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ۚ لَأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلَٰفٍ وَلَأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ ﴿٤٩﴾ قَالُواْ لَا ضَيْرَ ۖ إِنَّآ إِلَىٰ رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ ﴿٥٠﴾ إِنَّا نَطْمَعُ أَن يَغْفِرَ لَنَا رَبُّنَا خَطَٰيَٰنَآ أَن كُنَّآ أَوَّلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥١﴾ ۞﴾

فیرعەون وتی: ئێوە ئیمانتان هێنا بە خودای مووسا لە پێش ئەوەدا کە من ئیزنتان بدەم؟! ئەڵبەتە بە راستی ئەو جادووگەرە گەورەکەتانە، ئەوە کە جادووگەری نیشانی ئێوە دا، جا لەمەولا ئەزانن چیتان بەسەر دێنم، هەموووتان هەڵئەواسم! ئەوانیش لە بەرانبەری ئەم هەڕەشە و تاپاڵەدا وتیان بە فیرعەون: هەرچیمان پێ ئەکەی زیانی نییە؛ چونکی ئێمە لە پاش ئەو کارەساتانە بۆ لای خودای خۆمان ئەگەڕێینەوە و چاوەڕوانی ئەوەین کە خودا تاوانەکانمان ببەخشێ لەبەر ئەوە کە یەکەم کەسێکین لە جادووگەران ئیمان بە رەهبەری خودا بێنین، یاخود یەکەم کەسێکین لە عەلاقەداری فیرعەون کە لەو لادەین و ئیمان بێنین بە رەهبەری رەوانەکراوی خودا.

﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِىٓ إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ ﴿٥٢﴾﴾

جا پاش ئەو کارەساتە کە لە عالەم دەرکەوت مووسا پێغەمبەری خودایە و جادووگەرەکان هەموو ئیمانیان پێ‌هێنا و، نیەتی بەد و شەڕی فیرعەون هاتە سەر

ئەوە کە مووسا و بەنی‌ئیسرائیلیەکان هەموویان بەرباد بکا، وەحیمان نارد بۆ مووسا: کە شەوڕەوی بکە بە بەندەکانم ئەوانە کە تۆ ئەتەوێ لە دەستی فیرعەون رزگاریان بکەی با زوو بە شەوا دوور بکەونەوە لە دەستەیاوی فیرعەون؛ چونکی ئێوە دواکەوتوون، واتە سوپای فیرعەون لەگەڵ فیرعەوندا دێن بە دواتانا. جا ئەوانیش هەر بەشەوا خۆیان ئامادە کرد و لە شوێنی خۆیان دەرچوون بۆ ئەوە کە دوور بکەونەوە لە ئاوەدانی فیرعەون و رۆیشتن تا نزیکی نیل بوونەوە.

﴿ فَأَرْسَلَ فِرْعَوْنُ فِي ٱلْمَدَآئِنِ حَٰشِرِينَ ﴿٥٣﴾ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ لَشِرْذِمَةٌ قَلِيلُونَ ﴿٥٤﴾ وَإِنَّهُمْ لَنَا لَغَآئِظُونَ ﴿٥٥﴾ وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَٰذِرُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾

جا فیرعەون لە کۆچکردنی بەنی‌ئیسرائیل ئاگادار بوو، ئەویش مەئمووری نارد بۆ وڵاتان کە ئامادە بن و بێن بە شوێن بەنی‌ئیسرائیلدا لە هەر لایەکدا بێ بیانگرن و دیلیان بکەن، هەروا بۆیان بەیانکردن کە ئەوانە تاقمێکی بێ‌ئەسباب و بێ‌چەکن و ئەوانە زۆر بە کینە و قارن لە ئێمە و، ئەگەر لە دەستمان دەربچن و هێز بگرن ئەنجامی باش نابێ و ئێوەیش ئەزانن کە ئێمە حوکوومەتێکین ئەترسین و پارێز ئەکەین و هەرگیز دوژمنی بچووك بە بچووك نازانین و مەترسی لە هەموو تەقەو رەقەیێ ئەکەین.

﴿ فَأَخْرَجْنَٰهُم مِّن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٧﴾ وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٥٨﴾ كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٥٩﴾ ﴾

جا ئێمە بە هۆی دەرچوونی بەنی‌ئیسرائیل لە شوێنەکەی خۆیان روو بە ئاوی نیل بۆ ئەوە بپەڕێنەوە بۆ رێی شامات کۆمەڵی قیبتییەکانیشم وەرگرت بە بەهانەی تەعقیبی بەنی‌ئیسرائیلەکان لە ناو باخ و سەرچاوە و خەزێنە و شوێن و کۆشك و تەلاری بڵندیان وەکوو دەرمان کردن، چونکی پاش دەرچوونەکەیان نەگەڕانەوە بۆی

لە بەر ئەوە لە ئاوی نیلدا خنکان، وە ئەو باخ و سەرچاوە و خەزێنەو شوێنە باشانەم دایەوە بە بەنی‌ئیسرائیلیەکان. ئەمە بە گوێرەی ئەوە کە بڵێین بەنی‌ئیسرائیلیەکان پاش خنکانی فیرعەون و سوپاکەی گەڕانەوە بۆ میسر و تیا دانیشتن؛ بەڵام ئەگەر بەو ریوایەتە قایل نەبین، ئەبێ بڵێین: دوای ئەوەی لە فەلەستیندا دامەزران وێنەی ئەو باخ و خانوو بەرەمان پێدان.

﴿ فَأَتۡبَعُوهُم مُّشۡرِقِينَ ٦٠ ﴾

جا فیرعەون و سوپاکەی لە بەرەبەیانا کەوتنە شوێن مووسا و پەیڕەوانی.

﴿فَلَمَّا تَرَٰٓءَا ٱلۡجَمۡعَانِ قَالَ أَصۡحَٰبُ مُوسَىٰٓ إِنَّا لَمُدۡرَكُونَ ٦١ قَالَ كَلَّآۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ٦٢﴾

کاتێ پاش هەتاوکەوتن هەردوو سوپاکە لە یەك دەرکەوتن و سوپای فیرعەون نزیك بوونەوە لە کۆمەڵی بەنی‌ئیسرائیلیەکان هاوڕێکانی مووسا وتیان: بێ‌گومان سوپای فیرعەون پێمان ئەگەن، واتە سوپاکەی فیرعەون پێمان ئەگەن، لەبەر ئەوە ئەوان پڕچەك و ئامادە و چاوسوورن و ئێمەیش بێ چەك و بێ‌دەستەلاتین و رووباری گەورەی نیلیش وا لە پێش دەممانەوە. حەزرەتی مووسا علیه السلام زۆر بە هیممەت و ورەیەکی بەرزەوە فەرمووی: نەکەن قسەی وا بکەن؛ چونکی بە راستی پەروەردگاری من لەگەڵمایە شارەزام ئەکا بۆ کارێ ببێ بە هۆی رزگاریم و دیارە رزگاری منیش بە رزگاری گەلەکەمە و، من گومانم نییە مادام لەسەر فەرمانی خودا هاتوومەتە دەرەوە پارێزراو ئەبین.

﴿ فَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡبَحۡرَۖ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرۡقٖ كَٱلطَّوۡدِ ٱلۡعَظِيمِ ٦٣ وَأَزۡلَفۡنَا ثَمَّ ٱلۡأٓخَرِينَ ٦٤ وَأَنجَيۡنَا مُوسَىٰ وَمَن مَّعَهُۥٓ

أَجْمَعِينَ ﴿٦٥﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْآخَرِينَ ﴿٦٦﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٦٧﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٦٨﴾

جا لەو تەنگاوەدا وەحیمان کرد بۆ لای مووسا: بە عاساکەت بدە لە دەریای نیل، ئەویش لێیدا و دەریاکە بەش بەش بوو، هەر بەشێکی وەکوو کێوێکی گەورە بەرزەوە بوو، وە لەم کاتەدا سوپاکەی فیرعەونیشمان نزیك کردەوە بۆ ئەوە بە شوێن سوپاکەی مووسادا بڕۆنە ناو دەریاکەوە، جا چۆن بەنی‌ئیسرائیلیەکان، ڕۆیشتن بە کۆڵانەکانی نیلدا کە بووبوو بە دوازدە کۆڵان بە قەی هۆزەکانی بەنی‌ئیسرائیل سوپاکەی فیرعەونیش نیشتنە ناو نیل بەو کۆڵانانەدا کە خودا بە شێوەی «خرق العادە» دروستی کردبوون بۆ مووسا عليه السلام بەڵام ئێمە مووسامان لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا ڕزگار کرد و پاش ڕزگار کردنی ئەمانە سوپاکەی فیرعەون لەگەڵ فیرعەونا هەموویانم نوقمی ئاوی نیل کرد. بە ڕاستی لەم کارەساتەدا نیشانەیەکی گەورەی بە نرخ هەیە بۆ دەلالەت لەسەر تەوانایی خودا. ئەنا کێ چاوی کەوتووە بە دەریایەکی وەکوو نیل لەسەردا بێتەخوارەوە و ئەم ئاوە بەهێزە لە جووڵە بکەوێ و چەن کۆڵانی ـ بە باری پانیدا ـ تێ ببێ و ئەم سوپایە و ئەم هەموو ماڵ و منداڵەی لێ دەربچێ و بە شوێنی ئەوانیشدا سوپای دوژمن بێتە ناو ئەو دەریا و هەتا ماوەیێ تیایا بن و پاش دەرچوونی بەنی‌ئیسرائیلەکان ئەوان هەموویان بخنکێن؟! بەڵام جێگەی داخە زۆربەی ئەو خەڵکە ئیمانیان نییە: بەشی قیبتییەکان کافر بوون و بە کافری خنکان و، بەشی ئیسرائیلییەکان کەمێکیان موسوڵمانی ساغ و دامەزراو بوون و گەلێکیان ئیمانەکەیان ڕووکەش بوو لەبەر ئەوە «سامیری» تەفرەی دان و کردنی بە گوێرەکەپەرست. [بە ڕاستی هەر خودای تۆ باڵا دەستە بەسەر بێباوەڕاندا و بە سۆز و میهرەبانیشە بە ئیمانداران].

﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ إِبۡرَٰهِيمَ ﴿٦٩﴾ إِذۡ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦ مَا تَعۡبُدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالُواْ نَعۡبُدُ أَصۡنَامٗا فَنَظَلُّ لَهَا عَٰكِفِينَ ﴿٧١﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بخوێنەرەوە بەسەر ئەو کافرانەدا بەسەرهاتی «ئیبراهیم»: کاتێك بە ئازەری باوکی و بە گەلەکەی وت: ئێوە چی ئەپەرستن؟ ئەوانیش وتیان: بەندەیی و پەرستیاری چەن بتێ ئەکەین و بە دەوریانا دائەنیشین و خەریکی پەرستیارییان ئەبین.

﴿قَالَ هَلۡ يَسۡمَعُونَكُمۡ إِذۡ تَدۡعُونَ ﴿٧٢﴾ أَوۡ يَنفَعُونَكُمۡ أَوۡ يَضُرُّونَ ﴿٧٣﴾ قَالُواْ بَلۡ وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا كَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ ﴿٧٤﴾﴾

ئیبراهیم پێی فەرموون: ئایا ئەو بتانە قسەتان لێ ئەبیێن کاتێ کە بانگیان ئەکەن؟ یاخود سوودێکتان پێ ئەگەیەنن؟ ئەوانیش وتیان: پەرستنی ئێمە بۆ ئەو بتانە لەسەر ئەساسی قسە بیستن و سوود و زیان گەیاندن نییە، بەڵکوو هەر لەسەر پەیڕەوی باوك و باپیرەکانمانە ئەوان ئەم بتانەیان پەرستووە و ئێمەیش ئەیان پەرستین.

﴿قَالَ أَفَرَءَيۡتُم مَّا كُنتُمۡ تَعۡبُدُونَ ﴿٧٥﴾ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُمُ ٱلۡأَقۡدَمُونَ ﴿٧٦﴾ فَإِنَّهُمۡ عَدُوّٞ لِّيٓ إِلَّا رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٧٧﴾ ٱلَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهۡدِينِ ﴿٧٨﴾ وَٱلَّذِي هُوَ يُطۡعِمُنِي وَيَسۡقِينِ ﴿٧٩﴾ وَإِذَا مَرِضۡتُ فَهُوَ يَشۡفِينِ ﴿٨٠﴾ وَٱلَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحۡيِينِ ﴿٨١﴾ وَٱلَّذِيٓ أَطۡمَعُ أَن يَغۡفِرَ لِي خَطِيٓـَٔتِي يَوۡمَ ٱلدِّينِ ﴿٨٢﴾﴾

جا حەزرەتی ئیبراهیم عليه السلام بە ئیستینکارەوە پرسیاری لێ کردن و فەرمووی: ئایا ئێوە بیرتان کردەوە یاخود تەماشاتان کرد بزانن ئەو بتانە کە ئێوە بەندەییتان کردوون و ئەیکەن و باپیرەکانتان بەندەییان بۆ کردوون چین و چییان لە باردایە؟ ئەگەر لە

واقیعدا ئێوە بیرتان بکردایەتەوە قەت ئەوانەتان نەئەپەرست، جا ئەگەر ئەتانەوێ حاڵیان تێبگەن بە راستی بزانن ئەو بتانە دوژمنن بۆ من و بۆ ئێوەیش، بەڵکوو ئێمە دوژمنین بۆ ئەوان پەروەردگاری عالەم نەبێ ئەو کەسەی کە منی لە نەبوون دروست کردووە و پاش دروستکردنەکەیشی ئەو هیدایەتم ئەدا و شارەزام ئەکا بۆ گرتنی رێگەی راستی ئایین هەتا پیایا بڕۆم. وە ئەو خودایە کە خواردەمەنیم پێ ئەدا و ئاوم ئەداتێ و کاتێ نەخۆش کەوتم شیفام ئەدا، وە ئەو کەسە کە ئەممرێنێ و لە پاش مراندن زیندوومان ئەکاتەوە، وە ئەو خودایە کە بە هیوام لە رۆژی قیامەت و پاداشدا تاوانم ببەخشێ.

﴿رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ ﴿٨٣﴾ وَاجْعَلْ لِي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الْآخِرِينَ ﴿٨٤﴾ وَاجْعَلْنِي مِنْ وَرَثَةِ جَنَّةِ النَّعِيمِ ﴿٨٥﴾ وَاغْفِرْ لِأَبِي إِنَّهُ كَانَ مِنَ الضَّالِّينَ ﴿٨٦﴾ وَلَا تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ ﴿٨٧﴾ يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾﴾

جا ئەمجار حەزرەتی ئیبراهیمعليه السلام لە پاش قسە کردن لەگەڵ گەلەکەیا بۆ خۆی لە خودا ئەپاڕێتەوە و ئەفەرموێت: پەروەردگارا کەماڵێکی وام بدەرێ لە زانستی و کردەوەدا کە بتوانم پێویستی سەرشانی خۆم بەجێ بێنم و بتوانم رێنومایی ئادەمیزاد بکەم بۆ بەختیاری و پیرۆزی لە هەردوو جیهانا. ئەی پەروەردگار ئینسانێکی خاوەن زمانی راستم پێ بدە لە بەندە دواکەوتووەکانتا. واتە لە نەتەوەکەما رۆڵەیەکی وام پێ ببەخشە کە زمانی بە راست هەڵسووڕێ و قسەی باش بکا بۆ ئادەمیزاد با خێر لە نەتەوەما نەبڕێتەوە.

وە یاخود شان و پایە و حورمەتێکم پێ بدە لە ناو ئەو ئۆممەتەدا کە پاش من دێن با ناوم بە باش ببەن و ستایشم بکەن بۆ ئەوە کە خەڵك بەو قسە باشانە خوڵك بگرن.

وە بمکە بە یەکێ لەوانە بەهەشتی پێ ئەدرێ وەکوو یەکێ ماڵێکی بە میرات بۆ دێتەوە و، لە باوکیشم خۆش ببە و تاوانەکانی ببەخشە؛ چونکی ئەو لە گومڕاهەکان بوو، وە لە ناو موسوڵمانانا کاتێ زیندوو ئەکرێینەوە رسوام مەکە، لەو رۆژەدا کە رۆژێکە سوود نادا بە کەس دارایی و ئەولاد بە کەسێ نەبێ بە دڵێکی خاڵی لە کوفر و بیر و باوەڕی نابار هاتبێ بۆ لای خودا، کەسێ کە حاڵی وابووبێ دیارە ئەگەر ماڵێکی بووبێ لە خێرا سەرفی کردووە و بۆ رۆژی قیامەت بە سوودە، هەروا ئەگەر ئەولادی بووبێ وەختی خۆی شارەزای کردوون و رێگەی دینی پیشان داون، جا ئەو کوڕانە لە رۆژی قیامەتا سوودیان هەیە بۆ باوکەکانیان یا بە تکا کردن بۆیان یا بە خێراتێ کە وەختی خۆی لە ژیانا لەسەر رێنومایی باوکەکانیان کردوونیان و کردەوەکەیان سوودی ئەبێ بۆ باوکەکان.

﴿ وَأُزْلِفَتِ ٱلْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٩٠﴾ وَبُرِّزَتِ ٱلْجَحِيمُ لِلْغَاوِينَ ﴿٩١﴾ وَقِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تَعْبُدُونَ ﴿٩٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ هَلْ يَنصُرُونَكُمْ أَوْ يَنتَصِرُونَ ﴿٩٣﴾ فَكُبْكِبُوا۟ فِيهَا هُمْ وَٱلْغَاوُۥنَ ﴿٩٤﴾ وَجُنُودُ إِبْلِيسَ أَجْمَعُونَ ﴿٩٥﴾ ﴾

وە بەهەشت نزیك ئەخرێتەوە بۆ ئەو کەسانە کە ئەهلی تەقوا و پارێزن بە جۆرێ کە لە شوێنی قیامەوە ئەیبینن و خۆشحاڵی ئەکەن بەوە کە ئەڕۆن بۆ ناوی و، دۆزەخیش بۆ گومڕاکان دەرئەخرێ و ئەیبینن دەست ئەکەن بە ئاخ و داخ لە ترسی ئەو چارەنووسە نابارەیان. وە لەو رۆژەدا لە لایەنی فریشتەوە ئەوترێ بە کافرەکان: ئەوە لە کوێن ئەوانە کە ئێوە بەندەییتان بۆ ئەکردن بێجگە لە خودا؟ ئایا ئەوان یارمەتیتان ئەدەن بەوە کە سزاتان لێ دوور بخەنەوە؟ یاخود ئەتوانن سەرکەون بەسەر ئەوەدا کە سزا لە خۆیان دوور بخەنەوە؟ جا لە کاتی خۆیدا ئەو مەعبوودە

بەتاڵانە لەگەڵ گومڕاکانا ئەخرێنە ناو دۆزەخەوە، هەروا سوپای شەیتانیش لەگەڵیانا بە کۆمەڵ ئەخرێنە دۆزەخەوە.

﴿قَالُواْ وَهُمْ فِيهَا يَخْتَصِمُونَ ﴿٩٦﴾ تَاللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٩٨﴾ وَمَا أَضَلَّنَا إِلَّا الْمُجْرِمُونَ ﴿٩٩﴾ فَمَا لَنَا مِن شَافِعِينَ ﴿١٠٠﴾ وَلَا صَدِيقٍ حَمِيمٍ ﴿١٠١﴾ فَلَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٢﴾﴾

جا کافرەکان ـ کاتێ لە ناو خۆیانا مەشغووڵی رقەبەرێ و هاورد و بردن ـ بە بتەکان ئەڵێن: بە خودا ئێمە لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بووین، کە ئێوەمان لەگەڵ پەروەردگارا وەك یەك دائەنا و، کەس ئێمەی گومڕا نەکرد موجریمە تاوانبارەکان نەبێ کە بریتین لەوانە خەڵکیان بۆ بتپەرستی رێك ئەخست، وەکوو پیاوە گەورەکانی ناو شار و ئەو شەیاتینە ئینسانانە کە ئێمەیان بۆ خزمەتی بتەکان هەڵئەنا، جا ئێمە تکا کارمان نییە و دۆستێکی دڵسۆزیشمان نییە سوودێکمان پێ بگەیەنێ، کاشکی جارێکیتر بگەڕاینایەوە بۆ دنیا بۆ مەیدانی کردەوەی چاك و رەفتاری پاك، تا بۆ خۆمان موسوڵمانی باش ئەبووین.

﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ ﴿١٠٤﴾﴾

بە راستی هەیە لەم سەرگوزەشتەی حەزرەتی ئیبراهیمەدا بەڵگە و پەند بۆ ئینسانی تێگەیشتوو.

یەکەم: بە میهرەبانی خوداو لوتفی لەگەڵ ئەو زاتەدا کە واداری کرد بۆ ئەوە تێکۆشێ بۆ لا بردنی بیر و باوەڕی پووچ و بەتاڵ و دامەزراندنی بیر و باوەڕی بەڕێز.

دووهەم: لەو هێزی دڵەدا کە ئیبراهیم بووی و چۆن رۆیشت بە گژ نەمروود و پەیڕەوەکانیدا کە ستەمکاری چەرخی خۆیان بوون.

سێهەم: لە خۆگرتنی ئیبراهیم لەبەر سزادا بە ئاگری سوور.

چوارەم: لەو پاراستنەدا کە خودا ئیبراهیمی پاراست و ئەو ئاگرەی بۆ کرد بە شوێنی هەوای سارد و خۆش.

پێنجەم: لە خۆگرتنی ئیبراهیمدا لەسەر دوور خستنەوە لە وڵاتی عێراق بۆ شام و بۆ دووری وڵاتان هەموو لە ڕێگەی دینا.

بە ڕاستی خودای تۆ زاڵە بە سەر خواستی خۆیدا هەرچی بویٚ ئەیکا و میهرەبانیشە لەگەڵ عالەما.

﴿كَذَّبَتْ قَوْمُ نُوحٍ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٠٥﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ نُوحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٠٦﴾ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٠٧﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٠٨﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٠٩﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١١٠﴾﴾

وە لە پێش زەمانی ئیبراهیمدا گەلی نووحیش پێغەمبەرانیان بەدرۆ خستووەتەوە، واتە نووحیان بە درۆخستەوە لە مەسەلەی یەکیەتی خوا و فەسادی بتپەرستی و هەستکردن بە مەسئوولییەتی قیامەتدا کە هەموو پێغەمبەران لەمەدا یەك قسەن، وە دیارە بەدرۆخستنەوەی تاقەکەسیٚ لە مەسەلەیەکی «اتفاقی» لە بەینی عالەمێکدا بەدرۆخستنەوەیە بۆ هەموو ئەو عالەمە. بەدرۆخستنەوەکەیشیان لەو کاتەدا بوو کە نووحی برایان پێی وتن: ئەوە بۆ تەقوای خودا ناکەن؟ تەقوای خودا قەڵای پارێزە و هۆی بەختیاری ئینسانە لە هەردوو عالەما، بە ڕاستی من پێغەمبەرێکی ئەمین و دڵپاك و قازانج خوازم بۆ ئێوە، دەی بێن پەیڕەویم بکەن و لە خودای تەعالا بترسن و من داوای هیچ مزدێکتان لیٚ ناکەم بەرابەر بەم دەرس و تالیمە، مزدی من و پاداشی من وا لە لای خودای پەروەردگاری هەموو عالەم، دەی تەقوای خودا بکەن و پەیڕەویم بکەن.

﴿قَالُوٓاْ أَنُؤْمِنُ لَكَ وَٱتَّبَعَكَ ٱلْأَرْذَلُونَ ﴿١١١﴾ قَالَ وَمَا عِلْمِى بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١١٢﴾ إِنْ حِسَابُهُمْ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّى لَوْ تَشْعُرُونَ ﴿١١٣﴾ وَمَآ أَنَا۠ بِطَارِدِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٤﴾ إِنْ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿١١٥﴾﴾

جا گەلەکەی نووح لە وەڵامدا پێیان وت: ئێمە چۆن باوەڕ بە تۆ دەکەین کە ئەرزەل و پڕوپووچی گەل شوێنی تۆ کەوتوون؟ وە بۆ ئەوە شوێن تۆ کەوتوون کە نان و ئاوێکیان دەست‌کەوێ ئەنا لەبەر بیر و باوەڕی راست نییە. نووح عليه السلام لە وەڵامی ئەوانا فەرمووی: من ئاگام لەوانە نییە و نازانم چی ئەکەن و نازانم لە راستیدا بە چ مەبەستێ دێن بۆ لای من و ئادابی دین بەجێ‌دێنن. حسێبی ئەمانە لەسەر خودای منە و من حەقم بەسەر ئەو حسێبەوە نییە و بە هیچ جۆرێ من ئەو موسوڵمانانەی دەورم دەرناکەم، من هیچ نیم ئەوە نەبێ کە ترسێنەر و بەیانکەرێکم لە لای خوداوە هاتووم.

﴿قَالُواْ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَٰنُوحُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمَرْجُومِينَ ﴿١١٦﴾﴾

جا کافرەکان بە نووحیان وت: ئەگەر لەم دەنگوباسە دەسبەردار نەبی و واز نەهێنی سەنگەسارت ئەکەین.

﴿قَالَ رَبِّ إِنَّ قَوْمِى كَذَّبُونِ ﴿١١٧﴾ فَٱفْتَحْ بَيْنِى وَبَيْنَهُمْ فَتْحًا وَنَجِّنِى وَمَن مَّعِىَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١١٨﴾﴾

نووح عليه السلام لە خودا پاڕایەوە و فەرمووی: خودایە بە راستی گەلەکەم بەدرۆیان خستمەوە و چوون بە گژما، دەی بە عەداڵەت و رەحمەتی خۆت حوکم بدە لە بەینی من و ئەوانا و دەروویێکم لێ بکەرەوە و خۆم و ئەو خاوەن ئیمانانە وان لەگەڵما رزگارمان بکە لە چنگی ئازاری ئەم گەلە ناهەموارە.

﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَمَن مَّعَهُۥ فِى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿١١٩﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا بَعْدُ ٱلْبَاقِينَ ﴿١٢٠﴾﴾

ئێمەیش ئەو و ئەوانەی لەگەڵیا بوون لە موسوڵمانان رزگارمان کرد لەو کەشتییەدا کە پڕ بوو لە ئادەمیزاد و گیانلەبەرانی‌تر. پاش ئەوە بزانن جگە لەوانەی ناو کەشتییەکە چی ئادەمیزادی ئەو چەرخە هەبوو هەموومان خنکاند بە لافاو.

﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٢١﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٢٢﴾﴾

بە راستی لەم بەدەنگەوەهاتن و فریاکەوتنی نووحە لەگەڵ باقی موسوڵمانەکانا و لەغەرقکردنی کافرەکانا بەڵگەیەکی گەورە هەیە لەسەر تەوانایی خودا و لەسەر یارمەتیدانی دۆستانی و شکاندنی دوژمنەکانی و، بە راستی خودا هەموو شتێکی پێ دەکرێ و توانا و دەستەڵاتی بەسەر هەموو کارێکدا هەیە هەرچەند زۆربەی ئادەمیزادی چەرخ ئیمانیان بەم وەزعە نییە، وە بە راستی خودای تۆ خاوەن عیززەتە و ئەتوانێ هەموو شتێ بکا و لە عەینی کاتا میهرەبانیشە لە عەفو کردنی بازێ لە تاوانباران و دواخستنی تۆڵەی بازێکیانا.

﴿كَذَّبَتْ عَادٌ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٢٣﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٢٤﴾ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٢٥﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٢٦﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢٧﴾﴾

واتە گەلی عادیش پێغەمبەرەکانیان بەدرۆخستەوە لە کاتێدا کە هوودی برایان و هاورێشە و هاونەژادیان پێی فەرموون: ئایا ئیتر تاوانباری بەس نییە و تا کەی هەروا دەبن و لە خودا ناترسن؟ من فرستادەیەکی هێمنم، لە لای خوداوە هاتووم بۆ

لای ئێوە، دەی لە خودا بترسن و فەرمانی من وەربگرن و روو بکەنە ئیمان و خودا بەیەکناسین و خوو و رەوشتی باش، من داوای هیچ پاداشێکتان لێ ناکەم و پاداشی من هەر لەسەر خودایە.

﴿ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ ءَايَةً تَعْبَثُونَ ﴿١٢٨﴾ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ ﴿١٢٩﴾ وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ ﴿١٣٠﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٣١﴾ ﴾

ئایا ئێوە لە هەموو شوێنێکی بەرز و هەوادارا بینایەکی بەرزی دیاری دروست ئەکەن بۆ ئەوە کە ژیانتان بە هەوا و بێسوود رابوێرن؟ وە یا لە هەموو شوێنێکدا کە موناسبی حاڵتان بێ ماوایێ دروست ئەکەن و لە ناویا دائەنیشن بۆ ئەوە دەسدرێژی بکەن بۆ ئەوانە کە بە لاتانا رائەبوورن و رووتیان بکەنەوە لە دارایی خۆیان و لە ماوای خۆیشتانا چەن کۆشك و تەلارێکی ئەستوور و خاوەن مایە دروست ئەکەن بۆ ئەوە و بە هیوای ئەوە کە هەتا هەتایە لەسەر گەورەیی بمێننەوە. وە هەر کاتێ هەڵمەتتان برد بۆ سەر نەیار بە ستەمکاری و زۆرداری هەڵمەت ئەبەن و تەماشای پایەی تاوان و ئەندازەی «ئیستیحقاق»ی تاوانباران ناکەن. ئیتر ئەمە بەسە، لە خودا بترسن و، فەرمانی وەربگرن و، پارێز لە نافەرمانی بکەن و، خودا بەیەك بناسن و، عەداڵەت رابگرن و، هەست بە مەسئوولییەتی خۆتان بکەن لە پاشەڕۆژا.

﴿ وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ ﴿١٣٢﴾ أَمَدَّكُم بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ ﴿١٣٣﴾ وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٣٤﴾ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٣٥﴾ ﴾

لەو خودایە بترسن کە یارمەتی ئێوەی داوە بەو نیعمەتانە کە خۆتان ئەیانزانن، یارمەتی داون بە ئاژەڵ و نەوەی نێرینە و بە چەنها باخ و بێستان و، چەنها چەشمەی ئاوی رەوان، بە راستی من ئەترسم لەوە کە سزایەکی زۆر گەورەتان بێتە سەر لە

رۆژێکی زۆر گەورەدا؛ چونکە ئەنجامی بێباکی یاخی بوون و لادانە و، ئەنجامی لادانیش کەوتن و لە ناو چوون و مردن و حسێبە.

﴿قَالُوا۟ سَوَآءٌ عَلَیۡنَآ أَوَعَظۡتَ أَمۡ لَمۡ تَكُن مِّنَ ٱلۡوَٰعِظِینَ ﴿١٣٦﴾ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا خُلُقُ ٱلۡأَوَّلِینَ ﴿١٣٧﴾ وَمَا نَحۡنُ بِمُعَذَّبِینَ ﴿١٣٨﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَهۡلَكۡنَٰهُمۡۚ إِنَّ فِی ذَٰلِكَ لَأَیَةࣰۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِینَ ﴿١٣٩﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِیزُ ٱلرَّحِیمُ ﴿١٤٠﴾﴾

گەلی عاد لە وەڵامی ئامۆژگاری حەزرەتی هوودﷺ وتیان: بەس قسە بکە، لای ئێمە و لە باری دڵی ئێمەدا یەکسانە تۆ ئامۆژگاریمان بکە یا نەیکەی، ئەم حاڵەتی تۆیە رەوشتی پێشینانە ئەڕۆیشتنە سەر گەلەکانیان ئەم قسە بێسوودانەیان ئەکرد، ئێمە هەرگیز سزا نادرێین و قیامەت و پرسیار و تۆڵە و پاداش نییە! بە راستی تەکزیبی هوودیان کرد و منیش قارم لێ گرتن و ئەو گەلەم لە ناو برد، بە راستی لەم کارەدا کە من بە گەلی عادم کرد بەڵگەیەکی گەورە هەیە لەسەر کارە دامەزراوەکانم و زۆربەی ئەو گەلە ئیمانیان نەبوو خودای تۆ خاوەن عیززەت و میهرەبانە.

﴿كَذَّبَتۡ ثَمُودُ ٱلۡمُرۡسَلِینَ ﴿١٤١﴾ إِذۡ قَالَ لَهُمۡ أَخُوهُمۡ صَٰلِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٤٢﴾ إِنِّی لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِینࣱ ﴿١٤٣﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِیعُونِ ﴿١٤٤﴾ وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَیۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِیَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِینَ ﴿١٤٥﴾﴾

وە تایفەی سەموودیش باوەڕیان بە پێغەمبەران نەکرد لەو کاتەدا کە حەزرەتی ساڵحی برای هاوپشتیان پێی فەرموون: ئایا هێشتا لە خودا ناترسن؟ بە راستی من فرستادەیەکی ئەمینم لە لای خوداوە بۆ سەر ئێوە، دەی لە خودا بترسن و پەیڕەویم بکەن لە ئەمر و نەهیدا بەڵکوو خودا رەحمتان پێ بکا. [وە من داوای هیچ مزدێکتان

لێ ناکەم بەرابەر بەم دەرس و تالیمە، مزدی من و پاداشی من وا لە لای خودای پەروەردگاری هەموو عالەم][١].

﴿أَتُتْرَكُونَ فِي مَا هَٰهُنَا آمِنِينَ ﴿١٤٦﴾ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٤٧﴾ وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ ﴿١٤٨﴾ وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا فَارِهِينَ ﴿١٤٩﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٥٠﴾ وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ ﴿١٥١﴾ الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ ﴿١٥٢﴾﴾

ئایا وازتان لێ ئەهێنرێ هەروا بمێننەوە لەم شوێنە خۆشانەدا بە هێمنی لە ناو باخ و سەرچاوەی ئاوا و، لە ناو کشتوکاڵا و، لە ناو بێستان و باخی دارخورمای وادا کە «طلع» (لق)ەکەی زۆر نەرم و ناسك بێ، یاخود لقەکەی لەبەر زۆری بەری دارخورماکە دابنەوێتەوە. وە بۆ خۆتان دائەتاشن لە بەردی گەورەی کێوەکان هۆدەی جوان بە ئاسایش لەسەر خۆتان، دەی لە خودا بترسن و ئیتاعەی من بکەن و، ئیتاعەی فەرمانی ئەو ستەمکارە نامەردانە مەکەن کە لە سنووری عەدالەت دەرچوون، ئەوانە کە هەمیشە خراپە ئەکەن لە وڵاتا و قەت چاکە ناکەن؛ چونکی ئەگەر کارێکی باشیش بکەن بە خەیاڵی زیانگەیاندن بە بازێ ئینسانی داماو ئەیکەن.

﴿قَالُوا إِنَّمَا أَنْتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ ﴿١٥٣﴾ مَا أَنْتَ إِلَّا بَشَرٌ مِثْلُنَا فَأْتِ بِآيَةٍ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴿١٥٤﴾﴾

جا گەلەکەی لە پاش ئەو ئامۆژگارییە جوانە بە حەزرەتی ساڵحیان عليه السلام وت: تۆ هیچ نیت ئەوە نەبێ ئینسانێکی جادووت لێ کراوە و سەرت لێ تێکچووە، تۆیش

[١. تەرجەمەی ئایەتی (١٤٥) نەکرابووەوە چونکە دووپاتکراوەی ئایەتی (١٠٩) بوو، بەڵام ئێمە بە جوانمان زانی دەقی تەرجەمەی ئایەتی (١٠٩) لێرە بنووسینەوە ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

ئادەمیزادێکی وەکوو ئێمەیت و سیفەتی پێغەمبەرایەتیت نییە، ئەگەر راست ئەکەی پێغەمبەری خودای موعجیزەیەکمان بۆ دەربخە هەتا ببێت بە نیشانە لەسەر راستی تۆ.

﴿قَالَ هَٰذِهِۦ نَاقَةٌ لَّهَا شِرْبٌ وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿١٥٥﴾ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوٓءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٥٦﴾ فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا۟ نَٰدِمِينَ ﴿١٥٧﴾ فَأَخَذَهُمُ ٱلْعَذَابُ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٥٨﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٥٩﴾﴾

جا لە پاش ئەوە کە گەلی سەموود داوای موعجیزەیان لە حەزرەتی ساڵح عليه السلام کرد کە بریتی بوو لە وشترێ لەگەڵ بەچکەیا و حەزرەتی ساڵح دوعای کرد و خودای تەعالا دوعاکەی قەبووڵ کرد و وشترەکەی لەسەر داوا و ئارەزووی ئەوان لە بەردەکە دەرکرد، حەزرەتی ساڵح عليه السلام فەرمووی: ئەمە ئەو وشترەیە کە ئێوە داواتان کرد، بەڵام ئەبێ بزانن ئەم وشترە بەشێکی هەیە لەو ئاوەی کە ئاژەڵی لێ ئاو ئەدەن لە رۆژێکدا و، بۆ ئێوەیش بەشێ لەو ئاوە هەیە لە رۆژێکی دیاریدا، بەڵام دەس بۆ ئەو وشترە مەبەن بە خراپە، نە بە لێدان و نە بە کوشتن، ئەگەرنا سزای رۆژێکی گەورە ئەتان گرێ.

وە لەگەڵ ئەم ئامۆژگارییەدا ئەوان لەسەر چاودێری ئەو وشترە دەوامیان نەکرد و پیاوێکیان نارد چوارپەلی بڕی و وشترەکە مرد و، ئەوانیش لە بیمی ئەوە کە مەبادا سزا بێتەسەریان پەشیمان بوونەوە لەو کارە ناباره، جا ئەو سزا کە ساڵح فەرمووی هات بەسەریانا، بە راستی لەم باسەدا نیشانەیەکی گەورە هەیە لەسەر گەورەیی خودا لە: دەر کردنی ئەو وشترە لەو بەردە ئەوان دیارییان کردبوو، لە خواردنەوەی ئاوەکەیان لە رۆژێکدا و، لە نازڵبوونی سزا لە سەریان بە هۆی پەیکردنی وشترەکەوە، لەگەڵ

ئەوەدا زۆربەی ئەو گەلی سەمموودە ئیمانیان نەبوو بە گەورەیی خودا و بە قسەی حەزرەتی سالْح عليه السلام. [وە بە راستی خودای تۆ زاڵە بەسەر خواستی خۆیا و میهرەبانە بۆ خەڵك][١].

﴿كَذَّبَتْ قَوْمُ لُوطٍ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٦٠﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٦١﴾ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٦٢﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٦٣﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٦٤﴾ أَتَأْتُونَ ٱلذُّكْرَانَ مِنَ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٦٥﴾ وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ عَادُونَ ﴿١٦٦﴾﴾

واتە گەلی لووت عليه السلام پێغەمبەرەکانیان بەدرۆخستەوە لەو کاتەدا کە لووتی برایان پێی فەرموون: ئایا ئێوە لە خودا ناترسن؟ ئەی گەل من فرستادەیەکی ئەمینم بۆ ئێوە، لە خودا بترسن و پەیڕەویم بکەن و من داوای کرێ و پاداش لە ئێوە ناکەم لە بەرابەری ئەم پەیام راگەیاندن و ئامۆژگارییەوە و، پاداشی من لای خودای عالەمە. ئایا ئێوە ئەوەندە لە یاسای دین و رەوشت لائەدەن کە ئەچنە لای ئینسانی نێرینە و واز لەوانە دێنن کە خودا بۆی دروست کردوون لە ژنەکانتان؟! دیارە ئێوە گەلێکن لە یاسای حەق دەرچوون.

﴿قَالُوا۟ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ يَـٰلُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُخْرَجِينَ ﴿١٦٧﴾ قَالَ إِنِّي لِعَمَلِكُم مِّنَ ٱلْقَالِينَ ﴿١٦٨﴾ رَبِّ نَجِّنِى وَأَهْلِى مِمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٦٩﴾ فَنَجَّيْنَـٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿١٧٠﴾ إِلَّا عَجُوزًا فِى ٱلْغَـٰبِرِينَ ﴿١٧١﴾ ثُمَّ دَمَّرْنَا ٱلْـَٔاخَرِينَ ﴿١٧٢﴾ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا ۖ

[١. تەرجەمەی ئایەتی (١٥٩)ش نەکرابووەوە لەبەرئەوە دووپاتکراوەی ئایەتی ١٤٠ بوو، بەڵام ئێمە بە جوانمان زانی دەقی تەرجەمەی ئایەتی ١٤٠ لێرە بنووسینەوە ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

فَسَآءَ مَطَرُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿١٧٣﴾ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً ۖ وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٤﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٧٥﴾

جا گەلەکەی لووت وتیان بە لووت: بە راستی ئەگەر واز لەم قسە و باسە نەیەنی تۆ لەوانە ئەبی کە لەم وڵاتە دەرئەکرێن. جا حەزرەتی لووت عليه السلام فەرمووی: بە راستی من رقم لەم ئیش و کارەی ئێوەیە و لێی پەستم و هەرگیز ناتوانم لە ناو ئێوەدا بم، ناتوانم بێدەنگ ببم و هەمیشە نارەزایەتی دەرئەبڕم.

جا کەوتە پاڕانەوە و فەرمووی: خودایە من و ئەهلەکەم رزگار بکە لە هاوڕێتی ئەم گەلە و لە کردەوەکەیان، ئێمەیش دوعاکەمان قەبووڵ کرد و خۆی و ئەهلەکەیمان رزگار کرد پیرەژنێ نەبێ کە لەسەر بڕیاری خودا و لە تۆڵەی ناپەسەندی کردەوەی خۆیدا لەوانەبوو لەو سزادا بمێنێتەوە.

پاش رزگار کردنی لووت و دەستەکەی باقی گەلەکەیمان لە ناو برد و بەردم بەسەرا باراندن، جا زۆر خراپە بارانێ کە بباری بەسەر گەلێکدا کە هەڕەشەیان لێ کرابێ و گوێیان بەم هەڕەشە نەدابێ. بە راستی لەم کارەساتەیشدا نیشانەیەکی گەورە هەیە لەسەر ئەوە خودای تەعالا یارمەتی پێغەمبەرانی خۆی ئەدا و لە واقیعدا زۆربەی ئەو گەلەیش ئیمانیان نەهێنا، وە بە راستی خودای تۆیش خاوەن عیززەت و میهرەبانە.

﴿كَذَّبَ أَصْحَـٰبُ لْـَٔيْكَةِ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٧٦﴾ إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٧٨﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٧٩﴾ وَمَآ أَسْـَٔلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿١٨٠﴾ ۞ أَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُخْسِرِينَ ﴿١٨١﴾ وَزِنُوا۟ بِٱلْقِسْطَاسِ ٱلْمُسْتَقِيمِ ﴿١٨٢﴾ وَلَا تَبْخَسُوا۟ ٱلنَّاسَ

﴿أَشْيَآءَهُمْ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿١٨٣﴾ وَٱتَّقُوا۟ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلْجِبِلَّةَ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٨٤﴾﴾

واتە: وەکوو «شوعەیب» رەوانە کرابوو بۆ «مدین» رەوانەیشمان کرد بۆ ئەو گەلە کە نیشتەجێی زەوییەکی خاوەن بێشەی وردەدار بوون و، حەزرەتی شوعەیب علیه السلام دەستی کرد بە ئامۆژگارییان و گەلێ لەگەڵیانا تێکۆشی و لە ئەنجاما گەلی خاوەن بێشە شوعەیبیان بەدرۆخستەوە و، بە هۆی ئەوەوە ئەویان بەدرۆخستبووەوە وەك ئەوە وابوو هەموو پێغەمبەرانیان بەدرۆخستبێتەوە؛ چونکی ئامانج یەکێکە، ئەو بەدرۆخستنەوەیشیان لەو کاتەدا کرد کە شوعەیب فەرمووی: بۆچی لە خودا ناترسن؟ بە راستی من فرستادەی خودام بۆ لای ئێوە، دەی لە خودا بترسن و پەیڕەویم بکەن و من داوای هیچ کرێ و پاداشێکتان لێ ناکەم و پاداشی من هەر لەسەر خودای عالەمە و لای ئەوە.

وە لە کاتی موعامەلە و کڕین و فرۆشتنا مەنەکانتان (واتە دەفری پێوانەتان) ڕەسا بێ و لە کاتی پێواندنی دانەوێڵەدا بۆ خڕیدار بە تەواوی بیپێون و لەوانە مەبن کە زیان لە خەڵك ئەدەن، وە کێشانە بە ترازوویەکی ڕێکی بێزیاد و کەم بکەن و، کووتاڵ و ماڵی خەڵك کەم مەکەن نە بە دەس و نە بە دەم. واتە بە دەم بە ناحەق ماڵیان عەیبدار مەکەن و بە دەستیش زیانیان لێ مەدەن، ئەم جۆرە کارانە هۆی فیتنە و فەسادن لە زەویدا و ئێوە فەساد مەکەن لە زەویدا:

ئینسان بۆ ئینسان مایەی ئیحسانە نامەردە کەسێ مایەی نوقسانە
تۆ بووی بە نامەرد ئەویش نامەردە جا بێ دەربچۆ لەم بگرە و بەردە؟

وە لەو پەروەردگارە بترسن کە ئێوەیشی لەگەڵ چینانی پێشوودا دروست کردووە.

جا پاش ئەم هەموو دەرسە بەسوودە تەماشا بکەن و بزانن ئەوان چییان وت؟

﴿قَالُوٓاْ إِنَّمَآ أَنتَ مِنَ ٱلۡمُسَحَّرِينَ ﴿١٨٥﴾ وَمَآ أَنتَ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا وَإِن نَّظُنُّكَ لَمِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿١٨٦﴾ فَأَسۡقِطۡ عَلَيۡنَا كِسَفٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١٨٧﴾﴾

وتیان: ئەی شوعەیب تۆ بەس ئینسانێکی جادووت لێکراوە و هۆشت نەماوە و، تۆ خۆت هەر ئینسانێکی وەکوو ئێمەی، بە راستی ئێمە گومانمان وایە کە تۆ لە درۆزنەکانی، ئەگەرنا ئەگەر راست ئەکەی رابەری خودای لە خودا بپاڕێرەوە قارمان لێ بگرێ و چەن پارچەیێ لە ئاسمان داڕووخێنە بەسەرمانا بە دوعای خۆت.

﴿قَالَ رَبِّيٓ أَعۡلَمُ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٨٨﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَهُمۡ عَذَابُ يَوۡمِ ٱلظُّلَّةِۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٍ ﴿١٨٩﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗۖ وَمَا كَانَ أَكۡثَرُهُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿١٩٠﴾ وَإِنَّ رَبَّكَ لَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٩١﴾﴾

حەزرەتی شوعەیب علیه‌السلام فەرمووی: خودای من زاناترە لە من و لە باقی زانایان بە کردەوەی ئێوە و لە کەس بێئاگا نییە، جا ناکۆکی کەوتە ناویان و لەسەر داوای خۆیان، کە ئەیانویست لە ئاسمانەوە سزایان بۆ بێتە خوار، سزا و ئازاری رۆژی «الظلة» داگیری کردن و گرتنی، بە راستی ئەو سزا و ئەو رۆژە سزایەك و رۆژێکی سەخت و گەورە بوو.

ریوایەت کراوە: خودا گەرمای زاڵ کرد بەسەریانا حەوت رۆژ و بێئیستراحەتی کردن لەبەر گەرما و ئاوی جۆگە و گۆزە و کوندەلانیان ئەکولا! لە ئەنجاما خودا پارچە هەورێکی نارد، ئەوانیش رایان کرد بۆ سێبەری ئەو پارچە هەورە، بە هیوای ئەوە کە لە گەرما رزگار بین، کەچی لەو هەورەوە گڕە و بڵێسەی گەرمی و تیشکی رۆژی گەرم هاتە خوارەوە و لێیدان و لە ژێریا مردن و دنیایان بەجێهێشت! بە

راستی لەم کارەساتانەدا نیشانەی گەورەیی خودا هەیە و، زۆربەی ئەوانە ئیمانیان نەبوو، بە راستی خودای تۆ بە عیززەتە و میهرەبانیشە، ئەنا ئەوەندە مۆڵەتی نەدەدان.

﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِىٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾ وَإِنَّهُۥ لَفِى زُبُرِ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٩٦﴾ أَوَلَمْ يَكُن لَّهُمْ ءَايَةً أَن يَعْلَمَهُۥ عُلَمَٰٓؤُا۟ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿١٩٧﴾ وَلَوْ نَزَّلْنَٰهُ عَلَىٰ بَعْضِ ٱلْأَعْجَمِينَ ﴿١٩٨﴾ فَقَرَأَهُۥ عَلَيْهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ مُؤْمِنِينَ ﴿١٩٩﴾ كَذَٰلِكَ سَلَكْنَٰهُ فِى قُلُوبِ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٢٠٠﴾ لَا يُؤْمِنُونَ بِهِۦ حَتَّىٰ يَرَوُا۟ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَلِيمَ ﴿٢٠١﴾ فَيَأْتِيَهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٢٠٢﴾ فَيَقُولُوا۟ هَلْ نَحْنُ مُنظَرُونَ ﴿٢٠٣﴾﴾

وە بە راستی ئەم ئایەتە پیرۆزانە کە باسی بەسەرهاتی پێغەمبەرانت بۆ ئەکەن لەگەڵ گەلەکانیانا ئایاتێکن کە پەروەردگاری هەموو عالەم رەوانەی کردوونەتە خوارەوە و فریشتەی گەورە جوبرەئیل کە بە «روح الامین» ناسراوە لەگەڵ ئەو ئایەتانەدا هاتووەتە خوارەوە بۆ سەر دڵت. واتە بە جۆرێ خوێندوویەتیەوە بەسەرتا لە پێشا دڵت لەفزو مەعناکەی وەرگرتووە ئەوسا گوێچکەت و زمانت بەشدار بوون تیایا، بە پێچەوانەی وتاری یەکێ لە ئێمە بۆ هاورێکەی، ئەوە لە پێشا گوێچکەی ئەیبیسێت جا دڵی وەری ئەگرێ، ئەوسا ئەتوانێ بە زمانیش ئەو قسەیە بگێرێتەوە، وە مەبەست لە نازڵکردنەکەیا ئەوەیە کە تۆ داخلی کۆمەڵی پێغەمبەرانی ئادەمی ترسێن ببی، وەکوو ئەوان گەلەکەی خۆیان ترساندووە لە سزای خودا، تۆیش وەها گەلەکەت بترسێنی بە زمانێکی عەرەبی رووناك و راستی دەرخەر، وە ئەم ئایەتانە و رۆحی مەعنا و مەغزەکەیان هەیە لە جەمیعی ئەو کتێبانەدا کە لە لایەنی خوداوە

هاتوون بۆ پێغەمبەران؛ چونکی ئەوەی لە قورئانی پیرۆزا هەیە لە بیر و باوەڕ و بانگ کردنی ئادەمیزاد بۆ ئیمان بە خودای تاق و تەنیا و ئیمان بە رۆژی قیامەت و هەستکردن بە مەسئوولییەت، لە ئەحکامی موشتەرەکە لە بەینی هەموویانا و جیاوازییان تەنیا لە ئەحکامی عەمەلیدا هەیە ئەگەر موخالەفە ببێ.

ئایا نابێ بە بەڵگە و نیشانە لەسەر راستی قورئانی پیرۆز و هاتنی لە لای خودای تەعالاوە ئەمە کە زانا گەورەکانی «بني اسرائيل» ئەزانن کە پێغەمبەرێکی گەورە لە ئاخر زەمانا رەوانە ئەکرێ لەگەڵ کتێبێکی پیرۆزدا و لەگەڵ کۆمەڵێ یارانی بەختیاری وادا کە کتێبەکەیان ئەخوێننەوە و ریعایەتی ئەکەن وەکوو بە تایبەتی لە سیفری حەزرەتی «شەعیا» دا نووسراوە.

وە ئێمە تۆمان هەڵبژاردووە ئەی خۆشەویست بۆ ئەوە قورئان نازڵ بکەینە سەرت؛ چونکی ئەم قورئانەمان نازڵ بکردایە بۆ سەر بازێ لەوانە کە غەیرە عەرەبین، وە ئەو کەسە قورئانی بخوێندایەتەوە بەسەریانا ئیمانیان پێ نەدەهێنا لەبەر «ئیستینکاف»یان لەوە کە بەیاناتی عەرەبی لە غەیری عەرەب وەربگرن، بەڵام تۆ لە خۆیانی بەڵکوو لە خۆلاسەیانی. ئاوەها قورئانمان بردووەتە ناو دڵی تاوانبارەکانەوە کە لە مەعناکەی تێ ئەگەن، کەچی لەگەڵ ئەوەدا لەبەر عیناد یا لەبەر عار یا لەبەر بازێ شتی بێ ئیعتیبار باوەڕی پێ ناکەن و ناکەونە شوێنی و ئیمانی پێ ناهێنن، هەتا «ذاتا» سزا و ئازاری قاری خودایان بە شیددەت چاو پێ ئەکەوێ، جا لە کوتوپڕدا ئەو سزایان بۆ دێ، ئەوانیش نازانن بە هاتنی و بە هۆی هاتنەکەی، جا لەو کاتەدا بە حەسرەتەوە ئەڵێن: ئایا ئێمە مۆڵەتمان ئەدرێ و ئەم سزامان لێ دوورئەخرێتەوە هەتا بیرێ بۆ حاڵی خۆمان بکەینەوە، «حاشا و کلا» ماوەی زۆرمان بە خۆڕایی سەرف کرد و رەهبەران گەلێ لە گەڵیانا تێکۆشین و سوودی نەدا، تازە ئیتر وەختی مۆڵەتیان نەماوە.

﴿أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ ﴿٢٠٤﴾ أَفَرَءَيْتَ إِن مَّتَّعْنَٰهُمْ سِنِينَ ﴿٢٠٥﴾ ثُمَّ جَآءَهُم مَّا كَانُوا۟ يُوعَدُونَ ﴿٢٠٦﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يُمَتَّعُونَ ﴿٢٠٧﴾ وَمَآ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ إِلَّا لَهَا مُنذِرُونَ ﴿٢٠٨﴾ ذِكْرَىٰ وَمَا كُنَّا ظَٰلِمِينَ ﴿٢٠٩﴾﴾

ئایا پاش ئەم هەموو ئایەتە پیرۆزانە کە باسی سزای ئەو گەلانەی گێڕایەوە بۆیان کە پەلەیان ئەکرد بۆ نازڵبوونی سزا و لە ئەنجامی کارا سزایان بۆ هات و ئەوانیش پەشیمان بوونەوە لەو پەلە پەل کردنە بۆ سزا، ئایا ئەم کافرانی قورەیشە هێشتا پەلە ئەکەن بۆ نازڵبوونی سزا بۆ سەریان؟ ئا پێم بڵێ و ئاگادارم بکە ئەگەر من ئەو کافرانەم ماوە دا کە چەن ساڵی زۆر رابوێرن، وە پاش ئەوە ئەو سزای کە وەعدەیان پێ دراوە هاتە سەریان هیچ سوودێ نادا بەوان بۆ دەفعی سزا لەوان ئەو رابواردن و خۆشییە کە لە ساڵەهای ساڵدا وەریان گرتووە؟

کە وایە با ئیتر بەس پەلە بکەن بۆ سزا، با لەمە زیاتر «ئیستیحقاق»ی سزا پەیدا نەکەن ئەنا لە پاش ئینزار عوزریان هەیە لە ناردنی سزادا بۆ سەریان، وە فیعلەن هیچ وڵاتێ و هیچ شار و دێیەکمان وێران نەکردووە و خەڵکەکەمان لە ناو نەبردووە ئیللا پێش ئەوە سزا و بەڵاکە دامێن‌گیریان ببێ چەن کەسێ لە رەهبەران و پێغەمبەران یا لە زانایانی هۆشیاری حەقیقەتزان و لە پیاوانی خودا ئەوانیان ترساندووە بۆ ئەوە کە ئەو گەلە بیر بکەنەوە و لە تاوانباری لادەن، ئەنا ئێمە هەرگیز ستەمکار نەبووین و کەسمان بە بێ ترساندن و ئاگادار کردنەوە سزا نەداوە و گیرۆدەمان نەکردووە.

﴿وَمَا تَنَزَّلَتْ بِهِ ٱلشَّيَٰطِينُ ﴿٢١٠﴾ وَمَا يَنۢبَغِى لَهُمْ وَمَا يَسْتَطِيعُونَ ﴿٢١١﴾ إِنَّهُمْ عَنِ ٱلسَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ ﴿٢١٢﴾ فَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَكُونَ مِنَ ٱلْمُعَذَّبِينَ ﴿٢١٣﴾﴾

وە بە قەراری قەتعی شەیاتین ئەم قورئانەیان نەهێناوە بۆ تۆ و نەیانخستووەتە دڵی تۆوە و، نە ئەتوانن شتی وا بکەن و، نە کاری وایان پێ سپێرراوە؛ چونکی کەلامی قودسی دوورە لە گرۆهێ کە خاوەن فەسادی نەفسی بن، قورئان لە لای خوداوە و بە سەفارەتی فریشتەی ئەمینەوە گەیشتووە بە تۆ و قەت بۆ شەیاتین ناشێ ئەمینداری قورئان بن (نامووس نادرێ بە دەستی نامەحرەمەوە) شەیاتین هێزی ئاگرین و بەدکاری زاڵە لە فیترەتیانا و ئەوەندە لەگەڵ پیرۆزیدا تێکەڵی و پەیوەندییان نییە، تەماشا بکە بە راستی ئەوان لە بیستنی ئایەتی خودا و لە بیستنی کەلامی مەلائیکەکان «معزول» و مەنع کراون ئیتر چۆن ئەبن بە مەسدەری هاتنی قورئانی پیرۆز؟

دەستی شەیاتین لە قورئان دوورە   ئەوان تاریکی قورئانیش نوورە
ئینسانی ناپاک، یانی بێدەسنوێژ   چ جایێ لەش‌پیس بە قەولی حەق‌وێژ
حەرامە دەستیان بدەن لە قورئان   دەی چۆن قورئان دێ بە دەستی شەیتان؟!
باوەڕتان بێ قورئان نوورینە   واسیتەی وەسڵیش «روح الامین»ە

کە مادام تۆ مەزهەری بۆ وەحی خودا و بۆ قورئانی پیرۆز کە ئەخباری کۆن و تازە و لەمەولای جیهانت بۆ روون ئەکاتەوە بە جۆرێ عەقڵی عاقڵان ناگا بە دەرکی ئەسراریا، تۆ بە رۆح و دڵ رووت لە خودا بێ و لەگەڵ بانگ‌کردن لە خودادا بانگ لە خودایێ‌تر و لە کەسێکی‌تر مەکە؛ چونکی لەگەڵ حەقدا جێگەی بەتاڵ نابێتەوە، ئەگەر بە فەرزی مەحاڵ، تۆ بانگ لە کەسێ‌تر بکەی ئەوە لە سزا دراوەکان ئەبی. وە ئەم ئایەتە تەعریزە بە فەسادی حاڵی ئەوانە کە هاوڕێ بۆ خودا دائەنێن، واتە ئەوانە کە لەگەڵ خودای «واجب الوجود»ا ئیعتیباری مادەی نابوود ئەکەن، ئەوانە بەدبەختن و سزای سەخت بەشیانە. خودا پەنامان بدا!

﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ ٱلْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ وَٱخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢١٥﴾ فَإِنْ عَصَوْكَ فَقُلْ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢١٦﴾ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٢١٧﴾ ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ﴿٢١٨﴾ وَتَقَلُّبَكَ فِى ٱلسَّٰجِدِينَ ﴿٢١٩﴾ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٢٢٠﴾﴾

وه مادام تۆ له‌م هه‌موو نهێنییه‌ك گه‌یشتیت و گه‌وره‌یی خودات بۆ ده‌ركه‌وت هه‌میشه تێكۆشه بۆ به‌هێز كردنی په‌یوه‌ندی خۆت له‌گه‌ڵ خودادا و ئه‌و خزمانه‌ت كه زۆر نزیكن و تێكه‌ڵن له‌گه‌ڵتا بیان ترسێنه له سزای خودا و ئاگاداریان بكه له یاسای میانه‌كاری و میزانی رۆژی قیامه‌ت. وه باڵی میهره‌بانی خۆت دانه‌وێنه بۆ ئه‌وانه كه په‌یره‌ویت ئه‌كه‌ن له خاوه‌ن ئیمانه‌كان، وه ئه‌گه‌ر نافه‌رمانییان كردی تۆ پێیان بڵێ: من به‌ریم له‌و كرده‌وانه ئێوه ئه‌یانكه‌ن و ئیعتیماد بده‌ره سه‌ر ئه‌و خودایه كه خاوه‌ن عیزه‌ته و خاوه‌ن هێزه و ده‌سته‌ڵاتی به‌سه‌ر هه‌موو كارێك و هه‌موو مه‌وجووداتێكدا ئه‌شكێ، ئه‌و خودایه كه تۆ ئه‌بینێ له كاتێكدا رائه‌وه‌ستی بۆ نوێژ كردن له شه‌ونوێژا كه كاتی خه‌ڵوه‌ته له‌گه‌ڵ موراقه‌به‌ی خودادا، وه ئه‌تبینێ كاتێ له ریزی جه‌نگاوه‌ران و جیهادكه‌رانا رائه‌وه‌ستی، هه‌روا كاتێ له‌سه‌ر مینبه‌ری وتار و رێنومایی موسوڵمانان بۆ خودا ناسی رائه‌وه‌ستی، هه‌روا كاتی راوه‌ستان بۆ بیر كردنه‌وه له رێخستنی كاری موسوڵماناندا و، هه‌ڵسووڕانت له ناو نوێژكه‌راندا ئه‌بینێ. به راستی خودا بیسه‌ری هه‌موو ده‌نگێكه و زانایه به هه‌موو شتێ.

بزانن! كاتێ ئایه‌تی: ﴿وأنذر عشيرتك الأقربين﴾ هاته خواره‌وه حه‌زره‌ت ﷺ رۆیشت له‌سه‌ر ته‌پۆڵكه‌ی سه‌فا راوه‌ستا و به ده‌نگی به‌رز فه‌رمووی: ئه‌ی هۆزی قوره‌یش نه‌فسی خۆتان له خودای ته‌عالا بكڕن من سوود به ئێوه ناگه‌یه‌نم. ئه‌ی نه‌وه‌ی «عبدالمناف» من له لایه‌نی خوداوه هیچ سوودێك به ئێوه ناگه‌یه‌نم، ئه‌ی

عەباسی کوڕی «عبدالمطلب» من سوود بە تۆ نادەم لە لای خوداوە، ئەی سەفیەی پوورم من هیچ سوودێ بە تۆ ناگەیەنم لە لایەنی خوداوە، ئەی فاتیمەی کچی موحەممەد من سوودم نییە بۆ تۆ لای خوداوە و لە ڕۆژی قیامەتا، ئەگەر داوای ماڵی دنیا ئەکەی بیکە.

جا ئەگەر کەسێ بڵێ: ئەم حەدیسە شەریفە چۆن لەگەڵ ئەو ئایەتانەدا ڕێك ئەکەوێ کە دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەوە شەفاعەت بۆ پێغەمبەر هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا و حەزرەت ﷺ گەلێ سوود ئەگەیەنێ بە ئادەمیزاد؟

لە وەڵامدا ئەڵێین: خراپەیەك ڕوو نادا و مونافات نییە، لەبەر چەن بەڵگە:

یەکەم: ئەم حەدیسە شەریفە بۆ ئەوە وارید بووە کە پێغەمبەر ﷺ بە گوێرەی ئایەتەکە خزم و کەس و کاری خۆی بترسێنێ، وتارێ بەیانی ترساندنی پێ بکرێ پێویستە وەها بێ کە دڵی ئینسان بترسێنێ و قەید و شەرتی تێدا نەبێ.

دووهەم: ئەم حەدیسە شەریفە وارید بووە بۆ بەیانی یاسای عەداڵەتی خودای تەعالا؛ چونکی لە پاش مولاحەزەی ئایەتی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر دەرئەکەوێ خودای تەعالا بەرابەر بە بەندەکانی خۆی دوو قانوونی هەیە:

١. قانوونی عەداڵەت؛ کە بریتییە لەوە هیچ کەسێ تاوانی کەس وەرنەگرێ و هیچ کەس کەڵك لە خێری کەس وەرنەگرێ، وە هەرکەسێ لە ئەوەڵ و ئاخرەوە تەماشای بیر و باوەڕی خۆی بکات، وەکوو لە ئایەتی: ﴿لها ما کسبت و علیها ما اکتسبت﴾[1] و ئایەتی: ﴿و لا تزر وازرة وزر أخری﴾[2] و ئایەتی: ﴿فاذا نفخ في الصور فلا أنساب بینهم یومئذ ولا یتساءلون﴾[3] و ئایەتی: ﴿وأن لیس للإنسان إلا ما سعی﴾[4] و ئایەتی تریشەوە دەرئەکەوێ.

---

١. البقرة؛ ٢٨٦.
٢. الأنعام؛ ١٦٤.
٣. المؤمنون؛ ١٠١.
٤. النجم؛ ٣٩.

٢. قانوونی فەزڵ و ئیحسان و میهرەبانی خودا؛ لەسەر ئەم قانوونە شەفاعەتکردن هەیە لە رۆژی قیامەتا بۆ تاوانباران لە لایەنی حەزرەتەوە ﷺ، هەروا لە لایەنی پێغەمبەرانی‌تر و ئەسحاب و شەهیدان و پیاوچاکانەوە، وەکوو لە حەدیسە سەحیحەکانەوە دەرکەوتووە. هەروا خێر و چاکە سوودی هەیە بۆ زیندوو و مردوو، هەروا دوعا کردن بۆ مردوو بۆ زیندوو، وەکوو خودا بە ئایەتی: ﴿والذين جاؤا من بعدهم يقولون ربنا اغفر لنا ولإخواننا الذين سبقونا بالإيمان﴾[1] و ئایەتی: ﴿والذين آمنوا واتبعتهم ذريتهم بإيمان ألحقنا بهم ذريتهم، وما ألتناهم من عملهم من شيء، كل امرىء بما كسب رهين﴾[2] دا بڕیاری داوە.

ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەر ئەوە بە بێ تێکۆشینی ئینسان خودای تەعالا لە گەلێ ڕێگەوە عەفوو چاوپۆشی لە تاوانی هەیە، بۆیە خودا فەرموویەتی: ﴿إن الله لا يغفر أن يشرك به و يغفر ما دون ذلك لمن يشاء﴾.[3]

مەبەست ئەمەیە ئەو ئایەت و حەدیسانە کە دەلالەت ئەکەن لەسەر سەختی و بەکار نەهاتنی کەس بۆ کەس هەموو لەسەر یاسای تەتبیقی عەداڵەتی خودان و، ئەو ئایەت و حەدیسانەیش کە دەلاڵەت ئەکەن لەسەر سوود وەرگرتنی ئینسان لە تکا و دوعا و چاکە و غەیری ئەمانە... هەموو لەسەر قانوونی فەزڵ و ڕەحمەتی خودان و دەرگای ڕەحمەتی خودا کراوەیە و بە کەس ناگیرێ.

﴿هَلْ أُنَبِّئُكُمْ عَلَىٰ مَن تَنَزَّلُ ٱلشَّيَٰطِينُ ﴿٢٢١﴾ تَنَزَّلُ عَلَىٰ كُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ ﴿٢٢٢﴾ يُلْقُونَ ٱلسَّمْعَ وَأَكْثَرُهُمْ كَٰذِبُونَ ﴿٢٢٣﴾﴾

---

١. الحشر؛ ١٠.

٢. الطور؛ ٢١.

٣. النساء؛ ٤٨، ١١٦.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە شەیاتین پەیوەندییان بە وەحیەوە نییە و پێغەمبەر ﷺ وەحی لە جوبرەئیلی ئەمین وەرئەگرێ و بەس.

ئەفەرموێت: ئایا خەبەرتان بدەمێ کە شەیاتین بۆ سەر دڵی کێ دێنە خوارەوە؟ ئەوانە دێنە سەر دڵی هەموو درۆزنێکی تاوانباری وەها کە گوێ رائەگرن لە هەموو قسەیەکی درۆ و دەلەسە و زۆربەیان لە قسە کردندا درۆزنن؛ چونکی ئینسانێ کە گوێ لە پیاوی درۆزن رابگرێ خۆیشی حەز بە درۆ ئەکا و درۆ بڵاو ئەکاتەوە بە ناو خەڵکدا. دەی مادام حەزرەتی موحەممەد ﷺ لە پێش ریسالەتا بە ئەمین مەشهوور بووە و درۆی نەکردووە و لە پاش ریسالەتیش دوور بووە لە درۆ ئاشکرایە دوورە لە ئیلقای شەیاتین، لەبەر ئەوە:

پیس لە بۆ پیسە و، پاک لە بۆ پاکە   ئینسانێ پاک بێ کردەوەی چاکە

﴿وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ ﴿٢٢٤﴾ أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ ﴿٢٢٥﴾ وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ ﴿٢٢٦﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا وَانتَصَرُوا مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُوا ۗ وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ ﴿٢٢٧﴾﴾

هەر وەکوو زانیتان کە پێغەمبەر ﷺ قورئانی لە جوبرەئیل وەرگرتووە و لە شەیاتینی وەرنەگرتووە. هەم بزانن کە حەزرەت ﷺ شاعیر نییە و قورئانەکەیشی شیعر نییە.

یەکەم: لەبەر ئەوە کە شیعر لەسەر یاسایەکی تایبەتی دامەزراو و تەقتیعاتێکی هەڵژمێرراو و لەسەر کێشێکی تایبەتی نەگۆڕاوە. وە قورئان وا نییە و پێغەمبەر مەشغووڵی ئەو یاسا و میزانە نەبووە.

دووەم: کە شاعیران زۆربەی پەیڕەوەکانیان ئینسانی گومڕا و دوور لە یاسای واقیع و ڕاستە، بەڵام پەیڕەوانی پێغەمبەر ﷺ ئینسانی خاوەن ڕەوشتی بەرز و خاوەن کردەوەی پیاوانەن و دوورن لە کاری نابار و گاڵتە و ڕابواردنی بێ‌جێ و مەشغووڵ بوون بە تەقوا و تاعەت و نوێژ و ڕۆژوو و شەونوێژ و جیهاد بۆ بەرز کردنەوەی خودا بەیەکناسی و ئایینی ئیسلام. کە وابێ ئەتوانی بە قانوونی ئیستیدلال بڵێیت: هەموو پەیڕەوانی موحەممەد پیاوی ژیر و مەردن و هەرکەسێ هەموو پەیڕەوەکانی ژیر و مەرد بن شاعیر نییە، کە وابێ موحەممەد شاعیر نییە. کە مادام خۆی شاعیر نەبوو ئەو کەلامەیش بۆی هاتووە شیعر نییە و کەلامی خودایە.

جا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە کە زۆربەی پەیڕەوانی شاعیران گومڕان ئەفەرموێت: ئایا تۆ تەماشا ناکەی کە شاعیرەکان لە هەموو دەر و دۆڵێکدا سەرگەردانن، واتە لە هەموو بابەتێکدا قسە ئەکەن و قسەکەیشیان لەسەر یاسای واقیع و ژیری نییە. ئەگەر مەدح یا زەم بکەن، یا خەڵك بترسێنن یا دڵخۆشییان بدەنەوە بە زۆری درۆ و دەلەسە و زیادەڕەوییە و قسەیان لەگەڵ ڕاستیدا یەك ناگرێ. وە لە ناو ئەو شیعرانەدا دایان ئەنێن گەلێ قسەی وا دەکەن کە خۆیان بە گوێرەی ئەوە ڕەفتار ناکەن و دوورن لە ناوەڕۆکی ئەو شیعرانی خۆیانە. ئەوانەیان نەبێ کە ئیمانیان هەیە و کردەوەی باش ئەکەن و حەقی خۆیان و مەسلەکی خۆیان لەوانە ئەسێنن کە ستەمیان لێ کردوون. لەمەولایش ئەو ستەمکارانە ئەزانن و چاویان پێ ئەکەوێ بە چ هەڵسووڕانێ هەڵئەسووڕێن و لە چ بارێکی عیزەتەوە ئەکەونە سەر باری کزی و داماوی و لەسەر باری ڕابواردنی دنیاوە ئەکەونە سەر چ بارێکی سزای قیامەت لە ڕۆژی تۆڵەدا!

سووره‌تی نه‌مل، مه‌ککه‌ییه، "٩٣" ئایه‌ته،
دوای سووره‌تی شوعه‌را هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿طسٓۚ﴾

ئه‌مه سووره‌تی تا سینه.

﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡقُرۡءَانِ وَكِتَابٖ مُّبِينٍ ١﴾

ئایه‌ته‌کانی ئه‌م سووره‌ته ئایه‌تی قورئانن و ئایه‌تی کتێبێکی رووناك که‌ره‌وه‌ی ئه‌و حه‌قایقه‌ن که هه‌ن له عاله‌ما وه‌کوو «لوح المحفوظ»بێ که له واقیعا هه‌موو شتێکی تیا نووسراوه.

﴿هُدٗى وَبُشۡرَىٰ لِلۡمُؤۡمِنِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ٣﴾

ئه‌و ئایه‌تی قورئانه رێگه‌نیشانده‌ر و موژده‌ده‌رن بۆ خاوه‌ن ئیمانه‌کان ئه‌و خاوه‌ن ئیمانانه‌ی که نوێژ به ره‌سایی و به شێوه‌یه‌کی باش جێبه‌جێ ئه‌که‌ن و زه‌کاتی ماڵی خۆیان ئه‌ده‌ن به‌وانه که موسته‌حه‌قن و ئه‌وانه‌یش هه‌ر ئه‌وانن که ئیمان و باوه‌ڕێکی راستیان هه‌یه به رۆژی قیامه‌ت و به‌و کاره‌ساته ده‌ست ئه‌که‌ون و روو ئه‌ده‌ن.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَهُمۡ يَعۡمَهُونَ ۝٤ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَهُمۡ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ وَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡأَخۡسَرُونَ ۝٥﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمان ناهێنن بە رۆژی قیامەت ئەوە کردەوە ناشیرینەکانیانم لە بەرچاویاندا جوان کردووە، جا ئەوانیش سەرگەردانن و بە سەرگەردانی ئەمێننەوە، وە ئەو کۆمەڵە ئینسانە کەسانێکن کە سزای خراپیان هەیە لە رۆژی قیامەتا و ئەوان لەو رۆژەدا وان لە زیان و خەساردا.

﴿وَإِنَّكَ لَتُلَقَّى ٱلۡقُرۡءَانَ مِن لَّدُنۡ حَكِيمٍ عَلِيمٍ ۝٦﴾

وە تۆ بە راستی قورئان لە لای زاتێکی خاوەن حیکمەت و کاری دامەزراو و بە سوودەوە وەرئەگری و ئەو زاتە زانایە بە ئەنجامی هەموو شتێ.

﴿إِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِأَهۡلِهِۦٓ إِنِّيٓ ءَانَسۡتُ نَارٗا سَـَٔاتِيكُم مِّنۡهَا بِخَبَرٍ أَوۡ ءَاتِيكُم بِشِهَابٖ قَبَسٖ لَّعَلَّكُمۡ تَصۡطَلُونَ ۝٧﴾

خودا زانایە بە ئەحواڵی عالەم لەو کاتەدا کە مووسای کوڕی عیمران فەرمووی بە ژنەکەی خۆی کە کچی حەزرەتی شوعەیب عليه السلام بوو کە لەگەڵ مووسادا لە سەفەرا بوون و ئەگەڕانەوە بۆ میسر و سەرمای بوو پێی فەرموو: من ئاگرێکم چاو پێکەوتووە و ئەچم بۆ لای و لەوێدا یا ئاوەدانی ئەبینم و خەبەری رێگەی راستی خۆمانم دەست ئەکەوێ و رێگە ئەدۆزینەوە، یاخود دەستەچیلەیێ ئاگر دێنم بەڵکوو ئاگر بکەینەوە و گەرم ببنەوە.

﴿فَلَمَّا جَآءَهَا نُودِيَ أَنۢ بُورِكَ مَن فِي ٱلنَّارِ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٨ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّهُۥٓ أَنَا ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ۝٩ وَأَلۡقِ عَصَاكَۚ فَلَمَّا رَءَاهَا

تَهۡتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنّٞ وَلَّىٰ مُدۡبِرٗا وَلَمۡ يُعَقِّبۡۚ يَٰمُوسَىٰ لَا تَخَفۡ إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴿١٠﴾ إِلَّا مَن ظَلَمَ ثُمَّ بَدَّلَ حُسۡنَۢا بَعۡدَ سُوٓءٖ فَإِنِّي غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١١﴾ وَأَدۡخِلۡ يَدَكَ فِي جَيۡبِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٖۖ فِي تِسۡعِ ءَايَٰتٍ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ وَقَوۡمِهِۦٓۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ ﴿١٢﴾

جا کاتێ مووسا هات بۆ لای ئەو ئاگرە و گەیشتە ئەو شوێنە کە بە خەیاڵی خۆی دانابوو ئاگرەکە لەوێدایە، لە غەیبەوە بانگی لێکرا و پێی وترا: پیرۆزی درا بەو کەسە وا لە شوێنی ئاگرەکەدا و بەو کەسەیش وا لە دەوری ئاگرەکەدا و پاکی لە عەیب و لە فەسادی کردەوە بۆ ئەو خودایەتە کە پەروەردگاری هەموو عالەمە.

بزانن! لەو کاتەدا ئەو کەسە کە لە ئاگرەکەدا بووە، واتە لە شوێنی ئاگرەکەدا بووە بەس حەزرەتی مووسا بوو؛ چونکی ئەو ئاگرە کە مووسا چاوی پێیکەوت ئەوە پرتەوێ بوو لە لایەنی خوداوە دروستکرابوو لەوێدا، ئەنا ئاگر لەو شوێنەدا نەبووە. وەلحاسڵ ئەو شوێنە خۆی و هەموو دەورەکانی پیرۆزە لە دینی ئیسلاما.

وە لە پاش ئەو قسە پێشووە بانگی کرد و فەرمووی: بە راستی شان وایە کە من خودای خاوەن عیززەت و خاوەن حیکمەتم لە هەر کارێکدا کە ئەیکەم. وە فەرمووی: ئەی مووسا عاساکەت فڕەدە و پاش فڕەدانی بوو بە مارێکی گەورەی وا کەوتە تەکان، جا کاتێ مووسا چاوی پێی کەوت وا بوو بە مارێکی خاوەن تەکان «کأنه» تووڵە مارێکە ئەوەندە سووك هاتوچۆی ئەکرد بەم لاو بەولادا، مووسا پشتی هەڵکرد و ئیتر لە ترسا نەگەڕایەوە بۆ سەر مارەکە، جا خودا بانگی کرد: ئەی مووسا مەترسە بە راستی پێغەمبەران لە لای منا ناترسن مەگەر کەسێ کە وەختی خۆی ستەمێکی کردبێ لە پاش ئەوە ئیشێکی باشی کردبێ لە پاش ئەو خراپەیە کە کردی ئەوە بە

راستی من تاوانبەخش و میهرەبانم، ـ ئەم ئیستیسنا (جیا کردنەوە)یە ئیشارەتە بۆ بەسەرهاتەکەی قیبتییەکە ـ ئەی مووسا دەست بکە بە بەرۆکەکەتا هەتا بێتە دەرەوە بە سپێتی و جوانی بە بێ ئەوە عەیب و نەخۆشینێکی ببێ، وە ئەم دوو موعجیزە ئیعتیبار بکەن لەگەڵ نۆ موعجیزەیترا و بڕۆن بۆ لای فیرعەون و قەومەکەی، بە راستی ئەوانە گەلێکن لە حەق لایان داوە، وە ئەو نۆ ئایەتە عیبارەتن لە: کۆڵان خستنە ناو دەریای نیل و، تۆفان و لافاو و، کولـلە و، سپێ و، بۆق و، خوێن و، گرانی لە وڵاتا و، کەم و کووڕی لە کشتوکاڵیانا، وە ئەگەر عاسا و دەستی پڕتەوداریش بژمێرین ئەبێ بازێ لە پێشووەکان دوو بەیەك حسێب بکرێن.

﴿فَلَمَّا جَآءَتۡهُمۡ ءَايَٰتُنَا مُبۡصِرَةٗ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ۝١٣ وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسۡتَيۡقَنَتۡهَآ أَنفُسُهُمۡ ظُلۡمٗا وَعُلُوّٗاۚ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُفۡسِدِينَ



لە کاتێکدا ئەو بورهانانی ئێمە هاتنە لایان و دەرکەوتن بۆیان بە رووناکی وتیان: ئەم کارانە جادوویەکی ئاشکران و بە عیناد ئینکاری هەموو ئەو بورهانەیان کرد و لە کانگەی رۆحیشیانەوە بە لایانەوە راست بوون و نەفسیان بە یەقین ئەیزانین، بەڵام هەر ئینکاریان کرد لەبەر ستەمکاری و بوڵەندباری و لەبەر توغیان و جەفا جا بۆیان بڕوانە و بزانە ئەنجامی فەسادکاران چۆن هاتە پێشەوە.

لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەرکەوت کە یەقین بە شت گردئەبێتەوە لەگەڵ ئینکاری ئەو شتەدا بە هۆی عەنادەوە، مەسەلا کە وابوو ئیمان تەنیا تەسدیقی یەقینی نییە بەڵکوو پێویستە «انقیاد» و «استسلام»ی نەفسی و رەزای دڵی لەگەڵا بێ، وەکوو زانا بەرزەکان ئەم قسەیانە فەرمووە.

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ وَسُلَيْمَٰنَ عِلْمًا ۖ وَقَالَا ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى فَضَّلَنَا عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّنْ عِبَادِهِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥﴾﴾

به راستی بەخشیمان بە داوود و سولەیمانی کوڕی علیهما السلام بەشێ لە زانیاری، بەشێکی گەورە لە عولوومی ڕۆحییەی نوبووەت و ریسالەت و شەریعەت و ئایین و حیکمەت و زانیاری ئیدارەی ئوممەت و زانیاری ئەحواڵی خەڵکی جیهان، وە ئەوانیش سوپاسی ئێمەیان کرد لەسەر ئەو نیعمەتە گەورە و وتیان: هەرچی سەنا و ستایشە بۆ ئەو خودایە کە بە ئیحسانی خۆی تەفزیلی ئێمەی داوە بەسەر گەلێ لە بەندە خاوەن ئیمانەکانیا.

﴿وَوَرِثَ سُلَيْمَٰنُ دَاوُۥدَ ۖ وَقَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ وَأُوتِينَا مِن كُلِّ شَىْءٍ ۖ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٦﴾﴾

وە سولەیمان بە میرات تەختی گەورەیی لە داوودەوە بۆ بەجێما وەکوو ئێمە بە ئیحسان و میهرەبانی خۆمان ریسالەت و حیکمەت و زانیاریمان پێدابوو، وە گەلێ لە نهێنی جیهان وەکوو حاڵی بوون لە زمانی گیانلەبەرانمان پێدابوو، وە ئەویش ئیعلانی کرد و فەرمووی: ئەی ئادەمیزادانی دەور و بەرمان لە لای خودای خۆمانەوە زانیاری زمانی پەلەوەرمان نیشان دراوە و لە هەموو نیعمەتێ کە لە چەرخی ئێمەدا هەیە بەشمان دراوە، بە راستی ئەمە فەزڵێکی گەورە و دیارییە.

﴿وَحُشِرَ لِسُلَيْمَٰنَ جُنُودُهُۥ مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ وَٱلطَّيْرِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٧﴾ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوْا۟ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ قَالَتْ نَمْلَةٌ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُوا۟ مَسَٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿١٨﴾ فَتَبَسَّمَ ضَاحِكًا مِّن

قَوْلِهَا وَقَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِيٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٩﴾

وە لە ڕۆژێکدا بۆ کارێکی گرنگ بە فەرمانی سولەیمان عليه السلام سوپاکەی لە پەری و ئادەمیزاد و پەلەوەر گرد کرایەوە بە شێوەیێ کە ئەندامانی ئەو سوپایە ڕاگیر ئەکران هەتا بەرودوایان یەکانگیر ئەبن. جا لە قودسەوە بەرەو شام کەوتنە ڕێگە، هەتا گەیشتنە شوێنی کە شارە مێروولەی زۆرە بە «شیوی مێروولە» ناسراوە، لەوێدا یەکێ لە مێروولەکان لە بەرزاییەکەوە چاوی کەوت بە سوپاکەی سولەیمان وا بەرەو شاری ئەوان هاتن، بە زمان و شێوەی خۆیان بانگی کرد لە باقی مێروولەکان و وتی: ئەی مێروولەکان هەموو بڕۆنە ناو کونەکانی خۆتانەوە و خۆتان پەنا بدەن و بەدەرەوە مەمێنن، نەبادا سولەیمان و سوپاکەی بە پێی خۆیان و حەیوانی باری و سواری خۆیان پێتان پێدا بنێن و لە ناوتان ببەن و ئەوان ئاگایان لە خۆیان نەبێ و نەزانن کە ئێوە وان لەسەر ڕێگەی ئەوانا!

کاتێ حەزرەتی سولەیمان عليه السلام ئەم قسەی لەو مێروولە بیست بە زەردەخەنەیەکەوە پێکەنی لە خۆشی ئەو زانستەوە کە خودا پێی داوە لە قسەی ئەو مێروولە حاڵی ئەبێ، وە لە خۆشی ئەو حیکمەتە جوانەوە کە لەو تەعلیمە دەرکەوت. واتە پێویستە هەر گەلێ گەورەیەکیان ببێ کارو باریان بەرێ بەرێوە و، لە کاتی نەهاتا ڕێگەی ڕزگارییان پێ نیشان بدا. وە لەوەیشن کە ئەو مێروولە دەرحەق بە سولەیمان گومانی باش بوو باوەڕی وا بوو ئەگەر سولەیمان بیزانیایێ ئەو ڕێگە لەسەر شاری مێروولەیە لەبەر بەزەیی و عەداڵەتی خۆی ڕێگەکەی ئەگۆڕی و سوپاکەی لە شوێنێ‌ترەوە ئەبرد.

وە لە عەینی کاتا سولەیمان بە پاڕانەوە گەڕایەوە بۆ لای خودا و فەرمووی: خودایا هێز و ماوەم پێ بدە کە بە سافی و ساغی سوپاسی ئەو نیعمەتەت بکەم کە داوتە بە من و داوتە بە باوك و دایکیشم؛ باوکم لە بێناوییەوە ناوت پێدا و یارمەتیت دا لەسەر کوشتنی جالووت و کردت بە پاشا و کردت بە پێغەمبەر و «زەبوور»ت بۆ نارد و، ئاسنت بۆ نەرم کرد و کێو و پەلەوەرەکانت وا رام کرد تەسبیحاتی تۆ بکەن لەگەڵیا. وە دایکیشمت کرد بە هاوڕێی باوکم و لە بەشی خانەدانی پێغەمبەرا بەشدارت کرد. خودایە یارمەتیم بدە تا کارێکی باش بەکەم هۆی ڕەزامەندی تۆ بێ و بە میهرەبانی خۆت بمخەرە ریزی بەندە بەرێزە چاکەکانی خۆت.

﴿وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَآ أَرَى ٱلْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ ٱلْغَآئِبِينَ ﴿٢٠﴾ لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَاْذْبَحَنَّهُۥٓ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٢١﴾﴾

حەزرەتی سولەیمان ﷺ لە هەر شوێنێکدا پێویستیان بە هەڵکەندنی بیر بوایە فەرمانی ئەدا بە «پەپۆسلێمانە» تەماشای ئەو زەوییە بکا، هەتا ئاوی نزیکی ئەدۆزییەوە؛ چونکی وا مەشهوورە چاوی ژێر زەوی ئەبینێ.

جا لەو سەفەرەدا لەبەر پێویستی ئاو کەوتە هەواڵپرسینی پەپۆسلێمانە و دیار نەبوو، جا فەرمووی: بۆچی پەپۆسلێمانە نابینم چی بەسەر هاتووە؟ یان خۆی شاردووەتەوە؟ دوایی کە دیار نەبوو هەڕەشەی لێ کرد و فەرمووی: یا سزایەکی توند و سەختی ئەدەم، یا سەری ئەبڕم، یا ئەبێ بەڵگەیەکی ڕووناکم بۆ بێنێ کە بۆچی دیار نەبووە و لە کوێ بووە.

﴿ فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ ﴿٢٢﴾﴾

حەزرەتی سولەیمان عليه السلام زۆری چاوەڕێ نەکرد پەپۆسلێمانە دەرکەوت و هات بۆ خزمەتی حەزرەتی سولەیمان و عەرزی کرد: من ئاگادار بووم بەسەر شتێکدا کە تۆ پێت نەزانیوە! هەواڵێکی ڕاست و بێ‌گومانم لە شاری سەبەئەوە بۆ هێناوی:

﴿إِنِّي وَجَدتُّ ٱمۡرَأَةٗ تَمۡلِكُهُمۡ وَأُوتِيَتۡ مِن كُلِّ شَيۡءٖ وَلَهَا عَرۡشٌ عَظِيمٞ ﴿٢٣﴾﴾

من فڕیم و ڕۆیشتم تا گەیشتمە شاری «سەبا» لە وڵاتی «یەمەن» و لەو شارەدا ژنێکم چاو پێکەوت سەرۆکی ئەو وڵاتە بوو، لە هەموو جۆرە شتێ لە زێڕ و زیو و ژیوار و کەرەسەی جەنگی و... پێدراوە و زیاد لەوانەیش تەختێکی گەورەی هەیە.

﴿وَجَدتُّهَا وَقَوۡمَهَا يَسۡجُدُونَ لِلشَّمۡسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَعۡمَٰلَهُمۡ فَصَدَّهُمۡ عَنِ ٱلسَّبِيلِ فَهُمۡ لَا يَهۡتَدُونَ ﴿٢٤﴾﴾

دیم ئەو ژنە خۆی و گەلەکەی سوجدەیان بۆ ڕۆژ ئەبرد و سوجدەیان بۆ خودا نەدەبرد و، شەیتان کردەوەکانیانی لە لا جوان کردبوون و، لە ڕێگەی ڕاست لای دابوون، کە وابوو ئەوانە ڕێگەی ڕاست ناگرن و شارەزای ڕاستی نابن.

﴿أَلَّا يَسۡجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِي يُخۡرِجُ ٱلۡخَبۡءَ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَيَعۡلَمُ مَا تُخۡفُونَ وَمَا تُعۡلِنُونَ ﴿٢٥﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡعَظِيمِ ۩ ﴿٢٦﴾﴾

عەجەبا بۆچی ئەوانە سوجدە بۆ خودایەکی زانای تەوانای وەها نابەن کە شتی پەنهانی لە ئاسمانەکان و زەویدا دەرئەخا بە خەلقی مەعدووم و، ڕواندنی تۆم و، دەرخستنی نهێنی دەروونی عالەم و، ئاشکرا کردنی تاوانی پەنامەکی کەس پێ‌نەزانیو

و، ئەمانە لەو شتە پەنهانانەن کە خودا دەریان ئەخا. [خودا ئەو زاتەیە کە جگە لەو خودایەکی تر نییە، خاوەنی تەختی مەزن و گەورەیە].

﴿قَالَ سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٢٧﴾ ٱذْهَب بِّكِتَٰبِى هَٰذَا فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ ثُمَّ تَوَلَّ عَنْهُمْ فَٱنظُرْ مَاذَا يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾﴾

حەزرەتی سولەیمان علیه‌السلام فەرمووی: باشە بیرێکی لێ ئەکەینەوە بزانین راست ئەکەی یا درۆ؟ ئەم نامەی منە ببە و فڕەی بدە بە سەریانا جا خۆت کەنار بگرە، بەڵام لە شوێنێکدا بە ئاگات لە قسە و باسیان بێ و بزانە ئەنجامی راوێژیان چی ئەبێ.

﴿قَالَتْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَؤُا۟ إِنِّىٓ أُلْقِىَ إِلَىَّ كِتَٰبٌ كَرِيمٌ ﴿٢٩﴾ إِنَّهُۥ مِن سُلَيْمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴿٣٠﴾ أَلَّا تَعْلُوا۟ عَلَىَّ وَأْتُونِى مُسْلِمِينَ ﴿٣١﴾﴾

جا حەزرەتی سولەیمان علیه‌السلام فەرمانی دا نامەیەکیان نووسی و بەستیان بەو پەپۆسلێمانەوە بە یاسای ئەو رۆژە کە نامەیان بە کۆتر و پەپۆدا ئەنارد، ئەویش بردی و خستیە خوارەوە بەسەر «بەڵقیس» مەلیکەی سەبادا. شاژنی سەبا نامەکەی خوێندەوە، لە پاشان فەرمانی دا پیاوە دیارییەکانی بارەگا گرد بوونەوە و پێی وتن: ئەی دانیشتوانی بەرزی بارەگا نامەیەکم بۆ فڕێ دراوە، نامەیەکی مۆرکراوی پیرۆزە و لە نامەکەدا نووسراوە: ئەم کاغەزە لە لایەنی سولەیمانەوە نێرراوە و پیرۆزی ئەکەن بە ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان و، مەبەستمان لە نامەکە ئەمەیە کە خۆتان بە زل مەگرن و دەمار نەتانگرێ و بێن بۆ لامان و دڵسۆزی دەربڕن و فەرمانبەری بگرنە گەردن و موسوڵمان ببن.

﴿قَالَتْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَؤُا۟ أَفْتُونِى فِىٓ أَمْرِى مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمْرًا حَتَّىٰ تَشْهَدُونِ ﴿٣٢﴾ قَالُوا۟ نَحْنُ أُو۟لُوا۟ قُوَّةٍ وَأُو۟لُوا۟ بَأْسٍ شَدِيدٍ وَٱلْأَمْرُ إِلَيْكِ فَٱنظُرِى مَاذَا تَأْمُرِينَ ﴿٣٣﴾﴾

پاش ئەوە شاژن بەڵقیس لە نامەکە حاڵی بوو وتی: ئەی ئەهلی بارەگا فتوام بۆ بدەن لەم کارەدا کە رووی داوە و رووی کردووەتە حوکوومەتی من، بزانم بیرتان بە چی ئەگا، من یاسام وایە بڕیاری هیچ کارێ نادەم هەتا ئێوە حازر ئەبن و بیرتان وەرئەگرم. ئەوانیش پاش لێکۆڵینەوە وتیان: ئێمە خۆمان گەلێکی خاوەن هێز و تەواناین و خاوەنی کەرەسەی جەنگ و چەکین، کە وابێ ئەتوانین بڕۆینە جەنگەوە لەگەڵ سولەیمانا و ئەمر و فەرمانیش فەرمانی خۆتە، بیر بکەرەوە لە کاری خۆتا و بزانە ئەمر بە چی ئەکەی لە جەنگ و ئێمە مانیعمان نییە.

﴿قَالَتْ إِنَّ ٱلْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا۟ قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوٓا۟ أَعِزَّةَ أَهْلِهَآ أَذِلَّةً ۖ وَكَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ ﴿٣٤﴾ وَإِنِّى مُرْسِلَةٌ إِلَيْهِم بِهَدِيَّةٍ فَنَاظِرَةٌۢ بِمَ يَرْجِعُ ٱلْمُرْسَلُونَ ﴿٣٥﴾﴾

شاژن بەڵقیس وتی: بە راستی پادشایان و خاوەن فەرمانان کاتێ بە سوپاوە چوونە ئاوەدانییەکەوە ئەو ئاوەدانییە خراپ ئەکەن بە وێرانکردنی بازێ قەڵا لەبەر ئەوە کە ئەهلی جەنگی تێدا بوون، وە بازێ خانوو لەبەر ئەوە کە خانووی دوژمن بووە، وە بازێ عیبادەتخانە لەبەر ئەوە لەسەر یاسای دینی ئەوان نەبووە، وە بازێ شوێنی ئیش و کاری میری چونکی لەسەر زەوقی ئەوان نییە.

وە پیاوە خاوەن پایە و شانەکانی وڵاتەکەش سووك و رسوا ئەکەن؛ چونکە هەرکەسێ لە چینی فەرمانداراني پێشوو بووبێ یا دەستە و بەستەی ساغی ئەوان بووبێ، ئەوە

ئەنجامی کاری یا کوشتنە یا زیندانی کردنە یا دوورخستنەوە و شار بەدەر کردنە، ئەوانەیش کە لە باقی چینەکانی خاوەن وەزیفەن کەمێکیان نەبێ لەگەڵیانا جووت ئەبێ و ئەوانیش بە دڵ لێی ئەمین ئەبنەوە. ئەگەرنا زۆربەیان هەر بە چاوی سووکی و بێ کەسیوە تەماشا ئەکرێن.

وە ئەمە یاسای ئادەمیزادە لە کۆنەوە تا ئێستە و لەمەولایش هەروا ئەبن، بەڵام بیری راست ئەوەیە من پێتان ئەڵێم کە من دیارییەکی موناسب و شیاوی بۆ ئەنێرم جا با بزانین ئەوان چی ئەڵێن و چی ئەکەن و پیاوەکانمان بە چ جۆرێ ئەسوورێنەوە و دێنەوە بۆ لامان؟

﴿فَلَمَّا جَآءَ سُلَيْمَـٰنَ قَالَ أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٍ فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيْرٌ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُم بَلْ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمْ تَفْرَحُونَ ﴿٣٦﴾﴾

جا بەڵقیس ئەو دیارییانە کە ئامادەی کردبوون هەمووی ناردن بۆ خزمەتی سولەیمان، کاتێ پێی گەیشت فەرمووی: ئەوە ئێوە کۆمەکی من بە ماڵی دنیا ئەکەن؟! ماڵی دنیا لە لای من نرخی نییە و، ئەوەی خودا داویەتی بە من چاترە لەوەی کە داویەتی بە ئێوە، بەڵکوو هەر ئێوەن کە بەو دیارییەی خۆتان شاد ئەبن.

﴿ٱرْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُم بِجُنُودٍ لَّا قِبَلَ لَهُم بِهَا وَلَنُخْرِجَنَّهُم مِّنْهَآ أَذِلَّةً وَهُمْ صَـٰغِرُونَ ﴿٣٧﴾﴾

سولەیمان فەرمووی بەوەی کە دیارییەکەی هێنابوو: بگەڕێرەوە بۆ لای شاژن بەڵقیس و دەستەکەی، بە راستی بە سوپایەکی واوە دێمە سەریان کە توانای بەرهەڵستیان نەبێ و خۆیانی لەبەردا نەگرن و لە شاری سەبایان دەرئەکەم بە کزی و بێدەستی و ناتەوانی.

﴿قَالَ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَؤُاْ أَيُّكُمْ يَأْتِينِى بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَن يَأْتُونِى مُسْلِمِينَ ﴿٣٨﴾ قَالَ عِفْرِيتٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبْلَ أَن تَقُومَ مِن مَّقَامِكَ ۖ وَإِنِّى عَلَيْهِ لَقَوِىٌّ أَمِينٌ ﴿٣٩﴾ قَالَ ٱلَّذِى عِندَهُۥ عِلْمٌ مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبْلَ أَن يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ ۚ فَلَمَّا رَءَاهُ مُسْتَقِرًّا عِندَهُۥ قَالَ هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّى لِيَبْلُوَنِىٓ ءَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ ۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّى غَنِىٌّ كَرِيمٌ ﴿٤٠﴾﴾

جا حەزرەتی سولەیمان عليه السلام لەبەر ئەوە کە باوەڕی وەهابوو پاش گەڕانەوەی کۆمەڵی دیاریهاوەر و گەیشتنیان بە شاری سەبا زوو بە زوو شاژن بەڵقیس خۆی ناگریٚ و دیٚت بۆ لای بە ملکەچی و بەرەو لای سولەیمان ئەکەوێتە ڕێ، جا سولەیمان بە دانیشتوانی لای خۆی ئەڵێ: کامتان ئەتوانیٚ تەختی بەڵقیسمان بۆ بێنێ لە پێش ئەوەدا کە ئەو بە موسوڵمانی بیٚ بۆ لام؟ جا عیفریتێ، واتە جنێکی ناهەمواری نابار، وتی: من ئەو تەختی بەڵقیسەت بۆ دێنم بەر لەوە تۆ لە شوێنی حوکمداری هەڵسی و دەوام تەواو بیٚ و، من بۆ ئەم کارە بە توانا و دەست پاکم و، ئەو شتانە بە پارێزراوی دێنمە لات.

وە ئەو کەسەیش کە زانیارییەکی موناسبی لابوو لە «کیتابی موبین» واتە لە «لوح المحفوظ» وتی: من ئەو کورسییەت بۆ دێنم لە پێش ئەوەدا چاوت لە تەماشا کردنیٚ بگێڕیتەوە و چاوت بەرز کەیتەوە! جا کاتیٚ حەزرەتی سولەیمان عليه السلام چاوی کەوت بە تەختەکە لە لایا دانراوە فەرمووی: ئەم جۆرە کارە لە یاسابەدەرە کە لەسەر دەستی یەکیٚ لە دەستەی مندا دەرئەکەویٚ لە فەزڵ و میهرەبانی خودای پەروەردگاری منە و، بەم نیعمەتانە بەراوردم ئەکا ئایا من سوپاسی خودای تەعالا ئەکەم یا نایکەم؟ وە هەرکەسیٚ سوپاسگوزار بیٚ ئەوە سوودی سوپاسەکەی بۆ خۆیەتی و هەرکەسیش

ناسوپاس بێ ئەوە خودای من بێ‌نیازە لەو و خاوەن کەرەمە و سوپاسگوزاری زۆری هەیە.

﴿قَالَ نَكِّرُوا۟ لَهَا عَرْشَهَا نَنظُرْ أَتَهْتَدِىٓ أَمْ تَكُونُ مِنَ ٱلَّذِينَ لَا يَهْتَدُونَ ﴿٤١﴾﴾

حەزرەتی سولەیمان عليه السلام بە حازرانی فەرموو: شێوەی تەختەکەی بۆ بگۆڕن بزانین ئایا ئەزانێ و شارەزا ئەبێ ئەم تەختە تەختەکەی خۆیەتی، یاخود لە جوملەی ئەو کەسانەیە کە بێ‌ئیدراك و نەزانن و رێ ناباتەوە سەر ماڵی خۆی؟

﴿فَلَمَّا جَآءَتْ قِيلَ أَهَٰكَذَا عَرْشُكِ ۖ قَالَتْ كَأَنَّهُۥ هُوَ ۚ وَأُوتِينَا ٱلْعِلْمَ مِن قَبْلِهَا وَكُنَّا مُسْلِمِينَ ﴿٤٢﴾﴾

جا کاتێ بەڵقیس لەگەڵ پیاوانی بارەگایا هات بۆ خزمەتی سولەیمان و بەخێرهاتنیان لێ کرا. لە میانەی وتارا پرسیار کرا لە بەڵقیس: ئایا تەختەکەی تۆ وەکوو ئەم تەختە وایە؟ ئەویش وتی: وەك ئەوە وایە ئەو بێ و زۆر لە تەختەکەی من ئەچێ و، ئێمە پێش ئەوە ئەم باس و کارە ببینین زانیاریمان پێدرابوو لە لایەنی خودای تەعالاوە کە خودا تەوانایە بەسەر هەموو کارێکدا و بە دڵ موسوڵمان بووین و ئەمانزانی کە سولەیمان پێغەمبەری خودایە.

﴿وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهَا كَانَتْ مِن قَوْمٍ كَٰفِرِينَ ﴿٤٣﴾﴾

وە لە راستیدا مەنعی بەڵقیسی کردبوو لەوە کە بێت ئیعلانی ئیسلامییەتی خۆی بکا ئەوەی کە ئەو بەندەیی ئەکرد بێجگە لە خودا؛ چونکە ئەو ژنە لە گەلێکی کافر بوو، واتە لە ناو گەلێکدا پەیدا بووبوو کە کافر بوون و سوجدەیان ئەبرد بۆ رۆژ و مودارا و موجامەلە لەگەڵ ئەو گەلەدا مانیع بوو لەوە کە بە راستی بیر و باوەڕی خۆی دەربڕێ لە ترسی فەوتانی حوکم و ئیدارەی وڵاتەکەی.

﴿قِيلَ لَهَا ادْخُلِي الصَّرْحَ فَلَمَّا رَأَتْهُ حَسِبَتْهُ لُجَّةً وَكَشَفَتْ عَن سَاقَيْهَا قَالَ إِنَّهُ صَرْحٌ مُّمَرَّدٌ مِّن قَوَارِيرَ قَالَتْ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٤٤﴾﴾

ریوایەت کراوە: کە حەزرەتی سولەیمان ﷺ لە پێش هاتنی بەڵقیسدا لە «سەبا»وە بۆ فەلەستین فەرمانی دا کە کۆشکێ بۆ میوانداری دروست بکەن و ئەوانیش دروستیان کرد و بە بلوور هەموو سەقف و زەوی و دیواریان جوان کرد، جا کاتێ هات لە لایەنی سولەیمانەوە فەرمانی بۆ دەرچوو: بڕواتە ناو ئەو کۆشکەوە بۆی دروست کراوە، ئەویش هەستا رۆیشت بۆ ئەو شوێنە، کاتێ چاوی پێی کەوت لەبەر شەوقی جامەکانی سەر زەوییەکەی گومانی برد ئەوە ئاوە لەو ڕێگەدا کۆبووەتەوە و بووە بە حەوز، بۆیە هەردوو قولی هەڵکرد هەتا بەرگەکەی تەڕ نەبێ، جا سولەیمان، کە لەگەڵیا بوو ئەڕۆیشتن بۆ کۆشکەکەی، یاخود ئەو یاوەرە کە لە لایەنی سولەیمانەوە دیاری کرابوو بۆ هاوڕێتی پێی وت: ئەوە کە تۆ چاوت پێی کەوت ئاو نییە بەڵکوو کۆشکێکی شووشەبەندە و ساف لە بلوور دروست کراوە. جا ئەویش کە حاڵی بوو ئەگەر بە هێزی ریسالەت و تەئییدی خودایی نەبوایە بەو ماوە کەمە ئەو کۆشکە دروست نەدەکرا و ئەوەندەیش جوان نەدەکرا بە شووشەبەندکراوی دارو دیوار و هەموو جێگایەکی، وتی: پەروەردگارا بە راستی من ستەمم لە خۆم کرد بە بەندەیی بۆ رۆژ و بە پاشکەوتنم بۆ لای سولەیمان، وە وا من لەگەڵ سولەیماندا ئیسلام بووم، واتە بە پیرۆزی هاوڕێتی سولەیمان بۆ ئەو خودایە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە و فیعلەن ئیمانی هێنا بە خودا و ریسالەتی سولەیمانی بە دڵ وەرگرت.

لێرەدا چەن باسێ هەیە:

یەکەم: بە نەسی ئایەت دەرکەوت کە بەڵقیس دینی حەزرەتی سولەیمانیعليه السلام وەرگرتووە، بەڵام بەیانی ئەوە نەکراوە کە شووی کردووە بە سولەیمان یا نە، هەردوولایان ئەگونجێن، بۆیە بازێ ئەڵێن: شووی کردووە و، بازێ ئەڵێن: بە فەرمانی سولەیمان شووی کردووە بە یەکێ لە پاشایانی «تبابعة» لە وڵاتی یەمەندا.

دووەم: بازێ نەزان وتوویانە: چۆن ئەبێ کە ئاسەفی هاوڕێی حەزرەتی سولەیمانعليه السلام بتوانێ تەختی بەڵقیس لە وڵاتی سەباوە بێنێ بۆ فەلەستین و سولەیمان ئەوەی پێ نەکرێ؟

وەڵامی ئەمەیە: کە دروستە غەیری پێغەمبەران خودا بازێ سیفەتیان پێ بدا کە نەیدابێ بە پێغەمبەران، وەکوو چۆن حەزرەتی مەریەم تایبەت بووە بەوە کە میوەی هاوینی لە زستانا هەبووە و میوەی وڵاتی دووری لادا دەسکەوتووە، بە جۆرێ کە حەزرەتی زەکەریاعليه السلام سەری سوڕئەما و پرسیاری لێ ئەکرد: ئەو رۆزییەت لە کوێوە دەسکەوتووە؟ ئەویش ئەی‌وت: ئەو رۆزییەی لە لایەنی خوداوە بۆ هاتووە.

وە حەزرەتی خدر ئەو زانیارییانەی ئەزانی کە حەزرەتی مووساعليه السلام نەیزانیون، وە حەزرەتی موحەممەد ﷺ کاتێ ئەڕۆیشت بۆ غەزا داوای دوعای تەوفیقی لە هەژارانی مەدینە ئەکرد و ئەیفەرموو: خودا بە دوعای ئێوە سەرمان ئەخا.

دەی لەوانەیە خودای تەعالا بازێ شتی وای دابێ بە ئاسەف کە نەیدابێ بە حەزرەتی سولەیمانعليه السلام، وە لە هەمان کاتیشدا هەر کارێکی لە یاسا بەدەر بۆ ئاسەف رێ بکەوێ هەمووی بەڵگەیە لەسەر گەورەیی سولەیمانعليه السلام چونکە ئەو لە پەیڕەوانی سولەیمان بووە.

ئەڵێن: ئەو زانیارییە کە ئاسەف زانیویەتی و توانیویە ئەو تەختەی لەو ماوە دوورەوە بەو چاوبڕکە پێ بێنێ، بریتی بووە لە «اسم أعظم» و، بە لای گەلێ لە زانایانەوە ئیسمی ئەعزەم «اللّه»یە و، بازێ ئەڵێن: «یا حي یا قیوم»ە و، بازێ ئەڵێن: «یا ذا الجلال والإکرام»ە و، بازێ ئەڵێن: «یا اللّه یا رحمان»ە و، بازێ ئەڵێن: «یا إلهنا و إله کل شيء، إلها واحدا لا إله إلا أنت» بە مەرجێ کە دوعاکە ڕەوا بێ و بە ئیخلاسی دڵ بێ.

سێهەم: وتراوە: چۆن مەعقوولە کە ئەو تەختە گەورە بە چاوبڕکەیێ بگاتە شامات؟ وەڵامی ئەمە ئەوەیە کە توانایی خودا زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا.

زیاد لەمە ئیمڕۆ کە «جرم»ی ڕۆژ نزیکەی چارەکە ملیۆنێ ئەوەندەی زەوی ئەبێ و بە ماوەی یەك دەقیقە هەمووی لە ئاسۆوە هەڵدێ، جا ئەگەر ئەو ماوەی زەمانی دەرچوونی جرمی ڕۆژە بەش بکەین بەسەر ماوەی گەیشتنی ئەو تەختەدا لە سەباوە بۆ شام ئەبێ ئەندازەی چاوبڕکە زۆر بێ بۆ ئەو گەیشتنی تەختە لە سەباوە بۆ شام. واتە پێویستە ئەو ماوە لە چاوبڕکەیش کەمتر بێ!

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ فَإِذَا هُمْ فَرِيقَانِ يَخْتَصِمُونَ ﴿٤٥﴾ قَالَ يَا قَوْمِ لِمَ تَسْتَعْجِلُونَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الْحَسَنَةِ ۖ لَوْلَا تَسْتَغْفِرُونَ اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٤٦﴾ قَالُوا اطَّيَّرْنَا بِكَ وَبِمَن مَّعَكَ ۚ قَالَ طَائِرُكُمْ عِندَ اللَّهِ ۖ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تُفْتَنُونَ ﴿٤٧﴾﴾

بە ڕاستی ساڵحمان بە پێغەمبەری ڕەوانە کرد بۆ لای سەموود و، ساڵح برایان بوو لە ڕەگ و ڕیشەی خۆیان بوو، پێمان وت: کە فەرمانیان پێ بدا بەندەیی خودا بکەن و سوجدەی بۆ بەرن، کەچی هەرا کەوتە ناویان و بوون بە دوو بەش؛ یەکێکیان موسوڵمان و، یەکێکیان کافر، چوون بە گژی یەکترا. ساڵح پێی وتن: برایان بۆچی

ئێوە پەلەپەل ئەکەن بۆ سیفەتی نا پیرۆز و شوومی کوفر بەر لەوە کە بە عەقڵی خۆتان بیرێ لە جوانی ئیمان بکەنەوە؟ بۆ داوای چاوپۆشی و لێ خۆشبوون لە خودا ناکەن بۆ تاوانەکانتان؟ بەڵکوو خودا بەزەیی بێتەوە پێتانا و رەحمتان پێ بکا.

یاخود بۆچی بە پەلە پەل کافری هەڵئەبژێرن و داوای هاتنی سزا ئەکەن بۆ سەرتان بەر لەوە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا؟ ئەوە بۆچی داوای چاوپۆشی و تاوانبەخشی لە خودا ناکەن بە هیوای ئەوە کە خودا میهرەبانیتان لەگەڵدا بکا؟ جا ئەوانیش چوون بە گژیا و وتیان: قسە مەکە و دڵمان ئازار مەدە، ئێمە گیرۆدەی چەن زەحمەت بووین بە هۆی تۆ و هاوڕێکانتەوە، ئەویش فەرمووی: نەخەیر شوومی ئێوە و هاتنەخوارەوەی سزا بۆ سەر ئێوە لە لای خوداوەیە لەبەر ئەوە بێ ئیتاعەیی خودا ئەکەن و ئیستیحقاقی سزا پەیدا ئەکەن، نەك هەر تا ئیمڕۆ بەڵکوو هەم لەمەولایش ئێوە دوچار ئەبن بە خۆشی و ناخۆشی.

یاخود ئێوە بە هۆی ئێمەوە گیرۆدە نەبوون، بەڵکوو ئێوەیش وەکوو ئادەمیزادانی تر تاقی ئەکرێنەوە بە خۆشی و ناخۆشی و، ئینسان لەسەر یەك حاڵ نامێنێ و، عاقڵ پێویستە لە هەردوو حاڵەکەدا خۆگر بێ و ناخۆشییەکان لە دین و ئەهلی دینەوە نەزانێ، بەڵکوو هەر لە لایەنی خوداوە دێن، وە خۆشییەکان نیعمەتن و تاقیکردنەوەی سوپاسیان پێ ئەکرێ و، ناخۆشییەکان زەحمەتن و بۆ تاقیکردنەوەی ناسوپاسین، یا رەحمەتەکان حوجەتن لەسەر ئادەمیزاد و زەحمەتەکان عوقووبەتن بۆیان لەسەر تاوانەکانیان.

﴿ وَكَانَ فِي ٱلْمَدِينَةِ تِسْعَةُ رَهْطٍ يُفْسِدُونَ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ ۝٤٨ قَالُوا۟ تَقَاسَمُوا۟ بِٱللَّهِ لَنُبَيِّتَنَّهُۥ وَأَهْلَهُۥ ثُمَّ لَنَقُولَنَّ لِوَلِيِّهِۦ مَا شَهِدْنَا

مَهۡلِكَ أَهۡلِهِۦ وَإِنَّا لَصَٰدِقُونَ ﴿٤٩﴾ وَمَكَرُواْ مَكۡرًا وَمَكَرۡنَا مَكۡرًا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٥٠﴾ فَٱنظُرۡ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ مَكۡرِهِمۡ أَنَّا دَمَّرۡنَٰهُمۡ وَقَوۡمَهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٥١﴾

وە لە شاری حەزرەتی ساڵحدا نۆ کۆمەڵ هەبوو، هەرکام لەوانە پیاوە بەرزەکانیان لە سێ کەسەوە بوون تا دە کەس، وە ئەو نۆ کۆمەڵە لە نۆ بەرەباب بوون و، هەر یەکێ لەوان بۆ سوودی خۆی کۆمیتەیەکی تایبەتی هەبوو، بەڵام لە کوفر و سەرپێچیدا یەك بابەت بوون و هەموو لایەکیان بەدکاری و بەدڕەوشتییان ئەکرد و چاکەیان نەدەکرد و دژی بانگی ئایینی و حەقپەرستی بوون، ئەمانە هەموو سوێندخوار بوون بە خودا و سوێندیان خوارد وتیان: شەو ئەدەین بەسەر ساڵح و دەستە و بەستەیا و، ئەنێرینە سەریان بەشەو بیانکوژن و، کاتێ ڕۆژ بووەوە ئەڕۆین بۆ لای خوێنڕەسەکانیان و سوێندیان بۆ ئەخۆین: ئێمە حازری کوشتنی ئەوانە نەبووین و بە ڕاستی ئێمە ڕاستین و ڕاست وتارین، چونکە ئێمە نەمانکوشتوون و دەستە و کۆمەڵی ئێمە کوشتوونیان.

ئەگێڕنەوە: حەزرەتی ساڵح عليه السلام عیبادەتخانەیەکی بوو لە شوێنێکی کەنارا بەندەیی خودای تێدا دەکرد، وتیان: ساڵح وتوویەتی: لە ماوەی سێ ڕۆژیتردا من ئەم گەلە بە سزای خودا لەناو ئەبەم، جا با ئێمە لە پێش سێ ڕۆژەکەدا ئەو لە ناو بەرین!؟ شەو ڕۆیشتن بۆ مزگەوتەکەی بۆ ئەوە بیکوژن، لە پێش ئەوەدا بگەنە مزگەوتەکە خودای تەعالا لە کێوێکی گەورەوە کە لە ڕاسەری شارەکەوە بوو بەردێکی گەورەی تل کردەوە و هات بۆ سەر ڕێگەکەیان و دەرگای ئەو ڕێگەی لێ بەستن و نەیانتوانی بگەنە لای حەزرەتی ساڵح عليه السلام و، لە سبەینێی ئەو شەوەدا خودا گەلە بەدکارەکەی

لەناو برد بە نرکەی فریشتەی ئەمین جوبرەئیل، یا بە دەنگێکی ترسناکی بوومەلەرزە و بورکانی زەوی، یا بەهەر جۆرێ کە خودا خۆی بڕیاری دا.

ئەمەی گێڕامانەوە بەیانی ئایەتەکەیە کە ئەفەرموێت: ئەو کافرانە مەکری خۆیان کرد و منیش کاری خۆم بەجێهێنا و ئەوان بە خۆیان نازانن کە چۆن لێیان ئەدەم.

جا بڕوانە ئەی موسوڵمانی خاوەن بیر و هۆش چۆن بوو ئەنجامی مەکرەکەیان کاتێ من هاتم بە تەواوی رەگ و ریشەی ئەوانم دەرهێنا و بەربادم کردن؟

﴿فَتِلْكَ بُيُوتُهُمْ خَاوِيَةً بِمَا ظَلَمُوٓا۟ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٥٢﴾ وَأَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٥٣﴾﴾

تەماشا بکەن و بڕوانن ئەوە خانووەکانیانە بە هۆی ستەمکاری خۆیانەوە کەوتوون و بناغە و شوێنەوارەکانیان دیارە، بە راستی لەم کارەساتەدا بەڵگەی ئاشکرا هەیە لەسەر گەورەیی و تەوانایی خودا بۆ گەلێ کە خاوەن ئیمان بن. وە ئەوانەیش کە ئیمانیان هەبوو وەکوو حەزرەتی سالح علیه السلام و پەیڕەوەکانی و خاوەن تەقوا بوون رزگارم کردن لە دەستی ئەو ستەمکارانە و لەو سزایەیش کە ناردمان بۆ سەر ئەو وڵاتە.

﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ وَأَنتُمْ تُبْصِرُونَ ﴿٥٤﴾ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴿٥٥﴾ ۞ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓا۟ أَخْرِجُوٓا۟ ءَالَ لُوطٍ مِّن قَرْيَتِكُمْ ۖ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ ﴿٥٦﴾ فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ إِلَّا ٱمْرَأَتَهُۥ قَدَّرْنَٰهَا مِنَ ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿٥٧﴾ وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَرًا ۖ فَسَآءَ مَطَرُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿٥٨﴾﴾

ئەی خۆشەویست باسی حەزرەتی لووتیش علیه‌السلام بکە و بەسەرهاتی ئەو و گەلەکەی بگێڕەوە لەو کاتەدا کە لە شێوەی ئامۆژگاریدا بە گەلەکەی فەرموو: ئایا ئێوە دێن ئەم کارە نابارە ناپەسەندە بێ‌سوودانە ئەکەن و ئێوە چاوتان ئەبینێ و دنیاتان دیوە و ئەزانن ئەم کارانە کاری ئینسانی بە نامووس نین؟ ئایا ئێوە دەچنە لای پیاوان بۆ بەجێ‌هێنانی ئارەزووی جینسی خۆتان و واز لەو ژنانە دێنن کە خودا دروستی کردوون بۆ هاوڕێتی پیاوان بە شێوەی ڕەوا و پەسەند؟! نە، نە، ئێوە گەلێکی نەزانن بە سوود و زیانی کردەوەی خراپ و کردەوەتان وەك ئاژەڵ وەهایە. وە وەڵامی گەلەکەی هەر ئەوە بوو کە وتیان: لووت و دەستە و بەستەکەی لەم ئاوەدانی خۆتانە دەرکەن؛ چونکی ئەوانە کۆمەڵێکن خۆیان پاك ڕائەگرن و خۆیان بە پاك ئەزانن لە خوڵك و ڕەوشت و کاردا.

جا ئێمەیش قارمان لێ گرتن و لووت و کۆمەڵەکەیمان لە ئاساری ئەو قارە ڕزگار کرد، ژنەکەی نەبێ کە بڕیارمان دابوو ئەویش لەوانەیە بەر قار کەوتوون و لە ناو ئەچن. وە شارەکەیانم ژێراوژوور کرد و بەردم بەسەرا باراندن، جا زۆر نابارە ئەو بەردەبارانە کە لە لایەنی خوداوە بێت بۆ گەلێك هەڕەشەیان لێ بکرێ و ئەوان گوێی پێ نەدەن.

﴿قُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ وَسَلَٰمٌ عَلَىٰ عِبَادِهِ ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَىٰٓۗ ءَآللَّهُ خَيۡرٌ أَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٥٩﴾﴾

جا پاش ئەوە کە تۆ ئاگادار بوویت لەسەر بەسەرهاتی پێغەمبەرە نازارەکان لەگەڵ گەلە نابارەکانیانا و حاڵی بوویت کە ئەنجامی پیرۆز هەر بۆ پێغەمبەرانە و بۆ پەیڕەوەکانیان و نیعمەتی بەختیاری خەلاتی زاتی ئەوانە، بڵێ: هەرچی سوپاس و ستایشە بۆ خودای پەروەردگاری عالەمە و درووود لەسەر بەندە گەورە چاکەکانی

خودایە، ئەوانەی کە خودا هەڵی بژاردوون بۆ رابەری، وە تەماشا بکە ئایا خودای پەروەردگاری جیهان باشە یا ئەو شتە بێ گیانانە کە ئەوان ئەیانکەن بە هاوڕێ بۆ خودا؟

﴿أَمَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ حَدَآئِقَ ذَاتَ بَهْجَةٍ مَّا كَانَ لَكُمْ أَن تُنۢبِتُوا۟ شَجَرَهَآ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ هُمْ قَوْمٌ يَعْدِلُونَ ﴿٦٠﴾﴾

یا خەیر ئەو شتە بێسوودانە باشن بۆ خودایی یا ئەو زاتە کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە و لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە و بەو بارانە چەن باخ و بەرەی جوانی بۆ ئێوە رواندووە و بۆ ئێوە نەدەکرا داری ئەو باخانە بڕوێنن؟ ئایا خودایێ تر لەگەڵ زاتی خودادا هەیە؟! نە، نە شتی وا نییە بەڵکوو ئەو کافرانە گەلێکی لە رێگەدەرچوو لە راستی لادەرن.

﴿أَمَّن جَعَلَ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَٰلَهَآ أَنْهَٰرًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَٰسِىَ وَجَعَلَ بَيْنَ ٱلْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٦١﴾﴾

یا خەیر ئەو بتانە باشن یا خودایێ کە زەوی کردووە بە قەرارگا و ئارامگای گیانلەبەران و بڕیاری داوە کە لە بەینی جمگە جمگەکانی زەویدا چەن رووبارێ رەوان ببێ و، چەن کێوێکی دامەزراوی داناوە و لە نێوان دوو دەریای رۆم و قولزومدا بەینێکی داناوە؟ ئایا خودایێ تر هەیە لەگەڵ خودای جیهاندا؟! نە، نە شتی وا نییە، بەڵام زۆربەی ئەو گەلە راستی نازانن.

﴿أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ ٱلسُّوٓءَ وَيَجْعَلُكُمْ خُلَفَآءَ ٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ ﴿٦٢﴾﴾

یا خەیر ئەو دار و بەردە تاشراوانە باشن، یا ئەو زاتە میهرەبانە کە وەڵامی نزا و پاڕانەوەی داماو و ناچار ئەداتەوە کاتێ هاواری لێ بکا و چاری خراپەیش ئەکا و ئەیشتوانێ ئێوە بکا بە جێگری خۆی لە زەویدا و هێز و نیرووتان بداتێ؟ ئایا خودایەتر هەیە لەگەڵ خودادا؟ بە راستی لە چەرخی ژیانا زۆر کەم بیر ئەکەنەوە.

﴿أَمَّن يَهْدِيكُمْ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَمَن يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦٓ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ تَعَٰلَى ٱللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٣﴾﴾

یا خەیر ئەو دار و بەردە باشن بۆ خودایی یا خودایەکی وەها کە ئێوە هەموو شارەزا ئەکا لە تاریکی وشکان و تەڕاییدا واتە لە دەریا و لە زەویدا، وە ئەو خودا کە با ئەنێرێ بە موژدەدەر لە پێش دەمی رەحمەتەکەیەوە کە بارانە؟ ئایا خودایێتر هەیە لەگەڵ خودادا؟! خودا زۆر بەرزە لەو حاڵانە کە ئەو گەلە کافرانە بیری لێ ئەکەنەوە و، بێ موناسەبەیە لەگەڵ ئەو شتانەدا کە ئەو کافرانە ئەیانکەن بە هاوڕێ بۆ خودای پەروەردگاری جیهان.

﴿أَمَّن يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ أَءِلَٰهٌ مَّعَ ٱللَّهِ ۚ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٦٤﴾﴾

ئایا ئەو بتانە شیاوی تەئسیرن یا ئەو زاتە خاوەن خواست و تەوانایە کە لە سەرەتاوە هەرچی بوێ بیکا لە خەلق و ئیجاد ئەیکا و، لە پاش ئەوەیش کە مراندی دووبارە زیندووی ئەکاتەوە بۆ حیساب و کیتاب، وە ئەو زاتە کە مادەی بژیوی رۆزیتان بۆ ئەنێرێ لە ئاسمان و زەوییەوە، لە ئاسمانەوە بە باران و بەفر و تەرزە و گەزۆ و

شۆکە و... لە زەوییەوە بە گیا و کشتوکاڵ و میوە و مەوادی بە سوود بۆ مانەوەی گیانلەبەران و ئادەمیزادان؟ ئایا هیچ خودایێ هەیە لەگەڵ خودادا ئەمانە بکات؟! تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بفەرموو بەوانە کە داوای هاوڕێ بڕیاردان بۆ خودا ئەکەن: بەڵگەیەکی ڕاست بێننەوە لەسەر مەبەستەکەتان ئەگەر ڕاست ئەکەن و لە ڕاستانن لەسەر ئەم داوای خۆتانە.

﴿قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱدَّٰرَكَ عِلۡمُهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ مِّنۡهَاۖ بَلۡ هُم مِّنۡهَا عَمُونَ ﴿٦٦﴾﴾

ئەی ڕەهبەر تۆ بفەرموو: ئەو کارە بەرزانە ئێمە باسمان کردن بە کەسێ ئەکرێن کە ئاگادار بێ بەسەر هەموو شتێکی ئاشکرا و پەنامەکی لە ئاسمان و زەویدا، وە ئەوە هەر خودایە؛ چونکی هیچ کەس لەوانە کە وان لە ئاسمانەکانا و وان لە زەویدا غەیب نازانن و ئاگایان لە شتی پەنامەکی نییە خودا نەبێ و، بە خۆیشیان نازانن کەی ئەمرن و کەی زیندوو ئەکرێنەوە بۆ حیساب، بەڵکوو کاتێ باسی قیامەت دێتە پێشەوە لە ناو خۆیانا ئەکەونە کێشە و بەرە لە باسی قیامەتا؛ ئەگەر بازێکیان باوەڕی پێ بکەن بازێکی‌تریان باوەڕی پێ ناکەن، بەڵکوو هیچ تاقمێکیان زانستیان نییە و هەموو وان لە دوودڵیدا لە قیامەتا، بەڵکوو ئەوانە هەر کوێرن لە باسی پاشەڕۆژا؛ چونکی نەکەوتوونەتە شوێن کیتاب و ڕابەرێ کە ڕاستی بخاتە بەرچاویان، وە هەروا لەسەر ئەو سووکی بیر و تێگەیشتنە و نەزانینی ڕاستییە ئەمێننەوە، جا گەلێ کە وەهابن ئەبێ کێشیان لە بازاڕی ڕاستیدا چی بێ؟

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَئِنَّا لَمُخۡرَجُونَ ﴿٦٧﴾ لَقَدۡ وُعِدۡنَا هَٰذَا نَحۡنُ وَءَابَآؤُنَا مِن قَبۡلُ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلۡأَوَّلِينَ

﴿٦٨ قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ ٦٩ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُن فِي ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ٧٠﴾

وە کافرەکان بە بێ باوەڕییەوە ئەڵێن: ئایا ئێمە لە کاتێکدا لەگەڵ باوك و باپیرەمانا لە گۆڕستانا رزین و بووینەوە بە گڵ ئایا ئێمە دەرئەکرێینەوە بۆ عالەمی زیندویێتی؟! بە راستی ئەم وتارە وتارێکی پێش ئیمڕۆیە و ئێستەیش دووبارە ئەکرێتەوە و، ئێمە و باوك و باپیرەکانمان ئەم قسانمانە دراوە بە گوێدا و لەمەوپێش ئەمەمان پێ وتراوە، ئەم باسە هیچ نییە ئەفسانەی پێشینان نەبێ! تۆ ئەی رەهبەر پێیان بڵێ: بڕۆن بەسەر زەویدا بگەڕێن تەماشا بکەن چۆن بوو ئەنجامی ئەو تاوانبارانە کە ئینکاری حەشریان کرد. بزانن چۆن بەردەبارانمان کردن و قارمان لێ گرتن، تۆ هەرگیز زویر و دلگران مەبە لەسەر کوفر و ئینکاری ئەم کافرانە و، لە دڵ تەنگیشدا مەمێنەرەوە لەو فڕوفێڵە ئەوان ئەیکەن بۆ لە ناو بردنی تۆ و بەرباد کردنی دینەکەت و پەیڕەوەکانت.

﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا الْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ٧١ قُلْ عَسَىٰ أَن يَكُونَ رَدِفَ لَكُم بَعْضُ الَّذِي تَسْتَعْجِلُونَ ٧٢ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ ٧٣ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ ٧٤ وَمَا مِنْ غَائِبَةٍ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ ٧٥﴾

وە ئەو کافرانە ئەڵێن: ئەو سزا کە بڕیار وایە بێتە سەرمان کەی دێت ئەگەر راست ئەکەن؟ تۆ پێیان بفەرموو: نزیکە بازێ لەو سزایە کە ئێوە پەلەی بۆ ئەکەن پێتان بگات و، بە راستی خودای تۆ خاوەن فەزڵ و خاوەن بەزەییە لەسەر ئادەمیزاد کە زوو بە زوو سزایان نادات، بەڵام زۆربەی ئادەمی سوپاسی ئەو رەحمەتە ناکەن، وە بە راستی خودای تۆ ئەزانێ و ئاگای لەو کینە و حاڵەتە ناشیرینەیە کە وا لە سینەی

ئەوانا، هەروەها زانایە بەوەی کە بە زمان دەری ئەبڕن، وە هیچ شتێکی پەنامەکی نییە لە ئاسمان و لە زەویدا لە «لوح المحفوظ»دا نەبێ ئەو لەوحە نووسراوێکی وایە هەموو شتێکی تیا نووسراوە.

﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَكْثَرَ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٧٦﴾ وَإِنَّهُۥ لَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٧٧﴾ إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِى بَيْنَهُم بِحُكْمِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٧٨﴾ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۖ إِنَّكَ عَلَى ٱلْحَقِّ ٱلْمُبِينِ ﴿٧٩﴾ إِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ وَلَا تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا وَلَّوْا۟ مُدْبِرِينَ ﴿٨٠﴾ وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِى ٱلْعُمْىِ عَن ضَلَٰلَتِهِمْ ۖ إِن تُسْمِعُ إِلَّا مَن يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨١﴾﴾

به راستی ئەم قورئانە پیرۆزە ئەگێڕێتەوە بەسەر بەنیئیسرائیلدا بە شێوەی کەشف و دەرخستنی راستی زۆربەی ئەو شتانە کە جیاوازییان هەیە تیایا؛ وەکوو تەشبیهی خودا بە مەخلووق و دوورخستنەوەی لە هاوڕێ و، ئەحواڵی عوزەیر و مەسیح و بەهەشت و دۆزەخ و... وە بەیانی کرد بۆیان کە وێنەی خودای تەعالا نییە و خودا لە هیچ شتێ لەم عالەمەدا ناچێت، وە خودا بێشەریکە و بێنیازە لە عالەم و، نەتەوەی پێ ناوێ و، حەزرەتی عوزەیر و عیسای مەسیح ﷺ دوو بەندەن لە بەندەکانی خودا و ملیان راکێشاوە بۆ قەزا و قەدەری خودا و، خودایەتی بۆ ئەوان شیاو نییە؛ چونکی خودا ئەبێ موحتاجی مەخلووق نەبێ و، بەهەشت مەڵبەندی دوایی موسوڵمانانە و، هەرکەس ئیمانی نەبێ بە خودا یا پێغەمبەران، یەکێکیان یا هەموویان، ئەوە ناڕواتە بەهەشتەوە، وە دۆزەخ بۆ کافرانە هەتا هەتایە، وە بۆ ئەهلی سزایە لە موسوڵمانان تا

حەقی لەسەر ئەمێنێ. وە بازێ شتیش لەوەی ئەوان جیاوازییان بووە تیایا باسی نەکردووە، وەکوو مەسەلەی رۆح، ئەوەتا لێی بێ‌دەنگ بووە.

وە بە راستی قورئان وەسیلەی هیدایەت و شارەزاییە بۆ موسوڵمانان، وە بە راستی خودای تەعالا حوکم ئەدا لە بەینی بەنی‌ئیسرائیلەکانا بە حوکمی حەقی خۆی، وە خودا خاوەن عیززەتە و زانایە بە هەموو رازێ.

دەی تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پاڵ و پشت بدەرەوە لەسەر خودای عالەم و، بزانە بە راستی تۆ وای لەسەر حەقی راست و ئاشکرا. وە گوێ بە کەسی‌تر مەدە؛ چونکی ئەو کافرانە وەکوو مردوو وانە بەڵکوو بە راستی دڵیان مردووە و نووری حەقی تیا نییە، وە تۆ بە زاتی خۆت بێ‌گومان ناتوانی قسەی حەق و دەرسی دین ببەیتە ناو گوێچکە و دڵی مردووەکانەوە. وە هەر وەکوو مردوو قسە نابیسێ ئەوانەیش کە گوێچکەیان کەڕە بانگی تۆ و دەعوەتی تۆ نابیسن، بە تایبەتی کاتێ کە پشت هەڵبکەن و هەڵسووڕێن و بڕۆن و، تۆ لەوانە نیت کە ئینسانە کوێرەکان شارەزا بکەی و دووریان بخەیتەوە لە گومڕایی خۆیان، بەڵکوو تۆ قسە نابەی بە گوێچکەی کەسا، ئەوانە نەبێ کە ئیمان دێنن بە ئایەتی ئێمە و ئەوانە گوێگرن و سوود وەرگرن لە رێنومایی دین.

﴿وَإِذَا وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ ﴿٨٢﴾﴾

وە کاتێ فەرمانی سزادان و قاری خودا هاتە سەر ئەو کافرانە ئەوە لەو کاتەدا لە زەوی «سەفا»دا لە نزیکی «كعبة الله» لە شاری مەککەدا حەیوانێ دەرئەکەین کە بە فەرمانی ئێمە دێتە زمان و قسە ئەکا لەگەڵ خەڵکەکەدا کە ئادەمیزادی ئەو رۆژە لەوانە بوون کە یەقین و باوەڕیان بەو شتانە نییە کە بە یاسای «خرق العادة» پەیدا ئەبن.

ترمزی ریوایەتی کردووە بە ئیسنادێکی جوان لە ئەبووهورەیرەوە ﵁ لە حەزرەتەوە فەرموویەتی: کۆمەڵێ دائەنیشن لەسەر سفرەی خواردن و وا ئەڵێن بە یەکتر، واتە لە نزیکی واقیع بوونی قیامەتا حەیوانێك لە زەوی سەفا دەرئەچێ کە لە ریوایەتێکدا هەیە شەست گەز درێژە و، ئەو حەیوانە خودای تەعالا کردوویە بە نیشانەیێ بۆ جیا کردنەوەی موسوڵمان و کافر لە زەویدا بەو عاسایە وا بە دەستیەوە ئەدا لە تەوێڵی موسوڵمان و سپی و رووناکی ئەکاتەوە و دەرئەکەوێ کە موسوڵمانە و، ئەدا لە تەوێڵی کافر یا لەسەر لووتی و وەکوو داخ رەشی ئەکاتەوە بە جۆرێ کاتێ کۆمەڵێ لەو خەڵکە لەسەر خوانێ دائەنیشن بۆ نانخواردن دەرئەکەوێ کامیان موسوڵمانە و کامیان کافرە و، یەکێ بە عادەت تیکەیێ یا میوەیێ ئەدا بە دەستی یەکێکەوە و ئەڵێ: وەری بگرە ئەی موسوڵمان، یا ئەیدا بە کافرەکە و ئەڵێ: ئەی کافر وەری بگرە. وە بەو جۆرە بانگ ئەکەن لە یەك. واتە لە بەرچاوی خەڵکی دنیادا راستی دەرئەکەوێ.

خودا بە ئیحسان بڕوانێ بۆمان   تا راگیر بکەین ئیمان و پەیمان.

﴿وَيَوْمَ نَحْشُرُ مِن كُلِّ أُمَّةٍ فَوْجًا مِّمَّن يُكَذِّبُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿٨٣﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُو قَالَ أَكَذَّبْتُم بِـَٔايَٰتِى وَلَمْ تُحِيطُوا۟ بِهَا عِلْمًا أَمَّاذَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨٤﴾ وَوَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِم بِمَا ظَلَمُوا۟ فَهُمْ لَا يَنطِقُونَ ﴿٨٥﴾﴾

واتە: باسی ئەو رۆژە بکە کە لە هەموو گەلێکدا کۆمەڵێ لەوانە حەشر ئەکەین کە ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ خستووەتەوە، جا ئەوانە لە شوێنێکی تایبەتیدا راگیر ئەکەین هەتا هەموویان یەك ئەکەون، جا کاتێ بە گشتی هاتن بۆ مەحشەر خودای تەعالا، یا فەرمانبەرێ، پێیان ئەفەرموێت: ئایا ئێوە کە بەرهەڵستی ئایەتەکانی منتان کرد و بەدرۆتان خستنەوە لەبەر ئەوە کە لێیان حاڵی نەبوون و لە مەعناکەیان

نەگەیشتبوون، یا خود چیتان ئەکرد؟ واتە هەر بە هەوای نەفسی موعارەزەتان ئەکرد و ئەیشتانزانی کە ئەو ئایەتانە راستن، جا فەرمان بە سزایان دەرچوو بە هۆی ئەو ستەمکارییەوە کە بوویان لە دنیادا، ئیتر قسە ناکەن لە مەحشەرا لەبەر شەرمەساری.

﴿أَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا جَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِيَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبْصِرًا ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٨٦﴾﴾

بۆچی ئەم ئادەمیزادە ئەوەندە بێئاگایە لە حەقیقەت و، بۆچی ئاسار ناکا بە دەلیل لەسەر موئەسیرێکی زیندووی زانای تەوانا؟ وە بۆچی ئینکاری ئیمکانی زیندووبوونەوەی خۆی ئەکا بۆ جەزا و بە حیکایەت و ئەفسانەی پێشینانی دائەنێ؟ ئایا نابینن کە ئێمە تەکان و سوورڕنەدەین بە زەوی بە دەوری خۆیا هەتا رۆژی رووناك لە نیوەی ئاوا ببێ و کاتێ بێنینە پێشەوە بۆ ئەو ئادەمیزادنە کە بە کاسبی و کار کردن ماندووبوون ئارام بگرن لە شوێنی خۆیانا، هەروەها لەسەر یاسای پێشوو زەوی سوورڕ ئەدەین هەتا دووبارە رۆژی لێ دەربکەوێ و رۆژ بێنینە پێشەوە بە چاو کراوەیی و بینندەیی بۆ مەواد و ئەشباح.

بە راستی لەم دەرکردنی شەو و رۆژەدا بەم جۆرە گەلێ نیشانەی گەورە هەن لە سەر وجوودی خودای «واجب الوجود» وە لەسەر ئەوە کە ئەم عالەمی ئاسمان و زەوییە هەرچی وا تیایانا هەمووی دروستکراوی خودایە. وە ئەو خودایە کە ئەم شتانە ئەکا ئەیشتوانێ لە پاش مردن ئینسان زیندوو بکاتەوە و حسێبیان لەگەڵدا بکا.

﴿وَيَوْمَ يُنفَخُ فِى ٱلصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ۚ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَٰخِرِينَ ﴿٨٧﴾ وَتَرَى ٱلْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِىَ تَمُرُّ مَرَّ ٱلسَّحَابِ ۚ صُنْعَ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ أَتْقَنَ كُلَّ شَىْءٍ ۚ إِنَّهُۥ خَبِيرٌۢ بِمَا تَفْعَلُونَ ﴿٨٨﴾﴾

باسی ئەو رۆژە بکە کە لە لایەنی فریشتەی تایبەتییەوە فوو ئەکرێ بە «سوور»ا لە ئەسەری ئەو فووپیاکردنەوە هەرکەسێ وا لە ئاسمان و لە زەویدا دڵیان ئەترسێ کەسێ نەبێ خودا مەیلی وەهابێ کە دڵی نەترسێ و، هەموویان حازر ئەبن بۆ ئەوە برۆن بۆ شوێنی کۆبوونەوەی خەڵك بۆ حسێب و، دوای فوو کردنی دووەم بە «سوور»ا هەموو بە کزی و داماوی ئەڕۆن.

وە لەو کاتی ترس و بیمەدا کێوەکان ئەبینی گومانیان وەها پێ ئەبەی کە ئارام و بێجووڵەن، کەچی ئەوان وەستاو نین و ئەڕۆن و رێ ئەکەن وەك هەور چۆن ئەڕوا، ئەمەیش هەر کاری ئەو خودایە کە هەموو شتێکی بە پوختەیی و سازگاری دروست کردووە، جا بە راستی ئەو خودایە کە بە فوویێ ئەم کارەساتە بکا و نیشانی ئێوەی بدا ئاگادارە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن.

﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا وَهُم مِّن فَزَعٍ يَوْمَئِذٍ ءَامِنُونَ ﴿٨٩﴾ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فِى ٱلنَّارِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٩٠﴾﴾

جا پاش ئەوە کە فریشتەی جەلیل ئیسرافیل فووی کرد بە سوورا، و جیهانی تێکدا و، گیانلەبەرانی مراند و، پاش ئەوە فوویێتری کردەوە بە سوورا و، گیاندارانی زیندوو کردەوە بۆ حسێب و لێی خۆڕین بۆ مەحشەر. هەرکەسێ بە کردەوە و بیر و باوەڕی باشەوە بێت بۆ لای خودا ئەوە خودا لەسەر ئەو کردەوە و باوەڕە باشە پاداشی باشتر و چاکتری پێ ئەدا، لە باتی ماڵێکی کەم، پاداشێکی زۆر و لە باتی دانەیێ حەوسەد دانە وەرئەگرێ. وە هەرکەسێ بە کۆڵ و باری کردەوەی خراپەوە بێت بۆ لای خودا ئەوە لەپەوڕوو ئەخرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە و پێیان ئەوترێ:

ئایا ئەم پاداش و تۆڵە کە ئەدرێتەوە بە ئێوە سەربەسەرو رێك حەقی خۆتان نییە و شیاوی نین و پڕ بە پێستی کارەکانتان نییە؟

﴿إِنَّمَآ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ رَبَّ هَٰذِهِ ٱلۡبَلۡدَةِ ٱلَّذِي حَرَّمَهَا وَلَهُۥ كُلُّ شَيۡءٖۖ وَأُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿٩١﴾ وَأَنۡ أَتۡلُوَاْ ٱلۡقُرۡءَانَۖ فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهۡتَدِي لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَقُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ﴿٩٢﴾ وَقُلِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ سَيُرِيكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ فَتَعۡرِفُونَهَاۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ﴿٩٣﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ ئەوەی پێویستی سەرشانت بوو کردت بە بێ درێغی، ئەمجار بڵێ: من هەر ئەمری ئەوەم پێکراوە کە بەندەیی بکەم بۆ خودا و پەروەردگاری ئەم شاری مەککەیە، ئەو خودایە کە ئەو شارەی حەرام کردووە و دەستی دەسدرێژان و پیاوخراپانی لێ بریوە و، مەنعی کاری نامووناسبی لێ کردووە، وە فەرمانم پێدراوە کە لە موسوڵمانەکان بم و قورئان بخوێنم، جا ئیتر هەرکەس هیدایەتدراو بێ، بەشی ماریفەتی خودا و پێغەمبەر و واجباتی خۆی وەرئەگرێ، ئەوە هیدایەتەکەی بۆ خۆیەتی و سوودی بۆ خۆیەتی وە هەرکەسیش گومڕا ئەبێ تۆ ئەوەندە بڵێ: کە من هەر لەوانەم کە خەڵکی بترسێنم لە سزای خودا و بڵێ: هەرچی سوپاس و ستایشە بۆ خودایە، لەمەولا خودا ئایەتی مەعریفەتی خۆی و پەی بردن بە واجبات و باقی ئەحکامتان ئەخاتە پێش چاو، وە ئێوەیش ئەو ئایەتانە ئەزانن و خودا لەوە بێ‌ئاگا نییە کە ئێوە ئەیکەن.

سوورەتی قەسەس، مەککەییە، لە ئایەتی "٥٢"وەوە تا "٥٥"
و ئایەتی "٨٥" نەبێ، ئەوانە مەدینەیین، "٨٨" ئایەتە.
دوای سوورەتی نەمل هاتووەتە خوارەوە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ



ئەم سوورەتە ناوی تا سین میمە.

﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ۝٢﴾

ئەم سوورەتە و ئایەتە پیرۆزەکانی چەن ئایەتێکی قورئانی دڵڕووناککەری یاسای خودا دەرخەرن. هەموو ژیریێ لەوە ئەگەیێ کە هێز هێزی خودایە و هەر ئەوە پەروەردگار و خاوەنی دنیایە و، سوپا و هەیبەت و هەیئەتی خاوەن دەستان بەستەی پرتەوی خواستی خودای تاق و تەنیایە کە ئەتوانێ خاوەن دەست بێدەس بکا و، کەسدار بێکەس بکا و، خاوەن هەناسە تەنگەنەفەس بکا و، دارا نەدارا بکا و نەداراکان دارا بکا.



لەسەر زمانی فریشتەی ئەمینی بارەگا ئەخوێنینەوە بەسەر تۆدا بازێ لە بەسەرهات و برێ کارەسات کە بەسەر مووسای رەهبەری ئایینی و فیرعەونی بێدادی نامیهرەباندا هات، بە شێوەی راستی بۆ گەلێ کە ئیمانیان بە خودای تاکی بێباك هەیە.

﴿إِنَّ فِرۡعَوۡنَ عَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَجَعَلَ أَهۡلَهَا شِيَعٗا يَسۡتَضۡعِفُ طَآئِفَةٗ مِّنۡهُمۡ يُذَبِّحُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَيَسۡتَحۡيِۦ نِسَآءَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ۝٤﴾

بە راستی فیرعەون پادشای وڵاتی میسر لە زەویدا بەرز بووەوە و دەستەڵاتی بێ بەرەنگاری بوو بەسەر گەورە و بچووکی وڵاتەکەدا، وە خەڵکی وڵاتەکەی کردبوو بە چەند بەشێکەوە: بەشێکیان نزیکانی بارەگا و، بەشێك راوێژکەران بۆ خزمەتی وڵات و، بەشی سوپایی و، بەشی ئایینی و، بەشی بێگانەی نیشتەجێ لە وڵاتا... وە لە هەمان کاتا تاقمێ بێگانە کە نەتەوەی ئیسرائیل بوون و لە میسرا مابوونەوە زۆر لاوازی کردبوون و نرخی بۆ نەهێشتبوونەوە و لە بەندەی کارەکەر زیاتر سووکی کردبوون، بێجگە لەوانەیش لەسەر خەیاڵی خۆی کاتێ ژنی بەنیئیسرائیل منداڵیان ئەبوو ئەگەر نێرینە بوایە زوو بە زوو فەرمانی ئەدا لە بەر دایکەکەیان هەڵئەگرت و سەریان ئەبڕی، وە ئەگەر مێینە بوایە ئەیهێشتەوە؛ چونکی ئەستێرەناسەکان پێیان وتبوو: منداڵێ لە بەنیئیسرائیل پەیدا ئەبێ بە هۆی ئەوەوە تۆ لە ناو ئەچی. بە راستی فیرعەون لە پیاوە بەدکارەکان بوو، لەوانە بوو لە دنیادا داماوانیان چەوسانەوە.

﴿وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَنَجۡعَلَهُمۡ أَئِمَّةٗ وَنَجۡعَلَهُمُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ۝٥ وَنُمَكِّنَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَنُرِيَ فِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا مِنۡهُم مَّا كَانُواْ يَحۡذَرُونَ ۝٦﴾

وە ئەمانەوێ فەزڵ و میهرەبانی خۆمان بڕێژین بەسەر ئەو کەسانەدا کە زەعیف و داماوکراون لە زەویدا ـ واتە بەنی‌ئیسرائیل لە خاکی میسردا یا چەوساوە و داماوانی هەموو چەرخێ لە موسوڵمانان ـ و ڕزگاریان بکەین لە ستەمکاری فیرعەون و دەستە و بەستەکەی، وە بێجگە لەوە بیانکەین بە پێشەوای گەلی بەنی‌ئیسرائیل و غەیری ئەوانیش لە ئایینا و، بیانکەین بە میراتبەری پایەی ڕەهبەری ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب و میراتبەری سەرۆکی دنیایی لە گەلی قیبتییەوە و بیانکەین بە خاوەن جێگە و ڕێگە لە زەویدا، چ لە شاما و چ لە میسرا و، بخەینە پێش چاوی فیرعەون و هامان و باقی پیاوە بەرزە سوپاییەکان لە لایەنی بەنی‌ئیسرائیلەوە ئەوەی کە فیرعەون و دەستەکەی لێی ئەترسان و خۆیان لێ ئەپاراست وەکوو فەوتانی دەسەڵات و دارایی و پایەی دنیایی بێ.

﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنْ أَرْضِعِيهِ ۖ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِى ٱلْيَمِّ وَلَا تَخَافِى وَلَا تَحْزَنِىٓ ۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٧﴾﴾

جا بە شێوەی ئیلهام دایکی مووسامان تێگەیاند و پێمان وت: کە لەسەر یاسای واقیعی شیر بدە بە مووسای کوڕت و پەروەردەی بکە، بەڵام سندووقێ ئامادە بکە بۆ ئەوە مووسای تێ بخەی و هەر کاتێ ترست لێ نیشت کە دەستەی فیرعەون پێیان زانیوە، مووسا بخەرە ناو سندووقەکەوە و بیدە بە دەم ئاوی دەریای نیلەوە و هیچ ترسی ئەوەت نەبێ زایە ببێ و، دلگرانیش مەبە لەوەی لێت دووربکەویتەوە، ئێمە ئەیگەڕێنینەوە بۆ لای خۆت و باوەشی خۆت و پەروەردەی ئەکەی و دواییش ئەیکەین بە یەکێ لە پێغەمبەرە گەورە ڕەوانە کراوەکانی جیهان.

ریوایەت کراوە: کاتێ دایکی مووسا تووشی ژانی منداڵ بوون بوو ناردی بە شوێن مامانێکا لەو ژنانە کە مەئموور بوون بۆ سەر ژنانی بەنیئیسرائیل، ئەویش هات بۆ لای و سەرپەرستی کرد و، لە لای بوو تا مووسای بوو، کاتێ ئەو مامانە تەماشای کرد کە مووسا لە دایکی داکەوت لە ناوچاوانیا رووناکی و پرتەوێکی ئاشکرا هەبوو، خۆشەویستی مووسا کەوتە دڵیەوە، جا وتی بە دایکی مووسا: خەفەتی بۆ مەخۆ نایەڵم کەس باسی ئەم منداڵە بکا لە ماڵی فیرعەونا، وە لەسەر ئەم ئەساسە دایکی مووسا ماوەی سێ مانگ شیری دایێ و، پاش ئەوە دەستەی فیرعەون کەوتنە پشکنین و گەڕان بە شوێن منداڵی نێرینەدا بە جۆرێ کە دایکی مووسا ترسی لێ نیشت، جا هات مووسای خستە ناو سندووقەکەوە و خستیە ناو ئاوی نیلەوە و ئاو بردی.

﴿فَالْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا ۗ إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا۟ خَـٰطِـِٔينَ ﴿٨﴾﴾

جا کاتێ ئاوی نیل ئەو سندووقەی هێنا و لای دا بۆ بەردەرگای ماڵی فیرعەون، دەستە و بەستەی فیرعەون چاویان کەوت بەو سندووقە و رۆیشتن دەریان هێنا، بۆ ئەوە کە لە ئەنجاما مووسا ببێ بە دوژمنیان و بە هۆی دڵگرانییان، بە راستی فیرعەون و هامانی وەزیری و سوپاکەی هەموویان بەهەڵەدا چوون لەو کارە نابارانەدا کە لەگەڵ بەنیئیسرائیلدا کردیان، وە لەو دەسدرێژی و زیادەڕەوییەدا کە بەسەر گەلی ژێردەستەی خۆیانا کردیان، وە لە سەربڕینی چەنها منداڵی بێتاوانی بێزماندا، کە وابوو دوور نییە ئەم هەڵەیش بکەن کە مووسا لە ئاوی نیل دەربێنن و بەخێوی بکەن بۆ ئەوە لە ئەنجاما لە ناویان بەرێ.

﴿وَقَالَتِ ٱمْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِّي وَلَكَ ۖ لَا تَقْتُلُوهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوْ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ۝٩﴾

پاش ئەوە سندووقەکەیان لە دەریا دەرهێنا بردیان بۆ بارەگا و ژن و منداڵی ماڵی فیرعەون هەموو مووسایان دی و، ئاسیەی ژنی فیرعەون کە تەماشای مووسای کرد و دیمەنێکی زۆر شیرینی نوورانی بوو وتی بە فیرعەون: ئەم منداڵە هۆی دڵخۆشی و شادمانی ئێمەیە و فێنکی چاومانە، مەیکوژن، لەوانەیە کە گەورە بوو لە بارەگادا سوودمان پێ بگەیەنێ بە خزمەت کردن، یا هەر بیکەین بە منداڵێکی خۆشەویست، وە ئەوان بەوەیان نەدەزانی کە مانەوەی مووسا ئەبێ بە هۆی نەمانی ئەوان.

﴿وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَٰرِغًا ۖ إِن كَادَتْ لَتُبْدِى بِهِۦ لَوْلَآ أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۝١٠﴾

وە کاتێ کە دایکی مووسا ئەم دەنگوباسەی ماڵی فیرعەونی بیست کە بڕیاردراوە ئەو منداڵە بەخێو بکرێ و ئازار نەدرێ، دڵی دایکی مووسا وەها خاڵی بوو لە غەم و پەژارە لەوانە بوو ڕاستی باسی مووسا بدرکێنێ و بڵێ ئەوە کوڕی منە، ئەگەر دڵمان نەگرتایێ بە ئەنواری ئیلهام بۆ ئەوە لە موسوڵمانەکان بژمێرێ و بزانێ کە وەعدەی خودا بە گەڕاندنەوەی مووسا بۆ لای دایکی ڕاستە.

وە بازێ وتوویانە مانای وایە: هەر بەوە کە دایکی مووسا بیستی کە مووسا لە سندووقەکەدا کەوتە دەستی مەئموورەکانی فیرعەون ئەوەندە ترسا دڵی خاڵی بووەوە لە هەموو هۆش و هەستێ و، نزیك بوو شێت ببێ و، ئەگەر ئێمە دڵمان نەگرتایە و هێزمان نەدایە بە دڵی خورپە لێکەوتووی لەوانە بوو هەموو شتێ بدرکێنێ.

﴿وَقَالَتْ لِأُخْتِهِۦ قُصِّيهِ فَبَصُرَتْ بِهِۦ عَن جُنُبٍ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ۝١١ ۞ وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَرَاضِعَ مِن قَبْلُ فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰٓ أَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُۥ لَكُمْ وَهُمْ لَهُۥ نَٰصِحُونَ ۝١٢ فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ۝١٣﴾

وە دایکی مووسا فەرمووی بە مەریەمی خوشکی مووسا: برِۆ بکەوەرە شوێنی و بزانە چی بەسەر دێ و بۆ کوێ ئەچێ، ئەویش ڕۆیشت بۆ نزیکی بارەگای فیرعەون و لە دوورەوە مووسای بینی، کۆمەڵی بارەگای فیرعەونیش نەیان ئەزانی کە ئەو ژنە خوشکی مووسایە و بۆ ئەوە هاتووە بزانێ مووسا چی بەسەر دێ.

وە بۆ ئەوە کە ماڵی فیرعەون ناچار ببن کە مووسا بنێرنەوە بۆ لای دایکی و خۆیشیان نەزانن، مووسامان مەنع کرد لەوە مەمکی ژنە دایەنەکان بگرێ لە پێش ئەوەدا کە خوشکەکەی بێت بە شوێنیا، کاتێ خوشکەکەی هات و دی مووسا ئەگری و مەمکی هیچ ژنێ ناگرێ پێی وتن: ئایا ئەتانەوێ من ماڵێکتان پێ بڵێم مووساتان بۆ بەخێو بکەن بە ئەمینی و لە هەموو بارەیەکەوە بە باشی چاودێری بکەن؟ ئەوانیش بەو قسە ڕازی بوون و، مەریەم چوو دایکی هێنا و مووسای وەرگرت. بەم شێوە مووسامان گەڕانەوە بۆ لای دایکی بۆ ئەوە چاوی ڕووناك ببێتەوە و دلگران نەبێ بە هۆی دووری مووسای کوڕیەوە و، با باش تێ بگا کە بەڵێنی خودا ڕاستە و بۆ ئەنجام حەق سەرئەکەوێ بەسەر ناحەقا، بەڵام زۆربەی خەڵك ئەمە نازانن.

﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسْتَوَىٰٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ۝١٤﴾

جا هەروا مووسا لە لای دایکی بە سیفەتی مندالّی لای دایەن مایەوە و مالّی فیرعەون چاودێری خۆی و دایکیان ئەکرد، وە کاتێ تەمیزی پەیدا کرد هاتەوە بۆ دەربار و لە بارەگادا لەگەلّ رێزدا مایەوە و، کاتێ گەیشتە تەمەنی بلووغ و هاتە سەر راستەی لەش و هۆشیاری دلّ گەیانمان بە حوزووری یەکێ لە پێغەمبەران، وە لە پاش ئەوە کە ماوەیەکیش لە لای ئەو مایەوە فەرمانی رەهبەریمان پێدا و، زانیاری و کار و باری خۆی و ئیدارەی پەیڕەوانمان پێدا و، کردمان بە پیاوێ کە بارەگای ستەمی فیرعەونی رووخاند و، هەر بەم جۆرە پاداشی چاکان و چاکەکەران ئەدەینەوە.

﴿ وَدَخَلَ ٱلْمَدِينَةَ عَلَىٰ حِينِ غَفْلَةٍ مِّنْ أَهْلِهَا فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَٰذَا مِن شِيعَتِهِۦ وَهَٰذَا مِنْ عَدُوِّهِۦ ۖ فَٱسْتَغَٰثَهُ ٱلَّذِى مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِى مِنْ عَدُوِّهِۦ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ ۖ قَالَ هَٰذَا مِنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۖ إِنَّهُۥ عَدُوٌّ مُّضِلٌّ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ ﴾

رۆژێ مووسا لە کۆشك و بارەگای فیرعەون دەرچوو رووی کردە شاری میسر و رۆیشتە ناو شارەوە، لە کاتێکدا کە ئەهلەکەی بێ ئاگا بوون لە کارەساتی ناوشار لە بەر ئەوە وەختەکەی وەختی نووستنی پاش نیوەڕۆ بوو، وە یاخود بەینی مەغریب و عیشا بوو، خەلّك لەو کاتەدا وان لە مالّ و شوێنی خۆیانا و ئاگاداری رووداو نین، ئەگەرنا مادام قیبتییەکان بە مووسایان بزانیایێ کە قیبتییەکەی کوشت پارچە پارچەیان ئەکرد.

مووسا لەو کاتەدا دوو کەسی دی چووبوون بە گژ یەکا و شەڕیان بوو؛ یەکێکیان لە کومەلّی مووسا بوو لە بەنی ئیسرائیل و، ئەوەکەیان لە کۆمەلّی دوژمن بوو، واتە لە قیبتییەکان بوو، وە ئەو پیاوەیان کە لە تاقمەکەی خۆی بوو هاواری کرد و داوای

یارمەتی لە مووسا کرد و دژی کابرای دوژمنی، جا مووسا رۆیشت مشتەکۆڵەیەکی دا بە سنگی کابرای قیبتیدا و کوشتی! جا مووسا بیری کردەوە و فەرمووی: ئەم کردەوەیە من کردم لە کردەوەی شەیتان بوو، بە راستی شەیتان دوژمن و ئینسان گومراکەرێکی ئاشکرایە.

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَٱغْفِرْ لِي فَغَفَرَ لَهُۥٓ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٦﴾﴾

پاش ئەوە مووسا ئەو کارەی لە دەس دەرچوو بیری کردەوە و بە کارێکی ناموناسبی هاتەپێش چاو و فەرمووی: پەروەردگارا بە راستی من ستەمم لە خۆم کرد بە کوشتنی ئەو کافرە قیبتییە، چونکە داعی نەبوو بۆ کوشتنەکەی، دە بە رەحمەتی خۆت لێم خۆش ببە، جا خودای تەعالا لێی خۆش بوو، بە راستی خودا تاوانبەخش و میهرەبانە.

وە ئەو عەفوی خودایە بۆ مووسا دەرکەوت بە ئیلهام یا بە خەودیتن؛ چونکی لەو کاتانەدا هێشتا وەحی بۆ نەهاتبوو، هەتا بە وەحی ئەو عەفوە بزانێ.

﴿قَالَ رَبِّ بِمَآ أَنْعَمْتَ عَلَيَّ فَلَنْ أَكُونَ ظَهِيرًا لِّلْمُجْرِمِينَ ﴿١٧﴾﴾

جا حەزرەتی مووسا عليه السلام فەرمووی: پەروەردگارا بە هۆی ئەو نیعمەتەوە کە داوتە پێم ـ وەکوو عەفوو بێ ـ لە تاوانی کوشتنی ئەو قیبتییە ئیتر هەرگیز نابم بە پشت و پەنا و یارمەتیدەر بۆ تاوانباران.

بزانن! ئەو کوشتنەی قیبتییەکە موناف نییە بۆ ئەوە کە پێغەمبەران «مەعسووم»ن لە گوناه لە پێش پێغەمبەرێتی و دوای پێغەمبەرێتیدا؛ چونکی حەزرەتی مووسا ئەو کردەوەیە بە تاوان نەزانی لەبەر ئەوە کە کابرای قیبتی بە ستەمکار ئەزانی و، ئەمیش ویستی ئەو ستەمە لە کابرای داماو لابا، وە «دفع الصائل» لە هەموو شەریعەتێکا دروستە، لە لایێ‌تریشەوە حەزرەتی مووسا بە مشتەکۆڵە دای لە کابرا و مشتەکۆڵە

هۆی کوشتنی ئینسانێکی زەلام نییە و بە قەزا و قەدەر ئەو کابرایە بەو مشتەکۆڵە مرد، کە وابێ ئەو کارە بە «خطأ» دائەنرێ، بێجگە لەمانە ئەگەر تەماشای باقیاتی شەریعەتی ئیبراهیمﷺ بکەین قیبتییەکان نیسبەت بە ئوممەتی بەنیئیسرائیل دوژمن بوون، وە رەوا بووە بۆ ئیسرائیلیەکان بە هەر جۆرێ ئاسان بێ بۆیان زیان بگەیەنن بە کۆمەڵی قیبتی. کەوابوو هەر ئەوە ماوەتەوە کە شێوەی کردەوەکە ناپەسەند و ناشیرین بووە و لە شێوەدا لە کاری تاوانباران بووە، بۆیە حەزرەتی مووساﷺ بەو کارە زۆر تێکچوو.

﴿فَأَصْبَحَ فِي ٱلْمَدِينَةِ خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ فَإِذَا ٱلَّذِى ٱسْتَنصَرَهُۥ بِٱلْأَمْسِ يَسْتَصْرِخُهُۥ قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰٓ إِنَّكَ لَغَوِىٌّ مُّبِينٌ ﴿١٨﴾﴾

جا لەبەر ئەوە لە پاش مردنی قیبتی دەنگوباس بڵاو بووەوە کە مووسا پیاوێکی قیبتی کوشت، حەزرەتی مووساﷺ وەزعی ژیواری گۆڕا و بە ترس و لەرزەوە لە شارا ئەگەڕا، هەتا گەیشتەوە ناو شار تەماشای کرد ئەو پیاوە کە دوێنێ داوای یارمەتی لێ کردبوو دووبارە بانگی کردەوە بۆ یارمەتیدان دژی قیبتییەکیتر! جا مووسا بەو کابرایە فەرموو: بە راستی تۆ ئینسانێکی گومڕای ئاشکرایت!

﴿فَلَمَّآ أَنْ أَرَادَ أَن يَبْطِشَ بِٱلَّذِى هُوَ عَدُوٌّ لَّهُمَا قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ أَتُرِيدُ أَن تَقْتُلَنِى كَمَا قَتَلْتَ نَفْسًۢا بِٱلْأَمْسِ ۖ إِن تُرِيدُ إِلَّآ أَن تَكُونَ جَبَّارًا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا تُرِيدُ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِينَ ﴿١٩﴾﴾

لەگەڵ ئەوەدا کە تۆزێ لە کابرای بەنیئیسرائیل توورە بوو، پاش ئەوە کە چاوی پێی کەوت زۆر داماوە و دەرەقەتی کابرای قیبتی نایێ هاتەوە سەر بیری یارمەتیدانی کابرای بەنیئیسرائیلی و، ویستی یارمەتی بدا، جا کاتێ ویستی کە هەڵمەت بەرێ

بۆ کابرای کە دوژمنی هەردوو لایانە، ئەو کابرایە وتی: ئەی مووسا ئایا ئەتەوێ منیش بکوژی وەکوو چۆن دوێنێ کابرایەکت کوشت؟! بە راستی ئەتەوێ ببی بە کابرایەکی زۆردار و ناتەوێ لە چاکان و ئامۆژگاریکەران بی.

﴿وَجَآءَ رَجُلٌ مِّنْ أَقْصَا ٱلْمَدِينَةِ يَسْعَىٰ قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ ٱلْمَلَأَ يَأْتَمِرُونَ بِكَ لِيَقْتُلُوكَ فَٱخْرُجْ إِنِّى لَكَ مِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢٠﴾﴾

واتە لە لای سەرووی شارەوە پیاوێ بە پەلە هات بۆ لای مووسا و وتی: ئەی مووسا کۆمەڵی بارەگا خەریکی راوێژن دەربارەی تۆ و ئەیانەوێ بتکوژن، جا تا زووە لەم شارە دەرچۆ با نەتگرن و نەتکوژن، من بە دڵسۆزییەوە ئامۆژگاریت ئەکەم.

واتە پاش ئەوە کە مووساعليه السلام کابرای قیبتی کوشت، ئەو دەنگوباسە گەیەنرا بە بارەگای فیرعەون و، ئەوانیش کەوتنە لێکۆڵینەوە و، بۆیان دەرکەوت ئەم کوڕە لەو بەنیئیسرائیلییەیە و هەر کاتێ بۆی هەڵکەوێ زیانیان لێ ئەدا، کە واتە پێویستە لە ناو ببرێ. ئەو پیاوەیش کە خۆی گەیاندە مووسا و هەواڵی دایێ یەکێ لە پەیوەندانی فیرعەون بوو، بەڵام خاوەن ئیمان بوو، باوەڕی بە خودا هەبوو؛ چونکە لە زەمانی حەزرەتی یووسفەوەعليه السلام ئایینی یەهوودی لە میسردا دامەزرابوو، یەکە یەکەیێ لە قیبتییەکانیش موسوڵمان بوون و لەگەڵ بەنیئسرائیلیەکان بوون ئەم پیاوە یەکێ لەوانە بوو.

﴿فَخَرَجَ مِنْهَا خَآئِفًا يَتَرَقَّبُ قَالَ رَبِّ نَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢١﴾﴾

جا حەزرەتی مووساعليه السلام بە ترسەوە لە شاری میسر دەرچوو، چاوەڕێی ئەوەی ئەکرد کە پیاوانی فیرعەون پێی بگەن و بیگرن، هاواری کرد وتی: پەروەردگارا رزگارم بکە لەو گەلە ستەمکارە.

﴿وَلَمَّا تَوَجَّهَ تِلْقَآءَ مَدْيَنَ قَالَ عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهْدِيَنِي سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿٢٢﴾﴾

وە کاتێ لە میسر دەرچوو بڕیاری دا کە لە وڵاتی فیرعەون دەرچێ و ڕوو بکاتە خاکی کەنعان و شاری «مەدیەن»، کاتێ ڕووی کردە خاکی مەدەین وتی: هیوام وایە بە خودای خۆم کە شارەزام بکا بۆ ڕێگەیەکی ڕاستی وەها لەسەری بڕۆم و دوژمنەکان پێم نەگەن و پێم نەزانن هەتا پەنایێ بۆ خۆم ئەدۆزمەوە.

﴿وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسْقُونَ وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ ٱمْرَأَتَيْنِ تَذُودَانِ قَالَ مَا خَطْبُكُمَا قَالَتَا لَا نَسْقِي حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُ وَأَبُونَا شَيْخٌ كَبِيرٌ ﴿٢٣﴾ فَسَقَىٰ لَهُمَا ثُمَّ تَوَلَّىٰٓ إِلَى ٱلظِّلِّ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ ﴿٢٤﴾﴾

کاتێ مووسا لە وڵاتی میسر دەرچوو چووە وڵاتی مەدیەن و گەیشتە ئەو ئاو و بیرە کە خەڵکی مەدیەن ئاویان لێ هەڵەیەنجا بۆ حەیواناتیان، دی کۆمەڵێ خەڵك لەوێدا ئاژەڵیان ئاو دەدا و، بینی دوو ئافرەت وان لە خوار ئەوانەوە و خۆیان ئەگرنە دواوە و ئەوەستن تا خەڵکەکە لێ‌ئەبنەوە ئەوسا ئەمان ئەچن و بە شێنەیی ڕانەکەیان ئاو ئەدەن، جا مووسا لێی پرسین: ئیشتان چییە و چی ئەکەن لێرەدا؟ ئەوانیش وتیان: ئێمە هاتووین ڕانەکەمان ئاو بدەین، بەڵام ئاویان نادەین هەتا خەڵکەکە ڕانی خۆیان ئاو ئەدەن و لێ ئەبنەوە، ئەوسا ئێمەیش گەلەی خۆمان ئاو ئەدەین، وە لەبەر ئەوە ئێمە هاتووین بۆ ئەم شوێنە؛ چونکی کەس نییە ئیشمان بۆ بکا و باوکیشمان پیاوێکی پیر و بێ‌دەستەڵاتە و ناتوانێ ئەم کارانە بکات.

جا مووسا ڕۆیشت مەردانە گەلەکەی بۆ ئاودان، پاش ئەوە چوو بۆ بن سێبەری دارێ کە لەو جێگەدا بوو، لە خودا پاڕایەوە و وتی: پەروەردگارا من نیازمەند و موحتاجم بۆ هەر جۆرە خێرێ تۆ بۆم بنێری، واتە نە کەس ئەناسم و نە خزم و برادەر و ماڵ و داراییم هەیە و، لە تۆ زیاتر کەس شك نابەم و تۆیش خۆت و میهرەبانیی خۆت!

﴿فَجَآءَتْهُ إِحْدَىٰهُمَا تَمْشِى عَلَى ٱسْتِحْيَآءٍ قَالَتْ إِنَّ أَبِى يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا ۚ فَلَمَّا جَآءَهُۥ وَقَصَّ عَلَيْهِ ٱلْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ ۖ نَجَوْتَ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥﴾﴾

زۆری پێ نەچوو یەکێ لە دوو کچەکە ـ کە کچی حەزرەتی شوعەیب بوون ـ بە شەرمەوە هات بۆ لای و وتی: باوکم بانگت ئەکات بۆ ئەوە پاداشی ئەرکی ئاودانی ئاژەڵەکەی ئێمەت بداتەوە، ئەویش هەستا و ڕۆیشت بۆ لای باوکیان کە حەزرەتی شوعەیب عليه السلام بوو، کاتێ بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە حەزرەتی شوعەیب فەرمووی: مەترسە رزگار بووی لەو گەلە ستەمکارە. واتە لە فیرعەون و دەستەو بەستەکەی.

﴿قَالَتْ إِحْدَىٰهُمَا يَٰٓأَبَتِ ٱسْتَـْٔجِرْهُ ۖ إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْأَمِينُ ﴿٢٦﴾﴾

جا یەکێ لە کچەکان ـ ئەویان کە ڕۆیشت بانگی کرد ـ وتی: بابە گیان ئەم کوڕە بە کرێ بگرە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکەمان، بە ڕاستی باشترین کەسێ کە بە کرێ بگری ئەو کەسەیە کە خاوەن هێزە بۆ کار کردن و هێمن بێ لەسەر حاڵ و ماڵ.

ئەم کچە کاتێ چاوی کەوت بە مووسا کە بە تاقی تەنیا بەردی سەر بیرەکەی بەرز کردەوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەو خەڵکە بە چەن کەسێ هەڵیان ئەگرت تێگەیی کە

مووسا زۆر بەهێزە، وە لەو کاتەدا کە لەگەڵیا رۆیشتەوە بۆماڵەوە بۆ خزمەتی باوکی، تەماشای کرد مووسا کەوتەپێشەوە و تەماشای ئەوی نەدەکرد، تێگەیی کە پیاوێکی هێمن و بە ناموسە.

﴿قَالَ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَنۡ أُنكِحَكَ إِحۡدَى ٱبۡنَتَيَّ هَٰتَيۡنِ عَلَىٰٓ أَن تَأۡجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٖۖ فَإِنۡ أَتۡمَمۡتَ عَشۡرٗا فَمِنۡ عِندِكَۖ وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ أَشُقَّ عَلَيۡكَۚ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ٢٧ قَالَ ذَٰلِكَ بَيۡنِي وَبَيۡنَكَۖ أَيَّمَا ٱلۡأَجَلَيۡنِ قَضَيۡتُ فَلَا عُدۡوَٰنَ عَلَيَّۖ وَٱللَّهُ عَلَىٰ مَا نَقُولُ وَكِيلٞ ٢٨﴾

حەزرەتی شوعەیب علیه السلام فەرمووی بە مووسا: ئەمەوێ یەکێ لەو دوو کچەت لێ مارە بکەم بە مەرجی ئەوە هەشت ساڵ کارم بۆ بکەی و ئەرکی ئاژەڵ و ماڵەکەم بەری بەرێوە، واتە هەشت ساڵ رەنجبەرم بی، ئەگەر هەشتەکەیشت کرد بە دە ئەوە پیاوەتی خۆتە و کارێکی ئینسانانەیە ئەیکەی لەگەڵما و، من زۆرت لێ ناکەم و نامەوێ زەحمەتت بدەم بە تەواو کردنی دە ساڵ، یا زەحمەتت نادەم لە دەرچوون و دەرنەچوونت لەگەڵ ئاژەڵەکەدا، یا لە رەسایی کار و کردەوەی تۆدا، وە ئەگەر بازێ کردەوەت نارەسا بێ چاو پۆشیت لێ ئەکەم و ئینشائەڵڵا ئەبینی کە یەکێ لە پیاوچاکان ئەبم لەگەڵتا.

جا حەزرەتی مووسایش فەرمووی: ئەمەی تۆ فەرمووت لە نێوان من و تۆدا بێ و، هەرکام لەو دوو وادەم جێبەجێ کرد ناپیاویم لەسەر نەبێ و، خودای تەعالایش ئاگاداری ئەم کارە و ئەم بڕیارەمانە و ئەو شایەتمان بێ.

بزانن! رەخنەیان لە ئایەتی: ﴿إني أريد أن أنكحك إحدى ابنتي ... تاد﴾ گرتووە و، وتوویانە: لەم ئایەتەدا دوو عەقد بەیان کراوە؛ عەقدی نیکاح و عەقدی ئیجارە و،

هەردووکیان فاسیدن؛ هەرچی وەکوو عەقدی نیکاحەکە ئەوە فاسیدە لەبەر ئەوە کە پێویستە مارەیی لە عەقدی نیکاحدا بۆ لای ژنەکە بگەڕێتەوە و لێرەدا مارەیی کچەکە خزمەت کردنی مووسایە بۆ ئەو حەیوانانە کە ماڵی باوکی کچەکە بوون و سوودی دەست کچەکە نەکەوتووە، بێجگە لەمەیش مارەییەکە فاسیدە؛ چونکە بەخێو کردنی حەیوانەکانە لە ماوەی نادیاریدا کە هەشت یا دە ساڵە.

وە هەرچی «عەقدی ئیجارە»کەیشە ئەویش فاسیدە لەبەر ئەوە کە کارەکە دیار نییە؛ چونکە خزمەتی حەیوانەکان بووە لە ماوەیەکی نادیاریدا، هەروەها کرێکەیش دیار نییە؛ چونکە مارە کردنی یەکێ لەو دوو کچەیە بێ دیاری کردن. بەڵام وەڵام دراوەتەوە بەمە: کە لە ئایەتەکەدا بەڵگە نییە لەسەر ئەوە کە عەقدی نیکاح و ئیجارەکە وا کراوە، هەڵئەگرێ ژنەکە مارە کرابێ لەسەر مارەییەکی دیاری کە بۆ مارە کراوەکە بووبێ، یاخود لەسەر بەخێو کردنی ئەو ئاژەڵە بووبێ بەڵام ئاژەڵەکە درابن بەو کچە کە مووسا مارەی کردووە، ئەوا خزمەتی ئاژەڵەکە بوو بە سوود بۆ کچەکە.

وە ئیجارەکەیش لەسەر خزمەتی ئاژەڵەکە بووبێ لە ماوەی هەشت ساڵ و، دوو ساڵە زیادەکە شتێ بووبێ کابرا بە پیاوەتی بڕیاری داوە بیکا، وە لە بەرابەری ئەو خزمەتی هەشت ساڵەوە کرێیەکی دیاری بڕیار درابێ بۆ مووسا عليه السلام.

وە یا خود ئەو جۆرە نیکاحە و ئەو جۆرە ئیجارە لە شەریعەتی شوعەیبدا عليه السلام دروست بووبن.

﴿فَلَمَّا قَضَىٰ مُوسَى ٱلْأَجَلَ وَسَارَ بِأَهْلِهِۦٓ ءَانَسَ مِن جَانِبِ ٱلطُّورِ نَارًا قَالَ لِأَهْلِهِ ٱمْكُثُوٓا۟ إِنِّىٓ ءَانَسْتُ نَارًا لَّعَلِّىٓ ءَاتِيكُم مِّنْهَا بِخَبَرٍ أَوْ جَذْوَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ لَعَلَّكُمْ تَصْطَلُونَ ﴿٢٩﴾﴾

جا کاتێ مووسا عليه السلام ماوە بڕیار دراوەکەی تەواو کرد، دڵی زۆر کەوتە بیر کردنەوەی دیدەنی دایك و خوشك و برای و، ئیزنی لە شوعەیب خواست و شوعەیب ئیزنی دا و، لەگەڵ خێزانەکەیا بەرەو نیشتمانی خۆی کەوتە رێ، رێکەوتی کاتێکی ساردی کرد و، لەو کاتەدا پێویستیان بە ئاگر بوو، لە لای کێوی «توور»ەوە ئاگرێکی بینی بەخێزانەکەی فەرموو: لای چیای «توور»ەوە ئاگرێکم دیوە، ئێوە لێرەدا دانیشن بەڵکوو لەو شوێنەدا کەسێکم دەست بکەوێت کە باسی رێگەکەم بۆ بکات، یا شوێنێکمان پێ نیشان بدا کە ئارامی تیا بگرین، یاخود سەرە چڵۆسکێ ئاگرتان بۆ بێنم و لێرەدا ئاگرتان بۆ بکەمەوە بەڵکوو خۆتان گەرم بکەنەوە.

ریوایەت کراوە: حەزرەتی مووسا دە ساڵ لە خزمەتی شوعەیبدا کاری کرد، واتە دوو ساڵە زیادەکەیشی تەواو کرد و کچە بچکۆلەکەی مارە کرد و، دە ساڵیتر لە خزمەتی شوعەیبدا مایەوە، ئەمە بیست ساڵ.

وە ئەبێ ماوەی بیست ساڵیش لە میسرا رای بواردبێ ئەمە چل ساڵ، وە مووسا بە خەیاڵی خۆی وای زانی کارەساتی کوشتنی کابرای قیبتی فەرامۆش کراوە و، کات لەبارە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو خزم و عەشرەتی خۆی، لەسەر ئەم ئەساسە گەڕایەوە و، لە رێگەدا خێزانەکەی کاتی منداڵ بوونی هات و وەرزەکەی سارد بوو، جا لەو کاتەدا ئەو ئاگرەی دی و بەرەو کێوی «توور» رۆیشت.

﴿فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِيَ مِن شَٰطِيِٕ ٱلْوَادِ ٱلْأَيْمَنِ فِي ٱلْبُقْعَةِ ٱلْمُبَٰرَكَةِ مِنَ ٱلشَّجَرَةِ أَن يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّيٓ أَنَا ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٠﴾﴾

جا کاتێ حەزرەتی مووسا عليه السلام گەیشتە جێگەی ئەو ئاگرە کە ئەو لە دوورەوە چاوی پێی کەوتبوو، لە کەناری لای راستی ئەو دۆڵەوە بانگی لێ کرا، ئەو شوێنە جێگەی دارێکی بەرزی سێبەردار بوو، وە ئەو دۆڵەیش لەو پارچە زەوییە پیرۆزەدا

بوو کە خودا بە کەرەمی خۆی پیرۆزی کردبوو، بانگی لێ کرا، ئەی مووسا بە راستی کە من خودام و کەسیتر نیم و ئەو پەروەردگاری جیهانەم کە ئەبێ هەموو کەسێ پەنای پێ ببا.

﴿ وَأَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنٌّ وَلَّىٰ مُدْبِرًا وَلَمْ يُعَقِّبْ يَٰمُوسَىٰٓ أَقْبِلْ وَلَا تَخَفْ إِنَّكَ مِنَ ٱلْءَامِنِينَ ﴿٣١﴾ ﴾

وە فەرمانت ئەدەمێ کە عاساکەت فڕە بدە بۆ سەر زەوی، ئەویش فڕەی دا، کاتێ تەماشای کرد بینی ئەجوولێتەوە و دێتە تەکان وەك ئەژدیهایەکی گەورە، پشتی هەڵکرد و رۆیشت و نەگەڕایەوە بۆ سەری، جا بانگمان لێ کرد: ئەی مووسا روو بکە عاساکەت کە بووە بە مار و لێی مەترسە، بە راستی تۆ لەوانەی کە ئەمینن لە بەڵا و مەینەت.

﴿ ٱسْلُكْ يَدَكَ فِى جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَآءَ مِنْ غَيْرِ سُوٓءٍ وَٱضْمُمْ إِلَيْكَ جَنَاحَكَ مِنَ ٱلرَّهْبِ فَذَٰنِكَ بُرْهَٰنَانِ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦٓ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَٰسِقِينَ ﴿٣٢﴾ ﴾

وە دەست بکە بە باخەڵتا بە سپیتی دێتەدەرەوە و وەك چرای شەو خاوەن پرتەو ئەبێ بە بێ ئەوەی کە تووشی نەخۆشینێ بووبێ، وە هەر کاتێ لە مارەکە ترسای یا لەهەر کارێ لەوانە بێ مەترسی لێ بکرێ تۆ دەستەکانت بێنەرەوە بۆ لای خۆت، راستیان بە لای چەپا و چەپیان بە لای راستا، وەکوو ئینسانێ کە خاوەن دڵ و دەروون بێ، جا ئەم چرایە و ئەم دەستی پرتەوداری وێنەی چرایە دوو موعجیزەن و دوو شتی لە یاسابەدەرن کە ئەبن بە بەڵگە و نیشانە لەسەر راستی تۆ لە داوای رەهبەریدا و، بەو بەڵگانەوە برۆ بۆ لای فیرعەون و دەستە و بەستەکەی، بە راستی ئەوان گەلێکی بەدن و لە سنووری رەوشت لایان داوە.

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي قَتَلْتُ مِنْهُمْ نَفْسًا فَأَخَافُ أَن يَقْتُلُونِ ﴿٣٣﴾ وَأَخِي هَارُونُ هُوَ أَفْصَحُ مِنِّي لِسَانًا فَأَرْسِلْهُ مَعِيَ رِدْءًا يُصَدِّقُنِيٓ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ ﴿٣٤﴾﴾

حەزرەتی مووسا عەرزی خودای کرد و فەرمووی: بە راستی من زەلامێکم لێ کوشتوون و ئەترسم کاتێ خۆمیان لێ دەربخەم بمکوژن، وە هاروونی برایشم لە من زمان پاراوتر و قسە رەوانترە و قسەی باش پێ ئەکرێ، دەی ئەویش رەوانە بکە لەگەڵما بێ بە یارمەتیدەری و ئەو تەسدیقی قسەکانم بکا. واتە ئەگەر من قسەیێکم کرد و لەبەر نارەوانی زمانم ئەوان بەرهەڵستییان کردم هاروونی برام ئەو قسە لە من باشتر روون ئەکاتەوە و ئەبێ بە هۆی چەسپاندنی قسەکەی من لە دڵی خەڵکدا، من لەوە ئەترسم کە ئەوان باوەڕم پێ نەکەن و بە درۆم بخەنەوە.

﴿قَالَ سَنَشُدُّ عَضُدَكَ بِأَخِيكَ وَنَجْعَلُ لَكُمَا سُلْطَانًا فَلَا يَصِلُونَ إِلَيْكُمَا بِآيَاتِنَآ أَنتُمَا وَمَنِ اتَّبَعَكُمَا الْغَالِبُونَ ﴿٣٥﴾﴾

خودای تەعالا لە وەڵامی مووسادا فەرمووی: ئێمە قۆڵی تۆ بەهێز ئەکەین بە هاروونی برات و، ئەویش لەگەڵ تۆدا رەوانە ئەکەین و، بەڵگە بۆ ئێوە بڕیار ئەدەین و، ئەوان ناگەن بە ئێوە لە بەڵگەهێنانەوە و هاوردوبردی قسەدا بە هیچ جۆرێ، بە هۆی ئەو موعجیزانەوە کە پێمداون و ئێوە و ئەوانە کە پەیڕەوی ئێوەن سەرکەوتوو ئەبن.

﴿فَلَمَّا جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِآيَاتِنَا بَيِّنَاتٍ قَالُوا۟ مَا هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّفْتَرًى وَمَا سَمِعْنَا بِهَٰذَا فِيٓ ءَابَآئِنَا ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٣٦﴾ وَقَالَ مُوسَىٰ رَبِّيٓ أَعْلَمُ بِمَن

جَآءَ بِٱلۡهُدَىٰ مِنۡ عِندِهِۦ وَمَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٣٧﴾

جا کاتێ مووسا﷣ بە موعجیزەکانەوە گەیشتە لای فیرعەون و دەستەکەی و موعجیزەکانیان دی، وتیان: ئەمەی مووسا هێناویەتی هیچ نییە جادوویێ نەبێ خۆیان دروستیان کردووە و، وێنەی نەبووە لەمەوپێش و ئەم جۆرە جادوومانە نەبیستووە لە چەرخی باوك و باپیرە پێشووەکانمانا کە زوو رابوردوون.

وە حەزرەتی مووسا﷣ لە وەڵامی ئەوانا فەرمووی: خودای من زاناترە لە ئێمەیش و لە ئێوەیش و، ئەو ئەزانێ کێ لای ئەوەوە راستیی هێناوە و [چ کەسێ] شارەزایی هێناوە لە لایەنی خوداوە. وە زانایشە بەو کەسە کە ئەنجامی باشی ئەبێ و خانووی ئاسایشی نەبڕاوەی ئەبێ، بە راستی ئەوانەی کە سالمن ئەمینن و ئەوانەیش کە زاڵمن رزگار نابن.

﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي فَأَوۡقِدۡ لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجۡعَل لِّي صَرۡحٗا لَّعَلِّيٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾﴾

جا لە پاش فەرموودەکانی حەزرەتی مووسا﷣ فیرعەون وتی بە حازرانی بارەگای خۆی: ئەی گەل و کۆمەڵی نزیکی بارەگا من نازانم بەوە کە ئێوە بێجگە لە من خودایەکی ترتان ببێ، بەڵام بۆ زیادەدامەزرانی دڵ ئەمەوێ تەماشایەکی ئەوزاعی جیهان بکەن، ئەی هامان ئاگری بەهێز داگیرسێنە لەسەر خشتی کاڵ هەتا ئەبێ بە خشتی سوورەوە بوو، دوایی بەو خشتە سوورەوە بووە قەڵایەکی بەرزم بۆ دروست بکە، هیوام وایە کە سەر بکەوم بۆ شوێنێکی وەها ئەگەر خودای مووسا لە ئاسمانا

ببێ وەزع و حاڵی بزانم، بە راستی من گومانم هەیە لە راستی مووسادا و وا ئەزانم لە درۆزنانە و خودای ئەو هەر لە بناغەدا نییە! (پەنا بە خودا).

﴿ وَٱسْتَكْبَرَ هُوَ وَجُنُودُهُۥ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ إِلَيْنَا لَا يُرْجَعُونَ ﴿٣٩﴾ فَأَخَذْنَٰهُ وَجُنُودَهُۥ فَنَبَذْنَٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ ۖ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ وَجَعَلْنَٰهُمْ أَئِمَّةً يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا يُنصَرُونَ ﴿٤١﴾ وَأَتْبَعْنَٰهُمْ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا لَعْنَةً ۖ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ هُم مِّنَ ٱلْمَقْبُوحِينَ ﴿٤٢﴾ ﴾

فیرعەون بەو لادانەی لە فەرموودەی مووسا لەوەی کە لە لای خوداوە بۆی هێنابوون، خۆی و سوپاکەی فیزیان کرد و خۆیان بە زل گرت لە خاکی میسرا و، ئەمەیش بە ناڕەوایی و نابەجێیی و، گومانیان وابوو کە ئەوان نایێنەوە بۆ لای ئێمە و لە دەستمان دەرئەچن.

جا فیرعەون و سوپاکەیم وەرگرت و فڕەمدانە دەریاکەوە، جا بڕوانە بزانە ئەنجامی ئەو ستەمکارانە چۆن بوو؟ وە کردمن بە چەن پێشەوا و خاوەن کارێ کە خەڵکیان بانگ ئەکرد بۆ ئاگری دۆزەخ و لە رۆژی قیامەتیشا هەر یارمەتی نادرێن و، لەم دنیادا نەفرین و قسەی ناشیرینم نارد بە شوێنیانا و لە رۆژی قیامەتیشا هەر لە ناشیرینەکان و بەدشێوەکان ئەبن.

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ مِنۢ بَعْدِ مَآ أَهْلَكْنَا ٱلْقُرُونَ ٱلْأُولَىٰ بَصَآئِرَ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٤٣﴾ ﴾

وە بە راستی ئێمە کیتابمان دا بە مووسا لە پاش ئەوە کە ئەو گەلە پێشینانەمان لە ناو برد و بەربادمان کردن لە چەرخە پێشووەکانا، وەکوو قەومی نووح و هوود و

سالّح و لووت و ئیبراهیم، وە ئەو کتێبەیشم بۆ ئەوە پێدان ببێ بە هۆی چاوڕوونییان، واتە دڵیان رووناك ببێ و ببێ بە هۆی رەحمەت و شارەزایی بۆیان، بە هیوای ئەوە کە بیری بکەنەوە بۆ حاڵی خۆیان.

﴿وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ ٱلْغَرْبِيِّ إِذْ قَضَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَى ٱلْأَمْرَ وَمَا كُنتَ مِنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٤٤﴾ وَلَٰكِنَّآ أَنشَأْنَا قُرُونًا فَتَطَاوَلَ عَلَيْهِمُ ٱلْعُمُرُ ۚ وَمَا كُنتَ ثَاوِيًا فِىٓ أَهْلِ مَدْيَنَ تَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا وَلَٰكِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ ﴿٤٥﴾﴾

بزانن! ئەو رێگە کە حەزرەتی مووسا عليه السلام پیادا رابوردووە بۆ شاری میسر کێوی «توور» کەوتووەتە خۆرنشینیەوە.

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ لە لای خۆرئاوای کێوی توورا نەبوویت لەو کاتەدا کە ئێمە فەرمانی پێغەمبەریمان دا بە مووسا عليه السلام، وە تۆ لەو کاتەدا لەوێ نەبوویت وەحی و فەرمانەکەمان بۆ نارد، هەروا تۆ لە ناو خەڵکی شاری مەدیەنیشدا نەبووی تا ئایاتی ئێمە لەوان وەربگری و بیخوێنیتەوە بەسەر ئەوانەدا، وەکوو یەکێ دەرسێ لە مامۆستایێ وەربگرێ و بۆی بخوێنێتەوە تا رەوانی ئەکا، هەتا وەزعی حەزرەتی شوعەیب و خانەوادەکەیان بزانی.

بەڵام وەحیمان نارد بۆ تۆ و تۆمان کرد بە پێغەمبەری ئاخرزەمان، وە حاڵی پێغەمبەرە پێشینانەکەمان گێڕایەوە بۆ تۆ لەبەر ئەوە کە گەلێ ئادەمیزادمان لە گەلێ چەرخدا دروست کردبوو تەمەنێکی زۆریان رابوارد و دڵیان بە تەواوی رەش بووەوە لە وەرگرتنی خێر و ئیسلامییەت، بەڵکوو تۆ بە هۆی خوێندنەوەی ئایەتەکانی ئێمەوە ئەو چینە کە ئێستە حازرن فێریان بکەی و روویان بکەیتە رێگەی بەیەکناسی و فەرمانبەری ئێمە.

﴿ وَمَا كُنتَ بِجَانِبِ ٱلطُّورِ إِذْ نَادَيْنَا وَلَٰكِن رَّحْمَةً مِّن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّآ أَتَىٰهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾

وە تۆ لە تەنیشتی کێوی توورەوە نەبووی لەو کاتەدا بانگمان لە مووسا کرد و پەیامان داین، بەڵام ئێمە رەحمەتێکی گەورەمان دا بە تۆ وەکوو قورئان بێ، بۆ ئەوە گەلێکی وای پێ بترسێنێ و هۆشیاریان بکەیتەوە کە لە پێش تۆدا پێغەمبەرێکی وایان بۆ نەهاتووە کە بیانترسێنێ، هیوا وایە بە هۆی ئەم قورئانە و ترساندنی تۆوە بۆیان بیرێ بکەنەوە.

﴿ وَلَوْلَآ أَن تُصِيبَهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَيَقُولُواْ رَبَّنَا لَوْلَآ أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ ءَايَٰتِكَ وَنَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾

وە ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کاتێ کە بەڵایێ و زەحمەتێ بیدایێ لە گەلەکەت و لە کیتابییەکانی دەورت لەبەر ئەو کردەوە نابارانە کە دەستی ئەوان کردوویەتی و خستوویەتیە پێش خۆیەوە، جا لەو کاتەدا هاواریان بکردایە و بیانوتایێ: ئەی خودا بۆچی پێغەمبەرێکت نەنارد بۆ لامان تا ئێمە شوێنکەوتی ئایەتەکانی بووینایێ و، داخڵی ئەهلی ئیمان بووینایێ، ئێمە تۆمان رەوانە نەدەکرد، واتە بۆیێ تۆمان رەوانە کرد بۆ لای ئەو کافرانە هەتا بیانوویان نەمێنێ.

﴿ فَلَمَّا جَآءَهُمُ ٱلْحَقُّ مِنْ عِندِنَا قَالُواْ لَوْلَآ أُوتِىَ مِثْلَ مَآ أُوتِىَ مُوسَىٰٓ أَوَلَمْ يَكْفُرُواْ بِمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ قَالُواْ سِحْرَانِ تَظَٰهَرَا وَقَالُوٓاْ إِنَّا بِكُلٍّ كَٰفِرُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾

جا کاتێ قسەی حەق لە لایەنی ئێمەوە هات بۆیان، یانی قورئانی پیرۆز، وتیان: ئەوە بۆچی موعجیزەیەکی وەکوو موعجیزەکەی مووسا نەدرا بە موحەممەد؟ واتە

وێنەی عاسا و دەستی سپی؟ ئایا ئەم کافرانە ئینکاری ئەوەیان نەکرد کە لەمەوپێش درا بە مووسا؟! لەو کاتەدا کە کۆمەڵێ عەرەبیان نارد بۆ لای جوولەکەکان بۆ پرسیار لە سیفاتی موحەممەد ﷺ لە تەوراتا، ئەوانیش وتیان: ئێمە سیفەت و نیشانەی موحەممەد لە تەوراتا ئەبینین، جا کاتێ ئەو عەرەبانە هاتنەوە بۆ مەککە و قسەکەیان بۆ گێڕانەوە وتیان: ئێمە نە باوەڕ بە مووسا ئەکەین و نە بە موحەممەد، هەردووکیان جادوون، دوو جادووگەرن پشتی یەك ئەگرن و، وتیان: ئێمە بە هەردووکیان کافرین، وە یا نە باوەڕ بە تەورات و نە بە قورئان ئەکەین.

﴿قُلْ فَأْتُوا بِكِتَابٍ مِّنْ عِندِ اللَّهِ هُوَ أَهْدَىٰ مِنْهُمَا أَتَّبِعْهُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (٤٩) فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءَهُمْ ۚ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (٥٠)﴾

جا مادام ئەم کافرانە باوەڕیان بە مووسا و موحەممەد نییە، یا باوەڕیان بە تەورات و قورئان نییە تۆ پێیان بڵێ: دەی کتێبێ لە لایەنی خوداوە بێنن کە باشتر بێ بۆ شارەزا کردنی نەزانان بۆ ڕێگەی خودای تەعالا هەتا من پەیڕەوی ئەو کتێبە بکەم، ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن کە کتێبی کەسیان باش نییە!

جا ئەگەر بە گوێیان نەکردی و کتێبێکی وایان نەهێنا، ئەمجار بە یەقین بزانە ئەمانە شوێن ئارەزووی خۆیان ئەکەون، جا کێیە گومڕاتر بێ لەو کەسە کە ئەکەوێتە شوێن هەوای خۆی، بە بێ ئەوە بەڵگەیەك یا کتێبێکی پیرۆزی لە لای خوداوە هێنابێ؟ بە ڕاستی خودا هیدایەتی گەلی ستەمکار نادا و ئەمانە ستەمکارن.

﴿وَلَقَدْ وَصَّلْنَا لَهُمُ الْقَوْلَ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (٥١)﴾

وە ئێمە گەلێ ئایاتی قورئانمان یەك بە شوێنی یەكا نارد بۆ لای ئەو كافرانی مەككە بە هیوای ئەوە كە ئیمان بێنن، كەچی هەر لەسەر عەنادی خۆیان مانەوە و ئیمانیان نەهێنا.

﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِهِۦ هُم بِهِۦ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾ وَإِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِهِۦٓ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّنَآ إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلِهِۦ مُسْلِمِينَ ﴿٥٣﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُم مَّرَّتَيْنِ بِمَا صَبَرُوا۟ وَيَدْرَءُونَ بِٱلْحَسَنَةِ ٱلسَّيِّئَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٥٤﴾ وَإِذَا سَمِعُوا۟ ٱللَّغْوَ أَعْرَضُوا۟ عَنْهُ وَقَالُوا۟ لَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِى ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٥٥﴾﴾

ئەم ئایەتانە لە موسوڵمانانی ئەهلی كیتابدا هاتنە خوارەوە، وە بازێ فەرموویانە: لە چل كەسی ئەهلی ئینجیلدا هاتنە خوارەوە، سی‌و دوو كەسیان لەگەڵ جەعفەری كوڕی ئەبوو تالیبدا لە حەبەشستانەوە هاتن و، هەشتیان لە شامەوە.

واتە ئەو كەسانە كە كیتابمان پێداون لە پێش قورئانا ئەوانە ئیمان دێنن بە قورئان و هەر كاتێ قورئانیان بەسەرا ئەخوێنرێتەوە ئەڵێن: ئیمانمان پێی هەیە، بە راستی ئەو قورئانە راستە و لە لای خودای ئێمەوە هاتووە و ئێمە لە پێش ئەوەدا بێتەخوارەوە باوەڕمان پێی بووە؛ چونكە لە كتێبی خۆمانا باس كراوە و ناوی خاوەن كتێبەكەمان لە رەهبەرە گەورەكەمانەوە دەم بە دەم و كەس بە كەس بیستووە. جا ئەوانە دووجار پاداشی ئیمانیان پێ ئەدرێ، واتە پاداشیان دوو قاتە: قاتێ لەسەر باوەڕ بە كتێبەكەی خۆیان و، قاتێ لەسەر باوەڕ بە كتێبەكەی ئێمە كە قورئانە.

وە ئەم دوو پاداشەیشیان بۆیە پێدراوە لەسەر ئەو دوو ئیمانە بە هۆی خۆگرتنەوە لەسەر ئازاری دوژمنانی دین؛ چونكی كاتێ كە ئیمانیان هێنا بە كتێبەكەی خۆیان لە لایەنی موخالیفانەوە ئازاردران، وە كاتێ باوەڕیان بە قورئان كرد لە لایەنی ئەهلی

کتێبەکەی خۆیانەوە ئازاردران و لە لایەنی کافرانی مەککە و مەدینەیشەوە دووبارە بە وتار یا بە کردار.

وە ئەو موسوڵمانانی کیتابییە پیشەیان وەهایە بە کردەوەی چاکە تاوانی کردەوەی خراپە لائەبەن و، لەو رۆزی و بژیوە کە هەیانە لێی سەرف ئەکەن لە ڕێگەی خودادا، وە کاتێ کە وتاری ناباری بێ‌سوود ببیسن لە نەیاران گوێی پێ نادەن لەبەر کەرامەت، وە بە زۆربڵێ و قسەپووچیان ئەڵێن: کردەوەی ئێمە بۆ ئێمەیە و کردەوەی ئێوە بۆ ئێوەیە، حەقمان بەسەرتانەوە نییە و ئێوەیش حەقتان بەسەرمانەوە نەبێ، دروودتان لەسەر بێ، ئێمە نامانەوێ هاوڕێیی نەزان‌کار و نەزان‌دوو بکەین.

﴿إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴿٥٦﴾﴾

بە راستی تۆ هیدایەتی خۆشەویستانی خۆتت پێ نادرێ و ناتوانی رووناکی هیدایەت بخەیتە ناو دڵیان، بەڵام خودا بیەوێ هیدایەتی هەرکەسێ بدا ئەیدا لەسەر خواست و ئیرادەی خۆی، وە ئەو زاناترە بەوانە کە ئامادەن بۆ ئەو رووناکییە.

کۆمەڵی زانایان لەسەر ئەوەن ئەم ئایەتە لە شانی «ئەبووتالیبی» مامی پێغەمبەرا هاتووەتە خوارەوە؛ چونکی کاتێ کەوتە سەرەمەرگ حەزرەت ﷺ هات بۆ لای و پێی فەرموو: مامە بڵێ «لا إله إلا الله» تا لە لای خودا بیکەم بە بەڵگە بۆت، ئەویش وتی: برازا بە راستی ئەزانم کە تۆ راستگۆی و راست ئەڵێیت، بەڵام پێم ناخۆشە خەڵك بڵێن: لە کاتی سەرەمەرگدا تەفرەیان دا و لە دینی خۆییان هەڵگێڕایەوە.

﴿وَقَالُوٓاْ إِن نَّتَّبِعِ ٱلۡهُدَىٰ مَعَكَ نُتَخَطَّفۡ مِنۡ أَرۡضِنَآۚ أَوَلَمۡ نُمَكِّن لَّهُمۡ حَرَمًا ءَامِنٗا يُجۡبَىٰٓ إِلَيۡهِ ثَمَرَٰتُ كُلِّ شَيۡءٖ رِّزۡقٗا مِّن لَّدُنَّا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٥٧﴾﴾

وە لە شێوەی بیانوودا ئەڵێن: ئەگەر ئێمە شوێن تۆ بکەوتایەین و موسوڵمان ببوایەین و لەگەڵ تۆدا بوایەین، لەم خاکی خۆمانەدا نەئەماین و ئەیانفڕانین. بەڵام ئەم بەهانە زۆر بێ بایەخە بەرابەر بەو نیعمەتانە کە من داومە بە خەڵکی وڵاتی ئەوان. ئایا ئێمە وڵاتێکی وامان بۆ ئەوان دانەمەزراندووە کە حەرامە لەسەر خاوەن دەستەڵاتەکان دەستیان بۆ ببەن و هێمنە لە دەسدرێژی پیاوانی بەدکار و بەدنیهاد و زیانکار؟ زیاد لەوە گرداوەری ئەکرێ و ئەبرێ بۆ لای ئەوان بەش و بارە و ژیوار و بەری هەموو شتێ لەوانە سوودیان لێ وەربگیرێ و لە لای ئێمەوە بۆ ئەوان کراوە بە رۆزی. بەڵام زۆربەی ئەوانە بەم نیعمەتانە نازانن. جا ئێمە مادام ئەوەندە نیعمەت بدەین بە ئەهلی ئەو شوێنە پاکە چۆن ئەگەر یەکێکیان موسوڵمان بێ لەوە ئەترسێ بفڕێنرێ و تووشی دەردیسەری ببێ بە هۆی ئیسلامەوە؟!

ئەم ئایەتە لە شانی حەرسی کوڕی عوسمانی کوڕی نەوفەلی کوڕی عەبدولمەنافدا هاتە خوارەوە؛ ئەم زەلامە هات بۆ لای حەزرەت ﷺ وتی: ئێمە ئەزانین کە تۆ لە سەر حەقی، بەڵام واین لە ناو چەند کۆمەڵ و هۆزی گەورەی عەرەبدا کە لەگەڵ تۆدا نین و، ئێمە خۆمان هێزێکی وامان نییە و ئەترسین کاتێ شوێن تۆ بکەوین بە جارێ بێن بەسەرمانا و لە وڵاتا هەڵمان گرن و لەناومان بەرن! خودا بەو ئایەتە ئەو بەهانەی بەتاڵ کردەوە.

﴿ وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَرْيَةٍ بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا ۖ فَتِلْكَ مَسَاكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَن مِّن بَعْدِهِمْ إِلَّا قَلِيلًا ۖ وَكُنَّا نَحْنُ الْوَارِثِينَ ﴿٥٨﴾ ﴾

چەند ئاوەدانی و دێمان وێران کرد، کاتێ خەڵکەکەی کەوتوونەتە زیادەڕەوی و زیادەخۆری و دەس بڵاوی لە ژیواریانا و بە هۆی ئەوەوە تووشی فیز و دەمار بوون و سوپاسی خودایان نەکرد و لایان دا لە فەرمانی خودا؟ ئا ئەوە شوێنەکانی ئەوانە

و کەلاوەکانیانە لە پاش ویرانکردنیان نەکراونەتەوە بە جێگە و دێ و، کەمێك نەبێ کەسیان تیا دانەنیشتووە و، هەر ئێمە میراتگری ئەوان بووین، واتە وەها ویران بوون بە سەر و بەرەوە لە ناو چوون و، تەنیا خۆمان لە پاش ئەوان ماوینەتەوە.

﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِىٓ أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِنَا ۚ وَمَا كُنَّا مُهْلِكِى ٱلْقُرَىٰٓ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَـٰلِمُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست خودای پەروەردگاری تۆ یاسای وا نەبووە کۆمەڵە دێهات و ئاوەدانییەك ویران بکا هەتا پێغەمبەرێ نەنێرێ بۆ گەورەئاواییەکەیان، تا ئایاتی ئێمەیان بەسەرا بخوێنێتەوە و بانگیان بکا بۆ رێگەی ئایین و ئەوانیش دەس بکەن بە ملبادان و بێشەرمی لەگەڵ رەهبەرانا. ئەو جارە ئێمەیش قارمان ئەجووڵێ و لە ناویان ئەبەین، ئەگەرنا خودا یاسای دادی هەیە و فەرموویە: ئێمە دێهاتی زۆری پڕ لە ئادەمیزادمان ویران نەکردووە مادام خەڵکەکەی ستەمکار نەبن و لە حەق لایان نەدابێ.

﴿ وَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَىْءٍ فَمَتَـٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتُهَا ۚ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾

وە هەرچیتان پێ درابێ لە هەر جۆرە شتێ بێ کە بەکارتان بێ ئەوە مایەی رابواردنی ژیانی دنیایە و هۆی جوانی دیمەنە، وە ئەوەی لە لای خودادا بێ وەکوو پاداشی باوەڕ و کردەوەی چاك ئەوە باشترە، بەڵکوو هەر ئەوە بۆ ئێوە باشە و زۆر ئەمێنێتەوە لە پاشەڕۆژا، ئایا ئێوە عەقڵ بە کار نایەنن هەتا شتی باش نەدەن بە شتی بێسوود؟

﴿ أَفَمَن وَعَدْنَـٰهُ وَعْدًا حَسَنًا فَهُوَ لَـٰقِيهِ كَمَن مَّتَّعْنَـٰهُ مَتَـٰعَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ثُمَّ هُوَ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ مِنَ ٱلْمُحْضَرِينَ ﴿٦١﴾ ﴾

ئایا ئەو کەسە کە لەسەر بیر و باوەڕی پاك کار و کردەوەی چاك بەڵێنمان پێدابێ بە پاداشی باش و لە واقیعا ئەویش بگات بەو جەزایە لە کاتی خۆیا، وەکوو ئەو کەسە وەهایە کە خۆشحاڵمان کردبێ بە رابواردنی نەفسی لە ژیانی دنیادا، وە لە پاش مردن لە رۆژی قیامەتا لەوانەبێ کە حازر بکرێ بۆ حسێب کێشان و بۆ سەر و دڵ ئێشان و سزادان لە قیامەتا؟ دیارە ئەم دوو تاقمە وەکوو یەك نین.

ئەمیان لە بیری دۆزەخا بە لەرز ئەویان وا لەسەر ئاسمانی بەرز
ئەم جێگەی خاکە و ئەو جێگەی خۆرە عەرز و ئاسمان بەینیان زۆرە

﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَاءِيَ الَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٦٢﴾ قَالَ الَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ الْقَوْلُ رَبَّنَا هَٰؤُلَاءِ الَّذِينَ أَغْوَيْنَا أَغْوَيْنَاهُمْ كَمَا غَوَيْنَا ۖ تَبَرَّأْنَا إِلَيْكَ ۖ مَا كَانُوا إِيَّانَا يَعْبُدُونَ ﴿٦٣﴾﴾

وە لەو رۆژەدا کە فریشتەی مەئمووری خودا بانگ ئەکا لە کافرەکان و ئەڵێ: وا لە کوێ ئەو شەریکانەم کە ئێوە گومانتان ئەبرد کە هاوڕێی منن؟ لەو رۆژەدا ئەو کافرانە کە دەستیان رۆیشتووە و خەڵکیان گومڕا کردووە و فەرمانی سزایان دەرچووە، ئەڵێن خودایە ئەو کۆمەڵە ئێمە گومڕامان کردن، گومڕامان کردن وەکوو خۆمان گومڕا بووین، ئێمە خۆمان دوور ئەخەینەوە و یەخە هەڵئەتەکێنین لێیان و پەنا دێنین بۆ تۆ، بە راستی ئەوانە بەندەیی ئێمەیان نەکردووە، بەڵکوو بەندەیی هەوای خۆیانیان کردووە.

﴿وَقِيلَ ادْعُوا شُرَكَاءَكُمْ فَدَعَوْهُمْ فَلَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُمْ وَرَأَوُا الْعَذَابَ ۚ لَوْ أَنَّهُمْ كَانُوا يَهْتَدُونَ ﴿٦٤﴾﴾

وە بانگ ئەکریٚ لە کافرەکان و پیٚیان ئەوتریٚ: ئەو شەریکانە کە ئیٚوە بڕیارتان ئەدان بۆ خودا لە کویٚن؟ بانگیان بکەن با بیٚن بە هاوارتانەوە: ئەوانیش لەبەر سەرگەردانی خۆیان بانگیان ئەکەن و ئەوانیش وەلاٚمیان نادەنەوە لەبەر ئەوە دار و بەرد وەلاٚمیان نییە.

﴿ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَآ أَجَبْتُمُ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦٥﴾ فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ ٱلْأَنۢبَآءُ يَوْمَئِذٍ فَهُمْ لَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿٦٦﴾ فَأَمَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَـٰلِحًا فَعَسَىٰٓ أَن يَكُونَ مِنَ ٱلْمُفْلِحِينَ ﴿٦٧﴾ ﴾

باسی ئەو ڕۆژە بکە کە خودای تەعالا بانگ ئەکا لە کافرەکان و پیٚیان ئەڵیٚ: بە چ جۆریٚ وەلاٚمی بانگ و پەیامی پیٚغەمبەرەکانتان دایەوە لە دنیادا؟ جا لەو ڕۆژەدا دەنگوباس و هەواڵیان نامیٚنیٚ و لە ڕاستی هەموو باسیٚکدا کویٚر ئەبن، واتە وەکوو یەکیٚ کویٚر ببیٚ ڕیٚگە دەرناکا و ناگاتە جیٚگە ئەو دەنگوباسە و ئەو قسانە کە ئەوان لە کاتی خۆیانا بە پیٚغەمبەرەکانیان وتوون ڕیٚگەی زەینی ئەوان ون ئەکەن و ناکەونەوە بیریان هەتا وەلاٚمی خودایان پیٚ بدەنەوە. وە ڕاستیش ئەوەیە کە ئەو کافرانە وەکوو کویٚری ڕیٚگەدەرنەکردوون و زەینی ئەوان ناچیٚ بۆ ئەو قسانە کە لە دنیادا بە پیٚغەمبەرەکانیان وتووە، وە ئەوەندە سەرکویٚر ئەبن هەتا بازیٚکیان لە بازیٚکیان ناپرسیٚ کە لە دنیادا چلۆن وەلاٚمیان داوەتەوە تا بەعزیٚکیان قسە بکا بۆ بەعزیٚکیان و بیر بکەنەوە و وەلاٚمەکانیان بیٚتەوە بیر، ئەمە حاڵی کافرەکان بوو کە بە بیٚ ئیمان مردن و لەو ڕۆژەدا وەها گیرۆدە ئەبن.

بەلاٚم ئەوانە کە تۆبەیان کردووە و لە کوفر و خراپەکاری پەشیمان بوونەتەوە و ئیمانیان هیٚناوە بە خودا و پیٚغەمبەری خودا و کردەوەی چاکیان کردووە. ئەوە هیوا هەیە و ئومیٚدەوارین کە بچنە ڕزی ڕزگار بوانەوە.

﴿وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَيَخْتَارُ مَا كَانَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ سُبْحَانَ اللَّهِ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٨﴾ وَرَبُّكَ يَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٦٩﴾ وَهُوَ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْحَمْدُ فِي الْأُولَىٰ وَالْآخِرَةِ وَلَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٧٠﴾﴾

ئەم ئایەتانە لە کاتێکدا نازڵ بوون وەلیدی کوڕی موغیرە وتی: ئەوە بۆ ئەم قورئانە نەهاتە خوارەوە بۆ سەر پیاوێکی گەورە لە مەککە یا لە مەدینەدا یا لە کاتێکدا کە جوولەکەکان وتیان: ئەگەر ئەو فریشتە کە دێتەخوارەوە بۆ لای موحەممەد غەیری جوبرەئیل بوایێ ئیمانمان پێ ئەهێنا، بەڵام مادام جوبرەئیل دێتە خوارەوە ئێمە ئیمان نایەنین؛ چونکی دوژمنی جوبرەئیلین.

جا خودای تەعالا بۆ ڕەدکردنەوەی قسەکەی ئەوان ئەفەرموێت: خودای تۆ و پەروەردگاری تۆ دروست ئەکا و ئیجاد ئەکا ئەوەی خواستی خۆی بێ و هەڵئەبژێرێ ئەوەی بیەوێ بیکا، وە هەرگیز نەبووە و نابێ بۆ کەسێ لە پەری و ئادەمیزاد و فریشتە مافی هەڵبژاردن بەسەر خودادا، پێی بڵێن: ئەو شتە بکەو ئەو شتە مەکە و، ئەو شتە ئەیکەی بەم شێوە بیکە و بەو شێوە مەیکە و، بۆ کەس نەبووە دەخڵی کاری خودا بکا و بڵێ بۆچی وات کرد و وەهات نەکرد. خۆی بە خواستی خۆی لە جیهانا کار ئەکا.

«سبحان اللّٰه» خودا پاك و دوورە لەوە کەسێ دەستی لە کاریا ببێ و زۆر زۆر بەرز و دوورە لە پەیوەندی ئەو شتانە کە کافرەکان ئەیانکەن بە شەریك بۆی. وە خودای تۆ زانایە بەوەی دڵی ئەو کافرانە داپۆشیوە و بەوەیش ئەوان بە زمان دەری ئەبڕن. وە هەر ئەو خودایە و هیچ خودایێ نییە ئەو نەبێ، هەر بۆ ئەوە ستایش لە دنیا و لە قیامەتا، وە فەرمان و کار هەر بۆ ئەوە و هەر بۆ لای خودایش ئەگێڕرێنەوە ئێوە، ئەی کافرە خاوەن ڕەخنەکان، ئەوسا تۆڵەی خۆتان بە باشی ئەبینن.

وە ئیمامی رازی﷫ لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەفەرمویّت: لە ئایەتی: ﴿و ربك يخلق ما يشاء و يختار ما كان لهم الخيرة...﴾دا دوو شیّوە هەیە:

یەکەمیان کە زۆر جوانە ئەوەیە کە راوەستان لەسەر ﴿و يختار﴾ بێ و ﴿ما﴾ بۆ نەفی و مەعناکەی ئەمە بێ کە پەروەردگاری تۆ ئەی خۆشەویست هەرچی بویّ لە خەلق و ئیجاد ئەیکا و هەر خواستێ رووی تێ بکا لە لایەنی خۆیەوە ئیختیاری ئەکا و بۆ کەس نابێ ئیختیاری شتێ بکا لەسەر خودای تەعالا بۆ کردنی.

شیّوەی دووەم: ئەمەیە ﴿ما﴾ بە مەعنا «الذي» بێ و راوەستان لەسەر ﴿ما يشاء﴾ بێ، واتە خودای تۆ دروست ئەکا ئەوەی خواستی لێ ببێ، وە ئەو شتەیش کە موافیقی حیکمەتی بێ بۆ خەلایق ئەیکا، وە خودا زۆر دوورە و بەرزە لەوەی کە ئەیکەن بە شەریکی خودا لە ئیجاد و خەلقا؛ چونکی هیچ شتێ رایەی ناکەوێ هیچ دروست بکا خودای تەعالا نەبێ.

وە ئەوەی لە حاشیەی شەهابی خەفاجی لەسەر تەفسیری بەیزاویدا دەرئەکەوێ ئەمەیە: کە «مشيئة الله» عەینیّ ئیختیارە، یا نزیکە لە ئیختیارەوە و ئیختیار بە مەعنای ئەوەیە: ئەگەر بیەوێ ئەیکا و نەیەوێ نایکا، وە ئەمەیش لەگەڵ مەشیئەتا ئەبنەوە بە یەك، جا لەبەر چاری تەکرار لە ئایەتەکەدا بەیزاوی هاتووە فەرموویەتی: موراد ئەمەیە خودای تۆ خەلق و ئیجادی ئەوە ئەکا کە مەیلی ببێ لە ئەعیان و ئەعراز، وە ئەو خەلقی «ما يشاء»ە بە خاترخۆییە و ئەم خاترخۆییە لە مەشیئەتا دەرناکەوێ، بەڵکوو هەر ئەوەی لێ دەرئەکەوێ کە ئیجادەکەی بە ئیرادە و خواستە و بە ئیجاب نییە، ئیتر دەرناکەوێ ئایا مانیع قابیلە ببێ یا نەبێ، جا فەرمووی ﴿و يختار﴾ یانی بە تەواوی سەربەستی هەیە لە تەسەڕوفاتەکەیا و کەس ناتوانێ ببێ بە مانیع لە هیچ تەسەڕوفێکی ئەو.

بەڵێ لە تەفسیری جوملەی ﴿ما کان لهم الخیرة﴾ دا فەرموویەتی: ئیختیاری عەبد کە تەعەللوقی قودرەت و ئیرادەی عەبدە بە فیعلە مەقسوودەکەوە بەسراوە بە زانستی ئەو عەبدەوە بۆ ئەو شتە؛ چونکی هەتا نەزانێ ئەو کارە باشە و موناسبی حاڵی ئەوە شەوق و ئارەزوو لە دڵیا پەیدا نابێ بۆی، وە ئەو عیلم و زانستە و ئەو شەوقە کە لەوەوە پەیدا ئەبێ بە دەست عەبدەکە نییە، کە وابوو هەر ئەوەندە فەرق ئەبێ لە بەینی مەزهەبی «جبریە» و مەزهەبی «ابو الحسن»ی ئەشعەریدا، کە عەبد مەحەللە بۆ هەندێ سیفات وەکوو زیندوویی و زانست و ئیشتیاق بە پێی ئەو زانستە، یا بێزاری ئەگەر زانراوەکە نابار بێ، بەڵام کاری دار و بەرد وا نییە و ئەم سیفاتەی تێدا نییە، بۆیە بە شتی زۆر پەنهان ئەڵێن: «أخفى من كسب الأشعري».

بەڵام زانای بەرزی کەلام عەبدولحەکیمی سیالەکۆتی لە حاشیەکەیا لەسەر حاشیەی «خەیاڵی» فەرموویەتی: مادام تەئسیری قودرەتی خودا لە خەلقی ئەفعالی عەبدا بە عادەت وەستاوە لەسەر کەسبی عەبد کە تەعەلوقی قودرەت و ئیرادەی عەبدە بەو مەقسوودەوە و ئیرادەیش پاش عیلم بە سوودی مەقسوودەکە تەرجیحی لای کردنی مەقسوودەکە ئەدا، وە ئەو تەرجیحی لایەنی ئیرادەیە لازمی سیفەتی ئیرادەیە و «بالذات» تەرجیحەکە دێتە جێ، بە هیچ جۆرێ جەبر لە مەزهەبی ئەشعەریدا پەیدا نابێ، ئەوەندە هەیە ئەم مەبەستە وردە و بیری ورد و راستی ئەوێ.

هەزاران رەحمەت لە گیانی سیالەکۆتی بۆ فەرموودەی جوانی، بە راستی ئەگەر ئینسان تەماشای ئەو ئایەتانە بکا کە بە سەراحەت ئەڵێن: خودا تەکلیف بە کارێ ناکا کە لە تواناداا نەبێ و بەندەیش «مكلف و مأمور و منهي»ن، ئەبێ بە بێ گومان بزانین هەر شتێکمان لێ بکرێ هەموو لە توانای ئێمەدایە و لە هەموویانا موختارین و ناچار نین.

وە ئەو ئایەتانە کە نیسبەتی فیعل و عەمەل و کەسب ئەدەن لە بەندەکانی خودا، وەکوو: ﴿لها ما کسبت و علیها ما اکتسبت﴾[1] و ﴿کل امریء بما کسب رهین﴾[2] و ﴿قل اعملوا فسیری اللّه عملکم و رسوله﴾[3] و ﴿و أن لیس للإنسان إلا ما سعی﴾[4] و ﴿فمن یعمل مثقال ذرة خیراً یره ﴿٧﴾ و من یعمل مثقال ذرة شراً یره ﴿٨﴾﴾،[5] هەموویان بەڵگەی رووناکن لەسەر ئەوە کە عەبد خاوەن ئیختیارە لە کارا.

کە وابێ ئەبێ ئیمامی «ابو الحسن أشعري» بیر و باوەڕەکەی لە کەسبا وەهابێ ئینسان قەناعەتی پێ بکا، وەکوو «عبدالحکیم» فەرمووی.

وە بازێ زانا فەرموویانە: مەزهەبی ئەشعەری‌ﷺ ئەمەیە کە بەندە قودرەتی هەیە بە جۆرێ تەئسیر بکا لە ئەفعالا بەڵام ئەو تەئسیرە بە ئیزنی خودای تەعالایە، وەکوو خاوەنی تەفسیری «روح المعاني» لە تەفسیری ئایەتی: ﴿و ربك یخلق ما یشاء﴾ دا نووسیویەتی و نیسبەتی داوە لە موحەقیق عەللامەی گۆرانی‌ﷺ.

وە شێخ ئەبوومەنسووری ماتوریدی‌ﷺ فەرموویەتی: کەسبی بەندە بریتییە لە سەرفی قودرەت و ئیرادەی بۆ فیعلی مەقسوود (مەسەلا) لە عەبدەوە بە ئیختیاری خۆی دەرچووە، وەکوو مەولانا خالید‌ﷺ لە نامەی «العقد الجوهري»دا بەیانی کردووە و ئەو کەسبە بە ئەمری ئیعتیباری دائەنێ.

وە مەعنای ئایەتی: ﴿وما تشاءون إلا أن یشاء اللّه﴾[6] ئەوەیە مادام زاتی «واجب الوجود» مەوسووفە بە سیفاتی کەمالییەی خۆی لە ئەزەلا و، بە عیلمی شامیلی خۆی ئەزانێ ئەو ئامادەییە کە لە لای زەیدا هەیە لەسەر هۆش و ئارەزووی خۆی چۆن سەرفی ئەکا و تەعەلوقی ئیرادە و قودرەتی ئەو بە هەر شتێکەوە لە ئەسبابی عادەتییە

١. البقرة؛ ٢٨٦. ٢. الطور؛ ٢١. ٣. التوبة؛ ١٠٥.
٤. النجم؛ ٣٩. ٥. الزلزال؛ ٨ ـ ٧. ٦. الإنسان؛ ٣٠.

بۆ تەعەلوقی قودرەتی زاتی باری بەو شتەوە، هەروا لە ئەزەلا ئیرادەی بە پێی ئەو عیلمە شامیلە رووی کردووەتە مەقسوودی زەید لە موستەقبەلا. ئەمجار لە عالەمی تەعەلوقاتی حادیسەدا و لە کاتی ئیش و کاری رۆژانەدا مەشیئەت و خواستی باری تەعالا ئەکەوێتە پێش ئیرادەی زەیدەوە لەسەر مینهاجی عیلمی خودا بە کار و کردەوەی زەید، ئیتر مەعنای ئەوە نییە کە خواستی خودا لە پێش خواستی زەیدەوە روو ئەکاتە ئەو شتەو زەید مەجبوور ئەکا لەسەر ئیرادەی ئەو شتە.

وەلحاسڵ خودای تەعالا ئەزەلی و ئەبەدییە و عیلمی بە هەموو شتێکی عالەم هەیە لە کاتی دروستکردنیەوە هەتا هەتایە، وە ئەزانێ هەرکەسێ چلۆن سەرف و تەوجیهی توانا و خواستی خۆی ئەکا، جا لەبەر ئەوە عیلم پلەی وا لە پێش ئیرادەوە و، ئیرادە وا لە پێش قودرەتەوە و، عیلمەکەی خودا هەیە بە تەوجیهاتی کابرا هەر بەو نەوعە لە کاتی موستەقبەلا تەعەلوقی ئیرادەی خودای تەعالا ئەکەوێتە پێش تەعەلوقی ئیرادەی زەیدەوە بە پێشکەوتنی پایە نەك بە پێشکەوتنی بە «علیة» چونکی مادام خودای تەعالا عالم بووە و عالمە کە ئەو کەسە بە ئارەزووی خۆی ئەو شتەی ئەوێ ئیتر مەیدانی «علیة»ی شتیتر نامێنێ، وە بەم شێوە ئیختیار دامەزرا.

بێجگە لەمە بازێ لە زانا گەورەکان فەرموویانە: ﴿إن يشاء اللّٰه﴾ «منصوب»ە بە نەزعی «خافض»، یەعنی «و ما تشاؤن إلا بأن يشاء اللّٰه» وە ئەو حەرفە بۆ موساحەبەیە و، حاسڵەکەی ئەوەیە: ئێوە ئیرادەی وەرگرتنی رێگەی راست ناکەن لەگەڵ خواستی خودادا نەبێ، واتە: خواستی بەندە بە تەنیا بەس نییە، بەڵکوو پێویستە خواستی خودای لەگەڵدا بێ. واتە هەردوو خواستەکە پێویستن بۆ ئەوە نە بەندە سەربەخۆ بێ لە کارەکەدا و نە خودایش ئیجبار (زۆر کردن) بە کار بێنێ و، سیفەتی کەسب و پەیوەندی بەندە بێتە جێگە، وە هێزی ئیرادە و قودرەتی خودایش تەنفیزی مەقسوودەکە بکا.

لە راستیدا هەر موسوڵمانێ کەمێ زانا بێ لە مانای ئەم ئایەتە ئەگا، چونکی هەر وەکوو زاتی ئینسان بە بێ خواستی خودای تەعالا نابێ سیفاتیشی هەروەها پێویستی بە مەشیئەتی خودا هەیە و، مەشیئەت و کەسبی ئینسانیش لەوانەیە.

وە لە حەدیسی «حەسەن»دا هەیە: «ما شاء اللّٰه کان و ما لم یشأ لم یکن». واتە ئەوەی خودا بیەوێ بووە و ئەوەی نەیەوێ نابێ. جا رەحمەت لە دانەری ئەم شیعرانە کە ئەڵێ:

زاتی «واجب الوجود»ی کامیل — زانای تەوانای پڕ فەیزی شامیل
وجوودی حەقە و مەوجوودی ئەنوەر — «نور السماوات ذو العرش الأکبر»
وجوودی عالەم ئاساری ئەوە — ئەگەر بزانی وجوود پڕتەوە
خالیقی هەموو ئەجزای کائینات — مەبدەئی فەیاز «کامل الصفات»
تەعەلوقاتیان هەر لە ئەزەلا — رووی کردە عالەم «أدنی أو أعلی»
هەم تەعەلوقیان بۆ مالایەزال — لە شوئووناتە لە بۆ «ذي الجلال»
پڕتەوی خواست و تەوانایی ئەو — مِن ئەکا بە مِن، ئەو ئەکا بە ئەو
یانی لە نەبوون عەدەمی موتلەق — هێنامی بۆ بوون عەینی موحەقەق
ئەمەیە مەبەست ئەگەر بزانی — لە «کل یوم هو في شانِ»
بە علیمی زاتی شامیل و ئەعەم — ئەزانێ کوللی و جوزئی لە عالەم
ئەزانێ ئەوەی داویە بە عیباد — لە عیلم و عەقڵ و مایەی ئیستیعداد
چۆن سەرفی ئەکا، خودا بەو نەوعە — ئیرادەی ئەکا ئەسڵە یا فەرعە
جا لەبەر سەبقی زات و سیفاتی — لەسەر هەموو شت لە کائیناتی
مەشیئەتی ئەو ئەبێ بە ئیمام — بۆ مەشیەتی گیانلەبەر بە عام
«ما شاء اللّٰه کان» ئاوایە — «و ما لم یشأ لم یکن» وایە
ئەمەیە مەعنای «و ما تشاؤن» — «إلا أن یشاء في السر المکنون»

ئـیتر وا نـییە مـەشییەی خـودا ئـەبێ بـە «مـجبر» لە بـۆ مـاسیوا
تـەفسیری وەهـا دوورە لە مـەقسوود دوورە لە یـاسای خـالیقی مـەعبوود
ئـەمە بـزانـە و بـە عـەزمی سـوپاس سـەر دانـەوێنە بـۆ حـەق بـە ئـیخلاس
سامییە هەر کەس مەشرەب «نامی» بێ لە تـەحقیقاتا وێـنەی «جـامی» بـێ

﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَآءٍ ۖ أَفَلَا تَسْمَعُونَ ﴿٧١﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلنَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ ۖ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ﴿٧٢﴾ وَمِن رَّحْمَتِهِۦ جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا۟ فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٧٣﴾﴾

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت بە پێغەمبەری رەهبەر ﷺ: تۆ بڵێ بەو ئینسانە نەزانانە کە وا تەماشای ئەم هەموو نیعمەتانی خودایە ناکەن لە کات و زەمان و، لە بەرگ و ئاو و نان و، لە زانست و پیشە و یاسای رۆژگاران و، لە پاراستنیان بە پیرۆزی ئەم زەوی حەرەمی مەککەیە کە وەکوو شوورایە ئاسنین وایە بە دەوریانا، بڵێ: ئا خەبەرم بدەنێ ئەگەر خودای تەعالا شەوی لەسەر ئێوە کرد بە کاتی نەبڕاوە تا رۆژی قیامەت، واتە زەوی لە هاتوچۆ خست و هەر وەکوو شەو بە تاریکی مایەوە، کێ هەیە و چ خودایێ هەیە بێجگە لە خودای جیهان کە رووناکییەکی رەساتان بۆ بێنێ وەکوو لە رۆژا؟ ئایا ئێوە قسەی ئامۆژگاری نابیسن؟

هەروا پێیان بڵێ: ئەگەر رۆژی کرد بە کاتی نەبڕاوە هەتا رۆژی قیامەت و زەوی لە هاتوچۆ کەوت کێ هەیە بێجگە لە خودا کە شەوێکتان بۆ بێنێ تیایا دامەزرێن

و ئارامی تیا بگرن؟ ئایا ئێوە ئەم ئاسارانە نابینن هەتا بیانکەن بە بەڵگە لەسەر کرداری عەجیب و غەریبی خودا، کە چلۆن ئەم زەوییە هەڵئەسووڕێنێ بە دەوری مەرکەزی خۆیا و ئەم شەو و رۆژەی لێ پەیدا ئەبێ تا بە رۆژا کاسبی بکەن و بە شەو ئاسایش بگرن؟

وە بزانن! بازێکە لە میهرەبانی خودا کە شەو و رۆژی بۆ بڕیارداون هەتا لە شەوا ئارام بگرن و داوای ژیوار و رۆزی لە خودا بکەن لە رۆژا، وە هیوا هەیە کە ئێوە لەسەر ئەم نیعمەتانە سوپاسی خودا بکەن.

﴿وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ أَيْنَ شُرَكَآءِيَ ٱلَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٧٤﴾ وَنَزَعْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا فَقُلْنَا هَاتُوا۟ بُرْهَـٰنَكُمْ فَعَلِمُوٓا۟ أَنَّ ٱلْحَقَّ لِلَّهِ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٧٥﴾﴾

باسی ئەو رۆژی رەشە داهاتووە بکە لەو رۆژەدا خودا بانگ ئەکا لەسەر زمانی مەئموورەکانی لەو کۆمەڵە کافرانە و ئەڵێ: وا لە کوێ ئەو شەریکانە گومانتان پێ ئەبردن و بە هاوڕێی خوداتان ئەزانین؟ وە هەر لەو رۆژەدا لە هەر کۆمەڵێ لەو کۆمەڵە موشریکانە شاهیدێکی ئاگادار لە حاڵ جیا ئەکەینەوە، وەکوو پێغەمبەرەکەیان بێ، وە بەو ئوممەتانە ئەڵێن: بەڵگەی خۆتان بێنن لەسەر هاوڕێتی ئەو هاوڕێ درۆینانە! ئەوانیش ئەزانن و بە تەواوی بۆیان روون ئەبێتەوە کە حەق لە خودایەتیدا هەر بۆ خودایە و، هەر درۆ و دەلەسەیێ کردبوویان هەمووی ون ئەبێ و بە دەستی خاڵی ئەمێننەوە.

﴿إِنَّ قَـٰرُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيْهِمْ ۖ وَءَاتَيْنَـٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ

لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾

خودای تەعالا لە پاش ئەوە کە باسی ئەو کافرانەی بۆ حەزرەت ﷺ کرد ویستی باسی بازێ ئینسانی گومڕای زەمانی پێشوو بکا کە بە ماڵی دنیا و دارایی بایی بوون، وەکوو قاروون، کە بازرگانێکی گەورە بوو لە ناو بەنی‌ئیسرائیلدا.

جا خودا فەرمووی: بە راستی قاروون لە کۆمەڵی مووسا بووە و دارا و دەوڵەمەند بوو، دوایی گومڕا بوو، داوای ئەوەی کرد بیکەن بە گەورەی خۆیان و ئەیوت: مادام پێغەمبەرێتی و رەهبەری بە دەستی مووساوە بێ و، سەربڕینی قوربانی و کارەکانی‌تر بە دەستی هاروونەوە بێ، من چیم بۆ ئەمێنێتەوە؟ ئەوەندەمان ماڵ و دارایی دابوویێ کە هەر کلیلی دەرگای خەزێنەکانی ئەوەندە قورس بوون کۆمەڵێکی بەهێز بە زەحمەت هەڵیان ئەگرتن، لەو سەردەمەدا گەلەکەی پێیان وت: بەم ماڵی دنیایە کە هەتە کەیف خۆش مەبە؛ چونکی خودای تەعالا ئینسانی وای خۆش ناوێ کە بە ماڵی دنیا شادمان ببێ و مافی هەژاران و داماوان بخوات و، لەم ماڵی دنیا کە خودا پێیداوی مایەی شادمانی پاشەڕۆژت دەس بخەو بەشی خۆیشت لە رابواردنی دنیا واز لێ مەهێنە و بە جۆرێ بژی کە هۆی سوودی کۆمەڵ بێ و، چاکە و پیاوەتی لەگەڵ خەڵکدا بکە و، بەشی خەڵکی بدە لەم ماڵ و سامانەت، بە نان و چێشت بۆ گەدا و هەژاران و، بە بەرگ و پۆشاك بۆ رووت و داماوان، پەیڕەوی واجباتی ئایین بکە لە ناو خێزانی خۆتا و لەگەڵ موستەحەقانا و هەرگیز شوێن خراپە مەکەوە. بە راستی خودای تەعالا بەدکارانی خۆش ناوێ، چونکە ئەوەی بە ساڵێ چاك بکرێ بەدکار بە ساعاتێ وێرانی ئەکا.

﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِيٓۚ أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِن قَبْلِهِۦ مِنَ ٱلْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًاۚ وَلَا يُسْـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٧٨﴾﴾

قاروون لە وەڵامی ئەوەدا کە پێیان وت چاکە بکە لەگەڵ خەڵکدا وەکوو خودا چاکەی لەگەڵدا کردووی، وتی: من ئەمماڵەم لەسەر بناغەی زانستی خۆم دەست کەوتووە و بە زانایی و ئازایی خۆم پەیدام کردووە! جا خودای تەعالا بەرپەرچی ئەو قسەی ئەداتەوە و ئەفەرموێت: ئایا قاروون نازانێ لە پێش ئەودا خودا لە خەڵکی چەرخە پێشووەکان چەندی لەناو برد، لەوانەی کە لەو بە دەستەڵاتر و بەهێزتر بوون، وە کۆمەڵە و دەستە و بەستەیشی زۆرتر بوون؟ وە تاوانباران کاتێ هاتنە سەر لەناو چوون و وەختی لەناو بردنیان هات پرسیار لە تاوانیان ناکرێ.

﴿فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا يَٰلَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٧٩﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَيْلَكُمْ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّمَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ ﴿٨٠﴾﴾

پاش ئەو پەنددادان و دەرسە، رۆژێ قاروون بە جوانی و کەشخە و بەرگ و پۆشاکی نایابەوە و لەگەڵ دەستەو بەستەیا چووە دەرەوە، بە ناو خەڵکدا گەڕا. جا ئەو کەسانە کە هەر ژیانی دنیایان ئەویست وتیان: کاشکی ئێمە لە ماڵی دنیادا وێنەی ئەوەمان ببوایە کە دراوە بە قاروون، بە راستی قاروون بەشێکی گەورەی هەیە.

وە ئەوانەیش کە زانیاری بەکەڵکیان هەبوو شتێکیان لە ئایین ئەزانی وتیان: هاوار بۆ ئێوە (ماڵتان وێران بێ!) بیر لە چی ئەکەنەوە؟ ئەمە هیچ نییە خێر و پاداشی لای

خودا لە پاشەڕۆژا زۆر لەمە چاکترە بۆ کەسێ کە باوەڕی کردبێ و کردەوەی باشی هەبێ، بەڵام ناگا بەم پایە ئەوانە نەبێ کە خۆگرن لەسەر تەرکی شتی حەرام و کردنی شتی چاك.

﴿فَخَسَفْنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلْأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُنتَصِرِينَ ﴿٨١﴾ وَأَصْبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوْا۟ مَكَانَهُۥ بِٱلْأَمْسِ يَقُولُونَ وَيْكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ ۖ لَوْلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا لَخَسَفَ بِنَا ۖ وَيْكَأَنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٢﴾ تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ۚ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾﴾

جا قاروون بە خۆی و خانووبەرە و ماڵ و داراییەوە ڕۆمان برد بە زەویدا و کەسیشی نەبوو هیچ کۆمەڵێ نەبوو لە سزای خودای ڕزگار بکا و خۆیشی لەوانە نەبوو کە خۆی بگرێ و خۆی لەو سزا دەرباز بکا و، ئەو کەسانەیش دوێنێ خۆزگەیان بۆ پایە و مایەی ئەو ئەخواست ئەیانوت: ئەی عەجەب لە نەزانینی ئێمە بە سیڕی قەزا و قەدەر! وامان ئەزانی هەرکەسێ ڕۆزی زۆر بێ ئەوە لە لای خودادا بەڕێزە و نەمانزانی خودا بە حیکمەتی خۆی ڕۆزی زۆر ئەکا بۆ هەرکەسێ خواستی ببێ لە بەندەکانی و کەمیشی ئەکا بۆ هەرکەسێ بیەوێ کەم ڕۆزی بێ، وە ئەو ڕۆزییە بە کەم و زۆری نیشانەی کەم و زۆری پایە نییە لای خودا.

گەلێ گەداکان دۆستن بۆ خودا	دارا دوژمنن بە بیر و سەودا
گەلێ دەوڵەمەند دۆستی خودایە	گەلێ فەقیریش لای ئەو ڕسوایە

وە ئەگەر خودا میهرەبانی لەگەڵا نەکردایەین دارایی زۆری پێ ئەداین و ئێمەیش وەکوو قاروون بێئەدەب ئەبووین و رۆی ئەبردین بە زەویدا، ئەی براکان کافران لە سزا رزگار نابن.

وە ئەو ماڵی شادی و خۆشحاڵییە و ئەو خانووی خاوەن کەیبانووی قیامەتە کە هەتا هەتایە جێگەی شایە و بێلەرز و تایە جێگە و شوێنی ئەو کەسانەیە و بۆ ئەوانەمان بڕیارداوە کە لە زەویدا بەرزییان ناوێ بە ستەمکاری و ناهەمواری و خراپەیان ناوێ بۆ کۆمەڵایەتی و روو ئەکەنە خودای خۆیان و لەسەر فەرمانی ئەو ئەژێن و ئەنجامی باش بۆ ئەوانەیە کە خۆیان ئەپارێزن لە تاوانباری و شەرمەساری و فەرامۆشکاری هەتا ئەگەن بە مەرامی خۆیان.

﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى ٱلَّذِينَ عَمِلُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٤﴾﴾

هەرکەسێ چاکە بێنێتە مەیدان لەگەڵ خودا و لەگەڵ ئینسان و لەگەڵ باقی گیانلەبەرانا و لەسەر رێگەی ئایین بڕوا بە میزان ئەوە جەزای چاتر لەو چاکەی خۆیە هەیە؛ چونکە لە یەك بە دە تا یەك بە حەوسەد و زیاتر لەوەیشی بۆ ئەبێ بە مەیلی خودا، وە هەرکەسێ خراپە بکا بە خودا و بە خەڵك ئەوە ئەوانە هەر بە گوێرەی خراپەکەی خۆیان تۆڵەیان لێ ئەسێنرێتەوە و بۆیان زیاد و چەن قات ناکرێتەوە. وە ئەم یاسا یاسای رەحمەتی خودایە.

﴿إِنَّ ٱلَّذِى فَرَضَ عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ ۚ قُل رَّبِّىٓ أَعْلَمُ مَن جَآءَ بِٱلْهُدَىٰ وَمَنْ هُوَ فِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٨٥﴾﴾

بە راستی ئەی خۆشەویست ئەو کەسە کە قورئانی بۆ تۆ ناردووە بە بێ ئیختیاری خۆت، وەکوو شتێ فەرز بکرێ لەسەر کەسێ فەرزی کردووە لەسەر تۆ بیگەیەنی

بە جیهانا و فەرزی کردووە لەسەر تۆ بیخوێنیتەوە، ئەو کەسە تۆ ئەنێریتەوە بۆ ئەو شوێنە و بۆ ئەو پایە بۆت بڕیاردراوە، پایەی جیهانت بڵاوکردنەوەی نووری ئیسلامە لە عالەما و دەوامی مەقام و شانتە لە جیهانا تا دنیا ئەمێنێ. وە پایەی قیامەتیشت ئەوەندە زۆرە ناژمێررێن و، لە گەورە پایەی رۆژی قیامەتە کە تۆ یەکەم کەسێکی لە مەرقەدەکەت دەرئەچی بۆ مەحشەر و شایەتی ئەدەی لەسەر شەهادەتی ئوممەتەکەت لەسەر هەموو ئوممەتی پێغەمبەران لە جیهانا، وە یەکەم کەسێکی کە شەفاعەتی گەورە و تکای بێ‌هاوتا ئەکەی لای خودا بۆ رزگاری ئادەمیزاد و لە شوێنی وەستانی خۆیانا و لێ خورینیان بۆ حیساب، کە بە مەقامی مەحمود مەشهوورە. وە یەکەم کەسێ کە دەرگای بەهەشتی بۆ ئەکرێتەوە تۆی.

بازێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە: مەبەست لە ﴿معاد﴾ شاری مەککەیە و ئەم ئایەتە لە سەفەری کۆچی حەزرەتا ﷺ بۆ مەدینەی مونەووەرە لە «جحفه»دا هاتە خوارەوە. واتە ئەو کەسە کە قورئانی بۆ ناردیتەخوارەوە و دنیای بۆ رووناك کردیتەوە لە ئەنجاما پاش ئەم کۆچەت بۆ مەدینە ئەتگێڕێتەوە بۆ شوێنی ئەسڵی خۆت کە مەککەیە بە فەتح و سەرکەوتن و پایە و رێز، جا ئەی خۆشەویست بفەرموو بەو کافرانە: خوای من ئەزانێ بەو کەسانە کە هاتوون بە هیدایەت و ئەسبابی شارەزا کردنی ئادەمیزاد بۆ رێگەی خوداناسی، وە بەو کەسانە کە کافرن و وان لە ناو گێژی گومڕایی دیاریدا.

﴿وَمَا كُنتَ تَرْجُوٓاْ أَن يُلْقَىٰٓ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبُ إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ۖ فَلَا تَكُونَنَّ ظَهِيرًا لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٦﴾﴾

ئەی خۆشەویست تۆ بزانە لە کوێوە خودا گەیاندیتی بە کوێ؟ تۆ هیوای ئەوتە نەبوو کتێبی پیرۆزت لە لای خوداوە بۆ رەوانە بکرێ و بگاتە لای تۆ بە شێوەی

زیادەمیهرەبانی خودای تۆ نەبێ، کە مادام خودا ئەو کتێبەی بۆ ناردی و دڵی تۆی کرد بە خەزێنەی ئەسرار و جیلوەگای رووناکی، قەت مەبە بە پشتیوان بۆ کافرەکان هەرکەس بن و هەرچۆن بن.

﴿وَلَا يَصُدُّنَّكَ عَنْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ بَعْدَ إِذْ أُنزِلَتْ إِلَيْكَ ۖ وَٱدْعُ إِلَىٰ رَبِّكَ ۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٨٧﴾﴾

با لات نەدا لە گەیاندنی ئایاتی خودا و لە رەفتار کردن پێیان پاش ئەوە کە رەوانە کران بۆ لای تۆ و، هۆشیاران بانگ بکە بۆ لای خودای خۆت بۆ فەرمانی ئەو بۆ تەوحید بۆ هێزدان بە حەق بۆ لابردنی کاری نابار و بیر و باوەڕی ناهەموار، وە لە کۆمەڵی کافرەکان مەبە، واتە هەرگیز یارمەتییان مەدە.

﴿وَلَا تَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ ۘ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ كُلُّ شَىْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُۥ ۚ لَهُ ٱلْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٨﴾﴾

لەگەڵ خودادا خودایەکی‌تر بانگ مەکە، هیچ کەسێ نییە کە بەندەیی بۆ بکرێ زاتی «واجب الوجود» نەبێ و هەموو شتێ غەیری خودای تەعالا هەر «ممکنه» و بوون و نەبوونی وەك یەك وایە لەوانەیە بمێنێ و لەوانەیشە نەمێنێ، وە فەرمان و ئەمری کار هەر بۆ خودایە لە ئیجادی مەعدووما و لە بەشدانی بێبەش و بێنەوادا و، هەر بۆ لای خودا ئەگێڕرێنەوە بۆ حیساب و کیتاب و پاداش و تۆڵە.

سووره‌تی عه‌نکه‌بووت، مه‌ککه‌ییه، له ئایه‌تی یه‌که‌وه نه‌بێ تا ئایه‌تی یازده، ئه‌وانه مه‌دینه‌یین، "٦٩" ئایه‌ته، دوای سووره‌تی ڕۆم هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓمٓ ﴿١﴾ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتْرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ﴿٢﴾ وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٣﴾﴾

ئه‌م سووره‌ته پیرۆزه ناوی «الم»ه، له شانی کۆمه‌ڵێ له ئه‌سحابی حه‌زره‌تدا هاته خواره‌وه که له لایه‌نی کافره‌کانه‌وه ئازار درابوون.

وه بازێ وتوویانه: له شانی عه‌مماری کوڕی یاسیردا هاتووه‌ته خواره‌وه که له ڕێگه‌ی خودادا سزا درابوو.

وه بازێ ئه‌ڵێن: سه‌باره‌ت به «مهجع» ئازاد کراوی حه‌زره‌تی عومه‌ری کوڕی خه‌تاب هاتووه‌ته خواره‌وه، که عامیری کوڕی حه‌زره‌می به تیرێ له ڕۆژی به‌درا کوشتی و باوك و دایکی زۆر بۆی په‌رێشان بوون و خێزانه‌که‌ی زۆر بۆی ئه‌گریا.

واته: ئایا گومان وا ئه‌به‌ن ئه‌م کۆمه‌ڵه‌ی ده‌وری حه‌زره‌ته که به‌ره‌ڵا بکرێن و ئازاریان نه‌درێ و به ئاسایش بژین به‌س هه‌ر به‌وه که بڵێن ئیمانمان هه‌یه و ئیتر

تووشی تاقیکردنەوە و ئازار نەبن؟ بە راستی ئەوانەی کە لە پێش ئێوەدا ئیمانیان هێنا ئازارمان دان و بە تاقیکردنەوەدا رۆیشتوون و لەگەڵ ئەوەیشدا پێی‌رازی بوون، خودای تەعالا ئەیەوێ کە عیلمی تەعەلوق ببەستێ بە کار و کردەوەی ئەوانەوە کە لەگەڵ خودادا راست ئەکەن و ئەوانەیش کە درۆ ئەکەن و باوەڕەکەیان بە دەمە و بەس.

عاشقی سادق بەراورد ئەکرێ	باری بەردینی بە شانا ئەدرێ
گرانتر لە گشت جەوری رەقیبان	ئەمجار ئیستیغنا و نازی حەبیبان
ئەیەوێ دڵت کون کون بێ و زامار	بێ‌تەبیبی دەرد، بێ‌دەوای بیمار
خۆ نابێ لای کەس بڵێ زامارم	یا لای دوکتۆران بڵێ بیمارم
نامە بنووسێ لەسەر پەڕەی گوڵ	بەچی؟ بە خوێناو، یانی خوێنی دڵ
بۆ لای کێ؟ بۆ یار، نایخوێنێتەوە	تا زامەکەی من بکولێنێتەوە
کە هاوارم کرد نابێ دەنگم	کە ئازارم گرت نابینێ رەنگم
ئەگەر ببینێ تکێ خوێنی دڵ	ئەیکا بە نیشان تا دێتە مەنزڵ
وێنەی نەچیری زاماری کۆسار	بە خوێن بۆی ئەچن تا پەنای موغار
بە نیوەگیانی بباش سەری ئەبڕن	بێ‌سووچ، بێ‌ئەسباب، یەخەی دائەدڕن
هەمووم پێ خۆشە بەو مەرجە یارم	لە پاش مردنم بێ بۆ مەزارم
بەسەر گۆڕەکەم راوەستێ تاوێ	تەماشام بکا بە گۆشەی چاوێ
ئەم تەنیا نیگا بەسە بۆ «نامی»	بۆ مزدی کاری دەورەی غولامی

﴿أَمْ حَسِبَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ أَن يَسْبِقُونَا ۚ سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ 

یا خەیر تۆ لادە لە گومانی ئەوانە کە ئیمانیان هێناوە بۆ بەرەڵا بوونیان بە بێ گیرۆدە بوون بە ئازار، بێ بۆ لای ئەم کافرانەیش کە لەسەر کوفر و کردەوەی نابار دەوام ئەکەن و ئازاری موسوڵمانەکان ئەدەن، ئایا ئەمانە کە بەم کارە نابارانەوە خەریکن گومانیان وایە لە دەست ئێمە دەرچن و تۆڵەی ئەو کردەوە خراپانەیان لێ ناسێنینەوە؟[١] زۆر بێبایەخ و پووچە ئەوەی ئەوان گومانی پێ ئەبەن و حوکمی پێ ئەکەن؛ چونکی لە کاری کەس بێئاگا نین و، حەقی کەسیش فەرامۆش ناکەین.

﴿مَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ ٱللَّهِ فَإِنَّ أَجَلَ ٱللَّهِ لَـَٔاتٍ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ۝٥ وَمَن جَـٰهَدَ فَإِنَّمَا يُجَـٰهِدُ لِنَفْسِهِۦٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَغَنِىٌّ عَنِ ٱلْعَـٰلَمِينَ ۝٦ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَنُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَحْسَنَ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ۝٧﴾

جا هەرکەسێ خودای خۆش ئەوێ و ئومێدی ئەوەی هەیە بەسەربەرزی بگا بە حوزووری خودا، ئەوە با باوەڕی بەهێز بێ بەوە کە ئارەزووەکەی دێتە جێ؛ چونکە ئەو وادە خودا دایناوە بۆ تەواو بوونی ژیانی دنیا بێگومان دێت و خودایش بیسەرە بۆ هەموو وتارێکی خێر و زانایە بە هەموو کردەوەیەکی باش و پاداشی خاوەنەکەیان ئەداتەوە.

وە هەرکەسێ لە ڕێگەی ڕەزای خودادا سەعی ئەکا و تێئەکۆشێ ئەوە جیهادەکەی بۆ خۆیەتی و پاداشەکەیشی بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە و خودا سوودێ لەو جیهادە وەرناگرێ و بێنیازە لە عالەم.

[١. لە نوسخە پێشووەکەدا نووسراوە: لێئەسێنینەوە؟ بەڵام لەوە ئەچی هەڵەی چاپی بێ و لێناسێنینەوە ڕاست بێ ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

وە ئەو کەسانە ئیمانیان هێناوە و کردەوە باشەکان ئەکەن، ئەوە لە کردەوە خراپەکانی خۆش ئەبین و دایانئەپۆشین و پاداشی باشەی ئەدەینەوە، و ئەگەر کوفری نەبووبێ و هەر کردەوەی خراپی بووبێ ئەویش هەروا بە ئیمانەکەی و کردەوە باشەکانی تاوانەکانی دائەپۆشین و لە ناو کردەوە باشەکانیا بە پێی باشترین کردەوەی پاداشی ئەدەینەوە، بۆ نموونە ئەگەر دە نوێژی سونەتی کردبێ کامیان لە هەموویان باشتر بووە ئەوە ئەکەین بە کێش بۆ پاداشی باقی نوێژەکان، وە ئەگەر دە جار خۆراکی دابێ بە داماوان کام جاریان خۆراکەکەی باشتر بووبێ بۆ داماوان لەسەر ئەو چاکە پاداشی هەموویان ئەدینەوە؛ چونکی ئێمە بۆ بەهانەی قار ناگەڕێین، بەڵکوو بۆ ڕێگەی چاوپۆشی و لێبوردن ئەڕوانین.

﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَٰهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَآ ۚ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُدْخِلَنَّهُمْ فِى ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٩﴾﴾

خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئامۆژگاری ئینسانم کردووە بەرابەر بە باوك و دایکی بە ئامۆژگارییەکی جوان، کە بریتییە لە ڕەفتاری باش لەگەڵیانا لە کار و باری ژیانا بە هەموو جۆرێ و، حاڵیمان کردووە ئەگەر باوك و دایکت هەوڵیان لەگەڵ دای بۆ ئەوە شتێکی وا بکەی بە هاوڕێی من کە خۆت باوەڕت پێی نییە و بە شیاوی نازانی، ئەوە تۆ لەو کارەدا پەیڕەوی ئەوان مەکە و دروست نییە پەیڕەوی مەخلوق بکرێ لە شتێکدا ئەبێ بە هۆی یاخی بوون لە خالیق. گەڕانەوەی هەمووتان بۆ لای منە، ئەوسا خەبەرتان ئەدەمێ بە پاداش و تۆڵەی کردەوەکانتان.

ئەم ئایەتە لە مەککەدا لە شانی سەعدی کوڕی ئەبیوەقاس و «حمنة»ی دایکیا هاتەخوارەوە. کاتێ سەعد موسوڵمان بوو باوەڕی بە ئیسلام هێنا حەمنەی دایکی

سوێندی خوارد کە هیچ نەخوا و نەخواتەوە هەتا سەعد واز لە ئیسلام دێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ سەر کوفر، جا سەعد گوێی پێ نەدا و حەمنە ناچار بوو دوای سێ ڕۆژ سوێندەکەی شکاند و وەکوو جاران دەستی کردەوە بە خواردن.

وە ئەو کەسانەیش کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەر هەیە و کردەوەی باش ئەکەن بێ گومان ئەیانخەینە ناو ریزی پیاوە باشەکانەوە.

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِيَ فِي ٱللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ وَلَئِن جَآءَ نَصْرٌ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْۚ أَوَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِمَا فِي صُدُورِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٠﴾ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ ﴿١١﴾ ﴾

وە لە ئادەمیزادە کەسێ کە ئەڵێ: ئیمانم بە خودا هێنا، جا کاتێ کە ئازاری درا لە بارەی ئیمان بە خوداوە، دێ موساوات ئەخا لە نێوان ئازاردانی خەڵکە کافرەکانا بۆ ئەوان لەسەر ئەوە لە کوفرەوە دەرچوون بۆ ئیسلام، وە سزای خودا بۆ ئەوان لە قیامەتا لەسەر ئەوە لە ئیسلامەوە ئەگەڕێنەوە بۆ کوفر، نازانن لە نێوان ئەم دوو سزادا جیاوازی زۆرە و، سزای دنیا لە چاو سزای قیامەتا ئاو خواردنەوەیە نیسبەت بە سووتان! وە ئەگەر یارمەتی و سەرکەوتنێك لە لایەنی خوداوە بێت بۆ موسوڵمانەکان ئەڵێن: بە راستی ئێمە لەگەڵ ئێوەدا بووین، کە وابێ بمانکەن بە هاوبەشی ئەم خێراتە، ئەیانەوێ بە قسە موسوڵمانەکان بخەڵەتێنن، ئایا خودا لەوان زاناتر نییە بەوەی وا لە دڵی خەڵکا؟ بەڵێ زاناترە. بە راستی خودا زانایە بەوانە کە باوەڕی راستەقینەیان هەیە و ئاگاداری ئەوانەیشە دووڕوون: بە زاهیر موسوڵمانن و، لە دڵا کافرن.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّبِعُوا۟ سَبِيلَنَا وَلْنَحْمِلْ خَطَٰيَٰكُمْ وَمَا هُم بِحَٰمِلِينَ مِنْ خَطَٰيَٰهُم مِّن شَىْءٍ ۖ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿١٢﴾ وَلَيَحْمِلُنَّ أَثْقَالَهُمْ وَأَثْقَالًا مَّعَ أَثْقَالِهِمْ ۖ وَلَيُسْـَٔلُنَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ عَمَّا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿١٣﴾﴾

وە کافرەکان ئەڵێن بەو کەسانە کە باوەڕیان هەیە و موسوڵمانن: بێنەوە بۆ لای ئێمە و پەیڕەوی ئێمە بکەن هەر تاوانێکتان ببێ بۆتان هەڵئەگرین، وە ئەوانە درۆ ئەکەن و هیچ جۆرە گوناهێکی ئەوان وەرناگرن و هەڵناگرن و، بەڵکوو لە ڕۆژی قیامەتا باری قورسی تاوانی خۆیان هەڵئەگرن و زیاد لەوەیش چەن بارێکی‌تر سەرباری بارەکانی خۆیان ئەدرێ بە کۆڵیانا.

جا بارە قورسەکانی خۆیان بریتییە لە کوفرەکەی خۆیان و سەربارەکەیش بریتییە لەوە ئەبن بە هۆی گەڕانەوەی موسوڵمانەکان بۆ کوفر کردن، پەنا بە خودا.

واتە ئەگەر خاوەن باوەڕەکان پەیڕەویشیان نەکەن ئەوە هەر بە پێشنیارەکەیان تاوانبار ئەبن، وە ئەگەر بە قسەیان بکەن و پاشگەز ببنەوە ئەوەوا ئەمان بوون بە هۆی ئەو کوفری ئەوانە و پێویستە ئەو بارەیش سەرباریان بێ.

وە لە ڕۆژی قیامەتا پرسیاریان لێ ئەکرێ لەم درۆیانە کە ئەوان هەڵیان ئەبەستن. وەکوو ئەوە بێ کە ئەڵێن: ئەگەر ئێوە کافر ببن ئێمە گوناهەکانتان بۆ هەڵئەگرین.

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلَّا خَمْسِينَ عَامًا فَأَخَذَهُمُ ٱلطُّوفَانُ وَهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿١٤﴾﴾

وە بە ڕاستی نووحمان ڕەوانە کرد بۆ سەر گەلەکەی لە عێراقا، جا ئەویش (٩٥٠) نۆسەد و پەنجا ساڵ لە ناویانا مایەوە، لەو ماوەدا هەر بانگی ئەکردن بۆ ئیمان بە

خودای تەنیا و بۆ وەرگرتنی ڕێگەی خودا بەیەکناسی و، واز هێنان لە بتپەرستی و کردەوە و خوو و ڕەوشتی ناپەسەند، وە ئەوان ساڵ بە ساڵ ناپیاوتر و بەدڕەوشتتر ئەبوون، هەتا حەزرەتی نووحعليه السلام دوعای لێ کردن و خودای تەعالا دوعاکەی قەبووڵ کرد و، ئاو بەسەریانا هەڵسا و، لافاو و تۆفان خنکاندنی لە کاتێکدا ئەوان ستەمکار بوون.

﴿فَأَنجَيْنَٰهُ وَأَصْحَٰبَ ٱلسَّفِينَةِ وَجَعَلْنَٰهَآ ءَايَةً لِّلْعَٰلَمِينَ ﴿١٥﴾﴾

جا نووح و ئەوانەی لەگەڵ نووحدا ئیمانیان هێنابوو سواری کەشتییەکە بوون لە خنکان ڕزگارمان کردن، وە ئەو کەشتییە، یا کارەساتی لافاوەکەمان کرد بە پەند بۆ ئادەمیزاد کە پەند لە ڕووداوی ڕۆژگار وەرگرێ.

﴿وَإِبْرَٰهِيمَ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱتَّقُوهُ ۖ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٦﴾ إِنَّمَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا وَتَخْلُقُونَ إِفْكًا ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَٱبْتَغُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥٓ ۖ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿١٧﴾ وَإِن تُكَذِّبُوا۟ فَقَدْ كَذَّبَ أُمَمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ۖ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٨﴾﴾

وە باسی ئیبراهیمعليه السلام بکە، باسی ئەو کاتەی کە فەرمووی بە گەلەکەی لە وڵاتی «بابل»دا: ئەی گەلی خۆم بەندەیی بۆ خودا بکەن و لە خودا بترسن، ئەوە باشترە بۆ ئێوە نەك بتپەرستی، ئەگەر بە چاکە و خراپە بزانن و لە یەکیان جیا بکەنەوە، ئێستە ئێوە بەندەیی بۆ چەن بتێ ئەکەن و لە بەندەیی خودا دوورئەکەونەوە و درۆ هەڵئەبەستن

کە ئەڵێن: ئەم بتانە شیاوی ئەوەن بەندەییان بۆ بکرێ؛ چونکی بێ گومان ئەو بتانە کە ئێوە بێجگە لە خودا بەندەییان بۆ ئەکەن توانای ئەوەیان نییە سوود بگەیەنن بە ئێوە و خاوەنی رۆزی ئێوە نین، برۆن داوای رۆزی لە خودای جیهان بکەن و بەندەیی بۆ ئەو بکەن و سوپاسی نیعمەتەکانی ئەو بکەن، ئێوە بۆ لای خودا ئەگێڕرێنەوە، وە ئەگەر هەر من بەدرۆئەخەنەوە ئەوە قەی ناکا؛ چونکی ئێوەیش وەکوو گەلە پێشووەکان وانە و ئەوانیش گەلێ لە رەهبەرانی خودایان بە درۆ خستەوە، خودایش قاری لێ گرتن، ئەگەر ئێوەیش وەك ئەوان بکەن خودا لەسەر یاسای خۆی ئەڕوا و من ئەمەوێ ئامۆژگاریتان بکەم و رەهبەران هەر ئەوەیان لەسەرە پەیام و فەرمانی خودا بە رووناکی بگەیەنن.

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا كَيْفَ يُبْدِئُ اللَّهُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ ﴿١٩﴾﴾

ئایا ئەم خەڵکە تەماشا ناکەن و بە دڵ بیر ناکەنەوە هەتا بزانن چۆن خودای تەعالا ئیجادی ئەشیا ئەکا؛ گیانلەبەران لە ئاوی باوك و دایك و، گیا و دار لە تۆو و لە ریشە و، لە قەڵەم و لە پێشە، وە چۆن پێیان ئەگەیەنێ و چۆن ئەیانمرێنێ و چۆن بۆ جاری دووەم زیندوویان ئەکاتەوە؟ بێ گومان ئەم جۆرە کارانە لای خودا ئاسانن.

بزانن! ئەگەر کەسێ بڵێت: باشە وا ئێمە چاومان پێ ئەکەوێ کە گیا لە بەهارانا ئەڕوێت و لە هاوینا ئەکەوێت و لە بەهارێکیتر ئەڕوێتەوە، بەڵام کەی چاومان کەوتووە بە ئینسانێ کاتێ پاش ماوەی ژیانی خۆی مردبێ جارێکیتر زیندوو بووبێتەوە.

لە وەڵامدا ئەڵێین: مادام یەکێ بە چاوی خۆی تەماشا بکا گیا لە تۆو سەوز ئەبێ و لە پاش بەرزەوە بوون و پێگەیشتن ئەکەوێ و بۆ ساڵی دوایی ئەڕوێتەوە و،

بە دڵ بیر بکاتەوە کە ئاساری خاوەن یاسا و نیزام لە هێزی «لا شعوری» و نەفامییەوە نابێ و، دیارە ئاساریش بە بێ «موئەسر» نابێ، ئەبێ بزانێ ئەو ئاسارانە ئاساری پەروەردگارێکی تەوانان. کەوابوو دەرکەوت کە پەروەردگار لە هەموو کاتێکدا هەیە و هێزی وەکوو خۆی بەردەوامە، ئاسار و شوێنەواریش هەموو لە مومکیناتن و بوون و نەبوونیان وەك یەکە، ئەزانێ وەکوو خودا یەکەم جار ئادەمیزاد دروست ئەکا، وەها ئەتوانێ لە پاش مردنیش جارێکی دیکە زیندووی بکاتەوە و دروستی بکاتەوە.

﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ۚ ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٠﴾ يُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَيَرْحَمُ مَن يَشَاءُ ۖ وَإِلَيْهِ تُقْلَبُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ ۖ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٢٢﴾ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَلِقَائِهِ أُولَٰئِكَ يَئِسُوا مِن رَّحْمَتِي وَأُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٣﴾﴾

واتە: تۆ بڵێ بەو ئادەمیزادانە: بڕۆن بگەڕێن بەسەر زەویدا و بیر بکەنەوە چۆن خودای تەعالا دەس ئەکا بە دروستکردنی شتێ کە بیەوێ بیکات؟ جا پاش بوونی ئەم عالەمە و لەناو چوونی، خودا جارێکی‌تر خەڵك دروست ئەکاتەوە، بە راستی خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکدا و، بیەوێ سزای هەرکەس بدا سزای ئەدا و، میهرەبانیشە لەگەڵ هەر کەس مەیلی ببێ میهرەبانی لەگەڵ بکا، ئەیکا.

[ئەی گرۆی ئادەمیزاد! ئێوە ناتوانن لە دەست حوکم و دادی خودا دەرباز بن نە لە زەویدا و نە لە ئاسماندا وە کەسیش نییە بێجگە لە خودا پشتیوان و یاوەرتان بێت

و فریاتان بکەوێت، ئەگەر ڕێگەی چەوت بگرنە بەر. ئەوانەی کە بڕوایان بە ئایەتەکانی خودا و گەیشتن بە حوزووری خودا لە دوا ڕۆژا نییە، ئا ئەوانە لە ڕەحم و بەزەیی من نائومێدن و لە بۆ ئەوان هەیە سزایەکی ناهەموار.][1]

﴿فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱقْتُلُوهُ أَوْ حَرِّقُوهُ فَأَنجَىٰهُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلنَّارِ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٢٤﴾﴾

کەچی لە باتی ئەوە کە ئەو گەلە بیر بکەنەوە لە حەقیقەتا و ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی ئیبراهیم‌ﷺ وەربگرن دەستیان کرد بە سەرپێچی کردن و تەگبیر کردن بۆ لەناو بردنی و لە ئەنجاما بازێکیان وتی: چاری ئەم ئینسانە ئەوەیە بە سزا لە ناو ببرێت و وتیان: بیکوژن یا بیسووتێنن و بڕیاریان دا لەسەر سووتاندنی و، ئاگرێکی قەبەیان کردەوە و ئیبراهیمیان بە «مەنجەنیق» فڕەدایە ناوی و، لە پاش ئەوە خودای تەعالا ڕزگاری کرد لەو ئاگرە نابارە، بە ڕاستی هەیە لەم ڕزگار کردنی حەزرەتی ئیبراهیمەدا چەند پەند و ئامۆژگاری بۆ گەلێ کە ئیمانی بە خودا بێ؛ چونکی ئەو ڕزگار کردنە کارێکی ئەوەندە نائاسایی و گەورە بوو لە جیهاندا دەنگی دایەوە.

﴿وَقَالَ إِنَّمَا ٱتَّخَذْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَوْثَٰنًا مَّوَدَّةَ بَيْنِكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ ثُمَّ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُ بَعْضُكُم بِبَعْضٍ وَيَلْعَنُ بَعْضُكُم بَعْضًا وَمَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ وَمَا لَكُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٢٥﴾﴾

[١. تەرجەمەی ئەم دوو ئایەتە لە چاپە پێشووەکەدا نەبوو بۆیە بە پێویستمان زانی لە ڕووی چەند تەفسیری ترەوە بینووسینەوە ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

وە حەزرەتی ئیبراهیم عليه السلام پاش ئەوەی خودا رزگاری کرد و لە ئاگرەکە دەرچوو پێی وتن: ئێوە ئەوەك ئەو بتانەتان راگرتووە بۆ پەرستیاری و لە خودای عالەم لاتان داوە بۆ ئەوەیە کە میانە و خۆشەویستی لە ناو خۆتانا رێك بخەن، واتە بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆتان لەسەر بناغەی یەکیەتی هەوا خواهی و بتپەرستی نەك لەبەر مولاحەزەی واقیع و راستی و لە پاشان لە رۆژی قیامەتا لە ناو خۆتانا ناکۆکی و دوژمنایەتی ئەکەوێتە ناوتانەوە و بازێکتان ئینکاری شەرافەتی بازێکتان ئەکا و، بازێکتان لەعنەت و نەفرین لە بازێکتان ئەکا و، جێگەی هەموویشتان ئاگری دۆزەخە و بە هیچ شێوەیێ یارمەتیدەرتان نییە و کەس نییە لەو جێگەدا لایەکتان لێ بکاتەوە.

﴿فَـَٔامَنَ لَهُۥ لُوطٌۘ وَقَالَ إِنِّي مُهَاجِرٌ إِلَىٰ رَبِّيٓۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٢٦﴾﴾

جا پاش رزگار بوونی ئیبراهیم لەو ئاگرە ناهەموارە لووتی برازای باوەڕی پێ کرد و ئیبراهیم فەرمووی: ئیتر من لە وڵاتی عێراقا نامێنم و کۆچ ئەکەم بۆ شوێنێ کە بە ئاسایش بەندەیی پەروەردگاری خۆم بکەم، بە راستی ئەو خودایە خاوەن عیززەتە و لە هەموو کارەکانیدا بە حیکمەتە.

جا کۆچی کرد بۆ «حران» و لەوێوە بۆ فەلەستین و لەوێ جێگیر بوو.

﴿وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ إِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَجَعَلۡنَا فِي ذُرِّيَّتِهِ ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلۡكِتَٰبَ وَءَاتَيۡنَٰهُ أَجۡرَهُۥ فِي ٱلدُّنۡيَاۖ وَإِنَّهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٢٧﴾﴾

جا بەخشیمان بە ئیبراهیم لەو ژنەی کە لە «کوثی» لە وڵاتی «بابل»ەوە لەگەڵیا رۆیشت ئیسحاق و یەعقووب، یەکەم کوڕی خۆی بوو، دووەم کوڕەزای بوو، بڕیارمان دا پێغەمبەریتی و رەهبەرایەتی بۆ ئادەمیزاد لە نەوەی ئیبراهیمدا؛ لە لایەکەوە

لە ئیبراهیم ئیسحاق و، یەعقووب و، یووسف و، ئەییووب و، مووسا و، هاروون و، داوود و، سولەیمان و، زەکەریا و، یەحیا و، عیسا و... باقی پێغەمبەرانی بەنی‌ئیسرائیلمان دروست کرد و، لە لایەکی‌ترەوە ئیسماعیل و موحەممەدمان رەوانە کرد کە نموونەی زانیاری و بەختیاری ئادەمیزاد بوون. وە لە دنیادا حەقم پێدا و بە راستی لە پاشەڕۆژیشدا لە پیاو چاکان ئەژمێررێ.

﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِى نَادِيكُمُ ٱلْمُنكَرَ ۖ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٩﴾ قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٣٠﴾﴾

وە باسی لووتی برازای ئیبراهیم بکە لەو کاتەدا کە لۆمەی گەلەکەی ئەکرد و پێی وتن: ئایا ئێوە ئەونە نامەردن کاری ناشیرینی وا ئەکەن کەس پێش ئێوە لە چەرخە رابوردووەکانا نەیکردووە؟ ئایا ئێوە ئەچنە لای پیاوان و، رێگە لە رێبوار ئەگرن و، لە دەور و بەری خۆیشتانا هەر کردەوەیێ ناپەسەند بێ وەکوو: دزی و، درۆزنی و پیاو کوشتن و، ماڵ بردنی خەڵك، ئەیکەن؟! ئەوانیش لە باتی ئەوە وەڵامی لووت بدەنەوە بە تۆبە و پەشیمان بوونەوە و فەرمانبەرداری، وەڵامیان هەر ئەوە بوو وتیان: ئەگەر تۆ راست ئەکەیت و لە راستگۆیانی یاڵڵا سزای خودامان بۆ بێنە! جا لووت گەیشت بە گیانی و، لە خودا پاڕایەوە و فەرمووی: ئەی پەروەردگاری من یارمەتیم بدە و سەرم بخە بەسەر ئەم گەلە بەدکارەدا.

﴿وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ قَالُوٓاْ إِنَّا مُهۡلِكُوٓاْ أَهۡلِ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِۖ إِنَّ أَهۡلَهَا كَانُواْ ظَٰلِمِينَ ﴿٣١﴾ قَالَ إِنَّ فِيهَا لُوطٗاۚ قَالُواْ نَحۡنُ أَعۡلَمُ بِمَن فِيهَاۖ لَنُنَجِّيَنَّهُۥ وَأَهۡلَهُۥٓ إِلَّا ٱمۡرَأَتَهُۥ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَلَمَّآ أَن جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗا وَقَالُواْ لَا تَخَفۡ وَلَا تَحۡزَنۡۖ إِنَّا مُنَجُّوكَ وَأَهۡلَكَ إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَ كَانَتۡ مِنَ ٱلۡغَٰبِرِينَ ﴿٣٣﴾ إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَىٰٓ أَهۡلِ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ رِجۡزٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ﴿٣٤﴾ وَلَقَد تَّرَكۡنَا مِنۡهَآ ءَايَةَۢ بَيِّنَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴿٣٥﴾﴾

جا کاتێ ئیبراهیم لە فەلەستینا نیشتەجێ بوو، لووت لە شاری «سەدووم»دا دامەزرا و فریشتەکان بە موژدەپێدانەوە هاتن بۆ لای ئیبراهیم و موژدەی کوڕ و کوڕەزای وەکوو یەعقووب و ئیسحاقیان پێدا. ئەو فریشتانە بە حەزرەتی ئیبراهیمیان فەرموو: ئێمە ئەو خەڵکی دێی لووتە لە ناو ئەبەین، بە راستی خەڵکەکەی ستەمکارن، جا ئیبراهیم فەرمووی: ئاخر لووتی برازامیان لە ناو دایە! ئەوانیش وتیان: لە تۆ چاکتر ئەزانین کێی تیایە و کێی تیا نییە، ئێمە لووت و خێزانەکەی و نەوەکەی رزگار ئەکەین، ژنەکەی نەبێ ئەو بە فەرمانی خودای تەعالا لەوانەیە کە لەو دێدا ئەمێنێتەوە و بەر ئەو سزا و قاری خودا ئەکەوێ کە بۆ خەڵکی ئەو دێ دێت.

جا لە کاتێکدا فەرمانبەرە رەوانەکراوەکانی من، واتە فریشتەکان، هاتن بۆ لای حەزرەتی لووت عليه السلام زۆر دڵی پەرێشان و خەمبار بوو بە هاتنی ئەوان و، کە فریشتەکان دییان لووت تێك چووە و وەزعی گۆڕاوە و لێیان ئەترسێ، پێیان وت:

مەترسە و دڵگران مەبە، ئێمە تۆ و خێزانەکەت رزگار ئەکەین ـ ژنەکەت نەبێ ـ ئەو لەو کۆمەڵەدایە کە لە سزادا لە ناو ئەچن، وە ئێمە سزایەك لە ئاسمانەوە ئەنێرین بۆ سەر خەڵکی ئەو دێیە بە هۆی ئەوەوە کە لە فەرمانی خودا دەرچوون.

وە بێ‌گومان بەجێمان هێشت بە کارەساتی ئەو دێیە بەڵگەیەکی گەورەی ئاشکرا بۆ گەلێ کە عەقڵ و هۆشی بیر کردنەوەیان هەیە. واتە ئەو کارەساتە و ئەو بوومەلەرزە و بورکانە کە بەسەر ئەو وڵاتەدا هات شتێکی مێژوویی و خاوەن نرخ بوو. وە یاخود لە شوێنەواری ئەو دێیەدا نیشانەیەکی دیاریمان هێشتەوە بۆ خەڵکی پاش ئەوان لە جیهاندا، وەکوو ئەوە خانووەکانیان بەسەر یەکا کەوتوون و، ئاو و کانیاوەکانیان کە بە هۆی بورکانەوە رەش بوونەتەوە و وەکوو گەڕاویان لێ هاتووە.

﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا فَقَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱرْجُوا۟ ٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ وَلَا تَعْثَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٣٦﴾ فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٣٧﴾﴾

وە شوعەیبمان نارد بۆ لای خەڵکی شاری مەدیەن، کە شارێ بوو لە نێوان شام و حیجازا بە ناوی مەدیەنی کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمەوە، شوعەیب ئینسانێکی هاونەژادی خۆیان بوو، قسەزان و، قسەڕەوان و، مەرد و، ژیر بوو، لەسەر سوحوفی حەزرەتی ئیبراهیمی باپیرە گەورەی رەفتاری ئەکرد، وەکوو ئیسحاق و، ئیسماعیل و، یەعقووب علیهم السلام.

جا دەستی کرد بە ئامۆژگاری و رێنومایی گەلەکەی و فەرمووی: ئەی گەلی من بەندەیی بە تەنیا بۆ خودا بکەن و، کار و کردەوەی باش بکەن و، بە هیوای پاداشی باشی پاشەڕۆژ بن و، لە زەویدا بەدکاری و بەد رەوشتی مەکەن. ئەوانیش چوون بە گژیا و زۆر بێشەرمی و بێحەیاییان لەگەڵدا کرد و، بەدرۆیان خستەوە. جا

بوومەلەرزەیەکی زۆر بەهێز و گران گرتنی و لە خانووەکانی خۆیانا بە چۆکا کەوتن و مردن.

﴿ وَعَادًا وَثَمُودَا۟ وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم مِّن مَّسَـٰكِنِهِمْ ۖ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَعْمَـٰلَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَكَانُوا۟ مُسْتَبْصِرِينَ ﴿٣٨﴾ ﴾

وە گەلی عاد و سەموودیشمان بەرباد کرد و، لە شوێنەوارەکەیانەوە و لە تەماشا کردنی ماڵ و شوێنە وێرانەکەیانەوە بۆتان دەرئەکەوێ کە چۆن لەناو چوون. وە یاخود بازێ لە شوێنەواری خانووبەرەی وێرانبووی ئەوان لەبەرچاوتانا ماوەتەوە.

وە بەرباد کردنی ئەمانەیش بە هۆی ئەوەوە بوو کە شەیتان کردەوە ناشیرینەکانیانی لەبەرچاویانا جوان کردبوو، ئەو کوفر و تاوانباری و بەد کردارییەیان بە باش ئەزانی و، لەم رووەوە لە رێگەی راست لایان دابوو، لەگەڵ ئەوەیشا ئەگەر لەبەر گومڕایی و نەزانی نەبوایە گەلێکی بەرچاو روون ئەبوون و، ئەگەر کەمێ بیریان بکردایەتەوە راستییان بۆ روون ئەبووەوە.

﴿ وَقَـٰرُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا كَانُوا۟ سَـٰبِقِينَ ﴿٣٩﴾ فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنۢبِهِۦ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا وَمِنْهُم مَّنْ أَخَذَتْهُ ٱلصَّيْحَةُ وَمِنْهُم مَّنْ خَسَفْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ وَمِنْهُم مَّنْ أَغْرَقْنَا ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَـٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾

وە قاروونی نامۆزای مووسا و، فیرعەونی پاشای میسر و، هامانی سەرەکوەزیرانی. ئەمانەیش باس بکە؛ چونکی باسەکەیان ئەبێ بە هۆی پەندوەرگرتن بۆ بازێ و بە راستی مووسا بە چەن موعجیزەوە هات بۆ لای ئەمانە، ئەوانیش خۆیان بە گەورە

گرت لە زەویدا و، وەها تەماشای خۆیانیان نەدەکرد کە بە قسەی رەهبەر رەفتار بکەن، وە ئەمانە لەوانە نەبوون کە لە دەستی خودا دەربچن و ماوەی رزگار بوونیان ببێ.

وە هەموو لایێ لەمانە چ گەلی لووت و، گەلی شوعەیب و، گەلی عاد و، گەلی سەموود و، قاروون و، فیرعەون و، هامان هەموویانمان گرت بە هۆی تاوانی خۆیانەوە. جا بازێکیان بامان لەگەڵ وردە بەردا لێ هەڵکردن وەکوو گەلی لووت و، بازێکیان دەنگێکی گەورە، کە دەنگی جوبرەئیلە، گرتنی وەکوو گەلی شوعەیب و سەموود و، بازێکیانم رۆبردە خوارەوە بە ناخی زەویدا وەکوو قاروون و، بازێکی دیکەیانم لە ئاوا خنکاند وەکوو فیرعەون و هامانی وەزیری، وە خودا لەوانە نییە کە ستەم بکا لەوانە و بە بێ حەقێکی راستەقینە لە ناویان بەرێ، بەڵام ئەوان ستەمیان لە خۆیان کرد بە هۆی کوفر و تاوانباری و بەدکرداری و بەدرەوشتییەوە بە جۆرێ خودا قاری لێ گرتن.

﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۖ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ ﴿٤١﴾ إِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مِن شَىْءٍ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٤٢﴾ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ۖ وَمَا يَعْقِلُهَآ إِلَّا ٱلْعَٰلِمُونَ ﴿٤٣﴾ خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٤﴾﴾

سیفەتی ئەو کافرانە کە غەیری خودا چەن دۆستێکی خەیاڵییان بۆ خۆیان بڕیارداوە، بە نیسبەتی ئەوکەسانەوە کە بەندەیی ئەکەن لەسەر بناغەی زانیاری و بەختیاری و

باوەڕ بە خودای زیندووی زانای تاکی تەوانا. وەکوو سیفەتی جۆلایی‌کەرەیێ وایە کە خانوویەکی لە پەردەی تەنراوی لاواز بۆ ژیواری خۆی دروست کردووە بە نیسبەتی کەسێکەوە کە خانوویەکی لە بەرد و دار و مادەی ئەستوور دروست کردووە بە دیوار و دەرگا و سەرمیچەوە کە ساڵەهای ساڵ بێ‌ئازار ژیواری تیا ئەکا، وە ئێوە ئەزانن لاوازترین خانووی گیانلەبەران خانووی جۆلایی‌کەرەیە، ئەو خانووە نە دیواری هەیە و، نە سەر میچ و، نە بەرگەی سەرما و گەرما ئەگرێ، تەنیا ئەوەندە هەیە جار بەجار مێش و مەگەزێ ئەبێ بەو داوە تەنراوەوە و جۆلایی‌کەرەکە ئەیخوا و، گەلێ جار خاوەن ماڵەکە لە کاتی پاکەوە کردنی خانووەکەیا بە گسک دەماری ئەو خانووە دەردێنێ و خانوو و خاوەن خانوو هەمووی بەرباد ئەکا.

بە عەینی شێوە ئەم بتپەرستانەیش ئەوەندە کەڵك لەو بتانە وەرئەگرن کە ئەیانپەرستن لە بازێ سوودی کۆمەڵایەتی، ئەنا نە دەفعی گەرمای دۆزەخ ئەکا و نە سەرمای زەمهەریر و، هەر کاتێ بچووکترین شتێ پەیدا ببێ بتخانەکە وێران ئەبێ، وەکوو زۆر جار بتپەرستەکان قار لە بازێ بتی خۆیان ئەگرن و ئەیان شکێنن و فڕەیان ئەدەن، کاشکی ئەم کافرانە ئەم ڕاستییانەیان بزانیایێ.

ئەی خۆشەویست تۆ بفەرموو بەو بتپەرستانە: خودای تەعالا زانایە کە ئەوان بانگ ناکەن لە شتێ کە بچووکترین نرخێ و کەمتر سوودێکی ببێ،[١] وە هەر خودا

[١. لە تەرجەمەی ئەم ئایەتەدا وا دەرئەکەوێ کە مامۆستا وشەی «ما»ی لە ڕستەی «ما یدعون»دا بە نەفی مانا لێ‌دابێتەوە بەڵام ئێمە لە هیچکام لە تەفسیرە باوەڕ پێکراوەکاندا ئەم بۆ چوونەمان نەدۆزییەوە و سەرجەم تەفسیرەکان بە «مای مەوسوول»ی دەزانن، کەوابێ لە سەر بیری موفەسیرەکان مانای ئەم ئایەتە بەم شێوەیە: «بێ‌گومان خودا دەزانێ ئەوەی ئەوان لە جیاتی خودا دەیپەرستن (چەندە بێ‌دەستەڵاتە) ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

خۆی خاوەن عیززەتە و تەوانایە بەسەر هەموو شتێکا و خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا، وە ئەم نموونە جوانە بە نرخانە بەیان ئەکەین بۆ ئادەمیزاد تا پەند وەربگرن و روو بکەنە راستی، وە زانا بەرزەکان نەبێ کەس مانای ئەوانە نازانێ و، خودا ئەو خودایە کە ئەو ئاسمانانەی دروست کردووە لەگەڵ ئەو ئەستێرە پڕتەودارانەدا، وە هەرکام لەوانە خواستی لە سەر ئارامی هەیە ئارامە و، هەر کام لەوانە خواستی لەسەر هەڵسووڕانی هەیە هەڵی ئەسووڕێنێ لە سەر میزانێکی تایبەتی بە بێ کەم و زیاد و، زەوی دروست کرد، وشکان و دەریای لەگەڵ کانەکان و گیا و دارەکان و لەگەڵ گیانلەبەرەکان... دروست کرد، وە هەرکام لەوانەی جیا کردووەتەوە بە جۆرە شوێنەوارێ و، لە ناو ئەوانەدا ئادەمیزادی جیا کردووەتەوە بە عەقڵ و، زانیاری کردووە بە تاجی ئەو عەقڵە و، رەهبەرانی کردووە بە رووناککەرەوەی دەور و بەری، ئەمانەی هەمووی لە سەر حیکمەتی دامەزراو دروست کردووە و، ئاگای لە هەموویان هەیە، بێ گومان لەم تەئسیراتەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ خاوەن ئیمانەکان لەسەر وجوودی خودا و تەنیایی و زانایی و تەوانایی.

﴿ ٱتْلُ مَآ أُوحِىَ إِلَيْكَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ ۖ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۗ وَلَذِكْرُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری رەهبەر مادام کافرەکان وان لە دەریای نەزانی و بێباوەڕیدا، تۆ بە وەزعی ئەوان دڵگیر مەبە و، بێرەوە بۆ سەر خزمەتی مەبدەء و مەنهەج و یاسای خۆت، وە بخوێنەرەوە ئەوەی بە وەحی هاتووە بۆ لای تۆ کە قورئانی پیرۆزە؛ چونکی ئەم قورئانە نووری دڵە و، رووناککەرەوەی ماڵ و، بێدارکەرەوەی ئینسانی غافڵە.

وە ئینسانی هۆشیار هەتا لەسەرخۆ قورئان بخوێنێ و باشتر بیری لێ بکاتەوە زیاتر بۆی ئەبێ بە هۆی خێر و پیرۆزی و پاداشی پاشەڕۆژ، و تا زیاتر بیر بکاتەوە لە قورئانا زۆرتر مەعنا و نهێنی بۆ دەرئەکەوێ.

وە بە هێزی دڵەوە نوێژەکانت بکە و لە کاتی خۆیا بە جێی بێنە؛ چونکی بێ‌گومان ئەو نوێژە کە بە گوێرەی مەرج و بەندەکانی و، لەگەڵ نەرمی و کزی بۆ خودادا و، لەگەڵ خاڵێتی دڵ لە غەیری نوێژ و خەیاڵی پڕوپووچدا بێ، ئەو نوێژە خاوەنەکەی مەنع ئەکا لە هەر کردەوەیێ کە پێچەوانەی یاسای کەرامەت و نامووس بێ و، ئینسان لە هەموو بیر و باوەڕێکی خراپ و بەد وەکوو: ریا و، چاوەڕوانی خەڵك، وە لە هەموو کردەوەیەکی ناپەسەند وەکوو: کوشتنی نەفسی پاك و، دەسبردن بۆ ماڵی خەڵك و، ڕاگرتنی مافی خەڵکی، دوور ئەخاتەوە. بە ڕاستی یادی خودا و دەوامی ئاگاداری حوقووقی خودا کە لە ئاگاداری نوێژەوە پەیدا ئەبێ بۆ ئینسان لە هەموو بەندەییێ گەورەترە و، بەندەیی خودا سەرەتای ترس لە خودا و پەیوەندی دڵ بە خوداوەیە و، خودای تەعالا ئەزانێ و ئاگای لە هەر کارێکە ئێوە بیکەن و پاداشتان ئەداتەوە لەسەر تاعەتەکانتان بە پاداشێ کە شیاوی میهرەبانی خودا بێ.

وە هەڵ ئەگرێ مەبەست لە «ذکر» هەر خودی نوێژەکە بێ؛ چونکی نوێژ حەمد و سوپاس و تەسبیحی خودا ئەگرێتەوە.

﴿وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡۖ وَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱلَّذِيٓ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَأُنزِلَ إِلَيۡكُمۡ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمۡ وَٰحِدٞ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ﴿٤٦﴾ وَكَذَٰلِكَ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَۚ فَٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۖ وَمِنۡ هَٰٓؤُلَآءِ مَن يُؤۡمِنُ بِهِۦۚ وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٤٧﴾﴾

وە موجادەلە مەکەن لەگەڵ ئەهلی کیتابا وەکوو جوو و گاور بە شێوەیێ نەبێ کە لە هەموو شێوەکان جوانتر بێ، کە وابێ کە قسەتان کرد ئاگاداری شوێن و کات و پایەیان بکەن و، باوەڕتان لەگەڵیانا ناسك و نەرم بێ و، پەستیان مەکەن و، وتاری زبری ئەوان بە نەرمی وەڵام بدەنەوە و، بەرهەڵستی قاریان بە خۆشی و، ئاژاوەیان بە پەند و ئامۆژگاری بکەن؛ چونکی تا بگونجێ دین لەسەر موجامەلەیە نەك لەسەر موجادەلە. لەگەڵ ئەوانەدا نەبێ کە ستەمکارن و زیادەڕەوی ئەکەن لە عەنادا و، بیر و باوەڕی ناشیرین بڵاو ئەکەنەوە. وە بڵێن بەو ئەهلی کیتابانە: باوەڕمان هەیە بەو کتێبە بۆ ئێوە هاتووە و بەوەیش بۆ خۆمان هاتووە و، خودای ئێمە و ئێوە یەك خودایە و، ئێمە ملکەچ بووین بۆی، بەڵکوو بەم شێوە و ڕەوشتە چاویان بکرێتەوە و ڕوو بکەنە ڕاستی و باوەڕ بکەن بە ئایین.

ئاوەها قورئانمان نارد بۆ لای تۆ کە بەیانی باوەڕی ڕاست و ئادابی دین بکا. وە ئەو گاور و جوولەکە کە کاتی خۆی کیتابم بۆ ناردبوون باوەڕیان کردبوو ئەیانزانی پێغەمبەرێ لە بەنیئیسرائیل پەیدا ئەبێ و خودا کیتابی بۆ ڕەوانە ئەکا و، لە «عهد»ە پێشووەکانا ئەم باسە مەشهوور بوو، لە «سفر»ی شەعیادا بە ئاشکرا باسی هاتنی پێغەمبەر و هاتنەخوارەوەی کتێبەکەیی و ئادابی هاوڕێکانی باس کراوە. هەروا لە ئینجیلی حەزرەتی عیسادا عليه السلام موژدە دراوە بە هاتنی پێغەمبەری خاوەن ستایشی پاشەڕۆژ.

بێجگە لەوە کە لە تەوراتا نووسراوە نووری ڕەحمەتی خودا لە تووری سینادا دەرکەوت و، لە کێوی ساعیری نزیکی شوێنی لە دایکبوونی عیسا دەرئەکەوێ، هەروا لە کێوەکانی «فاران»، ـ واتە ئەو ریزە کێوانی قەراخی مەککە ـ دا ئەو نوورە پرتەو ئەدا.

وە لەم کتێبانەیشدا کە لەم زەمانی تۆدا هەن، ئەی خۆشەویست، کەسانێکی وا هەن ئیمانیان بەو کتێبی تۆیە، کە قورئانە، هەیە وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و چەن کەسێ لەگەڵ ئەودا، وە ئینکاری ئایەتەکانی ئێمە ناکا ئەوانە نەبێ کە زۆر ڕۆچوون بە عەناد و کوفرا، وە ئەوانە کە عەنادەکەیان بووە بە پەردەی سەر دڵیان و چاوی دڵ و دەروونیانی لە کار خستووە.

﴿وَمَا كُنتَ تَتْلُوا۟ مِن قَبْلِهِۦ مِن كِتَـٰبٍ وَلَا تَخُطُّهُۥ بِيَمِينِكَ ۖ إِذًا لَّٱرْتَابَ ٱلْمُبْطِلُونَ ﴿٤٨﴾ بَلْ هُوَ ءَايَـٰتٌۢ بَيِّنَـٰتٌ فِى صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ ۚ وَمَا يَجْحَدُ بِـَٔايَـٰتِنَآ إِلَّا ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٩﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئەگەر گومانیان لە قورئانا هەیە ئەوە چارەکەی ئەوەیە کە لە کتێبە پێشووەکانا هەیە کتێبێ دێتە خوارەوە بۆ خەڵکی ئاخرزەمان. وە ئەگەر گومانیان لە تۆدا هەیە ئەوە بەوە چار ئەکرێ کە تۆ ئینسانێکی نەخوێندەوار و نەنووسی لە پێش هاتنی قورئاندا تۆ هیچ کتێبێك و هیچ نووسراوێکت نەخوێندووەتەوە هەتا بڵێن: ئەمە کتێبێکە خوێندوویەتیەوە و لەبەری کردووە و ئێستە بەسەر ئێمەیدا ئەخوێنێتەوە. وە لەمەوبەریش نووسینت نەزانیوە و بە دەستی ڕاستت هیچت نەنووسیوە تا ئێستە بڵێن: ئەم کتێبە خۆی ئەینووسێتەوە و لە دواییدا ئەیخوێنێتەوە بەسەرمانا. وە ئەگەر یەکێ لەمانە بوایە پیاوە خراپەکان کە بە دیعایە حەق بەتاڵ ئەکەنەوە، ئەم قسانە و ئەم باسانەیان بڵاو ئەکردەوە، کە وابێ هیچ شوبهە نییە لە خۆتا و لە کتێبەکەتا و دیارە حەقە و لە لایەنی خوداوە هاتووە بۆ لای تۆ.

بەڵکوو قورئان بریتییە لە چەن ئایەتێکی ڕووناکی ڕاست کە دامەزراوە لە سنگی ئەوانەدا کە خاوەن عیلمن بە قورئان، وەکوو حافزانی قورئان لە سەردەمی حەزرەتا ﷺ

و لە پاش ئەو و، ئینکاری ئایەتەکانی ئێمە ناکا ئەوانە نەبێ کە ستەمکارن و بە عەناد راستی لە خەڵك دوور ئەخەنەوە.

زیاد لەمانە ئایا ئەوانە نازانن ئەم قورئانی تۆیە شێوە و شێواز و دارشتنی لەسەر شێوەی قسەی هیچ کەسێ نییە لە حیجازا و لە غەیری حیجازا، کە وابێ ئەبێ قسەی ئادەمی نەبێ، وە باسی گەلێ شتی نادیاری و رابوردووی کۆن و نەزانراوی هاتوو ئەکا، کە وابێ ئەبێ خاوەنەکەی «غیب» (نادیاری) بزانێ. وە گەلێ باسی عیلمی تێدایە کە ئادەمیزاد ناتوانن ئەو شتانە بدۆزنەوە و بیزانن.

﴿وَقَالُواْ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَٰتٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۖ قُلْ إِنَّمَا ٱلْءَايَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾ قُلْ كَفَىٰ بِٱللَّهِ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ شَهِيدًا ۖ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلْبَٰطِلِ وَكَفَرُواْ بِٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٥٢﴾﴾

ئەو کافرانە وتیان: ئەوە بۆچی چەن ئایەت و موعجیزەیەکی لە لایەنی خوداوە بۆ نایێتە جێ وەکوو: وشترەکەی حەزرەتی سالح و، عاساکەی مووسا ؟ تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ: ئایات وان بە لای خوداوە و وان لە ژێر توانای ئەوا، وە ئەگەر ئەو حیکمەت بزانێ لە دروستکردنیانا ئەیانێرێ و دروستیان ئەکا و، من هیچ نیم ئەوە نەبێ کە ئادەمیزاد بترسێنم لە سزای خودا و، لە لای خوداوە بۆ ئەوە نێرراوم.

وە لە لایەکیترەوە ئایا کافی نییە بۆ ئەوان کە من ئەم قورئانەم بۆ تۆ ناردووە و ئەیخوێنیتەوە بەسەریانا؟ بە راستی لە ناردنی ئەو قورئانەدا رەحمەت هەیە و بیر

کردنەوە لە ڕێگەی ڕاستا بۆ گەلێ کە ئیمانیان بە خودا و پێغەمبەر ببێ. تۆ ـ ئەی خۆشەویست ـ بڵێ: کافییە و بەسە خودا بۆ ئاگاداری بەسەر حاڵی من و حاڵی ئێوەدا، ئەو خودایە کە حاڵی وایە ئەزانێ بەهەر شتێ کە لە ئاسمانەکان و لە زەویدا ببێ، وە ئەو کەسانە کە باوەڕ بە شتی پووچ ئەکەن و ئینکاری خودای تەعالا ئەکەن بە ڕاستی زیانمەند هەر ئەوانەن لە دنیا و قیامەتا.

﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ ۚ وَلَوْلَا أَجَلٌ مُّسَمًّى لَّجَاءَهُمُ الْعَذَابُ وَلَيَأْتِيَنَّهُم بَغْتَةً وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ ﴿٥٣﴾ يَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ ﴿٥٤﴾ يَوْمَ يَغْشَاهُمُ الْعَذَابُ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِمْ وَيَقُولُ ذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٥٥﴾﴾

ئەو کافرانە پەلەپەلت لێ ئەکەن بۆ هاتنی سزا و، ئەڵێن: بەرد ببارێنە بەسەرمانا لە ئاسمانەوە! جا ئەگەر کاتێکی تایبەتی دیاری نەکرایە بۆ سزادانی ئەوان سزاکەیان بۆ ئەهات، با ئێستەیش چاویان نەفرێ، ئەو سزایان لە ناکاودا، یا لە ڕووداوی بەدرا، یا پاش مردنیان و لە دۆزەخا، بۆ دێ، لەگەڵ ئەوەیشدا ئاگایان لە خۆیان نییە و بە هاتنەکەی نازانن.

پەلەپەلت لێ ئەکەن بۆ سزا، بەڵام پێویست بەو پەلە کردنە ناکا، ئەوەتا دۆزەخ وا لە پێشیانەوە و دۆزەخیش گەمارۆی کافرانی داوە و لێی ڕزگار نابن. ئیتر بۆچی پەلە ئەکەن؟ ئەوان هەر ئەگەن بەو سزایە.

لە ڕۆژێکدا سزایان بۆ دێ و لە هەموو لایەکەوە، لەسەر و ژێرەوە، دایان ئەگرێ و، خودای تەعالا، یا فریشتەکان پێیان ئەڵێن: بچێژن تۆڵەی ئەو کارە نابارانە کە لە دنیادا ئەتانکردن.

﴿ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ أَرۡضِي وَٰسِعَةٞ فَإِيَّٰيَ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٥٦﴾ كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۖ ثُمَّ إِلَيۡنَا تُرۡجَعُونَ ﴿٥٧﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَنُبَوِّئَنَّهُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ غُرَفٗا تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ نِعۡمَ أَجۡرُ ٱلۡعَٰمِلِينَ ﴿٥٨﴾ ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَلَىٰ رَبِّهِمۡ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾

ئەی بەندە خاوەن ئیمانەکانم بێگومان زەوی دنیای من گوشادە، دەی بەندەیی بۆ من بکەن، واتە ئەگەر لە ولاتێکدا ماوەی ئەوتانە نەبوو کە ئایینی خۆتان دەربخەن و بە سەربەستی شیعارەکانی دین بەجێ بێنن، کۆچ بکەن بۆ ولاتێکی‌تر کە بۆتان بکرێ بە ئارەزووی خۆتان بەندەیی بکەن. هەموو کەسێ ئەبێ مردن بچەژێ و دواییش بۆ لای من ئەگەڕێنەوە، وە ئەو کەسانە کە باوەڕیان کردووە و کردەوەی باشیان هەیە، لە هەموو جۆرە باشێ لە: نوێژ و، رۆژوو، زەکات و، حەج و، لە تەرکی شتی حەرام، ئەوە دایان ئەمەزرێنین لە چەن هۆدەیەکی بەهەشتا و، لە ژێر ئەو بەهەشتەوە جۆبار رەوان ئەبێ و تیایا ئەمێننەوە هەتا هەتایە، پاداشی ئەوانە زۆر باشە کە بە یاسای دین رەفتاریان کردووە و، خۆیان لەبەر ئازارا گرتووە و پشتیان هەر بە خودای خۆیان بەستووە.

﴿ وَكَأَيِّن مِّن دَآبَّةٖ لَّا تَحۡمِلُ رِزۡقَهَا ٱللَّهُ يَرۡزُقُهَا وَإِيَّاكُمۡۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿٦٠﴾ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّنۡ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَسَخَّرَ ٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُۖ فَأَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ﴿٦١﴾ ٱللَّهُ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٦٢﴾ وَلَئِن سَأَلۡتَهُم مَّن نَّزَّلَ

﴿مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ مِنۢ بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٦٣﴾﴾

وە زۆر گیانلەبەری وا هەیە خۆی رۆزی خۆی هەڵناگرێ و عەقڵ و هەستی پاشەکەوت و بژێو کۆکردنەوەی نییە و خەمی کاتی سەختی و تەنگانە ناخوا، یاخود بە هیچ جۆرێ ناتوانێ هەوڵ بدا بۆ رۆزی خۆی، وەکوو پەلەوەری باڵ شکاوی کوێرا خودای تەعالا بە میهرەبانی خۆی رۆزی بۆ ئەنێرێ و چۆن رۆزی ئەدا بە ئێوە کە خۆتان عاقڵن و بەهێزن و ئەتوانن بە شوێن رۆزی خۆتانا بگەڕێن، رۆزیش ئەدا بەو، واتە ئەو دەعبا بێ‌هێزانە وەکوو ئێوەن و ئێوەیش وەکوو ئەوانن و ئەگەر خودا میهرەبانیتان لەگەڵ نەکا وەکوو ئەوانتان لێ دێ. خودا بیسەری واتەتانە و زانای خەیاڵی دەروونتانە.

وە ئەگەر تۆ پرسیار لەو کافرانە بکەی: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە و رۆژو مانگی رام کردووە بۆ ئەم هاتوچۆ و هەڵهاتن و ئاوا بوونە کە ئەساسە بۆ ژینی حەیوان و نەبات؟ بە باشی ئەچنە ژێر ئەمری واقیع و ئەڵێن: خودا ئەوانەی دروست کردووە. دەی ئیتر چۆن لائەدەن لە خودا بەیەك زانینەوە بۆ هاوڕێ بڕیاردان بۆ خودا.

خودای تەعالا رۆزی زۆر ئەکات و سفرەی نیعمەت بڵاو ئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ لە بەندەکانی و، هەر خودایە ئەو رۆزی و بژێوە تەنگ ئەکا لەسەر بەندەکانی خۆی، بە راستی خودا زانایە بە هەموو شتێ.

وە ئەگەر لێیان بپرسی: ئەوە کێیە کە لە ئاسمانەوە ئاوی ناردووەتە خوارەوە و زەوی پێ زیندوو ئەکاتەوە لە پاش مردنی و سوود لێ وەرنەگرتنی؟ ئەڵێن: خودا. جا تۆ ئەی خۆشەویست بڵێ: سوپاس بۆ خودا لەسەر ئەوە کە باوەڕت پێ ئەکەن.

بەڵام زۆربەی ئەو کافرانە عەقڵیان نییە کە لەگەڵ ئەم هەموو وەڵامە جوان و بەڵگە رووناکەدا هەم هاوڕێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن.

﴿وَمَا هَٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ ٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ لَهِىَ ٱلْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿٦٤﴾﴾

ئەم ژیانی دنیا کە هەیە هەر ئەوەیە ماوەیەکە بۆ بێئاگا بوون لە سوودی دین و دنیا و بازی کردن بە هێزێ کە وا لە بەردەستی خاوەن ژیانەکەدا و، ئیتر ژیانی دنیا بایەخێکی ئەوتۆی نییە و، ماڵی پاشەڕۆژ و ژیان لەوێدا شیاوی هەوڵ و خۆ بۆ ماندوو کردنە و، ئەگەر بیانزانیایێ هەر هەوڵیان بۆ ئەو ماڵە دەدا.

وە حەقیقەتی مانای ئەم ئایەتە ئەمەیە: ماوەی ژیانێ کە لە تاعەتی خودادا سەرف نەکرێ؛ یا کاتێکە ئینسان تیایا زوێر و دڵتەنگە، ئەوە هەر بە ژیان دانانرێ، وە یاخود ماوەیەکە بە بێ خەم ئەڕوا و رائەبوێررێ و ئەم ماوەیە کە بە بێ خەم رابووراوە مایەیەکی بە سوودی نەبووە جگە لە بێئاگا بوون لە کاری بە سوود، وە یا گاڵتەکردن و رابواردن بە هۆی شتی بێنرخەوە[یە]، جا ژیانێ کە مایەکەی بێمایەیی بێ ئەبێ سوودی بۆ کێ ببێ؟ یا سوودی چی بێ؟

﴿فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ لِيَكْفُرُوا۟ بِمَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ وَلِيَتَمَتَّعُوا۟ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٦٦﴾﴾

کاتێ ئەم کافرانە سواری کەشتی ئەبن بۆ هاتوچۆی بازرگانی و بە دەریادا ئەڕۆن لە خودا ئەپاڕێنەوە بە شێوەی پیاوێکی موسوڵمانی خاوەن ئایینی راست، وە کاتێ کە خودا رزگاری کردن و هاتنە وشکانی کوتوپڕ ئەچنەوە سەر پیشە کۆنەکەی خۆیان و هاوڕێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن، جا وازیان لێ بێنە با کوفر و ناسوپاسی


بکەن بەرابەر بەو نیعمەتانە پێمداون و، با ماوەیێ بە ئارەزووی خۆیان لە دنیادا رابوێرن، دوایی ئەزانن چییان لێ دێ و لە چ حاڵێکدا ئەبن.

﴿أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّا جَعَلْنَا حَرَمًا ءَامِنًا وَيُتَخَطَّفُ ٱلنَّاسُ مِنْ حَوْلِهِمْ ۚ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَةِ ٱللَّهِ يَكْفُرُونَ ﴿٦٧﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُۥٓ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٦٨﴾﴾

ئایا ئەو خەڵکی مەککە نابینن یا نازانن کە ئێمە شوێنەکەی ئەوانمان کردووە بە شوێنێکی هێمن و دوور لە دەستی زۆرداران و دەسدرێژی‌کەران و رێگران و، لەگەڵ ئەوەدا دێهات و شارانی دەوری ئەوان وان لەبەر شالاوی دوژمنان و رێبڕانا و، خەڵکی دەور و بەری ئەوان ئەفرێنرێن و ماڵیان بە دزی و نارەوایی تالان ئەکرێ و ئەبرێ؟ ئایا سەرەڕای ئەم نیعمەتە گەورە ئەوان باوەڕ بە شتی پووچ ئەکەن، وەکوو ئەو بتانە بێ کە هەرگیز هیچیان لێ نایێ و هیچیان پێ ناکرێ و، کوفری ناز و نیعمەتی خودای تەوانا ئەکەن؟! وە کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵئەبەستێ و ئەڵێ: خودا هاوبەشی هەیە، یاخود پێغەمبەری خودا بەدرۆ ئەخاتەوە و باوەڕ بە حەق ناکا کاتێ دێتە لای؟ ئایا لە دۆزەخا جێگە و شوێن بۆ کافران دانەنراوە و جێگەیان نییە لەوێدا تا تۆڵەیان لێ بسێنرێتەوە؟! بەڵێ جێگەیان دیارە.

﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٦٩﴾﴾

وە ئەو کەسانە کە جیهاد ئەکەن لە رێگەی رەزای ئێمەدا، واتە رووت بۆ خودا جیهاد ئەکەن و هیچی دیکەیان مەبەست نییە، ئەوە ئەوانە هیدایەتیان ئەدەین بۆ ئەو رێگایانە کە دانراون بۆ گەیشتنی ئەهلی تاعەت بە رەزای ئێمە و بە راستی خودا لەگەڵ خاوەن چاکەکاندایە.



سووره‌تی رۆم، له سووره‌ته مه‌ککه‌ییه‌کانه، ئایه‌تی "١٧"ی نه‌بێ و، دوای سووره‌تی ئینشیقاق هاتووه‌ته خواره‌وه و "٦٠" ئایه‌ته.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓمٓ ۝١ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ۝٢ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ۝٣ فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ مِن قَبۡلُ وَمِنۢ بَعۡدُۚ وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۝٤ بِنَصۡرِ ٱللَّهِۚ يَنصُرُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ۝٥﴾

سوپای رۆم له به‌رابه‌ری سوپای فارسه‌وه شکان له زه‌وییه‌کدا که نزیکترینی زه‌وی ئه‌وانه له وڵاتی حیجازه‌وه، وه ئه‌و رۆمییانه پاش ئه‌و شکانیانه له‌مه‌ولا زاڵ ئه‌بن به‌سه‌ر سوپای فارسدا، له ماوه‌ی ساڵێکه‌وه تا نۆ ساڵ، حوکم و فه‌رمان هه‌ر بۆ خودایه له پێش ئه‌و رووداوه‌دا و له پاش ئه‌وه‌یشدا، وه له‌و رۆژه‌دا که رۆمه‌کان زاڵ ئه‌بن به‌سه‌ر فارسا موسوڵمانه‌کان به‌و سه‌رکه‌وتنه و به‌و یارمه‌تیدانه‌ی خودا بۆ سوپای رۆمه‌کان شادمان ئه‌بن. یاخود موسوڵمانه‌کان له‌و رۆژه‌دا به یارمه‌تی خودا بۆ خۆیان شادمان ئه‌بن، وه خودا خواستی له یارمه‌تیدانی هه‌رکه‌سێ ببێ یارمه‌تی

ئەدا و خودا خاوەن عیززەتە و خاوەن پایەیە و، لەگەڵ بەندەکانی خۆیشیا میهرەبانە و بە حیکمەت رەفتاریان لەگەڵدا ئەکا.

ریوایەت کراوە: کە سوپای فارس هاتن بۆ سەر سوپای رۆم و لە «أذرعات» و «بصری»دا پێیان گەیشتن کە ئەو شوێنانە لەو رۆژەدا نزیکترینی وڵاتی رۆم بوو لە خاکی حیجازەوە و بە یەکدا هاتن و فارسەکان زاڵ بوون بە سەر رۆمییەکانا و ئەم باسە گەیشتە مەککە و موشریکەکان زۆریان پێ خۆش بوو، چونکە فارسەکان ئاگر پەرست و موشریك بوون و هاومەشرەبی کافرە عەرەبەکان بوون.

جا دەستیان کرد بە رقەبەری لەگەڵ موسوڵمانەکانا و پێیان وتن: وەکوو فارسەکان زاڵ بوون بەسەر رۆما ئێمەیش زاڵ ئەبین بەسەر ئێوەدا. جا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە و حەزرەتی ئەبووبەکر رۆیشت فەرمووی: بمرن خودا چاوتان رووناك ناکاتەوە و، لە ماوەیەکی کەمدا رۆمییەکان زاڵ ئەبن بەسەر فارسەکانا. جا «ئوبەیی کوڕی خەلەف» هات گرەوی لەگەڵ ئەبوبەکرا کرد لەسەر دە وشتر بۆ وادەی سێ ساڵ لە هەردوو لاوە، پاش ئەوە رۆیشت ئەم باسەی بۆ حەزرەت ﷺ گێڕایەوە و حەزرەت وشەی «بضع»ی لە ئایەتەکەدا لە بەینی سێ تا نۆ ساڵدا دانا و، فەرمووی: ماڵی گرەوەکە زۆر بکە و ماوەی گرەوەکەیش بەرز بکەرەوە تا نۆ ساڵ. جا ئەبووبەکر رۆیشت وشترەکانی کرد بە سەد وشتر و ماوەکەیشی کرد بە نۆ ساڵ، پاش ئەوە «ئوبەیی» لە پاش رووداوی «أحد» لە کاتی گەڕانەوەی کافرەکانا بۆ مەککە لە رێگەدا مرد بە هۆی برینێکەوە کە حەزرەت ﷺ لێی کردبوو. وە رۆم زاڵ بوون بەسەر فارسدا لە رۆژی رووداوی حودەیبییەدا لە ساڵی شەشی کۆچیدا و، ئەبووبەکر ماڵی گرەوەکەی لە میراتبەرانی وەرگرت و هێنای بۆ لای حەزرەت ﷺ ئەویش فەرمووی: بیکە بە خێر بۆ موسوڵمانان.

﴿وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ۝٦ يَعۡلَمُونَ ظَٰهِرٗا مِّنَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَهُمۡ عَنِ ٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ غَٰفِلُونَ ۝٧﴾

خودای تەعالا بەڵێنی داوە بە سەرکەوتنی رۆم بەسەر فارسدا لەو ماوەدا و، بە شادمانی موسوڵمانان بە سەرکەوتنی خودا لەو رۆژەدا، وە خودای تەعالا لە بەڵێنی خۆی لانادا و، بەڵێنی خۆی بەجێدێنێ، بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەمە نازانن. بەس زانان بە پێویستی بازێ شتی دیاری بۆ ژیانی دنیا، ئیتر ئەوان لە فامی پێویستی پاشەڕۆژ کە ئیمان و کردەوەی باش و وازهێنان لە تاوانباری و کردنی کردەوەی باشە، بێئاگان.

﴿أَوَلَمۡ يَتَفَكَّرُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۗ مَّا خَلَقَ ٱللَّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَأَجَلٖ مُّسَمّٗىۗ وَإِنَّ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِ بِلِقَآيِٕ رَبِّهِمۡ لَكَٰفِرُونَ ۝٨﴾

ئەوە ئەو ئادەمیزادانە بیر ناکەنەوە لە نەفسی خۆیانا و، لەوەدا کە خودا ئەم ئاسمانانە و زەوی و ئەوەی لە نێوانی ئەواندایە دروستی نەکردووە بە حەق و راستی نەبێ و لەسەر یاسایەکی راست و ماوەیەکی دیاری نەبێ کە ئەوەنە چەرخ و ساڵ بمێنن؟

وە بێگومان گەلێ لە ئادەمیزاد باوەڕیان بە گەیشتنی خودای خۆیان نییە و باوەڕیان نییە بەوە کە لە پاش مردن زیندوو ئەکرێنەوە و قیامەت دێ و پێویستە کە هەموو هۆشیارێ بچنە لای خودا بۆ لێ پرسینەوە و، بێکەم و زۆر لای خودا حیسابیان لەگەڵا بکرێ.

﴿أَوَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَيَنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۚ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنۡهُمۡ قُوَّةٗ وَأَثَارُواْ ٱلۡأَرۡضَ وَعَمَرُوهَآ أَكۡثَرَ مِمَّا

عَمَرُوهَا وَجَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ ۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٩﴾ ثُمَّ كَانَ عَٰقِبَةَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔوا۟ ٱلسُّوٓأَىٰٓ أَن كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَكَانُوا۟ بِهَا يَسْتَهْزِءُونَ ﴿١٠﴾

ئایا ئەم ئادەمیزادانە نەگەڕاون بەسەر زەویدا تا تەماشا بکەن بزانن ئەنجامی کافرانی پێش ئەمان چۆن بووە؟ لە هێزی چەکی جەنگیدا لە تیر و شیر و رم و کەوان و قەڵغان و زرێ و تاس کڵاو و... شتی‌تردا لەمان زیاتر بوون و زۆرتریان هەبوو، زەوییان لەمان زیاتر هەڵگێڕایەوە بۆ دۆزینەوەی کان و دەرهێنانیان و، دەرکردنی ئاوی سەرچاوەکان بۆ کشتوکاڵی رەسا بۆ دانەوێڵەی خواردەمەنی و، زیاتر لەمان زەوییان ئاوەدان کردەوە و وڵاتیان قەرەباڵغ کرد و، کاتێ پێغەمبەرەکانیان بە موعجیزەگەلێکی دیاری و روونەوە هاتن بۆ لایان بە هەموو جۆرێ بەرهەڵستییان کردن، هەتا خودا هەمووی لە ناو بردن، وە خودا لەوانە نییە ستەم لەوانە بکا، بەڵام ئەو کافرانە هەر خۆیان ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد.

جا پاش باسی ئەحواڵی ئەوانە بزانن کە ئەنجامی ئەو کەسانە کە کار و کردەوەی ناشیرین ئەکەن ئەنجامێکی زۆر خراپە لەبەر ئەوە کە ئایەتەکانی خودایان بەدرۆ ئەخستەوە و گاڵتەیان پێ ئەکردن.

﴿ٱللَّهُ يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿١١﴾﴾

بزانن! لە سەرەتاوە خودای تەعالا دەست ئەکا بە دروستکردنی ئەم مەخلووقاتە و، پاش ماوەیێ ئەیانمرێنێ و، لە پاش تەواو بوونی عالەمی بەرزەخ زیندوویان ئەکاتەوە و گیان ئەکاتەوە بە بەریانا، پاش ئەمانە ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودا بۆ حسێب و کتێب.

﴿ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُبْلِسُ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿١٢﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُم مِّن شُرَكَآئِهِمْ شُفَعَـٰٓؤُاْ وَكَانُواْ بِشُرَكَآئِهِمْ كَـٰفِرِينَ ﴿١٣﴾ ﴾

وە لەو رۆژەدا کە قیامەت دێتە پێشەوە تاوانبارەکان سەرگەردان ئەبن لە ناو ئەوانەدا کە لە دنیادا بە هاوبەشی خودایان دانا بوون و، لە ناو ئەو خودا درۆینانەدا کە کردبوونیان بە هاوبەشی خودا تکا کاریان دەس ناکەوێ و، لەو کاتەدا کە دەستیان لە هەموو لایەك بەر ئەبێ، لە خوداکانیان [یەخە] هەڵئەتەکێنن و بێباوەڕییان لە عاستدا دەرئەبڕن!

﴿ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَتَفَرَّقُونَ ﴿١٤﴾ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ فَهُمْ فِى رَوْضَةٍ يُحْبَرُونَ ﴿١٥﴾ وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا وَلِقَآئِ ٱلْـَٔاخِرَةِ فَأُوْلَـٰٓئِكَ فِى ٱلْعَذَابِ مُحْضَرُونَ ﴿١٦﴾ ﴾

وە لەو رۆژەدا کە قیامەت دایێ و پەری و ئادمیزاد بەش بەش ئەبن، جا ئەوانە کە باوەڕیان بە خودا بووە و کردەوەی باشیان کردووە وان لە ناو باخچەی بەهەشتا و شادمانن بە تەواوی. ئەوانەیشیان باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەر نەبووە و ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ خستووەتەوە و، زیندوو بوونەوە و پاشەڕۆژیان بە درۆ زانیوە ئەوانە وان لە سزادا و بە زۆر هێنراون بۆ سزادان.

﴿ فَسُبْحَـٰنَ ٱللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ ﴿١٧﴾ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ ﴿١٨﴾ يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَيُحْىِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ وَكَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ ﴿١٩﴾ ﴾

مادام ئاگات لە گەورەیی و توانایی ئەو خودا هەیە کە بناغەی دروستکردن و بەدیهێنان لەوەوەیە و، لە پاش مردن خەڵك زیندوو ئەکاتەوە، دەی بۆ یادی ئەو خودایە و، بۆ دەوامی حوزووری ئەو خاوەن هێز و دەستەڵاتە تەسبیحی بکە و بە دووری بگرە لە هەموو کەمییەك و بەیانی و ئێوارە تەسبیحی بکە و، بزانە سوپاس و ستایش هەر بۆ ئەو خودایە لە ئاسمانەکانا و لە زەویدا و، هەر وەها تەسبیحی بکە لە داهاتنی شەواو، لە کاتێکدا ئەکەونە نیوەڕۆ.

ریوایەت کراوە: لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ کە ئەم ئایەتە داگری پێنج فەرزەی نوێژە؛ بە ﴿تمسون﴾ە نوێژی شێوان و خەوتنان و، بە ﴿تصبحون﴾ە نوێژی سبەینێ و، بە ﴿عشیا﴾ نوێژی عەسر و بە ﴿تظهرون﴾ە نوێژی نیوەڕۆ ئەگەیەنێ.

وە بازێ فەرموویانە، هەڵئەگرێ بە ﴿تمسون﴾ە نوێژی عەسر و مەغریب و، بە ﴿عشیا﴾ نوێژی خەوتنان و، بە ﴿تظهرون﴾ە نوێژی نیوەڕۆ ئیعتیبار بکرێ.

وە هۆی تایبەتیدانی ئەم کاتانە بە تەسبیحاتەوە ئەوەیە کاتی سبەینێ وەك سەرەتای کاتی دروستکردنی ئینسان وایە و، ئێوارە وەکوو کاتی پیری وایە و، کاتی عیشایش لە کاتی مردن و بە جێهێشتنی دنیا و، کاتی نیوەڕۆیش لە کاتی گەنجی و بڵێسەی جوانی و ئارەزووی ئینسانی ئەچێ. جا مادام ئینسان لەم کاتانەدا خودای لە بیر نەچێتەوە ئیتر خودای لە بیر ناچێتەوە.

وە خودا خودایەکە لە مردوو زیندوو دروست ئەکا و لە زیندوو مردوو دەرئەکا، لە مادەی خاك و خۆڵی بێگیان گیانلەبەران و ئینسان و گیا و گوڵ و داری بەر و زیندەوەرانیتر دروست ئەکات. وە لەم مادە زیندووە شتێ دروست ئەکا بێگیانە، وە هەم ئیشارەتە بە دروستکردنی ئینسانی خاوەن زانیاری و خاوەن تەوانا و شارەزا بە حەقیقەت لە ئینسانی گێل و بێنرخ، وە بە دروستکردنی ئینسانی عادی و مادی و بێفام لە باوکی بەرز و بە نرخ، خودا دەستی ئەڕوا بە هەموو بارێکا.

وە ئەو خودا خودایەکە زەوی وشکی بەدتەشکی پڕ لە تۆز و غوبار زیندوو ئەکاتەوە بە رواندنی گوڵ و داری خاوەن بەر و کشتوکاڵی بە سوود بۆ گیانلەبەران، بە تایبەتی بۆ ئادەمیزاد، وە ئێوەیش پاش مردن وەها لە گۆڕەکانتان دەرئەکرێن.

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾

لە نیشانەکانی تەوانایی خودای تەعالایە کە ئەی ئادەمیزاد ئێوەی دروست کردووە لە گڵێکی بێ گیانی داکەوتوو، وە پاش ئەو دروستکردنی یەکەمجارە پەرەتان سەند و، بۆ ژیواری ماوەی ژیانتان لە جیهانا دنیاتان گرتەبەر و، بڵاوەتان کرد لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرنشین و لە باکوورەوە بۆ باشوور.

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾

وە لە نیشانەکانی شانی خودایە کە لەبەر ئەوە کە ویستی ئادەم و ئادەمیزاد جێگر بن لە زەویدا ئارەزووی نەفسی لە وجوودتانا دروست کرد و، هەر لە نەوعی خۆتانا مێینەی دڵخوازی بۆ دروست کردن، تا هەردوولاتان مەیلی ئەولا بکا و بە یەکەوە ئاسایش بکەن و، دڵتان دامەزرێ لە ویستنی دیمەن و هەستان و دانیشتنیانا و، دروستیشی کردووە لە ناوتانا ئارەزوو و خۆشەویستییەکی نەفسی و میهرەبانی و دڵسۆزی بۆ سەرپەرشتی سوودی شەخسیتان، تا بە یەکەمبار ئارەزووی نەفسی کاری خۆی تەواو بکا و، بە دووەم کار دڵ ئەمین بێ لەسەر ماڵداری و دارایی و ژین و ژیواری نیشتمانی، بە راستی لەم جۆرە کارە نایابە خوداکردەدا گەلێ بەڵگە و نیشانەی ژیرانە هەیە بۆ گەلێ کە خاوەن بیر و تەگبیرن.

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَٰنِكُمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّلْعَٰلِمِينَ ﴿٢٢﴾﴾

وە لە نیشانەکانی گەورەیی خودایە: دروستکردنی ئاسمانەکان و رووناککردنی جیهان بە رۆژی هەلگیرساوی جیهان رۆشن‌کەر، هەتا بە پرتەوی تیشکی بازبردووی بۆ سەر زەوی دەوری خۆی تەواو بکا لە پەیدا بوونی شەو و رۆژا و، لە کەسابەت و ئاسایشی گیانلەبەرانا و، لە پێگەیاندنی کان و گیا و گوڵ و داری خاوەن بەر و بێشەی خاوەن نرخ و خزمەتکردنی تەندروستی ئینسان و باقی گیانلەبەراندا و، دروستکردنی زەوی و دەریای موحیتی کورەی زەوی و، دروستکردنی جۆرەها گیانلەبەران تیایا و، جۆرەها دوڕ و مادەی بە نرخ بۆ سوودی ئێوە.

وە جیاوازی زمان و ئاواز و بەرز و نزمی مۆسیقاری وتارتان و، جیاوازی شێوە و پەیکەر و رەنگ و رێکی و لەباری پارچەکانی لەشتان لەسەر موناسەبەی وڵات و ئاو و هەوای ناوچەکانتان، بە جۆرێ کە دوو برای دوانە ئەوەنە جیاوازی ناسکیان هەیە مەگەر ئینسانی ناسکبیر بتوانێ بیان ژمێرێ. بە راستی لەم وردەکارییەدا گەلێ بەلگەی بەهێز هەیە لەسەر پەروەردگاریی خودای زانای تەوانا بۆ ئەو کەسانە کە زانان بە نهێنی کار.

زانا وەرئەگرێ بە زانایی خۆی	هێزێک بۆ تاوی تەوانایی خۆی
بە تەواناى خۆی لە رووی جیهانا	دەست ئەدا بەسەر تاجی شاهانا

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ مَنَامُكُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱبْتِغَآؤُكُم مِّن فَضْلِهِۦٓ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ﴿٢٣﴾﴾

وە لە نیشانەکانی حیکمەتی خودایە: نوستنتان لە شەو و رۆژا و، کەسبکردنی هۆی ژیواری خۆتان لەوەی کە خودا بە میهرەبانی خۆی داویەتی بە ئادەمیزاد، خوا شەوتان بۆ خەو و، رۆژتان بۆ کەسب و کاری بێ، وەکوو یاسای زۆربەی ئینسانە، یا خود لە شەوا بازێکی بۆ نوستن و بازێکی بۆ ماڵ بە دەس‌هێنان بێ، هەروا لە رۆژیشدا بازێکی بۆ کەسب و کار بێ و بازێکی بۆ نوستن و ئاسایش بێ. بێ‌گومان لە دامەزراندنی یاسای خەو و بێداریدا گەلێ بەڵگە هەیە بۆ کۆمەڵێ گوێچکەی بیستنی ئامۆژگارییان ببێ.

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَيُحْىِۦ بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾

وە لە بەڵگە گەورەکانە لەسەر وجوود و ژیان و زانایی و تەوانایی و خواستی خودای تەعالا ئەمە: کاتێ بیەوێ فەرمان ئەدا بە با ئەجووڵێ و هەور راست ئەکاتەوە و بەرزی ئەکاتەوە و ئەیبا بۆ ئاسمانی وڵاتێ پێویستی بە باران بێ. جا فەرمان ئەدا بە فریشتەی مەئمووری ئاسمانی هەتا پارچە هەورەکان بازێکیان هێز و تەکان بخاتە سەر بازێکیان و بە هۆی هێزی ئاگرینی ئەو هەورە برووسکەتان نیشان ئەدا، بۆ ئەوە لە کارەساتی ئاسمانی بترسن و تەماتان بە فەڕ و پیتی باران پەیدا ببێ و، لەم کاتەدا دەست ئەکا بە کار و لە ئاسمانەوە ئاوتان، لەسەر ئەندازە، بەسەردا ئەبارێنێ، جا زەوی ئەو وڵاتەی پێ زیندوو ئە کاتەوە بە بارەی بە سوود، پاش ئەوە کە مردوو و بێ‌خێر بوو، بێ‌گومان لەمانەیشدا گەلێ بەڵگەی گەورەیی بۆ خودا هەیە، بۆ گەلێ کە عەقڵی بیر کردنەوەیان ببێ.

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَن تَقُومَ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ بِأَمْرِهِۦ ۚ ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ إِذَآ أَنتُمْ تَخْرُجُونَ ﴿٢٥﴾﴾

وە لە بەڵگە گەورەکانە لەسەر گەورەیی خودا ئەمە کە ئاسمان و زەوی هەرکام لە شوێنی خۆیانا لەسەر حاڵی خۆیان ماونەتەوە و ئەو کارە کە بۆیان بڕیار دراوە بە جێگەی دێنن، ڕۆژە پڕتەو دائەدا بە هەموو جیهانا و، ئەستێرەکانە وان لە هەڵسووڕانا و، زەوییە وا لە وەرگرتنی پڕتەو و باو بارانا... وە بەم شێوە لەسەر فەرمانی خودای تەوانا هەر شتێ کاری خۆی ئەکا و هەر بەشدارێ بە قەی حاڵی خۆی بە بەشی خۆی ئەگا. پاش ئەمەیش هەر کاتێ بانگتان بکا بۆ ئیستگای حیساب هەموو بە گورجی لە گۆڕ دەرئەچن بۆ مەیدانی حیساب.

﴿وَلَهُۥ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ﴿٢٦﴾﴾

هەر بۆ خودای تەعالایە بە ئیجادی وجوود و بوود و نابوود هەرکەسێ لە ئاسمانەکانایە لە فریشتە و، هەرکەس لە زەویدایە، هەریەکێ لەوانە تەماشا بکەی لە: پەری و، ئادەمی و، فریشتە ملکەچ و فەرمانبەرداری ئەون، واتە وان لە ژێر هێزی تەوانایی ئەودا.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ ۚ وَلَهُ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٧﴾﴾

خودا خودایەکی وایە کە لە نەبوونەوە مەبەستی خۆی لە کائینات و لە ئادەمیزاد و غەیری ئەمانە دروست ئەکا و، تا ماوەیەکی زۆر یا کەم ڕایان ئەگرێ، جا هەرکەس لە کاتی ئاکامی خۆیدا ئەمرێ و، لە پاش ماوەی بەرزەخ زیندوویان ئەکاتەوە، وە لەبەر چاوی یاسا تەماشا کردوودا ئەم زیندوو کردنەوە بۆ خودا ئاسانترە؛

چونکە کەم یا زۆر مادە و پەیکەری مردووەکە هەیە لەبەر دەستا، بەڵام لە کاتی دروستکردنی یەکەم جارا هیچ دیار نەبووە و، لەبەر چاوی تەماشای تەوانایی خودا کردوودا هیچ جیاوازی لە نێوان یەکەم و دووهەما نییە.

فاعیل سانیعی تەوانا ماوە — مومکین وەکوو خۆی وا راوەستاوە
شیرەکەی تیژە و دارەکەیش تەڕە — بڵێی نایبڕێ، ئاخرت شەڕە

وە بۆ خودایە سیفەت و شانی باڵاتر لە هەموو باڵایێ لە تەئسیرات لە ئاسمانەکانا و لە زەویدا، وە یاخود ئیقرار ئەکا بەو سیفەت و شانە هەرکەس وا لە ئاسمان و زەویدا مادام هۆشیار و بێدار بێ، وە خودا خاوەن عیزەتە و بەرزێکە نزم نابێتەوە و، خاوەن حیکمەتێکە لە کارەکانیا بە زمانی راستگۆ رەخنە ناگیرێ.

﴿ضَرَبَ لَكُم مَّثَلًا مِّنْ أَنفُسِكُمْ ۖ هَل لَّكُم مِّن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن شُرَكَاءَ فِي مَا رَزَقْنَاكُمْ فَأَنتُمْ فِيهِ سَوَاءٌ تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أَنفُسَكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٢٨﴾﴾

خودای تەعالا تەشبیهێکی جوانی نایابی بۆ بەیان کردوون کە لە سیفات و ئەحواڵی خۆتان و عائیلەتانا وەرئەگیرێ بۆ ئەوە کە حەق لە پووچ جیا بکەنەوە و پووچەکە پووچ بکەنەوە و، راستەکە راست بکەنەوە و لەسەری دامەزرێن. وە ئەڵێ: ئایا ئێوە لەو بەندانەدا کڕیوتانن چەن شەریکێکتان هەیە لەو دارایی وماڵەدا کە ئێمە کردوومانە بە رۆزی ئێوە، بە جۆرێ کە ئێوە هاوشان و هاومیزان بن لە گەڵیانا، وەکوو دوو برا لە میراتی باوکیانا و، لێیان بترسن لە تەسەڕوفاتا، وەکوو چۆن ئەترسن لە شەریکی شەرعی لە نەفسی مالیکەکانا؟ دیارە ئەڵێن: نەخەیر.

مەملووک مەملووکە عەبدە و خزمەتکار — چون دێتە مەیدان بە وێنەی سەرکار
ئەگەر بە خەتا دەم بکاتەوە — چەبووک جوابی جوان ئەداتەوە

واتە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە ئەگەیەنێ بزانن خودای تەعالا زاتێکی زانای تەوانای خاوەن کائیناتە و هەموو بەشەکانی عالەم لە نەبوونەوە لەسەر خواستی ئەو هاتووەتە بوون، جا ئیعتیباری یەکێ لەوانە کە خودا دروستی کردوون بە شەریك بۆ زاتی خودا لە خودایەتیدا، لەوە ئەچێ کە پیاوێکی خاوەن دەستەڵاتی دارا چەن بەندەیێ بە پارە بکڕێ بۆ خزمەتکاری و لە ناو ئەوانا یەکێ یا دوو بەندە راست ببنەوە و بڵێن: ئەی گەورەی ئێمە ئەم دارایی تۆیە شەریکیمانە و لە بەینی تۆ و ئێمەدایە و، نابێ بێ خواستی ئێمە تەسەڕوفی تێدا بکەی.

جا ئەی ئادەمیزادە کافرەکان ئەگەر کاری وا بۆ خۆتان رەوا ئەبینن بۆ خودایشی رەوا ببینن، بەڵام دیارە هەرگیز ئەوە بۆ خۆتان رەوا نابینن دەی چۆن بۆ خودای رەوا ئەبینن؟ [ئا بەو شێوە نیشانەکان روون دەکەینەوە بۆ کەسانێ کە لە بیریان کەڵك وەردەگرن].

﴿بَلِ اتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَهْوَاءَهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ ۖ فَمَن يَهْدِي مَنْ أَضَلَّ اللَّهُ ۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ ﴿٢٩﴾﴾

واتە واز لە هێنانەوەی نموونەی جوان بێنە بۆ ئەو ستەمکارانە، ئەوان گومڕان، واتە: ئەو ستەمکارانە بە بێ زانست شوێن هەوای ئارەزووی خۆیان کەوتوون و، ئەوەندە سەرپێچییان لە راستی کردووە هەتا خودا گومڕای کردوون. جا ئیتر کێ هیدایەتی ئەو کەسانە ئەدا کە خودا گومڕای کردوون؟ کەس نییە هیدایەتیان بدا و کەس نییە رزگاریان بکا لە گومڕایی لە دنیادا و لە سزا لە پاشەڕۆژا.

﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾﴾

ئەی رەهبەری خۆشەویست هەموو رەهبەرێ لە جیهانا دۆست و دوژمنی بە قەی خۆی هەیە و، بە هۆی چەن دوژمنێکی سەرسەختەوە نابێ تەرکی یاسای تەبلیغاتی خۆیان بکەن. کە وایە تۆ زاتی خۆت راست بکەرەوە بۆ خزمەتی دین و، لابدە لە هەموو شتێکی نارەوا و ناحەق، وە لەسەر ئەو سیفەت و فیترەتە دامەزراو بە کە خودا دروستی کردووی لەسەری و، بریتییە لە ئامادەیی و وەرگرتنی حەق و، گۆڕان بۆ ئەو فیترەتە نییە، بەڵام ئەوانە نامەرد و سەرسەختن حەساری ئاگری شەڕ ئەکەن بە دەوریا و نایەڵن حەقی تێ بچێ. وە ئەوانە کە بەختیارن دەور و پشتەکەی پاك ئەکەنەوە لە خەیاڵاتی پووچ و بێسوود و، جوانی ئەکەن بە یادی خودا و هاوڕێتی چاکان و هاوڕازی پاکان بە جۆرێ کە ئەو غەریزەو فیترە ئەبێ بە سەرچاوەی نەش و نمای کردەوەی باش. جا ئەم دینە کە موافیقی فیترەت و غەریزەیە ئەمەیە دینی راستی دامەزراو، بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەم نوکتە نازانن.

وە بازێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە: مەبەست ئەمە نییە کە گۆڕان نییە بۆ ئەو غەریزە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە ئەو دینە کە خودای تەعالا بڕیاری داوە وەکوو تەوحید بێ بە هیچ جۆری گۆڕان رووی تێ ناکا و، دنیا هەڵسێ دین هەر دینە، هەرکەس وەری ئەگرێ قازانجی بۆ خۆیەتی و، هەرکەس پێی رازی نابێ خۆی زیانمەند ئەبێ.

بە هەر حاڵ هەردوو ماناکە راستن. ئەتوانین بڵێین غەریزە و سیفەتی نەفسی بە کەس ناگۆڕێ، ئەگەر مانیعی بۆ پەیدا بوو ئیش ناکا و، ئەگەر مانیع نەبوو ئیش ئەکا. وە ئەیشتوانین بڵێین: دینی خودا کە خودا بە یەکزانینە ناگۆڕێ و دامەزراوە هەتا هەتایە. «لا إله إلا اللّٰه، و الرسل رسل اللّٰه، و خاتمهم محمد حبيب اللّٰه و رسول اللّٰه. آمنا به، و صدقنا برسالته، و نسأل اللّٰه أن يتوفانا على هذا الإيمان بالأمان».

وە بازێ فەرموویانە: مانای ﴿لا تبديل لخلق الله﴾ نەفی تەبدیل نییە، کە بڵێت: هەرگیز گۆڕان بۆ مەخلووقی خودا نییە؛ چونکی تەماشا ئەکەی ئاو ئەکوڵێ ئەبێ بە هەوا و، هەوا ئەبێ بە ئاوی باران و، دار ئەسووتێ و ئەبێ بە خۆڵ... بەڵکوو مەبەست ئینکاری گۆڕانی مەخلووقی خودایە. واتە کە مادام خودا ئەم فیترەتە جوانە و ئەم ئامادەییە باشەی بۆ دروست کردوون مەیگۆڕن و مەیکەن بە توانای کاری نابار و ناهەموار و لە کردەوەی ناشیرینا سەرفی مەکەن.

﴿مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾﴾

واتە ڕووی خۆتان ڕاست بکەنەوە بۆ ئایینی ئیسلام، لە حاڵێکدا و بە شێوەیەك کە گەڕابنەوە بۆ لای خاوەن دینەکە کە خودابێ و، لە خودا بترسن و فەرمانەکانی بەجێ بێنن و، حەرامکراوەکانی تەرك بکەن و، بە تایبەتی لە ناو واجباتەکانیا نوێژەکان باش تەماشا بکەن و بەجێیان بێنن لەگەڵ ئاداب و مەرجەکانیانا و بە هیچ جۆرێ لە کافرەکان مەبن.

﴿مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾

واتە لە کافرەکان و موشریکە بێهۆشەکان مەبن کە دینە بتپەرستییەکەی خۆیشیان پرژ و بڵاو کردەوە لەبەر هەوای نەفس و، بازێکیان «لات» ئەپەرستن و، بازێکیان «عزی» و، بازێ «هبل» و غەیری ئەوانە و، بوون بە چەن کۆمەڵێکی ناهەموار و، هەموو کۆمەڵێکیشیان شادمانن بەوەی وان لەسەری لە بیر و باوەڕ و، ئەوەندە عەقڵیان نییە کە لە ئوسوولی دین و بناغەی ئیعتیقادا لەوانە نییە بیرگەلی جیا جیا هەموویان ڕاست بن.

﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلنَّاسَ ضُرٌّ دَعَوْاْ رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَآ أَذَاقَهُم مِّنْهُ رَحْمَةً إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ ﴿٣٣﴾ لِيَكْفُرُواْ بِمَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ فَتَمَتَّعُواْ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿٣٤﴾ أَمْ أَنزَلْنَا عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنًا فَهُوَ يَتَكَلَّمُ بِمَا كَانُواْ بِهِۦ يُشْرِكُونَ ﴿٣٥﴾﴾

واتە کاتێ بارێکی نابار، وەکوو: ناساغی، یا نەبوونی، یا داماوی بێت بەسەر ئادەمیزادا لەو کاتەدا لە خودای خۆیان ئەپاڕێنەوە بە حاڵی گەڕانەوە بۆ لای ئەو. پاش ئەوە کاتێ بە هۆی چاکی خۆیەوە لە میهرەبانی خۆی شتێکیان بداتێ و کامەرانی و شادییەك بچەژن کوتوپڕ ئەوانە لە وەزعە پێشووەکەی خۆیان وەرئەگەڕێنەوە و تاقمێ لەوانە هاوبەش و هاوڕێ بۆ خودا دائەنێن و، نیسبەتی ئەو نیعمەتە لە بتێ لە بتەکانیان ئەدەن و، ئەنجامی ئەم حاڵە ئەوەیە کە کوفر بکەن بەو نیعمەتە کە پێمان داون، جا رابوێرن، لەمەولا ئەزانن وەزع چۆنە و، لە دنیادا یا لە قیامەتا دەبینن کار چۆن ئەبێ! یا خەیر بۆیە وا ئەکەن چونکی فریشتەیەکی خاوەن هێزم ناردووەتە سەریان و ئەو قسەیان لەگەڵا ئەکا بە قەبووڵ کردنی ئەو بتانە کە ئەوان کردوویانن بە هاوڕێ بۆ ئێمە.

﴿وَإِذَآ أَذَقْنَا ٱلنَّاسَ رَحْمَةً فَرِحُواْ بِهَا ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ إِذَا هُمْ يَقْنَطُونَ ﴿٣٦﴾﴾

وە هەر کاتێ خۆشی و رەحمەتێك بە ئادەمیزاد بچەژین پێی شادمان ئەبن، بەڵام ئەگەر خراپەیەکیان تووش ببێ بە هۆی ئەو کارە نابارانەوە کە دەستی خۆیان پێشی خستوون تەماشا ئەکەی کوتوپڕ لە رەحمەتی خودا نائومێد ئەبن.

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٣٧﴾ فَآتِ ذَا الْقُرْبَىٰ حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٣٨﴾﴾

ئایا ئەو خەڵکە نابینن و نازانن کە بە راستی خودای تەعالا رۆزی بڵاو ئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لێ بێ و، کەمیشی ئەکاتەوە لە هەرکەسێ بیەوێ؟ بە راستی لەم بەشکردنەدا گەلێ بەڵگە هەیە لەسەر هێز و حیکمەتی خودا بۆ گەلێ باوەڕیان ببێ.

دەی جا مادام رۆزی هەموو لە لایەنی خوداوە ئەگات و لە ئێوەوە نییە دەی حەقی خزمەکانتان بدەن و، سیلەی رەحم بەجێ بێنن لەگەڵیانا و، بەشی هەژار و داماو و رێبواران بدەن لە واجباتی زەکات و نەزر و باقی حەقەکان. ئەم بەشدانە باشە بۆ ئەو کەسانە رەزای خودایان مەبەستە، وە ئەوانە لە سزا رزگار ئەبن.

﴿وَمَا آتَيْتُم مِّن رِّبًا لِّيَرْبُوَ فِي أَمْوَالِ النَّاسِ فَلَا يَرْبُو عِندَ اللَّهِ ۖ وَمَا آتَيْتُم مِّن زَكَاةٍ تُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُضْعِفُونَ ﴿٣٩﴾﴾

واتە ئەوەی ئێوە بیدەن بە هاومامەڵەتان لە سوود و قازانج بۆ ئەوە کە ماڵی خەڵکی زۆر ببێ ئەوە ئەو زیادەیە لای خودا نابوودە و زیاد ناکا، وە ئەوەی پێیان بدەن لە زەکات ئەوە ئەو کەسانە ماڵی خۆیان دوو قات زیاد ئەکەنەوە، یا زیاتر لە دوو قات تا هەر پایەیێ خودا خواستی لێی ببێ.

بازێ فەرموویانە: مانای ﴿و ما آتیتم من ربا﴾ ئەوەیە: ئەو ماڵی خۆتانە کە زیاد لە ئەندازەی عادەتی ئەیبەخشن بە خەڵك بۆ ئەوە کە لە ناو ئەوانا وێنەی ئەوەتان بە زیادە بۆ بنێرنەوە، وەکوو ئێستە عادەتە کابرا بایی دوو دینار شتێ ئەدا بە کەسێ

بۆ ئەوە کە ئەویش بایی پێنج شەش دینار ماڵی خۆی بداتەوە بە کابرا، ئەوە سوودی نابێ و زیادەی لێ پەیدا نابێ، نە لە ماڵی کابرای ماڵ دەرا و، نە لە ماڵی کابرای ماڵی پێدراوا.

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ ثُمَّ رَزَقَكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ۖ هَلْ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَفْعَلُ مِن ذَٰلِكُم مِّن شَىْءٍ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٤٠﴾﴾

خودای عالەم خودایەکە ئێوەی لە نەبوون دروست کردووە، پاش ئەوە رۆزی پێداون، پاش ئەوە ئەتانمرێنێ، پاش ئەوەیش زیندووتان ئەکاتەوە، جا ئایا لە ناو ئەوانەدا کە ئێوە بە هاوبەشی خوداتان داناون کەسێ هەیە کارێکی وەها بکا؟ حاشا! جا خودا پاکە و دوورە لەوانە کە ئەو کافرانە کردوونیان بە هاوڕێ بۆ خودا!

﴿ظَهَرَ ٱلْفَسَادُ فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِى ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ ٱلَّذِى عَمِلُوا۟ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٤١﴾﴾

واتە دەرکەوتووە، یاخود زۆر بووە بەدکاری لە وشکانی و دەریادا بە هۆی ئەو بیر و باوەڕ و کردەوە خراپانەوە کە ئادەمیزادان ئەیانکەن. فەساد و بەدی وشکان وەکوو تاعوون و، قاتە ساڵی و، سووتانی زۆر نابار و، بێ پیتی رۆزی و، دڵ پەرێشانی...
وە فەسادی دەریایش وەکوو: ناساغی و، خنکان و، ماتڵ بوون لە نەفسی دەریاکەدا...
وە ئەنجامی ئەم فەسادە ئەمەیە کە خودا هەندێ تۆڵەی ئەو کردەوە خراپانە بەو خەڵکە بچێژێ، بەڵکوو بە هۆی ئەم دەرد و مەینەتەوە بیر بکەنەوە و بگەڕێنەوە لەو کردەوە نابارانە کە کردوویانن.

﴿قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلُ ۚ كَانَ أَكْثَرُهُم مُّشْرِكِينَ ﴿٤٢﴾﴾

تۆ پێیان بفەرموو: بڕۆن گەشت بکەن بە خاکی ولاّتی «جزیرة العرب»دا و بە چاوی ورد بڕوانن بۆ نیشانەی وێرانیی ولاّتی ئەو گەلە نافەرمانانە، هەتا حاڵی ببن چۆن بووە ئەنجامی ئەو گەلە ستەمکارە کە لە پێش ئەوانەوە بووە. وە زۆربەی ئەوان بتپەرست بوون.

﴿فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ الْقَيِّمِ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ ۖ يَوْمَئِذٍ يَصَّدَّعُونَ ﴿٤٣﴾﴾

ئەی ڕەهبەری خۆشەویست مادام ئەنجامی لادان لە ڕاستی خراپە، دەی تۆ ڕووی خۆت بکە ئەم دینە ڕاستە دامەزراوە کە دینی ئیسلامە، لە پێش ئەوەدا کە ڕۆژێ بێ گەڕانەوەی تێدا نییە کەس لە دەستی خودا ڕزگار نابێ و، ماوەی بەر و دوا نییە، ـ واتە ڕۆژی قیامەت ـ . لەم ڕۆژەدا ئەم ئادەمیزادانە، بە تایبەتی نافەرمانەکانیان لە دۆزەخا بلاّوە ئەکەن بە گوێرەی پایەی تاوانیان. یاخود هەموو ئادەمیزاد بەش بەش ئەبن، ئەوانە کە فەرمانبەر بوون بۆ بەهەشت و ئەوانە کە نافەرمان بوون بۆ دۆزەخ.

﴿مَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِأَنفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ ﴿٤٤﴾﴾

تۆ لەمە زیاتر خۆت ماندوو مەکە و دڵگران مەبە، ئەو کەسە کافرە و نافەرمانە کوفرەکەی لەسەر زیانی خۆیەتی و، ئەو کەسەیش کە کردەوەی باش ئەکا ئەوانەیش بۆ نەفسی خۆیان لە بەهەشتا جێگە خۆش ئەکەن.

﴿لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِن فَضْلِهِ ۚ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ ﴿٤٥﴾﴾

ئەو کردەوە باشانە کە موسوڵمانەکان ئەیانکەن ئەنجامەکەی ئەوەیە، تا خودا پاداشی ئەو کەسانە بداتەوە کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی باشیان کردووە بە میهرەبانی خۆی لە ئەندازەی کردەوەکەی خۆیان زیاتر پاداشیان بداتەوە، بە راستی خودای میهرەبان ئەهلی ئیمانی خۆش ئەوێ و کافرانی خۆش ناوێ.

﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَن يُرْسِلَ ٱلرِّيَاحَ مُبَشِّرَٰتٍ وَلِيُذِيقَكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ وَلِتَجْرِىَ ٱلْفُلْكُ بِأَمْرِهِۦ وَلِتَبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِهِۦ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٤٦﴾ ﴾

خودای تەعالا چوار جۆر بای خەلق کردووە، لە هەواوە هێرش دێنێ و ئەڕوا بە دنیادا:

یەکەم: «شەماڵ» ئەمە لە شوێنی دەرهاتنی رۆژەوە هەتا بەرانبەری حەوتەوانان لە نزیکی شیمالەوە دەرئەچێ، بە زۆری بەسوودە.

دووەم: «جەنووب»ە ئەم بایشە لە لای جەنووبەوە دەرئەچێ، لە بەینی جێگەی دەرچوونی سوهەیلەوە هەتا جێگەی دەرچوونی کۆ.

سێهەم: «سەبا»یە، ئەمەیش لە خۆرهەڵاتەوە دەرئەچێ، ئەم [بایەش] سوودی زۆرە.

چوارەم: «دەبوور» = رەشەبا، ئەمە لە خۆرنشینەوە دێ و، ئازاری زۆری بۆ تەندروستی هەیە و، لە زستانا ساردە و لە هاوینا زۆر گەرمە.

ئەمە لە فەرموودەی حەزرەتا ﷺ بە «ریح» ناوبراوە و، ئەو سێ جۆرەکەیان بە «ریاح» لەسەر موافیقی ئایەتەکە، وەکوو حەزرەت ﷺ لە کاتێکا با ئەهات ئەپاڕایەوە و ئەیفەرموو: خودایە ئەم بایە بکە بە یەکێ لە با موژدەدەرەکان و مەیکە بە باو گێژەڵووکەی ئازار گەیێن بە ئادەمیزاد و گیانلەبەرانی‌تر.

جا خودای تەعالا فەرموویەتی: وە لە نیشانەکانی هێز و تەوانای خودایە کە ئەو «با» باشانە ئەنێرێ بە موژدەدەر بە: باران، بە نەسیمی سازگاری کۆساران، بە نەش و نمای گوڵ و گوڵزاران، وە بۆ ئەوەیش کە پێتان بچەژێ لەو شتە بە سوودانە کە لەو باو بارانە پەیدا ئەبن، وە بۆ ئەوە کە کەشتییەکان لە دەریادا برۆن و رێگەی خۆیان بگرن، وە بۆ ئەوە ئێوەیش کەسبی رۆزی و فەڕ و پیتی خودایی بکەن بە بازرگانی و ئاڵو وێر و، بە کشتوکاڵ و، بە باخ دانان و، باخەوانی و، بە حەیوان لەوەڕاندن و چێوداری... هەتا ژیوارێکی رەسا پەیدا بکەن بۆ خۆتان و بۆ ماڵ و میوانتان بە هیوای ئەوە سوپاس گوزاریتان بەجێ بێت و، سوپاسی خودا بکەن لەسەر ئەو نیعمەتانە.

﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوْمِهِمْ فَجَآءُوهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَٱنتَقَمْنَا مِنَ ٱلَّذِينَ أَجْرَمُوا۟ ۖ وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾

وە بە تاقیق لە پێش تۆدا چەن پێغەمبەرمان ناردووە بۆ لای گەلەکانیان و ئەو رەهبەرانە ئایەت و بەڵگەی خودایان نیشانی ئەو گەلانە دا و، گەلەکان لە فەرمانی پێغەمبەرەکان دەرچوون و سەرکێشییان کرد. جا تۆڵەی ئەو سەرکێشییەمان لەو کەسانە سەند کە تاوانبارییان کرد. وە ئەمە یاسای دامەزراوی ئێمەیە و حەقێکی دامەزراوە لەسەر یاسای داد و فەرمانی خودایی و یارمەتیدانی موسوڵمانان.

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَيَبْسُطُهُۥ فِى ٱلسَّمَآءِ كَيْفَ يَشَآءُ وَيَجْعَلُهُۥ كِسَفًا فَتَرَى ٱلْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَٰلِهِۦ ۖ فَإِذَآ أَصَابَ بِهِۦ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦٓ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ ﴿٤٨﴾ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلِ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْهِم مِّن قَبْلِهِۦ لَمُبْلِسِينَ ﴿٤٩﴾ ﴾

خودا خودایەکی وەهایە با خاوەن سوودەکان ئەنێرێ و، هەور بەرز ئەکەنەوە و، خودای تەعالا جارجار ئەو هەورە بە ئاسمانا بڵاو ئەکاتەوە چۆن خواستی لێی بێ و، جار جاریش ئەیکا بە پارچە پارچە؛ جا ئەبینی باران لە ناو بەشەکانی هەورەکەوە ئەبارێ، چ یەك پارچە بێ، چ پارچە پارچە بێ. جا کاتێ ئەو بارانە بگەیەنێ بە هەرکەسێ خواستی لێ هەبێ لە بەندەکانی خۆی ـ واتە باران ببارێ بەسەر کشتوکاڵیانا ـ کوتوپڕ ئەوانە شادمان ئەبن، هەرچەن لە پێش ئەوەدا کە ئەو بارانە ببارێ بەسەریانا بێهیوا و نائومێد بوون.

﴿فَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحۡمَتِ ٱللَّهِ كَيۡفَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٥٠﴾﴾

جا تەماشای ئاساری رەحمەتی خودا بکە کە چلۆن ئەم زەوییە زیندوو ئەکاتەوە لە پاش مردن و بێسوودی و تەپ و تۆزی بەرزەوە بووی، جا بە راستی ئەو خودایە کە ئەو کارە لە جیهانا ئەکا ئەوە مردووەکانیش زیندوو ئەکاتەوە و خودا تەوانا و خاوەن هێزە بەسەر هەموو مومکینێ لە مومکیناتا.

﴿وَلَئِنۡ أَرۡسَلۡنَا رِيحٗا فَرَأَوۡهُ مُصۡفَرّٗا لَّظَلُّواْ مِنۢ بَعۡدِهِۦ يَكۡفُرُونَ ﴿٥١﴾﴾

وە ئەگەر بایێ بنێرین و سوودێکی لێ وەرنەگرن بە هەستاندنی هەور و رژاندنی باران و، ئەو بایە لەبەرزەوە هاتە بەرچاویان بە چینێ لە تۆزی زەرد. وە یاخود ئەسەری ئەو بایەیان لە زەویدا بە زەرد هاتە پێش چاو. واتە لە باتی باران خۆڵێکی وردی زەردی رژاندن بەسەر زەویدا. یاخود لەبەر بێئاوی کشتوکاڵەکەیان بە زەرد بینی. پاش ئەوە دەست ئەکەن بە کوفر کردن و بێشەرمی نیشاندان.

﴿ فَإِنَّكَ لَا تُسْمِعُ ٱلْمَوْتَىٰ وَلَا تُسْمِعُ ٱلصُّمَّ ٱلدُّعَآءَ إِذَا وَلَّوْاْ مُدْبِرِينَ ﴿٥٢﴾ وَمَآ أَنتَ بِهَٰدِ ٱلْعُمْىِ عَن ضَلَٰلَتِهِمْ إِن تُسْمِعُ إِلَّا مَن يُؤْمِنُ بِـَٔايَٰتِنَا فَهُم مُّسْلِمُونَ ﴿٥٣﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست حاڵی ئوممەتی پێش زەمانی تۆ ئەوە بوو بۆمان باس کردیت و، ئادەمیزاد هەروا لەسەر ئەو حاڵە ئەڕۆن و، کەمیان روو ئەکەنە خودا و قسەی رەهبەر ئەبیسن. وە غەیری ئەوان وەکوو مردووی بێ‌گیان و، کەڕی بێ‌گوێ و، کویری بێ‌چاو وەهانە و تۆ خۆت لە گیانی خۆتا بە بێ هێزی تەواناى خودا ناتوانی وتار بگەیەنی بە گوێچکەی مردووەکانا و، ناتوانی دەنگی کەلامی خۆت بگەیەنی بە گوێی کەڕەکان، بە تایبەتی کاتێ پشت لە تۆ هەڵبکەن و لێت دوور بکەونەوە. هەروەها تۆ ناتوانی رێگە نیشانی کوێرەکان بدەی هەتا لە گومڕایی دەریان بکەی. وە ناتوانی شت بە کەس ببیسی ئەوانە نەبێ کە ئیمان بە ئایەتەکانی ئێمە دێنن و، ئەوانە موسوڵمانن.

بە کورتی ئەوانە کە لار و بەدبەختن خودا لێیان تۆڕەیە و نایەوێ هێزی خۆی بخاتە پاڵ ئیرشادەکەی تۆ هەتا ئەوان سوود وەربگرن. وە تۆ خۆت ناتوانی هیدایەتیان بدەی مادام تەئسیری ئیرادە و تەوانایی خودات لەگەڵا نەبێ. کە وایە بە حاڵی ئەو کافرانە دڵتەنگ و زویر مەبە.

پوختەی ئەم باسە ئەمەیە قسە بردن بە گوێی مردوو و ئینسانی کەڕا و، شارەزا کردنی گومڕا. هەموو لەسەر پێچەوانەی یاسان، واتە «خرق العادە»ن و ئەمەیش پێویستی بە یارمەتی هێزی خالیقی تەواناى «واجب الوجود»ە. ئەگەر ئەو هێزە یار بێ هەموو ئاسانن، وە ئەگەر یار نەبێ هیچیان جێ‌بەجێ نابن.

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْقَدِيرُ ﴿٥٤﴾﴾

پاش ئەوە کە خودای تەعالا نیشانە گەورەکانی خۆی و، ئەوزاعی ئاسمانەکان و زەوی و، ئەحواڵی گەلە پێشووەکانی بۆ حەزرەت ﷺ گێڕایەوە، هات ئەحواڵی ئادەمیزاد خۆی هێنایە پێشەوە بۆ ئەوە بیکا بە بەڵگە لەسەر هێز و تەوانایی زاتی خودای تەعالا و فەرمووی: خودای تەعالا خودایەکی وایە کە ئێوەی دروست کردووە، ئەی ئادەمیزاد، لە ئەساسێکی لاوازی بێجم و جووڵەوە کە تۆزێك تۆوی باوك و دایکە، لە پاشان دروستی کردووە بۆ ئێوە دوای بێهێزی، هێز و توانای مێشك و رەگ و ئێسقان و گۆشت و خوێن و بەشەکانیتری لەشی داوە بە ئێوە و، چەن هێزی نەفسی پێدان کە بوون بە بناغە بۆ تەکان و هاتوچۆ و زانست و پیشە و داگرتنی دڵخوازی خۆتان بە قەی تەوانا. لە پاش ئەم هێزە دووبارە لاواز و پیر و بێهێز و سستی کردنەوە و بەشەکانی لەشتانی ناتەوان کردەوە و، خودا چی بوێ ئەیکا و زانایە بە هەموو شتێ و تەوانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

﴿وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يُقْسِمُ ٱلْمُجْرِمُونَ مَا لَبِثُوا۟ غَيْرَ سَاعَةٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَانُوا۟ يُؤْفَكُونَ ﴿٥٥﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ وَٱلْإِيمَٰنَ لَقَدْ لَبِثْتُمْ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْبَعْثِ ۖ فَهَٰذَا يَوْمُ ٱلْبَعْثِ وَلَٰكِنَّكُمْ كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٥٦﴾ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَا هُمْ يُسْتَعْتَبُونَ ﴿٥٧﴾﴾

ئەوە وەزعی ژیانی دنیاتان بوو لە سەرەتای لاوازییەوە بۆ هێز و لە هێزەوە جاریتر بۆ پیری و لاوازی و ناتەوانی، بەم خۆشی و ناخۆشییانە ئینسان ماوەی ژیانی خۆی تەواو ئەکات. وە لە رۆژێکیشدا کە قیامەت دێت ئەم جیهانە دوایی دێ ئەوەندە

شتی نائاسایی و سەرسوڕهێنەر هەیە تاوانبارەکان سوێند ئەخۆن و ئەڵێن: لە دنیادا سەعاتێ زیاتر نەماوینەتەوە! دیارە ئەم سوێندە درۆیە و لە دنیایشدا هەروا راستیان نەبوو بە درۆ رایان ئەبوارد و شوێن درۆ ئەکەوتن.

جا لەو کاتەدا خاوەن باوەڕ و زانستەکان پێیان ئەڵێن: ئێوە بۆچی وا سوێندی درۆ ئەخۆن؟ ئێوە لە دنیادا ماوەیەکی باش و دوایی عالەمی بەرزەختان رابوارد، تا رۆژی زیندوو کردنەوەتان بۆ قیامەت، بەو ئەندازەی خودا بڕیاری داوە و، بە گوێرەی ئەوەی لە عیلمی خودا و لە «لوح المحفوظ»دا بۆتان دانراوە. وە ئیمڕۆ ئەو رۆژی زیندوو بوونەوەیە کە وەعدەمان پێدراوە، بەڵام ئێوە لە دنیادا ئەمانەتان نەدەزانی و باوەڕتان پێ نەدەکرد، دەی ئەمڕۆ ئیتر سوود نادا بەوانە کە ستەمیان لە خۆیان کرد و، ئینکاری زیندوو بوونەوەیان ئەکرد، بیانوو هێنانەوەیان، وە ئەوانە بانگ ناکرێن بۆ دڵخۆشکردن و رەزامەندی بەجێهێنان بۆیان، واتە گوێیان پێ نادرێ و لایان لێ ناکرێتەوە.


﴿وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ۚ وَلَئِن جِئْتَهُم بِآيَةٍ لَّيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ أَنتُمْ إِلَّا مُبْطِلُونَ ﴿٥٨﴾ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٩﴾﴾

بە راستی لەم قورئانە پیرۆزەدا بەیانمان کرد بۆ ئادەمیزاد بۆ رێنومایی و ئاگادار کردنەوەیان لە هەموو جۆرە سیفەتێ و لە هەموو جۆرە حیکمەتێکی کافی و شافی و، لەگەڵ ئەمەیشا ئەگەر تۆ ئایەتێ لە ئایەتەکانی قورئان بخوێنیتەوە بەسەر ئەو کافرانەدا ئەڵێن: ئێوە هیچ نین ئەوە نەبێ کە کۆمەڵێکن شتی راست بە پووچ دائەنێن. ئا بەو شێوە خودای تەعالا مۆر ئەنێ بە سەر دڵی ئەوانەدا کە رێگەی حەق و راستی نازانن.

﴿فَٱصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ وَلَا يَسْتَخِفَّنَّكَ ٱلَّذِينَ لَا يُوقِنُونَ



جا ئەی پێغەمبەری بەرزا! خۆت بگرە، بە راستی بەڵێنی خودا بە سەرخستن و یارمەتیدانی تۆ راستە و، ئاگاداربە ئەو کافرانە کە باوەڕیان بە راستی نییە بە سووك تەماشات نەکەن و بە سووك نەتگرن.



سووره‌تی لوقمان، له سووره‌ته مه‌ککه‌ییه‌کانه، ئایه‌ته‌کانی "٢٧" و "٢٨" و "٢٩" نه‌بێ، "٣٤" ئایه‌ته، دوای سووره‌تی «والصافات» هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓمٓ ۝١ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱلْكِتَٰبِ ٱلْحَكِيمِ ۝٢﴾

ئایه‌ته‌کانی ئه‌م سووره‌ته ئایه‌تی کتێبێکی پیرۆزی خاوه‌ن حیکمه‌تن.

﴿هُدًى وَرَحْمَةً لِّلْمُحْسِنِينَ ۝٣ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ ۝٤ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ ۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ۝٥﴾

ئه‌م کتێبه پیرۆزه هۆی شاره‌زا کردن و ده‌رخستنی میهره‌بانی خودایه بۆ ئه‌و که‌سانه وان له پایه‌ی ئیحسانا و موخلیسی باره‌گای خودان، ئه‌و که‌سانه که نوێژه‌کانیان به باش به‌جێ دێنن، به ئاداب و مه‌رج و ئه‌رکانه‌وه و به ئه‌ده‌به‌وه له به‌رابه‌ری خودادا. وه ئه‌وانه که زه‌کاتی ماڵی خۆیان ئه‌ده‌ن به‌وانه حه‌قیانه وه‌ری بگرن و، باوه‌ڕیان به پاشه‌ڕۆژ هه‌یه. جا ئه‌م جۆره که‌سانه خاوه‌نی شاره‌زایی حه‌قن و ئه‌مانه رزگارن له سزای پاشه‌ڕۆژ.

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡتَرِي لَهۡوَ ٱلۡحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيۡرِ عِلۡمٖ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴿٦﴾ وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِ ءَايَٰتُنَا وَلَّىٰ مُسۡتَكۡبِرٗا كَأَن لَّمۡ يَسۡمَعۡهَا كَأَنَّ فِيٓ أُذُنَيۡهِ وَقۡرٗاۖ فَبَشِّرۡهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿٧﴾ ﴾

ریوایەت کراوە: ئەم ئایەتانە لە شانی نەزری کوڕی حەرسدا هاتوونەتە خوارەوە؛ ئەڕۆیشت کتێبی حیکایەتنامەی عەجەمەکانی ئەکڕی، وەکوو باسی رۆستەم و ئەسفەندیار و، غەیری ئەوانە لە پاڵەوانەکانی ئێران، ئەیخوێندەوە بەسەر قورەیشا و پێی ئەوتن: ئەگەر موحەممەد باسی عاد و سەموودتان بۆ ئەخوێنێتەوە منیش باسی رۆستەم و ئەسفەندیارتان بۆ ئەخوێنمەوە. مەبەستی ئەوەبوو کە عەرەبی قورەیش قورئان نەبیسن و موسوڵمان نەبن.

جا خودا ئەفەرموێ: لە ئادەمی مەککەیە کەسێ کە قسەی بەتاڵی ئەکڕی و ئەیخوێندەوە بەسەر خەڵکدا بۆ ئەوە لە ڕێگەی دین دووریان بخاتەوە و ئایەتەکانی خودا بکا بە گاڵتەجاڕی. بە بێ ئەوەی کە بزانێ ئەوەی ئەو کڕیویەتی شتێکی پووچ و درۆ و دەلەسەیە و، ئینسان لە گەورەیی و تەواوی دوور ئەخاتەوە، وە بۆ ئەوە کە ڕێگەی خودا کە ئادابی ئیسلامە بیکا بە جێگەی گەپ و گاڵتە. جا ئەم جۆرە کەسانە لە پاشەڕۆژا سزایەکی سووککەریان هەیە. وە کاتێ ئایاتی ئێمەی بەسەردا ئەخوێنرێتەوە پشت هەڵئەکا بە فیزەوە، وەك هەر ئەو ئایەتانەی نەبیستبێ و وەك ئەوە هەردوو گوێی قورس بن و کەڕ بێ ئاوا هیچ نابیسێ، جا موژدە بدە بەوانە بە سزایەکی نابار و ناهەموار.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمْ جَنَّٰتُ ٱلنَّعِيمِ ۝٨ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقًّا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝٩﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا و کردەوە باشەکانیان کردووە ئەوانە چەن بەهەشتێکیان هەیە کە پڕن لە نیعمەت لە هەموو جۆرێ و، لە جوملەی نیعمەتەکانە نەبڕانەوەی نیعمەتەکان و ساف بوونیان لە مەوانیع، وەکوو خودا ئەفەرموێت دەوامدارن لەو بەهەشتانەدا بە گوێرەی بەڵێنی خودا کە بەڵێنی داوە، بە راستی خودا بە عیززەت و هێزە و تەسەڕوفی رەسای هەیە و خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا.

﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ۖ وَأَلْقَىٰ فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ ۚ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ ۝١٠ هَٰذَا خَلْقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِى مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ۝١١﴾

ئەو خودایە کە بەڵێنی داوە بە خاوەن ئیمانەکان بە بەهەشتی جاویدانی نەبڕاوە هەتا هەتاهەیە، ئەوەندە تەوانایە ئاسمانەکانی دروست کردووە بە بێ ئەوە دامەزرابن لەسەر کۆڵەکەیێ کە ئێوە بیان بینن.

ئەگەر مەبەست لە ئاسمانەکان ئەو ئەستێرە گەڕۆکانە بێ کە وان لە عالەما وەکوو: عەتارید و، زوهرە و، مەریخ و، موشتەری و، زوحەل و غەیری ئەمانە... مەعنای ئەوەیە کە راوەستاون بە بێ کۆڵەکە، ئەوەیە هەر یەکێ لەوانە لە زاتی خۆیا کورەیەکی خڕی تایبەتییە و جووڵەیەکی تایبەتی هەیە و، لەسەر جازیبەی مەرکەزی تایبەتی خۆیەتی و، کەوابوو «کوورە» پەیوندی نییە بە هێزی ئەو پەروەردگارەوە نەبێ کە

دروستی کردووە بە خۆی و جازیباتیەوە. وە ئەگەر مەبەست نەفسی مادەی ئاسمان بێ بە مانای ئەو پاناوەرە گوشادە کە ماوای هەرچی ئەستێرەی دامەزراو و خولۆکە، ئەوە خۆی عالەمێکە ئەو پەروەردگارە دروستی کردووە وای دروست کردووە کە شوێنەواری هەموو کائینات بێ و مەجمووعی ئەوە هەمووی خودا وای دروست کردووە ماوای ئەم مەوجووداتە بێ. وە ئاشکرایە جازیبە شتێ نییە کە بە چاو ببینرێت.

وە خودا چەن کێوێکی بڵندی لە زەویدا داناوە مەبادا کە هەموو کورەی زەوی لە جارێ لە جارانا لارببێتەوە و هەڵگەڕێتەوە بە هەڵگەڕانەوەیەکی نابار و ببێ بە هۆی وێران بوونی هەمووی و بەرباد بوونی گیانلەبەرانی سەری.

جا بازێ ئەڵێن: مانای وایە ئەگەر ئەم کێوە بەرزانە نەبوونایێ کە لەنگەری زەوییان گرتووە لە کاتی بوومەلەرزەکانا گەلێ لە زیانی ئێستە زیاتر زیانیان لێ ئەکەوت و ئەم کێوانە لەو کاتانەدا زەوی دائەمرکێننەوە و نایەڵن زیانی زۆر بێ.

وە بازێ ئەڵێن: ئەم کێوانە حیکمەتەکەیان ئەوەیە لە کاتی هەڵسووڕانی زەوی بە دەوری خۆیان سووڕانەوەکە رێك بێ، نەك لایێ سووك و لایێ قورس بێ، ئەنا ئەو سووڕانەوەیە یاسای خۆی تێك ئەدا وەکوو خولخولۆکەیێ لایەکی دار بێ و لایەکی ئاسن بێ وای لێ دێ.

وە بازێ ئەڵێن: مانای وایە ئەم زەوییە لە کاتی خۆیا کە خودا جیای کردەوە لە رۆژ، مادەیەکی ئاگرین بوو خودا چەن پەردەی بۆ دروست کرد بۆ ون بوونی ئەو ئاگرە تا زیان نەدا بەسەر زەوی. وە یەکەم پەردەی پارێزگاری پەردەیەکە کە ریشەی ئەم کێوانە لەسەر ئەو پەردەتانێ. جا بازێ لە کێوەکان لە ناو زەویدا ون بوون و بازێکیان دەرکەوتوون و بەرزیش بوونەتەوە بەسەر زەویدا، بە ئەندازەی هەزار پێ و کەمتر و زیاتر، تا حەوت هەزار پێ و زیاتریش. جا ئەم کێوانە بەرگر و بەرهەڵستی ئەوە ئەکەن کە بڵێسە و جۆشی ئەو ئاگرە بێتە دەرەوە و دنیا هەمووی هەڵگەڕێنێتەوە.

وە خودا بڵاوی کردووەتەوە بەسەر زەویدا و لە دەریادا، کە ئەویش وەکوو بەشێکە لە کورەی زەوی، لە هەموو جۆرە گیانلەبەرێ؛ لە دەریایی و، لە وشکانی و، باڵدار و، بێباڵ و، لەوانە کە بە سکەخشە ئەڕۆن و، لەوانە لەسەر دوو پێ ئەڕۆن، وەکوو ئادەمیزاد و پەلەوەر، یا چوار پێ، یا زیاتر، یا کەمتر، وە لەوانە کە دڕندەن، یا زەنندەن، یا کێوین، یا ماڵین و هۆگری ئادەمیزادن. هەموو ئەمانە لەسەر حیکمەت و یاسایەکە کە خودا خۆی ئەیزانێ و زانایان سوودی هەندێکیان دۆزیوەتەوە.

وە لە ئاسمانەوە ئاومان باراندووەتە خوارەوە و لە زەویدا بەو ئاوە هەموو جۆرە گژ و گیا و دارێکمان رواندووە نێر و مێ، کە بە تێکەڵی لە یەك بەری باش ئەدەن بە ئادەمی و لەو دارانە داری بەرداری چەن وێنە هەیە و لە گیاکانا گیای خواردەمەنی چەن جۆر هەیە چ بۆ ئادەمی و چ بۆ باقی گیانلەبەران و، لە گیاکانا گەلێ گیای گوڵداری وەها هەیە کە چاو لە سەیری شێوەیان تێر نابێ و، دەماخ لە بێنی خۆشیان ماندوو نابێ.

شەقایق ئەڕوێن لە کۆسالانا — ناز ئەکەن بەسەر سوخمەئالانا
چنوور و شەوبۆ بە جیلوەی جەماڵ — پڕ ئەکەن یەخەو بەرۆکی شەماڵ
ئەڕوا ئەو بێنە ئەبا بۆ یاران — دار ئەدا بەسەر عوتووری شاران
وەنەوشەی پەل دێز، پڕ شەرم و حەیا — ناز ئەخاتە سەر گوڵاڵەی چیا
ڕێحان بە سوورمەی رەشی قەترانی — شەستپەڕ بە زەردیی رووی زەعفەرانی
گوڵباخی باخان سەرپەڕەی حەریر — شایاو بۆ ئالای تەختگای ئەمیر
ئەرخەوانی جوان لە رووی سەیوانا — ئەسرین ئەڕێژن بەسەر لاوانا
یەك یەك ئەمانە پەڕەی دەفتەرن — ستایشخوێنی خودای ئەکبەرن
نازك نازاران مەشرەب «نیزامی» — ئەفامن وردیی کەلامی «نامی»

جا ئەمانە کە باسمان کردن دروستکراوی خودا بوون و، کەس دەعوای دروستکردنی ئەوانە ناکا، دە نیشانم بدەن ئەو هاوبەشانە کافرەکان بڕیاریان ئەدەن، چییان دروست کردووە و، چییان لێ ئەوەشێتەوە؟ نەخەیر ستەمکارەکان وان لە گومڕاهییەکی ئاشکرادا.

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا لُقْمَٰنَ ٱلْحِكْمَةَ أَنِ ٱشْكُرْ لِلَّهِ ۚ وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ حَمِيدٌ ﴿١٢﴾﴾

زاناکان دەربارەی لوقمان و، کاتی لە دایکبوونی و، رشتەی نەسەبی گەلێ قسەیان کردووە: بازێ وتوویانە یۆنانی بووە، بازێ ئەڵێن: سوودانی بووە. بازێ وتوویانە: میسری بووە. هەندێ وتوویانە: لە بەنیئیسرائیل بووە... بە هەر حاڵ ئەوەی کە بەڵگەی راست گەیاندبێتی ئەمەیە لە بەنیئیسرائیل بووە و چەرخیش چەرخی پێغەمبەرێتی حەزرەتی داوود عليه السلام بووە.

وە گەلێ کتێب و نامیلکە دەربارەی حیکمەتی وتار و کرداری حەزرەتی لوقمان نووسراوە. لە حیکمەتەکانی حەزرەتی لوقمانە ئەم باسانە کە لەم چەن ئایەتەدا بەیان کراون.

خودا فەرموویەتی: ئێمە حیکمەتمان دا بە لوقمان و ئیلهاممان کردە دڵیەوە: کە سوپاسی نیعمەتەکانی خودا بکە و، هەرکەسێ سوپاسی نیعمەت بکا ئەوە سوپاسەکەی بە قازانج ئەگەڕێتەوە بۆ خۆی، لە لایەکەوە پاداشی بۆ ئەنووسرێ لەسەر ئەو سوپاسە و، لە لایەکیشەوە لەسەر هەر نیعمەتێ سوپاسی بکا خودا نیعمەتی بۆ زیاد ئەکا. وە هەرکەسێ کوفری نیعمەت بکا یا کوفری خودا بکا ئەوە زیان لە خۆی ئەدا نەك لە خودا؛ چونکی خودا بێنیازە بە خەڵك و، شایاوە بەوە سوپاسی بکرێ و، ئەگەر یەکێ سوپاسی نەکا یەکێکیتر ئەیکا و ئەگەر کەس نەیکا ئەو زیان ناکا و کەمی رووی تێ ناکا.

«حیکمەت» گەلێ مانای هەیە و، مانای ڕەسای بریتییە لە هەستان بە پێویستی زانیاری و کردەوەکاری. واتە هەرکەسێ هەرچی پێویست بێ ئەوە بزانێ و، هەرچی بە شەرع جوان بێ بیکا ئەوە ئەو کەسە «حەکیم»ە.

﴿ وَإِذْ قَالَ لُقْمَـٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَـٰبُنَىَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴿١٣﴾ ﴾

باسی ئەوە بکە لوقمان کاتێ ئامۆژگاری کوڕەکەی ئەکرد پێی فەرموو: ئەی ڕۆڵەی خۆشەویستم هاوڕێ بۆ خودا بڕیار مەدە، بە ڕاستی هاوبەش بۆ خودا بڕیاردان ستەمێکی گەورە و ناهەموارە؛ چونکە ئەبێ بە «تسویە» لە نێوان کەسێکدا کە خۆی دروستکراوە و هیچ شتێکی پێ ناکرێ و لە نێوان خودایەکی «واجب الوجود»ی وادا کە هەموو کائیناتی دروست کردووە.

﴿ وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَـٰلُهُۥ فِى عَامَيْنِ أَنِ ٱشْكُرْ لِى وَلِوَٰلِدَيْكَ إِلَىَّ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٤﴾ وَإِن جَـٰهَدَاكَ عَلَىٰٓ أَن تُشْرِكَ بِى مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِى ٱلدُّنْيَا مَعْرُوفًا ۖ وَٱتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَىَّ ۚ ثُمَّ إِلَىَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾ ﴾

ئەم دوو ئایەتە لە لایەنی خودای تەعالاوە وان لە بەینی ئایەتی ئامۆژگاری لوقمان بۆ کوڕەکەیا وەکوو جوملەی موعتەرەزە لە ناو بەینی کەلاما. وە بازێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە ئەم دوو ئایەتەیش هەر لە جوملەی وەعزەکەی لوقمانە و، تەئویلی سیاقیان ئەکا.

واتە: وە ئامۆژگاری ئینسانمان کردووە بە خزمەتکردنی باوك و دایکی و، بە تایبەتی دایکی کە رۆڵەکەی هەڵئەگرێ بە لاوازی لە دوای لاوازی؛ چونکی هەتا منداڵەکە لە سکیا بچووك بێ دایکەکەی ئێشی کەمتر پێ ئەگا، وە هەتا گەورە ببێ رۆژ بە رۆژ ئەو دایکە لاوازتر ئەبێ و ئازاری لە هەڵگرتنیا زۆرترە، وە ماوەی لە شیربڕینەوەی بە رەسایی لە دوو ساڵدا تەواو ئەبێ.

وە لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ لاژووررووی ماوەی شیردان بە منداڵ دوو ساڵە و، هەر شیردانێ لە ژوور ئەو ماوەوە بێ ئەوە تەئسیری لە حەرامکردنی خوشك و برایەتیی شیریدا نابێ.

جا کە خودای تەعالا لە پاش ئەو ئەفەرموێت: ﴿أن اشکر لي و لوالديك﴾ مەعنای لەسەر ئەوەیە ببێ بە بەدەل بۆ «بوالديه» بە یاسای «بدل الاشتمال». واتە ئەو ئامۆژگارییە بە حاڵی باوك و دایکی لەسەر ئەمەیە کە سوپاسی من و سوپاسی ئەوان بکا؛ چونکی ئامۆژگاری بۆ چاودێری باوك و دایك مەعنای رێز لێگرتنیانە لە بەر ئەمری خودا. وە لەمەوە دەرئەکەوێ ئەو رۆڵە ئەبێ سوپاسی خودا بکا کە دروستی کردووە و، سوپاسی باوك و دایکی بکا لەسەر ئەوە تەربییەتیان کردووە بە هەڵگرتنی ئایینی حەق و دینی خودا. وە بەڵگەیشی هێناوەتەوە بۆ شوکری خودا بە جوملەی ﴿إلي المصير﴾. واتە مادام کە ئەنجامتان گەڕانەوەیە بۆ لای من پێویستە وەکوو سوپاسی باوك و دایکتان ئەکەن سوپاسی منیش بکەن.

وە ئەگەر باوك و دایکت کۆششیان لە گەڵا کردی لەسەر ئەوە کە شەریکم بۆ بڕیار بدەی و تۆیش ئەزانی کە ئەم داوا راست نییە؛ چونکی کەسێ لە جیهانا نییە شیاوی هاوڕێتی من بێ، ئەوە تۆ هەرگیز ئیتاعەیان مەکە؛ چونکی پەیڕەوی مەخلووق دروست نییە لە کارێکا کە عیسیانی خالیق بێ. بەڵام لەم حاڵەیشا هەر لە دنیادا بە

پیاوەتی هاوڕێتییان بکە و، لە دینا بکەوەرە شوێنی کەسێ کە گەڕاوەتەوە بۆ لای من، لە پاشان کە مردن و عالەمی بەرزەخ تەواو بوو هەر بۆ لای من ئەگەڕێنەوە، جا هەواڵتان ئەدەمێ بە پاداشی ئەو کردەوەیە کردووتانە و، هەمووی لای من دیارە.

وە زاناکان فەرموویانە: دروست نییە ئەولاد لە هیچ گوناهێکا بە گوێی باوك و دایکیان بکەن، گەورە یا بچووك، وە لەم شوێنەدا کە تەنیا ناوی ئیشراکی بردووە لەبەر ئەوەیە ئیشراك تاوانێکی زۆر گەورەیە.

﴿يَٰبُنَيَّ إِنَّهَآ إِن تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٖ مِّنْ خَرْدَلٖ فَتَكُن فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ أَوْ فِي ٱلْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٞ ﴿١٦﴾ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأْمُرْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَٱنْهَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَٱصْبِرْ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴿١٧﴾ وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي ٱلْأَرْضِ مَرَحًاۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٖ فَخُورٖ ﴿١٨﴾ وَٱقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَٱغْضُضْ مِن صَوْتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلْأَصْوَٰتِ لَصَوْتُ ٱلْحَمِيرِ ﴿١٩﴾﴾

ئەی کوڕی خۆشەویستم بێ‌گومان بزانە ئەگەر کردەوەیەکی چاك، یا کردەوەیەکی خراپ بە قەی سەنگی دانەی خەردارەیێ بێ و، ئەو دانە خەردارە لە ناو بەردێکدا بێ، یا لە ئاسمانا بێ، یا لە زەویدا خودای تەعالا ئامادەی ئەکا و موحاسەبەی لەسەر ئەکا، بە راستی خودا «لطیف»ە هیچ شتێ رێگەی ئیدراك و زانینی ناگرێ، «خبیر»ە و ئاگادارە لە زۆر و کەم.

ئەی کوڕی خۆشەویستم نوێژەکەت بە باشی بەجێ بێنە و چاودێری ئاداب و ئەرکان و کات و شوێنی بکە و، هەر چاکەیێ پێش چاوت کەوت و ئاگاداری بوویت فەرمان بدە بە کردنی و هەر کار و کردەوەیەکی ناڕەوا و ناپەسەند بوو

ئاگادار بووی لە سەری نەهی لێ بکە و بە قەی تەوانا مەنعی بکە، خواه ئەم مەعرووف و مونکەرە بىن، یا لەسەر وەختی بوونابن، وەکوو ئەوە یەکێ ئەیەوێ مزگەوتێ دروست بکا و یەکێکیش ئەیەوێ مەنعی بکا، تۆ فەرمان بدە بە یەکەم خەریکی کردنی بێ و، بڵێ بە یارۆی دووەم: واز بێنە لە بەرهەڵستی ئەو خێرە؛ چونکی هیچ یاسایێ بە بێ ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە دەوام ناکا.

وە ئەگەر لە یەکێکەوە گیرۆدەی ئازارێ بووی خواه لەسەر ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە بێ، یا لە بەر هۆیەکی‌تری ئاسمانی یا عەرزی بێ خۆت بگرە و بە هۆی بیر و باوەڕی ناشیرین و کردەوەی ناپەسەندەوە دەست مەکە بە ئاشووب نانەوە.

واتە لە سەیارەدا بووی و گیرۆدە بووی بە شکاندنی دەست یا پێت، هەوڵ بدە بە هەر جۆرێ بۆت ئەکرێ ئەو شکاوە ببرێتەوە جێگەی خۆی. وە ئەگەر پاش هەوڵدان ئوستادێکی باشت دەست نەکەوت و دەستەکەت بە لاری گیرایەوە خۆت بگرە و بە قەزای خودا رازی ببە؛ چونکی سەبر کردن لەسەر رووداوی ناهەموار لەو کارانەیە کە خودا پێی خۆشە و بڕیاری لەسەر داوە.

وە هەرگیز لەبەر فیز و دەمار رووی خۆت لە ئادەمیزاد هەڵمەچەرخێنە؛ خزم بێ یا بێگانە، دۆست یا دوژمن، وە بە گوێرەی کات و شوێن رووخۆشی و ناسکی و نەرمی لەگەڵدا بەجێ بێنە و، هەرگیز بە لەنجەی بایی بوونەوە بە سەر زەویدا مەڕۆ؛ چونکی بێ‌گومان خودا ئینسانی بە فیزی خۆش ناوێ، وە ئەگەر بۆ ئیش و کاری خۆت رێگەت بڕی، بە میانە بڕۆ بە رێدا، نە ئەوەندە پەلە بکە کە جوانی روخسارت بڕوا و، نە ئەوەنەیش سست بڕۆ کە وەکوو ناساغ و دوودڵ دەرکەوی. وە لە کاتی وتاری ئێرەتیدا دەنگی خۆت نزم بکەرەوە و زیاد لە ئەندازەی پێویستی هاودەمەکەت

دەنگ هەڵمەبڕە؛ چونکی بێ‌گومان ناخۆشترین دەنگ دەنگی زەڕەی گوێدرێژە و زۆربەی ناسازییەکەی لەبەر هێزی ئاوازەکەیەتی.

﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً ۗ وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا ۚ أَوَلَوْ كَانَ الشَّيْطَانُ يَدْعُوهُمْ إِلَىٰ عَذَابِ السَّعِيرِ ﴿٢١﴾﴾

ئایا ئێوە بە عەقڵی خۆتان نازانن کە خودای تەعالا بۆ ئێوەی رام کردووە ئەوەی وا لە ئاسمانەکانا و ئەوەی وا لە زەویدا:

رۆژ و ئەستێرە بە نوور و پرتەو — بە هەڵسووڕانیان بە تەکان و دەو
کاری وا ئەکەن سوودن لە بۆتان — بۆ رزق و رۆزی و ژیواری خۆتان

وە ئەو کانانە وان لە زەویدا هەمووی ئامادەن لە بۆ ئادەمی ژیری زانیار دەریان بکا، وە ئاوی رووبارەکان بکەن بە حەوز و روویان بکەن لە زەوی‌وزار بۆ کشتوکاڵ و بۆ باخ و بێستان و بۆ هەڵسووڕاندنی مەکینەی کارەبای گەورە، بەڵام ئەمە خودا فەرموویەتی لەسەر بناغەی نەزانین و نەتوانین و «زەردالوو بیا گەلوو» نییە؛ چونکی هەر زانای توانا شیاوی گەورەیی و سەرۆکییە لە زەوی و ئاسمانا.

وە ئایا تەماشا ناکەن خودا نیعمەتەکانی خۆی تەواو کردووە و رژاندوونی بەسەرتانا، چی نیعمەتی دیاری وەکوو: ساغی لەش و، زۆری زەوی و ئاو و، مەیدانی کار و کاسبی و، چ نیعمەتی پەنهانی کە بە چاو نابینرێن وەکوو: زانیاری و، عەقڵ و، ئازایەتی و، غیرەت و... باقی ئەو سیفەتانە کە ئەبن بە هۆی بەختیاری ئادەمیزاد؟

وە لە ئادەمیزادە نەفامی نەزاندووی وا کە موجادەلە ئەکا لە تەوحیدی خودادا بە بێ زانیارییێکی شەخسی و، بە بێ هیدایەت وەرگرتن لە ئینسانێکی ئاگادار و، بە بێ کتێبێکی ئاسمانی دڵ رووناککەرەوە. جا ئینسانێ خۆی زانا نەبێ و کاتێ لە لایەنی رەهبەرەوە پێی بوترێ: وەرە شوێن ئەو ئایەتانە بکەوە کە خودا ناردوونی، ئەڵێن: نەخەیر ئێمە شوێن ئەو بیر و باوەڕە ئەکەوین کە باوك و باپیرمان بوویانە و لەسەری بوون. ئایا هەر شوێن ئەوە ئەکەون هەرچەن بیشزانن کەسێ شوێن ئەوانە بکەوێ شوێنی بانگی شەیتان ئەکەوێ؟! جا ئەگەر شەیتان بانگیشیان بکا بۆ سزای دۆزەخ هەر بە گوێی ئەکەن؟ ئەگەر عاقڵ بوونایێ ئەوەندە بێهۆش نەدە بوون.

﴿وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ ۗ وَإِلَى ٱللَّهِ عَـٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٢٢﴾﴾

وە هەرکەسێ نەفسی خۆی تەسلیمی خودا بکا، بەم مەعنا هەموو کارێ بەرەورووی خودا بکاتەوە و تەسەڕوفاتی دنیا لەوەوە بزانێ و، بە خەیاڵاتی رووت دانەکەوێ و، بە قەی تەواناى خۆی بۆ بەدەست هێنانی سوود و دوورخستنەوەی زیان کار بکا، ئەوە بە راستی دەستی بە دەستبەندێکی قایمەوە گرتووە هەتا وا لە جیهانا و لە حاڵی ژیانا و، ئەنجامی هەموو کارێك بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە، واتە دروستکردنی ئەنجامی سوودمەند لە کارەکانی دنیادا و دوایی‌هێنانی زیندەگانی بە شێوەیەکی شیرین و وەرگرتنی پاداشی باش لە پاشەڕۆژا بەسراوە بە رحمەتی خوداوە «فمن يَرحم يُرحم».

﴿ وَمَن كَفَرَ فَلَا يَحْزُنكَ كُفْرُهُۥٓ ۚ إِلَيْنَا مَرْجِعُهُمْ فَنُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٢٣﴾ نُمَتِّعُهُمْ قَلِيلًا ثُمَّ نَضْطَرُّهُمْ إِلَىٰ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٢٤﴾﴾

وە هەرکەسێکیش کافر بێ بە یاسای دین با کوفرەکەی ئەو دڵی تۆ زویر نەکا، ئەوانە بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە، جا حیسابیان لەگەڵ ئەکەین و کردەوەیان ئەکێشێن و دوایی ئاگاداریان ئەکەینەوە لە کردەوە و تۆڵەی کردەوەکەیان؛ چونکی خودا هیچی لێ ون نابێ و زانایە بەو وردە خەیاڵاتە کە بە دڵا رائەبوورێن یا تیایا ئەمێننەوە.

﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلِ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ۚ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٥﴾ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٢٦﴾﴾

لەگەڵ ئەم کوفر و سەرسەختی و هاوڕێ بۆ خودا دانانەدا ئەگەر تۆ لێیان بپرسی: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟ لە وەڵامدا ئەڵێن: خودا پەروەردگاریانە و دروستی کردوون. جا تۆ بفەرموو: سوپاس بۆ خودا کە سەرکەوتین بەسەر ئەوەدا ئیقراریان پێ بکەین بەم راستییە. بەڵکوو زۆربەیان ئەمەیش نازانن کە خودا ناچاری کردوون بەم ئیقرارە. جا بۆ تەئکید و چەسپاندن: ئەڵێم: بۆ خودای تەعالایە بە ئیجاد و تەربییە و زیاد و کەم هەرچی وا لە ئاسمانەکان و زەویدا، بێ گومان خودا بێ نیازە لە عالەم و سوپاسی ئەکرێ لەسەر هەموو کارەکانی.

﴿وَلَوْ أَنَّمَا فِى ٱلْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَٰمٌ وَٱلْبَحْرُ يَمُدُّهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَٰتُ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٧﴾﴾

واتە ئەگەر هەرچی دار هەیە لەسەر زەویدا هەمووی خامەی نووسین بێ و، ئاوی دەریایش ئەو دەریایە کە دەوری زەوی داوە هەمووی مەرەکەبی نووسین بێ و، لە پاش ئەو دەریایشە حەوت دەریای تری وەکوو ئەو ببێ و هەمووی سەرف بکرێ بۆ نووسینی زانیاری خودای تەعالا ئەو زانیارییانە تەواو نابن و هەموویان

نانووسرێن. بە ڕاستی خودا عیززەتی بە جۆرێکە هیچ شتێ پەکی ناخا و پەستی ناکا و، خاوەن حیکمەتە لە تەسەڕوف‌کردنیا لە جیهانا.

﴿مَّا خَلْقُكُمْ وَلَا بَعْثُكُمْ إِلَّا كَنَفْسٍ وَاحِدَةٍ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ ﴿٢٨﴾﴾

دروستکردنی هەمووتان بە جارێ و مراندنتان و زیندوو کردنەوەتان بە جارێ وەکوو ئەم تەسەڕوفانەیە لە تاقەکەسێکدا؛ چونکی کاتێ خواستی لەسەر شتێ بوو هیچ شتێ ناتوانێ بەرگری بکا، بە ڕاستی خودای تەعالا بیسەر و بینایە و هەموو دەنگێ ئەبیێ و هەموو ڕەنگێ ئەبینێ.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَأَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٩﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ ﴿٣٠﴾﴾

ئایا تۆ نابینی یا نازانی کە خودای تەعالا لە کاتەکانی شەو ئەخاتە سەر ڕۆژ و لە کاتەکانی ڕۆژ ئەخاتە سەر شەو و ڕۆژ و مانگی ڕام کردووە، هەرکام لەوان ڕێگەی خۆی ئەبڕێ هەتا وادەی دیاریکراوی تەواو بوونی دنیا دێتە جێ، وە نازانی کە خودا زانا و ئاگادارە بەو شتانە کە ئێوە ئەیانکەن؟

ئەمە هەموو لەسەر ئەو ئەساسەیە کە هەر خودا حەقە و دامەزراوە و لانەچووە و ئەوەی ئەو کافرانە بانگیان لێ ئەکەن هیچ و پووچن و، بە ڕاستی خودا بەرزە بەسەر هەموو مومکینێکدا و گەورەیە لە عالەمی وجوودا و، هەرچی هەیە لە جیهانا وان لە ژێر تەوانایی ئەودا.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱلْفُلْكَ تَجْرِى فِى ٱلْبَحْرِ بِنِعْمَتِ ٱللَّهِ لِيُرِيَكُم مِّنْ ءَايَٰتِهِۦٓ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿٣١﴾ وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَٱلظُّلَلِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ فَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ ۚ وَمَا يَجْحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا كُلُّ خَتَّارٍ كَفُورٍ ﴿٣٢﴾﴾

ئایا تەماشا ناکەی کە کەشتی لە دەریادا ڕەوان ئەبێ بە هۆی ئینعام و ئیحسانی خوداوە لەگەڵتانا کە ئەسباب و کەرەسەی ئەوتانە بۆ ئامادە ئەکا و، دەریاتان بۆ رام ئەکا هەتا بازێ لە نیشانەی گەورەیی و دەستەڵاتی خۆیتان نیشان بدا؟ بە ڕاستی لەم کەشتیڕانییەدا نیشانە لەسەر تەوانایی خودا هەیە بۆ هەموو کەسێ.

وە کاتێ کە لە دەریادان شەپۆلێکی گەورەی وا دێ بە سەریانا وەکوو باڵەخانەیێ سێبەر بخاتە سەریان، بانگ ئەکەن لە خودا و بە نزا و لاڵە و پاڕانەوەوە دین و ئیمانیان پاك ئەکەنەوە لە هەموو دەخیلەیێ و، هاوار ئەکەن، هەتا خودا ڕزگاریان ئەکا، جا کاتێ ڕزگاری کردن لەو شەپۆلە ترسناکانە و لە دەریا چوونە دەرەوە و گەیشتنە وشکانی، ئەوسا بازێکیان لەسەر حاڵەتی میانەی ڕێك ماونەتەوە و هەروا لەسەر ئەو باوەڕەی ناو دەریاکەن، ئەو دوایان ئەچنەوە سەر بارە ناهەموارەکەی خۆیان کە هاوبەش دانانە بۆ خودا و ئینکاری تەنیایی خودایە، وە لە ڕاستیدا ئینکاری ئایاتی ئێمە ناکا ئەوانە نەبێ کە زۆر ستەمکار و ناسوپاس و پووچن.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ وَٱخْشَوْا۟ يَوْمًا لَّا يَجْزِى وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِۦ شَيْـًٔا ۚ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴿٣٣﴾﴾

ئەی ئادەمیزاد خۆتان بپارێزن لە سزای خودا بە ئیمان هێنان بە خودا و بە ڕەهبەر و بە تەرکی تاوانەکان و، بە بەجێهێنانی پێویستییەکانی سەرشانتان و، بترسن لە کارەساتی ڕۆژێ کە لەو ڕۆژەدا هیچ باوك و دایکێ گوێ بە منداڵی خۆی نادا و هیچ شتێکی بۆ ناداتەوە و، هیچ تاوان و زیانێکی لێ لانابا و، هیچ ڕۆڵەیێ شتێ بۆ باوك و دایکی ناکا و هیچیان لە باتی ناداتەوە و شتێکیان لێ لانابا، بزانن کە بەڵێنی خودا بە پاداش بۆ چاك و پاکان و، بە تۆڵە بۆ ناپاکان ڕاستە، دەی با ئەم ژیانی دنیایە ئێوە بایی نەکا، ماوەیەکە ـ کەم بێ یا زۆر ـ تەواو ئەبێ، وە باییتان نەکا بە هەوا شەیتانی عالەم بایی‌کەر، پێتان بڵێ: خودا تاوانبەخشە دەی بۆ خۆتان ڕابوێرن هەتا ئەتان‌خاتە ناو بیرێکی تاریکی وەهاوە کە بە چەن بیری ڕووناك نەیێنە دەرەوە.

ئینسان مادام لە سەردەمی منداڵی و خۆشحاڵییەوە بیر و باوەڕی ڕاست و ئادابی دینی خۆی وەکوو نوێژ و ڕۆژوو واجباتەکانی‌تر فێر ببێ و، هاوڕێتی چاکان بکات ئەو بیر و باوەڕە لە دڵدا جێی خۆی ئەگرێ و هەرگیز لاناچێ و ڕۆژ بە ڕۆژ تەقوا و تاعەت زیاد ئەکا. وە ئەگەر ببێ بە هاوڕێی نەزان و نەفام و بەدکار و بەدبیر ئەبێ بە هاوڕێی شەیتان و شەیتان بایی ئەکا و یا هەر بە تەواوی لە دین دەرئەچێ، وە یا ئەگەر ئیمانەکەی بمێنێ ئیمانێکی ئەوەندە لاواز ئەبێ سوودی کردەوەی باش وەرناگرێ.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْأَرْحَامِ ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌۢ بِأَىِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌۢ ﴿٣٤﴾ ﴾

ڕیوایەت کراوە: حەرسی کوڕی عەمر هات بۆلای حەزرەتﷺ وتی: کەی دوایی دنیا دێت؟ وە من تۆوم وەشاندووە کەی باران ئەبارێ و؟ ژنەکەم ئاوسە

منداڵەکەی نێرە یا مێیە و؟ سبەینێ من چی ئەکەم و؟ لە کوێدا ئەمرم؟ جا ئەم ئایەتە هاتەخوارە.

وە ریوایەت کراوە لە ئیبنوعومەرەوە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «مفتاح الغيب خمس» و ئەم ئایەتەی بە شوێندا خوێندەوە.

واتە: بە راستی خودای تەعالا ئەزانێ بە زانیارییەکی دامەزراو کەی قیامەت دادێت و، خودا خۆی باران ئەبارێنێ و، کاتەکەی ئەزانێ و، خودا ئەزانێ بەوەی وا لە منداڵدانی ژنانا کوڕن یا کچن و، هیچ کەسێ نازانێ سبەینێ چی ئەکا و چ ئیشێکی ئەبێ و، کەس نازانێ کەی و لە کوێ ئەمرێ. بە راستی هەر خودا زانایە و خەبەردارە. (باوەڕمان هەیە وەهایە).

بزانن! بازە کەسێ بە شێوەی رەخنە ئەڵێن: مودیری «ئەنوای جەوی» ئەزانێ کەی باران ئەبارێ و، دوکتۆری خاوەن کەرەسە ئەزانێ چی وا لە منداڵدانی ژنا و، هەر پیاوێکی موناسب کە کارێکی هەیە ئەزانێ سبەینێ چی ئەکا و، گەلێ کەس لە ئادەمیزاد جێگە قەبری خۆی دیاری ئەکا و لە پاش مردن لەو شوێنەدا ئەنێژرێ!

وەڵامی ئەم رەخنانە ئەمەیە: مەبەست لە «عیلم» یەقینە کە زانستی جازیمی دامەزراوی رێکی واقیعە، وەکوو چۆن تۆ یەقینت هەیە بە بوونی خۆت. هەروا عیلم لە عورفی کیتاب و سونەتا بە عیلمێ ئەڵێن کە هەمیشە لەگەڵ ئەو کەسەدا ببێ نەك جارێ ببێ و جارێ نەبێ.

وەکوو مەبەست لە غەیب ئەوەیە کە جیهازی «کشافە» نەبێ کە ئەو مەبەستە پەنهانە بخاتە پێش چاو، کە ئەمە زانرا ئەو رەخنانە هەموویان پووچ ئەبنەوە.

یەکەم: مودیری دائیرەی ئەنوائی جەووی خاوەن گومانە نەك خاوەن یەقین و، گەلێ جار ئەو بەیانە ئەیدەن بە راست دەرناچێ. وە دوکتۆر بە جیهازەکەی کەشفی

ناوسکی ژن ئەکا ئازایە بە بێ جیهاز بزانێ چی وا لە سکیا! وە کابرای فەرمانبەر هەر بە گومان ئەزانێ سبەینێ چی ئەکا، ئەنا گەلێ جار ناگاتە سبەینێ و ئەمرێ. وە ئەو کەسەیش کە ئەزانێ لە کوێدا ئەمرێ یا ئەنێژرێ، ئەوە یەکەم زانستەکەی گومانە و یەقین نییە و، دووەم ئەگەر یەقین بێ خۆی نازانێ و لە لایەنی غەیبەوە ئاگادار کراوە و، زانین و ئاگادار کردن جیاوازییان زۆرە.

کە خوا پێی وتی: ئەو شتە وایە ‏ کەی عیلمی غەیبی لە لای تۆدایە؟
برام بزانە، ئەوەی زانیارە ‏ بە مەرجی رەفتار باش بەختیارە
عیلم زانستە، ئەوەی تەسدیقە ‏ چوار بەشە، ئەمەیش لەسەر تەحقیقە:
زەنە: بە مانا گومانی ئینسان ‏ تەقلیدە: یانی پەیڕەوی کەسان
«جەهلی مورەککەب»: زانستێ وایە ‏ نە ئەسڵی هەیە و، نەسوود، نە پایە
بەشی چوارەمین ناوی «یەقین»ە ‏ ئینسان بە یەقین دڵی ئەمینە
یەقین بە شتێ کە ئاشکرایە ‏ سەهلە و ئاسانە لەم رووی دنیایە
بەوەی پەنهان بێ پێویستە دەلیل ‏ پیاوی بێدەلیل داماوە و زەلیل
خوا یارمەتی دا دەلیلت دەس کەوت ‏ لە رێی مەقسوودا ئەڕۆی بە سەرکەوت
ئەڵێی: ئەم دنیا سەر بە ئیمکانە ‏ بوون و نەبوونی ئەجزای یەکسانە
هەر شتێ وابێ بێخالیق نابێ ‏ بە رووی حەقیقەت ئەبێ هەروا بێ
ئەو شتە رێگەی دەلیلی نییە ‏ لە مەعلووماتی بەشی «غەیبی»یە
وەکوو: موددەتی مانەوەی جیهان ‏ وەکوو: حاڵی بوون لە سیرِی پەنهان
وەکوو: ئەوزاعی ئەنجامی عالەم ‏ وەکوو: بەخت و «حظ» بۆ بەنیئادەم
ئەم غەیبە تەنیا لە لای خودایە ‏ هەر ئەو بەم غەیبە داناو زانایە
هەرکەس بە بارێ بێتە سەر گومان ‏ نالێن عالمە بە غەیبی و پەنهان
زەنە قابیلە راست بێ یا درۆ ‏ دەلیلێ نییە بۆ من یا بۆ تۆ

کابرا بە جیهاز منداڵ ئەناسێ ... بۆچی لەم کارە سەرت ئەماسێ؟
هەرکەسێ سکی دایکی هەدڵدڕێ ... ئەزانێ کچە یا شێرە کوڕێ
ئەگەر ئەنبیا و پێغەمبەرەکان ... شتێکیان زانی لە دەوری ئیمکان
یا ئەولیایێ لەسەر سەفای حاڵ ... ئیلهامێکی کرد خودای پڕ کەماڵ
کەی ئەم کەسانە «عالم الغیب»ن؟ ... کەی دانای سیڕی دەریای بێ‌ڕەیبن؟
خودا بە ئیحسان تەعلیمیان ئەکا ... چەن سیڕێکی غەیب تەسلیمیان ئەکا
عیلم ئەوەیە زاتی و دائیم بێ ... لەگەڵ خاوەنیا بە حەق قائیم بێ
کاسەی دراوسێ ڕۆژێ بۆت نەهات ... عەیال بە برسی ئەکەون لە لات
«مفاتیح الغیب» لە لای خودایە ... هەر ئەو بە غەیبی عالەم دانایە
بەڵێ هەر دڵێ وێنەی بلوورە ... بە نووری عیلمی خودا پڕ نوورە
چرا هەڵکرا لە بۆ خاوەن چاو ... دانەی جەواهیر مەکشووفن تەواو
ئیتر وەربگرە تەعلیمی «نامی» ... خۆت مەهاوێژە ناو ڕیزی عامی



سووره‌تی سه‌جده، له سووره‌ته مه‌ککه‌ییه‌کانه، ئایه‌ته‌کانی "١٦" تا "٢٠" نه‌بێ، "٣٠" ئایه‌ته، له پاش سووره‌تی «مؤمن» هاتووه‌ته‌خواره‌وه.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿الٓمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلْكِتَـٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٢﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۚ بَلْ هُوَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّآ أَتَىٰهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٣﴾﴾

ئه‌م سووره‌ته پیرۆزه بریتییه له کتێبێکی نێرراو له لایه‌نی په‌روه‌ردگاری جیهانه‌وه که بۆ ئه‌وه ناشێ گومان رووی تێ بکا، له‌به‌ر ئه‌وه نه له له‌فزه‌کانیا نوقسان هه‌یه و نه له مه‌عنایانا شتی نامه‌عقوول و نامه‌قبوول هه‌یه لای ئه‌وانه که خاوه‌نی عه‌قڵ و شوعووری ساغن.

یاخود ئه‌م سووره‌ته کتێبێکه نێرراوه له لایه‌نی په‌روه‌ردگاری جیهانه‌وه به بێ‌گومان، یانی هیچ گومان نییه له‌وه‌دا که له لایه‌نی خوداوه هاتووه‌ته خواره‌وه. یا خه‌یر ئه‌و کافره بێ‌ده‌ماخانه ئه‌ڵێن: موحه‌ممه‌د هه‌ڵی به‌ستووه و به پێچه‌وانه‌ی واقیعه‌وه ئه‌ڵێ که‌لامی خودایه! جا دوور بکه‌وه‌ره‌وه له‌م بیره تاریکه و بزانه ئه‌م قورئانه که‌لامێکی حه‌قه و له لایه‌نی خودای تۆوه نێرراوه بۆ ئه‌وه که گه‌لێکی وه‌های پێ بترسێنی که

لە پێش تۆدا هیچ ترسێنەرێکی‌تر نەهاتووە بۆ لایان بیان ترسێنێ لە سزای رۆژی قیامەت، بە هیوای ئەوەی کە رێگەی راست و ئیسلامییەت بگرن.

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا شَفِيعٍ ۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٤﴾ ﴾

خودای تەعالا خودایەکی وایە کە ئاسمانەکان و زەوی و مابەینی زەوی و ئاسمانی لە نەبوونەوە دروستکردووە و هێناونیەتە بوون لە ماوەی شەش رۆژا. وە لە پاش ئەمە ئیستیلای کرد بە سەر عەرشدا کە لە ژوور ئاسمانەکان و زەوییەوەیە و، بێجگە لەو خودایە هیچ تکاکار و یارمەتیدەرێ بۆ ئێوە نییە بۆ کاتی نەهاتی دنیا یا رۆژی قیامەت، ئایا هێشتا ئێوە بیر ناکەنەوە؟

﴿ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥٓ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٥﴾ ﴾

خودای تەعالا وەکوو خەلقی ئاسمانەکان و زەوی و مابەینی ئەوانی کردووە هەروا تەدبیری ئەو ئیشانەیش ئەکا کە لەسەر قەزای ئەو پێویستە بکرێن لە ئاسمانەوە هەتا زەوی، واتە فریشتەی مەئمووری تایبەتی رەوانە ئەکا لەگەڵ ئەو ئیشانەدا لە ئاسمانەوە هەتا زەوی و، هەموویان بەجێ دێنێ و، پاش تەواو کردنی ئیشەکان ئەو فریشتە لە ئاسمانەوە ئەگەڕێتەوە بۆ زەوی و سەرئەکەوێ تا ئەگاتە ئەو شوێنە کە خودای تەعالا بڕیاری داوە بۆ ئەو فریشتە مەئموورە «مدبر»انە، وە ئەم سەرکەوتن و دابەزینی فریشتە مەئموورانە لە رۆژێکدایە کە ئەندازەی هەزار ساڵە لەو ساڵانە ئێوە حسێبیان ئەکەن و ئەیانژمێرن.

خۆلاسەی کەلام خودای تەعالا وەکوو لەسەر خواستی خۆی کائیناتی دروست کردووە. وە عەرش و کورسی و لەوح و قەڵەم و ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە. وەهایش لە عیلمی ئەزەلی خۆیا بڕیاری ئیش و کاری ئەم کائیناتیە داوە کە ئەوەی بێ‌گیانە چی بەسەرا دێت و، ئەوەی گیانلەبەری بێ‌عەقڵە چی ئەکا و، ئەوەی عاقڵە کردەوە و ئەحواڵی ئیختیاری و غەیرە ئیختیاری چۆنە، هەروا گەلێ فریشتەیشی کە بە ناوی «مدبرات» لە قورئانا ناویان‌براوە ئامادە کردووە بۆ ئەوە لەسەر یاسای بڕیاری خودای تەعالا لەو شوێنەدا کە ئامادەن تیایا دێنەخوارەوە لەگەڵ ئەو کار و بارەدا لە ئاسمانەوە هەتا زەوی و ئیشەکان ئەکەن کە جێ‌بەجێیان کرد سەرئەکەونەوە بۆ شوێنی خۆیان. هەموو ئەم داپەڕین و سەرکەوتنە لە ڕۆژێکدایە کە بە حسێبی ئێمە ئەگەر بە عادەت هاتوچۆی تێدا بکرێ میقداری هەزار ساڵە. واتە نیوەی بۆ نوزوول و نیوەی بۆ عورووج. «و اللّٰه اعلم».

﴿ذَٰلِكَ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلْعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٦﴾ ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴿٧﴾ ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُۥ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن مَّآءٍ مَّهِينٍ ﴿٨﴾ ثُمَّ سَوَّىٰهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِۦ ۖ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ ۚ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ ﴿٩﴾﴾

ئەو خودایە کە تەدبیری ئەمری عالەم ئەکا خودایەکە زانایە بە هەرچی پەنهانە لە ئێمە و هەرچی دیارییە بۆ ئێمە، خودایەکی خاوەن عیزەت و خاوەن ڕەحمەتە، ئەو خودایە کە هەر شتێکی دروست کردووە باشی دروست کردووە و، بەدیهێنانی ئینسانی لە قوڕ دەس پێکرد و پەیکەری یەکەم ئینسانی دروست کرد و، فەرمانی دا بە فەرمانی «کن فیکون» و لە لایەنی خۆیەوە گیانی کرا بە بەرا و، پاش ماوەیێ

خێزانەکەیشی لە نەفسی خۆی دروست کرد، جا بوون بە دوو کەسی عادەتی، ئەمجار رشتەی ئیجاد گۆڕرا وەکوو خودا ئەفەرموێت. لە پاش ئەمە نەتەوەی ئادەمیزادی بڕیار دا لە مادەیەکی پەیدا بوو لە ئاوی ئینسانەکان کە ئاوێکی سووك و بێ‌نرخە. پاش ئەوە بە تەواوی ئەجزای ئەو نەسلەی رێکخست و فووی پیا کرد لە ئەسڵی رۆحێکەوە کە وا لە قەبزەی قودرەتا و، گوێ و چاو و دڵی بۆ دروست کردن، کەچی کەمێ جار سوپاسی ئەو خودا خاوەن نیعمەتە ئەکەن.

﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا ضَلَلۡنَا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدِۭۚ بَلۡ هُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمۡ كَٰفِرُونَ ۝١٠ ۞ قُلۡ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلۡمَوۡتِ ٱلَّذِي وُكِّلَ بِكُمۡ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ تُرۡجَعُونَ ۝١١﴾

ئەو کافرانە ئەڵێن: ئایا ئێمە کاتێ لە زەویدا ون بووین، واتە مردین و نێژراین لە گۆڕا ئایا ئێمە دووبارە دروست کردنێکی تازەمان بەسەرا دێت؟ ئەمانە کافرن و باوەڕیان بە گەیشتن بە خودا و پاشەڕۆژ نییە.

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بفەرموو: فریشتەی مەئمووری مردن گیانتان ئەکێشێ و پاش ئەوە ئەگێڕرێنەوە بۆ لای خودای خۆتان.

﴿وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلۡمُجۡرِمُونَ نَاكِسُواْ رُءُوسِهِمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ رَبَّنَآ أَبۡصَرۡنَا وَسَمِعۡنَا فَٱرۡجِعۡنَا نَعۡمَلۡ صَٰلِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ ۝١٢ وَلَوۡ شِئۡنَا لَأٓتَيۡنَا كُلَّ نَفۡسٍ هُدَىٰهَا وَلَٰكِنۡ حَقَّ ٱلۡقَوۡلُ مِنِّي لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ ۝١٣ فَذُوقُواْ بِمَا نَسِيتُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَآ إِنَّا نَسِينَٰكُمۡۖ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡخُلۡدِ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ۝١٤﴾

ئەی خاوەن چاو! ئەگەر چاوت لێ ئەبوو خەڵکی راوەستاوی سارای حسێبت ئەبینی لەو کاتەدا کە تاوانبارەکان لە حوزووری خودای خۆیانا سەریان داخستووە و هاوار ئەکەن و ئەڵێن: پەروەردگارا چاومان کەوت بە هەرچی وەعدەت پێدابوو و بیستمان کە تۆ تەسدیقی پێغەمبەرەکانت کرد لەگەیاندنی فەرمانی خودادا، ئەی پەروەردگاری میهرەبان بمانگێڕەوە بۆ دنیا هەتا کردەوەیەکی باش بکەین، ئێستە ئێمە باوەڕمان بە راستی ئیسلام هەیە، جا ئەگەر لەو رۆژەدا ئەوانەت چاو پێ بکەوتایێ ئەوە شتێکی زۆر نابارت ئەبینی. پەنا بە خودا!

جا خودای تەعالا بۆ دڵدانەوەی حەزرەت ﷺ ئەفەرموێت: ئەگەر ئێمە خواستمان ببوایێ هەرکەسێ هیدایەتی خۆیمان ئەدایێ و شارەزامان ئەکرد بە جۆرێ کە بە ناچاری ملی راکێشایێ بۆ پەیڕەوی فەرمانی ئێمە. بەڵام وام نەکرد لەبەر ئەوە کە قسە لە منەوە دەرچووە کە دۆزەخ پڕ ئەکەم لە پەری و ئادەمیزاد هەموویان. ئەمەیش لەسەر ئەو ئەساسەیە کە خۆم تەوانای چاکە و خراپەم داوە بە هەموو عاقڵێ و ئەتوانێ بە ئارەزووی خۆی چاکە بکا یا خراپە بکا، وە ئەیشزانم کێ توانای خۆی بۆ چاکە سەرف ئەکا ئەوە کردوومە بە بەهەشتی و، کێش توانای خۆی بۆ خراپە سەرف ئەکا ئەوە کردوومە بە دۆزەخی، مادام ئەو توانام داوە بە هەردوولا و بەشێکیان لە خراپەدا بە کاری دینێ ئیتر بۆچی من بە زۆر وەری بگێڕم بۆ چاکە کردن؟ دەی وازم لێ هێنان هەتا لەسەر ئارەزووی خۆیان ئیشی خۆیان تەواو بکەن.

جا لە رۆژی خۆیا پێیان ئەڵێین: دەی بچێژن سزای دۆزەخ بە هۆی ئەوەوە گەیشتن بە ئێمەتان لەم رۆژی حیسابەدا لە بیر چووبوو، ئێمەیش مامەڵەیەك لەگەڵ ئێوەدا ئەکەین وەك ئەوە وابێ ئێوەمان لە بیر چووبێ و، سزای درێژخایەن بچێژن بە هۆی ئەو کارە نابارانەوە لە دنیادا ئەتانکردن و بە هۆی ئەو بیرە نابارانەوە بووتان.

﴿إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِـَٔايَـٰتِنَا ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا۟ بِهَا خَرُّوا۟ سُجَّدًا وَسَبَّحُوا۟ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ۩ ﴿١٥﴾ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَـٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿١٦﴾ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾﴾

نەوەك ئیمان دێنێ بە ئیمانی تەواوی رەسای داگیرکەری رۆح و دڵ بە ئایاتی ئێمە، ئەو کەسانە نەبێ کاتێ کە پەندیان دادرا بە خوێندنەوەی ئەو ئایەتانە، ئەکەون بەسەر تەوێڵاو ناوچاوی پاکیان تەخت دائەنێن لەسەر زەوی و دڵی رووناکیان ئەکەنەوە بۆ پڕتەوی رحمەتی خودای بەرز و نەوی و، بە دڵ و دەم تەسبیحات و تەنزیهاتی خودا ئەکەن لە کەمی لەگەڵ ستایشی ئەوا بەو جۆرە کە شیاوی ئینسان بێ و، ئەوان بە کەم و زۆر خۆیان بە گەورە ناگرن بەرابەر بە وەرگرتنی فەرمانەکانی خودا لە تەرکی حەرام و فیعلی واجباتا.

تەنیشتیان و لەشیان بەرز ئەکەنەوە و لە جێگەی گەرم و نەرمی نوستنیان هەڵئەسن بۆ شەو نوێژ و بۆ لاڵە و پاڵە و سکاڵا لە دەرگای ئەو پەروەردگاری خۆیانەدا کە سوود و زیانیان و دنیا و قیامەتیان و بەرزی و نزمییان و ژیان و مردنیان و پایە و مایەیان هەر لەوەوە ئەزانن و بەس. وە ئەمەیش بۆ ئەوە ئەکەن لەبەر ترس لە قاری خودا و هیوای کەرەم و کاری، وە ئەوەیش کردوومانە بە رۆزی ئەوان، لە رێگەی خودادا سەرفی ئەکەن. جا ئەم تاقمە ئادەمیزادە کەس نازانێ بەوەی لە غەیبەوە بۆیان ئامادە کراوە لەو شتانە کە ئەبن بە هۆی دڵخۆشی و شادمانییان، وە لەو ئامادەکراوانە کە پاداشی خێری ئەوانە لەسەر ئەو کردەوە باشانە کە ئەیانکردن.

﴿أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا ۚ لَّا يَسْتَوُۥنَ ﴿١٨﴾ أَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ فَلَهُمْ جَنَّـٰتُ ٱلْمَأْوَىٰ نُزُلًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٩﴾ وَأَمَّا

﴿ٱلَّذِينَ فَسَقُواْ فَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَآ أُعِيدُواْ فِيهَا وَقِيلَ لَهُمْ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلنَّارِ ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢٠﴾﴾

ئایا كەسێ كە خاوەن ئیمان بێ بە شێوەی مەشرووع وەكوو یەكێكە كافر بێ و لە دائیرەی ئیمان دەرچووبێ؟ نە، نە، ئەمانە وەكوو یەك نین؛ ئەویان نەمرە لە بەهەشتا و، ئەمیان هەتا هەتایە لە دۆزەخدایە. جا ئەوانە خاوەن ئیمانن و كردەوەی باشیان هەیە بە یاسای دین ئەوە بۆ ئەوانە «جنات المأوى» واتە ماوا و نیشتمانێ كە بریتین لە چەن بەهەشتێ و ئەو بەهەشتانە كراون بە شوێنی ئاسایشیان بە هۆی ئەو كارە باشانەوە ئەوان ئەیانكردن. وە ئەو بەهەشتانە وەكوو شتێكی وەختی وایە بە پەلە بۆ میوان ئامادە ئەكرێ و، لە دواییدا شتی زۆر باشتری بۆ ئامادە ئەكرێ، ئەمانیش بەهەشتەكان وەكوو شتە وەختییەكانە و رژاندنی رەحمەتی خودا جار بە دوای جارا و زیارەتی دۆست و خۆشەویستان لە درێژایی رۆزگارا و، لیقای زاتی باری تەعالا ئەمانە ئەبن بە نیعمەتە گەورەكان بۆیان.

وە ئەوانەیش كە لە ئیمان و دین دەرچوون ئەوە شوێنیان ئاگری دۆزەخە بە درێژی كات، هەركاتێ خواستیان وابێ بێنە دەرەوە لەو ئاگرە سووزەندەیە ئەخرێنەوە ناوی بە پاڵەپەستۆ و، لە لایەنی مەئموورەكانەوە پێیان ئەوترێ: بچێژن سزای ئاگری دۆزەخ، ئەو سزا كە لە دنیادا باوەڕتان پێ نەدەكرد.

﴿وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَدْنَىٰ دُونَ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَكْبَرِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢١﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴿٢٢﴾﴾

وە ئێمە لەم ژیانەدا بەو كافرانە ئەچێژین لە سزا سووكەكە نەك سزا گەورەكە؛ چونكی هێشتا ئەم كاتی نەهاتووە، بە هیوای ئەوە كە ئەمانە لە بیر و باوەڕی نابار و

کردەوەی ناهەموار بگەڕێنەوە و دەسبەردار ببن. بێن بزانن کێ ستەمکارترە لە کەسێ کە ئامۆژگاری بکرێ بە ئایاتی خودای خۆی و ئەو پشتی لێ هەڵکا و گوێی نەداتێ؟ نازانن ئەوانە کە خۆیان تاوانبارن و ئێمەیش تۆڵە لە تاوانباران ئەسێنینەوە.

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَلَا تَكُن فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآئِهِۦ ۖ وَجَعَلْنَٰهُ هُدًى لِّبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴿٢٣﴾ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا۟ ۖ وَكَانُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُوا۟ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾

وە بە ڕاستی کیتابی تەوراتمان دا بە مووسا و تۆیش هیچ دوودڵ مەبە لەو کیتابەدا کە بۆت دێت بۆ بەیانی بیر و باوەڕ و فەرمان و یاسا و پێویستی دین. یاخود دوودڵ مەبە لەوەدا کە ئەو کیتابە بۆ مووسا هاتووە و پێیگەیشتووە. وە ئەو کتێبی مووسامانە کرد بە هۆی شارەزا کردن بۆ بەنیئیسرائیل و، چەن پێشەوامان لەو گەلەدا دروست کرد کە خەڵکیان شارەزا ئەکرد لەسەر فەرمانی ئێمە، لەبەر ئەوە کە خۆگر بوون لەبەر باری ئازاری دوژمنانا و، خۆگر بوون بەرابەر بە نەزان و سەرسەختانی بەنیئیسرائیل و، توانییان تەورات بگەیەننە مێشکی وشکی ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادە. وە ئەو پێشەوایانە لە گیانی خۆیانا باوەڕی ساغیان بە ئایاتی ئێمە هەبوو؛ چونکی پێشەوا ئەگەر خۆی باوەڕی بە دینەکەی خۆی پتەو نەبێ ئەوە ئەو پەند و دەرسە دای ئەدا ناگاتە گیان و دڵی گەلەکە چونکی:

وتار دەنگەکەی بە گوێچکە ئەگات   بەڵام ماناکە بە دڵ کار ئەکات

وە بە ڕاستی پەروەردگاری تۆ حوکم ئەدا لە بەینی ئەو بەنیئیسرائیلیانەدا، یا لە بەینی ئەم کافرانی چەرخی خۆتەدا لەو باسانەدا کە جیاوازییان هەیە تیایانا.

﴿أَوَلَمْ يَهْدِ لَهُمْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْقُرُونِ يَمْشُونَ فِي مَسَٰكِنِهِمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ ۖ أَفَلَا يَسْمَعُونَ ﴿٢٦﴾ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا نَسُوقُ ٱلْمَآءَ إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلْجُرُزِ فَنُخْرِجُ بِهِۦ زَرْعًا تَأْكُلُ مِنْهُ أَنْعَٰمُهُمْ وَأَنفُسُهُمْ ۖ أَفَلَا يُبْصِرُونَ ﴿٢٧﴾﴾

ئایا ئەم کافرانە شارەزا ناکا بۆ هێزی تەوانایی و تۆڵەسەندنەوەی من ئەمە کە گەلێ لە خەڵکی چەرخە پێشووەکانمان بەرباد کرد، کە ئێستە ئەمان بە پێ هاتوچۆ ئەکەن و بە شوێنەکانیانا ئەگەڕێن و کەلاوە و شوێنەوارەکانیان ئەبینن؟ بە راستی لەم کارەدا نیشانە و بەڵگەگەلی زۆر هەیە لەسەر هێز و دەستەڵاتی ئێمە، ئایا ئەم دەرسانە نابیسن بە بیستنێ کە پەندێ لێ وەربگرن؟

یاخود ئایا نابینن کە ئێمە ئاوی ئاسمان ئەنێرین بۆ سەر زەوی کە گیاکەی دوورراوەتەوە و پێویستیان هەیە بە ئاو بۆ ئەوە جارێکیتر بڕوێتەوە، جا ئێمە کشتی وای لێ دەرئەکەین ئاژەڵەکانیان لێی ئەخۆن و، بۆ خۆیشیان هەر بەکەڵکە و لێی ئەخۆن؟ ئایا ئەمانە چاویان نابینێ و دەشت و سارا تەماشا ناکەن تا باش لەم مەبەستە تێ بگەن؟

﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْفَتْحُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٨﴾ قُلْ يَوْمَ ٱلْفَتْحِ لَا يَنفَعُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِيمَٰنُهُمْ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿٢٩﴾ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَٱنتَظِرْ إِنَّهُم مُّنتَظِرُونَ ﴿٣٠﴾﴾

کافرەکان بە گاڵتەوە بە موسوڵمانەکان ئەڵێن: ئەگەر راست ئەکەن ئەم فەتح و سەرکەوتن و پیرۆزیتانە کەی ئەبێ و بۆ کەی؟ تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو: لە

رۆژی فەتح و سەرکەوتندا ئیمان سوود نادا بە کافرەکان و ئیتر مۆڵەت نادرێن، ئێستە ئیمان بێنن باشترە، کە مادام ئەوانە وەها چەقەچڕۆ و سەرسەختن وازیان لێ بێنە و گوێیان پێ مەدە و چاوەڕوانی یارمەتیدانی خودا بکە، بە ڕاستی ئەوانیش چاوەڕێن بۆ ئەوە کە سەرکەون بەسەرتا. وە «إن‌شاءاللّٰە» هەر تۆ زاڵ و سەرکەوتووی لە مەیدانا.

سووره‌تی ئه‌حزاب، له‌وانه‌یه له مه‌دینه هاتووه‌ته خواره‌وه، "۷۳" ئایه‌ته،
دوای سووره‌تی ئالی‌عیمران هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ٱتَّقِ ٱللَّهَ وَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١﴾ وَٱتَّبِعْ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿٢﴾﴾

ریوایه‌ت كراوه، كه ئه‌بووسوفیان و عه‌كره‌مه‌ی كوڕی ئه‌بووجه‌هل و «ابوالأعور»ی سه‌له‌می له كاتی هودنه و سوڵح له‌گه‌ڵ حه‌زره‌تا ﷺ هاتن بۆ مه‌دینه‌ی مونه‌ووه‌ره بۆ خزمه‌تی حه‌زره‌ت و عه‌بدوڵلای كوڕی ئوبه‌یی و موعته‌بی كوڕی قوشه‌یر و جه‌دی كوڕی قه‌یسیان له‌گه‌ڵا بوو.

جا ئه‌بووسوفیان وتی: ئه‌ی موحه‌ممه‌د تۆ باسی بته‌كانی ئێمه مه‌كه و بڵێ ئه‌وانیش حه‌قی تكایان هه‌یه، ئێمه‌یش واز له تۆ دێنین له‌گه‌ڵ خودای خۆتا. جا ئه‌م ئایه‌تانه هاتنه خواره‌وه.

ئه‌ڵێ: ئه‌ی خاوه‌نی پایه‌ی پێغه‌مبه‌ری له خودا بترسه‌و په‌یڕه‌وی ئه‌و كافرانه مه‌كه كه له مه‌ككه‌وه هاتوون و، ئه‌و مونافقانه كه له مه‌دینه‌دا بوون به هاوڕێیان و قسه‌ی

ئەوانە وەرمەگرە، بە راستی خودای تۆ زانایە بە هەموو حاڵێ و خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا.

وە شوێن ئەوە بکەوە کە بە وەحی لە لایەنی خودای خۆتەوە بۆت دێ، بە راستی خودا ئاگادارە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن.

﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿٣﴾ ﴾

وە ئیعتیماد بدە لەسەر خودای خۆت و خودا بەسە بۆ ئەوە پشتی پێ ببەسرێ و ئیعتیمادی بکرێتەسەر.

﴿ مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلْبَيْنِ فِى جَوْفِهِۦ ۚ وَمَا جَعَلَ أَزْوَٰجَكُمُ ٱلَّٰٓـِٔى تُظَٰهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَٰتِكُمْ ۚ وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَآءَكُمْ أَبْنَآءَكُمْ ۚ ذَٰلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَٰهِكُمْ ۖ وَٱللَّهُ يَقُولُ ٱلْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِى ٱلسَّبِيلَ ﴿٤﴾ ٱدْعُوهُمْ لِءَابَآئِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ فَإِن لَّمْ تَعْلَمُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَمَوَٰلِيكُمْ ۚ وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَآ أَخْطَأْتُم بِهِۦ وَلَٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥﴾ ٱلنَّبِىُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ۖ وَأَزْوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمْ ۗ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَىٰ بِبَعْضٍ فِى كِتَٰبِ ٱللَّهِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ إِلَّآ أَن تَفْعَلُوٓا۟ إِلَىٰٓ أَوْلِيَآئِكُم مَّعْرُوفًا ۚ كَانَ ذَٰلِكَ فِى ٱلْكِتَٰبِ مَسْطُورًا ﴿٦﴾ ﴾

ریوایەت کراوە کە ئیبنوعەباس ﵄ عەرزیان کرد: تۆ چی ئەڵێیت لە هۆی ئەم ئایەتەوە کە خودا فەرموویەتی: ﴿ما جعل الله لرجل من قلبین﴾؟ ئەویش فەرمووی:

رۆژێ حەزرەت ﷺ هەستا نوێژی کرد و لە نوێژدا سەهوێکی بەسەرا هات، لەوێدا یەکێ لە مونافقەکان ـ کە لە پشتیەوە نوێژی ئەکرد ـ وتی: تەماشاکەن موحەممەد دوو دڵی هەیە؛ دڵێکی وا لەگەڵ ئێمەدا و، دڵێکی لەگەڵ خۆیانا، بۆیە وا سەهوی کرد لەم نوێژەدا! جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.

وە ریوایەت کراوە لە ئیبنوعومەرەوە رضي الله عنهما: کە زەیدی کوڕی حاریسە ـ ئازادکراوی حەزرەت ﷺ ـ هەر بانگمان ئەکرد «زەیدی کوڕی موحەممەد» هەتا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە: ﴿ أدعوهم لآبائهم هو أقسط عند اللّٰه ﴾ جا ئەوسا بانگمان کرد «زەیدی کوڕی حاریسە».

وە ریوایەت کراوە لە ئەبووهورەیرەوە رضي الله عنه لە حەزرەتەوە ﷺ فەرموویەتی: هیچ خاوەن ئیمانێ نییە ئیللا من نزیکتر و دڵسۆزترم بۆ ئەو لە هەموو کەس لە دنیا و لە قیامەتا، ئەگەر ئارەزوو ئەکەن بخوێننەوە: ﴿النبي أولى بالمؤمنين من أنفسهم﴾ کە فەرموودەی خودایە و نەسە لەوەدا کە وتمان، جا هەر موسوڵمانێ ماڵێکی لە پاش بەجێما با عەسەبە و کۆمەڵی ئەو بیبەن هەرکەسێ هەن، وە ئەگەر قەرزی بەجێهێشت یا منداڵی وردی بەجێهێشت با بێن بۆ لای من هەتا قەرزەکەی بۆ بدەمەوە و منداڵەکانی بۆ بەخێو بکەم؛ چونکی من گەورە و یارمەتیدەری ئەوانم.

جا خودای تەعالا فەرمووی: خودا بڕیاری نەداوە بۆ هیچ پیاوێ دوو دڵی ببێ. وە لەو رۆژەدا کە ئەو سەهوە بەسەر پێغەمبەرا هاتووە لەبەر ئەوە نەبووە دوو دڵی بووە و دڵێکیان لە لای خۆی بووە و دڵێکیان لە لای خزم و کەسی خۆی، وەکوو یارۆی مونافق وتوویە، بەڵکوو لەبەر ئەوە بووە کە خودا سوجدەی سەهو تەشریع بکا بۆ هەرکەسێ کە لە نوێژا سەهو بکا. وە ئەوەیش کە لە ناو عەرەبا مەشهوور بووە پیاوی زۆر هۆشیار دوو دڵی هەیە وەکوو وتوویانە بە «معمر» یا خود بە «جميل» کوڕی ئەسەدی فیهری «ذوالقلبين» ئەسڵی نییە.

وە خودای تەعالا بڕياری نەداوە ئەو ژنانە كە زيهاريان لە گەڵا ئەكەن دايكی ئێوە بن، واتە پێيان ئەڵێن «أنت عليَّ كظهر أمي» يانی تۆ بۆ من وەكوو پشتی دايكم وەهای، وەكوو چۆن سواری دايكی خۆم نابم ئيتر سواری تۆيش نابم. ئەم قسە لە عالەمی جاهيلييەتا بە تەڵاق دانراوە، بەڵام لە ئيسلاما حوكمی گۆڕراو كەسێ ئەو لەفزە بڵێ ژنەكەی لێ حەرام ئەبێ هەتا: يا بەندەيێ ئازاد ئەكا، ئەگەر بەندە نەبوو ـ وەكوو لەم چەرخەدا ـ ئەبێ دوو مانگ بەرۆژوو بێ، ئەگەر نەخۆش بوو دوكتۆر مەنعی رۆژووی لێ كرد خۆراكی شەست گەدا بدا يەكی مشتێ گەنم.

وە ئەو كەسانە ئێوە ئەيانگرنە خۆتان و ئەيانكەن بە كوڕی خۆتان خودا نەيكردوون بە كوڕی ئێوە، ئەم قسە كە ئەڵێن ئەوانە كوڕی ئێمەن قسەيەكە لە دەم دەر ئەچێ نەك لە دڵ، وە حەقيقەتی واقيعی نييە و، خودای تەعالا شتێك ئەفەرموێت كە حەقيقەتێكی عەينی موتابيق بۆ واقيع بێ، وە خودا ئێوە شارەزا ئەكا بۆ رێگەی راست كە نيسبەتدانی ئينسانە لە باوكی واقيعی خۆی.

وە ئەو كەسانە كە كردووتانن بە كوڕی خۆتان بە ناوی باوكيانەوە بانگيان بكەن ئەوە موافيقی حەقە بە لای خوداوە. جا ئەگەر باوكەكانيانتان نەئەزانی ئەوە براتانن و بە برا بانگيان بكەن و، دۆستی ئێوەن بە كەليمەی «خۆشەويستم» بانگيان بكەن.

وە تاوانتان لەسەر نييە لەوەدا كە پێش ئەم نەهيە بە ناوی غەيری باوكی خۆيانەوە بانگتان كردوون، يا خود لە پاش نەهيەكە بە هەڵە بێت بە دەمتانا. بەڵام گوناح وا لەوەدا كە بە عەمدی دڵتان بێ، وە خودای تەعالا تاوانبەخش و ميهرەبانە، ئەگەرنا لە سەر هەڵەكەيش سزای ئەدان.

موسليم و بوخاری و ترمزی و نەسائی و غەيری ئەوانيش ريوايەتيان كردووە لە ئيبنوعومەرەوە رضي الله عنهما: كە زەيدی كوڕی حاريسە بەندەی حەزرەت ﷺ بوو، هەر

بە «زەیدی کوڕی موحەممەد» بانگمان ئەکرد، هەتا ئایەتی: ﴿ادعوهم لآبائهم...﴾ هاتەخوارەوە، لەوێدا حەزرەت ﷺ فەرمووی: تۆ زەیدی کوڕی حاریسەی کوڕی شەراحیلی.

وە ڕووداوی ئەم زەیدە وەکوو «ابن مردویە» لە ئیبنوعەباسەوە ریوایەتی کردووە ئەمەیە: ئەڵێ: زەید بەسەردان هاتبوو بۆ لای خاڵۆکانی کە کوڕانی «معن» لە کوڕانی «سەعل» لە هۆزی «تەی» بوون، لەوێدا شەڕێ قەوما و ئەو هۆزە تاڵان کران و، زید پێوە بوو بردیان و دوایی هێنایان بۆ بازاڕی «عوکازە». جا ڕۆژێ حەکیمی کوڕی حەزامی کوڕی خوەیلد ڕۆیشت بۆ ئەو بازاڕە شت بکڕێ و خەدیجەی خێزانی حەزرەت ﷺ پێی وت: ئەگەر بۆت ڕێکەوت غولامێکی قسەخۆشی عەرەبیم بۆ بسێنە. جا کاتێ حەکیم گەیشتە ئەو شوێنە کە غولامیان تیا ئەفرۆشت زەیدی چاو پێکەوت و زۆر لە لای جوان بوو، جا کڕی و بردییەوە بۆ مەککە و دوای ماندوو حەسانەوەی بردی بۆ لای پوورکی، کە خەدیجە بوو، عەرزی کرد: ئەگەر ئەتەوەێ ئەوا غولامەکەم بۆ کڕیوی، کاتێ خەدیجە چاوی پێی کەوت پێی خۆش بوو لە حەکیمی وەرگرت.

پاش ئەوە کە حەزرەت ﷺ خەدیجەی مارەکرد خەدیجە ئەو غولامەی بەخشی بە حەزرەت و زەید لەلای حەزرەت ﷺ مایەوە هەتا حاریسەی باوکی هەواڵی زانی کە زەید وا لە مەککەدا، ئەوسا لەگەڵ براکەی و کوڕێکیا هاتن بۆ مەککە و حاریسە عەرزی حەزرەتی کرد کە زەیدی پێبداتەوە. عەرزی کرد: ئەی موحەممەد ئێوە ئەهلی حەرەمی خودان و نان ئەدەن بە داماوان و هەژاران، دەی منەت بخەرە سەر شانمان و هەرچەن فیدیەت ئەوێ پێشکەشتی ئەکەین، حەزرەت ﷺ فەرمووی: من مامەڵەیەکی لەمە باشترتان لە گەڵا ئەکەم، وتیان: چی ئەفەرمووی؟ ئەویش

فەرمووی: قسە لەگەڵ زەیدا بکەن، ئەگەر ئێوەی ویست ئەوە بە بێ فیدیە بیبەنەوە، وە ئەگەر لای ئێمەی پێخۆش بوو وازی لێ بێنن با بمێنێتەوە. ئەویش وتی خودا پاداشت بداتەوە. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئەی زەید ئەم کۆمەڵە ئەناسی؟ عەرزی کرد: بەڵێ ئەمە باوکمە و ئەوە ماممە و ئەویش برامە. حەزرەت فەرمووی: ئەوە وایە، جا ئەگەر ئەوانت ئەوێ لەگەڵیانا بڕۆرەوە، وە ئەگەر منت ئەوێ ئەوە تۆ من ئەناسی.

زید عەرزی کرد: من هەرگیز لە تۆ بەولاوە کەسم ناوێ و تۆ لە شوێنی باوکم و مامەمدای. لەوێدا باوکی و مامی پێیان وت: ئەی زید تۆ بەندایەتیت پێخۆشە؟ ئەویش وتی: من ناتوانم لەم شەخسە جیا بمەوە! جا کاتێ حەزرەت ﷺ لەوە حاڵی بوو کە زەید زۆر ئارەزووی هەیە لە خزمەتیا بمێنێتەوە فەرمووی: ئاگادار بن و بە شایەت بن زەید ئازادە و کوڕی منە، میراتم لێ وەر ئەگرێ و میراتی لێ وەرئەگرم.

جا کاتێ حەزرەت ﷺ ئەمەی فەرموو زەید ئازادکرا دڵیان خۆش بوو و بەوە رازی بوون کە زەید بە کوڕێتی لای حەزرەت بمێنێتەوە. ئیتر لەو کاتەوە بە زەیدی کوڕی موحەممەد بانگی لێ ئەکرا، تا ئایەتی: ﴿ادعوهم لآبائهم...﴾ هاتەخوارەوە. جا حەزرەت ﷺ بانگی کرد زەیدی کوڕی حاریسە.

وەلحاسڵ «تَبَنِّي» واتە کوڕی خەڵکی بە کوڕی خۆ کردن لە جاهیلییەتا و لە ئیسلاما لە ناو عەرەبا باو بووە، تا ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە و موسوڵمانانی لەو کارە مەنع کرد. وە حەدیس هەیە لەسەر ئەوە هەرکەسێ بە درۆ خۆی بکا بە کوڕی کەسێ و بزانێ کوڕی یەکێترە، یا هەر پیاوێ منداڵی نەسەب نەناسراو یا نەسەب ناسراو، بە خۆڕایی یا بە پارە وەری‌بگرێ و بیکا بە منداڵی خۆی ئەوە تاوانبارە و خودای لێ زویرە.

١. چونکە بێگانە ئەکا بە واریس و واریس نائومێد ئەکا یا بەشە میراتەکەی کەم ئەکا.

٢. بێگانە ئەخاتە ناو خێزانی خۆیەوە و ئامادەی ئەکا بۆ خەڵوەت بە شێوەی ناڕەوا.

٣. دیارە «عرق دساس»ە واتە: ـ رەگ دزە ـ و وا ئەبێ لە تایفەیەکدا بازە نەخۆشینێ بە میرات دێ وەکوو: «سیل» و «باداری» و «ئەعساب»... و ئەم دەردەدارە تێکەڵی خێزانی خۆی ئەکا.

وە ئەبێ بزانی کە «تەبەننی» جیاوازی لە «ئیستیلحاق» هەیە و ئەمەی دوایی رەوایە و بریتییە لەوە: ئینسانێ چووەتە لای ژنێ بە گومان و ئەو ژنە منداڵێکی ئەبێ و لەو کاتەدا ژنەکە منداڵەکە ئەداتە پاڵ پیاوێ‌تر و ئەم کابرایشە لێی مەعلوومە منداڵی خۆیەتی و داوای ئەو کوڕە ئەکا بە سیفەتی ئەوە کوڕیەتی.

وە یا خود کابرایێ کوڕێکی بە منداڵی ون بووە لە پاشا بە بازێ نیشانەدا ئەیدۆزێتەوە و داوای ئەکا و یەکێ‌تر ئەڕوا بە گژیاو مەحکەمە ئەو کێشە ئەبڕێتەوە. ئەمانە هەموو رەوان لەسەر یاسایێ کە شەرع بەیانی کردووە. وە «ئیستیلحاقی» پیاو جێگەی ئیعتیبارە، بەڵام ئیستیلحاقی ژن بایەخی نییە بۆ ئەوە نەبێ کە حەرامە مارەکردنی ئەو ژنە لەو کوڕە لەسەر داوای ژنەکە خۆی. وەکوو لە شەرعا روونە.

هەروا لە هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی: ﴿النبي أولى بالمؤمنين من أنفسهم...﴾ وە ریوایەت کراوە کە حەزرەت ﷺ فەرمانی دا بە گەلێ لە خەڵکی مەدینە کە دەرچن بۆ جەنگی تەبووك، ئەوانیش بازێکیان وتیان با پرسی باوك و دایکمان بکەین. جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە کە مەعنای وەهایە: پێغەمبەر ﷺ لایەقترە بۆ موسوڵمانان لە خۆیان لە هەموو شتێکدا، واتە: ئەگەر حەزرەت ﷺ بانگیان بکا بۆ کارێ نەفسی خۆیان ئارەزووی ئەو کارەی نەبێ ئەوە فەرمانبەری حەزرەت ﷺ واجبە و ئەبێ گوێ بە ئارەزووی خۆیان نەدەن.

وەلحاسڵ تەفسیری ئایەتە شەریفەکە ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ لایەقترە بە ریعایەتی ئەحوالّی موسوڵمانان لە نەفسی خۆیان لە هەموو کارێکدا سەلبی یا ئیجابی، وە موسوڵمانان مافی سەرپێچییان لە فەرمانی حەزرەت ﷺ نییە؛ چونکی ئەو زاتە، راستە و دڵسۆزە و زانایە و خودا ئاگاداری ئەکا و وەحی بۆ ئەنێرێ. کە وابێ لە هەموو شتێکدا حەق ئەوەیە ئەو ئەیفەرموێت. وە خێزانەکانیشی وان لە جێگەی دایکیانا لە رێز و ئەدەب و چاودێری حالّا، نەك لە تەماشاکردن و خەڵوەت و باقی ئومووری دنیاییدا. ئەوە ئەوانە بۆ موسوڵمانان وەکوو ژنی بێگانە وەهان. بۆیە عائیشە ﵂ ئەیفەرموو: ئێمە دایکی ژنەکان نین. یانی ئەگەر دایکی راستی بووینایێ فەرقی پیاو و ژن نەدەبوو. وە ئەو خزمانە کە خزمایەتی نەسەبی، یا ژن و ژنخوازییان لەگەڵ یەکا هەیە، بازێ لەوانە لایەقترن بە وەرگرتنی میرات لە غەیری خۆیان لە بڕیاری کتێبی خودادا کە «لوح المحفوظ»، یا قورئانی پیرۆزە. وە غەیرەکەی خۆیان مەبەس لە «موهاجیرین» و «ئەنسار» وە یا «أولوالأرحام» لەوانە، یانی کاتی خۆی لە سەرەتای کاتی کۆچکردنەوە بۆ مەدینە یەکێ میراتی لە یەکێ ئەبرد بە هۆی ئەوەوە کە هەردوو بە یەکەوە کۆچیان کردووە، یا هەردوکیان لە «ئەنسار»ن. بەڵام ئەو حوکمە نەسخ کرایەوە و تەماشای خزمایەتی ئەکرێ ئەوە نەبێ کە لەگەڵ دۆستەکانتانا چاکەیێ بکەن، واتە وەسییەت بکەن بە ئەندازێ ماڵ پێیان بدرێ ئەوە مەمنووع نییە. وە ئەمە لە «لوح المحفوظ» دا نووسراوە.

﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ۖ وَأَخَذْنَا مِنْهُم مِّيثَٰقًا غَلِيظًا ﴿٧﴾ لِّيَسْـَٔلَ ٱلصَّٰدِقِينَ عَن صِدْقِهِمْ ۚ وَأَعَدَّ لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٨﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست باسی ئەوە بکە کە ئێمە پەیمانمان لە پێغەمبەرەکان وەرگرتووە و، پەیمانمان لە تۆ و لە نووح و، ئیبراهیم و، مووسا و، عیسای کوڕی مەریەم وەرگرتووە، پەیمانێکی زۆر گەورە و بەهێزمان لێوەرگرتوون لەسەر گەیاندنی ئایین و، مودارا بە قەی تەوانا لەگەڵ ئەوانەدا ئایینیان پێ ڕائەگەیەنن، وە خۆگرتن لەسەر ئازاری دڵ و بەرانبەری نەفامان و، خۆبەهێز کردن بە تەوەککول و ئیعتیماد لەسەر خودا. وە ئەنجامی ئەم پەیمانە ئەمەیە تا خودا پرسیار بکا لەو پێغەمبەرە گەورە ڕاستانە لە ئەنجامی ڕاستییەکەیان. واتە پێیان بڵێم: کە ئێوە بەو ڕاستییەوە خەڵکتان بانگ کرد بۆ خوداپەرەستی ئەوان چۆن وەڵامیان دانەوە؟ ئایا کێ بە دەنگتانەوە هات و پەیامەکەی لێوەرگرتن و ئامادەی فەرمانبەری خودا بوو؟ وە کێ لای لێنەکردنەوە و گوێی بە بانگەکەتان نەدا و سەرپێچی کرد؟ وە خودا بۆ خاوەن باوەڕ و کردەوە باشەکان بەهەشت و نیعمەت و ئاسایشی ئامادە کردووە و بۆ کافرەکانیش سزایەکی سەخت و مەینەت و ئازارێکی زۆرمان بۆ داناون و، تۆڵە لە قەی کردەوەیە.

بزانن! خاوەن تەفسیرەکان گەلێکیان تەفسیری ئەم پەیمانەیان وا کردووە کە بریتییە لەو پەیمانە کە لە «عالەمی ئەرواح»دا خودا لەگەڵ پێغەمبەرەکانا بەستوویە، بە وەکوو لە ئایەتی: ﴿وإذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم...﴾ لە سوورەتی ئەعرافدایە [ئایەتی ١٧٢].

وە بازێ فەرموویانە: ئەو پەیمانە لە زەمانی ڕیسالەتی ئەوانا بووە لە عالەمی ئەجساما بەو جۆرە کە خودا خۆی ئەزانێ بە ئیلهامە، یا بە خەوە، یا بە هەر شێوەیێ بێ. وە خودا توانایە بە سەر ئەوانا.

هەروا بزانن ناوهێنانی ئەو چەند پێغەمبەرە بە ناوی خۆیان لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو بەر کەلیمەی «والنبيين» ئەکەون. لەبەر دەربڕینی زیادە بایەخدانە بەم چەن

کەسە کە لە پێغەمبەرانی «اولوالعزم»ن و لە واقیعا زەحمەتیان زۆر بووەو لەگەڵ ئوممەتەکەیانا گەلێ هەوڵیان داوە تا دینەکەیان بڵاو کردووەتەوە.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَآءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ﴿٩﴾ ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە باسی نیعمەتی خودا بکەن لەسەرتان لەو کاتەدا کە سوپای دوژمنەکان هاتن بۆ سەرتان، جا ئێمەیش سوپای «با»مان نارد بۆ سەر ئەوان و، سوپایەکیشمان بۆ ناردن کە ئێوە نەتانئەبینین. وە خودای تەعالا بینایە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن.

بزانن! ئەم ئایەتە باسی «جەنگی ئەحزاب» ئەکا کە ناویش ئەبرێ بە «جەنگی خەندەق»، وە ئەساسی ئەم جەنگە لەسەر ئەوە بوو کە کۆمەڵێ لە گەورەکانی «بەنی نەزیر» لە جوولەکە لە ماڵ دەرچوون و رۆیشتن بۆ مەککە و، پیاوە گەورەکانی قورەیشیان بانگ کرد و، هانیان دان بۆ جەنگکردن لەگەڵ حەزرەتا ﷺ و پێیان وتن: ئێمەیش واین لەگەڵتانا تا موحەممەد و پەیڕوانی لەناو ئەبەین، وە ئایینی ئێوە لە ئایینی موحەممەد چاکترە. جا ئەمانە رێکەوتن لەگەڵ قورەیشا و بڕیاری جەنگیان دا لە دژی حەزرەت ﷺ و یارانی.

هەر ئەو کۆمەڵە جوولەکە رۆیشتن بۆ لای هۆزی «غەتەفان» و ئەوانیشیان ختە دا بۆ جەنگ لە دژی حەزرەت ﷺ و ئەوانیش موافەقەیان کرد لەگەڵیانا، پاش ئەمە رۆیشتن بۆ لای بەنیفەزارە و «بەنیمورە» ئەوانیشیان ساز کرد و لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کات و شوێنی دیارییان بڕیار دا بۆ جەنگ دژی حەزرەت ﷺ، هەتا بە جارێ خۆی و موسوڵمانەکان بەرباد بکەن.

وە حەزرەت ﷺ بەم ڕێکەوتنەی نێوان جولەکە و هۆزە عەرەبەکان و قورەیشی زانی و یارانی کۆ کردەوە و داوای ڕاوێژی لێ کردن. وە سەلمانی فارسی کە لە ناویانا بوو ڕێنومایی کردن بۆ دروستکردنی «خەندەق» لە بەردەمی سوپای دوژمنەکانا لە نزیکی مەدینەدا و، ئەم ڕێنومایيە پەسەند کرا و دەست کرا بە هەڵکەندنی و، پێش هاتنی سوپای دوژمنەکان خەنەکەکە هەمووی تەواو بوو.

وە ئەو ئەحزابە بریتی بوون لەمانە کە باسیان ئەکەین:

یەکەم: قورەیش و سەرلەشکریان ئەبوسوفیان بوو.

دووەم: بەنوئەسەد، سەرۆکیان تولەیحە بوو.

سێهەم: غەتەفان، گەورەیان عویەینە بوو.

چوارەم: بەنوعامیر، گەورەکەیان عامیری کوڕی توفەیل بوو.

پێنجەم: بەنوسولەیم، «ئەبو لئەعوەر»ی سەلەمی گەورەیان بوو.

شەشەم: بەنونەزیر، گەورەیان «حەیی کوڕی ئەختەب» لەگەڵ کوڕانی ئەبوحەقیق بوو.

حەوتم: بەنوقورەیزە، گەورەی ئەوان کەعبی کوڕی ئەسەد بوو. ئەمانە پەیمانیان هەبوو لەگەڵ حەزرەتا ﷺ، بەڵام بە هۆی هاتوچۆ و تێکۆشانی «حەیی»ەوە ئەو پەیمانەیان شکاند.

وە ژمارەی ئەم سوپای ئەحزابە لە ریوایەتێکدا دە هەزار و، لە ریوایەتێکدا دوازدە هەزار و لە ریوایەتێکی‌تردا پازدە هەزار کەس بوون. وە هاتن لە نزیکی مەدینەی مونەووەرەدا لە نزیکی خەنەکەکەوە خێوەتیان هەڵدا.

وە لە پێش گەیشتنی ئەوانا حەزرەت ﷺ بە سێ هەزار کەس لە یارانەوە هاتبوون لە نزیکی ئەو خەنەکەدا کە هەڵیان‌کەندبوو دامەزران بوون و ئامادە بوون بۆ هاتنەمەیدان و جەنگکردن.

وە فەرمانی دا کە پیر و داماو و ژن و منداڵ لە مەدینە دووربکەونەوە بۆ سەر بەرزی و شوێنی پەنا و خۆیان بشارنەوە، وە ترس و بیم لەسەر خەڵك زۆر بوو، ماوەی یەك مانگ ئەم دوو سوپایە بێشەڕ کردنی رووبەروو دەستەو یەخە لە بەرانبەری یەکدا مانەوە.

وە لە سەر قسەی گەلێ لەوانە کە سیرەتی حەزرەتیان نووسیوە ئەم رووداوە لە مانگی شەوالی ساڵی پێنجی کۆچیدا دەستی پێ‌کرد.

لەو کاتەدا موسوڵمانەکان ئاگادار بوون لەوە کە جوولەکەی بەنیقورەیزە پەیمانەکەیان کە لەگەڵ حەزرەتا ﷺ بەستبوویان شکاندوویانە و جوولەکەکانیتریش هاوبیری ئەمانن و عەرەبەکانیشیان لەگەڵدان و وەکوو دۆست و برا دەستیان کردووە بە دەستی یەکدا و لەولایشەوە مونافقەکانی دەوروبەری مەدینە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاڵانتە و دیعایەکردن بۆ عەرەب و دیعایەکردن لە دژی حەزرەت ﷺ و موسوڵمانان و، زۆر کەسیان بە ناوی ئەوەوە کە ماڵ و خانەوادەیان چۆڵە ئیزنیان لە حەزرەت ﷺ وەرگرت و گەڕانەوە بۆ مەدینە.

لە ماوەی ئەو مانگەدا جگە لە شەڕە بەرد لە دوورەوە و شەڕە تیرێکی ئەم بەرەوبەری خەنەکەکە رووداوێکی وا رووی نەدا، ئەوە نەبێ چەند سوارێ لە عەرەب، وەکوو عەمری کوڕی عەبدیود کە بەرابەر بە هەزار سوار بوو، عەکرەمەی کوڕی ئەبووجەهل و، زەراری کوڕی خەتاب و، هەبیرەی کوڕی ئەبووەهاب و، نەوفەلی کوڕی عەبدوڵڵا ئەمانە سوار بوون و هاتن لە شوێنێکی تەنگەبەری خەنەکەکەوە پەڕینەوە بۆ لای سوپای حەزرەت ﷺ و دەستیان کرد بە غارو هاتوچۆ، لە نێوان خەنەکەکە و کێوی «سلع»دا؛ جا عەلی کوڕی ئەبووتالیب لەگەڵ چەن کەسێ لە موسوڵمانەکانا بۆیان دەرچوون هەتا ئەو تەنگەبەرییە کە لێی پەڕی بوونەوە گرتیان و بازێکیان

روویان کردە سوارە عەرەبەکان و، حەزرەتی عەلی عەمری کوڕی عەبدیوودی کوشت و، سوارەکانی هاوڕێی لە ترسا هەڵاتن و، مونەببەهی کوڕی عوسمانی کوڕی عەبدولدار و نەوفەلی کوڕی عەبدولعوزا کوژران.

وە بازێ ئەڵێن: نەوفەل کەوتبووە ناو خەنەکەکەوە و یاران بە بەرد لێیان ئەدا، ئەویش بانگی کرد لەمە جوانتر ئەوەیە یەکێکتان بێتەخوارەوە و شەڕم لەگەڵدا بکا، جا زوبەیری کوڕی عەوام بۆی دابەزی و کوشتی. کافرەکان دەهەزار دیناریان نارد بۆ حەزرەت ﷺ کە لاشەی نەوفەلیان پێبداتەوە. ئەویش فەرمووی: ئێمە پارەی مردارەوە بوو وەرناگرین، بە خۆڕایی ببەنەوە، ئەوانیش هاتن لاشەکەی نەوفەلیان بردەوە.

ئەم رووداوە ورەی موسوڵمانەکانی زۆر بەهێز کرد و، کافرەکان زۆر پەست بوون و، خودا بە چەن شتێ یارمەتی سوپای ئیسلامی دا:

یەکەم: نەعیمی کوڕی مەسعوودی ئەشجەعی لە ناو کافرەکانا بوو هات بۆ لای حەزرەت ﷺ موسوڵمان بوو، عەرزی کرد هەر کارێ ئەفەرمووی ئامادەم بیکەم. حەزرەت ﷺ فەرمووی: تۆ تاقەکەسێکی بە جەنگ شتێکی وات پێ ناکرێ، بەڵام ئەگەر ئەتوانی برۆ بە فێڵ شتێکیان لەگەڵا بکە؛ (چونکە جەنگ بە فێڵە) و ئەوان ئێستە نازانن تۆ موسوڵمان بووی. ئەویش عەرزی کرد باشە، جا هەستا و رۆیشت.

لە پێشا رۆیشتە ناو «بەنیقورەیزە» و ئەوانیش بە کافریان ئەزانی، پێیوتن: ئێوە خۆتان مەخەنە داوەوە لەگەڵ قورەیشدا و جەنگ لەگەڵ موحەممەدا مەکەن هەتا چەن پیاوێ لە قورەیش وەرنەگرن بە بارمتە؛ چونکی باوەڕم وایە کە قورەیش بە دڵ شەڕ ناکەن لەگەڵ موحەممەدا و ئێوە ئەکەونە ناو داوی دوژمن لەگەڵ موحەممەدا.

ئەوانیش قسەکەیان زۆر باش و ـ وەك قسەی دۆست ـ وەرگرت.

پاش ئەوە نەعیم رۆیشت بۆ ناو عەرەبەکان و پێی‌وتن: ئێوە ئاگاتان لەوە نییە بەنی‌قوریزە لە ژێرەوە لەگەڵ موحەممەدان و بڕیاریان داوە کە چەن کەسێ لە قوڕەیش و غەتەفان بە ناوی بارمتەوە وەربگرن و بیاندەن بە موحەممەد بیانکوژێ!

جا ئەگەر ناردیان بۆ ئەم مەبەستە بزانن قسەکەی من راستە. هەروا هات بۆ ناو غەتەفانیش و هەمان قسەی بۆ کردن. بەم شێوە نێوانی عەرەب و جوولەکەی تێکدا و کەسیان باوەڕیان بە کەسیان نەما کە دۆست بن، چ جای ئەوە شەڕیان بۆ بکەن.

دووەم: ئەمە بوو خودا بایەکی بەهێزی زۆر ساردی نارد بۆ سەریان وای کرد لە خێوەت و شوێنەکەیان مەگەر خودا بزانێ! مەنجەڵی چێشتی هەڵگێڕایەوە و دەواری فڕەدا و وردەبابەتیانی برد بەدەرو دۆڵا و خەوش‌و خاڵی باران بەسەریانا... وەهای پێ‌کردن هەموو لە ژیانی خۆیان نائومێد بوون.

سێهەم: بە هۆی مەلائیکەی خوداوە یارمەتی دران. ریوایەت کراوە: ژمارەی هەزار ملائیکە هاتوونەتە خوارەوەو لەگەڵ هاتنی ئەوانا خودا بایەکی توندی ساردی نارد کە مەشهوورە بە «سەبا» جا ئەو بایە تۆز و خۆڵی ئەهێنا و بەهێز ئەیدا بە ناوچاوانی ئەو خەڵکەدا و، فەرمانی دا بە مەلائیکە کە تەنافی خێوەتەکانیان ئەبڕی و، ئاگرەکانیان ئەکوژانەوە و ئەسپ و وشترەکانیان بەردا تێکەڵی یەك بوون و بلاوەیان کرد بە ناو خێوەتگاکەیانا و، ترس و بیمیان خستە ناو دڵی ئەو سوپای ئەحزابەوە و، مەلائیکە لە چواردەوری سوپاکەیانەوە «اللّٰه أكبر»ی ئەکرد. هەتا تولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدی هەستا وتی: موحەممەد ئەمجارەیش سیحرەکانی خۆی هێناوە سەرمان! کوڕینە دەرچن رزگار ببن! جا ئەو سوپایە سەریان لێ تێکچوو.

وە حوزەیفە رضي الله عنه ئەڵێ: رۆیشتم بۆ ئەوە هەواڵێکی ئەحزاب بێنمەوە، تەماشام کرد پیاوێ ئەیتوانی لە خێمەکانەوە بڕواتە دەرەوە، وەها سەریان لێ شێوا بوو، وەڵڵاهی

دەنگی بەردەم ئەبیست ئەیدا بەسەر دەفرو شتو مەکیانا و، با لێی ئەدان، کاتێ گەڕامەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ لە ناوقەدی ڕێگەدا گەیشتم بە بیست سواری مێزەر لەسەر وتیان: هەواڵ بدە بە موحەممەدی گەورەت کە: خودای تەعالا ڕزگاری کردن لە شەڕ کردن لەگەڵ ئەحزابا. ئەمەم لە «روح المعاني» وەرگرتووە.

موسلیم ﷺ لە سەحیحەکەیا ڕیوایەت ئەکا لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە ئەڵێ: لە خزمەتی حەزرەتا بووم لە شەوی ئەحزابا و، باو سەرمایەکی توند داگیری کردین. لەوێدا حەزرەت ﷺ فەرمووی : پیاوێ نییە هەواڵێکی ئەو گەلەم بۆ بێنێتەوە و لە بەهەشتا لەگەڵ منداً بێ؟ ئەڵێ: هەموو بێ‌دەنگ بووین، کەس وەڵامی نەدایەوە هەتا سێ جار. جا فەرمووی: ئەی حوزەیفە بڕۆ هەواڵێکی ئەو گەلەم بۆ بێنەرەوە، بەڵام مەیان ئاڵۆزێنە لێم.

منیش زۆر بێ‌دەنگ ڕۆیشتم هەتا نزیکی خێوەتەکەیان بوومەوە، چاوم کەوت بە ئەبووسوفیان پشتی خۆی ئەدا بە ئاگردا، منیش تیرێکم خستە کەوانەکەم، ئەگەر لەبەر قسەکەی حەزرەت ﷺ نەبوایێ لێم ئەدا و ئەم پێکا، لەوێوە هاتمەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ ئەوانیش لە زیادەی عەباکەی خۆی بەشی‌دام و نوستم، هەتا ڕۆژ بووەوە و، حەزرەت ﷺ فەرمووی: هەستە ئەی زۆر نوستوو!

وە لە ڕیوایەتی ئیبنوئیسحاقدا زیادەیەك هەیە: حوزەیفە ئەڵێ: ڕۆیشتمە ناو گەلەکەوە، «با» بە هێزی خوی ـ و لەشکری خودا ـ ئەوەی پێ کردن کە پێی کردن. نە مەنجەڵی بەسەر ئاگرەوە هێشت و، نە خێوەت بە پێوە ما و، نە ئاگر ئەگڕا... لەوێدا دەستی پیاوێکم گرت کە لە تەنیشتمەوە بوو. وتم: تۆ کێی؟ وتی: فلانی کوڕی فلانم. لەوێدا گوێم لێ‌بوو ئەبووسوفیان ئەیوت: ئەی گەلی قوڕەیش وەڵڵاهی ئەم جێگەمانە جێگەی مانەوە نییە؛ وڵاخەکانمان لەناو چوون، بەنوقورەیزە لە گەڵمان

تێکچوون و ئەوەی پێمان ناخۆشە لێمان بیستن و، بای ساردیش ئەومانە پێ‌ئەکا کە ئەیکا، هەستن بار بکەن، وا من بارئەکەم و ئەگەڕێمەوە.

لە بەیانی ئەو شەوەدا دەرکەوت کە کافرەکان هەموو باریان کردووە جا حەزرەتیش لەگەڵ سوپاکەیا گەڕایەوە.

وە حەزرەت ﷺ لە شەوانی ئەحزابا هەر دوعای ئەکرد و، لە رۆژەکانیشا ئەپاڕایەوە لە خودا بۆ یارمەتیدانی موسوڵمانەکان. وە لەو دوعایانە کە ئەیکردن ئەمەبوو: «اللّٰهم منزل الكتاب، سريع الحساب، أهزم الأحزاب، اللّٰهم أهزمهم و زلزلهم» واتە ئەی خودایە کە قورئانت ناردووە و، حسێبی رۆژی قیامەتت بە پەلەیە، سوپای کافرانی ئەحزاب بشکێنە، خودایە بیانشکێنە و بیانخەرە ناو جووڵەو بێ‌ئارامییەوە.

لەم وەزعی حەزرەتەوە ﷺ دەر ئەکەوێ کە دوعاکردن و پاڕانەوە بە جۆشی دڵ لە لای خودا، بە مەرجی ئەوە کە مەبەستەکەت رەوابێ، یەکێکە لە هۆکانی رزگاری لە مەینەت و گەیشتن بە رەحمەت و نیعمەت.

﴿إِذْ جَآءُوكُم مِّن فَوْقِكُمْ وَمِنْ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَإِذْ زَاغَتِ ٱلْأَبْصَـٰرُ وَبَلَغَتِ ٱلْقُلُوبُ ٱلْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِٱللَّهِ ٱلظُّنُونَا۠ ﴿١٠﴾ هُنَالِكَ ٱبْتُلِىَ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَزُلْزِلُوا۟ زِلْزَالًا شَدِيدًا ﴿١١﴾﴾

لە کاتێکدا کە ئەحزاب و بەشی غەتەفان هاتن بۆ سەرتان لە لاژووررووی شیوی مەدینەی مونەووەرەوە لە خۆرهەڵاتەوە و لە خواررووی شیوەوە لە خۆرهەڵاتەوە قورەیش هاتن و، لە کاتێدا کە چاوان لایان دا لە موستەوای دیتنی خۆیان لەبەر سەرگەردانی و پەرێشانی دڵتان، وە دڵتان بە تەپەتەپ کردن بەرزەوە بوو بۆ نزیکی بڕانەوەی قوڕقوڕاچگەو لەو کاتانەدا جۆرەها گومانتان بە خودا ئەبرد. موخلیسەکان گومانیان باش بوو بە خودا.

ئەوانە دین و ئیمان ئەستوور بوون — یانی بە باوەڕ دەروون پڕ نوور بوون

ئەیانوت: حاشا خودای میهرەبان — ئێمە کز ناکا بۆ گەلی شەیتان

نەسرەتمان بۆ دێ بە وێنەی باران — ئەرژێتە سەرمان لە ناو دیاران

ئەوەیش لە دنیا کە مونافق بوو — بۆ یارمەتی حەق ناموافیق بوو

ئەیانوت: تازە مەیدان نەماوە — هێزی سوپامان تەواو شکاوە

هیچ سوودی نییە مانەوەی سوپا — با هەرکەس بڕوا چی ئەکەن لێرا

تا دەرکەوت بۆیان لە کاتی ئەنجام — لەگەڵ حەقدایە پادشای عەللام

لەو کاتەدا موسوڵمانە خاوەن باوەڕەکان تاقی کرانەوە و ڕاست و ڕاساڵ لە مونافق و لاسار جیابوونەوە و، هەموو لایەکیشیان کەوتنە زەلزەلە و پەلەپەلێکی دەروونی بەهێز کە لە کێشدا نەبوو.

﴿ وَإِذْ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ مَّا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢﴾ ﴾

وە لەو کاتەدا کە مونافقەکان و موسوڵمانە بیر و باوەڕ لاوازەکان کە دڵیان نەخۆش بوو ئەیانوت: خودا و پێغەمبەر وادەمان پێ نادەن بۆ بایی‌بوونمان نەبێ، ئەنا پێغەمبەر دێ وەعدەی فەتحی شارەکانی فارس و ڕۆممان پێ ئەدا کەچی لەبەر ترسی کافرەکانی ناوخۆ ناتوانین لە شوێنی خۆمان دەرچین! ئەمە قسەی موعتەبی کوڕی قوشەیر بوو.

﴿ وَإِذْ قَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ يَٰٓأَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَٱرْجِعُوا۟ ۚ وَيَسْتَـْٔذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ ٱلنَّبِىَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِىَ بِعَوْرَةٍ ۖ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا ﴿١٣﴾ وَلَوْ دُخِلَتْ عَلَيْهِم مِّنْ أَقْطَارِهَا ثُمَّ سُئِلُوا۟ ٱلْفِتْنَةَ لَءَاتَوْهَا وَمَا تَلَبَّثُوا۟ بِهَآ إِلَّا يَسِيرًا ﴿١٤﴾ وَلَقَدْ كَانُوا۟ عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ مِن قَبْلُ لَا يُوَلُّونَ ٱلْأَدْبَٰرَ ۚ

وَكَانَ عَهْدُ ٱللَّهِ مَسْـُٔولًا ﴿١٥﴾ قُل لَّن يَنفَعَكُمُ ٱلْفِرَارُ إِن فَرَرْتُم مِّنَ ٱلْمَوْتِ أَوِ ٱلْقَتْلِ وَإِذًا لَّا تُمَتَّعُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٦﴾ قُلْ مَن ذَا ٱلَّذِى يَعْصِمُكُم مِّنَ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَ بِكُمْ سُوٓءًا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ رَحْمَةً ۚ وَلَا يَجِدُونَ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٧﴾

وە باسی ئەو کاتە بکە کە تاقمێ لە کافرەکان وەکوو ئەوسی کوڕی قەیزی و کۆمەڵەکەی ئەیانوت: ئەی ئەهلی یەسریب (مەدینەی مونەووەرە) ئێوە جێگەی مانەوەتان نییە لەم شوێنەدا لە بەرابەری ئەحزابەوە، دەی بگەڕێنەوە بۆ لای ماڵ و شوێنی خۆتان، وە لە هەمان کاتا کۆمەڵێکیش لە سوپاکە داوای ئیجازەیان لە حەزرەت ﷺ ئەکرد بە بیانووی ئەوەوە کە ئەیانوت: ماڵەکانمان وان بە دەرەوە و شوورای قایمیان نییە بۆ پاراستنیان لە کاتی جەنگ و بشێوەدا، با بڕۆینەوە ئاگامان لە ماڵ و منداڵ و داراییەکەمان بێ، لە راستیشدا خانووەکانیان وا نەبوون و مەبەستیان ئەوە بوو خۆیان بدزنەوە و جەنگ نەکەن لەگەڵ ئەحزابا.

وە ئەگەر فیتنەی جەنگی ئەحزاب بهاتایێ بەسەریانا و بڕۆیشتنایەتە ناو ماڵ و مەنزڵیان لە ئەترافەوە، واتە کافرەکان لە هەموو لایەکەوە هێرشیان ببردایەتە ناو ماڵەکانیان و داوای گەڕانەوە لە ئیسلامیان لێ بکردایەن ئەوان قەبووڵیان ئەکرد و ماتڵ نەدەبوون تیایا کەمێ نەبێ!

وەلحاڵ ئەو کافرانە پێشتر پەیمانیان لەگەڵ خودا و پێغەمبەری خودادا کردووە کە: هەرگیز لە جەنگدا پشت هەڵنەکەن. لە واقیعا بەنوحاریسە کە لە جەنگی ئوحودا دواکەوتن پەیمانیان بەست و گفتیان دا بە حەزرەت ﷺ کە لەوەودوا هەرگیز دوانەکەون و لە هەر شوێنێکا هەرایێ ببێ خۆیانی پێوە بنێن. وە پەیمانی خودا و پێغەمبەری خودایش پرسیاری لەسەر هەیە.

جا تۆ ئەی رەهبەری خاوەن مەقام پێیان بفەرموو: ئەگەر لە مردن یا لە کوشتن هەڵدێن ئەوە راکردن و هەڵهاتن سوودتان پێ نادا؛ چونکی هەرکەسێ کاتی تایبەتی بۆ مردن و گیان دەرچوونی بڕیار دراوە، وە ئەگەر ئەو راکردنە سوودێکی ببێ بەم مەعنا بڵێین رزگار بوونیان لە مردن لەو رۆژەدا بەسراوە بە «معلق علیه»ەکەوە کە راکردنە و رزگار ببێ لەو مردنە لەو کاتەدا پاش ئەوە ماوەیەکی کەم نەبێ ناژین، جا ژیانی ئەو ماوە کەمە چیتان بۆ ئەکا؟

تۆ بفەرموو، ئەی پێغەمبەری خۆشەویست: کێ ئێوە رزگار ئەکا لە قاری خودا ئەگەر خودا خواستی لەسەر ئەوە بێ گیرۆدەی زیانێکی مادی یا نەفسی ببن؟ وە یا کێ ئەتوانێ ئێوە نائومێد بکا ئەگەر خودا خواستی لەسەر ئەوە بێ کە ئێوە بگەن بە رەحمەت و نیعمەتێ؟ هەرگیز ئەوانەو غەیری ئەوانە بێجگە لە خودا دۆستێ بۆ خۆیان نادۆزنەوە و یارمەتیدەرێکیان دەس ناکەوێ.

﴿قَدْ يَعْلَمُ ٱللَّهُ ٱلْمُعَوِّقِينَ مِنكُمْ وَٱلْقَآئِلِينَ لِإِخْوَٰنِهِمْ هَلُمَّ إِلَيْنَا ۖ وَلَا يَأْتُونَ ٱلْبَأْسَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٨﴾ أَشِحَّةً عَلَيْكُمْ ۖ فَإِذَا جَآءَ ٱلْخَوْفُ رَأَيْتَهُمْ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ تَدُورُ أَعْيُنُهُمْ كَٱلَّذِى يُغْشَىٰ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ ۖ فَإِذَا ذَهَبَ ٱلْخَوْفُ سَلَقُوكُم بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى ٱلْخَيْرِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ لَمْ يُؤْمِنُوا۟ فَأَحْبَطَ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿١٩﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا زانایە بەوانە کە خەڵك دائەکوتنەوە لەناو ئێوەدا، واتە ئەو کەسانە کە بە پڕوپاڵانتە نەفسی خەڵك ئەشکێنن و لەجیهاد دووریان ئەخەنەوە، وە بەو کەسانە کە بە برا مەدینەییەکانیان ئەڵێن: وەرن بۆ لای ئێمەو لەگەڵ ئێمەدا بن و مەکەونە شوێن موحەممەد و ئەو کەسانە کە نایێن بۆ مەیدانی جەنگ کەمێ

جار نەبێ و، حاڵیان وایە زۆر رشد و نەوی تەبیعەتن بەرابەر بە ئێوە خێریان لێ نابێتەوە.

جا بۆ کاتێ کە ترس و بیم لەناوا پەیدا بوو ئەیانبینی بە وەزعێکی ناشیرین و بۆت ئەڕوانن و چاویان هەڵئەسوورێ لە ناو کاسەکەیا وەکوو یەکێ لە هۆشی خۆی چووبێ لەبەر نزیکی مردن. جا کاتێ ترسەکەیش نەما لێتان ئەدەن بە زمانانێکی زۆر تیژ و حاڵیان وایە زۆر رشد و تەبیعەت نەوین بەرابەر بە خێرکردن، جا ئەم کۆمەڵە خەڵکە ئیمانیان نەهێناوە بە راستی، جا لەبەر ئەوە کە بێئیمانن خودا کردەوەکانی ئەوانی بێئیعتیبار و نرخ داناوە و، بێنرخ کردن و پووچکردنەوەی کارگەلی وەها لەسەر خودا ئاسانە و مادەی پێ ناوێ و زۆری پێ ناچێ.

﴿ يَحْسَبُونَ ٱلْأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا۟ ۖ وَإِن يَأْتِ ٱلْأَحْزَابُ يَوَدُّوا۟ لَوْ أَنَّهُم بَادُونَ فِى ٱلْأَعْرَابِ يَسْـَٔلُونَ عَنْ أَنۢبَآئِكُمْ ۖ وَلَوْ كَانُوا۟ فِيكُم مَّا قَـٰتَلُوٓا۟ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٢٠﴾ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِى رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْـَٔاخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾ ﴾

ئەو گەلە کافرە مونافقانە لە پاش رۆیشتنی ئەحزابیش گومانیان وایە نەڕۆیشتوون؛ چونکە خۆیان ترسنۆك و بێنرخ و بێوڕەن، وە ئەگەر جارێکیتر ئەو ئەحزابە بێنەوە بۆ جەنگ لەگەڵ ئێمەدا ئەو کافرە ترسنۆکانە حەز ئەکەن لە مەدینەدا نەبن و لە دوورێکەوە لەو دەشتەدا لە ناو عەرەبی بەدوا بە جۆرێ پرسیاری ئەحواڵی ئێوە و ئەو ئەحزابە بکەن و بێزیان سەیر بکەن، وە ئەگەر لەو جاری دووهەمەیشدا لە ناو ئێوەدا بن هەر جەنگیان نەدەکرد و جەنگ ناکەن شتێکی کەم نەبێ.

ئەی موسوڵمانەکان بە راستی هەیە بۆ ئێوە لە زاتی پێغەمبەرا ﷺ سیفەتێکی جوانی گەورەی وەها کە بۆ ئەوە ئەشێ بکرێ بە سەرمەشقی خوو و رەوشتی پیاوانە

بۆ ئەو کەسانە کە ئومێدیان هەر بە خودایە و هیوای پاشەڕۆژێکی باش لە لای خوداوە ئەکەن و بە زۆری خەریکی سوپاس و ستایشی خودان.

﴿وَلَمَّا رَءَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْأَحْزَابَ قَالُوا۟ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ ۚ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّآ إِيمَٰنًا وَتَسْلِيمًا ﴿٢٢﴾﴾

خودای تەعالا لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەیانی دامەزرانی دڵ و ئیمانی موسوڵمانەکان ئەکا لەو ڕۆژە تەنگانەدا کە پیاوی دڵ ئەستوور نەبێ خۆی ناگرێ. ئەفەرموێت: کاتێ کە موسوڵمانەکان ئەو چەن کۆمەڵەیان چاوپێکەوت لە هۆزەکانی عەرەب و لە جوولەکەکان کە لە دوورەوە بە قار و قینەوە هێرشیان هێنا بۆ سەر حەزرەت ﷺ و یارانی و، عالەم کەوتە پەرێشانییەوە، موسوڵمانە ساغەکان وتیان: گیرۆدەبوونمان بەم فیتنە شتێکە خودای تەعالا بەڵێنی پێداوە لە ئایەتی: ﴿أحسب الناس أن يتركوا أن يقولوا آمنا و هم لا يفتنون؟﴾[1] و لە ئایەتی: ﴿أم حسبتم أن تدخلوا الجنة و لما يأتكم مثل الذين خلوا من قبلكم؟﴾[2]دا و پێغەمبەریش بەڵێنی پێداوە بە فەرموودەی «کارتان لەسەر تەنگ ئەبێ بە هاتنی ئەحزاب بۆ سەرتان، بەڵام سەرکەوتن بۆ ئێوە ئەبێ» وە بە فەرموودەی: «ئەو کافرانە پاش نۆ ڕۆژ یا دە ڕۆژ دێن بۆ سەرتان».

وە روونە کە خودا و پێغەمبەری خودا ڕاست ئەڵێن و ئەم ڕووداوە زیادی نەکرد بۆیان ئیمان بە خودا و بەڵێنی خودا و تەسلیم بوون بە ئەمری خودا و بە قەزا و قەدەری خودا نەبێ.

---

١. العنكبوت؛ ٢.

٢. البقرة؛ ٢١٤.

﴿مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا ﴿٢٣﴾ لِّيَجۡزِيَ ٱللَّهُ ٱلصَّٰدِقِينَ بِصِدۡقِهِمۡ وَيُعَذِّبَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ إِن شَآءَ أَوۡ يَتُوبَ عَلَيۡهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٢٤﴾﴾

ریوایەت کراوە لە ئەنەسەوە ئەڵێ: مامم ئەنەسی کوڕی نەزر حازری غەزای بەدر نەبوو، ئەویش وتی: من دواکەوتم لە یەکەم جەنگێ کە حەزرەت ﷺ کردی، جا ئەگەر خودا حازری کردم لە جەنگێ لەگەڵ کافرەکانا خودای تەعالا ئەبینێ چلۆن جەنگ ئەکەم. جا کاتێ ڕووداوی« ئوحود» هاتە پێشەوە زۆربەی موسوڵمانەکان شکان، ئەویش وتی: خودایە من دووری و بێزاری و پاکی پێشکەش بە حوزووری تۆ ئەکەم لە وەی کە ئەو یارانە کردیان وەکوو شکان و ڕاکردن بێ و دووری ئەکەم لەو کارە ناشیرینە کە ئەو کافرانە کردیان وەکوو جەنگ بێ لەگەڵ حەزرەتا ﷺ، جا پێشکەوت و دەستی کرد بە شەڕکردن هەتا کوژرا کە تەماشایان کرد هەشتاو ئەوەندە برینی پێوە بوو لە بەینی لێدانی شیر و پیاچەقان و پێکانی ڕم و تیرا کە بۆی هاتبوو لێی‌دابووا جا ئێمە ئەمانوت: ئایەتی: ﴿من المؤمنين رجال ... تاد﴾ لەو و لە هاوڕێکانیدا هاتووەتە خوارەوە.

واتە: لە خاوەن باوەڕەکانە چەن پیاوێ کە ڕاستیان کرد لەگەڵ خودادا لەوانەدا کە عەهدیان پێ‌کردبوو، وەکوو خۆ گرتن لە جیهاد و دەوام و دامەزراوی لە خۆشی و ناخۆشیدا، جا لەوانە بازە کەسێ کە نەزری خۆی بەجێ‌هێنا، واتە مردن لە ڕێگەی خودادا وەکوو حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب و، موسعەبی کوڕی عومەیر و، ئەنەسی کوڕی نەزر و... هاوێنەی ئەمانە. وە لەوانیشە بازەکەسێ کە چاوەڕوانی

هاتنی ئاکامی خۆی ئەکا و لەوەولا بە پایەی خۆی ئەگا، وە ئەمانە شێوەی دڵسۆزی و راستی خۆیان نەگۆڕی.

ریوایەت کراوە لە زیدی کوڕی سابیتەوە ﷺ ئەڵێ: کاتێ کە قورئانمان گردئەکردەوە لە موسحەفدا ئایەتێکم ون کردبوو کە وەختی خۆی لە حەزرەتم ﷺ ئەبیست، گەڕام بە شوێنیا هەتا لای خوزەیمەی ئەنساری ـ کە حەزرەت ﷺ شایەتی ئەوی بە شایەتی دوو کەس دانابوو ـ دۆزیمەوە، وە ئەو ئایەتە بریتی بوو لە ئایەتی: ﴿من المؤمنین رجال صدقوا ما عاهدوا الله...﴾.

جا ئەنجامی ئەمەیە خودا جەزای راستەکان بداتەوە بە هۆی راستییەکەیانەوە ئەوانیش کە بە پێچەوانەی راستی رەفتاریان کرد، یا سزایان بدا ئەگەر خواستی لەسەر بێ، یا تۆبەیان قەبووڵ بکا؛ چونکی بێگومان خودا تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿وَرَدَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِغَيْظِهِمْ لَمْ يَنَالُواْ خَيْرًاۚ وَكَفَى ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلْقِتَالَۚ وَكَانَ ٱللَّهُ قَوِيًّا عَزِيزًا ﴿٢٥﴾﴾

وە خودای تەعالا کافرەکانی ئەحزابی لەگەڵ کینە و قاری دڵدا گەڕانەوە و هەرگیز نەگەیشتن بەو خێرو سوودە کە ئەوان پێش‌نیهادیان کردبوو. وەکوو کوشتنی حەزرەت ﷺ و پیاوە دیارییەکانی دەوری، یا بەرباد کردنی ئەهلی ئایینی ئیسلام وەکوو شەیتان نابوویە ناو دڵیانەوە، بەڵێ لە سوپای ئیسلام شەش کەس شەهید بوون، یەکەم سەعدی کوڕی مەعازی ئەوسی، کە تیرێ دای لە رەگی باڵی و پاش ماوەی مانگێ خوێنی ئەو برینە تەقییەوە و بە هۆی ئەوەوە گیانی پاکی سپارد. دووەم ئەنەسی کوڕی ئوەیس. سێهەم عەبدوڵڵای کوڕی سەهل. چوارەم توفەیلی کوڕی نەعمان. پێنجەم سەعلەبە کوڕی عەسمە. شەشەم کەعبی کوڕی زەید ﷺ.

بەڵام ئەوان ئەو سوپا گەورەیانە بۆ ئەم مەبەستە بچووکە گرد نەکردبووەوە مەبەستیان گەلێ بەد بوو.

وە لەوانیش سێ کەس کوژرا: لە بەنی«عبدالدار» مونەبەهـ کوڕی عوسمان. لە بەنیمەخزووم نەوفەلی کوڕی عەبدوڵلا. لە بەنیعامیر عەمری کوڕی عەبدیود، کە حەزرەتی عەلی کوشتی.

وە خودای تەعالا کیفایەتی موسوڵمانەکانی کرد لە جەنگکردن لە رووداوی خەنەکدا و، خودای تەعالا خاوەن هێزو عیززەتە.

﴿وَأَنزَلَ ٱلَّذِينَ ظَٰهَرُوهُم مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ مِن صَيَاصِيهِمْ وَقَذَفَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا ﴿٢٦﴾ وَأَوْرَثَكُمْ أَرْضَهُمْ وَدِيَٰرَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُمْ وَأَرْضًا لَّمْ تَطَـُٔوهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرًا ﴿٢٧﴾﴾

ئەو خودایە کە عەرەبەکانی گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان بە نائومێدی، ئەو کافرانەیش کە یارمەتی ئەوانیان دابوو، لە ئەهلی کیتاب، واتە لە جوولەکەکانی بەنیقورەیزە، لە قەڵاکانیانی داپەڕاندن و ترسێکی زۆری هاویتە ناو دڵیانەوە بە جۆرێ خودا ئێوەی زاڵ کرد بەسەریانا؛ خۆیان تەسلیم کردن و کۆمەڵێکتان لێکوشتن و ئەوانە پیاوە جەنگکەرەکانیان بوون شەشسەد کەس بوون، تاقمێکیشتان لەوانە بە دیل گرت، کە بریتی بوون لە حەوسەد کەس لە ژن و منداڵ. وە خودای تەعالا زەوی کشتوکاڵیان و قەڵاو خانووی نیشتمانیان و پارەی نەختینە و شت و مەکی ناوماڵیان و، ئاژەڵیان و زەوییەکیتریش کە هێشتا پیایا نەرۆیشتوون کە زەوی جوولەکەی خەیبەرە، بە میرات دای بە ئێوە.

وە بازێ فەرموویانە: باقی زەوی دنیایە ئەوەی کە خودا بڕیاری داوە ئەو ئەسحابانە داگیریان بکەن لە فەتحەکانا. وە خودای تەعالا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکدا.

کارەساتی بەنیقورەیزە بە کورتی

لە سەحیحەکانی موسلیم و بوخاریدا هاتووە کە حەزرەت ﷺ لە خەندەك گەڕایەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە و چەکی دانا و خۆی شۆری جوبرەئیل ﷺ هاتەخوارەوە عەرزی کرد: تۆ چەکت داناوە؟ وەڵڵاهی ئێمە هێشتا چەکمان دانەناوە. یاڵڵا دەرچۆ بۆ لایان! فەرمووی: بۆ کوێ؟ ئەویش ئیشارەتی کرد بۆ لای بەنیقورەیزە.

جا حەزرەت ﷺ رۆیشت بۆ لایان و فەرمانی دا جارچی بانگی کرد بە ناو موسوڵمانانا: کەس نوێژی عەسر نەکا لە ناو بەنیقورەیزەدا نەبێ. جا ئەسحابە کەوتنە رێگە و بازێکیان نوێژی عەسریان بەسەرا هات لە رێگەدا. لەوێدا هەندێکیان وتیان: نوێژ ناکەین هەتا ئەگەینە بەنیقورەیزە و بازێکیان وتیان: نەخێر نوێژ ئەکەین حەزرەت ﷺ مەبەستی ئەوە بووە کە بە پەلە برۆن بۆ بەنیقورەیزە، نەك نوێژ نەکەین لە رێگەدا.

جا حەزرەت ﷺ دەورەی بەنیقورەیزەی دا، ئەوانیش لە قەڵاکانیانا خۆیان قایم کرد بوو، بیست و پێنج شەو مانەوە هەتا ئەو دەورەدانە ماندووی کردن و خودا ترسێکی زۆری خستە ناو دڵیانەوە.

ئیبنوهیشام ریوایەتی کردووە کە کەعبی کوڕی ئەسەد بەو جوولەکانەی وت: ئەی کۆمەڵی جوولەکە ئێوە ئەزانن وا گیرۆدە بوون و من سێ شت ئەخەمە بەرچاوتان کامیان هەڵئەبژێرن بیکەن. وتیان: ئەوانە چین؟

وتی: یەکەم باوەڕ بەم زاتە ئەکەین و بە راستی ئەگرین. وەڵڵاهی بۆتان دەرکەوت کە پێغەمبەری نێرراوە و، ئەمە ئەو کەسەیە کە لە کتێبی خۆتانا تاریفیتان دیوە.

ئەگەر ئیمان بێنن ئەمین ئەبن لەسەر خوێنی خۆتان و ئەبن بە خاوەنی ژن و منداڵی خۆتان. وتیان: هەرگیز ئەمەمان ناوێ و قەت دەسبەرداری حوکمی تەورات نابین.

ئەمجار وتی: کاری دووەم ئەمەیە بێن ژنەکان و منداڵە وردەکانمان بکوژین. ئەمجار شیر رووت بکەین و بڕۆین جەنگ لەگەڵ موحەممەد و یارانیدا بکەین. ئیتر هەر خۆمان ئەبین و هیچ لە دوامان بەجێ نایەڵین! تا بزانین خودا چی ئەکا. وتیان: ژن و منداڵی وردە تاوانیان چییە بیانکوژین؟ ئێمە شتی وا ناکەین.

وتی: جا ئەگەر ئەمەیش ناکەن، ئیمشەو شەوی شەممەیە و هیوا وەهایە کە موحەممەد لە شەممەدا مەیدانی ئاسایشمان پێبدا و، سبەینێ بە ناوی شەممەوە ئەڕۆینە دەرەوە، بەڵکوو فرسەت لە موحەممەد بێنین و بیکوژین. وتیان: ئەمەیش ناکەین. ئەمە مەعنای نییە.

وە پاش ئەم ماوە بەنیقورەیزە قەناعەتیان کرد بە حوکمی پێغەمبەر لەوانا، وە لەبەر ئەوە کە یەهوودی بەنیقورەیزە هاوپەیمانی ئەوس بوون لە مەدینەدا حەزرەت ﷺ پێی خۆش بوو ئەو حوکمە بەرەوڕووی یەکێ لە گەورەکانی هۆزی ئەوس بکاتەوە و، حوکمەکەی دایە دەست سەعدی کوڕی مەعاز و، ئەویش لە واقیعەی خەنەکدا بریندار بووبوو لە خێوەتێکدا بوو دەرمانی خۆی ئەکرد. جا کە حەزرەت ﷺ حوکمەکەی دایە دەست سەعد، سەعد سواری گوێدرێژێ بوو هات بۆ نزیکی مزگەوتی حەزرەت لە سوپاکەیا، کە سەعد نزیکی ئەو مزگەوتە بووەوە حەزرەت ﷺ فەرمووی: هەستن بۆ پێشوازی گەورەکەتان، لەپاشا حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئەو کۆمەڵە رازی بوون بە حوکمی تۆ، جا تۆ حوکمەکەت چییە؟ سەعد عەرزی کرد: پیاوە جەنگکەرەکانیان ئەکوژین و ژن و منداڵەکانیان دیڵینەوە بە بەندە و جارییەیی، جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: حوکمت کرد بە حوکمی خودا.

جا سەعد وتی: خودایە تۆ ئاگاداری کەس نییە من حەز بکەم جەنگی لە دژ بکەم بە قەد ئەوانەی کە پێغەمبەری تۆیان بەدرۆخستووەتەوە و لە مەککە دەریان کردووە، خودایە من وا ئەزانم ئیتر جەنگ لە بەینی ئێمەو ئەوانا نەماوە، جا ئەگەر شتێ لە جەنگی قورەیش ماوە ئەوە تەمەنم درێژ بکە هەتا جەنگیان لەگەڵا بکەم، وە ئەگەر جەنگ نەماوە تۆ ئەم برینی لەشی منە بکەرەوە با خوێنی لێدەرچێ و بمرم! جا خوێنەکەی بەربووەوە و بە شێوەیێ خوێنەکەی بەربوو خوێن گەیشتە خێوەتی بەنیغەفار و خەڵك بانگیان کرد: ئەی گەلی بەنیغەفار ئەو خوێنە چییە کە لە لای ئێوەوە دەرئەچێ؟ کە چوون تەماشایان کرد خوێنی برینەکەی سەعد بوو! دوای ئەوە سەعد کۆچی دوایی کرد.

جا پاش ئەمە جوولەکەی بەنیقورەیزە لەسەر ئەو حوکمە هاتنە خوارەوە لە قەڵاکانیان پیاوە شەڕکەرەکانیان هێنران بۆ نزیکی چەن خەنەکێ لە مەدینەدا و کوژران و ژن و منداڵەکانیشیان بە سەبایا دانران.

وە «حەیی کوڕی ئەختەب» لە ناو کوژراوەکانا بوو، ئەم زەلامە هەوڵی دا بۆ هاندانی بەنیقورەیزە بۆ شکاندنی پەیمان و شەڕکردن لە دژی حەزرەت و، بەم جۆرە فیتنەی بەنیقورەیزە بڕایەوە و موسوڵمانان لێیان رزگار بوون.

ئیبنوئەبیشەیبە و، ئیبنوجەریر و، ئیبنولمونزیر و، ئیبنوئەبیحاتەم ریوایەتیان کردووە لە قەتادەوە لە حەدیسێکی درێژا ئەڵێ: پاش ئەوە کە حەزرەت ﷺ حوکمی دا بە سەعد، سەعد هەر وەکوو حوکمی کرد بە کوشتنی پیاوە جەنگییەکان و هێشتنەوەی ژن و منداڵەکانیان. حوکمیشی کرد بەوە کە خانوو بەرە و زەوی و زاری بەنیقورەیزە بدرێ بە «موهاجیرین» و نەدرێ بە «ئەنسار»، لەگەڵ ئەوەدا کە سەعد خۆی لە ئەنسار بوو لە هۆزی ئەوس.

جا ئەنسارەکان پێیان وت: بۆچی وات کرد؟ سەعد فەرمووی: ئەنسار هەموو زەوی و ئاو و خانوو بەرەیان هەیەو موهاجیرەکان ئەوانەیان نییە. وە حەزرەت ئەم حوکمەیشی پەسەند کرد.

ریوایەت ئەکا لە «بەحر»ا: پاش ئەوە کە خودا یارمەتی پێغەمبەری دا و کۆمەڵە کافرەکانی ئەحزابی گەڕانەوە و، سەرکەوت بەسەر جوولەکەکانی بەنیئەزیر و بەنیقورەیزەدا، خێزانەکانی حەزرەت گومانیان برد کە حەزرەت ﷺ گەلێ ئاڵتوون و زیو و شتی نایابی دەست کەوتووە، جا لەبەر ئەمە دەستیان کرد بە داوا کردنی گەلێ شت، وەکوو: بەرگ و پۆشاکی چاك و، ژیان و ژیواری تایبەتی. وە حەزرەت ﷺ لەم بارەوە لێیان دڵگران بوو، بیست و نۆ رۆژ وازی لێ هێنان و لەگەڵیان نەنوست، بە بیانووی ئەوە کە پێغەمبەران و خێزانی ئەوان ئەبێ دوور بن لە رابواردن و دەست بڵاوی لە دنیادا. جا ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ إِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا ﴿٢٨﴾ وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ فَإِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَـٰتِ مِنكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٢٩﴾ ﴾

واتە ئەی پێغەمبەری خودا بفەرموو بە خێزانەکانت: ئەگەر ئێوە خواستی دڵتان لەسەر ژیانی دنیا و جوانی و رەنگامە کردنی بەرگ و پۆشاك و رابواردنی ئارەزووی نەفسە، دەی فەرموون هەتا حەقی موتعەتان بدەمێ و تەڵاقتان بدەم و دەستان لێ هەڵگرم بە دەست لێ هەڵگرتنێکی جوان و بێ زویری و دڵگرانی. وە ئەگەر خواستتان لەسەر رەزای خودا و پێغەمبەری خودا و پاداشی کردەوەتانە تا سوودی ببێ بۆتان

و دڵتان لەسەر ئاسایشی ژیانی دنیا نییە. ئەوە خودا بڕیاری داوە بۆ ئەوانەتان كە خاوەنی چاكەیە پاداشێكی گەورە.

بزانن لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

[باسی] یەكەم: لەو كاتەدا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە حەزرەت ﷺ نۆ ژنی لە لا بوو؛ پێنج كەسیان لە قورەیش بوون: عائیشە كچی ئەبووبەكری سدیق، حەفسە كچی عومەری كوڕی خەتتاب، «ئوممومحەبیبە» كچی ئەبووسوفیان، سەودەی كچی زەمعە، «ئوممومسەلەمە» كچی ئەبووئومەییە، وە دوانیان لە عەرەبی‌تر بوون: مەیموونە كچی حەرسی هیلالی. زەینەبی كچی جەحشی ئەسەدی. وە دوانیشیان لە كیتابیات بوون و موسوڵمان بوون: سەفیەی كچی حوییەی لە جوولەكەی خەیبەر. جوەیریەی كچی حەرس لە بەنی‌موستەلەق.

ئەحمەد و موسلیم و نەسائی و ئیبنومەردەوەیە لە ڕێگەی ئەبووزوبەیرەوە ریوایەتیان كردووە لە جابیرەوە ﷺ ئەڵێ: لەو كاتانەدا ڕۆژێ ئەبووبەكر ڕووی كردە دەرگای ماڵی پێغەمبەر ﷺ و خەڵكێكی زۆر لە دەرگادا بوون و ئیزن نەدرابوون بڕۆنە خزمەتی حەزرەت ﷺ.

پاش ماوەیێ ڕێگەی ئەبووبەكر و عومەر ﷺ درا ڕۆیشتنە ماڵەوەو حەزرەت ﷺ لە ماڵەوە دانیشتبوو قسەی نەدەكرد و لەوێدا عومەر ﷺ فەرمووی: ئێستە كارێ ئەكەم كە حەزرەت قسە بكا، جا وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئیمڕۆ «كچەكەی زەید» مەبەستی ژنەكەی خۆی بوو. داوای نەفەقەی لێ‌كردم، منیش دام بە ملیا، لەوێدا حەزرەت ﷺ پێكەنی تا دانی لای كاكیلەی دەركەوتن و فەرمووی: ئەم ژنانەیش بە دەوری مندا داوای نەفەقەو مەعیشەتم لێ ئەكەن. جا ئەبووبەكر ﷺ ڕاستەوە

بوو لە عائیشە بدا و، عومەر راستەوە بوو لە حەفسە بدا و ئەیانوت: ئای! ئێوە داوای نەفەقە لە پێغەمبەر ئەکەن؟! حەزرەت ﷺ مەنعی کردن و فەرمووی: وازیان لێ بێنن. جا حەزرەت ﷺ دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ عائیشەدا و، فەرمووی: شتێکت بۆ باس ئەکەم حەز ناکەم پەلەپەلی تێدا بکەی هەتا پرسی دایك و باوکت ئەکەی. ئەویش وتی: چییە؟ حەزرەت ﷺ ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە: ﴿یا أیها النبي قل لأزواجك ... تاد﴾ جا عائیشە وتی: من لە ئیختیاری تۆدا پرس بە باوك و دایکم ئەکەم؟! وەڵڵاهی من هەر خودا و پێغەمبەری خودا هەڵئەبژێرم. وە حەزرەت ﷺ بە وەڵامەکەی عائیشە زۆر کەیف خۆش بوو، پاش وەڵامدانەوەی ئەو باقی خێزانەکانی هەموو خودا و پێغەمبەری خودایان هەڵبژارد و لە ژێر عیسمەتی حەزرەتدا مانەوە.

باسی دووەم: حەقی موتعە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا رحمه الله واجبە لەسەر مێردی ژن، لە چەن شێوەیەکدا نەبێ:

١. ئەو ژنە کە ناوی مارەیی بۆ برابێ، وە یا لە پاش مارەبڕین بۆی بڕیاردرابێ و کابرا لە پێش چوونەلادا لێی جیا بوویێتەوە.

٢. ژنێکە بووبێ بە هۆی جیایی لە مێردەکەی بە تەنیا خۆی، وەکوو ئەوە ئەو ژنە لە دین وەرگەڕێتەوە، یا نیکاحەکەی هەڵوەشاندبێتەوە لەبەر عەیبی مێردەکەی، یا مێردەکەی نیکاحەکەی هەڵوەشاندبێتەوە لەبەر عەیبی ژنەکە، یا لەگەڵ مێردەکەیا؛ وەکوو ئەوە هەردوکیان بە یەکەوە لە دین وەرگەڕێنەوە.

٣. جیا بوونەوەیێ کە بە هۆی مردنەوە بێ، جا یەکێکیان بمرێ یا هەردوکیان بمرن. لەم شێوانەدا ژنەکە مافی «موتعە»ی نییە.

وە سوننەتە ئەو مافی موتعە ئەندازەی لە نیوەی مارەیی کەمتر بێ، بە مەرجێ لە (٣٠) درهەمی زیو کەمتر نەبێ.

﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ مَن يَأْتِ مِنكُنَّ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ يُضَٰعَفْ لَهَا ٱلْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾ ۞ وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتَعْمَلْ صَٰلِحًا نُّؤْتِهَآ أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾﴾

ئەی خێزانانی پێغەمبەرﷺ هەر کام لە ئێوە گوناحێکی گەورەی دیاری بکا ئەوە سزاکەی لە قیامەتا دووقات ئەکرێتەوە بە نیسبەتی غەیری ئەوانەوە، وە ئەم دووقات کردنەوە لە لای خودا ئاسانە. وە هەرکەسیش لە ئێوە دەوام بکا لەسەر بەندەیی خودا و فەرمانبەری پێغەمبەری خودا و، کردەوەی باش بکا لە بارەگا و خانەدانی حەزرەتاﷺ. واتە ئەبێ بە هۆی خۆشەویستی و ئاسایش و نابێ بە هۆی فیتنە و نومایش، ئەوە دوو جار پاداشی ئەدینەوە؛ جارێ لەبەر ئەوە لە زاتی خۆیا ئیتاعەی خودای کردووە و جارێکیش لەبەر ئەوە بووە بە هۆی ئارامی ناو خانەدانەکە و بە هۆی ئەوەیشەوە دڵی حەزرەتﷺ ئارام بووە، باش بۆی رەخساوە خزمەتی ئیسلام بکاو دەعوەتی خەڵك بکا بۆ دینی ئیسلام. وە لە بەهەشتا رزق و رۆزییەکی زۆر خاوەن کەرامەت و رێزی بۆ ئامادە ئەکەین.

﴿يَٰنِسَآءَ ٱلنَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ ٱلنِّسَآءِ ۚ إِنِ ٱتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴿٣٢﴾ وَقَرْنَ فِى بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ ۖ وَأَقِمْنَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتِينَ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِعْنَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ ٱلرِّجْسَ أَهْلَ ٱلْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا ﴿٣٣﴾ وَٱذْكُرْنَ

مَا يُتْلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ وَٱلْحِكْمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ لَطِيفًا خَبِيرًا ﴿٣٤﴾

ئەی ژنەکانی پێغەمبەر هیچ کامێك لە ئێوه وەکوو هیچ کامێك لە ژنانیتر نییە. وە یا خود ئەی کۆمەڵە ژنانی حەزرەت ﷺ ئێوه وەکوو هیچ کۆمەڵێ لە ژنانی عالەم نین.

جا ئەگەر تەقواتان هەیە ئەوە قسەکانتان نەرم مەکەن بە جۆرێ کە بێنی نەرمی بدا نەبادا ئەوانەی کە دڵیان نەخۆشە و بێحەیایی و بێشەرمی تیایە تەمای بەد و خەیاڵی خراپتان دەربارە بکەن. وە بە شێوەی جوان و دوور لە گومانەوە قسە بکەن.

وە لە ژوور و ماڵەکانی خۆتانا دابنیشن و لە کاتی بەرێگەڕۆشتندا لەنجە مەکەن بە وێنەی لەنجەی کاتی نەزانی و کافرێتی، وە لە کاتی خۆیا نوێژەکانتان بەجێ بێنن و، زەکاتی ماڵتان بدەن و، فەرمانبەری خودا بکەن و، فەرمانبەری پێغەمبەری ئەو بکەن، خودا کە ئەوەندە ئامۆژگاریتان ئەکا خواستی هیچی نییە ئەوە نەبێ ئەو گوناحانە نامووسی ئینسان پیس ئەکەن دووری بخاتەوە لێتان و پاکتان بکاتەوە بە پاککردنەوەیەکی باش لە تاوانباری. وە لە ماڵ و شوێنەکانتانا بخوێننەوە ئەوەی ئەخوێنرێتەوە لە ئایاتی خودا کە قورئانی پیرۆزە و، لە حیکمەت کە فەرموودەکانی حەزرەتە ﷺ، بە راستی خودا لەتیفەو ئاگادارە بەسەر ئەحواڵی ئێوەدا.

بزانن لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

[باسی] یەکەم: مەبەست لە جوملەی ﴿و قرن في بيوتكن﴾ ئەمەیە کە ئەو «أمهات المؤمنين»ە لە هۆدە و شوێنی خۆیانا بە ئەدەب و رێزەوە دابنیشن بۆ پاراستنی رێزی خانەدانی پێغەمبەری. وە بۆ ئەوە کە ژنانی یاران هەرکام بهاتایێ بۆ پرسیارێکی

ئایینی لە خۆیان یا لە حەزرەت ﷺ بە هۆی ئەوانەوە حازر بن و وەڵامی ئەو ژنانە بدەنەوە. ئیتر مەبەست ئەمە نییە کە ئەو ژنانە بە هیچ جۆرێ لە ماڵ و شوێنی خۆیان نەڕۆنەدەرەوە. ئەگەرنا حەزرەت ﷺ ئیزنی نەئەدان بڕۆنە دەرەوە بۆ حەج و بۆ عومرە و، لەگەڵ خۆیا نەیئەبردن بۆ سەفەری غەزا و، ماوەی نەئەدان بۆ دیدەنی باوك و دایك و، چوونەلای نەخۆشان و پرسەی خزمان و... ئەمانە هەموویان بە ئیتیفاقی زانایان بوون، کەسێ لاری لێیان نەبووە. وە سابت بووە کە خێزانەکانی حەزرەت ﷺ حەجیان کردووە پاش کۆچی دوایی حەزرەت ﷺ، «سەودە»ی کچی زەمعە و زەینەبی کچی جەحش نەبێ رضي الله عنهما، وە کەس لە زانایانی ئەسحابە ئینکاریان نەکردوون. وە هیچکام لە خولەفای ئەو چەرخە دەستیان نەهێناوەتە رێگەیان.

وە وارید بووە کە لە پاش هاتنە خوارەوەی ئایەتی: ﴿و قرن في بیوتکن...﴾ حەزرەت ﷺ فەرمووی: «أذِنَ لكُنَّ أن تخرجن لحاجتكن.» واتە خودا رێگەی داون کە بۆ بەجێهێنانی پێویستی خۆتان لەماڵ بچنە دەرەوە.

وا بە ئاشکرا دەرکەوت کە مەبەست لەو ئایەتە ئەمە بووە چاودێری ویقاری خۆیان بکەن و خۆیان لە باقی ژنان جیا بکەنەوە بە مانەوەیان لە ماڵی خۆیانا لە زۆری کاتا و، بە کۆڵان و بازاڕ و رێگەی گشتیدا ـ وەکوو خەڵکی‌تر نەگەڕێن ـ لەبەر راگرتنی رێزی خانەدانی حەزرەت ﷺ.

وە لەو کاتەدا رووداوی خەلیفەی سێهەم رووی دا «ام المؤمنين» عائیشە و «ام سلمه» رضي الله عنهما لە مەککەدا بوون چووبوون بۆ حەج و کاتێ ئەو کارەساتەیان بیست زۆر زویر بوون و، هەر لەو کاتەدا کە ئەوان لە حەجا بوون تەلحە و، زوبەیر و، نوعمانی کوڕی بەشیرو، کەعبی کوڕی عەجرە لەگەڵ کۆمەڵێ لە یاران لە مدینە

رایانکرد لە ترسی ئەو ئاژاوەچییانە، چونکی پاش کوشتنی عوسمان جۆرە فەخر و دەمارێکیان پەیدا کردبوو، ئەو کۆمەڵە ئەسحابە رۆیشتن بۆ مەککەو پەنایان برد بۆ «ام المؤمنین» عائیشە و ئەویش فەرمووی: وا بە چاك ئەزانم کە نەگەڕێنەوە بۆ مەدینە مادام ئەو ئاژاوەچییانە وان لە مەدینەدا. وە ئەوەیان پەسەند کرد کە بڕۆن لە بەسرەدا بمێننەوە تا وەزع ئارام ئەبێتەوە، و لە خزمەتی عائیشەدا بوون.

وە تکایان کرد لە عائیشە رضي الله عنها کە ئەویش لەگەڵیانا بێ هەموو لە بەسرەدا بن. وە مەبەستیان ئەوە بوو لە پاڵ رێزی «ام المؤمنین»دا بن؛ چونکی ئەم زاتە بە «عالیمەی ئوممەهات» مەشهوور بوو، لە لای حەزرەت صلى الله عليه وسلم خاوەن پایە بوو، وە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر، کە خوشکەزای بوو، لەگەڵیا بوو لەگەڵ خوشکەزاکانی تریا لە «ام کلثوم» خێزانی تەلحە و، ئەسمای خێزانی زوبەیر، وە لە کەژاوەیەکی ئاسنیندا بوو ئەم خوشکەزایانەی بە دەوریا بوون خزمەتیان ئەکرد.

کاتێ ئەمان روویان کردە بەسرە ئەم هەواڵە گەیشت بە ئیمامی عەلی رضي الله عنه لە مەدینەی مونەووەرەدا و ئەو ئاژاوەچییانە هاتن بە دەوری ئیمامی عەلیدا و زۆر داوایان لێ کرد کە هستێ بە هێزی ئەوان و غەیری ئەوانەوە بڕۆن بۆ بەسرە و، بردیانە دڵیەوە کە ئەو کۆمەڵە بیریان لەگەڵ تۆدا خراپە و، دڵی حەزرەتی عەلییان هاوردە سەر ئەوە کە بڕوا بۆ بەسرە.

کاتێ کە پەیوەندداراني حەزرەتی عەلی رضي الله عنه لەم بیرە ئاگادار بوون حەزرەتی حەسەن و حوسەین و، عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر و، عەبدوڵڵای کوڕی عەباس رضي الله عنهم عەرزی ئیمامی عەلییان کرد: کە لە مەدینە نەچێتەدەرەوە و، چاوەڕوانی بکا تا لە وەزعی ئەوان ئەگا. حەزرەتی عەلی گوێی بە قسەی ئەمان نەدا و، بەرەو بەسرە کەوتە رێ و، کۆمەڵێ لە ئاژاوەچییەکانیشی لەگەڵدا بوو. کاتێ نزیکی بەسرە بوونەوە

حەزرەتی عەلی قەعقاعی نارد بۆ لای «ام المؤمنین» بزانێ غایەیان چییە، کە رۆیشت و پرسیاریان لێ کرد: بۆچی هاتوون بۆ بەسرە؟ فەرمووی: مەبەستمان ئیسلاحە و، ناردی تەلحە و زوبەیر هاتن، قەعقاع وتی: ئەو مەسڵەحەتە چۆنە؟ وتیان: تۆڵەسەندنەوە لە قاتیلەکانی عوسمانە. وتی: ئێستە ئەوە ناکرێ تا وەزع ئارام ئەبێتەوە، ئەوانیش وتیان: باشە ئێمە بەم بیرە قەناعەت ئەکەین کە لە کاتی فرسەتا ئەم تۆڵە بە گوێرەی شەرع وەر بگیرێ.

وە جواب رۆیشتەوە بۆ ئیمامی عەلی و ئەویش دڵشاد بوو، ماوەی سێ رۆژ بەم جۆرە هاتوچۆ لە ناویانا بوو، بڕیار درا رۆژی چوارەم رێکەوتنەکە رابگەیەنرێ و خەڵك ئارام ببێتەوە.

ئاژاوەچییەکان ئەمەیان پێناخۆش بوو کەوتنە مەکر کردن و، بڕیاریان دا بڕۆن بدەن بەسەر هاورێکانی «ام المؤمنین»دا هەتا ئەوان وا بزانن ئەمە حیلە بووە لە لایەنی ئیمامەوە، وە حاشا ئیمام بەمەی زانیبێ و ئاگاداری بووبێ! کە رۆیشتن بۆ سەریان و دایان بەسەریانا بوو بە هەرا و هەموو لە ناکاو کەوتنە ناو بەڵاوە و، نە «ام المؤمنین»و نە ئیمامی عەلی ئاگایان لەم فیتنە نییە، وە کاتێ کوشتار دەستی پێ کرد ئەوەی کە رووی دا، رووی دا: ﴿و كان أمر اللّٰه قدراً مقدوراً﴾[1] ئەم رووداوە لە لایەنی تەبەری و غەیری تەبەرییەوە لە راستان و جێی بڕوایان گێڕراوەتەوە، و هەر قسەیێ بێجگە لەمە بوترێ جێگەی بڕوا نییە.

باسی دووەم: لەفزی ﴿واذكرن ما يتلى﴾ سێ مەعنا هەڵئەگرێ:

١. مەعنای وایە باسی ئەو نیعمەتانە بکەن کە خودای تەعالا پێیداون کە ئەوانی لە خانەدانی پێغەمبەرا داناوە و ئایەتەکان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری تێدا ئەخوێنرێتەوە.

---

١. الأحزاب؛ ٣٨.

٢. باسی ئایاتی خودا بکەن و، باسی سوننەتی پێغەمبەر بکەن و، قیمەتی ئەوانە بزانن و بیر لە ماناکانیان بکەنەوە، هەتا سوود لە ڕێنومایییەکانیان وەربگرن.

٣. مانای خوێندنەوە و کردنەبەر و لێکدانەوەی لەفز و مانای ئایات و حەدیسەکان بکەن، هەتا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر زانیاری لە دیندا پەیدا بکەن.

باسی سێهەم: وەکوو لە تەفسیری قورتوبیدا ئەفەرموێت، ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەمە کە «ئەهلی بەیت» خێزانەکانی حەزرەتە ﷺ وە زانایان لەم ئایاتەدا قسەی جوان و ڕاستیان دەربڕیوە. جا عەتا و عەکرەمە و، ئیبنوعەباس فەرموویانە، مەبەست لە ئەهلی بەیت خێزانەکانی حەزرەتە بە تایبەتی و پیاویان لەگەڵا نییە و، فەرموویانە: مەبەست لە بەیت ئەو شوێنانەیە کە حەزرەت ﷺ لەگەڵ خێزانەکەیا تیایا دانیشتوون؛ چونکی فەرموویەتی: ﴿واذکرن ما یتلی في بیوتکن﴾.

وە تاقمێ‌تر فەرموویانە: مەبەست حەزرەتی عەلی و، حەزرەتی فاتیمە و حەسەن و، حوسەینە بە تایبەتی، لەبەر ئایەتی: ﴿لیذهب عنکم الرجس أهل البیت و یطهرکم تطهیراً﴾. وە ئەگەر خیتاب لەگەڵ ژنانا بوایێ ئەیفەرموو: «لیذهب عنکن الرجس و یطهرکن تطهیراً».

وە لە حەدیسدا هەیە کاتێ ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە. حەزرەتی عەلی و، فاتیمە و، حەسەن و حوسەینی بانگ کرد و، حەزرەت ﷺ دەستی برد عەبایەکی هێنا دای بەسەریانا، جا دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان فەرمووی: خودایە ئەمانە ماڵ و خێزانی منن دووریان بخەرەوە لە چڵك و چەپەڵی و پاکیان بکەرەوە بە پاککردنەوە.[1]

---

[١]. موفەسیرەکان لەوەدا ئیتیفاقیان هەیە کە ئەم ئایەتانە لە بارەی خێزانەکانی پێغەمبەر هاتوونەتە خوارەوە، هەروەك مامۆستا فەرمووی، بەڵام بۆ زیاتر روون کردنەوەی ئەم بابەتە بە پێویستمانزانی هەندێ لە بیروڕای موفەسیرەکان لێرەدا بنووسینەوە:

وە لەم شوێنەدا تەرجەمەی تەفسیری «روح المعانی»تان بۆ ئەکەم، بۆ زیادە ئاگاداری. ئەفەرموێت: بازێ لە زانایان فەرموویانە مەبەست لە «بیت» خانووی نیشتمانە و، خەڵکی نیشتیمانیش لەسەر ریزی ئایەتە پێشووەکان و لەسەر ئەحادیسی سەحیحەی زۆر و، بە شایەتی عورفیش ئەو کەسانە کە زیادە پەیوەندییان بەو

☞

ئەم ئایەتە سەراحەتەن ئەهلی بەیت بۆ خێزانەکانی پێغەمبەر سابت ئەکا و ئەهلی بەیت بۆ غەیری خێزانەکانی پێغەمبەر بە دوعای پێغەمبەر، یان بە تەئویلی ئایەتەکە، یان بە حەدیس سابت ئەبێ، وەك لە سەحیح موسلیم لە ریوایەتی حەزرەتی عائیشەدا هەیە. وە وەکوو ئەو حەدیسەی کە لەسەرەوە روایەت کراوە کە تەواوەکەی لە ترمزیدا هاتووە ئەفەرموێ: کاتێ ئایەتی ﴿إنما یرید الله ... تاد﴾ لە ماڵی ئومموسەلەمە هاتە خوارەوە حەزرەت فاتیمەی کچی لەگەڵ حەسەن و حوسەینا بانگ کرد و عەبایەکی پێچاند بە دەوریانا و حەزرەتی عەلیش لە پشت پێغەمبەرەوە بوو، جا پێغەمبەر فەرمووی: «اللهم هؤلاء أهل بیتي فأذهب عنهم الرجس و طهرهم تطهیراً» ئومموسەلەمە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا منیش لەگەڵیاندام؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «أنتِ علی مکانك و أنتِ علی خیر» واتە: تۆ لەسەر جێی خۆتی و تۆ لەسەر خێری. مەبەستی پێغەمبەر ئەوەبوو کە ئومموسەلەمەی خێزانی بە ئایەتەکە ئەهلی بەیتی بۆ سابت بووە. هەرچەند کە ئیمامی ترمزی ئەم حەدیسەی بە غەریب داناوە.

زانایان فەرموویانە بە جەمعە موزەککەری هێنانەوەی زەمیرەکان نابێتە دەلیلە لە سەر ئەوە کە مەبەست لە «أهل البیت» تەحتەلعەبا بێ، چونکە ئەم شێوازە لە قورئاندا زۆر هەیە بۆ نموونە لە سوورەتی هوود لە ئایەتی٧٣دا خوا ئەفەرموێ: ﴿قالوا أتعجبین من أمر الله رحمت الله و برکاته علیکم أهل البیت﴾ کە زەمیری «علیکم» لێرەدا تەنیا مەبەست سارا خاتوونی خێزانی حەزرەتی ئیبراهیمە.

وە ئەم ئایەتانە بە بیروڕای ئەهلی سوننەت و جەماعەت عیسمەتیان پێ سابت نابێ چونکە وشەی «تطهیر» بە مانای عیسمەت نییە، هەر وەکوو چۆن لە ئایەتی: ﴿خذ من أموالهم صدقة تطهرهم و تزکیهم بها﴾ بەم مانایە نەهاتووە. وە عیسمەت تایبەتی پێغەمبەرانە و غەیری پێغەمبەران هیچکەس مەعسووم نییە...

بۆ ئاگاداری زیاتر لەم بوارەدا سەیری ئەم تەفسیرانە: ١. «التحریر و التنویر» . ٢. تەفسیر «قورتوبی». ٣. تەفسیری «ئالووسی». ٤. تەفسیری «ئیبنونەبیسەعوود» لە ژێری ئایەتی ٣٣ سوورەتی ئەحزاب بکەن ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

خانووەوە ببێ، یا بە دانیشتن و ڕێکخستنی پێویستی و بە مانەوە تیایا و دانانی بە قەرارگای خۆی، وەکوو ژن و منداڵ و، ئەو خزمانە کە بە عادەت هاتوچۆی زۆری بۆ ئەکەن و تیایا دائەنیشن، بە بێ داواکردنی خاوەن ماڵەکە، وە یا خود ئەگەر بێن بە حوکمی عادەت مەنع نەکرێن؛ وەکوو ئەو ئەولادانە کە ماڵیان جیایە و مام و خاڵ و پوور و ئامۆزا.

جا بەم ڕوونکردنەوە ئەو حەدیسانە کە بە ڕواڵەت «تەعاروز» لە نێوانیانا هەیە گردئەکرێنەوە. واتە لەسەر ئەم ڕوونکردنەوە خێزانەکانی حەزرەت ﷺ و کچەکانی و، کچەزاکانی و، مامی و، ئامۆزاکانی هەموویان بەر «أهل البيت» ئەکەون و هەموو لە ئەهلی بەیتن، بێجگە لەوانە کە حەزرەت ﷺ خۆی داخڵی ئەهلی بەیتی کردوون وەکوو حەزرەتی سەلمانی فارسی رضي الله عنه. و لە سەحیحا هاتووە «سلمان منا أهل البيت»، وە لە ڕیوایەتێکا هاتووە کە «واسیلە» عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خودا منیش لە ئەهلی بەیتم؟ فەرمووی: بەڵێ تۆیش لە ئەهلی منی و، «واسیلە» ئەیفەرموو: ئەم فەرموودەیە گرنگترین وەسیلەی ڕجای منە بۆ ڕەحمی خودای تەعالا.

﴿إِنَّ ٱلْمُسْلِمِينَ وَٱلْمُسْلِمَٰتِ وَٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْقَٰنِتِينَ وَٱلْقَٰنِتَٰتِ وَٱلصَّٰدِقِينَ وَٱلصَّٰدِقَٰتِ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَٱلصَّٰبِرَٰتِ وَٱلْخَٰشِعِينَ وَٱلْخَٰشِعَٰتِ وَٱلْمُتَصَدِّقِينَ وَٱلْمُتَصَدِّقَٰتِ وَٱلصَّٰٓئِمِينَ وَٱلصَّٰٓئِمَٰتِ وَٱلْحَٰفِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَٱلْحَٰفِظَٰتِ وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾﴾

ترمزی ڕیوایەتی کردووە لە «أم‌عمارە»وە رضي الله عنها کە هات بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ عەرزی کرد: نابینم ئایەتێ دەربارەی ژنان بێتەخوارەوەو، هەرچی دێتەخوارەوە هەر بۆ پیاوانە! جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە.

ئەم ئایەتە بەرزە پیرۆزە باسی ئیسلام و ئیمان ئەکا و بە شوێن ئەوانا باسی بازێ کردەوەی جوان ئەکا و، بەم شێوە ئاگادارمان ئەکا لەوە کە ئیمان باوەڕە بەوە کە حەزرەت ﷺ لە لایەنی خواوە هێناویەتی، وە ئیسلام بریتییە لە ئیزعان و ئینقیادی دڵ و رام بوونی بۆ ئەوەی کە حەزرەت هێناویەتی. وە ئیمان و باوەڕ بە بێ ئیسلام و رام بوونی دڵ بەکار نایێ، ئەگەرنا گەلێ لە ئەهلی کیتاب ئەیانزانی ئەم زاتە پێغەمبەری خودایە لەگەڵ ئەوەدا بە کافر دانران؛ چونکی ئیسلام و ئینقیادەکەیان نەبوو. بە کورتی ئەوەی ئینسانی پێ رزگار ئەبێ دوو شتە: «عیلم» و «فیعل»ە. عیلم بە راستی حەزرەت ﷺ و ئینقیاد بۆ ئەوە و، ئەمانە کە هاتنە جێگە ئەمجار ئادابی دین و کردەوەی باش پەیدا ئەبن وەکوو دوعا و پاڕانەوە لە خودا و، بەندەیی کردن بۆ خودا و، خوشووع و دامەرزانی دڵ بۆ خودا و، خۆگرتن بۆ تەرکی حەرام و بەجێهێنانی واجبات و، سەرفکردنی دارایی بە خێرو چاکەی واجب و مەندووب لەبەر رەزای خودا، رۆژوو گرتن، کە هەمووی هەر سەبرە، جیای کردەوە لەبەر گرنگیدان بە رۆژوو، وە خۆپاراستن لە ئارەزووی نەفس بە پاراستنی پاش و پێش. وە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەوام لەسەر زیکری خودا بە زمان و یادی خودا بە دڵ، جا لەسەر ئەم ئیمان و ئیسلام و کردەوە بەرزە باشانە لێخۆشبوون و پاداشی گەورە لە لایەنی خواوە دائەمەزرێ بۆ خاوەنەکەیان. خودا لە رزی ئەوانەدا دامان بنێ.

واتە بە راستی ئەو پیاوانەو ئەو ژنانە کە موسوڵمانن و دڵیان لەسەر خۆشویستنی حەزرەت ﷺ دامەزراوە و قورئانیان بە دڵ وەرگرتووە و، ئەو پیاوان و ژنانە کە خاوەن باوەڕن بەوەی حەزرەت ﷺ لە لایەنی خوداوە هێناویەتی و، ئەو پیاوان و ژنانە کە بەندەیی بۆ خودا ئەکەن و ئەوانە کە لەگەڵ خودادا راست ئەکەن و، ئەوانە کە خۆگرن لەبەر باری تەرکی حەرام و کردنی واجباتا و، ئەوانە کە دڵ و لەشیان بە ئەدەب دامەزراوە لە حوزووری خودادا و، ئەوانە کە ماڵی خۆیان ئەدەن بە سەدەقەی

واجب و مەندوویدا و، ئەو پیاو و ژنانەی کە ڕۆژووی واجب ئەگرن و، بە قەی تەوانا سونەت بەجێ‌دێنن و، ئەوانە کە عەورەتی خۆیان لە بەکاربردنی لە بێ‌شەرعیدا ئەپارێزنو، ئەوانە کە بە زمان و دڵ زیکری خودا ئەکەن بە پەنامەکی و ئاشکرا. ئەوانە خودا تاوانبەخشی و پاداشی گەورەی بۆ ئامادە کردوون.

هاوار بە ماڵی ئەوەی ئەنازێ — بە کاری خۆیا بە قەی پیازێ
بیر و باوەڕ و کردەوەی چاکت — ئاسارن لە بۆ دڵی ڕووناکت
ڕووناکی دڵت فەیزی خودایە — هۆی ئیرشاداتی ڕەسولەڵلایە
یانی سەراسەر تاعات و ئیحسان — هەرچی دەربچێ لە دەستی ئینسان
گشت لە خوداوە هاتوون بۆ تۆ — هەروەها نیعمەت بۆ تۆ دێ کۆ کۆ
بەم کارە کەمە تۆ دەری ئەکەی — یا بەم تاعەتە تۆ ڕێی پێ ئەبەی
ناقیسە و ناگا بە پایەی کامیل — لە بۆ سوپاسی نیعمەتی شامیل
ئیتر چی ماوە لە سەر دەستی تۆ — بیکەی بە مایە بۆ مەبەستی تۆ
بە بارێ‌ترا زنجیرەی تاعات — لێرەوە بڕوا هەتا سەماوات
لەبەر ڕەزیلەی دەروونی ئینسان — دوورە لە پایەی کردەوەی ئیحسان
دوورە لە تەقوای «رب‌العالمین» — دوورە لە سەفای سەروەری ئەمین
قەبووڵی خودایش بۆ «متقین»ە — لە لای زاناکان ئەمە یەقینە
کە وابێ ئەگەر خەلاست ئەوێ — مایەی مەرتەبەی ئیخلاست ئەوێ
هەر بەرەو خودا بپاڕێرەوە — بە لاڵە و پاڵە سەر بنێرەوە
بڵێ: خودایا ناڵێم موخلیسم — لە مایەی ئیخلاس تەواو موفلیسم
بەڵام مایەکەم رجاو تکایە — تکام بۆ عەفوی زاتی خودایە
تکاکارەکەیش گەلێ مەسعوودە — دارای مەقامی بەرزی مەحموودە
«نامی» ناوی خۆی نووسی لە دەفتەر — بۆ تکای والای ئەولای پێغەمبەر

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ ۗ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًا مُّبِينًا ﴿٣٦﴾﴾

ئەم ئایەتە لەو کاتەدا هاتەخوارەوە کە حەزرەت ﷺ خوازبێنی زەینەبی پوورزای خۆی کرد بۆ زەیدی کوڕی حاریسە. جا زەینەب و عەبدوڵڵای برای موافقەیان نەکرد.

واتە ڕەوا نییە بۆ هیچ ژنێکی خاوەن ئیمان ئەمە کە خاترخۆیی و سەربەستییان بێ لە کاری خۆیانا کاتێ کە خودا و پێغەمبەری خودا حوکمیان دا بە کارێ. واتە زەینەب و عەبدوڵڵا حەقی موخالەفەیان نییەو، هەرکەسێ لە خودا و پێغەمبەری خودا یاخی ببێ ئەوە بە ڕاستی ڕێگەی ڕاستی ونکردووە بە ونکردنێکی دوور.

﴿وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِىٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخْفِى فِى نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ ۖ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَٰكَهَا لِكَىْ لَا يَكُونَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِىٓ أَزْوَٰجِ أَدْعِيَآئِهِمْ إِذَا قَضَوْا۟ مِنْهُنَّ وَطَرًا ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٣٧﴾﴾

باسی ئەو کاتە بکە کە بەو کەسەت وتووە، کە خودا نیعمەتی پێداوە بە هۆی ئەوەوە کە تەوفیقی داوە بۆ ئیسلام و ئیمان و، تۆیش نیعمەتت هەیە بەسەریەوە بە هۆی ئەوەوە کە ئازادت کردووە، وەکوو زەیدی کوڕی حاریسە بێ، کە تۆ پێت ئەوت: ژنەکەت ڕابگرە بۆ خۆت و لە خودا بترسە لە هۆی ئەوەوە تەلاقی مەدە. وە لە دڵی خۆتا ئەوەت ئەشاردەوە کە خودا دەری ئەخا، وەکوو مارەکردنی زەینەب بێ

ئەگەر زەید تەڵاقی بدا و، لە خەڵك ئەترسی كە مارەكردنی ئەو ژنە بكەن بە هۆی تانە و تەشەر لێدانت! وە خودا شیاوترە بۆ ئەوە كە تۆ لێی بترسی.

جا كاتێ زەینەب ماوەیێ لای زەید مایەوە و پێویستی خۆی پێ جێبەجێ كرد و دڵی لێی هەڵكەوت و تەڵاقی دا، لە تۆمان مارەكرد بۆ ئەوە كە ماوەی ترس و عەیبە نەمێنێ لەسەر موسوڵمانەكان لە كاتێكا ژنی كوڕی «جەعلی» خۆیان مارە بكەن بۆ خۆیان، پاش ئەوە ئەوان تەڵاقیان دا، وە هەر ئەمرێ كە خودا بڕیاری كردنی دابێ ئەوە كراوە و ئەكرێ.

﴿ مَّا كَانَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ مِنْ حَرَجٍ فِيمَا فَرَضَ ٱللَّهُ لَهُۥ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِي ٱلَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلُ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ قَدَرًا مَّقْدُورًا ﴿٣٨﴾ ﴾

پێغەمبەری خودا جێگەی لۆمەو توانج نییە لەم مەسەلەدا كە خودا بۆی بڕیار داوە وەكوو مارەكردنی زەینەب بێ و، ئەمە ڕەفتاری خودایە لەگەڵ ئەو پێغەمبەرانەدا كە لەمەوبەر ڕابوردوون، واتە كۆچیان كردووە، یانی هەر پێغەمبەرێ لە زەمانی خۆیا هەرچی بۆ حەلاڵ كرابێ هیچ لۆمەی نەكراوە و جێگەی تەشەر نەبووە لەوەدا كە خودا بۆی حەلاڵ كردووە و، ئەمرو خواستی خودای تەعالا هەر حوكمی قەتعی و بڕاوە و دامەزراو بووە.

﴿ ٱلَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَٰلَٰتِ ٱللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُۥ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا ٱللَّهَ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴿٣٩﴾ ﴾

ئەو پێغەمبەرە پێشووە ڕابوردوانە ئەوانە بوون كە پەیامی خودایان بە بەندەكانی خودا گەیاندووە و لەو خودا ترساون و لە كەسێ‌تر نەترساون و ناترسن و خودا بەسە بۆ حسێبگەری و ئاگاداری لە كرداری بەندەكانی.

﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾﴾

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتەلیب، کە دایکیشی ئامینەی کچی وەهەبە، ئەو زاتە باوکی کەسێ لە پیاوەکانتان نەبووە، بەڵام ئەوەندە هەیە رەوانەکراوی خودایە بۆ سەر جین و ئینس و، دوا پێغەمبەری خودایە و، خودا زانا بووە و زانایە بە هەموو شتێ. جا مادام باوکی کەستان نەبووە ئەگەر یەکێ لە ئێوە ژنی خۆی تەڵاق بدا و موحەممەد مارەی بکا بۆ خۆی ئەوە هیچ خراپەیەك روو نادا.

باسی زەینەب و زەید:

زەینەب کچی جەحش کە دایکی ناوی ئومەیمە بوو، ئومەیمە کچی عەبدولموتەلیب بوو. پێغەمبەر ﷺ داوای کرد بۆ زەیدی کوڕی حاریسە کە بەندەی ئازاد کراوی حەزرەت ﷺ بوو، کاتێ خۆی بە زەیدی کوڕی موحەممەد مەشهوور بوو. لە پێشەوە زەینەب و براکەی بەوە رازی نەبوون و، پاش ئەوە کە ئایەتی: ﴿ما كان لمؤمن ولا مؤمنة...﴾ هاتە خوارەوە خۆی و براکەی ملکەچی فەرمانی خودا بوون و حەزرەت ﷺ زەینەبی لە زەید مارەکرد کە لە ماڵی حەزرەتا بوو، و تا ماوەیێ لە لای زەید مایەوە. پاش ئەوە رۆژێ حەزرەت ﷺ رۆیشت بۆ ماڵی زەید بانگی بکا بۆ کارێ، زەینەب راوەستا بوو چاوی پێی کەوت و فەرموی: «سبحان اللّٰه مقلب القلوب»[1] وە زەینەب ئەم وتەی بیست و گێڕایەوە بۆ زەیدی مێردی، ئەویش پاش

---

[1]. ئەم رووداوە هەرچەن لە هەندێك لە تەفسیرەکاندا بە شێوازی جۆراو جۆر و وەك داستانێکی رۆمانتیك هاتووە بەڵام زۆربەی موفەسیرەکان بەچەن بەڵگە ئەم رووداوەیان بە موعتەبەر نەزانیوە:

ماوەیێ هات بۆ لای حەزرەت ﷺ ویستی تەڵاقی بدا. حەزرەت فەرمووی: «أمسك علیك زوجك واتق اللّه». بەڵام سوودی نەبوو، تەڵاقی دا. جا پاش ماوەی «عده» خودا دای بە حەزرەت ﷺ و، ئایەتی ناردەخوارەوە: ﴿فلما قضى زيد منها وطراً زوجناكها﴾. وە بەم ئایەتە کە خودا ناردیە خوارەوە، زەینەب بوو بە حەڵاڵی حەزرەت ﷺ. بۆیە جارجار لە ناو خێزانانی حەزرەتدا قسەیان ئەکرد و زەینەب ئەیوت: خودا منی بۆ پێغەمبەر مارە کردووە و ئێوە وەلی ئەمرتان مارەی کردوون.

☞

١. سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی نییە و ریوایەتەکەی زەعیفە و سەنەدەکەی تەواو نییە،

٢. دژایەتی هەیە لەگەڵ عیسمەتی پێغەمبەردا، هەروەها ڕێک ناکەوێ لەگەڵ ئەم ئایەتی (١٣١)کەی سوورەی تاهادا کە خودا ئەفەرموێ: ﴿ولا تمدن عينيك إلى ما متعنا به أزواجاً منهم زهرة الحيوة الدنيا لنفتنهم فيه و رزق ربك خير و أبقى﴾.

٣. ئەگەر ئەوەی کە پێغەمبەر لە دڵیا شاردیەوە خۆشەویستی زەینەب بوایە خودا دەری دەخست، چون خودا فەرمووی: ﴿و تخفي في نفسك ما اللّه مبديه﴾ واتە: ئەشاریتەوە لە دەروونتدا ئەوە خودا دەری ئەخا و ئاشکرای ئەکا، کەچی خودا ئەوەی دەرخست کە زەینەب دەبێتە خێزانی پێغەمبەر و ئەو رەسمی دەورانی نەزانییە ئەسڕێتەوە، نەك خۆشەویستی زەینەب.

٤. پێغەمبەر هەر لە منداڵییەوە زەینەبی دەناسی، چون پوورزای بوو لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی نەچووبووە دڵیەوە چۆن لە شەئنی پێغەمبەردایە دوای ئەوەی کە خۆی خوازبێنی کرد بۆ زەید و بە ئایەتی ژمارە (٣٦)ی ئەم سوورەتە بوو بە ژنی زەید، ئەم ئیشەی لێوە روو بدا.

٥. لە رووداوەکەدا وا دەرئەکەوێ کە زەید لەبەر پێغەمبەر تەڵاقی زەینەبی دابێ، ئایا زەید بەرلەوەی ئایەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەحکامی تەبەنی نازڵ ببێت نەیدەزانی کە زەینەب بووکی پێغەمبەرە و بووك وەك کچ وایە و بۆی ناشێ؟

بۆ زیاتر روونکردنەوە سەیری «شیفای قازی عەیاز» و تەفسیری «روح المعانی» و «ئیبنوکەسیر» و «ئیمام فەخری رازی» و «ئەحکامولقورئانی ئیبنوعەرەبی» و «تەفسیری ئایاتی ئەحکامی سابوونی» بکە ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

دوای بیرکردنەوە لەم ڕووداوەدا چەن حیکمەتێ دەرئەکەوێ:

یەکەم: خودا ویستی بەهۆی مارەکردنی زەینەب بۆ زەید لە ئەوەڵەوە ئەمە دربکەوێ کە لە دینی ئیسلاما یاسای چین‌خواهی نییە. ئەگەرنا زەینەب کە پوورزای حەزرەتە ﷺ لە زەلامێکی وا مارە نەدەکرا کە پێشتر بەندە بووبێ و ئازاد کرابێ.

دووهەم: ئەمە بوو کە لە پاش تەڵاقی زەینەب لە لایەنی زەیدەوە حەزرەت ﷺ مارەی بکا و، دەربکەوێ لە جیهانا کە ژنی کوڕی ئیعتیباری حەڵاڵە بۆ ئینسان و، بە وێنەی نیکاحی ژنی کوڕی نەسەب مارەی حەرام نییە.

سێهەم: ئەمەیە شتێ کە خودا ئەمری پێ بکا نابێ تەماشای قسەی نەزانان و ئینسانی بەددڵی تێدا بکرێ: چونکی حوکم هەر بۆ خودایە.

ئەگەرنا ئەگەر ئەم حیکمەتانە دائیر نەبوونایێ لە بەینا حەزرەت ﷺ لە پێش ئەوەدا کە زەینەب مارە ببڕێ لە زەید خۆی مارەی ئەکرد بۆ خۆی.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُصَلِّى عَلَيْكُمْ وَمَلَـٰٓئِكَتُهُۥ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَـٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾ تَحِيَّتُهُمْ يَوْمَ يَلْقَوْنَهُۥ سَلَـٰمٌ ۚ وَأَعَدَّ لَهُمْ أَجْرًا كَرِيمًا ﴿٤٤﴾﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا! زیکری خودا بکەن بە زیکرێکی زۆری وەها کە نووری ئەو زیکرە سینە و دڵتان داگیر بکا و، تەسبیحی خودا بکەن، «سبحان اللّٰه» بڵێن لەگەڵ مولاحەزەی دوورخستنەوەی زاتی خودا لە کاری نابار و، لە بەیانی و ئێوارەدا بە تایبەتی کە کاتی دڵ‌خاڵیتی و دوورییە لە میحنەتی کارکردن بەم زیکر و تەسبیحە دڵتان ڕوون بکەنەوە.

خودا خودایەکی وایە بارانی رەحمەت ئەبارێنێ بەسەرتانا و، فریشتەکانی لە خودا ئەپاڕێنەوە بۆ ئەوە کە دەرتان بکا لە تاریکستانی کوفر و گوناھ و رەوشتی ناھەموار بۆ رووناکی ئیمان و تاعەت و رەوشتی بەرز و، خودا ھەمیشە میھرەبانە لەگەڵ خاوەن باوەڕەکانا. وە رێزو سڵاوی موسوڵمانان لە رۆژی قیامەتا لە لایەنی مەلائیکەی خوداوە سەلام کردنە و ئەو مەلائیکەتانە ئەچن بە پیری ئەو موسوڵمانانەوە و پێیان ئەڵێن: درودی خوداتان لەسەر بێ بەو سەبرو خۆڕاگرتنەی کە بووتان و ئەم ماڵی پاشەڕۆژەیشتان چاکترین ماڵێکە، وە خودا پاداشێکی گەورەی بۆ موسوڵمانەکان ئامادە کردووە.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ﴿٤٥﴾ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذۡنِهِۦ وَسِرَاجٗا مُّنِيرٗا ﴿٤٦﴾ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَضۡلٗا كَبِيرٗا ﴿٤٧﴾ وَلَا تُطِعِ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَدَعۡ أَذَىٰهُمۡ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ﴿٤٨﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری پایەبەرز، بێ گومان ئێمە تۆمان رەوانە کردووە بۆ سەر موکەللەفانی عالەم بۆ ئەوە کە ئیعتیراف بکەن بە پەروەردگارێکی کامڵی تەنیا و، بە یاسای ژیانی دنیا و ژیانەوەی پاشەڕۆژ بۆ حیساب و کیتاب و گەیشتنی ھەرکەس بە مایەی بیر و باوەڕ و جەزای کردەوەکانی دنیای. کە تۆمان بەمجۆرە ناردووە لە حاڵێکدا کە تۆ ئاگادار بی لە سەر عیبادی خودا بزانی کێ رەفتاری راستە و کێ رەفتاری پەستە و مۆژدە بدەی بە فەرمانبەران بە بەھەشت و، بترسێنی گەردنگیرەکان بە سزای رۆژی قیامەت و ئاگری سووری دۆزەخ و، بۆ ئەوە کە بە دەوام بە قەی تەوانا ھۆشیارانی ئینس و جین بانگ بکەی بۆ لای خودا ئەمەیش لەسەر ئیزن و ئیجازەی خودایە و،

تۆمان ناردووه بە حاڵێ پڕتەو بڵاو بکەیتەوه بۆ سەر دڵ و دەروونی موسوڵمانان، پڕتەوێکی وەها کە ئیقلیمی وجوودیان رووناك بکاتەوه. وه موژدە بدە بەو موسوڵمانانە و بەو خاوەن ئیمانانە بەمە کە هەیە بۆ ئەوان لە لایەنی خوداوه فەزل و شەرەفی زیاد بەسەر باقی ئوممەتەکانا بە شەرەفێکی گەورە.

وه ئاشکرایە گەلێ لە کافران ئەیانەوێ کە تۆ لە گەڵیانا رێك بکەوی و، گەلێ لە کافرە دووڕووەکان ئەیانەوێ تۆ هەڵسووڕێنن لە باری راست بۆ باری نابار. جا دەخیل تۆ ئیتاعەیان نەکەی و واز بێنە لەو ئازاردانی ئەوانە بۆ دڵی خۆت و خۆت بگرە و، پشت بە خودا ببەستە و، خودا بەسە بۆ ئێوە بۆ ئەوه هەموو کارێ حەواڵەی ئەو بکرێ و ئەو جێبەجێیان بکا.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَكَحۡتُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ثُمَّ طَلَّقۡتُمُوهُنَّ مِن قَبۡلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمۡ عَلَيۡهِنَّ مِنۡ عِدَّةٖ تَعۡتَدُّونَهَاۖ فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحٗا جَمِيلٗا ﴿٤٩﴾﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوه کاتێ کە ژنانی موسوڵمانتان مارەکرد بۆ خۆتان لە پاشان تەڵاقتان دان، لە پێش ئەوەدا کە بچنە لایان، ئەوه حەقی عیدەتان بەسەریانەوه نییە تا حیسابی بکەن لەسەریان. کە وابێ هەر موتعەیان پێ بدەن و دووریان بخنەوه لە شوێنی خۆتان بە دوور خستنەوەیەکی جوان، واتە بە بێ ئەوه زیانیان پێ بگەیەنن بە ئازار گەیاندن بە دڵ یا بە لەشیان، وه یا بە کەمکردنەوەی بەشیان، وه لە پێش چەن ئایەتێکا لەم سوورەتەدا باسی مافی موتعەمان نووسی بە شێوەیەکی روون و رەسا.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَٰجَكَ ٱلَّٰتِيٓ ءَاتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّـٰتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَـٰلَـٰتِكَ ٱلَّٰتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَٱمْرَأَةً مُّؤْمِنَةً إِن وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ ٱلنَّبِيُّ أَن يَسْتَنكِحَهَا خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۗ قَدْ عَلِمْنَا مَا فَرَضْنَا عَلَيْهِمْ فِيٓ أَزْوَٰجِهِمْ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَـٰنُهُمْ لِكَيْلَا يَكُونَ عَلَيْكَ حَرَجٌ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥٠﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بە راستی حەلاڵمان کردووە بۆ تۆ ئەو خێزانانە کە مارەییەکەیانت پێداون و ئەو جارییانە کە بوون بە موڵکی شەرعی تۆ لەوانە کە خودا ناردوونی بۆ تۆ و بۆ لای تۆی گەڕاندوونەتەوە لە دەسکەوتەکانی جەنگ، هەروا حەلاڵی کردووە بۆ تۆ کچانی مامت و کچانی پوورەکانت و، کچانی خاڵت و، کچانی خاڵەکانت لەوانە کە لە مەککەوە لەگەڵتا کۆچیان کردووە بۆ مەدینە، واتە لەوانە کە سیفەتی موهاجیرەیان بۆ هاتووەتە جێگە.

هەروا حەلاڵم کردووە بۆ تۆ هەر ژنێکی موسوڵمان ئەگەر خۆی ببەخشێ بە تۆ، ئەگەر پێغەمبەر خواستی لەسەر ئەوە بێ کە ببێ بە ژنی و هاوڕێتی بکا، وە حاڵی ئەم ژنە کە خۆی ئەبەخشێ وەها بە تایبەتی بۆ تۆیە و بەس، نەك بۆ باقی موسوڵمانانیش؛ چونکی ئێمە ئاگادارین و زاناین بەو شتە کە فەرزمان کردووە و تەشریعمان کردووە لەسەر ئەوان لە بارەی ژنەکانیانەوە و لە بارەی جارییەی مەملوکەیانەوە، وە ئەم بەیانە فراوانەمان کرد بۆ تۆ، وە یا ئەم تەشریعاتەم کرد بۆ تۆ هەتا لۆمە و ئەرکت نەیەتە سەر لە بارەی ژنانەوە. وە خودای تەعالا تاوانبەخش و میهرەبانە بۆ موسوڵمانان.

﴿تُرۡجِي مَن تَشَآءُ مِنۡهُنَّ وَتُـٔۡوِيٓ إِلَيۡكَ مَن تَشَآءُۖ وَمَنِ ٱبۡتَغَيۡتَ مِمَّنۡ عَزَلۡتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكَۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن تَقَرَّ أَعۡيُنُهُنَّ وَلَا يَحۡزَنَّ وَيَرۡضَيۡنَ بِمَآ ءَاتَيۡتَهُنَّ كُلُّهُنَّۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا فِي قُلُوبِكُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَلِيمٗا ٥١﴾

وە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم ژنانەم بۆ حەڵاڵ کردووی تۆ ئەتوانی هەر یەکێکیان دوا بخەی لە چوونەلایا و، بانگ بکەی بۆ لای خۆت هەر کامیان کە خواستت لەسەری بێ و، هەر ژنێکت ویست و داوات کرد لەو ژنانە کە لە خۆت دوور خستوونەتەوە ئەتوانی بتەوێ و، تاوانت لەسەر نییە، وە ئەم خاترخۆییە کە درا بە تۆ نزیکترە بە شادی و چاورۆشنی ئەو ژنانە و، نزیکترە بەوە زویر نەبن و، رازی ببن بەو مامەڵە کە تۆ لەگەڵ هەموویانا ئەیکەی؛ چونکی مادام ئەو ژنانە ئاگادار بوون کە ئەم حوکمە لە لایەنی خوداوە هاتووە و خودا وای بڕیار داوە ئیتر کەسیان لۆمەی حەزرەت ﷺ ناکەن بۆ هەر جۆرە رەفتارێ بیکا؛ چونکی یاساکە بۆ هەموویان یەکسانە و، خودا ئەزانێ بەوەی وا لە دڵتانا، دەی بە دڵ نارەزا مەبن بە کاری خودا، وە خودا حەلیمە بۆیە تۆڵە ناسێنێ لە کەسێ کە دڵی بە پێچەوانەی ئەو یاسایە بیربکاتەوە.

زانایانی قورئانی پیرۆز تەفسیری ئەم ئایەتەیان وا کردووەتەوە کە خودا پێغەمبەری خۆی خاترخۆ کردووە لە نوستنی شەوانە لە لای ژنانیا، ئارەزووی لەسەر «قەسم» ببێ یا ئارەزووی لەسەری نەبێ تاوانبار نەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا هەمیشە حەزرەت ﷺ بە شێوەیەکی راست و رەسا شەونوستنی لەگەڵ ژنەکانیا بەش کردووە هەتا کۆچی دوایی کردووە.

بزانن! وا ئەبێ ئینسانێ کە ئاگادار نەبێ لە ئەحواڵی حەزرەت ﷺ لەم جۆرە تەشریعاتە سەرسام ئەبێ نیسبەت بە حەزرەت لە رەوابوونی ژنی زۆرا بۆی و، لە

خاترخۆیی حەزرەت لە نوستن لەگەڵ ژنەکانیا و، لە ئیکتیفا بە بەخشینی هەر ژنێ بۆ نەفسی خۆی بە حەزرەت ﷺ

بەڵام ئەمە جێگەی سەرسامی نییە؛ چونکی مادام پێغەمبەر ﷺ گەلێ شتی لێ حەرام بووە و، گەلێ شتی لەسەر واجب بووە جێگەی قسە نابێ کە بازە شتێکیش بە تایبەتی بۆ ئەو حەلاڵ بووبێ.

بۆ نموونە ئەو شتانە کە لەسەری واجب بوون؛ وەکوو شەونوێژ و، نوێژی چاشتەنگا و، نوێژی جەژنی قوربان و، نوێژی وەتر و، سیواك کردن لە نوێژا و، دانەوەی قەرزی هەر موسوڵمانێ بە قەرزاری مردبێ و ماڵی نەبووبێ بۆ دانەوەی ئەو قەرزە و، راوێژ کردن بە خەڵك لە کاری گرنگا و، خاترخۆی خێزانەکانی لە نێوان: رۆیشتن و، هەڵبژاردنی حەزرەتا ﷺ.

وە ئەوانەیش کە لەسەری حەرامکراون؛ وەکوو: زەکات وەرگرتن، وە تەماشا بە خیانەت بە گۆشەی چاو، وە حەرام بووە لەسەری پاش پۆشینی چەك و بەرگی جەنگ ئەو چەك و بەرگە لە خۆی بکاتەوە تا جەنگەکە دوایی دێت، وە خواردن بە پاڵەوە، وە خواردنی شتێ کە بێنی خراپ بێ و، ئاڵ و گۆڕ لە نێوان خێزانەکانیا و، مارەکردنی ژنێ کە حەزی لە هاوسەری پێغەمبەر ﷺ نەکردبێ و، مارەکردنی «حورە»ی کیتابییە و، مارەکردنی جارییە.

دەی مادام ئەو هەمووە شتە تایبەتیەی لەسەر واجب بووە و، ئەو هەمووە شتەیشی لێ حەرام بووە با بازێ شتیشی بۆ حەلاڵ بووبێ کە بۆ خەڵکیتر حەرام بن. بێجگە لەمانە ئەم زاتە تا تەمەنی گەیشتە پەنجاو سێ ساڵ لە تاقە ژنێ زیاتری نەبوو، لەو تەمەنە بەولاوە ماوەی حەوت ساڵ ئەوانەی بۆ حەلاڵ کراوە کە لەتەمەنی پیری و بەرەو بێهێزیدا بووە.

لەم شوێنەدا چەن قسەیێ هەیە:

یەکەم: بازێ لەو ژنانەی کە مارەی کردوون لەبەر ئەوە بووە کە بێ کەس و منداڵدار بووە؛ وەکوو «ئوموسەلەمە»﵂. وە بازێ لەبەر دڵنەوایی هۆزەکەی بووە، وەکوو «ئوموحەبیبە»ی کچی ئەبووسوفیان، کە لەبەر ئەوە مارەی کرد بەرەو ئیسلام ببنەوە. هەم لەبەر ئەوە تا ئەحکام و پێویستیاتی ژنان بڵاوببێتەوە؛ چونکی بە تاقە ژنێ یا دوو یا سێ وەڵامی خواست و پرسیاری ئەو هەموو ژنانە نەئەدرایەوە.

ئەبێ ئەوەیش ون نەبێ کە غەیری حەزرەت ﷺ هەر وەکوو حەزرەت ﷺ ئەگەر سەد جارییەی ببێ و بیکڕێ بۆی دروستە و، جیاوازی لە نێوان حورە و جارییەدا ئەبێ چی بێ؟ کە واتە ئەم مەبەستی زۆری خێزانە بۆ حەزرەت ﷺ جێی رەخنە نییە لە لای ئینسانی بە ئینساف.

وە مەسەلەی خاترخۆیی حەزرەت ﷺ لە شەونوستنی لە لای خێزانیا هەر شتێ بووە بۆ تەشریع بووە، ئەنا لەگەڵ ئەو خاترخۆییەدا حەزرەت هەر چاودێری رێکی بەشی شەوی لەگەڵ خێزانەکانیا کردووە.

وە ئەو مەبەستە کە ژنێ خۆی پێشکەشی حەزرەت ﷺ کردبێ، ئەوە لە راستیدا وەلی لە مارەبڕیندا ئەگەر پێویست بێ هەر بۆ دوور خستنەوەی عارە لەو باوکە و، بوونی شایەتیش بۆ پاراستنی مافی ژن و پیاوە لە زایە بوون. وە ئاشکرایە هەموو موسوڵمانێ بە ژن و ژنخوازی حەزرەت ﷺ مەمنوون بووە و، کەسیش بە قەی حەزرەت ﷺ چاودێری مافی موسوڵمانانی نەکردووە. ئیتر ئەبێ شایەت بۆچی پێویست بێ؟

لەگەڵ ئەمەیشدا، وەکوو ئیبنوعەباس ریوایەت ئەکا حەزرەت ﷺ ژنی بە لاوە نەبووە بە مارەبڕاوی یا بە «ملك اليمين» نەبێ.

وە ریوایەت کراوە: ژنێ خۆی پێشکەشی حەزرەت ﷺ کردووە و حەزرەت قەبووڵی نەکردووە و شووی کردووە بە زەلامێکی‌تر. زاناکان چەن قسەیان هەیە لە ناویا: بازێ فەرموویانە ناوی «غزیلة» بووە و، بازێ ئەڵێن: ناوی لەیلای کچی حەکیم بووە. بازێ وتوویانە: مەیموونەی کچی حاریس و بازێ ئەڵێ: زەینەب کچی خوزەیمە بووە، کە بە «ام المساکین» ناسراوە.

﴿ لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعۡدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ حُسۡنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ رَّقِيبٗا ﴿٥٢﴾ ﴾

پاش بازە قسەیێ کە خاوەن تەفسیرەکان لەم ئایەتەدا فەرموویانە. وا دەرئەکەوێ ئەم ئایاتە موحکەمە، واتە مەنسووخ نییە.

وە تەفسیرەکەی ئەوەیە: مادام خێزانەکانت خۆیان روویان کردە خودا و تۆیان هەڵبژارد، ئیتر بۆ تۆ حەڵاڵ نییە هیچ ژنێ بێجگە لەم ژنانی خۆتە. واتە: نابێ ژنی‌تر مارە بکەی زیاد لەمانە و، حەڵاڵ نییە کە ژنێکیان بگۆڕی بە غەیری خۆی لە ژنان، واتە یەکێکیان یا زیاتر تەڵاق بدەی و لە باتی ئەو تەڵاقدراوە ژنێ‌تر بێنی، با ئەو ژنە کە ئەتەوێ بیهێنی ئەوەندەیش جوان بێ سەرنجت رابکێشێ، ژنێ نەبێ کە جارییەی مەملووکە بێ، وە خودای تەعالا نیگابانە و ئاگاداری بیر و باوەڕ و کردەوەی هەموو کەسێکە.

کە واتە وا دەر ئەکەوێ ئەم ئایەتە «تحدید بعد التحدید» بێ؛ لە پێشا فەرمووی: ژنەکانی خۆت کە مارەییت پێداون حەڵاڵن بۆت، هەروا چوار تاقمەکەی‌تریش کە کچانی مام و خاڵۆ و پوورن لە باوکەوە یا لە دایکەوە لەگەڵ مەملووکەدا.

وە لەم ئایەتەدا دەربارەی ئەم بەشە زیادانە «ئیباحە» نەما و بەس هەر ژنەکانی پێشووی خۆت بۆ دروستە لەگەڵ جارییەدا.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَدْخُلُوا۟ بُيُوتَ ٱلنَّبِىِّ إِلَّآ أَن يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيْرَ نَـٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَـٰكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَٱدْخُلُوا۟ فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَٱنتَشِرُوا۟ وَلَا مُسْتَـْٔنِسِينَ لِحَدِيثٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ يُؤْذِى ٱلنَّبِىَّ فَيَسْتَحْىِۦ مِنكُمْ ۖ وَٱللَّهُ لَا يَسْتَحْىِۦ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَـٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ ۚ ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ ۚ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَن تُؤْذُوا۟ رَسُولَ ٱللَّهِ وَلَآ أَن تَنكِحُوٓا۟ أَزْوَٰجَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦٓ أَبَدًا ۚ إِنَّ ذَٰلِكُمْ كَانَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمًا ﴿٥٣﴾ إِن تُبْدُوا۟ شَيْـًٔا أَوْ تُخْفُوهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٥٤﴾﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان بە خوداو پێغەمبەری خودا هێناوە مەڕۆنە ئەو هۆدانە کە خێزانەکانی حەزرەتیان ﷺ تێدایە کاتێ نەبێ کە ڕێگە بدرێن بڕۆن بۆ خواردنی خۆراکێ، ئەمەیش بە مەرجی ئەوە زوو نەڕۆنەماڵەوە و چاوەڕێی پێگەیشتنی چێشتەکە بکەن، بەڵام لەو کاتەدا کە بانگ‌کران بۆ خواردنی بڕۆنە ماڵەوە، جا کاتێ خواردەمەنییەکە خورا ئیتر بڵاوە بکەن و، پاش خواردن دامەنیشن بۆ قسەو باس و دەمەتەقێ، ئەم جۆرە حاڵە ئازاری دڵی حەزرەت ﷺ ئەدا؛ چونکی بێگانە نەختێ لەسەر دڵی خانەدان و خاوەن ماڵ گرانە و کاتی زایە ئەبێ و، ئاسایشی لێ تێك ئەچێ و یاسای ڕابواردن و نوستنی لێ ئەگۆڕێ. ئەو شەرم ئەکا پێتان بڵێ بڕۆنە دەرەوە، بەڵام خودا شەرم لە دەربڕینی یاسای ڕاست ناکا؛ چونکی ئەم یاسایانە لە ئەرکانی ژیانی ئینسانانەن.

وە کاتێ داوای شتێکتان لە خێزانەکانی حەزرەت ﷺ کرد بەرەوڕوویان مەوەستن و لە پشتی پەردەیەکەوە وەکوو دیوار یا دەرگا یا پەردەی ناو بارەگاوە داوایان لێ

بکەن. ئەم جۆرە پاکترە بۆ دڵی ئێوەیش و ئەوانیش و چاکتریشە بۆ چاودێری رێز و دوورترە لە راز و گومان.

وە هەرگیز رەوا نەدراوە بۆتان کە ئازاری دڵی پێغەمبەری خودا بدەن؛ چونکی هەرکەسێ ببێ بە مایەی زەحمەت لە بۆ رەحمەتی عالەم، ئەوە ئەبێ بە هۆی مەینەت بۆ بەنیئادەم. وە بۆتان رەوا نەدراوە کە لە ژنانی ئەو مارە بکەن لە پاش وەفاتی ئەو هەرگیز. بۆیە خودا ئیعلانی کرد کە خێزانەکانی حەزرەت ﷺ دایکن لە بۆ موسوڵمانان کە موسوڵمانان وەکوو ئەولاد لەگەڵیانا رەفتار بکەن. ئەم مارەبڕینەیان لای خودا بارێکی زۆر گران و نابار و ناهەموارە.

وە ئەگەر ئێوە شتێ لە موخالیفی ئەم یاسای خودایە دەرببڕن یا لە دڵی خۆتانا رای بگرن و بۆ فرسەت بگەڕێن ئەوە بزانن بە بێ‌گومان خودا پێتان ئەزانێ و تۆڵەتان لێ ئەسێنێ؛ چونکە خودا زانایە بە هەموو کارێ.

﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيْهِنَّ فِىٓ ءَابَآئِهِنَّ وَلَآ أَبْنَآئِهِنَّ وَلَآ إِخْوَٰنِهِنَّ وَلَآ أَبْنَآءِ إِخْوَٰنِهِنَّ وَلَآ أَبْنَآءِ أَخَوَٰتِهِنَّ وَلَا نِسَآئِهِنَّ وَلَا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ ۗ وَٱتَّقِينَ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدًا ﴿٥٥﴾﴾

ریوایەت کراوە: کاتێ ئایەتی پێشوو نازڵ بوو، کە ئەمری بە حیجاب تێدایە، باوك و کوڕ و خزمانی خێزانەکانی حەزرەت ﷺ وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا ئێمەیش هەر لە پشتی پەردەوە قسەیان لەگەڵدا بکەین؟ جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە و ئەو چەن بەشەی لە حوکمی ئایەتەکە جیا کردەوە.

واتە: تاوان نییە لەسەر خێزانەکانی حەزرەت ﷺ لە دیتنی یا دانیشتنی باوکەکانیان یا کوڕەکانیان یا براکانیان یا کوڕانی براکانیان یا کوڕانی خوشکەکانیان یا ژنانێ لە خۆیان، واتە موسوڵمانەکانیان، وە ئەو جارییانە کە موڵکیانن، لەگەڵیانا. ئەی خێزانەکانی

پێغەمبەر لە خودا بترسن و چاودێری ئەحکامی خودا بکەن و لەم یاسا دەرمەچن. بە راستی خودا ئاگای لە هەموو شتێ ـ چاك و خراپ ـ هەیە.

بزانن! لەم ئایەتە پیرۆزەدا چەن کەڵکی گرنگ هەیە:

یەکەم: ئەم ئایەتە لەسەر فەرموودەی کۆمەڵی خاوەن تەفسیرەکان ئەڵێن: کاتێ کە حەزرەت ﷺ زەینەبی پوورزای خۆی بوو بە خێزانی بە ئایەتی خودا، حەزرەت ﷺ نانی بۆ یارانی دروست کرد و خەڵکی بانگ کرد و لە پاش نان خواردن کۆمەڵێ لەوانە لە ماڵی حەزرەتا دانیشتن بۆ قسە کردن، زەینەب رووی کردبووە دیواری هۆدەکەو پشتی لەوانە هەڵکردبوو، وە حەزرەت ﷺ ئەم زیادە دانیشتنەی پێناخۆش بوو، هەتا ئەنەس ئەڵێ: نازانم من وتم بە حەزرەت: خەڵکەکە چوونەدەرەوە، یا حەزرەت ﷺ خەبەری دا بە من و، حەزرەت پەردەی لە نێوان من و خۆیدا دادایەوە. ئەم ئایەتە تا ﴿إن ذلك كان عند الله عظيماً﴾ هاتەخوارەوە.

دووەم ئەمەیە: ئایا ئەو هۆدانە کە خێزانەکانی حەزرەت ﷺ تیایاندا دانیشتوون پاش کۆچی دوایی حەزرەت ﷺ ماڵی ئەوانن یا نە؟ راجیح ئەوەیە کە لە زەمانی حەزرەتدا ماڵی خۆی بووە و لە پاش کۆچی دوایی ئەویش جێگەی خێزانەکانی بووە، نەك بە شێوەی موڵکایەتی بەڵکوو بە مافی موتعە و دانیشتن تیایانا. بە بەڵگەی ئەوە کە میراتبەرانی ئەو خێزانانە دوای مردنیان داوای میراتیان نەکردووە بە بۆنەی ئەوەوە کە موڵکی خێزانەکان بێ. وە بە گوێرەی فەرموودەی حەزرەت ﷺ کە ئەفەرموێ: کۆمەڵی پێغەمبەران میراتمان لێ ناگیرێ و چیمان بەجێ‌هێشت سەدەقەیە. بەڵام لەبەر ئەوە کە جێگەی خێزانەکان بووە تا ئەوان لە ژیاندا بوون ئەوان لە پێشتر بوون بۆ ئەو شوێنانە لە کەسانی دیکە.

سێهەم: جوملەی ﴿ولكن إذا دعيتم فادخلوا، فإذا طعمتم فانتشروا...﴾ بۆ ئەوەیە کە تەقییدی کاتی چوونی خەڵك بۆ ئەو هۆدەی حەزرەتە کراوە بە ئیزنی چوونە ماڵ لە پاش دەعوەت. واتە تەنیا دەعوەتەکە نابێ بە هۆی دروستی چوونەماڵ، بەڵکوو پێویستە لەگەڵ دەعوەتەکەدا ئیزنی چوونەماڵیش هەبێ.

چوارەم: ﴿فإذا طعمتم فانتشروا﴾ مەعنای ئەمەیە هەر ئەوەندە کە نانەکەیان خوارد پێویستە ئیتر دەرچن، بە بەڵگەی ئەوە کە چوونەماڵەوە بێئیزن دروست نییە و ئیزنەکەیش بۆ نانخواردنە و بەس. کە وابێ پاش نانخواردن دەرچوون لەو ماڵە پێویستە.

پێنجەم: ﴿وإذا سألتموهن متاعاً فاسألوهن من وراء حجاب﴾ بەڵگەی پێویستی پەردەیە لە نێوان خێزانانی حەزرەت ﷺ و پیاوانی نامەحرەما، وەکوو بەیانمان کرد، لە ماڵی زەینەبی پوورزای حەزرەتدا و لە رۆژی شاییەکەدا هاتەخوارەوە. وە وتەیێتر هەیە ئەڵێ: ئیبنومەسعوود ریوایەتی کردووە کە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ فەرمانی دا بە خێزانەکانی حەزرەت ﷺ کە خۆیان بە پەردە لە بێگانە داپۆشن. لەوێدا زەینەب وتی: «يا ابن الخطاب إنك تغار علينا، والوحي ينزل في بيوتنا!» جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە. بەڵام راجیح ئەوەیە کە لە رۆژی شایی زەینەبدا هاتووەتە خوارەوە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّ ۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ صَلُّوا۟ عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٥٦﴾﴾

واتە بێگومان خودا و فریشتەکانی خودا سەڵاوات ئەدەن لەسەر پێغەمبەر، ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خودا و پێغەمبەر سەڵاواتی لەسەر بدەن و سەلامی لێ بکەن.

لەم ئایەتەدا چەن باسێ هەیە:

یەکەم: خودای تەعالا ئەمری فەرمووە بە بەندەکانی خۆی کە سەڵاوات بدەن لەسەر حەزرەتی موحەممەد ﷺ. وە بۆ باقی پێغەمبەرەکان ؑ ئەو ئەمرە نییە.

دووهەم: بەکارهێنانی «یصلون» لەم ئایەتەدا لەگەڵ نیسبەتی فیعلەکەدا بۆ لای خودا و فریشتەکان موفیدە بۆ ئەوە کە دروستە لەفزی موشتەرەك بە جارێ لە دوو مەعنادا بەکار بێ؛ ئێستە «سەلات» نیسبەت بە خودا بە مەعنا رژاندنی خێرو رەحمەتە و، نیسبەت بە فریشتەکان بە مانای داوای لێخۆشبوونە. هەرچەند ئەم دوو شتە گرد ئەبنەوە لە مەعنای لەفزێکی تەنهادا، وەکوو «یهتمون بالنبي علیه السلام».

سێهەم: خیلاف نییە لەوەدا کە پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغی عاقڵ کە لە تەمەنی خۆیدا جارێ سەڵاوات بدا لەسەر حەزرەت ﷺ وە زیاد لەو جارە بازێ ئەڵێن: لە هەر مەجلیسێکدا ناوی ببرێ واجبە جارێ سەڵاواتی لێ بدرێ و، بازێ فەرموویانە: لە هەموو مەجلیسێکدا جارێ سەڵاوات واجبە با ناوی نەبرابێ، وە ئەگەر ناوی برا واجبە بە قەی ژمارەی ناوبردنەکەی سەڵاواتی لێ بدرێ.

چوارەم: زۆر سوننەتێکی گەورەیە کە لە شەو و رۆژی جومعەدا سەڵاواتی لێبدرێ و، لە حەدیسا هەیە هەرکەسێ لە شەو و رۆژی جومعەدا سەڵاوات بدا لە حەزرەت ﷺ فریشتە خەبەر ئەدا بە حەزرەت کە فلانی کوڕی فلان سەڵاواتی لێدای و سەلامی لێ کردی و، منیش وەلامی ئەدەمەوە.

وە لە حەدیسا هەیە بەرانبەر بە هەموو سەڵاواتێ خودای تەعالا چاکە بۆ ئینسان ئەنووسێ.

وە لە پایە و چاکەی سەڵاواتا سابت بووە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێ سەڵاوات بدا لەسەر من لە کتێبێکدا مەلائیکە سەڵاوات لەو کەسە ئەدەن مادام ناوی من لەو کتێبەدا بێ.

پێنجەم: ریوایەت کراوە کە چەن عیبارەت تەعیین کراوە بۆ سەڵاوات لەسەر حەزرەت ﷺ وەکوو سەڵاواتی ئیبراهیمی بە چەن ریوایەت بە کەم و زیاد؛ وەکوو ئەوەی کە کەعبی کوڕی عەجرە ئەڵێ: کاتێ ئایەتی ﴿إن الله و ملائکته﴾ هاتەخوارەوە پیاوێ هات بۆ لای حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە ئەزانین سەلام لەسەر تۆ بدەین، بەڵام نازانین سەلات بدەین. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: بڵێ: «اللّهم صل علی محمد وعلی آل محمد کما صلیت علی إبراهیم، وبارك علی محمد وعلی آل محمد کما بارکت علی إبراهیم وعلی آل إبراهیم، إنك حمید مجید».

وە مەسعوودی ریوایەتی کردووە لە عەونی کوڕی عەبدوڵڵا، لە ئەبووفاخیتەوە، لە ئەسوەد، لە عەبدوڵڵاوە کە وتوویە: کاتێ سەڵاواتتان دا لەسەر پێغەمبەر ﷺ بە شێوەیەکی جوان سەڵاواتەکە بدەن؛ چونکە ئێوە نازانن لەوانەیە ئەو سەڵاواتەی لەسەر بنوێنرێ. ئەڵێ: جا فێریان کردین بەم شێوە سەڵاوات بدەین: «اللّهم اجعل صلواتك ورحمتك وبرکاتك علی سید المرسلین، وإمام المتقین، وخاتم النبیین محمد عبدك ونبیك ورسولك، إمام الخیر وقائد الخیر، ورسول الرحمة. اللّهم ابعثه مقاماً محموداً یغبطه به الأولون والآخرون. اللّهم صل علی محمد وعلی آل محمد کما صلیت علی إبراهیم وعلی آل إبراهیم، إنك حمید مجید. اللّهم بارك علی محمد وعلی آل محمد کما بارکت علی إبراهیم وعلی آل إبراهیم إنك حمید مجید.»

هەروا ریوایەت کراوە لە سەعیدی کوڕی موسەییب لە عومەری کوڕی خەتابەوە رضي الله عنه کە فەرموویەتی: رێگەی دوعا نادرێ بەرزببێتەوە تا سەڵاوات نەدرێ لەسەر پێغەمبەر ﷺ جا کە سەڵاوات درا دوعاکە بەرز ئەبێتەوە.

شەشەم: ئەمەیە کە سەڵاوات لەسەر حەزرەت ﷺ لە کۆتایی تەحییاتی یەکەمدا سوننەتە و، لە کۆتایی تەحییاتی دووەمدا پێویستە و، روکنە لە نوێژدا و، بە بێ سەڵاوات ئەو نوێژە بەتاڵە. لەبەر ئەو حەدیسە عائیشە رضي الله عنها ریوایەتی کردووە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: خودا نوێژ قەبووڵ ناکا بەدەستنوێژەوە و لەگەڵ سەڵاواتدا لەسەر من نەبێ. وە باشتر ئەوەیە بڵێ، «اللّٰهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم، وبارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وآل إبراهيم إنك حميد مجيد».

حەوتەم: کە جوملەی ﴿وسلموا تسليماً﴾ لە ناو ئەم ئایەتەدا هاتەخوارەوە مەعناکەی ئەوە بوو کە خودا ئەمری کرد بە موسوڵمانان تێکرا و بە ئەسحابی پێغەمبەر ﷺ بە تایبەتی کە سەلام بکەن لەسەر حەزرەت لە کاتی ژیانیاو لە پاش کوچێ دوایی.

نیسائی ریوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووتەلحە لە باوکیەوە کە پێغەمبەر ﷺ رۆژێك هات خۆشی لەناو چاویا دیار بوو، منیش عەرزم کرد: ئێمە موژدە لەناوچاوانی تۆدا ئەبینین. فەرمووی: مەلائیکە هات بۆ لام و پێی وتم: ئەی موحەممەد خودای تۆ ئەفەرموێ: ئایا تۆ رازی ناکا ئەوەی کە هیچ کەسێ جارێ سەڵاوات نادا لەسەر تۆ ئیللا من دەجار سەڵاواتی لێ ئەدەم، و هیچ کەسێ جارێ سەلام لە تۆ ناکا ئیللا من، دەجار سەلامی لێ ئەکەم؟

وە موحەممەدی کوڕی عەبدوڕەحمان ئەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هیچ کەسێ نییە لە ئێوە سەلام لە من بکا، کە مردم، ئیللا لەگەڵ جیبریلا سەلامێ دێتە لام و ئەڵێ: ئەی موحەممەد ئەمە فلانی کوڕی فلانە سەلامت ئەکا، منیش ئەڵێم: سەلام و رەحمەت و بەرەکەتی خودا لەسەر ئەویش بێ.

نیسایی ریوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵاوە ئەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: خودا چەند فریشتەیەکی هەیە لە زەویدا دەگەڕێن و سلاوی گەلەکەمم پێ ئەگەیەنن.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿٥٧﴾﴾

بە راستی ئەو کافرانە کە کارێکی وا ئەکەن و قسەیەکی وا ئەڵێن خودا حەزی پێ نەکا و پێغەمبەری خودا ئەزیەت بدا و ئازار بە دڵی ئەو بگەیەنێ. ئەوە خودا لە دنیا و قیامەتا لە رەحمەتی خۆی دووریان ئەخاتەوە و، سزایەکی سەختی وەهایان بۆ ئامادە ئەکا سووکیان بکا و، رسوا ببن لە بەرچاوی خاوەن ئیعتیبارانا.

بزانن! مەبەس لە ئیزای خودا ئەوەیە قسەیێ بکەن کە خودا حەزی پێ‌نەکا وەکوو ئەوە کە کافرەکان هاوڕێ و نەوە و هاوبەش بۆ خودا بڕیار ئەدەن و تەوسیفی خودا ئەکەن بە شتێ کە لایەق نەبێ بۆی؛ وەکوو ئەوە کە جوولەکەکان ئەیانوت: دەستی خودا بەسراوە و، گاورەکان ئەیانوت: «مەسیح» کوڕی خودایە و کافرەکان ئەیانوت: مەلائیکە کچانی خودان و بتەکان هاوڕێی خودان!

وە ئیزا و ئازاردانی پێغەمبەری خودا بەوە بوو کە لە «ئوحود»ا دانەکانی پێشەوەیان شکاند و، ئەیانوت: شاعیرە و، ئەیانوت: شێتە و... بە چەن جۆری‌تر ئازاری دڵیان ئەدا. لەوانە: کاتێ ئوسامەی کرد بە ئەمیری سوپا و رێکی‌خست بۆ جەنگی «ابنی» کە ناوی دێیەکە لە لای «مؤتە»دا ئەو شوێنە کە زەیدی باوکی ئوسامەی تێدا کوژرا لەگەڵ جەعفەری کوڕی ئەبووتالیب و عەبدوڵلای کوڕی رەواحەدا. جا حەزرەت ﷺ فەرمانی دەرکرد کە ئوسامە بڕوا حەقی باوکی بسێنێ. جا ئەوانە کە شوبهە لە دڵیانا بوو تانەیان لەو کارە دا بە بیانووی ئەوە کە بەندەیە و ئازادکراوە و، لەبەر ئەوە کە جوانە، چونکی لەو کاتەدا تەمەنی هەژدە ساڵ بوو لەو کاتەدا حەزرەت ﷺ وەفاتی کرد هێشتا ئوسامە لە مەدینە دەرنەچووبوو، جا حەزرەتی ئەبووبەکر رەوانەی کردن.

﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٥٨﴾﴾

وە ئەو کەسانە کە ئازاری پیاوان و ژنانی خاوەن ئیمان ئەدەن، بێ ئەوە کە ئەوان تاوانێکیان کردبێ و ببێ بە هۆی ئازاردانیان؛ بۆ نموونە ئەڵێن: فڵان پیاو روانی بۆ فڵان ژن و قسەی لەگەڵدا کرد، وە یا فڵانە ژن لەگەڵ فڵان پیاوا راوەستا. وە یا لەکەداریان ئەکەن بە سیفەتێکی سووك؛ وەکوو کەناسی، یا پینەچێتی، یا دەباغی. یا ناو و ناتۆرەیەکی ناشیرینیان بۆ دروست ئەکەن، بە راستی ئەوانە قسەو بوختانێکی بێبناغە و ناڕەوا و گوناحێکی گەورەیان داوە بە کۆڵی خۆیانا.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥٩﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بە خێزانەکانت و کچەکانت و ژنانی موسوڵمانان بفەرموو: با چارشێوەکەیان بدەن بەسەر خۆیانا و نزیکی بخەنەوە لە روخسار و گەردنیان؛ چونکی ئەم شێوە نزیکترە بەوە کە ئەوانە بناسرێن کێن و چ کەسێکن، جا مونافقەکان و شەلاتییەکان حاڵی ببن کە ئەوانە ژنانی بێشان و بێحورمەت نین و بۆ ئەوە ناشێن سەرە رێگە و لاکۆڵانیان لێبگیرێ و، لێیان دوور ئەکەونەوە، ئیتر ئەوانەیش ئازار نادرێن بە کردەوەی ناپەسەند و بە قسەی ناشیرین و، خودا تاوانبەخش و میهرەبانە، ئەگەرنا وەڵاتی شەلاتی وێران ئەکرد.

ئەوە زانراوە کاتێ حەزرەت ﷺ وەفاتی کرد نۆ ژنی لە پاش بەجێ ما؛ پێنجیان لە قورەیش بوون: عائیشە و، حەفسە و، سەودە و، ئوموسەلەمە و، ئوموحەبیبە.

سیانیان عەرەبی غەیری قورەیش بوون: زەینەبی کچی جەحش و، مەیموونە و، جوەیریە. یەکێکیشیان لە نەوەی هاروون بوو کە سەفیەی ناو بوو.

کچانی حەزرەتیش چوار بوون. لە هەموویان گەورەتر زەینەب بوو. کە شووی کرد بە ئەبولعاسی کوڕی رەبیع کە پوورزای خۆی بوو، ئەمەیان سالّی هەشتی کۆچی لە جیهان دەرچوو. «رقیه» کە شووی کرد بە عوتبەی کوڕی ئەبوولەهەب لە پێش پێغەمبەریّتی حەزرەتا، دوایی پێش ئەوەی بڕواتە لای لێی جیابووەوە و، شووی کرد بە عوسمانی کوڕی عەففان لە شاری مەککەدا پێش ئەوەی هیجرەت بکەن، جا دووجار هیجرەتی کرد بۆ «حەبەشستان» لەگەڵ عوسمان جا هیجرەتی کرد بۆ مەدینە، وە کاتێ حەزرەت ﷺ رێکەوت بۆ جەنگی بەدر روقیە نەخۆش کەوت و عوسمان لەبەر نەخۆشی ئەو لەو جەنگە دوا کەوت و، حەزرەت ﷺ لە بەدر بوو روقیە کۆچی دوایی کرد لە سەری حەڤدە مانگ لە هیجرەت.

«ام کلثوم» ئەمەیان شووی کرد بە عوتەیبەی کوڕی ئەبوولەهەب لە مەککە. دوایی بە فەرمانی باوکی و دوای هاتنە خوارەوەی سوورەتی: ﴿تبت یدا أبي لهب﴾ تەلاّقی دا و، نەڕۆیشتبووە لای و. هیجرەتی کرد بۆ مەدینە و، پاش کۆچی دوایی روقیەی خوشکی شووی کرد بە عوسمان و لەبەر ئەمەیە بە عوسمان ئەوترێ: «ذوالنورین»، ئەمیش سالّی نۆی کۆچی لە جیهان دەرچوو.

«فاتیمە» دوا کچی بوو، پێنج سالّ پێش پێغەمبەریّتی حەزرەت لەدایك بووە و لە مانگی رەمەزانی سالّی دووی کۆچیدا شووی کردووە بە عەلی کوڕی ئەبووتالیب و، لە مانگی «ذیالحجة» دا گواستوویەتیەوە. دوای کۆچی دوایی حەزرەت ﷺ بە شەش مانگ ئەمیش کۆچی دوایی کرد و یەکەم کەسێ بوو لە ئالی حەزرەت گەیی بە حەزرەت. ئەم کچانە هەموویان لە خەدیجە بوون رضي الله عنها.

وە کوڕەکانی سیان بوون: قاسم کە مولەقەب بو بە تاهیر، عەبدوڵلاّ مولەقەب بە تەییب، ئەمانەیش لە خەدیجە بوون. ئیبراهیم لە «ماریە»ی قیبتی بوو، لە «ذيالحجة»ی ساڵی هەشتی کۆچیدا لەدایك بوو. لە تەمەنی شازدە مانگیدا لە مەدینەدا وەفاتی کرد و. لە «جنة البقيع»دا نێژرا.

ئیبنوجەریر ریوایەتی کردووە لە زەحاکەوە و ئەویش لە ئیبنوعەباسەوە ﵄: ئەم ئایەتە لە شانی عەبدوڵلاّی کوڕی ئوبەیدا هاتووەتە خوارەوە، لەگەڵ چەند کەسێکدا قەزفی «أم المؤمنين» عائیشەیان کرد، جا حەزرەت ﷺ چووە سەر مینبەر و خوتبەی خوێندەوە و فەرمووی: «من يعذرني في رجل يؤذيني و يجمع في بيته من يؤذيني؟».

هەروەها ئیبنوجەریر ریوایەتی کردووە کە لەوانەدا هاتووەتە خوارەوە تانەیان لە حەزرەت ﷺ ئەدا لەسەر ئەوە سەفیەی کچی «حيي»ی بۆ خۆی هەڵبژارد.

وە زەحاك و سودەی و کەلبی ئەڵێن: لە چەن کەسێك فاسق و بەدڕەوشتدا هاتووەتە خوارەوە، کاتێ ژنان شەوان ئەڕۆیشتن بۆ سەرئاو و دەستبەئاو گەیاندن ئەکەوتنە شوێنیان و تەعەڕوزیشیان نەدەکرد بۆ جارییە و خزمەتکار نەبێ و، ئەو چارشێوە بۆ جیاوازی بووە لە نێوان ژنە ئازادەکان و جارییەکاندا و، هەتا ئازاری دڵی ئەو ژنە داوێنپاکانە نەدەن. کە وابێ ئەم پۆشاکە ئەبێ شێوەی کاتی چوونەسەر ئاو بێ.

وە زاهیر وایە ئایەتەکە عامە بۆ هەموو ئەو جۆرانە و بۆ هەموو بەدبیرێ. وە مەبەس ئەمەیە کە ئافرەتانی جیهانی ئیسلام خاوەن ئەدەب و خاوەن شەرم بن و کارێکی وا نەکەن کە فاسقەکان تەعەڕوزیان بۆ بکەن و باسی ئەحواڵیان بکەن.

واتە بە سەرپۆشەکەیان زۆربەی روویان داپۆشن هەتا نەبن بە سینەمای بەدڕەوشت و سەرسەرییان.

﴿لَّئِن لَّمْ يَنتَهِ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْمُرْجِفُونَ فِى ٱلْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَآ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٦٠﴾ مَّلْعُونِينَ ۖ أَيْنَمَا ثُقِفُوٓا۟ أُخِذُوا۟ وَقُتِّلُوا۟ تَقْتِيلًا ﴿٦١﴾ سُنَّةَ ٱللَّهِ فِى ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلُ ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ﴿٦٢﴾﴾

به راستی ئەگەر مونافقەکانی مەدینە وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی و ئەوانە وان لەگەڵیا و، ئەوانەیش نەخۆشینی کوفر و قار و عیناد و بەربەرەکانیٚکردن لەگەڵ موسوڵمانان وا لە دڵیانا و ئەوانە هەمهەمە و پڕوپاڵاٚنتەچین، دەست بەردار نەبن تۆ زاڵ ئەکەم بەسەریانا، وە پاش ئەوە ناتوانن موجاوەرەی تۆ بکەن ماوەیەکی کەم نەبیٚ و موراقەبەی ئەو مەلعوونانە بکەن لە هەر لایەکەوە دەردەست بکریٚن بگیریٚن و بکوژریٚن بە کوشتنیٚکی موناسب بۆیان. ئەمە یاسایە کە خودای تەعالا دایمەرزاندووە لەناو ئەو گەل و ئوممەتانەدا کە لە پیٚشدا بوون و رابوردن کە بیٚئەدەبی و بیٚشەرمییان کرد، جا خودا گرتنی و هەرگیز تۆ نابینی گۆڕان بەسەر یاسای دامەرزاوی خودادا بیٚت.

﴿يَسْـَٔلُكَ ٱلنَّاسُ عَنِ ٱلسَّاعَةِ ۖ قُلْ إِنَّمَا عِلْمُهَا عِندَ ٱللَّهِ ۚ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ تَكُونُ قَرِيبًا ﴿٦٣﴾﴾

ئەو ئادەمیزادانەی نزیکتن و وان بە دەورتا پرسیارت لیٚ ئەکەن لە کاتی هاتنی قیامەت، تۆیش بفەرموو: زانستی کاتی هاتنی ئەو رووداوە لە لای خودایەو، تۆ چوزانی لە ئایندەدا چی ئەبیٚ؟! هیوا وایە کە قیامەت نزیك بیٚ، ئەوسا کە هات ئیٚوە چۆن لە سزای خودا دەرئەچن؟

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلْكَـٰفِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمْ سَعِيرًا ﴿٦٤﴾ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ لَّا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٦٥﴾ يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِى ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَـٰلَيْتَنَآ أَطَعْنَا ٱللَّهَ وَأَطَعْنَا ٱلرَّسُولَا۠ ﴿٦٦﴾ وَقَالُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴿٦٧﴾ رَبَّنَآ ءَاتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ ٱلْعَذَابِ وَٱلْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا ﴿٦٨﴾﴾

به راستی خودای تەعالا کافرەکانی دوورخستووەتەوە لە رەحمەتی خۆی و، ئاگرێکی بڵێسەداری بۆ ئامادە کردوون، وە حاڵی ئەو کافرانە وەهایە لەسەر حاڵی کردنیان بڕیاریان داوە تیایا بمێننەوە هەتا هەتایەو دۆستێکیان دەست ناکەوێ لە مەینەت بیان پارێزێ و، یارمەتیدەرێ نییە سزایان لێ لابدا. لەو رۆژەدا کە روویان لە ناو ئاگرەکەدا هەڵئەسووڕێنرێ و ئەڵێن: کاشکی فەرمانبەرداری خودا و پێغەمبەرمان بکردایە!

وە لەو رۆژەدا عەرزی بارەگای خودا ئەکەن و ئەڵێن: پەروەردگارا ئێمە بێ‌گومان ئیتاعەی ئەو پیاوە زانایانە کە دەرسی ئێمەیان دائەدا و ئەو پیاوە گەورە و بەرێزانەمان ئەکرد ئەوانیش ئێمەیان لە رێگەی راست هەڵەکرد. پەروەردگارا دەی دوو قاتی ئێمە سزا بدە بەسەر ئەوانەدا؛ قاتێ لەبەر کوفرەکەی خۆیان و، قاتێکیش لەبەر ئەوە کە بوون بە هۆی کوفری ئێمە و، لەعنەتیان لێ بکە بە لەعنەتێکی زۆر بەتین و، لەسەر یاسای حەق خودای تەعالا وەکوو ئەوانە ئەڵێن خودا سزای ئەو پیاوە گەورانە ئەدا.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوْا۟ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُوا۟ ۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهًا ﴿٦٩﴾﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خودا و پێغەمبەر ئێوە وەکوو ئەو بەنی‌ئیسرائیلیانە مەبن کە ئازاری دڵی حەزرەتی مووسایان دا. جا خودای تەعالا بەری‌کرد و پاکی کردەوە لەوەی کە ئەوان دەربارەی مووسا وتیان لە واقیعدا مووسا بە لای خوداوە خاوەن جاه و خاوەن رێزو پایە بوو.

بزانن! ریوایەت کراوە: جارێ حەزرەت ﷺ ماڵێکی بەسەر یارانیا بەش ئەکرد، کابرایەك لەوێدا بوو هەستا وتی: ئەم بەشکردنە بە گوێرەی چاودێری یاسای خودا نییە! جا پێغەمبەر ﷺ قاری لەو قسە هەستا و فەرمووی: دروودی خودا لەسەر مووسا بێ و خودا یارمەتی مووسا بدا! ئەو لەمەیش زیاتر ئازار درا و خۆی گرت.

ئەو ئازاردانی بەنی‌ئیسرائیلە بۆ مووسا ئەوەیە کە لە حەدیسی پیرۆزدا هەیە کە بەنی‌ئیسرائیل بە رووتی خۆیان ئەشۆرد، بەڵام حەزرەتی مووسا هەرچۆن ببوایە خۆی دائەپۆشی. لەوێدا کۆمەڵێ لە بەنی‌ئیسرائیل وتیان: مووسا قۆڕە! تاقمێ‌تر وتیان: بەڵەکە یا ناساغی‌تری پێوە هەیە جا رۆژێ حەزرەتی مووسا رۆیشت خۆی بشۆرێ لەسەر ئاوێ لە خاکی شاما و، بەرگ و پۆشاکەکەی دا بەسەر بەردێکدا کە لەوێدا بوو، جا بە ئەمری خودا ئەو بەردە کەوتەجووڵە و رۆیشت بەو دەشتەدا و حەزرەتی مووسایش رای ئەکرد بەشوێنیا و بانگی ئەکرد: بەردەکە جلەکانم! بەردەکە جلەکانم! هەتا گەیشت بە کۆمەڵێ لە بەنی‌ئیسرائیل و هەموو روانییان بۆی و بۆیان دەرکەوت کە عەیب بە لەشیەوە نییە و لە هەموویان جوانتر و پاکترە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾

ئەی کەسانێ کە باوەڕتان بە خودا و پێغەمبەری خودا هەیە خۆتان بپارێزن لە شتێ کە خودا پێی رازی نییە و، قسەیێ بکەن کە راست بێ و بەسوود بێ و قسەی درۆ و واتەی بێ‌سوود مەکەن. جا مادام قسەی راست بکەن و لەسەر وتاری بەسوود بڕۆن خودای تەعالا کردەوەکانتان بۆ باش ئەکا؛ چونکی راستی ئینسان ئەخاتە سەر کردەوەی باش و، کردەوەی باشیش ئینسان ئەبا بۆ بەهەشت. وە تاوانەکانیشتان ئەپۆشێ و هەرکەسێ ئیتاعەی خودا و پێغەمبەری خودا بکا ئەوە گەیشتووە بە مەبەستی بە قیمەت بە گەیشتنێکی گەورە. واتە لە دنیادا بە کەرامەت ئەژی و لە قیامەتیشا بە بەختیاری دەوام ئەکات.

﴿إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ﴿٧٢﴾ لِّيُعَذِّبَ ٱللَّهُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَٰتِ وَيَتُوبَ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٧٣﴾﴾

لەبەر ئەوە لەم سوورەتەدا خودای تەعالا گەلێ ئەحکامی بەیان‌کرد و باسی گەلێ موخالفینی خودا و پێغەمبەریشی کرد و، باسی گەلێ لە خزمەتگوزارانی دینی و پەیڕەوانی پێغەمبەران و راستگۆیانی کرد، هات لە کۆتایی سوورەتەکەدا بۆ هاندانی عاقڵان لەسەر کردەوەی چاك و بۆ دوور خستنەوەیان لە کردەوەی خراپ ئەم ئایاتانەی ناردەخوارەوە و فەرمووی: ئێمە ئەو شتانە کە چاودێرییان واجبە وەکوو ئەمانەتێ بدرێتە دەستی ئینسانێکی ئەمین رامان‌نواندن بەسەر ئاسمان و زەوی و کێوەکانا بۆ ئەوە هەڵیان بگرن، کەچی هەڵیان نەگرت و لەوە ترسان نەتوانن ئەو ئەمانەتە بە باشی چاودێری بکەن، وە ئینسان هەڵی‌گرتن، بە راستی ئینسان ستەمکارە، بۆیە وا ستەمی لە خۆی کرد و نازانێ کە ئەنجامی کارەکەی چۆنە.

وە ئەنجامی ئەم وەسیەت و ئەمانەتدانانە ئەمەیە کە ئەو کەسانە کە مونافقن لە پیاوان و لە ژنان، ئەو کەسانە کە هاوڕێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن لە پیاو و لە ژن سزایان بدات، وە ئەو کەسانەیش کە موسوڵمان و دڵپاك و خاوێنن لە پیاو و لە ژن تەوبەیان لێوەربگرێ، وە خودای تەعالا تاوانبەخش و میهرەبانە.

بزانن لێردەدا چەن قسەیێ هەیە:

یەکەم: هەرچەن خاوەن تەفسیرەکان هەرکام لەسەر باوەڕی خۆی تەفسیری ئەمانەتی کردووەتەوە بە شتێ وەکوو نوێژ، یا چاودێری وەدیعە، یا غەیری ئەمانە... بەڵام مەبەس لە ئەمانەت تەقوای خودایە.

وە تەقوا سەرچاوەی هەموو خێرو بەش و بارەیەکی دینییە. تەقوا پارێزە لە کوفر هەتا ئیسلامییەت بێتە جێ و، پارێزە لە گوناحی گەورە هەتا سیفەتی عەداڵەت بێتە جێگە و، پارێزە لە ڕۆچوون لە دنیای غەیرە مەقسوودا هەتا سیفەتی ویلایەت بێتە جێ. بەم مانایە هەموو بارەیەکی بەرئەکەوێ؛ موسوڵمان کە واجباتی بەجێهێنا مەعنای وایە وەفای کردووە بە نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و جیهاد لە ڕێگەی دینا.

بەڵێ لە پاش ئیسلام لە سیفاتی ئینسانا هەر بە جێهێنانی واجبات و نەکردنی حەرامەکان ئەبێ بە کۆڵەکەی ئینسان بۆ مانەوەی ئیسلامییەت لە دڵیا و، لە خوو و ڕەوشتا، ڕاستی لە وتارا و لە وەعدەدا و لە پەیمانا و، دڵسۆزی و، میهرەبانی بۆ ئەوە ئەشێن ناویان ببەی بەو ئەمانەتە کە خودا دای بەسەر ئاسمان و زەوی و کێوانا و، ترسان لە هەڵگرتنی ئەو بارەدا هەتا ئینسان وەریگرت و هەڵیگرت. هیوامان وایە کە خۆبگرین لەبەر باری ئەمانەتا هەتا قیامەت.

وە لە بارەی نواندنی ئەمانەتەوە دوو قسە هەیە لە ناو زانایاندا:

١. یەکەم ئەمەیە کە ئەوە حەقیقەتە و خودا فامی لە ئاسمان و زەوی و کێوەکانا دروست کردووە و قسەی لەگەڵا کردوون. ترمزی ریوایەتی کردووە ئەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: خودا فەرمووی بە ئادەم: من ئەمانەتم بەسەر ئاسمانەکان و زەویدا رانواند بۆ ئەوە هەڵی بگرن بەڵام نەیانتوانی. ئایا تۆ هەڵی ئەگری بە هەرچیوە هاتیایا؟ ئادەم وتی: پەروەردگارا چی تێدایە؟ خودا فەرمووی: ئەگەر هەڵت گرت و پاراستت پاداش ئەدرێیتەوە، وە ئەگەر لە ناوت دا سزا ئەدرێی، دەی هەڵیگرە بە هەرچیوە هاتیایا.

٢. وە قسەی دووهەم ئەمەیە کە ئەو ئایاتە پیرۆزە کینایەیە لەوە کە ئەگەر زەوی و ئاسمان خاوەن فام بن و ئەم تەکالیفە بخەیتە سەریان ماندوو ئەبن لە هەڵگرتنیان، واتە باری ئەمانەت زۆر گەورەیە.

چاودێری دڵ لە کوفر و بیر و باوەڕی خراپ ئەمانەتە، زمان ئەمانەتە، گوێچکە ئەمانەتە، چاو ئەمانەتە، دەست ئەمانەتە، پێ ئەمانەتە، هەڵگرتنی وەدیعە ئەمانەتە، راگرتنی نهێنی دۆستان ئەمانەتە، چاودێری واتەی مەحرەمانەی دانیشتن ئەمانەتە، شەراکت لە کاسبیدا ئەمانەتە، بەجێهێنانی وەزیفە بە گوێرەی پێویست ئەمانەتە، دادگەری لە حوکمدا ئەمانەتە، گەیاندنی زانیاری زانایان ئەمانەتە، ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە ئەمانەتە، بە راستی ئەمانەت بارێکی گرانە. رەحمەت لەوەی کە فەرمووی:

ئاسمان باری ئەمانەی نەبرد ... بۆ سەرشانی من حەواڵەیان کرد
خودایە وەکوو ئەو بارەت دانا ... لە هەڵگرتنیا بمانکە بە گورد



سووره‌تی سه‌به‌ء، له سووره‌ته مه‌ککه‌ییه‌کانه، ئایه‌تی شه‌شی نه‌بێ، "٥٤" ئایه‌ته‌، دوای سووره‌تی لوقمان هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلۡأٓخِرَةِۚ وَهُوَ ٱلۡحَكِيمُ ٱلۡخَبِيرُ ١ يَعۡلَمُ مَا يَلِجُ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا يَخۡرُجُ مِنۡهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعۡرُجُ فِيهَاۚ وَهُوَ ٱلرَّحِيمُ ٱلۡغَفُورُ ٢﴾

هه‌رچی سوپاس و ستایشه له هه‌رکه‌سێکه‌وه بێ و، به‌رابه‌ر به‌هه‌ر شتێ ببێ، یا خود ئه‌و ستایشه مه‌عهووده دیارییه که خۆی ئاگاداریه‌تی وه‌کوو حه‌مدی خۆی، ئه‌وه بۆ خودایه‌که که ناوداره به ناوی خاوه‌ن باره‌ی «اللّٰه» که هه‌موو ته‌واوییه‌ك ئه‌گرێته‌وه و دووره له هه‌موو ناته‌وانی و که‌م‌و کوورپیه‌ك، ئه‌و خودایه که هه‌ر بۆ ئه‌وه به خه‌لق و به موڵك هه‌رچی وا له ئاسمانه‌کان و زه‌ویدا و، ئه‌م سوپاسانه که ئه‌کرێن له دنیادا ئه‌کرێن له به‌رانبه‌ری نیعمه‌تی خه‌لق و ئیجاد و هیدایه‌ت و ئیرشاد و رژاندنی رۆزی به‌سه‌ر به‌نده‌کانیدا، وه هه‌ر بۆ ئه‌ویشه سوپاس له رۆژی قیامه‌تا به‌رابه‌ر به‌و لێخۆشبوون و به‌خشش و چاکه‌یه که ئه‌یانکا به‌رابه‌ر به به‌نده‌کانی و به‌رابه‌ر به‌و ره‌حمه‌تی تاوانبه‌خشییه و، به‌رابه‌ر به‌و میهره‌بانییه که له‌گه‌ڵ به‌نده‌کانیدا

ئەیانکا بە وەرگەرتنی تکای خاوەن پایەی مەقامی مەحموود کە تکا ئەکا بۆ هەموو بەندەکان بۆ رزگاری لە وەستانی سارای قیامەت و تەواو کردنی حیساب و کیتاب و ناردنی بەندە دڵسۆزەکان بۆ بەهەشت.

وە ئەو خودا خودایەکە خاوەن حیکمەتە لە کردەوەکانا و ئاگادارە لەسەر هەموو مەخلووقاتی، زانایەکی وایە ئەزانێ بە هەرچی رۆ ئەچێ بە زەویدا لە روتووباتی هەوا و، بەوەی لە زەوی دەردێ لە گیا و گوڵ و گیانلەبەران و، بە هەرچی دێتەخوارەوە لە فەریشتە و لە کتێب و تەعلیماتی ئاسمانی و، لە شتی بە کەڵك وەکوو گەزۆ و شۆکە و باقی رزق و رۆزی گیانلەبەران و، بە هەرچی کە سەرئەکەوێ بۆ ئاسمانەکان وەکوو فریشتە و، کردەوەی بەندە و، بوخار و، دووکەڵ و، ئەو شتانەی کە ئێستە هەن و بەرەو ئاسمان بەرز ئەبنەوە و هەرچی لەمەولایش پەیدا ئەبێ لەو شتانە. وە ئەو خودایە تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَأۡتِينَا ٱلسَّاعَةُۖ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأۡتِيَنَّكُمۡ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِۖ لَا يَعۡزُبُ عَنۡهُ مِثۡقَالُ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَآ أَصۡغَرُ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكۡبَرُ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ﴿٣﴾ لِّيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ﴿٤﴾ وَٱلَّذِينَ سَعَوۡ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٞ مِّن رِّجۡزٍ أَلِيمٞ ﴿٥﴾ ﴾

وە کافرە بێئیمانەکان ئەڵێن: وەختی مەشهوور بە قیامەت کە عالەمی دنیای تازەیە بۆ ئێمە نایەت! تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بفەرموو، نەخەیر سوێند بە خودای خۆم کە زانایە بە هەموو شتێکی پەنامەکی و، بە ئەندازەی سەنگی پرووشەی

پڕتەوی لێ ون نابێ نە لە ئاسمانەکانا و نە لە زەویدا و، نە لەوە بچوکتر و نە لەوە گەورەتریش هەیە ئیللا لە ناو نووسراوی خودادایە کە ناسراوە بە «لوح المحفوظ»ی رووناککەرەوەی پەنامەکی، سوێندم بەم خودایە قیامەتتان بۆ دێت و مەئمووری خودا دێتە سەرتان و گردتان ئەکاتەوە و دەوری کردەوەکانتان لەگەڵا ئەکاتەوە.

ئەوەیش بۆ ئەوە ئەکا هەتا پاداشی ئەوانە بداتەوە کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی باشیان کردووە و، لە واقیعا ئەوانە لە لای خوداوە تاوانبەخشی و رۆزییەکی خاوەن نرخیان هەیە.

وە ئەو کەسانەیش تێکۆشیون بۆ دانەدواوەی ئایەتەکانی ئێمەو حاڵیان وابوو ئەیانویست لە دەستی ئێمە دەربچن، ئەوانەیش سزایەکیان هەیە لە ناشیرین و نابارترینی جەزاکانی ئێش بە دڵ و لەش گەیێن.

﴿ وَيَرَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ هُوَ ٱلْحَقَّ وَيَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ﴿٦﴾ ﴾

وە هەر چۆن ئەو کافرە بەدبەختانە ئینکاری ئەو ئایەتانە ئەکەن کە بۆ تۆ هاتوون، ئەوانیش زانیارییان پێدراوە و دڵیان بە نووری خودا رووناک بووەتەوە زانیارییان هەیە و ئەزانن ئەوەی هاتووە بۆ لای تۆ لە لای پەروەردگاری تۆوە هەر ئەوەیە راست و کتێبی راست، وە ئەو کتێبەیە کە عالەمی خاوەن عەقڵ شارەزا ئەکا بۆ رێگەی راستی خودای خاوەن عیزەتی ستایش‌کراو.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَلْ نَدُلُّكُمْ عَلَىٰ رَجُلٍ يُنَبِّئُكُمْ إِذَا مُزِّقْتُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّكُمْ لَفِى خَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿٧﴾ أَفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَم بِهِۦ جِنَّةٌۢ ۗ بَلِ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱلْـَٔاخِرَةِ فِى ٱلْعَذَابِ وَٱلضَّلَـٰلِ ٱلْبَعِيدِ ﴿٨﴾ أَفَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَىٰ مَا بَيْنَ

أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِن نَّشَأْ نَخْسِفْ بِهِمُ ٱلْأَرْضَ أَوْ نُسْقِطْ عَلَيْهِمْ كِسَفًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ ﴿٩﴾

وە کافرەکان بازێکیان بە بازێکیان ئەڵێن بە سەرسوڕمانەوە: ئایا شارەزاتان بکەین بۆ لای پیاوێ (موحەممەدﷺ) کە هەواڵتان پێ‌ئەدا کاتێ ئێوە لەشتان رزی و لە یەك بچڕان و بڵاوبوونەوە بە تەواوی دیسان ئێوە ئەکەونەوە عالەمێکی تازە و دروستکردنێکی سەرلەنوێ؟ بێ‌گومان ئێمە ئەمە بە درۆ ئەزانین بەڵام نازانین ئایا بە ئارەزوو ئەم درۆیە هەڵبەستووە؟ یا هەر بە شێتی و بێ‌هۆشی بە دەمیا دێ؟ جا تۆ گوێ بەوانە و بە وتاری ئەوانە مەدە؛ چونکی ئەوانەی کە باوەڕیان بە پاشەڕۆژ نییە ئەوانە هەمیشە وان لە ناو سزایەکی نەفسی وەهادا ماوەی بیر کردنەوەیان نییە تا بیرێکی باش بکەنەوە. وە وان لە ناو گومڕاهییەکی زۆر دوور لە گەڕانەوەدا بۆ رێگەی راستان.

ئایا ئەمانە ناڕوانن بۆ ئەوەی کە وا لە پێش دەمیانایە و لە پشتیانەوەیە لە ئاسمان و لە زەویدا، ئێمە ئەگەر خواستمان لەسەر بێ ئەیانبەینە خوارەوە بە زەویدا یا چەن پارچەیەك لە ئاسمانەوە دائەبارێنین، وە لە بیرکردنەوە و ورد بوونەوە لەمەدا بەڵگەی گەورە هەیە بۆ هەر بەندەیێ کە بگەڕێتەوە بۆ لای خودای خۆی.

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ مِنَّا فَضْلًا ۖ يَٰجِبَالُ أَوِّبِى مَعَهُۥ وَٱلطَّيْرَ ۖ وَأَلَنَّا لَهُ ٱلْحَدِيدَ ﴿١٠﴾ أَنِ ٱعْمَلْ سَٰبِغَٰتٍ وَقَدِّرْ فِى ٱلسَّرْدِ ۖ وَٱعْمَلُوا۟ صَٰلِحًا ۖ إِنِّى بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١﴾

بە راستی ئێمە لە بارەگای تەوانایی خۆمانەوە دامان بە حەزرەتی داوود لە لایەنی خۆمانەوە زیادەبارەیێ بەسەر پێغەمبەرەکانی بەنیئیسرائیلدا: وتمان بە کێوەکانی نزیکی: ئەی کێوەکان کاتێ کە داوود زەبووری خوێندەوە و زیکری منی کرد ئێوەیش لەگەڵیا بیخوێننەوە، هەروا باڵندەیشمان بۆ رام کرد کە زیکر بکەن لەگەڵیا و ئاسنیشمان بۆ نەرم کرد و فەرمانمان پێدا کە: چەن کراسێکی زرێی رەسا و گەورە تەواو بکە و، ئەندازەی هەڵقەکان تەماشا بکە نە زۆر گەورە بن و نەزۆر بچووك و، فەرمانیشمان دا بە خۆی و خەڵکی خانەوادەکەی و پەیڕەوەکانی کە: فەرمانبەری خودا بکەن و بەندەیی و کردەوەی باش بکەن، بێگومان من چاوم لە کردەوەکانتانەوەیە.

لەم ئایەتانەوە ئەمە دەرئەکەوێ: کە حەزرەتی داوود بە میهرەبانی خودا، لە پێغەمبەرەکانی بەنیئیسرائیل جیا بووەتەوە و بازە بەشێکی زیادەی دراوەتێ، زیاد لەوەی هەموویان لە پێغەمبەرێتیدا هاوبەش بوون.

یەکەم: دەنگێکی خۆشی پێدراوە و هێزێکی گیانیش لەگەڵ ئەو دەنگەدا بوو، هەر کاتێ ئەو زیکری ئەکرد کێوەکان لەگەڵیا وەك ئەو زیکریان ئەکرد، هەروا پەلەوەری ئاسمانیش رام بووبوون بۆ دەنگی و ئەوانیش زیکریان لەگەڵا ئەکرد، وە هەم بە شێوەی ئیعجاز هێزێکی وامان پێدابوو کە ئاسن لە بەردەستیا نەرم ئەبوو وەکوو مێو، هەرچی بویستایێ لێی دروست ئەکرد و پێمان وت: کراسی جەنگ دروست بکە و میزانی هەلقەکانی راگرە، ئەویش ئەوانەی دروست ئەکرد و ئەیفرۆشتن و بەو پارە و ماڵە ژیواری ئەکرد و، نانی بێمنەتی ئەخوارد.

﴿ وَلِسُلَيْمَٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهْرٌ وَرَوَاحُهَا شَهْرٌ ۖ وَأَسَلْنَا لَهُۥ عَيْنَ ٱلْقِطْرِ ۖ وَمِنَ ٱلْجِنِّ مَن يَعْمَلُ بَيْنَ يَدَيْهِ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ ۖ وَمَن يَزِغْ مِنْهُمْ عَنْ أَمْرِنَا نُذِقْهُ مِنْ عَذَابِ ٱلسَّعِيرِ ﴿١٢﴾ يَعْمَلُونَ لَهُۥ مَا يَشَآءُ مِن مَّحَٰرِيبَ وَتَمَٰثِيلَ

﴿وَجِفَانٍ كَالْجَوَابِ وَقُدُورٍ رَّاسِيَاتٍ ۚ اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا ۚ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ ﴿١٣﴾﴾

هەروەکوو بە میهرەبانی خۆمان داوودمان جیا کردبووەوە، هەروا سولەیمانی کوڕی داوودیش بووبوو بە جێگەی نیعمەتی ئێمەو هێزێکی هەوایی تایبەتیمان دابوو بە سولەیمان و بامان بۆ رام کردبوو؛ تاقی بەیانی مانگەڕێیێ ئەیبرد و تاقی ئێوارەیش مانگەڕێیێ، وە کانی ئاسنمان بۆ رام کردبوو بە ئارەزووی خۆی بۆ دروستکردنی هەر شتێ پێوستی بە ئاسنی تواوە بوایە لەلایا ئامادە بوو، وە لە بەرەی «جین» چەن کەسمان بۆ رام کردبوو بە خواست و فەرمانی ئەو کاریان ئەکرد و هەرکام لەو جینانە لە فەرمانی ئێمە لایانبدایێ و سەرپێچییان لە کاری سولەیمان بکردایە بە ئاگری دۆزەخ سزا ئەدرێ. ئەو جینانە کاریان بۆ ئەکرد و هەرچی بویستیایێ لە: کۆشك و تەلاری بەرز و، پەیکەری گیانلەبەر و، دیمەنی کێو و دار و شتی جوان و، کاسەی زۆر گەورە و قووڵ و پان وەکوو حەوزی ئاو و، دێزە و مەنجەڵی دامەزراوی وا کە لەبەر گەورەیی لە شوێنی خۆیان دانە ئەگیران... بۆیان ئەکرد. وە بانگمان لێ کردن وتمان: ئەی ئالی داوود کردەوەی سوپاسی خودا بکەن بە باشی و، بەندەی سوپاسگوزارم زۆر کەمن.

لێرەدا چەن باسێ هەیە:

یەکەم: ئەم بایە کە خودا رامی کردووە بۆ حەزرەتی سولەیمان بایەکی تایبەتی بووە کە هەرکاتێ پێویست بوایێ حازر ئەبوو حەزرەتی سولەیمان و ئەوانەی کە هاوڕێی تایبەتی بوایەن لەگەڵیا سوار ئەبوون؛ وا باوە تاقی بەیانی لە شامەوە ئەڕۆیشت بۆ «سەبا» لە وڵاتی «یەمەن»دا، وە کاتی ئێوارەیش لە یەمەنەوە بۆ «خوراسان»، وە

دیارە ئەمە موعجیزە بووە؛ چونکی ئەگەر شتێکی هونەری بوایە ئەوە مێژوو تۆماری ئەکرد، وە لەگەڵ ئەوەدا کە لە ڕۆژێکدا ماوەی دوو مانگەڕێگەی ئەبڕی لەوانەیش بووە بە گوێرەی خواستی خۆی، لەو ماوە کەمتری پێ ببڕێ.

دووەم: ئەو سەرچاوەی ئاسنی تواوە؛ خاوەن تەفسیرەکان ئەڵێن لە شاری «سەبا»دا بووە لە وڵاتی یەمەنا؛ هەرکاتێ پێویستی بوایێ بە وێنەی ئاو ڕەوان ئەبوو بە ئەندازەی پێویست، وە پاش ئەوە ئەبڕایەوە.

سێهەم: ئەو جینییانە کە کاریان بۆ حەزرەتی سولەیمان ئەکرد هەر ئەو چاوی پێیان کەوتووە ئیتر خەڵکی‌تر نەیدیون، وە دروستکردنی پەیکەری گیانلەبەر لە دینی ئەوانا دروست بووە، لەسەر خواستی دڵی حەزرەتی سولەیمان جۆرەها پەیکەریان بۆ دروست ئەکرد، چ لە گیانلەبەر و چ لە بێ‌گیان؛ وەکوو: پەیکەری شار و کۆسار و، گیا و، گوڵ و، دار و، باخ و، شتی دیکەیش...

﴿ فَلَمَّا قَضَيْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَوْتَ مَا دَلَّهُمْ عَلَىٰ مَوْتِهِۦٓ إِلَّا دَآبَّةُ ٱلْأَرْضِ تَأْكُلُ مِنسَأَتَهُۥ ۖ فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ ٱلْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ٱلْغَيْبَ مَا لَبِثُوا۟ فِى ٱلْعَذَابِ ٱلْمُهِينِ ﴿١٤﴾ ﴾

واتە کاتێ حوکمی مردنمان دا بە سەر سولەیمانا و مراندمان هیچ کەسێ و هیچ شتێ ئەو جینانەی تێ‌نەگەیاند لە مردنی سولەیمان مۆرانە نەبێ کە عاساکەی خوارد بوو، کاتێ کە عاساکە شکاوە و حەزرەتی سولەیمان کەوت بەڕوودا لەو زەوییەدا ئەوە دەرکەوت کە ئەگەر جینی غەیبزان بوونایێ لەو سزا سختەدا ئەو ماوە درێژە نەدەمانەوە و بە کزی و بێ‌نرخییەوە خەریکی دروستکردنی «بیت المقدس» نەدەبوون و بڵاوەیان دەکرد.

ریوایەت کراوە: حەزرەتی ئیبراهیمعليه السلام کاتی خۆی لە پاش دروستکردنی «کەعبە» بە چل ساڵ لە شاری «قودس»دا مزگەوتێکی کردەوە بۆ عیبادەت، جا حەزرەتی داوودعليه السلام ویستی بە شێوەیەکی بەرزی عالەمی دروستی بکاتەوە، جا هات ئەو مزگەوتە پێشووەی رووخاند و لەو شوێنا دەستی کرد بە دروستکردنی مزگەوتێ کە لە جیهاندا دیاری بێ و گەلێ بەشی لە بیناکەی کردەوە بەڵام لە پێش تەواو کردنیا نەخۆش کەوت و کۆچی دوایی کرد و، وەسیەتی کردبوو بۆ حەزرەتی سولەیمان کە ئەو مزگەوتە تەواو بکا.

جا حەزرەتی سولەیمان لەسەر وەسیەتەکەی باوکی دەستی کرد بە تەواو کردنی ئەو مزگەوتە و ماوەیەکی زۆری پێچوو، بەڵام هێشتا بازێکی مابوو تەواو ببێ حەزرەتی سولەیمان بە وەحی زانی کە ئەمرێ و ویستی جینییەکان، کە کاریان ئەکرد لە دروستکردنی مزگەوتەکەدا، پاش مردنی ئەو بڵاوە نەکەن، بۆیە فەرمانی دا کە لە حەوشی «بيت المقدس»دا هۆدەیەکی بچووکی بۆ بکەن، بۆ ئەوە بەندەیی خودای تێدا بکات. سولەیمان چووە ناو هۆدەکە و دەستی کرد بە بەندەیی کردن. کاتێ، مردنی نزیك بووەوە سەری لەسەر عاساکەی دانا و بەو شێوە خەریکی عیبادەتکردن بوو، جینییەکانیش هەموو رۆژێ هاتوچۆیان ئەکرد کاتێ سولەیمان کۆچی دوایی کرد و سەری بەسەر عاساکەوە راوەستا هەموو کەس، لە ئادەمی و لە جینی بە زیندوویان ئەزانی، تا مۆرانە عاساکەی خوارد و عاساکە کەوت و سولەیمانیش کەوت و ئەو کاتە خەڵك زانییان کە سولەیمان کۆچی دوایی کردووە.

﴿لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ ءَايَةٌ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٍ وَشِمَالٍ كُلُوا۟ مِن رِّزْقِ رَبِّكُمْ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥ بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ ﴿١٥﴾﴾

بە راستی کاتی خۆی هاتەجێ بۆ گەلی «سەبەء» لە نیشتمانی خۆیان لە کیشوەری «یەمەن»دا کە ناوی «مەئرەب» بوو، لە نێوان ئەو شوێنە و سەنعادا ماوەی سێ رۆژە رێگە هەبوو، ئاوەدانی و هێزێ و شێوە و شانێ کە بە بەڵگەی گەورە ئەژمێررا لەسەر تەوانایی خودا، کە ئەو دەسەڵاتەی پێدابوون؛ دەوڵەت و حوکوومەتیان بوو، دارایی و ژیوارێکی رەسایان هەبوو. وە بە هۆی ئەو «سەدد»ەوە کە دروستیان کردبوو وڵاتەکەیان ئاوەدان کردبووەوە بە کشتوکاڵ و باخ و بێستان، جا لە نزیکی پایتەختەکەی خۆیانا دوو باخی زۆر گەورە و درێژو پانیان دروست کردبوو؛ یەکێکیان لە لای راستی شارەکەوە، وە ئەوی‌تریان لە لای چەپەوە، وە زمانی حاڵی وڵات و بانگکەری مەعنەوییات، وە یا پەیرەوانی ئەو پێغەمبەرە کە لەو وڵاتەدا بووە پێی فەرموون: بخۆن لەم رۆزییە بە تام و حوورمەتە کە خودای خۆتان پێیدان و سوپاسی بکەن لەسەر نیعمەتەکانی؛ ئەم شوێنە کە ئێوەی تیادامەزراون، شارێکی خۆش و هەواپاك و بێ‌زیان و رۆزی زۆرە و، پەروەردگاری تاوانبەخشتان هەیە.

ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ﷺ فەرموویەتی: «سەبا» ناوی وڵاتەکە نەبووە، بەڵکوو ناوی پیاوێکی عەرەب بووە و دە کوڕی چالاك و بە کەرامەتی بووە؛ شەشیان بە لای راستا رۆیشتن، ئەوانە بریتی بوون لە: «ازد» و «شعریون» و «حمیر» و «کندة» و «مذحج» و «انمار». عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خودا «انمار» کام گەلەن؟ فەرمووی: ئەوانەن کە «جثعم» و «بجیله» لەوانن.

وە چوار کوڕیشیان بەرەو چەپ رۆیشتن؛ ئەوانە بریتین لە «لخم» و «جذام» و «غسان» و «عاملة».

﴿ فَأَعْرَضُواْ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ سَيْلَ ٱلْعَرِمِ وَبَدَّلْنَٰهُم بِجَنَّتَيْهِمْ جَنَّتَيْنِ ذَوَاتَىْ أُكُلٍ خَمْطٍ وَأَثْلٍ وَشَىْءٍ مِّن سِدْرٍ قَلِيلٍ ﴿١٦﴾ ذَٰلِكَ جَزَيْنَٰهُم بِمَا كَفَرُواْ وَهَلْ نُجَٰزِىٓ إِلَّا ٱلْكَفُورَ ﴿١٧﴾ ﴾

جا ئەو گەلە پشتیان هەڵکرد لە پەند و ئامۆژگاری پیاوە ئایینییەکان و یاخی بوون، ئێمەیش لافاوی بە هێرشی «سەدی عەریم»مان ناردەسەریان ئەو لافاوە هات بەسەر باخەکانا لە راست و چەپەوە و هەمووی وێران کرد، وە ئەو دوو باخە باشەمان گۆڕییەوە بە دوو باخی وێرانەی وا بازێ گیای خواردەمەنی تاڵ کە ناوی «خمط» و، بازێ «اثل» دارگەز و بازێ «مۆرد»مان تێدا رواند، بەڵام مۆردەکەی کەم بوو.

دە بەو تۆڵەی ریشەکێشی وڵات وێران کردن و ئینسان مراندن و، بڵاوەکردن بەوەکانی‌تریان تۆڵەمان لێ سەندنەوە، بە هۆی ئەوەوە کوفریان بە خودا و نیعمەتی خودا کرد. ئایا ئێمە جەزای وا سەخت ئەدەینەوە بۆ غەیری ئەوانە کە زیادەڕەوی بکەن لە کوفرا؟ واتە هەم کوفری خودا و هەم کوفری نیعمەتەکانی خودا بکەن.

﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ ٱلْقُرَى ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَٰهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا ٱلسَّيْرَ سِيرُوا۟ فِيهَا لَيَالِىَ وَأَيَّامًا ءَامِنِينَ ﴿١٨﴾ فَقَالُوا۟ رَبَّنَا بَٰعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا وَظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَجَعَلْنَٰهُمْ أَحَادِيثَ وَمَزَّقْنَٰهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿١٩﴾﴾

واتە لە کاتی هاتی گەلی «سەبا»دا دامان‌نابوو لە نێوان شاری سەبا و ئەو شارانەدا کە بارانی پیرۆزیمان بەسەرا باراندبوون، وەکوو شاران و دێهاتی شام کە بۆی ئەچوون بۆ بازرگانی، چەن دێهاتێکی دیاری و ناسراو و بە فەڕ و پیرۆزی و، ئەندازەی هاتوچۆمان بۆ دیاری کردبوون، ئەمانوت پێیان بە زمانی حاڵ، وە یا لەسەر زمانی ئامۆژگاریکەری ئەو رۆژە: ئەی گەل بڕۆن بەو رێگانەدا چەن رۆژێ بە هێمنی و بێ‌ترسی، واتە ئەو شاری سەبامان، کاتی خۆی، خۆش کرد؛ نوختەکانی رێگەی بەینی ئەوان و شاماتمان هەموو رێك‌خستبوو بە جۆرێ هەر کاروانێ برۆیشتایێ بۆ ئەو وڵاتە نەمان‌ئەهێشت لە رێگەوبانا ئازاریان ببێ.

بەڵام ئەوان ئەوەندە کوفری خودا و کوفری نیعمەتیان کرد وەك ئەوە وابوو خۆیان بانگ بکەن لە خودا و بڵێن: خودایە دووری بخەرە نێوان شوێنەکانی ئێمەوە، ئەوسا کە هەر بیست کیلۆمەترێ جێگەی مانەوە و ئاسایشێ بوو ئێستە لە مەسافەی چل کیلۆمەترا، یا مەسافەی پەنجا کیلۆمەترا جێگەیەکمان بدەرێ کە ئاسایشی تیا بکەین، وە لە واقیعا ئەوانە ستەمیان لە خۆیان کردبوو، جا ئێمەیش ئەوانمان لە ناو برد و باسی ئەوانمان کرد بە قسەی حیکایەتخوانان و، وردمان کردن بە وردکردنێکی زۆر خراپ. جا بێ‌گومان لەم باسی خەڵکی سەبادا نیشانەی گەورە و بەڵگەی دیاری هەیە بۆ تێگەیشتن لە راستی بۆ هەموو خۆگرێ کە لە هاوڕێی خراپەوە ئازاری تووش ببێ و، بۆ هە موو کەسێ کە بە راستی سوپاسی نیعمەتەکانی بکەن.

﴿ وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٠﴾ وَمَا كَانَ لَهُۥ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِٱلْأَخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِى شَكٍّ ۗ وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ ﴿٢١﴾ ﴾

بە راستی شەیتان گومانی خۆی هێنایە جێگە لەسەر ئەهلی سەبا، واتە کاتی خۆی لەسەر گومانی خۆی بڕیاری دابوو ئەوانە گومڕا بکا، جا گومڕای کردن و هەموویان شوێنی کەوتن ئەو کۆمەڵە نەبێ لە موسوڵمانەکان کە هەر ئەوان پەیڕەوی ئایین و راگەیەنەرانی ئایینیان کرد.

وە لە راستیدا شەیتان دەسەڵاتێکی وای بەسەر ئەوانا نەبوو، وە ئەو خەڵکە لەبەر ئارەزووبازی خۆیان کەوتنە شوێنی بۆ ئەوە کە عیلمی ئێمە تەعەللوق ببەستێ بەو کەسانەوە کە باوەڕیان بە پاشەڕۆژ هەیە و جیایان بکەینەوە لەو کەسانە کە لە هاتنی رۆژی قیامەتا دوودڵی و گومانیان هەیە و، پەروەردگاری تۆ ئاگاداری هەموو شتێکە.

جا ئەو گەلە پشتیان هەڵکرد لە پەند و ئامۆژگاری پیاوە ئایینییەکان و یاخی بوون، ئێمەیش لافاوی بە هێرشی «سەدی عەریم»مان ناردەسەریان ئەو لافاوە هات بەسەر باخەکانا لە راست و چەپەوە و هەمووی وێران کرد، وە ئەو دوو باخە باشەمان گۆڕییەوە بە دوو باخی وێرانەی وا بازێ گیای خواردەمەنی تاڵ کە ناوی «خمط» و، بازێ «اثل» دارگەز و بازێ «مۆرد»مان تێدا رواند، بەڵام مۆردەکەی کەم بوو.

دە بەو تۆڵەی ریشەکێشی وڵات وێران کردن و ئینسان مراندن و، بڵاوەکردن بەوەکانی تریان تۆڵەمان لێ سەندنەوە، بە هۆی ئەوەوە کوفریان بە خودا و نیعمەتی خودا کرد. ئایا ئێمە جەزای وا سەخت ئەدەینەوە بۆ غەیری ئەوانە کە زیادەڕەوی بکەن لە کوفرا؟ واتە هەم کوفری خودا و هەم کوفری نیعمەتەکانی خودا بکەن.

﴿وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ ٱلْقُرَى ٱلَّتِي بَٰرَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَٰهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا ٱلسَّيْرَ سِيرُوا۟ فِيهَا لَيَالِىَ وَأَيَّامًا ءَامِنِينَ ﴿١٨﴾ فَقَالُوا۟ رَبَّنَا بَٰعِدْ بَيْنَ أَسْفَارِنَا وَظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ فَجَعَلْنَٰهُمْ أَحَادِيثَ وَمَزَّقْنَٰهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿١٩﴾﴾

واتە لە کاتی هاتی گەلی «سەبا»دا دامان‌نابوو لە نێوان شاری سەبا و ئەو شارانەدا کە بارانی پیرۆزیمان بەسەرا باراندبوون، وەکوو شاران و دێهاتی شام کە بۆی ئەچوون بۆ بازرگانی، چەن دێهاتێکی دیاری و ناسراو و بە فەڕ و پیرۆزی و، ئەندازەی هاتوچۆمان بۆ دیاری کردبوون، ئەمانوت پێیان بە زمانی حاڵ، وە یا لەسەر زمانی ئامۆژگاریکەری ئەو رۆژە: ئەی گەل بڕۆن بەو رێگانەدا چەن رۆژێ بە هێمنی و بێ‌ترسی، واتە ئەو شاری سەبامان، کاتی خۆی، خۆش کرد؛ نوختەکانی رێگەی بەینی ئەوان و شاماتمان هەموو رێك‌خستبوو بە جۆرێ هەر کاروانێ بڕۆیشتایێ بۆ ئەو وڵاتە نەمان‌ئەهێشت لە رێگەوبانا ئازاریان ببێ.

بەڵام ئەوان ئەوەندە کوفری خودا و کوفری نیعمەتیان کرد وەك ئەوە وابوو خۆیان بانگ بکەن لە خودا و بڵێن: خودایە دووری بخەرە نێوان شوێنەکانی ئێمەوە، ئەوسا کە هەر بیست کیلۆمەترێ جێگەی مانەوە و ئاسایشێ بوو ئێستە لە مەسافەی چل کیلۆمەترا، یا مەسافەی پەنجا کیلۆمەترا جێگەیەکمان بدەرێ کە ئاسایشی تیا بکەین، وە لە واقیعا ئەوانە ستەمیان لە خۆیان کردبوو، جا ئێمەیش ئەوانمان لە ناو برد و باسی ئەوانمان کرد بە قسەی حیکایەتخوانان و، وردمان کردن بە وردکردنێکی زۆر خراپ. جا بێ‌گومان لەم باسی خەڵکی سەبادا نیشانەی گەورە و بەڵگەی دیاری هەیە بۆ تێگەیشتن لە راستی بۆ هەموو خۆگرێ کە لە هاورێی خراپەوە ئازاری تووش ببێ و، بۆ هە موو کەسێ کە بە راستی سوپاسی نیعمەتەکانی بکەن.

﴿ وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُۥ فَٱتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٠﴾ وَمَا كَانَ لَهُۥ عَلَيْهِم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يُؤْمِنُ بِٱلْءَاخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا فِى شَكٍّ ۗ وَرَبُّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَفِيظٌ ﴿٢١﴾ ﴾

بە راستی شەیتان گومانی خۆی هێنایە جێگە لەسەر ئەهلی سەبا، واتە کاتی خۆی لەسەر گومانی خۆی بڕیاری دابوو ئەوانە گومڕا بکا، جا گومڕای کردن و هەموویان شوێنی کەوتن ئەو کۆمەڵە نەبێ لە موسوڵمانەکان کە هەر ئەوان پەیڕەوی ئایین و راگەیەنەرانی ئایینیان کرد.

وە لە راستیدا شەیتان دەسەڵاتێکی وای بەسەر ئەوانا نەبوو، وە ئەو خەڵکە لەبەر ئارەزووبازی خۆیان کەوتنە شوێنی بۆ ئەوە کە عیلمی ئێمە تەعەللوق ببەستێ بەو کەسانەوە کە باوەڕیان بە پاشەڕۆژ هەیە و جیایان بکەینەوە لەو کەسانە کە لە هاتنی رۆژی قیامەتا دوودڵی و گومانیان هەیە و، پەروەردگاری تۆ ئاگاداری هەموو شتێکە.

﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ ﴿٢٢﴾ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥۚ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بە کافرەکان: بانگ بکەن لەو بتانە کە گومانتان وایە ئەوان خودان نەك خودای عالەم، بزانن وەڵامتان ئەدەنەوە؟ بەڵام من پێتان ئەڵێم: ئەوانە لە ئاسمانەکان و لەزەویدا دارای ئەندازەی مسقاڵە زەرەیێ نین و هەرگیز بەشیان لە زەوی و ئاسمانەکانا نییە، وە بۆ خودایش نییە لە لایەنی ئەوانەوە پشتیوانێ، واتە وەکوو ئەوانە گومان ئەبەن کە ئەو بتانە لەگەڵ خودادا هاوکاری ئەکەن، وا نییە و ئەو بتانە شیاوی ئەو رێزە نین و تکاکردن لای خودا سوودی نییە بۆ کەسێ نەبێ کە خودا ئیزنی بدا کە تکای بۆ بکەن، وە لەو ماوەدا کە تکاکارەکان چاوەڕێی ئیزن و ئیجازەن لە تکا کردنا هەموو لایەکیان ـ تکاکەر و تکا بۆ کراو ـ وان لە ناو ترسا، هەتا تۆزێ ئەو ترسەیان نامێنێ و ئەو داماوانە ئەپرسن لە تکاکارەکان کە: خودای تەعالا چی فەرموو؟ ئەوانیش لە وەڵاما ئەڵێن: وتارێکی راستی فەرموو کە بریتییە لە ئیزنی شەفاعەت بۆ بازێ کەس و مەنعی لە بازەکەسێ. وە ئەو خودایە بەرزە لە پلە و پایەدا و گەورەیە لە تەوانا و کردارا و هەرچی خواستی ببێ ئەیکا.

﴿ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ قُلِ ٱللَّهُۖ وَإِنَّآ أَوۡ إِيَّاكُمۡ لَعَلَىٰ هُدًى أَوۡ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٢٤﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەر تۆ پێیان بڵێ، کێ لە ئاسمانەکان و زەویدا رۆزیتان ئەداتێ؟ جا تۆ خۆت لە باتی ئەوان بڵێ: خودا؛ چونکی وەڵامی راست هەر ئەوەیە و، پێشیان

بڵێ: من یا ئێوە واین لەسەر هیدایەت یا واین لە گومڕاهییەکی ڕووندا. دیارە ئەوان گومڕان.

﴿ قُل لَّا تُسْـَٔلُونَ عَمَّآ أَجْرَمْنَا وَلَا نُسْـَٔلُ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٥﴾ قُلْ يَجْمَعُ بَيْنَنَا رَبُّنَا ثُمَّ يَفْتَحُ بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ وَهُوَ ٱلْفَتَّاحُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٢٦﴾ ﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بەو کافرانە بڵێ: ئێوە مەسئوول نین لە تاوانی ئێمە و ئێمەیش بەرپرسیاری ئێوە نین لەو کارەنابارانەدا کە دەیانکەن. واتە هەرکەسێ خێر و شەڕی خۆی بۆ خۆیەتی و لەسەر خۆیەتی.

وە پێیان بڵێ: خودای هەموومان گشتمان لە ڕۆژی قیامەتا گردئەکاتەوە و، لە پاشان بە شێوەی ڕاستی حوکم ئەکا لە خوسوومەتی ئێمەدا و، هەر خودا گرێی تەنگوچەڵەمە ئەکاتەوە و زانای کاری جیهانە.

﴿ قُلْ أَرُونِىَ ٱلَّذِينَ أَلْحَقْتُم بِهِۦ شُرَكَآءَ ۖ كَلَّا ۚ بَلْ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٧﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بەو کافرانە بڵێ: ئەوانەم نیشان بدەن کە ئێوە بەرزتان کردوونەتەوە و کردووتانن بە هاوبەش بۆ خودا. حاشا سەدجار حاشا! خودا هاوڕێ و هاوبەشی نییەو خودا خاوەن عیززەت و خاوەن حیکمەتە.

﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَـٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾

ئەی ڕەهبەری جیهان ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە بۆ سەر ئادەمیزاد بە شێوەی گشتی و، بە موژدەدەر و ترسێنەر نەبێ، بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئاگادار نین و شتی گران و مەعقوول نازانن.

﴿ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٢٩﴾ قُل لَّكُم مِّيعَادُ يَوْمٍ لَّا تَسْتَـْٔخِرُونَ عَنْهُ سَاعَةً وَلَا تَسْتَقْدِمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾

ئەو کافرانە ئەڵێن: کەی کاتی ئەو سزا دێت کە ئێمەی پێ ئەترسێنن و؟ کاتی ئەو خێر و خۆشییە کەی دێت کە موژدەی پێئەدەن ئەگەر ئێوە راست ئەکەن؟! تۆ لە وەڵاما بڵێ: رۆژێکی تایبەتی و کاتێکی واتان هەیە کە ناتوانن سەعاتێ چییە پاش یا پێشی بخەن.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَن نُّؤْمِنَ بِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَلَا بِٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ ۗ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ مَوْقُوفُونَ عِندَ رَبِّهِمْ يَرْجِعُ بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ ٱلْقَوْلَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ لَوْلَآ أَنتُمْ لَكُنَّا مُؤْمِنِينَ ﴿٣١﴾ ﴾

وە کافرەکان ئەڵێن: بە راستی ئێمە باوەڕ بەم قورئانە ناکەین و باوەڕیش بەوە ناکەین کە لە پێش ئەم قورئانەدا هاتووە وەکوو تەورات و ئینجیل و کتێبەکانیتر بێ. وە تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئەگەر چاوت لێ بوایە لەو کاتەدا کە ئەو ستەمکارانە ئەوەستێنرێن لە حوزووری خودادا و، لە ناو خۆیانا قسە بە یەکتر ئەڵێن و بێدەستەکان بە دەسەڵاتدارەکان ئەڵێن: ئەگەر ئێوە نەبوونایێ ئێمە باوەڕمان ئەکرد، ئەگەر چاوت لەو دیمەنە بوایە شتێکی سەیرت ئەبینی.

ئەم ئایەتە لە کاتێکا هاتەخوارەوە کە موسوڵمانەکان بە کیتابییەکانیان ئەوت: باس و شێوەی پێغەمبەری ئێمە لە کتێبەکانی ئێوەدا هەیە، ئەگەر تەماشایان بکەن بۆتان دەرئەکەوێ کە موحەممەد پێغەمبەری ئاخر زەمانە، ئاوانیش تووڕە ئەبوون و ئەیانوت:

ئێمە باوەڕمان نە بە قورئان هەیە و نە بەو کتێبانەیش کە لە پێش قورئاندا هاتوونەتە خوارەوە.

﴿قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوٓا۟ أَنَحْنُ صَدَدْنَـٰكُمْ عَنِ ٱلْهُدَىٰ بَعْدَ إِذْ جَآءَكُم ۖ بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ ﴿٣٢﴾﴾

وە گەورەکان لە وەڵامی بێدەسەڵاتەکاندا ئەڵێن، ئایا ئێمە ئێوەمان مەنع کرد لە ڕێگەی خودا پاش ئەوە بە تەواوی ئەو ئەمری خوداتان بۆ دەرکەوت؟! نە وا نییە بەڵکوو ئێوە خۆتان گەلێکی تاوانبار و ناپیاو بوون و، گوێتان بە فەرمانی خوداو پێغەمبەر نەدا.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوا۟ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوا۟ بَلْ مَكْرُ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ إِذْ تَأْمُرُونَنَآ أَن نَّكْفُرَ بِٱللَّهِ وَنَجْعَلَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ وَأَسَرُّوا۟ ٱلنَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا۟ ٱلْعَذَابَ وَجَعَلْنَا ٱلْأَغْلَـٰلَ فِىٓ أَعْنَاقِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ هَلْ يُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٣٣﴾﴾

واتە: دووبارە بێدەسەڵاتەکان بە گەورەکان ئەڵێن: نەخێر مەکر و حیلەی بەدەوامی شەو و ڕۆژی ئێوە ئێمەی مەنع کرد لە ڕێگەی حەق، کە هەمیشە ئەمرتان پێ ئەکردین کە کوفری خودا بکەین و هاوڕێ و هاووێنەی بۆ دابنێین، جا هەموو لایەکیان لە دڵا پەشیمان بوونەوە کاتێ سزای دۆزەخیان بینی و کۆت و زەنجیرمان خستە ئەستۆی ئەوانەی کە کافر بوون. جا تەماشا بکەن ئایا تۆڵە ئەسێنیەوە لەو کافرانە بەو تۆڵە نەبێ کە شیاویانە و، سزایان ئەدەین بە پێی ئەو ڕەفتارانە نەبێ کە کردوویانن؟ حاشا تۆڵە بە گوێرەی کردەوەیە.

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتۡرَفُوهَآ إِنَّا بِمَآ أُرۡسِلۡتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿٣٤﴾ ﴾

وە ئەم کوفر و سەرپێچی و ناباریيە هەر لە کۆنەوە بووە و ئێمە هەرگیز هیچ پێغەمبەرێکمان رەوانە نەکردووە بۆ هیچ ئاوەدانییەك ئیللا دەسترۆیشتووەکان پێیان وتوون: ئێمە باوەڕ ناکەین بەوەی کە ئێوە هێناوتانە.

﴿وَقَالُواْ نَحۡنُ أَكۡثَرُ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا وَمَا نَحۡنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿٣٥﴾ ﴾

وە خاوەن دەسەڵاتەکان لە وەڵامی پێغەمبەرەکانا ئەڵێن: ئێمە دارایی و نەتەوەمان لە ئێوە زۆرترە کە وابێ ئەگەر پێغەمبەرایەتی مومکین بێ و ببێ خودا ئەیدا بەو کەسانە کە خاوەنی شان و نانن! وە ئێمە لە پاشەڕۆژدا سزا نادرێین؛ چونکی ئەگەر پێغەمبەرێتی لەسەر ئیعتیباری شان بێ ئەوە بۆ ئێمە ئەبێ و لە دنیا و لە قیامەتا ئازاد ئەبین. وە ئەگەر ریسالەت مومکین نەبێ ئەمجار مادام خودا لە دنیا شان و رێزی پێداوین ئەوە مەعنای وایە کە لە قیامەتیشا رێزمان ئەگرێ و سزامان نادا.

﴿قُلۡ إِنَّ رَبِّي يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقۡدِرُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾

ئەی رەهبەر تۆ پێیان بڵێ: دارایی زۆر و کۆمەڵ و دەستەو بەستە نیشانەی رێزی لای خودا نییە؛ چونکی خودا رۆزی زیاد ئەکا بۆ هەرکەسێ بیەوێ، ئیتر دارایی پێدان مانای رێز نییە و، گەدایی مانای بێڕێزی لای خودا نییە. بەڵام زۆربەی خەڵك ئەمە نازانن.

﴿ وَمَآ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُم بِٱلَّتِي تُقَرِّبُكُمۡ عِندَنَا زُلۡفَىٰٓ إِلَّا مَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ جَزَآءُ ٱلضِّعۡفِ بِمَا عَمِلُواْ وَهُمۡ فِي ٱلۡغُرُفَٰتِ

ءَامِنُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلَّذِينَ يَسْعَوْنَ فِيٓ ءَايَٰتِنَا مُعَٰجِزِينَ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلْعَذَابِ مُحْضَرُونَ ﴿٣٨﴾ قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ لَهُۥ وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن شَيْءٍ فَهُوَ يُخْلِفُهُۥ وَهُوَ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿٣٩﴾

وه هەرگیز دارایی و نەوەی ئێوە لەوانە نین کە لە ئێمەتان نزیك بکەنەوە بە هیچ جۆرە نزیك کردنەوەیێ، بەڵام ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا و کردەوەی باشیان کردووە، ئەوە ئەوانە پاداشی چاکەیان دووقات هەیە بە هۆی ئەو کردەوە باشانەوە کە کردوویانن و، لە باڵاخانەکانی بەهەشتان بە ئەمینی لە نەخۆشی و دڵئازاری و ستەمی ستەمکاران. وە ئەو کەسانەیش کە تێ‌ئەکۆشن بۆ دانەدواوەی ئایەتەکانی ئێمە و دژایەتی و بەرانبەری ئەکەن لەگەڵ رەهبەرەکانا؛ ئەوانە وان لە سزادا و ئامادەکراون بۆ ئەوە کە هەتا هەتایە لەو دۆزەخەدا بمێننەوە.

تۆ ئەی خۆشەویست پێیان بڵێ: بە راستی خودای من رۆزی زۆر ئەکا بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ لە بەندەکانی خۆی و، وایش ئەبێ کەمی ئەکاتەوە بۆی، و هەرچی لە دارایی خۆتان سەرف بکەن لە رێگەی خودادا ئەوە خودا جێگەکەی پڕ ئەکاتەوە، خودای تەعالا چاکترینی هەموو رۆزی‌دەرێکە و لە بەشکردنەکانیا حیکمەت هەیە.

﴿وَيَوْمَ يَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ يَقُولُ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمْ كَانُواْ يَعْبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُواْ سُبْحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِم بَلْ كَانُواْ يَعْبُدُونَ ٱلْجِنَّ أَكْثَرُهُم بِهِم مُّؤْمِنُونَ ﴿٤١﴾ فَٱلْيَوْمَ لَا يَمْلِكُ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ نَّفْعًا وَلَا ضَرًّا وَنَقُولُ لِلَّذِينَ ظَلَمُواْ ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلنَّارِ ٱلَّتِي كُنتُم بِهَا تُكَذِّبُونَ ﴿٤٢﴾

باسی ئەو رۆژە بکە کە خودا هەموویان گردئەکاتەوە، لە پاشان بە مەلائیکەکان ئەفەرمویّت: ئایا راستە ئەو کۆمەڵە کافرە بەندەیی ئێوەیان ئەکرد؟ جا مەلائیکەکان ئەڵێن: خودایە! پاکی و دووری لە هەموو عەیب و کەمییەك، تۆ سەردار و گەورەی ئێمەی و تۆ دۆستی ئێمەی نەك ئەم کافرانە و، ئەوانە بەندەیی ئێمەیان نەکردووە، بەڵکوو بەندەیی جینی و دێویان کردووە و زۆربەیان باوەڕیان بە دێوانە، واتە شوێنی خەیاڵی پڕوپووچ کەوتوون.

وە ئیمڕۆ بازێکتان سوود یا زیان ناگەیەنن بە بازێکتان، وە بەو ستەمکارانە دەڵێن: بچێژن سزای ئەو ئاگرەی کە ئێوە باوەڕتان پێ‌نەدەکرد.

﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالُوا۟ مَا هَٰذَآ إِلَّا رَجُلٌ يُرِيدُ أَن يَصُدَّكُمْ عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُكُمْ وَقَالُوا۟ مَا هَٰذَآ إِلَّآ إِفْكٌ مُّفْتَرًى ۚ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٤٣﴾ ﴾

وە کاتێ ئایاتی رووناکی ئێمە بەسەر ئەو کافرانەدا ئەخوێنرێتەوە ئەڵێن: ئەم ئینسانە پیاوێکە ئەیەوێ ئێوە مەنع بکا لەوەی کە باوك و باپیرەی ئێوە بەندەییان بۆ ئەکرد، وە ئەڵێن: ئەم قورئانە هیچ نییە ئەوە نەبێ کە درۆبێ و بە دەم خوداوە هەڵبەسرابێ! ئەگەرنا وتاری خودا نییە. وە کافرەکان ئەڵێن: ئەم کاری پێغەمبەر و پەیامە و دەربڕینی ئەم کارانە کە خەڵکی شڵەژاندووە جادوویەکی دیاری نەبێ هیچی‌تر نییە.

﴿ وَمَآ ءَاتَيْنَٰهُم مِّن كُتُبٍ يَدْرُسُونَهَا ۖ وَمَآ أَرْسَلْنَآ إِلَيْهِمْ قَبْلَكَ مِن نَّذِيرٍ ﴿٤٤﴾ ﴾

وەلحاڵ ئێمە چەن کتێبێکی پیرۆزمان بۆ نەناردوون تابیانخوێنن، کە ئەو کتێبانە ئەوانی بانگ کردبێ بۆ ئەوە هاوڕێ بۆ تۆ بڕیار بدەن. وە لە پێش تۆیشا ڕەهبەرێکم

ڕەوانە نەکردووە بۆ لایان هەتا بیانترسێنێ لە لادان لە دینی خۆی هەتا ئەمانە ئیمڕۆ لەوە بترسن و بڵێن: ناتوانین دینی خۆمان تەرك بکەین، ئیتر بۆچی ئەبێ ڕێگەی کافری و گومڕاییان گرتبێ و؟ بۆچی بەرانبەری بکەن لەگەڵ پێغەمبەری گەورەدا؟!

﴿وَكَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَمَا بَلَغُوا۟ مِعْشَارَ مَآ ءَاتَيْنَٰهُمْ فَكَذَّبُوا۟ رُسُلِى ۖ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٤٥﴾ ۞﴾

وە لە پێش ئەم کافرانی مەککەدا ئەو کافرانی ئیمڕۆ نەگەیشتوون بە دەیەکی ئەو پایە دابووم بەوان لە دارایی و سوپاو هێزی ئاوەدانی، جا ئەوانە پێغەمبەرانی ئێمەیان بەدرۆخستەوە، جا ئەزانن چۆن بوو ئینکاری من بۆ ئەوان و چۆن بە گژیانا چووم و چۆن بەربادم کردن؟

﴿قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَىْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٤٦﴾﴾

تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە: من ئامۆژگاریتان ناکەم بە تاقە شتێ نەبێ کە بریتییە لەمە: کە ئێوە یەکە یەکە یا دوو دوو ڕاوەستن و لە پاشان بیر بکەنەوە کە ئەم خاوەنی دەعوەتی ئێوە شێتی و نەخۆشی دەماخی نییە و هیچ نییە ئەوە نەبێ کە ترسێنەری ئێوەیە و پێش هاتنی سزایەکی سەخت ئەتانترسێنێ، دەی مادام ئەو زاتە ساغە و خاوەن دەماخە و ئامۆژگاری بە سوودتان ئەکا شوێنی بکەون و دەرسەکەی وەربگرن.

﴿قُلْ مَا سَأَلْتُكُم مِّنْ أَجْرٍ فَهُوَ لَكُمْ ۖ إِنْ أَجْرِىَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ ۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٤٧﴾ قُلْ إِنَّ رَبِّى يَقْذِفُ بِٱلْحَقِّ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿٤٨﴾ قُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ

وَمَا يُبْدِئُ ٱلْبَـٰطِلُ وَمَا يُعِيدُ ﴿٤٩﴾ قُلْ إِن ضَلَلْتُ فَإِنَّمَآ أَضِلُّ عَلَىٰ نَفْسِى ۖ وَإِنِ ٱهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِىٓ إِلَىَّ رَبِّىٓ ۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ قَرِيبٌ ﴿٥٠﴾

تۆ پێیان بڵێ: هەرچی لە ئێوە داوا بکەم لە بەرانبەری گەیاندنی فەرمانی خوداوە ئەوە هەمووی بۆ ئێوە، واتە هیچتان لێ داوا ناکەم، من ماف و پاداشم هەر لەسەر خودایە و ئەو ئاگای لە هەموو شتێکە.

تۆ پێیان بڵێ: ئێوە حەسوودی مەبەن بە من کە من دارای پەیامی خودای تەعالام. خودا بۆ هەرکەسێ خواستێ لێ بێ پەیامی خۆی ئەنێرێ، یا خود هەرکەسێ بیەوێ گەورەی بکا ئەیکا و خودا زۆر زانایە بە ئەسراری پەنامەکی لە جیهانا.

تۆ بڵێ: وا حەق هات و ئیسلام بڵاو بووەوە بە جیهانا و دینی خودابەیەکناسی هات و گەیشت بە هەموو جێگەیێ و ئایینی پووچ کە هاوڕێ بۆ خودادانانە هیچ دروست ناکا و هیچ زیندوو ناکاتەوە. واتە ئایینی پووچی دەرچوو لە جیهانا و نرخی نەما لە مەیدانا و، ڕێزی نەما لە لای ئینسانا.

تۆ پێیان بڵێ: ئەگەر من گومڕابم ئەوە گومڕاییەکەم بۆ خۆمە و لەسەر خۆمە، وە ئەگەر شارەزای ڕێگەی سەربەرزی ئینسان بم ئەوە بە هۆی ئەو ئایەتە پیرۆزە جوانانەوەیە کە خودای تەعالا بۆم ئەنێرێ، بێ‌گومان پەروەردگاری من هەموو شتێ ئەبیسێ و نزیکە لە هەموو خاوەن هاوارێ و، بەهانا و هاواری هەموو کەسەوە دێ.

﴿ وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ فَزِعُوا۟ فَلَا فَوْتَ وَأُخِذُوا۟ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ ﴿٥١﴾ وَقَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِهِۦ وَأَنَّىٰ لَهُمُ ٱلتَّنَاوُشُ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٢﴾ وَقَدْ كَفَرُوا۟ بِهِۦ مِن قَبْلُ ۖ وَيَقْذِفُونَ بِٱلْغَيْبِ مِن مَّكَانٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٣﴾ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ كَمَا فُعِلَ بِأَشْيَاعِهِم مِّن قَبْلُ ۚ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ فِى شَكٍّ مُّرِيبٍۭ ﴿٥٤﴾ ﴾

ئەگەر تۆ چاوت بکەوێ بەو کافرانە لەو کاتەدا کە لە مردن ئەترسن یا لەبەر زیندووبوونەوە لە گۆڕا، یا لە رۆژی بەدرا لەو کاتەدا رزگار بوونیان نییە لەو شتە لێی ئەترسن و لە شوێنێکی نزیك لە موئموورەکانی ئێمەوە ئەگیرێن.

وە لەو کاتەدا ئەڵێن: ئێمە باوەڕمان بە موحەممەد هەیە، بەڵام چۆن رێك ئەکەوێ بۆیان بگەن بەو باوەڕە کە ئەوان لە سزا رزگار بکا لە شوێنێکی دوورەوە؟ واتە جیهانی تەکلیف و جیهانی ئیمانهێنان رابورد.

وە کاتی مردن لە بەدرا یا مردنی ئاسایی لە ماڵەوە، یا خود لە کاتی زیندووبوونەوەدا جیهانێکیترە بێجگە لە جیهانی تەکلیف، تازە مەحاڵە قەبوولّی ئەو شتانە کە کاتیان نەماوە. وەلحاڵ لەوەبەر کوفریان کرد بە موحەممەد ﷺ و تیری تانەیان بۆ ئەهاویشت (رجماً بالغیب) و بە گومانی رووت و دوور لە واقیع لە شوێنێکی دوورەوە. واتە ئەو بەدبەختانە ئاگادار نەبوون لە سیفاتی حەزرەت ﷺ و لە خوو و رەوشتی بەرزی و، لە دڵسۆزی بۆ خودا و بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام. وە بەینی ئەمان لەگەڵ حەزرەتا ﷺ وەکوو بەینی عەرزو ئاسمان بوو. جا گومانی وا دوور بە دوور زۆر دوورە لە نوور. وە پەردەی حیجاب و مانیع دامەزرا لە نێوان ئەوان و ئەو شتەدا کە ئەوان ئارەزووی ئەکەن کە بریتییە لە رزگار بوون لە سزا و رەحمەت و گەیشتن بە بەهەشت و رەحمەت، وەکوو چۆن ئەو پەردە لێدانە کرا لەگەڵ هاووێنەی ئەمانەدا لە کافرانی چەرخە پێشووەکان ـ وەکوو گەلی نووح و عاد و سەموود ـ و ئەوانیش کاتێ پەشیمان بوونەوە کاتی پەشیمانی نەبوو و سوودیان وەرنەگرت، و لەبەر ئەوە کە ئەوان کاتی خۆی لە ناو دەریای دوودڵی و گومانی ناباری وەهادا بوون کە خاوەنەکەی ئەخستە پەرێشانی و نارەحەتی و بێئاسایشییەوە. پەنا بە خودا!

پــەنا بــە خــودا هــەزاران پــەنا | لە دەردی کــاری شــوومی ئــیشتیبا
ئــــینسانی دوودڵ ســــیاچارەیە | لە هــەردوو چــەرخا هــەر ئــاوارەیــە
ئــینسانی مــەسعوود، یــانی بــەختیار | شــەخسێ یــەك دڵە لەســەر ئــیعتیبار
بــە نــووری قــودسی دڵی روونــاك بێ | لە شــوبهەی شەیتان دەروونی پاك بێ
بــە روونــاکی دڵ هــەستێتە ســەر پــێ | مــایەی ســەعادەت پــاك بــێنێتە جــێ
یــانی بــە بــیر و کــردەوە و رەوشت | لە دنــیا دەرچــوو بــڕوا بــۆ بــەهەشت
«نــامی» ئــومێدی هــەیە وا بــمرێ | زوو لە بەهەشتا جێگەی خۆی بگرێ

سووره‌تی «فاطر»، له سووره‌ته مه‌ککه‌ییه‌کانه‌، "٤٥" ئایه‌ته‌
و له پاش سووره‌تی فورقان هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجۡنِحَةٖ مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلۡخَلۡقِ مَا يَشَآءُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١﴾

هه‌رچی ستایش و سوپاس هه‌یه بۆ خودایه که ئاسمانه‌کان و زه‌وی له نه‌بوون دروست کردووه و، مه‌لائیکه‌یشی کردووه به په‌یغامبه‌ر و ئیلهام‌که‌ر بۆ لای پێغه‌مبه‌ران و چاکانی به‌نده‌کانی خۆی که حاڵیان وایه خاوه‌نی چه‌ن باڵن: بۆ بازێ له‌وانه دوو دوو، بۆ بازی سێ‌سێ و، بۆ بازێ چوارچوار. خودای ته‌عالا زیاد ئه‌کا له مه‌خلووقاتی خۆی ئه‌وه‌ی که خواستی له‌سه‌ر بێ، بێ‌گومان خودا ته‌وانایه به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا.

مه‌لائیکه له عورفی شه‌رعدا بریتییه: له چه‌ن گیانله‌به‌رێ که ئه‌جسامی ناسکن و، خودا ته‌وانای ئه‌وه‌ی پێداون که بچنه هه‌ر شکڵ و شێوه‌یه‌که‌وه که بیانه‌وێ و خواستیان له‌سه‌ری بێ، وه ئه‌م ئه‌جسامانه نێر و مێیان نییه و، به ئه‌مری خودا په‌یدا ئه‌بن نه‌ك به زاوزێ، وه هه‌موو بێ‌تاوانن و هه‌میشه وان له فه‌رمانبه‌رداری خودادا و، له‌سه‌ر یاسای تایبه‌تی خودا کردوونی به مه‌ئموور بۆ گه‌لێ شت و گه‌یاندنی گه‌لێ کار و به‌جێ‌هێنانی فه‌رمانی خودا.

وە کەلیمەی «مثنی، وثلاث، ورباع» بۆ بەیانی جیاوازییە لەناو فریشتەکانا؛ چونکی زۆری باڵ بە پێی زۆری کار و فەرمانە.

زاناکان فەرموویانە: ئەم ئایەتە بۆ حەسر نییە لەو ئەندازە «باڵە»دا.

یەکەم: لەبەر ئەوە کە ژمارە «مەفهوومی موخالەفە»ی نییە.

دووەم: لەبەر ئایەتی: ﴿یزید في الخلق ما یشاء﴾ کە بە زاهیر ئەوە ئەگەیەنێ خودا هەرچی ئارەزوو بکا دروستی ئەکا؛ خوا لە ئەنواعی جیاجیا بێ، وە یا لە ئەوسافی نەوعەکانا. کەوابوو وەکوو مەلائیکەی وای دروست کردووە کە دوو باڵ و سێ باڵ و چوار باڵی هەیە، لەوانەیە زۆر مەلائیکەی وەهایشی ببێ کە ژمارەی باڵەکانیان زۆر بێ، وەکوو ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ﷺ کە جوبرەئیلی دیوە شەشسەد باڵی بووە.

وە بازێ فەرموویانە: مەبەس لە ئایەتی: ﴿یزید في الخلق ما یشاء﴾ جوانی شێوە و، دەنگی خۆش و، باڵای رێك و، ئازایەتی و... شتی دیکە لە ئەوسافی جوان یا لە ناشیرین و ناڕێك و ناڕەوایە.

وە هەڵئەگرێ مەبەس لە جوملەی ﴿یزید في الخلق﴾ ئەمەبێ کە ئەتوانێ مەلائیکەی دووباڵ بکا بە سێباڵ و، سێباڵ بکا بە چوار باڵ و، چوار باڵ بکا بە دە باڵ (مەسەلا).

﴿مَّا يَفْتَحِ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا ۖ وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنۢ بَعْدِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢﴾﴾

ئەو رەحمەت و نیعمەت و خۆشییە کە خودا بەرەڵای بکا و بێ ڕژێنی بەسەر بەندەکانی خۆیدا کەس ناتوانێ رایبگرێ، وە ئەوەی کە خودا رایبگرێ و نەیدا کەس ناتوانێ بەرەڵای بکا، وە خودا خاوەن عیززەت و خاوەن حیکمەتە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ٣﴾

ئەی ئادەمیزادینە باسی ئەو نیعمەتانی خودایە بکەن کە لەسەرتانە و پێیداون، ئایا بێجگە لە خودا پەروەردگارێ هەیە کە رۆزیتان لە ئاسمان و زەوییەوە بۆ بنێرێ؟ بە راستی کەس نییە لەو زیاتر بەندەیی بۆ بکرێ، کە مادام ئەمە جوملەیەکی وەها راستە ئیتر ئێوە چۆن لائەدرێن لە راستەوە بۆ لار و لە حەقەوە بۆ بەتاڵ؟

﴿وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدۡ كُذِّبَتۡ رُسُلٌ مِّن قَبۡلِكَۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ٤﴾

وە ئەگەر ئەو کافرانە تۆ بەدرۆ ئەخەنەوە تۆ بەوە دڵگران مەبە؛ چونکی ئەمە یاسای ئادەمیزادە و بە راستی گەلێ ئەنبیا لە پێش تۆدا بوون و بەدرۆخراونەتەوە و، هەموو ئەمانە کاری خۆیان حەواڵەی خودا کردووە و تۆیش هەر وەکوو ئەوان حەواڵەی خودای بکە، وە بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە هەموو کارو باری عالەم، بە قەتعیـنەزەر لە پێغەمبەران و غەیری ئەوانیش.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ٥ إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ إِنَّمَا يَدۡعُواْ حِزۡبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ٦﴾

ئەی ئادەمیزادا! بێ‌گومان هەرچی خودا بەڵێنی پێدابێ و بڕیاری بوونی دابێ دێتەجێ و دنیا تەواو ئەبێ، با ژیانی دنیا بابیتان نەکا، هەروا با شەیتانی بابی بابیتان نەکا، بێ‌گومان شەیتان دوژمنی ئێوەیە، دەی ئێوەیش بیکەن بە دوژمنی خۆتان، وە ئەگەر ئێوە ببن بە حیزب و کۆمەڵی شەیتان ئەبن بە دۆزەخی؛ چونکی شەیتان کۆمەڵەکەی خۆی بانگ ئەکا و ئەبا بۆ ئەوە ببن بە هاوەڵانی ئاگری دۆزەخ.

﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿٧﴾ ﴾

ئەو کەسانە کافرن سزایەکی سەختیان هەیە، وە ئەو کەسانەیش کە ئیمانیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە ئەوە پاداشی گەورە و تاوانبەخشییان لە لای خوداوە بۆ هەیە.

﴿ أَفَمَن زُيِّنَ لَهُۥ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ فَرَءَاهُ حَسَنًا ۖ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِى مَن يَشَآءُ ۖ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَٰتٍ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٨﴾ ﴾

ئایا ئەو کەسانە کە لە لایەنی نەفس و شەیتانەوە کردەوە خراپەکانیان بۆ جوان کراوە و، گومان و خەیاڵاتی پڕوپووچ زاڵ بووە بەسەریانا وەکوو ئەو کەسانەن کە عەقڵیان زاڵە بەسەر نەفسیانا و گومانی شەیتان لە خۆیان دوور ئەخەنەوە و باوەڕ بە خودا و پێغەمبەری خودا ئەکەن و لەسەر ڕێگەی ڕاست ئەڕۆن بە ڕێدا؟ حاشا ئەم دوو تاقمە وەکوو یەك نین.

جا ئەگەر تۆ، ئەی خۆشەویست، لە پاش گەیاندن و ڕوونکردنەوەی پەیامی خودا و تێکۆشین بۆ ئیمان هێنانی ئەو خەڵکە، تاقمی وەهات بینی کە کردەوەی خراپیان جوانە لەبەر چاویانا و بە باشیان ئەزانن، تۆ خۆت ماندوو مەکە؛ چونکی بێ‌گومان خودا گومڕا ئەکا ئەوانەی بیەوێ گومڕایان بکا، وە هیدایەتی ئەوانەیش ئەدا کە خودا بیەوێ هیدایەتیان بدا. وە خودای تەعالا کەس گومڕا ناکا هەتا کابرا بە هێزی خۆی نەڕوا بە گژی فەرمانی خوداو پێغەمبەرا. کەوایە ئاگات لە خۆت بێ با نەفسی تۆ لەبەر ئێش و خەفەت و خەمخواردن بۆ ئەوان بە زایە نەڕوا. بێ‌گومان خودا ئاگای لەوەیە ئەوانە ئەیکەن.

﴿ وَٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَرۡسَلَ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابٗا فَسُقۡنَٰهُ إِلَىٰ بَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَحۡيَيۡنَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ ٩ ﴾

خودا خودایەکە باکان ئەنێرێ تا هەور بەرزبکەنەوە بۆ ناو کرۆکەی ئاسمان، جا لەوێوە لێی ئەخورین بۆ شارێکی وێران لەبەر بێبارانی، جا بە رژاندنی باران بەسەریا زیندووی ئەکەینەوە لە پاش مردنی، وە هەستان و راستەوە بوون لە گۆڕستانی زەویدا و دەرچوون بۆ مەیدانی حسێب وەکوو ئەم زیندوو بوونەوەی زەوییەتە لە پاش ئەوە کە وشك و بێ‌گیا بوو.

﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعِزَّةَ فَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ جَمِيعًاۚ إِلَيۡهِ يَصۡعَدُ ٱلۡكَلِمُ ٱلطَّيِّبُ وَٱلۡعَمَلُ ٱلصَّٰلِحُ يَرۡفَعُهُۥۚ وَٱلَّذِينَ يَمۡكُرُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٞۖ وَمَكۡرُ أُوْلَٰٓئِكَ هُوَ يَبُورُ ١٠ ﴾

ئەم ئادەمیزادە بۆچی ئەوەندە بەدبەختە؟ بۆچی پشت لە رەهبەرانی خودا هەڵئەکا؟ ئەگەر بۆ ئەوەیە کە داوای بەرزی و سەربەرزی ئەکا با بزانێ هەرچی بەرزی و سەربەرزی هەیە هەمووی لای خودایە، وە سەربەرزییەکەیشی بەوەیە کە ئینسان وتار و رەفتاری باش بێ؛ چونکی وتاری باش وەکوو: «شهادتین» و زیکر و، تەهلیله و، خوێندنەوەی قورئان و، تەربییە و، فێرکردن و، دەرسدانی چاکەی نێوان ئادەمیزاد و، دوورخستنەوەی خراپە لێیان... بۆ لای خودا بەرز ئەبێتەوە. وە هەروەها رەفتاری باش وەکوو: جیهاد لە رێگەی خودادا و، ناندان بە داماوان و، بەندەیی بەدەنی و... هەموو بۆ لای خودا بەرز ئەبنەوە.

وە دەمارکردن و خۆبەزل‌گرتن و نەبیستنی حەق لە بەدبەختی زیاتر هیچ ئەنجامێکی نییە، وە ئەو کەسانە کە مەکر و فێڵ لەگەڵ موسوڵمانانا ئەکەن بە دانانی داوی ناشیرین

بۆیان ئەوە سزای سەخت و ناهەمواریان هەیە لە پاشەڕۆژا و مەکری ئەو خاوەن مەکرانەیش لە دنیادا بێ‌ئەنجامە و بە زایە ئەچێ.

﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَٰجًا ۚ وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ۚ وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِۦٓ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿١١﴾ ﴾

ئەی ئادەمیزاد! خۆتان بناسن و خودای خۆیشتان بناسن، خودا ئێوەی دروست کردووە لە گڵ و کردی بە مایەی باپیرەگەورەتان، کە ئادەمە، وە لە ئادەمیش دایە گەورەتانی دروست کرد، پاش ئەوە دروست کردنی ئێوەی لەسەر تۆم دانا، وە لە دوای دروستکردنی «ئادەم» و «حەوا» دروستکردنی ئێوەی کرد بە یاسای ژن و ژنخوازی و ئێوەی کرد بە ژن و مێرد، بۆ درێژەدان بە رشتەی ئادەمیزاد، وە هیچ مێینەیێ منداڵێ لە منداڵدانیدا هەڵناگرێ و دایناتێ لە کاتی خۆیدا بە زانست و ئاگاداری خودا نەبێ، وە هیچ ئینسانێکی تەمەن درێژ ـ تەمەن درێژ ناکا و هیچ ئینسانێکی تەمەن کورت ـ تەمەن کورت ناکا ئیللا ئەندازەی ئەو تەمەنە درێژە یا ئەو تەمەنە کورتەی وا لە «لوح المحفوظ»دا، وە ئەمە بۆ خودا ئاسانە.

وە ئەتوانین بڵێین هیچ کەسێ تەمەنی زیاد ناکرێ و هیچ کەسێ تەمەنی کورت ناکرێ ئیللا ئەو درێژکردنەی، وە یا ئەو کورتکردنەوەی تەمەنەی هەیە لە «لوح المحفوظ»دا، ئەمە لای خودا ئاسانە.

ئەو کەسە کە ئەڵێ: لە عیلمی خودادا دامەزراوە تەمەنی فلان کەس سەدە یا هەشتایە، ئیتر زیاد و کەم کردن بێ‌مەعنایە! ئەوە ئەو کەسە لە مەبەست حاڵی نەبووە. ئاشکرایە زانستی خودا رەسایە و خیلافی زانستی ئەو مەحاڵە. بەڵام لە زانستی خودادا

رابوردووە یارۆ کە بریندار بوو ئەگەر دەرمانی برینەکەی نەکا پاش ماوەیەکی کەم ئەمرێ، وە ئەگەر دەرمانی بکا ئەوە کابرا خۆش ئەبێتەوە و تا سەد ساڵ ئەژی.

هەر بەو شێوەی دەرمانەیە دوعای خێری موسوڵمان بۆ موسوڵمان و خێرات و چاکەکردن بۆ گێڕانەوەی قەزا و دەرد و بەڵا. وە لە حەدیسا هەیە کە دوعا و بەڵا مودافەعەی یەك ئەکەن هەتا دوا کات.

کەوابێ وەکوو ئەندازەی تەمەنی ئینسان لە لای خودا زانراوە، ئەوەیش زانراوە کە ئەو تەمەنە درێژە لەبەر دەرمانکردن یا دوعا کردن یا سەدەقە کردنە و، بەم شێوە ئیشکال نامێنێ.

﴿وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿١٢﴾﴾

واتە وەکوو یەك نین دوو دەریای وەها کە یەکێکیان ئاوەکەی خۆش بێ و تینوێتی بشکێنێ و، ئەویان ئاوەکەی سوێر بێ و قوڕگ بسووتێنێ. وەلحاڵ لە هەردوویاندا گۆشتی تازە ـ لە ماسی و باقی حەیواناتی دەریایی ـ ئەخۆن. وە لە هەر دوویان دوڕ و مادەی جوان دەردێنن کە ئەیانکەن بە زیوەر بۆ گەردن و بەرۆك و بەرگی ژنان و ئەیانپۆشن، وە لە هەر دووکیشیانا ئەبینن کەشتییەکان ئاو ئەبڕن و ئەڕۆن بۆ ئەوە کە نیعمەت و ڕۆزی خودایی داوا بکەن و دەردەستی بکەن، واتە تیجارەت و موعامەلە بکەن بۆ زۆر کردنی دارایی، وە ڕجا هەیە سوپاسی نیعمەتەکانی خودا بکەن.

بزانن! ئەم دوو دەریا وێنەن بۆ ئینسانی موسوڵمان و ئینسانی کافر، واتە ئینسانی موسوڵمان و ئینسانی کافر وەکوو یەك نین، ئەمیان وتاری تەوحید لە دەمی دێتەدەرەوە

کە زەلاڵە و تینوێتی دڵی ئینسان ئەشکێنێ، وە ئەویان کوفر و ئیشراك لە دەمی دەردەچێ کە قورگی ئینسان پڕ ئەکا لە گرێ و گۆڵ و ئەبێ بە تاریکی بۆ دڵ و بە درِك و داڵ بۆ سینە، ئەگەرچی هەردوو ئینسانەکان هاومیزانن لە بازێ سوودا، وەکوو شێوەی جوان و خۆشی سوحبەت و کارکردن لە دووکان و مەحەل و ژووری بازرگانیدا و، لە هەردوویان بازە عیلمێ وەرئەگیرێ، کە بۆ ئینسان ئەبێ بە زینەت وەکوو جلی جوان و زیوەردار و غەیری ئەمانەیش.

﴿ يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيْلِ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ ﴿١٣﴾ ﴾

ئەو خودایە پەروەردگاری جیهانە لە کاتی شەو ئەخاتە سەر رۆژ لە زستان و بەهارا و لە کاتی رۆژ ئەخاتە سەر شەو لە هاوین و پاییزا، بۆ ئەوە کە سوود لە درێژی رۆژ وەربگرن بە کاسبی کردن و دارایی پەیدا کردن و، لە درێژی شەو ئاسایشی لەشتان دەست بکەوێ بە رابواردن و نوستن، وە رۆژ و مانگی رام کردووە، هەر یەکە و ئەجووڵێ تاوادەی دیاری خۆی، ئەوەی کە ئەمانە ئەکا خودای ئێوەیە و ناوی «اللّٰە»یە و سەرداری و دارایی هەر بۆ ئەوە و، ئەو بتانە کە ئێوە بانگیان ئەکەن و ئەیانپەرستن بێجگە لە زاتی خودا دارای «قطمیر»ێ ـ واتە پەردە ناسکەکەی سەر ناوکی خورما ـ نین.

﴿ إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا۟ دُعَآءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا۟ مَا ٱسْتَجَابُوا۟ لَكُمْ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ ﴿١٤﴾ ﴾

ئەگەر بانگ بکەن لەو بتانە بانگەکەتان نابیێن، وە ئەگەر بانگەکەتان ببیێن هیچتان بۆ ناکەن و وەڵامتان نادەنەوە؛ چونکی ناتوانن هیچ بکەن، وە لە رۆژی قیامەتیشا کاتێ کە خودا گیانیان ئەکات بە بەرا بۆ ئەوە بازێ راستی دەربکەوێ ئەوان ئینکاری ئەم پەرستیاری ئێوە بۆ ئەوان ئەکەن. ئەمە کە بەیانم کرد راستییە و کەس خەبەرت ناداتێ بە رووداوێ وەکوو یەکێ کە ئاگاداری ئەو رووداوە بێ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴿١٥﴾ إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ وَيَأۡتِ بِخَلۡقٖ جَدِيدٖ ﴿١٦﴾ وَمَا ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ بِعَزِيزٖ ﴿١٧﴾﴾

ئەی ئادەمیزادەکان ئێوە هەمووتان موحتاجی خودان لە وجوودی خۆتانا و لە سیفات و ئەحواڵتانا؛ هیچیان بە بێ تەعەلوقی خواستی ئەو پەیدا نابێ و بە بێ ئیرادەی ئەو مانەوەیشیان بەردەوام نابێ. وە هەر خودا بێنیازە لە عالەم و خاوەن نیعمەتە و شایاوی سوپاس و ستایشە. وە ئەگەر خواستی لێ بێ ئێوە لە ناو ئەبا و تاقمێ ئادەمیزادیتر دێنێ کە لە ئێوە باشتر و فەرمانبەردارتر بن، وە ئەمە لەسەر خودا گران نییە و لەگەڵ ئەوەدا کە خودا بێنیازە لە ئێوە دادگەرە لەسەرتان و حوکمەکان عەدالەتن.

﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۚ وَإِن تَدۡعُ مُثۡقَلَةٌ إِلَىٰ حِمۡلِهَا لَا يُحۡمَلۡ مِنۡهُ شَيۡءٞ وَلَوۡ كَانَ ذَا قُرۡبَىٰٓۗ إِنَّمَا تُنذِرُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُم بِٱلۡغَيۡبِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَۚ وَمَن تَزَكَّىٰ فَإِنَّمَا يَتَزَكَّىٰ لِنَفۡسِهِۦۚ وَإِلَى ٱللَّهِ ٱلۡمَصِيرُ ﴿١٨﴾﴾

وە هیچ نەفسێکی تاوانبار تاوانی نەفسێکیتر هەڵناگرێ، وە ئەگەر نەفسێ کە بە تاوانباری گران کرابێ و بانگ بکا لە نەفسێکیتر بۆ ئەوە کەمێ لەو بارەی بۆ هەڵبگرێ

ئەوە بۆی هەڵناگرێ هەرچەند بانگکراوەکەیش خزمی بانگکەرەکە بێ و پەیوەندییان بە یەکەوە بێ، وە لەمە زیاتر بانگکردنی ئەو گەلە سوودی نییە؛ چونکی تۆ کەسێ ئەترسێنی بە سزای خودا کە لە سزای خودا بترسێ لە پەنامەکیدا و نوێژەکانی بکا بە رەسایی، وە هەرکەس خۆی پاك بکاتەوە لە تاوان ئەوە قازانجی بۆ خۆیەتی و گەڕانەوەی بۆ لای خودایە.

﴿وَمَا يَسْتَوِي ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ۝١٩ وَلَا ٱلظُّلُمَٰتُ وَلَا ٱلنُّورُ ۝٢٠ وَلَا ٱلظِّلُّ وَلَا ٱلْحَرُورُ ۝٢١ وَمَا يَسْتَوِي ٱلْأَحْيَآءُ وَلَا ٱلْأَمْوَٰتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَآءُ ۖ وَمَآ أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي ٱلْقُبُورِ ۝٢٢ إِنْ أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ ۝٢٣﴾

خودای تەعالا باسی جیاوازییەکانی نێوان موسوڵمان و کافر ئەکا لە نێوان ئەوانەدا ئامادەن بۆ وەرگرتنی فەرمانی خودای تەعالا و ئەوانە کە دوورن، ئەڵێن وەکوو یەك نین کوێر و چاودار، وە تاریکییەك کە لە چەند پەردە تاریکی پەیدا بووبێ لەگەڵ پڕتەودا و، سێبەر و گەرمای زۆر سەخت و، مردوان و زیندوان، واتە ئەوانە کە قسەی تۆ وەرئەگرن وەکوو بینا و رووناکی و سێبەری بێ‌زیان و، زیندووی هۆشیاری زانا وەهان، وە ئەوانە کە دەرسی تۆ وەرناگرن وەکوو کوێر و، تاریکی و گەرمای سەخت و مردوون. لە نێوان ئەم دوو تاقمەدا جیاوازییەکی تەواو هەیە و، خودای تەعالا قسەی راست ئەخاتە گوێچکەی ئەوانەوە کە خواستی لەسەر ئەوەیە حەق ببیسێ، وە غەیری ئەوانە وەکوو مردوو وانە و، خودا نایەوێ حەق ببیسن. وە تۆیش خۆت ناتوانی بە بێ فەرمانی خودا قسە ببەیتە گوێچکەی ئەوانەوە کە لە گۆڕستاندان و لە گۆڕەکاندان. وە تۆ ترسێنەری و بەس.

﴿إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ۚ وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ۝٢٤﴾

بە راستی ئێمە تۆمان ناردووە لەگەڵ قورئانا بە موژدەدەر بۆ ئەهلی چاکە و، ترسێنەر بۆ ئەهلی تاوان، وە ئەم رەوانەکردنەیش شتێ نییە کە هەر لەم چەرخی تۆدا بێ، نەخەیر یاسایەکی کۆنی خوداییە، وە هیچ گەلێ نییە لە دنیادا کە پێغەمبەرێکی ترسێنەر لە تاوانباری و تۆڵەی ناباری بۆ رەوانە نەکرابێ.

﴿وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَبِٱلزُّبُرِ وَبِٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُنِيرِ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ أَخَذْتُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۖ فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ ﴿٢٦﴾﴾

وە ئەگەر تۆ بەدرۆئەخەنەوە ئەمە شتێکی تازە نییە لەم کافرانەوە، بە راستی ئەو کافرانەیش کە لە پێش زەمانی ئەمانەدا بوون ئەوانیش پێغەمبەرانی خۆیانیان بەدرۆخستەوە کاتێ کە پێغەمبەرەکانیان بە فەرمانی خوداوە و بە موعجیزاتەوە و بە پەیامی جوانی ئاسمانی و بە کتێبی گەورەی دڵڕووناککەرەوەوە هاتن بۆ لایان، جا پاش ئەو ناباری و بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرانە ئەو کافرانەمان گرت، جا چۆن بوو ئینکار و بەرپەرچی ئێمە بۆ بەدرۆخستنەوەکەی ئەوان؟ ئایا زاڵ بووین بەسەریانا یا نە؟ وە یارمەتی پێغەمبەرەکانمان دا و سەرمان خستن بەسەریانا یا نە؟ دیارە ئەوەی شیاوی رێزی رەهبەران بێ کردمان.

پــــێغەمبەرەکان یـــــارمەتی‌دران کـــافرەکانیش ســـەرەوژێر کـــران
حەق بەرزە حەقدار گەیی بە بەرزی بـــەتاڵیش لە ژێـــر ســـزادا رزی

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهَا ۚ وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ ﴿٢٧﴾

وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلْأَنْعَٰمِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَ ۗ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾

ئایا تۆ نابینی کە خودای تەعالا لە ئاسمانەوە ئاو ئەڕژێنێتە خوارەوە، جا دروستمان کرد بە هۆی ئەو ئاوەوە چەن جۆر بەری رەنگاوڕەنگ و، نابینی کە خودای تەعالا لە کێوەکانا چەن جۆر رێگەی دروست کردووە لە سپی و لە سووری جۆر جۆر لە رەنگا و، چەن چیای زۆر رەشی دروست کردووە و، لە ئادەمیزاد و لەو گیانلەبەرانە بە زەویدا ئەڕۆن و، لە بزن و مەڕ و وشتر و گای رەنگامە چەنێکی دروست کردووە؟ ئەگەر تۆ ئەمانەت نەبینیوە بڕۆ بیانبینە هەتا زانیاریت بە کردگاری خودای تەعالا زیاد بکا، چونکی بە راستی کەس لە بەندەکانی خودا لە خودا ناترسێ زاناکان نەبێت.

زانا ئەزانێ ئەم جۆرە کارە
دەستی تەبیعەت تیایا بێ کارە

زانا ئەزانێ لە تاقە دارێ
چلۆن چەن ئاسار دێنە رووی کارێ

زانا ئەزانێ لە کەژو کۆسار
چەن جۆر گولاڵە دێنەدەر بەهار

یەکێ رەنگ‌زەردە، یەکێ‌تر ئاڵە
یەکێکیان تۆخە، یەکێکیان کاڵە

لە دایەو بابێ چەن جۆرە منداڵ
یەکێکیان پاکەو، یەکێکیان بەدحاڵ

لە ئینسانی رەش نەتەوەی سپی
نەك جارێ چەن جار، بەم چاوانەم دی

بە غەیری خواستی زانای تەوانا
کێ ئەم ئەوزاعەی لە چەرخا دانا

ئەوەی دەماخی تێیدا بێ شوعوور
جیا ئەکاتەوە تاریکی لە نوور

ئەزانێ خاکی بێ‌شوعوورو فام
نابێ بە ئەساس بۆ رشتەی نیزام

ئەزانێ تەنیا خواستی خودایە
بایێ «وەبا»یە بایێ شیفایە

لە ئاسمانی سایەقەی بێ‌هەور
بە چەن دەقیقە تاریک ئەبێ دەور

دنیا پڕ ئەبێ بە وێنەی دەریا
سەرگردان ئەکا ئینسانی وریا

ئەگەر تەبیعەت فاعیل بێ بۆ کار ... لەسەر یەك یاسا ئەبوو رۆزگار؟
ئیتر بە ئەوهام مەڕۆرە کایە ... عەقڵ و هۆشی خۆت مەدە بە زایە
بزانە عالەم جامید و «نامی» ... بە خواستی حەقە رشتەی نیزامی

بە راستی خودای تەعالا خاوەن عیزەت و دەسەڵاتە لەسەر هەر شتێ خواستێ لێ بێ‌و تاوانبەخشە، ئەگەرنا بێ‌ئیمانەکانی بە ماوەیەکی کەم لەناو ئەبرد.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَٰرَةً لَّن تَبُورَ ﴿٢٩﴾ لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ غَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٠﴾ ﴾

بە راستی ئەو کەسانە کە قورئان ئەخوێننەوە لەسەر ئەساسی ئەوە کتێبی خودایە و، ئیمانیان هەیە بەوە کە دوورە لە عەیبی «بوتلان» و جیاوازی و، نوێژەکان بەجێ‌دێنن بەو جۆرە شەرع پێی رازی بێ و، سەرف ئەکەن لەو شتانە کردوومانە بە رۆزی خۆیان بە پەنامەکی و ئاشکرا، ئەوە داوای تیجارەتێ ئەکەن کە قەت کەسادی بە سەرا نایێ.

وە ئەو تیجارەتەیان بۆ ئەوە کردووە کە خودای تەعالا پاداشەکانیان بە تەواوی بداتەوە و لە فەزڵی خۆیشی زیاد لە پاداشەکەیان پێ‌بدا، بە راستی خودای تەعالا تاوانبەخشە و تاعەت وەرگرە.

﴿ وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ هُوَ ٱلْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ بِعِبَادِهِۦ لَخَبِيرٌۢ بَصِيرٌ ﴿٣١﴾ ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ۖ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْكَبِيرُ ﴿٣٢﴾ ﴾

وە ئەوەی کە بە جوبرەئیلدا ناردوومانە بۆ لای تۆ لە ئایەتی قورئان ئەوەیە حەق و موتابیقی واقیع و، حاڵی وەهایە راستی ئەو کتێبانە ئەسەلمێنێ کە لە پێش خۆیدا هاتوونەتەخوار وەکوو ئینجیل و تەورات، بە راستی خودای تەعالا بەرابەر بە بەندەکانی خۆی بینا و ئاگادارە.

جا پاش ئەوە وەحیمان کرد بۆ لای تۆ ئەو کتێبەمان وەکوو میرات دا بەو بەندانە کە هەڵمبژاردبوون بۆ ئەوە رێنومای ئوممەت بکەن، جا بازێ لەو بەندانە کە من هەڵمبژاردن ستەمیان لە خۆیان کرد و بە بێ موبالاتی خۆیان دا بە دەستی نەفس و شەیتانەوە و گیرۆدەی گوناح بوون، وە بازێکیشیان میانە بوون و نە ئەونە تێکۆشان بۆ دین و، نە بێموبالاتیش بوون، وە بازێکیش لەوان زۆر زۆر بە دڵ مەشغووڵی بەندەیی بۆ خودا بوون و رایان ئەکرد بە شوێن چاکە کردندا بە ئیزن و تەوفیقی خودا، وە ئەم بارە کە بۆ ئەو هەیە فەزڵێکی گەورەیە و حەقی ئەوەیە کە گەلێ کەس بکەون بەسەر تەوێڵدا و کورنووشی سوپاسگوزاری بۆ خودا ببەن.

ئەم ئایەتە بەسەر ئەو زانایانەدا تەتبیق ئەکرێ کە ئەو کتێبە بەرزە بەرێزەی خودا ناردیە خوارەوە بۆ پێغەمبەر و کەوتە دەستیان و بە ئیزنی خودا هەڵبژێرران بۆ گەیاندنی، ئەمانە لە واقیعا سێ بەشن:

بەشێکیان زۆر زۆر باشن بۆ خۆیان و غەیری خۆیان، وە بەشێکیان میانەن، وە بەشێکیان هەر ئەوەیە کە وان لە ناو کۆمەڵەکەدا، ئەنا تەنانەت لە کردنی واجبات و نەکردنی خراپەدا نیسبەت بە خۆیان ستەم لە خۆیان ئەکەن پەنا بە خودا!

﴿ جَنَّٰتُ عَدۡنٖ يَدۡخُلُونَهَا يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ ﴿٣٣﴾ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِيٓ أَذۡهَبَ عَنَّا ٱلۡحَزَنَۖ

إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِيٓ أَحَلَّنَا دَارَ ٱلْمُقَامَةِ مِن فَضْلِهِۦ لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ ﴿٣٥﴾

ئەو بەهەشتانە کە بۆ مانەوە تیایانا بەکار دێن ئەم بەندە هەڵبژاردانەیان تێ‌ئەچن، ئەم بەندانە لەو بە هەشتانەدا جوان ئەکرێن بە بازن و دەستبەندی ئاڵتوون، بە دوڕی پڕتەودار و، پۆشاکیان لە بە هەشتا حەریری نەرم و ناسکە و، بە شادییەوە ئەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئە خودایەتانێ کە خەم و زویری لە دڵی ئێمە دەرکرد، بە راستی پەروەردگاری ئێمە تاوانبەخش و تەوبە وەرگرە، ئەو خودایە کە ئێمەی لە خانەی مانەوەدا دامەزراند هەتاهەتایە لە میهرەبانی خۆیەوە و، لەو بەهەشتە دا بێ‌ئاسایشی لێمان نادا و ئازار و بێزاریمان پێ ناگا.

﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقْضَىٰ عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا۟ وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ ﴿٣٦﴾ ﴾

واتە ئەوانەیش کافرن ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیە و، حوکم نادرێ بەسەریانا هەتا بمرن و رزگاربن و، سزاکەیشیان لەسەر سووك ناکرێ، جا بەو شێوە تۆڵە لە هەموو کافرێکی بەردەوام لەسەر کافرێتی ئەسێنینەوە.

﴿ وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَٰلِحًا غَيْرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ ۚ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ ۖ فَذُوقُوا۟ فَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِن نَّصِيرٍ ﴿٣٧﴾ ﴾

وە ئەوانە لەناو دۆزەخا هاوار ئەکەن و ئەڵێن: پەروەردگارا لەم جیهانی سزامانە دەرکە و بمان گێڕەوە بۆ دنیا، ئەگەر ئەوەمان بۆ بکەی کردووەی باش ئەکەین غەیری

ئەو جۆرە کردەوە کە زوو ئەمان کرد! جا لە لایەنی خوداوە وەڵامیان دەدرێتەوە و پێیان دەوترێ: ئایا ئێمە بە ئەندازەیەکی وا تەمەنمان نەدا بە ئێوە لە دنیادا کە بەس بێ بۆ بیر کردنەوە بۆ کەسێ کە ئەهلی بیر بێ و، رەهبەری خەڵك‌ترسێن نەهات بۆ لاتان؟! دەی سزای دۆزەخ بچێژن، ئیتر یارمەتیدەر بۆ ستەمکارەکان نییە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَـٰلِمُ غَيْبِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٣٨﴾﴾

بێ‌گومان خودا زانایە بەو شتانە کە پەنهانن لە ئاسمانەکانا و لە زەویدا و زانایە بەو خەیاڵاتەیش کە بە سینەکانا هاتوچۆ ئەکەن.

﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَكُمْ خَلَـٰٓئِفَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُۥ ۖ وَلَا يَزِيدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا ۖ وَلَا يَزِيدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا ﴿٣٩﴾﴾

خودا ئەو خودایە کە ئێوەی کردووە بە جێنشینی خۆی لەسەر زەویدا، یا کردوونی بە کۆمەڵە ئینسانێ چین لە دوای چین و دێن و ئەڕۆن و، مانەوەی تا سەر بۆ کەس نییە لە دنیادا، جا هەرکەسێ ئینکاری خودا ئەکا زیانی کوفر و ئینکارییەکەی بۆ خۆیەتی، وە ئەو کەسانە کە کوفری خودای خۆیان ئەکەن کوفرەکەیان هیچ زیاد ناکا بۆ ئەوان نائومێدی لە رەحمەتی خودا نەبێ، یا زیانکاری نەبێ.

﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ شُرَكَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ أَمْ ءَاتَيْنَـٰهُمْ كِتَـٰبًا فَهُمْ عَلَىٰ بَيِّنَتٍ مِّنْهُ ۚ بَلْ إِن يَعِدُ ٱلظَّـٰلِمُونَ بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا ﴿٤٠﴾ ۞﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ بفەرموو بەو کافرانە: خەبەرم پێ بدەن لەو شەریکانە کە ئێوە بانگیان ئەکەن و، بە هۆی ئەوانەوە لە خودا لائەدەن! ئا پیشانم بدەن و پێم بڵێن بزانم چ شتێکیان لە زەویدا دروست کردووە! یا خود ئەڵێن: ئەوانە هاوبەشییان لەگەڵ خودادا هەیە لە ئاسمانەکانا، یا خەیر لەبەر هاوبەشی نییە کە ئەیانپەرستن بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە کیتابێکم پێداون ئەیخوێننەوە و ئەوان لەسەر بەڵگە و بورهانن لە ئیشی خۆیانا لەسەر فەرمانی ئەو کتێبە؟ نەخەیر ئەمانە هیچیان نییە و تەنها ئیعتیماد لەسەر قسەی ناوخۆیان و بەڵێنی خۆیانە و، ئاشکرایشە ئەم کافرە ستەمکارانە کە بەڵێن ئەدەن بە یەکتری بەڵێنی راست نادەن و بەڵێنەکانیان لەسەر بناغەی ناڕاستی و بایی بوونە.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُمْسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ أَن تَزُولَا ۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤١﴾﴾

بە راستی خودا ئەوەندە تەوانایە ئاسمانەکان و زەوی راگرتووە و مەنعی کردوون لەوە کە لە شوێنی خۆیان لابچن، وە بەراستی ئەگەر لە جێگەی خۆیان دەرچن کەس نییە راگیریان بکا پاش خودای تەعالا، بە راستی خودای تەعالا بە حیلمە کە زووبەزوو تۆڵە لە کافرەکان ناسێنێتەوە و تاوانبەخشیشە.

﴿وَأَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ لَئِن جَآءَهُمْ نَذِيرٌ لَّيَكُونُنَّ أَهْدَىٰ مِنْ إِحْدَى ٱلْأُمَمِ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُمْ نَذِيرٌ مَّا زَادَهُمْ إِلَّا نُفُورًا ﴿٤٢﴾ ٱسْتِكْبَارًا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَكْرَ ٱلسَّيِّئِ ۚ وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ ۚ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ ٱلْأَوَّلِينَ ۚ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحْوِيلًا ﴿٤٣﴾﴾

ئەم ئایەتە دەربارەی کافرەکانی قورەیش هاتووەتە خوارەوە، کاتی خۆی سوێندیان ئەخوارد: ئەگەر رەهبەری مەوعوود بێتە لایان ئەبن بە گەلێکی چاکتر لەگەلە پێشووەکان کە گاور و جوولەکەن، کەچی کاتێ خودا حەزرەتی نارد بۆ لایان دەستیان کرد بە ئینکار و بەرهەڵستی کردنی.

جا خودا فەرموویەتی: پڕ بە دڵ و بە هەموو هێزیان سوێندیان ئەخوارد: ئەگەر پێغەمبەرێکی موژدەدەر و ترسێنەریان لە لای خوداوە بۆ بێت ئەمان باشتر و پیاوچاکتر ئەبن لە یەکێ لەو دوو گەلە ناسراو و دیارییە، کەچی کاتێ پێغەمبەری سەربەرز هات بۆ لایان ئەو هاتنە هەر دووری و نەفرەتی لە دین بۆ زیاد کردن.

ئەم نەفەرەتەیشیان هەر لەبەر خۆبەزلگرتن لە زەویدا و مەکری خراپ بوو بۆ رێگەی موسوڵمانان، ئاشکرایشە کە مەکری خراپ هەر بۆ سەر خاوەنەکەی ئەگەڕێتەوە و زیانەکەی هەر بۆ خۆی ئەبێ. جا ئایا ئەم کافرە مەکربازانە و ئەم گەلە بەدکارانە هەر چاوەڕێی یاسای خودا ئەکەن کە لە چەرخە پێشووەکانا چۆن بووە وەهایش بێ بۆ ئەمان کە بریتییە لەوە ئەم گەلە بە تەواوی لە ناو بەرێ؟ وە بە هیچ شێوەیێ تۆ گۆڕان لە سوننەت و یاسای خودادا نابینی، بەم جۆرە یاسای سزا و وێران کردن بکا بە یاسای ئاوەدان کردنەوە، هەروا گۆڕانیش بۆ یاسای خودا نابینی بەم شێوە ئەو سزا کە کاتی هاتووە بۆ گەلێ بیدا بەسەر گەلێکیتری بێتاوانی داماوا.


﴿ أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَكَانُوٓا۟ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعْجِزَهُۥ مِن شَىْءٍ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَلَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا ﴿٤٤﴾ ﴾

ئایا ئەم گەلە سەر کێشە نەگەڕاون بەسەر زەویدا هەتا تەماشا بکەن کە چلۆن بووە ئەنجامی ئەو گەلانە کە لە پێش ئەمانا بوون و، ئەوان زۆر بەهێزتر بوون لەم

کافرانە و خودا لێیداون و لە ناوی بردوون؟ وە خودا لەوانە نییە کە هیچ شتێ عاجزی بکا لە ئاسمانەکان و لە زەویدا، بە ڕاستی خودای تەعالا زانایە بە ئەحواڵی عومووم و، تەوانایە لەسەر [هەموو شتێ و] هەرچی خواستی خۆی لەسەر بێ ئەیکا.

﴿وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُواْ مَا تَرَكَ عَلَىٰ ظَهْرِهَا مِن دَآبَّةٍ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّىۖ فَإِذَا جَآءَ أَجَلُهُمْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِۦ بَصِيرًۢا ﴿٤٥﴾﴾

واتە لەگەڵ ئەوەدا کە خودای تەعالا زانایە بە بیر و باوەڕی ناهەموار و کردەوەی ناباری ئادەمیزاد، وە تەوانایە لەسەر هەموو تۆڵەیێ و، خودای تەعالا بە حیلمە و سەبر ئەکا، ئەگەر خودا ئادەمیزادی بگرتایە بە هۆی کاری ناپەسەندی ئەوانەوە ئەوە کەسی بەسەر پشتی زەوییەوە نەئەهێشتەوە، بەڵام خودا دوایان ئەخا هەتا ئەگەن بەو کاتە کە خودا بەڵێنی پێداوە و بڕیاری داوە و دیاری کردووە بۆیان، جا کاتێ ئەو کاتە هات ئەوسا خودا زانایە بە بەندەکانی خۆی و بینایە بە ئەحواڵیشیان؛ ئەو کەسەی عەفوی ئەکا ئەوە دیارە لوتفی خۆی دەرئەبڕێ بۆی و، ئەوەیش عەفوی نەکا ئەوە عەدلی خۆی بۆ ئەخاتە کار.



سووره‌تی یاسین، له سووره‌ته مه‌ککه‌ییه‌کانه، ئایه‌تی "٤٥" نه‌بێ، "٨٣" ئایه‌ته، پاش سووره‌تی «جن» هاتووه‌ته خواره‌وه

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿يسٓ ١ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ ٢ إِنَّكَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٣ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٤ تَنزِيلَ ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ٥ لِتُنذِرَ قَوۡمٗا مَّآ أُنذِرَ ءَابَآؤُهُمۡ فَهُمۡ غَٰفِلُونَ ٦﴾

یاسین یا ناوی سووره‌ته‌که‌یه، واته ئه‌م سووره‌ته سووره‌تی یاسینه، وه یا خود به مه‌عنای «یا انسان»ه و مه‌به‌س له‌و ئینسانه حه‌زره‌تی موحه‌ممه‌ده ﷺ له‌به‌ر ئه‌وه مادام ئینسانی کامیل ئه‌بێ وه‌هابێ دروسته به «یا انسان» بانگی لێ بکرێ، وه یا خود ته‌واوی «یاسین» له‌قه‌بی حه‌زره‌ته، وه‌کوو ریوایه‌ت کراوه له سه‌عیدی کوڕی جوبه‌یره‌وه: که یاسین ناوێکه له ناوه‌کانی حه‌زره‌ت ﷺ به به‌ڵگه‌ی ئه‌وه که خیتابی به ﴿إنك لمن المرسلين﴾ له‌گه‌ڵا کراوه.

واته: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری موله‌قه‌ب به یاسین! قه‌سه‌م به‌و قورئانه که هاتووه‌ته خواره‌وه بۆ لای تۆ و خاوه‌ن حیکمه‌ته له ده‌رسی ئاده‌میزاد و له ته‌ربییه و ته‌وجیهیاتا! به راستی تۆ له‌و پێغه‌مبه‌رانه‌ی که به‌سه‌ر رێگه‌ی راستا ره‌وانه‌کراون که رێگه‌ی دان‌نانه

بە بوونی پەروەردگاری تاقی تەنیای تەوانای تەواو لە سیفات و کردارا، وە ئەو قورئانە حەکیمەیش هاتووەتەخوارەوە بۆ لای تۆ لە لایەنی ئەو خوداوە، کە خاوەن عیزەت و خاوەن رەحمەت و میهرەبانە، وە تۆیش بۆ ئەوە نێرراوی هەتا گەلێکی وا لە سزای خودا بترسێنی کە باوك و باپیرە نزیکەکانیان پێغەمبەرێکی وەهایان بۆ نەهاتووە کە لە سزای خودا بیانترسێنێ، کە وابێ ئەوانە بێئاگان لە حوکمی خودا و، بێئاگایش هەتا ئاگادار نەکرێتەوە تەکلیف رووی تێ ناکا.

بزانن! ئەم ئایەتە و ئایەتی [٣] سوورەتی سەجدە: ﴿لتنذر قوماً ما أتاهم من نذير من قبلك﴾ و ئایەتی [٤٦] سوورەتی قەسەس: ﴿لتنذر قوماً ما أتاهم من نذير من قبلك﴾ دەلیلی قەتعین لەسەر ئەوە کە لە پێش روانەکردنی حەزرەتی موحەممەدا ﷺ پێغەمبەرێ نەهاتووە بۆ سەر عەرەب لەو نزیکانەدا، وە ئایەتی [١٩] سوورەتی مائیدە: ﴿قد جاءكم رسولنا يبين لكم على فترة من الرسل أن تقولوا ما جاءنا من بشير ولا نذير﴾ دەلیلی قەتعییە لەسەر ئەوە کە هاتنی حەزرەت ﷺ رێکەوتی کاتی «فەترەت»ی کردووە و، دیارە هەرکەس بێئاگا بێ لە ئەحکامی خودا و لە ئەهلی فەترەت بێ موکەللەف نییە.

کەوابوو نەتیجە ئەدا باوك و باپیرەی حەزرەت ﷺ ئەهلی نەجات بوون لە سزای قیامەت و سزای بەرزەخ. وە ئەگەر حەدیسێ بە پێچەوانەی ئەمەوە بێ حەمل ئەکرێتە سەر ئەوە: لەو کاتەدا ئەم حوکمە لەم ئایەتانەدا دەرئەکەوێ هێشتا مەعلووم نەبووە، چونکی حوکمێ کە بە وەحی بێتەخوارەوە لە پێش وەحیەکەدا مەعلووم نییە.

﴿لَقَدْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَىٰٓ أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ۝٧﴾

بە راستی کەلیمەی قار دامەزراوە لەسەر زۆربەی ئەو کافرانە، ئیتر ئەوانە ئیمان ناهێنن، وە لە عیلمی خودادا رابوردووە کە لەسەر ئەم حاڵە دەوام ئەکەن تا مردنیان.

﴿إِنَّا جَعَلْنَا فِيٓ أَعْنَٰقِهِمْ أَغْلَٰلًا فَهِيَ إِلَى ٱلْأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ ﴿٨﴾ وَجَعَلْنَا مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَٰهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿٩﴾﴾

ئەم ئایاتانە دوو مەعنایان بۆ بەیان کراوە:

یەکەم: ئەمەیە کە تەقریری دەوامی ئەو کافرانە ئەکا لەسەر کوفر، وەکوو یەکێ دەستی برابێ بۆ گەردنی و زنجیر کرابێ و نەتوانێ بجوولێتەوە و لە پێش دەم و پشتیەوە پەردەیەکی قایم دروست کرابێ و کابرا نەتوانێ خۆی دەرباز بکا.

واتە: لە ملی ئەوانەدا چەن زنجیرێکی وەهامان داناوە کە گەردەنی پڕکردوون و، ئەو زنجیرانە گەیشتبوون بە چەناکەیان و سەری ئەوانە بەرزبووەتەوە بە هۆی ئەو زنجیرانەوە کە پێچراوە بە ملیانەوە و ناتوانن بۆ بەردەمی خۆیان بڕوانن، وە لەبەردەمی ئەوانەدا بەست و پەردەمان داناوە و لە پشتیشیانەوە بەست و پەردەمان داناوە و بە تەواوی داگیرمان کردوون و چاویان نابینێ؛ چونکی لە واقیعا بەستی ئەتراف ڕێگەی تەماشای لێ بڕیون، واتە ئەو کافرانی قورەیشە وەها دامەزراون لەسەر کوفر چارەیان بڕاوە، وەکوو ئینسانێ کە زنجیر کرابێ و بەستی زۆر لە چواردەورییەوە دروست کرابێ.

دووەم: ئەمەیە ئەم ئایەتە بەیانی شێوە و حاڵی ئەبووجەهل و دوو هاوڕێکەی لە بەنیمەخزووم ئەکا، کە هاوپەیمان بوون، ئەبووجەهل سوێندی خواردبوو: ئەگەر موحەممەد ببینێ نوێژ بکا بە بەرد سەری پانبکاتەوە! جا کاتێ چاوی پێکەوت نوێژی ئەکرد بەردێکی هەڵگرت و ڕۆیشت بۆ لای، کە لێی نزیك بووەوە بەردەکەی بەرز کردەوە بیدا بەسەریا دەستی گەڕایەوە بۆ گەردنی و پێیەوە چەسپ بوو، بەردەکەیش

لەدەستی کەوتەخوارەوە. جا هاتەوە باسەکەی گێڕایەوە، یەکێ لە هاوڕێکانی کە وەلیدی کوڕی موغیرە بوو وتی: من ئەڕۆم سەری پانئەکەمەوە، کە چوو بۆی و لێی نزیك کەوتەوە هەردوو چاوی کوێر بوون! ئەویش بە نائومێدی گەڕایەوە. جا هاوڕێی دووهەمی هەستا و سوێندی خوارد کە سەری پانبکاتەوە، کە نزیکی بووەوە بەڕاکردن گەڕایەوە، وتیان: ئەوە چییە؟ وتی: وەڵڵاهی کە نزیکی کەوتمەوە شێرێ کەوتە بەینی من و ئەوەوە و لە ترسا گەڕامەوە!

﴿ وَسَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾ إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكْرَ وَخَشِىَ ٱلرَّحْمَٰنَ بِٱلْغَيْبِ ۖ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ ﴿١١﴾ ﴾

وە یەکسانە لەسەر ئەوان بیانترسێنی یا نەیانترسێنی ئەوان هەر ئیمان نایەنن. تۆ ئەو کەسانە ئەترسێنی کە پەیڕەوی قورئان بکەن و لە خودا بترسن لە پە نامەکییەوە. جا موژدە بدە بەو کەسانە بەوە کە خودا تاوانیان ئەبەخشێ و پاداشێکی گەورەیان ئەداتێ.

﴿ إِنَّا نَحْنُ نُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا۟ وَءَاثَٰرَهُمْ ۚ وَكُلَّ شَىْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ فِىٓ إِمَامٍ مُّبِينٍ ﴿١٢﴾ ﴾

ئێمە ئەو کەسەین کە مردووەکان زیندوو ئەکەینەوە و ئەو کردەوانەیش کە زوو کردوویانە لەگەڵ شوێنەوارەکانیانا هەمووی ئەنووسین. مەبەست لە شوێنەوار ئەوەیە کە: یەکێکیان فێری زانست و خوێندن کردبێ، یا کارێزێکیان لێدابێ، یا بیرێکیان هەڵکەندبێ ... وە هەموو شتێکمان لە کتێبێکی دیاریدا کە «لوح المحفوظ»ە ژماردووە و ئامادەمان کردووە.

﴿وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلًا أَصۡحَٰبَ ٱلۡقَرۡيَةِ إِذۡ جَآءَهَا ٱلۡمُرۡسَلُونَ ١٣ إِذۡ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهِمُ ٱثۡنَيۡنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزۡنَا بِثَالِثٖ فَقَالُوٓاْ إِنَّآ إِلَيۡكُم مُّرۡسَلُونَ ١٤﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆ چیرۆك و پەندی ڕووداوی خەڵكی دێكە كە مەشهوورە بە خاوەنی دێی «ئەنتاكیە» بێنەرەوە بۆ خەڵكی مەككە؛ لەو كاتەدا فرستادەكانی حەزرەتی عیسا هاتن بۆی، كاتێ كە دوو كەسمان لەوانە نارد لە پێشا، جا ئەهلی دێكە ئینكاریان كردن، جا پاش ئەوە یارمەتیمان دان و بەهێزمان كردن بە زەلامێكی تر، واتە فرستادەیەكی سێهەممان لەگەڵ ناردن، جا هەموویان وتیان بە ئەهلی ئەو دێیە: ئێمە ڕەوانەكراوی حەزرەتی عیساین بۆ لای ئێوە، یان وتیان: ئێمە خودا ناردووینی بۆ لای ئێوە.

﴿قَالُواْ مَآ أَنتُمۡ إِلَّا بَشَرٞ مِّثۡلُنَا وَمَآ أَنزَلَ ٱلرَّحۡمَٰنُ مِن شَيۡءٍ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَكۡذِبُونَ ١٥﴾

ئەهلی دێكە بەو سێ كەسەیان وت: ئێوەیش ئادەمیزادن وەكوو ئێمە و، لەوە زیاتر نین و، خودا كەسی نەناردووە بۆ سەر ئێمە و، ئێوە هیچ نین چەن ئینسانێكی وا نەبێ كە درۆ بە دەم خوداوە ئەكەن.

﴿قَالُواْ رَبُّنَا يَعۡلَمُ إِنَّآ إِلَيۡكُمۡ لَمُرۡسَلُونَ ١٦ وَمَا عَلَيۡنَآ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ١٧﴾

ئەوانیش فەرموویان: خودای ئێمە ئەزانێ بە ڕاستی ئێمە بۆ لای ئێوە نێرراوین و ئێمە هیچمان لەسەر نییە گەیاندنی فەرمانی خودا نەبێ بە ئێوە.

﴿قَالُوٓاْ إِنَّا تَطَيَّرۡنَا بِكُمۡۖ لَئِن لَّمۡ تَنتَهُواْ لَنَرۡجُمَنَّكُمۡ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٞ ١٨﴾

خەڵکەکەی ئەنتاکییە بە فرستادەکانیان وت: ئێمە تەشائوم ئەکەین بە ئێوە و وتار و کرداری ئێوەمان بە لاوە باش نییە، بە راستی ئەگەر دەسبەرداری ئەم وتارانە نەبن سزایەکی سەختتان لە لایەنی ئێمەوە پێ ئەگات و سەنگەسارتان ئەکەین.

﴿ قَالُواْ طَـٰٓئِرُكُم مَّعَكُمْ أَئِن ذُكِّرْتُم بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ ﴿١٩﴾ ﴾

ئەوانیش لە وەڵامی خەڵکەکەدا فەرموویان: ئێوە نەگبەتی و شەئامەتی خۆتان لەگەڵ خۆتانایە، نەك بە هۆی گەلێکەوە کە بێن باسی دین و پەیڕەوی رەهبەرتان بۆ بکەن. ئایا هەر لەبەر ئەوە کە رێنومایيتان کرا تەشائوم ئەکەن؟ نەخێر هەر گەلێکی لە ئەندازە لادەرن و ناپیاون و سنووری عەقڵ راناگرن، ئەگەرنا ئێمە خۆمان و وتارمان و کردەوەمان هەر پیرۆز و باشە.

﴿ وَجَآءَ مِنْ أَقْصَا ٱلْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَىٰ قَالَ يَـٰقَوْمِ ٱتَّبِعُواْ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٢٠﴾ ٱتَّبِعُواْ مَن لَّا يَسْـَٔلُكُمْ أَجْرًا وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴿٢١﴾ ﴾

لە لای ژووررووی شارەکەوە پیاوێ بە هەڵەدوان هات و گەیشت بە قەرەباڵغەکە کە قسەیان لەگەڵ فرستادەکانی عیسادا دەکرد، وتی: ئەی گەلی من شوێن ئەم فرستادانە بکەون، شوێن کەسێ بکەون کە داوای پاداش و کرێتان لێ ناکا لەسەر گەیاندنی پەیامی خودا و بانگکردنتان بۆ رێگەی راست، وە ئەوانە کۆمەڵێکن خاوەن روشد و بینایی و وریایین و لەسەر رێگەی راست رۆیشتوون.

﴿ وَمَا لِىَ لَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِى فَطَرَنِى وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾

من چیم دەست ئەکەوێ لەوەدا کە بەندەیی بۆ ئەو خودایە نەکەم کە دروستی کردووم و، ئێوەیشی دروست کردووە و، منیش و ئێوەیش بۆ لای ئەو ئەگێڕرێینەوە؟

﴿ءَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً إِن يُرِدۡنِ ٱلرَّحۡمَٰنُ بِضُرّٖ لَّا تُغۡنِ عَنِّي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا وَلَا يُنقِذُونِ ﴿٢٣﴾ إِنِّيٓ إِذٗا لَّفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿٢٤﴾ إِنِّيٓ ءَامَنتُ بِرَبِّكُمۡ فَٱسۡمَعُونِ ﴿٢٥﴾﴾

ئایا من بێجگە لەو خودا کە دروستی کردووم چەن خودایێ‌تر بۆ خۆم دائەنێم؟ ئەگەر جارێ لە جاران خودای میهرەبان لێم زویر ببێ و گیرۆدەی زیانێکم بکا هیچ سوودێ نادا بە من تکا و پاڕانەوەی ئەوانە و لەو دەرد و مەینەتەم رزگار ناکا. ئەگەر من وابم ئەڵبەتە وام لەناو گومڕاییەکی دیاریدا، بە راستی وا من ئیمانم هێنا بە خودای ئێوە، دەی ئەم ئیمان و ئیقرارەم لێ‌ببیسن. جا کە ئەم قسانەی کرد هێرشیان بۆ هێنا و کوشتیان.

﴿قِيلَ ٱدۡخُلِ ٱلۡجَنَّةَۖ قَالَ يَٰلَيۡتَ قَوۡمِي يَعۡلَمُونَ ﴿٢٦﴾ بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ ٱلۡمُكۡرَمِينَ ﴿٢٧﴾ ۞﴾

جا هەر ئەوەندە گیانی دەرچوو پێی وترا: بڕۆرە بەهەشتەوە! واتە گۆڕەکەت بۆ بووە بە بەهەشت، ئەویش لە گۆڕەکەیدا وتی: کاشکی گەلەکەم ئەیان‌زانی بەوە کە خودا لێم خۆش بووە و کردوومی بە ئینسانێکی بەڕێز و داخڵی کۆمەڵەی بەڕێزەکانی کردووم.

﴿وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ مِنۢ بَعۡدِهِۦ مِن جُندٖ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ ﴿٢٨﴾ إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَإِذَا هُمۡ خَٰمِدُونَ ﴿٢٩﴾﴾

وە ئێمە لە پاش «حەبیبی نەجاڕ» ـ ئەو کەسەی کە خەڵکی ئەنتاکییە کوشتیان ـ لە ئاسمانەوە سوپایەکمان نەنارد بۆ بەرباد کردنی گەلەکەیی و شتی وەهایش ناکەین،

بەس هەر ئەوەندە هاتە جێ کە فریشتەی پیرۆزمان نارد و گرمەیەکی کرد بەسەر ئەو کافرانەدا و کوتوپڕ هەموویان کوژانەوە و خامۆش بوون، واتە مردن.

ریوایەت کراوە: خەڵکی شاری ئەنتاکییە بتپەرست بوون، جا حەزرەتی عیسا ﷺ دوو کەسی لە یاریدەدەرەکانی خۆی ـ بولس و یوحناـ نارد بۆ لایان، کاتێ نزیکی شارەکە بوونەوە حەبیبی دارتاشیان بینی و بانگیان کرد بۆ ئایین، ئەویش وتی: ئایا موعجیزەیەکتان لە لایە؟ وتیان: بەڵێ ئێمە شیفای نەخۆش ئەدەین بە ئیزنی خودا و، کوێری سکوما خۆش ئەکەینەوە، ئەویش لەو کاتەدا منداڵێکی نەخۆشی هەبوو هێنای بۆ لایان و، دەستیان هێنا بە لەشیا و چاك بووەوە! ئەم قسە لە شارەکەدا بڵاوبووەوە، هەتا پادشا بیستی و ناردی بە شوێنیانا، کاتێ هاتن و قسەیان لەگەڵ پادشادا کرد، پادشا حەپسی کردن. کاتێ حەزرەتی عیسا ئەمەی بیست بانگی کرد لە شەمعوون و ناردی بۆ لای خەڵکی ئەنتاکییە بەڵکوو ئەم ببێ بە هۆی بەرەڵا کردنی ئەو دوانە، جا رۆیشت و گەیشت بە دەستەو دایرەی پادشای وڵات و گفتوگۆی لەگەڵا کردن و بە هۆی ئەوانیشەوە گفتوگۆی لەگەڵ پادشادا کرد و، کارێکی وای کرد کە پادشا حەپسییەکان بەربدا و پادشا بەریدان و ئیمانیان پێهێنان، بەڵام قەرەباڵغێکی زۆر لە خەڵکی شارەکە لەسەر ئەو کوفرە مانەوە. بە ریوایەتێ‌تر ئەڵێن: پادشا قاری گرت لە شەمعوونیش وەکوو ئەو دوانەکان.

بەهەرحاڵ، کاتێ حەبیب بەمەی زانی لە لاژووررووی شارەوە بە هەڵەدەوان هات بۆ لای ئەو سێ فرستادیە و، رووی کردە گەلەکەیی و وتی: ئایا ئەم سێ کەسە داوای پاداش ئەکەن لە ئێوە بەرانبەر بە تەبلیغات؟ وتیان: نەخەیر. وتی: دەی چاك وایە ئیمانیان پێبێنن و، ئەمانە چەن کەسێکی پاکی شارەزای حەقن و، من ئەبێ چیم دەست بکەوێ ئەگەر بەندەیی بۆ خودای خۆم نەکەم؟ ئەو خودایە کە لە نەبوون دروستی کردووم و ئەنجامی هەمووومان هەر بۆ لای ئەوە. چۆن من بێجگە

لەو خودای پەروەردگارە کەسیٚتر بە خودا ئەگرم بۆ خۆم؟! ئەگەر خودا خواستی لەسەر زیانم بێ بە هیچ جۆر تکا و رجای کەسیٚتر سوودم پێ نادا، ئەگەر کاری وا بکەم من لە گومڕاهیدا ئەبم، حاشا من قەت شتی وا ناکەم. وە بزانن کە من بە راستی ئیمانم بە پەروەردگاری خۆم هێناوە، دەی خەڵکە لێم ببیسن.

کاتێ حەبیب بە دڵگەرمییەوە ئەم قسانەی کرد گەلەکە هێرشیان بۆ هێنان و حەبیب و فرستادەکانی عیسایان کوشت، هەر بە کوشتن و گیاندەرچوونیان موژدەی بەهەشتیان پێ درا، ئەویش ئەو تەمەننایە کرد ئەگەر گەلەکەی ئاگادار بوونایە لەم میهرەبانی خودایە و لەم بارە گەورە کە پێی بەخشیوە.

لێرەدا تێبینییەك هەیە، لە ریوایەتێکدا هەر کۆمەڵە کافرەکان ئەمانەیان کوشت، پادشا و دەستەو بەستەکەی موسوڵمان بوون، بەڵام بێدەسەلاٚت بوون و بەرهەڵستییان پێ نەکرا.

وە لە ریوایەتیٚترا: پادشایش هەر بە کافری مایەوە و بە هەموویان ئەم کارەیان کرد. ئەوەی لە ئایەتەکە وەرئەگیرێ و قارگرتنی خودایش لە گشتیان پشتگیری ئەم رای دواییە دەکەن.

﴿يَٰحَسۡرَةً عَلَى ٱلۡعِبَادِۚ مَا يَأۡتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسۡتَهۡزِءُونَ ٣٠﴾

ئەی غەم و پەژارە بۆ بەندەی بەدبەختی ئاوارە! ئەوەندە سیاچارەیە کاتی هەلی پیرۆزی خۆی هەڵە ئەکا، لە باتی ئەوە کاتێ رەهبەرێ تەشریفی هێنا و پەیامی بەختیاری بە خەڵکا راگەیاند هەموو بە دڵ و داواوە بکەونە شوێنی، کەچی قەت نەبووە و نابێ پێغەمبەری رەهبەریان بۆ بێت ئیللا ئەڕۆن بە سووکی بۆی ئەڕوانن و بە دەوری نوختەی لاوازیدا ئەگەڕێن و، شوێن باوەڕی راست ناکەون.

﴿ أَلَمْ يَرَوْا كَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّنَ الْقُرُونِ أَنَّهُمْ إِلَيْهِمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴿٣١﴾ ﴾

ئایا نەیانزانیوە کە چەن قەڕنمان لە پێش ئەوانا بەرباد کردووە لەبەر ئەوە بەرابەر بەوان بێشەرمییان کرد؟

﴿ وَإِن كُلٌّ لَّمَّا جَمِيعٌ لَّدَيْنَا مُحْضَرُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾

وە بە راستی هەموو ئەم گەلانە لە لای ئێمەدا حازر ئەکرێن بۆ حسێبی کردەوە و وەرگرتنی تۆڵە و پاداشیان.

﴿ وَآيَةٌ لَّهُمُ الْأَرْضُ الْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ ﴿٣٣﴾ وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّاتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنَ الْعُيُونِ ﴿٣٤﴾ لِيَأْكُلُوا مِن ثَمَرِهِ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ أَفَلَا يَشْكُرُونَ ﴿٣٥﴾ سُبْحَانَ الَّذِي خَلَقَ الْأَزْوَاجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنبِتُ الْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾

وە بەڵگەیەکی گەورە و رووناکە بۆ ئەوان لەسەر وجوود و تەوانایی ئێمە ئەمە کە ئەو زەوییە مردووە وشکە بێ‌گوڵ و گیایە بە باران زیندوو ئەکەینەوە و ئەو تۆمانە وان لە سکیا دەریان ئەکەین و پێیان ئەگەیەنین و دانەوێڵەی وەکوو گەنم و جۆ و زەڕات و برنج و... وێنەی ئەوانەیان لێ دەرئەکەین و لەوانە ئەخۆن بۆ ژیوار. وە لەو زەوییەدا چەن بەهەشتێ واتە باخ و بێستانی پڕ لە دارخورما و ترێ و غەیری ئەوانەیش دروست ئەکەین، وە چەن سەرچاوەمان لێ هەڵقوڵاندووە بۆ ئەوە کە لە بەری ئەوانە بخۆن، هەروەها لەوانەیش کە خۆیان دروستی ئەکەن وەکوو دۆشاوی

خورما و ترێ و شەربەتی هەنار و پرتەقاڵ و... غەیری ئەوانە. ئایا هێشتا سوپاسی خودا ناکەن؟

جا دوور و بەری لە عەیب ئەو خودایە کە ئەنواع و ئەسنافی خواردەمەنی لەوانە دروست کردووە کە زەوی ئەیانڕوێنێ و، ئەسنافی ئینسانی نێر و مێی دروست کردووە لە شەخسی خۆیان و چەن جۆری‌تری لەوانە دروست کردووە کە هێشتا ئەوانە نەیانزانیون و عیلمیان پێی نەگەیشتووە.

﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيۡلُ نَسۡلَخُ مِنۡهُ ٱلنَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظۡلِمُونَ ﴿٣٧﴾ ﴾

وە بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر تەوانایی ئێمە ئەوە کە پێستی سپی و جوانی رۆژ لە شەوی تاریك دائەڕنین، جا کوتوپڕ ئەوان ئەکەونە ناو تاریکییەوە.

واتە ئەم کورەی زەوییە لە کاتی شەوی تاریکدا وەکوو گۆشتی مەڕێ وەهایە کە رەشە گۆشتێکی موناسبی ببێ و رووناکی رۆژ لە سەریا وەکوو پێستێکی خوری سپی وایە کە ئەو رەشە گۆشتەی داپۆشی بێ. کاتێ ویستمان زەوی تاریك بکەین و ئەو پێستە سپیە جوانەی لێ دائەڕنین وەکوو حەیوانێ لە پێست دەربێنێ و، تاریکی شەو بۆ هەموو کەس داێ و ئەکەونە ناو تاریکییەوە.

جا لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەتوانی نەفسی شەو بکەی بە ئایەت بۆ گەورەیی خودا و، ئەیشتوانی داڕنینی پێستی رۆژی لەگەڵدا ئیعتیبار بکەی و زاهیری ئایاتەکە ئەمەیە.

﴿ وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿٣٨﴾ وَٱلۡقَمَرَ قَدَّرۡنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلۡعُرۡجُونِ ٱلۡقَدِيمِ ﴿٣٩﴾ لَا ٱلشَّمۡسُ يَنۢبَغِي لَهَآ أَن تُدۡرِكَ ٱلۡقَمَرَ وَلَا ٱلَّيۡلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِۚ وَكُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾

وە ئەو ڕۆژە ڕووناکە کە ئێوە ئەیبینن هەمیشە بە ڕێگەی خۆی ئەڕوا هەتا ئەو کاتە بە فەرمانی خودا ئەوەستێ و لە جووڵە ئەکەوێ.

کاتی خۆی لەسەر بیر و باوەڕی وێنانییەکان خەڵك وایان ئەزانی کە ڕۆژ بە دەوری زەویدا ئەخولێتەوە و، تەئویلی ئەم ئایاتەیان لەسەر ئەو بیرە ئەکرد. وە پاش ماوەیێ بە بەڵگەی زانستی دەرکەوت کە زەوی و ئەستێرە خولۆکەکانیتر بە دەوری ڕۆژدا ئەگەڕێن و ئەسووڕێنەوە. وە ڕۆژ لەو شوێنی خۆیەدا و بە دەوری مەرکەزی خۆیا خول ئەخوات. وە پاش ماوەیەکیتر بۆیان دەرکەوت کە ڕۆژ وەکوو بە دەوری خۆیا ئەخولێتەوە هەروا لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی خۆیا کە مەشهوورن بە «مەجمووعەی شەمسییە» لە عالەما ئەجووڵێ و ئەڕوا و بەم شێوە دەوام ئەکا هەتا خودا ئیرادەی وێرانکردنی ئەم عالەمە ئەکا.

وە خولۆکە (سیارە)کان بە دەوری خۆیانا ئەسووڕێنەوە و هەروا بە دەوری ڕۆژیشدا ئەسووڕێنەوە. بۆ نموونە: ئەڵێن کورەی زەوی لە لەشا ملیۆن یەکی ڕۆژە، واتە ڕۆژ میلیۆنێ جار لە زەوی گەورەترە.

وە ئەم زەوییە هەموو بیست و چوار سەعاتێ بە دەوری مەرکەزی خۆیا هەڵئەسووڕێ و بەم هەڵسووڕانە شەو و ڕۆژ پەیدا ئەبێ و لەماوەی ساڵێکیشدا جارێ بە دەوری ڕۆژا ئەسووڕێتەوە و بەم هەڵسووڕانە بەهار و هاوین و پایز و زستان بۆ بازێ وڵات پەیدا ئەبێ و، بۆ بازێتر جۆرێترە.

وە دەرکەوت کە قورئانی پیرۆز موعجیزەیە و حەقیقەتی جووڵانی ڕۆژی دەرخست بە پێچەوانەی گومانی خەڵك، وە ئەم جووڵانەیش تەقدیری ئەو خودایە کە خاوەن عیزەتە و زانایە بە هەموو شتێ.

وە مانگیشمان کردووە بە خاوەن پایە و شێوەی جیاجیا، لە یەکەم شەودا وەکوو دەمە داسێکی لاواز دەرئەکەوێ و، بۆ شەوی دووهەم کەمێ زیاد ئەکا، هەتا لە

شەوی چواردەدا پڕ ئەبێتەوە، جا بە پێچەوانەی یەکەمجار وردە وردە بچووك ئەبێتەوە، هەتا لە کۆتایی مانگدا شەوێ ون ئەبێ، ئەمجار دووبارە لە سەرەتای مانگی تازەوە وەکوو لقە خورمایەکی کۆنی چەماوە دەرئەکەوێ.

نەرۆژ ئەتوانێ و بۆی ئەکرێ لە چەسپانیدا بگا بە مانگ؛ واتە لە سی یا بیست و نۆ رۆژا وەکوو مانگ چەرخەی خۆی تەواو بکا، و نەمانگیش ـ کە ئەستێرەی شەوە ـ ئەتوانێ بگا بە رۆژ واتە وەها بە سستی و لاوازی لە مەداری خۆیدا بگەڕێ هەتا لە ساڵێکدا چەرخەیەك تەواو بکا.

وە یا خود بڵێ: نە شەو ئەتوانێ پێش رۆژ بکەوێ بەم مەعنا نەیەڵێ رۆژ بێتە جێ... واتە ئەمانە نابن، وە پێویستە لەسەر ئەم یاسا جوانە دەوام بکەن، وە هەرکام لەم مانگ و رۆژە بەڵکوو لە باقی ئەستێرەکانیش لە مەداری خۆیا و لە فەلەکی خۆیا ئەسووڕێتەوە، بە بێ ئەوە کە یەکێکیان بەرهەڵستی ئەوی‌تر بکا، وەکوو خودا فەرموویە: ﴿وکل في فلك يسبحون﴾.

وە بۆ هەر کام لەم ئەستێرانە مەدارێ هەیە، یانی لە عورفی قورئاندا «فەلەك»ێ هەیە ئەو ئەستێرەی تیادا دەسووڕێتەوە و لێی دەرناچێ، وە هەر کام لەمانە لەگەڵ یەکێ‌ترا مەسافەیەکی وای هەیە وەکوو خۆی ئەمێنێتەوە، بۆ وێنە مەسافە لە نێوان زەوی ئێمە و رۆژا دوو سەدو چل ملیۆن میلە، وە لە نێوان زەوی و مانگدا نەوەد و سێ ملیۆن میلە، وە هەرچی ئەستێرە بە چاو ئەبینرێن. گەورە و بچووك، دوور و نزیك، هەموو وان لە یەکەم ئاسمانا لەسەر زاهیری ئایەتی: ﴿إنا زينا السماء الدنيا بمصابيح﴾ واتە ئێمە ئاسمانی نزیکمان بە گەلێ چرای پڕتەودار کە ئەستێرەکانە جوان کردووە.

هەروا بە زاهیری ئایەت ئەبێ بەهەشت نزیك بێ لە «سدرة المنتهى»وە کە لەسەر زاهیری حەدیس وا لە ژووری هەر حەوت ئاسمانەکانەوە و، ئەم ئاسمانانە هەموو

ئەجسامی «اثیری»ن زانین و دۆزینەوەی حەقیقەتەکانیان حەواڵەی زانست و لێکۆڵینەوەی زانیاریانەیە.

﴿وَءَايَةٌ لَّهُمْ أَنَّا حَمَلْنَا ذُرِّيَّتَهُمْ فِي ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿٤١﴾ وَخَلَقْنَا لَهُم مِّن مِّثْلِهِۦ مَا يَرْكَبُونَ ﴿٤٢﴾ وَإِن نَّشَأْ نُغْرِقْهُمْ فَلَا صَرِيخَ لَهُمْ وَلَا هُمْ يُنقَذُونَ ﴿٤٣﴾ إِلَّا رَحْمَةً مِّنَّا وَمَتَٰعًا إِلَىٰ حِينٍ ﴿٤٤﴾﴾

وە بەڵگەیەکی گەورە لەسەر تەوانایی و میهرەبانیم لەگەڵ ئادەمیزادا ئەوەیە: کە ئێمە نەوەی ئادەمیزادەکانمان لە پشتی باپیرەکانیانا لە کەشتییەکەی نووحدا عليه السلام هەڵگرتووە.

یا خود بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر خواستی ئێمە بۆ کەسبی ژیان و ژیواری باش کە ئێمە نەتەوەی ئادەمیزاد لە کەشتی بازرگانیدا هەڵئەگرین، لەسەر رووی دەریای دوور و درێژدا. بە هێزی ئەو زانیارییەی پێمداون، لەگەڵ ئەوەدا کە کەشتییەکان پڕن لە ئینسان یا لە خواردەمەنی و لە وڵاتی دوورەوە ئەیانگەیەنم بە مەبەستی خۆیان، وە لە وێنەی ئەو کەشتییانەیش شتی وام بۆ دروست کردوون کە لە رووی یا لە بنی دەریادا، یا لە سارادا یا لە بۆشایی هەوادا سواری ئەبن. وە ئەگەر بمانەوێ بیانخنکێنین ئەیانخنکێنین لە ناو دەریادا و، هەناسەیان ئەبڕین لە فەزادا و هیچ فەریادڕەسیان بۆ نابێ و نەجات نادرێن لە مردن مەگەر بە هۆی میهرەبانی منەوە نەبێ بۆ ئەوان و بۆ خۆشی پێدانیان تا کاتی دیاری.

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّقُوا۟ مَا بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَمَا خَلْفَكُمْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿٤٥﴾﴾

هەرکاتێ لە رووی ئامۆژگارییەوە بەو کافرانە بوترێ: خۆتان لە سزای دنیا و قیامەت بپارێزن، واتە گوناح مەکەن بەڵکوو خودا رەحمتان پێ بکا، ئەوان گوێ بەو ئامۆژگارییە نادەن و زۆرتر روو ئەکەنە تاوانکاری.

﴿وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴿٤٦﴾﴾

وە هیچ ئایەتێ لە ئایەتی خودا نایێ بۆ لای ئەوان بۆ ئەوە پەندی لێ وەربگرن ئیللا ئەوان ئیعرازی لێ ئەنێن.

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ أَنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنُطْعِمُ مَن لَّوْ يَشَآءُ ٱللَّهُ أَطْعَمَهُۥٓ إِنْ أَنتُمْ إِلَّا فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٤٧﴾﴾

کاتێ بە کافرە دەوڵەمەندەکان بوترێ: کە شتێ لە دارایی خۆتان سەرف بکەن بۆ هەژاران و داماوان، ئەوە ئەو کافرانە دەڵێن بە موسوڵمانەکان: چۆن خۆراك ئەدەین بە کەسانێ کە ئەگەر خودا مەیلی لەسەر ژیانی بوایێ خۆی خۆراکی ئەدایێ و ئەیژییان؟! ئێوە ئەوە نەبێ هان لە گومڕاهییەکی ئاشکرادا شتێکی‌تر نین.

﴿وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هَٰذَا ٱلْوَعْدُ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٤٨﴾﴾

ئەو کافرانە بە موسوڵمانەکان ئەڵێن ـ لە ڕووی سەرپێچی و ئیستینکارەوە ـ: ئەو بەڵێنی سزایە کە داوتە بە ئێمە کەی دێتەجێ و؟ کوانێ بۆچی دیار نییە؟

﴿مَا يَنظُرُونَ إِلَّا صَيْحَةً وَٰحِدَةً تَأْخُذُهُمْ وَهُمْ يَخِصِّمُونَ ﴿٤٩﴾ فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَآ إِلَىٰٓ أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ ﴿٥٠﴾﴾

ئەو کافرانە کە وا بە گاڵتەوە داوای وادەی هاتنی سزا ئەکەن چاوەڕێ ناکەن بۆ تاقە دەنگێکی ناباری فریشتەی فەرمانبەری سزا نەبێت کە بیانگرێت لە کاتێکدا کە ئەوان لەناو خۆیانا خەریکی بگرە و بەردە و دەمەقاڵە و کێشەن لەسەر کارو باری دنیا و بێ‌ئاگان و بیریان بۆ لای مردن ناچێت، وە لەو کاتەدا کە ئەوان ئەو دەنگ و گرمەی فریشتەی سزایانە بەسەردا دێت ماوەی ئەوەیان نییە کە ئامۆژگاری

و وەسییەت بکەن بۆ دانەوەی مافی خەڵك و قەرزو قوڵەی بەندەکانی خودا، وە نایشتوانن بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆ ناو خزم و خێزان و منداڵیان.

﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ٱلۡأَجۡدَاثِ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يَنسِلُونَ ﴿٥١﴾﴾

وە لە کاتی هاتنی ڕۆژی قیامەتا فوو ئەکرێ بە «صور»ا، جا کوتوپڕ ئەوانەو ـ خەڵکی تریش بە گشتی ـ زیندوو ئەکرێنەوە و لە گۆڕەکانیان دەردەچن و سەر بەرزدەکەنەوە و بەرەو قەرارگای عالەم بۆ حیساب بەڕێ دەکرێن.

﴿قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرۡقَدِنَاۜۗ هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَصَدَقَ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴿٥٢﴾ إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ فَإِذَا هُمۡ جَمِيعٞ لَّدَيۡنَا مُحۡضَرُونَ ﴿٥٣﴾﴾

جا لەو کاتەدا ئەڵێن: ئەی هاوار بۆ ئێمە! کێ ئێمەی زیندوو کردەوە و ڕاستی کردینەوە لەم گۆڕ و شوێنی نوستنمانەدا؟ ئەمە ئەوەیە کە خودای میهرەبان وەعدەی پێدا بووین و پێغەمبەرە ڕەوانەکراوەکان ڕاستیان فەرموو.

وە ئەم ڕووداوە کە هاتەجێ لەسەریان تەنها دەنگێکی ترسناکی خودایی بوو لەگەڵ خواستی خودادا بۆ زیندوو بوونەوەی مردووەکان، کە ئەو دەنگە هاتەجێ ئیتر بە بێ مۆڵەت هەموو لە لای ئێمەدا حازر کران، واتە کوتوپڕ لە پاش دەنگەکە زیندوو بوونەوە، ئەمجار فریشتەی فرمانبەری تایبەتی دانیەبەر بۆ شوێنی پرسیارو حیساب.

﴿فَٱلۡيَوۡمَ لَا تُظۡلَمُ نَفۡسٞ شَيۡـٔٗا وَلَا تُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴿٥٤﴾﴾

جا لە ئێمڕۆدا هیچ نەفسێ کەم و زۆر ستەمی لێ ناکرێ و، ئێوە پاداش نادرێنەوە یان تۆڵەتان لێناسێنرێ بە گوێرەی کردەوەی خۆتان نەبێ.

﴿إِنَّ أَصۡحَٰبَ ٱلۡجَنَّةِ ٱلۡيَوۡمَ فِي شُغُلٖ فَٰكِهُونَ ﴿٥٥﴾ هُمۡ وَأَزۡوَٰجُهُمۡ فِي ظِلَٰلٍ عَلَى ٱلۡأَرَآئِكِ مُتَّكِـُٔونَ ﴿٥٦﴾ لَهُمۡ فِيهَا فَٰكِهَةٞ وَلَهُم مَّا يَدَّعُونَ ﴿٥٧﴾ سَلَٰمٞ قَوۡلٗا مِّن رَّبّٖ رَّحِيمٖ ﴿٥٨﴾﴾

ئەوانەی کە ئەهلی بەهەشتن ئیمڕۆ وان لە ناو نیعمەت و خۆشیدا بە جۆرێ کە ئەوان مەنع ئەکا لە شتیترو لەزەت وەرئەگرن لە هاوڕێتی و لە نیعمەت و لە نیشاتی رۆح، ئەو کەسانە خۆیان و خێزانەکانیان وان لەبەر سێبەرا و، لەسەر تەختی جوانلەخت پاڵ ئەدەنەوە، وە بۆ ئەوان هەیە میوەی عادەتی و، بۆ ئەوان هەیە هەرچی داوا بکەن لەوەی کە نەفس داوای بکاو چاو پێی رووناك بێتەوە، وە بۆ ئەوان هەیە لە لایەنی خودای تەعالاوە سەلام، کە فەرموودەیەکە لە لای خودای میهرەبانەوە، واتە یا خودا خۆی سەلامیان لێ ئەکا بۆ رێز لێنانیان، یا فریشتە بە فەرمانی خودا دێن سەلامیان لێ ئەکەن.

﴿وَٱمۡتَٰزُواْ ٱلۡيَوۡمَ أَيُّهَا ٱلۡمُجۡرِمُونَ ﴿٥٩﴾ ۞﴾

وە لەو کاتەدا کە موسوڵمانە پاکەکان ئەڕۆن بۆ بەهەشت لە لایەنی مەلائیکەوە بانگ لە کافرەکان ئەکرێ و پێیان ئەوترێ: کە خۆتان بکەنەوە و لە موسوڵمانەکان جیاببنەوە ئەی تاوانبارەکان.

﴿۞ أَلَمۡ أَعۡهَدۡ إِلَيۡكُمۡ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعۡبُدُواْ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٦٠﴾ وَأَنِ ٱعۡبُدُونِيۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ﴿٦١﴾ وَلَقَدۡ أَضَلَّ مِنكُمۡ جِبِلّٗا كَثِيرًاۖ أَفَلَمۡ تَكُونُواْ تَعۡقِلُونَ ﴿٦٢﴾﴾

لە لایەنی خوداوە بانگیان لێ‌ئەکرێت: ئایا من بە هوێ رەهبەرەکانەوە عەهدم لەگەڵ نەکردن و ئامۆژگاریم نەکردن. ئەی ئادەمیزاد! کە بەندەیی بۆ شەیتان نەکەن؟! واتە مەکەونە شوێن بیروڕای ئەو. بە راستی شەیتان دوژمنێکی ئاشووب خواز و فیتنەهەڵسێنە و ئینسان خەڵەتێنێکی دیارییە و بەندەیی هەر بۆ من بکەن و، هەر کردەوەیەکتان کرد لەبەر من بیکەن گوێ بە هیچ مەدەن لە بەندەیی کردندا، ئەمەیە رێگەی راست. بێ‌گومان شەیتان چەند تاقمی لە ئێوە گومڕا کرد نەك یەك و دوو، بەڵکوو بە ژمارەیەکی زۆر و دەرکەوت بۆ ئادەمیزادی خاوەن هۆش کە پەیڕەوی شەیتان ناشیرینە هێشتا هەر عەقڵ ناگرن و لە حیلەکان حاڵی نابن؟

﴿ هَٰذِهِۦ جَهَنَّمُ ٱلَّتِي كُنتُمۡ تُوعَدُونَ ﴿٦٣﴾ ٱصۡلَوۡهَا ٱلۡيَوۡمَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ ﴿٦٤﴾ ﴾

ئەم دۆزەخە کە وا لە پێش چاوتانا ئەو دۆزەخەیە کە ئێوەی پێ‌ئەترسێنرا دەی بڕۆنە ناویەوە و ئەمڕۆ سزاکەی بچێژن.

﴿ ٱلۡيَوۡمَ نَخۡتِمُ عَلَىٰٓ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَتُكَلِّمُنَآ أَيۡدِيهِمۡ وَتَشۡهَدُ أَرۡجُلُهُم بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾

ئەمڕۆ کە رۆژی لێکۆڵینەوەی دەفتەری بیر و باوەڕ و کردەوەیە مۆر ئەنێین بە سەردەمیانا و قسەیان پێ ناکرێ و، دەستەکانیان دێنە زمان و قسەمان بۆ ئەکەن و، قاچەکانیان شایەتی ئەدەن بەو کردەوانە کە کردوونیان.

جا کە ئەندامەکانی لەشی ئینسان خۆی لێی بێنە دەم و کردەوەکانی بە راستی دەربخەن ئیتر قسەی کێ بایەخی هەیە هەتا ببێ بە موحامی بۆ ئەو تاوانبارانە؟

﴿وَلَوْ نَشَآءُ لَطَمَسْنَا عَلَىٰٓ أَعْيُنِهِمْ فَٱسْتَبَقُوا۟ ٱلصِّرَٰطَ فَأَنَّىٰ يُبْصِرُونَ ﴿٦٦﴾ وَلَوْ نَشَآءُ لَمَسَخْنَٰهُمْ عَلَىٰ مَكَانَتِهِمْ فَمَا ٱسْتَطَٰعُوا۟ مُضِيًّا وَلَا يَرْجِعُونَ ﴿٦٧﴾﴾

ئێمە ئەگەر مەیلمان لێ بێ چاوەکانی ئەو کافرانە ساف ئەکەین لەگەڵ گۆشتەکەیا کە شوێنەواری بەدەرەوە نەمێنێ، وە یا خود هەموو شوێنی چاوەکە ببێ بە گۆشتێکی عادەتی وەکوو روخسار، جا کاتێ بیان ویستایە بڕۆن بە رێگەیەکدا ئەوانە کێبەرکێیان ئەکرد لەگەڵ هاوڕێکانیانا بۆ پێشکەوتن لە رێگەدا، بەڵام پاش ئەو سافکردنی چاوە چۆن چاوی ئەبینێ؟ وە ئەگەر خواستمان ببێ ئەوان لە شوێنی خۆیانا دائەکوتین، جا ئیتر تەواناى ئەوەیان نامێنێ بڕۆن بۆ لای مەبەستەکەیان و، نایشتوانن بگەڕێنەوە.

﴿وَمَن نُّعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِى ٱلْخَلْقِ ۖ أَفَلَا يَعْقِلُونَ ﴿٦٨﴾﴾

وە هەرکەس تەمەنی زۆر بکەین و بگاتە تەمەنی پیری هەڵی ئەگێڕینەوە لە وەزعی زیاد کردنی مادە و خوێنی لەشا ئەوسا مانگ بە مانگ زیادمان ئەکرد، ئێستە رۆژ بە رۆژ کەم و کووڕی ئەکەینەوە لە مادە و خوێنی لەشا، ئایا ئیتر ئەمانە نازانن خودایێ کە ئەمانەی پێ بکرێ ئەیشتوانێ چاوەکانی ساف بکا و بە گۆشت دایانپۆشێ و ئینسان لە شوێنی خۆیا دابکوتێتەوە و لە جووڵەی بخا هەتا ئەمرێ؟

﴿وَمَا عَلَّمْنَٰهُ ٱلشِّعْرَ وَمَا يَنۢبَغِى لَهُۥٓ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْءَانٌ مُّبِينٌ ﴿٦٩﴾ لِّيُنذِرَ مَن كَانَ حَيًّا وَيَحِقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧٠﴾﴾

یانی ئێمە بە ناردنی قورئانی پیرۆز بۆ سەر موحەممەد ﷺ یاسای هۆنینەوەی شیعرمان نیشانی موحەممەد نەداوە و ئەو کارەیش شیاوی پایە و شانی ئەو نییە.

وە ئەمە کە ناردوومانە بۆ ئەو هەر زیکری خودایە و ئیرشادی هۆشیارانە بۆ ڕێگەی پیرۆزی هەردوو دنیا و قورئانێکە و کتێبێکی پیرۆزی ئاسمانییە کە ئاشکرا و ڕووناکە.

وە بۆ ئەوە ئەم قورئانەمان بۆ ناردووە هەتا موحەممەد ئەو کەسانەی لە سزای قیامەت پێ بترسێنێ کە هۆشیارن و دڵیان زیندووە، وە بۆ ئەوەیش سزادان و سزای قیامەت دابمەزرێ و قەرار بگرێ لەسەر کافرەکان.

ئایەتی: ﴿و ما علمناه الشعر...﴾ بەرپەرچی قسەی کافرەکان ئەداتەوە کە ئەیانوت: «موحەممەد شاعیرە و، ئەوەیش ئەیخوێنێتەوە شیعرە».

جا بەڵگەی ئەوە کە قورئان شیعر نییە: قورئان لە شێوە و ڕستە و شێوازدا لە شیعر ناچێ؛ چونکی لەسەر کێش و قافیەی شیعر نییە، لە بەحرەکانی شیعری عەرەبی ناچێ کە ناو و شێوەیان ناسراو و زانراوە هەروەها لە مەعنایشدا لە شیعر ناچێ؛ چونکی مەعنای شیعری عەرەب لەسەر پیاهەڵدان و ستایش یا جنێوی درۆیە، وە یا لەسەر هەڵنانە لە شتی پووچدا، وە یا لەسەر دوور خستنەوەیانە لە شتی باش، وە ئەم قورئانە یا خودابەیەکناسی و زیکری خودایە، یا وەعد و وەعیدە، یا ئەحکامی بەندەیی خودایە یا ڕێنومایییە بۆ ڕەوشتی جوان.

وە بەڵگەی ئەوە کە شیعر بۆ حەزرەت ﷺ ناشێ ئەوەیە: ئەگەر شیعرەکان لە بابەتی شتی موخالیف بۆ واقیع بێ ئەوە لەگەڵ پایەی ڕەهبەریدا ڕێك ناکەوێ، وە ئەگەر شتی واقیعیش بێ هەر بۆ حەزرەت ﷺ دەس نادا؛ چونکی لەبەر ئەوە کە شاعیران زۆربەیان سەرگەرمی وتاری ناشیرینن و هەرکەسێ وابێ عەیبدار دێتە پێش چاو، وە ئەو پلە و پیرۆزییە کە بۆ پێغەمبەران هەیە لە دڵی خەڵکدا دوور ئەکەوێتەوە و پلەی شیعر لە پلەی پێغەمبەری کەم دەکاتەوە. جا پێویستە بزانن.

قورئانی پیرۆز دوورە لە ئەشعار   بە وێنەی دووری نووری حەق لە نار
رشتەی هۆنراوە ئەبێ وەهابێ   خاوەن کێشی راست، هەم موقەفا بێ
لە دوو مەسرەعدا حەرەکەو سوکوون   بە قەدەر یەك بن بۆ بوون و نەبوون
مەعنای ئەشعاریش موخەیەلاتە   خیلافی کاری رووی سەربساتە
زەمی بێجێگە و سەنای نارەوا   تاریکی بۆ رۆژ پڕتەو لە شەوا
هەر موبالەغەو لەتیفی حیلە   بۆ رەواجی شیعر بوو بە وەسیلە
ناشێ بۆ پایەی بەرزی رەهبەری   نیشانەو ناوی شیعر و شاعیری
هەرکەس لە چەرخا ئەژی بە شانێ   ئەدۆزرێتەوە بە ناو و نیشانێ
نیشانەی شەخسی رۆحی و قودسییە   یا خود دارایی و بەرزی کورسییە
نیشانەی خاریج ئەغلەب یارانە   یانی رەفیقی رۆژگارانە
ئەگەر شاعیر بێ ئەبێ بە هاوشان   بۆ خاوەن بەزم و نەزمی پەرێشان
چون گەلێ شاعیر لە شوعوور دوورن   بێبەش لە پڕتەو بێبارەی نوورن
واتەیان ئەغلەب لەسەر نوقسانە   بۆ نەشری عەیب و نەقسی ئینسانە
یا لە بۆ مەدح و سەنای درۆیە   یانی هەدەفیان جەواڵ و جۆیە
یان لەسەر شەوقی شەهوەترانییە   لەسەر تەوجیهی رێی نەفسانیە
کەمیان بە حیکمەت دێنە حیکایەت   دوور نەکەونەوە لە بای شیکایەت
جا گەلێ دوورە لە پایەی سەروەر   بە ئیلقای ئەشعار بێ بە رەهبەر
بێجگە لەمانە بە رووی ئەمانە   یەکێ بڕوانێ بۆ لای زەمانە
ئەزانێ حەزرەت لە پێش رەهبەری   چل ساڵ مایەوە بێ پێغەمبەری
فاریغ لە شان و نیشانەی رەسوول   دوور لە تەشریعی فورووع و ئوسوول
کەس نەیدی بدوێ بە هۆنینەوە   بۆ شەرحی باسێ لە رووی دینەوە
لە پاش چل ساڵەیش ناگەڕێتەوە   سیاغەی ئەشعار بدۆزێتەوە

◇◇◇

بەڵێ ئەیزانی ئەیامی عەرەب ... زۆر ئاگادار بوو لە ئەهلی ئەدەب
فەرمووی بە لەفزی گەوهەردانەی بەحر ... لە وەسفی بەیان یا تاریفی شیعر
بازێ لە بەیان عەینی حیکمەتە ... بازێ لە شیعریش سیحری ئومەتە
لەگەڵ ئەمەیشا مەقامی رەهبەر ... بەرزە لەمانە «اللّٰه أكبر»
«نامی» بەیانی حەقیقەت ئەکا ... کەشفی راسترین تەریقەت ئەکا
چەن خودا پاکە کەلامیش وەها ... رەهبەریش بەرزە بە قەدر و بەها

﴿أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّا خَلَقْنَا لَهُم مِّمَّا عَمِلَتْ أَيْدِينَآ أَنْعَـٰمًا فَهُمْ لَهَا مَـٰلِكُونَ ﴿٧١﴾ وَذَلَّلْنَـٰهَا لَهُمْ فَمِنْهَا رَكُوبُهُمْ وَمِنْهَا يَأْكُلُونَ ﴿٧٢﴾ وَلَهُمْ فِيهَا مَنَـٰفِعُ وَمَشَارِبُ أَفَلَا يَشْكُرُونَ ﴿٧٣﴾ وَٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ ﴿٧٤﴾ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ ﴿٧٥﴾ فَلَا يَحْزُنكَ قَوْلُهُمْ إِنَّا نَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٦﴾﴾

ئایا ئەو ئادەمیزادانە نازانن کە ئێمە بە دەستی تەوانایی خۆمان بۆ سوودی ئەوان لە دین و دنیادا حەیوانی وەکوو بزن و مەڕ و گا و مانگا و وشترمان دروست کردووە و، ئەوان خاوەنی هەموو ئەوانەن و بەکاریان‌دێنن و سواریان ئەبن و باریان پێ ئەبەن و بە کڕین و فرۆشتن کەڵکیان لێ وەردەگرن. وە ئەو حەیوانانەم رام کردووە لە بەردەستیانا بازێکیان سواریان ئەبن؛ وەکوو وشتر بە زۆری و گا بە کەمی و، بازێکیشیان سەریان ئەبڕن؛ وەکوو وردە و درشتەیان لەسەر دڵخواز. وە گەلێ سوودی‌تر لەو ئاژەڵانە وەردەگرن؛ وەکوو پێست و خوری و مەرەز و کورکیان بۆ بەرگ و پۆشاك و نوێن و رایەخ و پێویستییەکانی‌تری ئادەمیزاد... وە چەن تەڕی خاوەن فەڕی خۆرا، وە لە شیر و دۆ و غەیری ئەمانەیش؛ وەکوو فرۆ و، ماست و، قەیماخ و، خەستەی توورەکە و، تۆراخ و، کەرە و، رۆن و، کەشك و، سیرێج و، پەنیر...

کە ئەمانە هەموو ئاسایشی ئادەمیزادن. وە لە هەمان وەختا ئەگەر وشترێ یا گایێ هار ببێ مەگەر بیکوژن ئەنا ئەیانکوژێ، کەچی خودا هەمووی بۆ رام کردن و هێشتا سوپاسی خودای خۆیان ناکەن!

لەگەڵ ئەو هەموو نیعمەتەدا کە پێمداون لە باتی ئەوە بەندەییم بۆ بکەن و بمپەرستن و سوپاسم بکەن رۆیشتوون لە خودا لایان داوە و چەن بتێکی داری وشکی رەق و تەقیان ناوە بە یەکەوە وەکوو گاڵتەی منداڵان و بە دەوریاندا هەڵئەخەنەوە، بە هیوای ئەوە لە لایەنی ئەوانەوە یارمەتی بدرێن کاتێ کەوتنە نەهاتی، لەگەڵ ئەوەدا ئەوانە ناتوانن یارمەتی ئەم شتپەرستانە بدەن، بەڵکوو ئەمان بۆ ئەوان سەربازی سوپایی و حازرکراوی دەوروبەری ئەوانن بۆ خزمەت و پاراستنیان ئەنا گورگ و رێوی گمێزیان پێدا ئەکەن، جا کە ئەوەندە بێهۆش و گۆشن قسەی ئەوان لە تاریفی بتەکانیانا و بێحەیا و شەرمی لەگەڵ ئێمەدا و، لە تانە و تەشەر لە تۆ و پەیڕەوانی تۆدا زویر مەبە و، با واتەی ئەوانە پەستت نەکا، چونکی ئێمە ئاگادارین و ئەزانین بە هەر شتێ لەوانەوە دەرئەچێ لە وتار و کردارا لە پەنامەکی و ئاشکرادا و، تۆڵەی هەموویان لێ ئەکەینەوە، بۆ کوێ دەرئەچن لە دەستم؟

لە هەر شوێنێ بن لە وشکی و دەریا	وا لە راســـەریان فـــریشتەی وریـــا
ئـــەنجامی ئـــەوان بـــارەگای مـــنە	جێ جەزا و جیزیای دۆست و دوژمنە

﴿أَوَلَمْ يَرَ ٱلْإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقْنَٰهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴿٧٧﴾ وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِىَ خَلْقَهُۥ ۖ قَالَ مَن يُحْىِ ٱلْعِظَٰمَ وَهِىَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴿٧٩﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ ٱلْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَآ أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ ﴿٨٠﴾﴾

ریوایەت کراوە: ڕۆژێ ئوبەیی کوڕی خەلەف هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و ئێسقانێکی رزیوی بە دەستەوە بوو، دەستی لێ توند ئەکرد و هەڵئەوەری، وتی: ئەی موحەممەد تۆ گومان ئەبەی کە ئەم ئێسکە رزیوە خودا زیندووی ئەکاتەوە؟! حەزرەت ﷺ فەرمووی: بەڵێ! تۆیش زیندوو ئەکاتەوە و ئەیشتخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە! کابرا مەبەستی لەو نیشاندانە ئینکاری زیندووبوونەوەی ئینسان بوو، بۆیە حەزرەت ﷺ وەها وەڵامی دایەوە. جا ئەم ئایەتانە هاتنەخوارەوە.

ئەفەرموێت: ئایا ئینسان نازانێ و نەیبیستووە لە زانای شارەزا، یا لە ڕەهبەری نازار، یا لە بیر و باوەڕی ئینسانی هۆشیار کە بێ‌گومان ئێمە لە تنۆکێ ئاوی ژن و مێرد ئەو ئینسانەمان دروست کردووە و هەموو ئەندامەکانی لەشیمان جیا کردووەتەوە و شێوەی باوك و دایکیمان تێدا ڕاگرتووە و گەلێ شوێنەوار و نیشانەی وردمان تێدا تەماشا کردووە و، کاتێ بوو بە ئینسانی زانا لەو کاتەدا لە باتی ئەوەی دان بە بوونی پەروەردگارا بنێ کوتوپڕ لێم دەرئەپەڕێ و ئەبێ بە دوژمنێکی ناباری بێ‌شەرمی ڕەخنەگری ئاشکرا و، لە ناو خەڵکا قسەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر دەرئەبڕێ و، خۆی و دروستکراویی خۆی فەرامۆش ئەکا و ئەڵێ: ئەوە کێیە ئێسقانی رزیو زیندوو ئەکاتەوە؟

ئەی خۆشەویست تۆ پێی بڵێ: ئەو پەروەردگارە زانای تەوانایە زیندووی ئەکاتەوە کە یەکەمجار لە نەبوون یا لە مایەی بێ‌گیانی زەبوون دروستی کرد، وە ئەو خودایە زانایە بە هەموو شتێ و دروستی ئەکا و هیچ دروستکراوێ بە ڕێکەوت و بێ‌ئاگایی نەبووە و نابێ و پەروەردگار دروستی ئەکا، هەموو مادە و مەعنای تەماشا ئەکا و ماوەی مانەوە و ژین و ژیواری و بێ‌بەختی و بەختیاری و بێ‌هۆشی و هۆشیاری و بەسەرهاتی ئێستەو داهاتووی ئەزانێ و ئەزانێ ئەم مەخلووقە توانای خۆی چۆن

سەرف ئەکاو ئەنجامەکەی چۆنە. ئەو خودا خودایەکە ئاگری سووری لە داری تەڕی سەوزا داناوە.

تەماشا بکەن لە داری «فەرخ» و «عفار» لە سارای عەرەبسانا کاتێ ئەو داری فەرخە ئەساون بە عەفارا چۆن گڕیان لێ‌ئەبێتەوە و چۆن بە هۆی ئەوانەوە وەکوو شقارتەی کارخانە ئاگر ئەکەنەوە؟ جا بڕوانن چۆن لە داری تەڕی خاوەن ئاو ئاگری سووزندەی سەخت دروست ئەکەم کە دژی یەکترن و چۆن گومان نییە لەوەدا و لەبەر چاودایە وەها لە ئەسلێ مادەی لەشی مردوو لە هەر شوێنێ بێ وا لەبەر زانایی ئێمەدا و لەسەر ئەوە بە وێنەی جاران دروست ئەکرێتەوە.

﴿أَوَلَيْسَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُم ۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلْخَلَّٰقُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨١﴾ إِنَّمَآ أَمْرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيْـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٨٢﴾ فَسُبْحَٰنَ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾﴾

ئەگەر ئێوە تەماشای دروست کردنی خۆتان ناکەن یا بە بێ نرخی ئەزانن، بۆ تەماشای ئەم کردگاری پەروەردگارە ناکەن؟ بۆ چاوێ هەڵنابڕن تەماشای ئەم جیهانە و ئەم ئەستێرانە و ئەم ڕۆژ و مانگە خاوەن پڕتەوانە و ئەم خولۆکە سەربەرزە پڕتەوبەخشانە ناکەن؟ بۆ تۆزێ بیر ناکەنەوە هەتا لە بیری تاریکی نەفامی دەربێن و دانیشن لەسەر دووربینی عەقڵی ئینسانی بە تەمکین؟ ڕۆژ کە بەقەی ملیۆنێ جار لە زەوی تۆ زلتر بێ و بەو پایە بەرزەوە هەزاران ساڵە مەخشەڵان بکا و پڕتەو بدا لە جیهان نابێ کەسێ دروستی کردبێ؟ وە ئەم ئەستێرە خولۆکانە کە بە هەزاران چەرخ بە موێ مەداری هەڵسووڕانی خۆیان تێک‌نادەن بە بێ مودیر و مودەببیر چۆن ئەبن؟ ئایا

ئەو کەسەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە تەوانا نییە بۆ ئەوە کە وێنەی ئەو ئینسانە لەسەر ریشەی خۆی دروست بکاتەوە و بە ئیرادە و خواستی خۆی رایان پەڕێنێ بۆ دادگای خۆی؟ بەڵێ! وەڵلا بێگومان تەوانایە کە لەسەر ئەو زەڕە مادەیە کە خۆی زانایە و ئاگاداریەتی سەر لەنوێ ئینسان دروست بکاتەوە و، هەر شتێ مەیلی بێ بیکاتەوە بێجیاوازی لەگەڵ جاران و ئاسانتر لە گوڵاڵەی بەهاران، وە ئەو خودایە خالیقی کەم و زۆرە و زانایە بە هەموو شتێ و، تەوانایە کاتێ خواستی بوونی شتێکی هەبێ فەرمانی ئەوەیە بفەرموێت «ببە» ئەی سوورەتی مەحفووزی عیلمی من ببە بە سوورەتی عەینی کائینات، لە عیلمەوە بۆ عەین، بەڵکوو لە عەینێکی تریش، واتە سوورەتی باری تەعالا هەموو واقیعین بەر لە دروستکردنیان و، لە پاش دەرکردنیان بۆ وجوودی عەینی ئەو عەینەیش عەلاوەی عیلمەکەی ئەبێ جا مادام ئەم ئەمرە سادیر بوو ئەو مورادە پەیدا ئەبێ.

دەی پاك و دوورە لە عەیب ئەو پەروەردگارە کە لە دەستی قودرەتی ئەودایە ریاسەت بەسەر هەموو شتێکدا و ئیزهاری هەموو شتێ بۆ وجوود و لە ئەنجامیشدا هەر بۆ لای ئەو و بۆ دادگای ئەو ئەڕۆنەوە بۆ دەرکردنی فەرمانی جەزا و بۆ جەزاخانەی ئەو ئەڕۆن لە عالەمی نەودا، ئەوەی بۆ ئاگر کاری کردووە جێگەی ئاگری بۆ ئامادە کراوە و ئەوەیش بۆ رەزای پەروەردگارە ئەنجامی بەهەشت و لیقای ئەنوارە.

سووره‌تی سافات، له سووره‌ته مه‌ککه‌ییبیه‌کانه، "١٨٢" ئایه‌ته.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا ١ فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا ٢ فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا ٣ إِنَّ إِلَٰهَكُمۡ لَوَٰحِدٞ ٤ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَرَبُّ ٱلۡمَشَٰرِقِ ٥﴾

سوێند به‌و فریشتانه که بۆ فه‌رمانبه‌رداری و به‌نده‌یی خودا ریزیان به‌ستووه، سوێند به‌و فریشتانه که مه‌نعی شه‌یاتین ئه‌که‌ن له زیانگه‌یاندن به ئاده‌میزاد، جا به‌و فریشتانه که ئایاتی خودای ته‌عالا ئه‌خوێننه‌وه له ئاسمانه‌کانا، وه یا به‌سه‌ر ره‌هبه‌رانا! خودای ئێوه یه‌ك خودایه.

یاخود سوێند به‌و نوفووسه فیدائییانه که ریز ئه‌به‌ستن بۆ جیهاد، جا به‌وانه که مه‌نعی کافره‌کان ئه‌که‌ن له ده‌سدرێژکردن بۆ وڵاتی ئیسلام. جا به‌و موسوڵمانانه که قورئان ئه‌خوێنن! سوێند به‌وانه گشتیان، خودای ئێوه یه‌ك خودایه، په‌روه‌ردگاری ئاسمانه‌کان و زه‌وی و ناوبه‌ینی ئه‌وانه و خاوه‌نی ئه‌و ده‌ره‌جه و مه‌قامانه‌یه که رۆژی خاوه‌نپرته‌و سه‌ر ده‌رئه‌کا لێیه‌وه بۆ نووربه‌خشانی به جیهانا، واته ئاسمان سێسه‌د و شه‌ست ده‌ره‌جه‌یه و رۆژ هه‌ر رۆژێ له یه‌کێ له‌و ده‌ره‌جانه‌وه هه‌ڵدێ و

لە بەرانبەری ئەوانەوە ئەوەندەیش نوختە هەیە بۆ ئاوا بوونی رۆژ کە ئەمانە تەواو بوون ساڵ تەواو ئەبێ.

﴿إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِزِينَةٍ ٱلْكَوَاكِبِ ﴿٦﴾ وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَٰنٍ مَّارِدٍ ﴿٧﴾ لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰ وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ ﴿٨﴾ دُحُورًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ ﴿٩﴾ إِلَّا مَنْ خَطِفَ ٱلْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُۥ شِهَابٌ ثَاقِبٌ ﴿١٠﴾﴾

ئێمە ئاسمانی نزیکی زەویمان جوان کردووە و ئارایشمان داوە بە زینەتی ئەستێرەکان، وە ئەو ئەستێرانەمان کردووە بە هۆی پارێز لە هەموو جنۆکەیەکی نافەرمانی سەرسەخت بۆ ئەوە بە ئاسمانا سەرنەکەون و گوێ رانەگرن لەو وتووێژە لە «ملأ الأعلى» لە مەجلیسی گەورەی زۆر بەرزی فریشتەکاندا ئەکرێ و، کاتێ ئەو شەیاتینە سەرکەوتن بە ئاسمانا تیری شەرارەی نەیازیکیان بۆ ئەهاوێژرێ لە هەموو لایەکەوە بە هاوێژتنی بەهێز، ئیتر ئەو شەیاتینە هەرگیز ناتوانن قسە وەربگرن، شەیتانێ نەبێ کە بە فڕکە لە هەڵدا قسەیێ ببیسێ و بیفڕێنێ، ئەوەیش ئەکەوێتە شوێنی ئەو یەکێ لەو نەیزەکانە کە ئاسمان رۆشن ئەکەنەوە و تاریکی ئەدڕێنن.

بزانن! لەم ئایەتانەوە دەر ئەکەوێ کە وجوودی کەواکیب و ئەستێرەکان زۆر پەیوەندییان بەو شەهابانەوە هەیە؛ چونکی بە شوێن ئەوا کە ئەفەرموێت ئاسمانی نزیکمان جوان کردووە بە کەواکیب ئەفەرموێت: ﴿وحفظاً من کل شیطان مارد﴾ ئیتر تەحقیقی ئەم وەزعە بەسراوە بە روونکردنەوەی عیلمەوە، ئاخۆ کەی ئەبێ و، پەیوەندەکە چۆنە؟

﴿فَٱسْتَفْتِهِمْ أَهُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَم مَّنْ خَلَقْنَآ ۚ إِنَّا خَلَقْنَٰهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍ ﴿١١﴾﴾

جا تۆ پرسیار بکە لەو کافرانە: ئایا ئەوان بەهێزترن لە جیهەتی مادەی دروست کردنەوە یا ئەو ئاسمان و زەوی و فریشتە پیرۆزانە؟ دیارە کە ئاسمان و زەوی بەهێزترن؛ چونکی بە راستی ئێمە ئەم ئادەمیزادانمانە لە قوڕێکی «مچ» دروست کردووە کە زوو بازێکی ئەلکێ بە بازێکەوە، وە زیندوو کردنەوەیان و دروستکردنەوەی تەرکیبی لەشیان گەلێ ئاسانە لای ئێمە.

﴿ بَلْ عَجِبْتَ وَيَسْخَرُونَ ﴿١٢﴾ وَإِذَا ذُكِّرُوا۟ لَا يَذْكُرُونَ ﴿١٣﴾ وَإِذَا رَأَوْا۟ ءَايَةً يَسْتَسْخِرُونَ ﴿١٤﴾ وَقَالُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ ﴿١٦﴾ أَوَءَابَآؤُنَا ٱلْأَوَّلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾

بەڵکوو تۆ سەرت سوڕئەمێنێ لە گەورەیی و تەوانایی خودا و، ئەو کافرانە پێ ئەکەنن و گاڵتە بەوە ئەکەن کە تۆ باوەڕت بە بەعس و نوشوور، زیندوو بوونەوەی موکەللەفان و حەشر و نەشریان هەیە و، هەرکاتێ ئامۆژگارییان بکرێ بیربکەنەوە ناوی خودای تەنیا نابەن، وە کاتێ چاویان بە موعجیزەیێ بکەوێ دەلالەت لەسەر راستی رەهبەر بکا گاڵتەی پێ ئەکەن و، ئەڵێن: ئەمە هیچ نییە سیحرێکی ئاشکرا نەبێ! ئایا ئێمە کاتێ مردین و بووین بە گڵ و ئێسقانی کۆن ئێمە زیندوو ئەکرێینەوە؟! ئایا لەگەڵ با پیرە پێشووەکانیشمانا!؟

﴿ قُلْ نَعَمْ وَأَنتُمْ دَٰخِرُونَ ﴿١٨﴾ فَإِنَّمَا هِىَ زَجْرَةٌ وَٰحِدَةٌ فَإِذَا هُمْ يَنظُرُونَ ﴿١٩﴾ وَقَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَا هَٰذَا يَوْمُ ٱلدِّينِ ﴿٢٠﴾ هَٰذَا يَوْمُ ٱلْفَصْلِ ٱلَّذِى كُنتُم بِهِۦ تُكَذِّبُونَ ﴿٢١﴾ ﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو: بەڵێ زیندووئەکرێنەوە و ئێوە داماو ئەبن، جا کاتێ ئەو رۆژە هات ئەوە ئەو زیندووبوونەوە بە تاقە دەنگدانێکە کوتوپڕ تەماشا

ئەکەی هەموو وان بە دەرەوە و ئەڕوانن و، لەو کاتەدا ئەڵێن: ئەی هاوار بۆ ئێمە ئەمە ڕۆژی تۆڵەیە! ئەمە ئەو ڕۆژی حوکمی فەسڵەیە کە کاتی خۆی باوەڕتان پێ نەدەکرد.

﴿ٱحۡشُرُواْ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ وَأَزۡوَٰجَهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ﴿٢٢﴾ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَٱهۡدُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡجَحِيمِ ﴿٢٣﴾ وَقِفُوهُمۡۖ إِنَّهُم مَّسۡـُٔولُونَ ﴿٢٤﴾﴾

جا خودا فەرمان ئەدا بە فریشتەکان و ئەفەرموێت: ئەو کافرە ستەمکارانە خۆیان و هاووێنەکانیان لە بتپەرستەکان گردبکەنەوە و لەگەڵ ئەو بتانەدا کە ئەیانپەرستن و موبالاتیان بە خودا نەدەکرد، جا ڕێگەی دۆزەخیان نیشان بدەن و، ڕایان بگرن، بە ڕاستی ئەوانە بەرپرسیارن و پرسیاریان لێ ئەکرێ.

﴿مَا لَكُمۡ لَا تَنَاصَرُونَ ﴿٢٥﴾ بَلۡ هُمُ ٱلۡيَوۡمَ مُسۡتَسۡلِمُونَ ﴿٢٦﴾ وَأَقۡبَلَ بَعۡضُهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ يَتَسَآءَلُونَ ﴿٢٧﴾ قَالُوٓاْ إِنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَأۡتُونَنَا عَنِ ٱلۡيَمِينِ ﴿٢٨﴾﴾

پرسیاریان لێ ئەکرێ: ئەوە چییە؟ بۆچی بازێکتان یارمەتی بازێکتان نادەن و، بەڵکوو هەمووتان ملکەچ و بێدەنگن؟ جا لەو کاتەدا بازێ لەو کافرانە ڕوو ئەکەنە بازێکیان و قسەیان لەگەڵدا ئەکەن. بە گەورەکانیان ئەڵێن ئێوە لە لای ڕاستەوە ئەهاتن بۆ لامان، واتە بە عەزم و بە هێزی دڵەوە ئێمەتان بۆ لای خۆتان هەڵئەسووڕان و، نەتانئەهێشت باوەڕ بە ڕەهبەر بکەین و واز لە بتپەرستی بهێنین.

﴿قَالُواْ بَل لَّمۡ تَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴿٢٩﴾ وَمَا كَانَ لَنَا عَلَيۡكُم مِّن سُلۡطَٰنِۭۖ بَلۡ كُنتُمۡ قَوۡمٗا طَٰغِينَ ﴿٣٠﴾ فَحَقَّ عَلَيۡنَا قَوۡلُ رَبِّنَآۖ إِنَّا لَذَآئِقُونَ ﴿٣١﴾ فَأَغۡوَيۡنَٰكُمۡ إِنَّا كُنَّا غَٰوِينَ ﴿٣٢﴾﴾

جا گەورەکان لە وەڵامیانا ئەڵێن: نەخەیر ئێوە هەر خۆتان خاوەن ئیمان نەبوون، و ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان بەسەر ئێوەدا نەبوو، بەڵکوو خۆتان کۆمەڵێکی وا بوون کە

بایی بوون و لە یاساو ڕێگە لاتان دابوو. جا وا فەرموودەی خودا لەسەر هەموومان هاتەجێ بە ڕاستی ئێمە لە سزای دۆزەخ ئەچەژین و، ئێمە ئێوەمان گومڕاکرد، ڕاستە ئێمە گومڕا بووین بەڵام ئێوەیش ئەو حاڵەتان پێ خۆش بوو! وا هەر دوو لامان تووشی مەینەت بووین.

﴿ فَإِنَّهُمْ يَوْمَئِذٍ فِي ٱلْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ ﴿٣٣﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَفْعَلُ بِٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٣٤﴾ ﴾

جا بە ڕاستی ئەوان لەو ڕۆژەدا هەموو لە سزادا هاوبەشن و سزا ئەدرێن، بێ گومان ئێمە ئاوا لە تاوانباران ئەکەین و تێکڕا سزایان ئەدەین.

﴿ إِنَّهُمْ كَانُوٓا۟ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٣٥﴾ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓا۟ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍۭ ﴿٣٦﴾ بَلْ جَآءَ بِٱلْحَقِّ وَصَدَّقَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾

ئەو کافرانە حاڵیان وەهایە کاتێ یەکێ لەگەڵ ئەوانا «لا إله إلا اللّٰه»ی بکردایەو داوای لێبکردایەن ئەو کەلیمەی تەوحیدە بڵێن، خۆیان بە گەورە تەماشا ئەکرد و بە عاریان ئەزانی خودا بەیەك بناسن و، ئەیانوت ئایا ئێمە تەرکی بتەکانی خۆمان ئەکەین بۆ قسەی شاعیرێکی شێت!؟ جا وا نییە، بەڵکوو ئەو زاتە شیرین کردارە ئایین و کتێبێکی ڕاستی هێناوە و تەسدیقی پێغەمبەرەکانی پێش خۆی کردووە.

﴿ إِنَّكُمْ لَذَآئِقُوا۟ ٱلْعَذَابِ ٱلْأَلِيمِ ﴿٣٨﴾ وَمَا تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٣٩﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٤٠﴾ ﴾

بە ڕاستی ئێوە ئەی کافرە بەدبیر و باوەڕەکان سزای ئێشکەیێن ئەچەژن و جەزایشتان نادرێتەوە بە پێی ئەو کردەوە نابارانە نەبێ کە ئەتانکردن، بەڵام بەندە پاککراوەکانم

لە بیر و باوەڕی نابار و کردەوەی ناهەموار ئەوانە سزا نادرێن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە ناو مەقامی کەرامەتا ئەمێنن.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ رِزۡقٞ مَّعۡلُومٞ ﴿٤١﴾ فَوَٰكِهُۖ وَهُم مُّكۡرَمُونَ ﴿٤٢﴾ فِي جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٤٣﴾ عَلَىٰ سُرُرٖ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴿٤٤﴾ يُطَافُ عَلَيۡهِم بِكَأۡسٖ مِّن مَّعِينِۭ ﴿٤٥﴾ بَيۡضَآءَ لَذَّةٖ لِّلشَّٰرِبِينَ ﴿٤٦﴾ لَا فِيهَا غَوۡلٞ وَلَا هُمۡ عَنۡهَا يُنزَفُونَ ﴿٤٧﴾ وَعِندَهُمۡ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرۡفِ عِينٞ ﴿٤٨﴾ كَأَنَّهُنَّ بَيۡضٞ مَّكۡنُونٞ ﴿٤٩﴾﴾

واتە ئەو بەندە پاکانە ڕۆزیێکی دیاری کراویان هەیە لە لای خوداوە بریتییە لە چەن جۆر میوە، وە ئەوانە لە لایەنی خوداوە ڕێزیان گیراوە کە ئەو میوە جوانانەیان پێ‌دراوە و، ئەوانە وان لە ناو چەن بەهەشتێکدا کە غەیری نیعمەت هیچی‌تریان تیا نییە و، وان بەسەر چەن کورسییەکەوە لە بەرانبەری یەکەوە، واتە ئەهلی بەهەشت هەرگیز خەمی دووری دۆستیان ناخۆن و هەمیشە هەموو وان لەسەر چەن کورسییەکی وەها کە بەرانبەری یەك دانراون.

وە یا خود ئەفرادی خانەدان وەکوو باوك و دایك و خوشك و براو کچ و کوڕ، هەموو وان بەیەکەوە و وان لەسەر چەن کورسییەك لە بەرانبەری یەکترەوە. وە هاتوچۆ ئەکرێ بۆ لایان لەگەڵ پیاڵەی شەرابی وەها کە جاری ئەبێ بەسەر زەویدا وەکوو ئاوی زەلاڵ و پیاڵەکە سپییە و، هۆی لەزەتە بۆ ئەوانە ئەیخۆنەوە، وە هەر لەو شەرابی بەهەشتەدا غائیلە و فەساد نییە، ئەنا هەموو شەرابێ هەر شتێکی لەوانە تێدایە، وە ئەوانیش هەر لەو شەرابەدا عەقڵیان تێك ناچێ، وە لە لای ئەوانە لە حۆرییەکانی بەهەشت، حۆریگەلێك کە چاویان بڕیوەتە مێردەکانی خۆیان و بۆ کەسی‌تر ناڕوانن و چاویشیان ڕەش و گەش و گەورەیە و وەکوو هێلکەی وشترمری دوور لە تۆز و غوبارن ئەوەندە سپی‌و جوانن.

﴿فَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ ﴿٥٠﴾ قَالَ قَائِلٌ مِّنْهُمْ إِنِّي كَانَ لِي قَرِينٌ ﴿٥١﴾ يَقُولُ أَإِنَّكَ لَمِنَ الْمُصَدِّقِينَ ﴿٥٢﴾ أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَامًا أَإِنَّا لَمَدِينُونَ ﴿٥٣﴾ قَالَ هَلْ أَنتُم مُّطَّلِعُونَ ﴿٥٤﴾ فَاطَّلَعَ فَرَآهُ فِي سَوَاءِ الْجَحِيمِ ﴿٥٥﴾﴾

واتە ئەم کۆمەڵەی ئەهلی بەهەشتە بازێکیان رووئەکاتە بازێکیان و لەناو خۆیانا پرسیار ئەکەن، جا یەکێ لەوان ئەڵێ: من لە دنیادا هاوڕێیەکم بوو ئەیوت پێم: ئایا تۆ ئەوەندە بێدەماخی باوەڕ بەوە ئەکەی کاتێ مردین و بووین بە گڵ و ئێسکی کۆن ئایا ئێمە زیندوو ئەکرێینەوە بۆ حسێبی بیر و باوەڕ و کردەوە؟ جا هەر ئەم شەخسە بە هاوڕێکانی ئەڵێ: ئایا ئێوە ئاگاتان لە ئەهلی دۆزەخ هەیە؟ یا ئەتانەوێ هەواڵیان بزانن؟ جا ئەم کابرایە خۆی رۆیشت بۆ سەیری ئەو دۆزەخە کە ئەو هاوڕێیانەی تێدا بوو، تەماشای کرد هاوڕێکەی خۆی لە ناوەڕاستی دۆزەخدا بینی.

﴿قَالَ تَاللَّهِ إِن كِدتَّ لَتُرْدِينِ ﴿٥٦﴾ وَلَوْلَا نِعْمَةُ رَبِّي لَكُنتُ مِنَ الْمُحْضَرِينَ ﴿٥٧﴾ أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ ﴿٥٨﴾ إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿٥٩﴾ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿٦٠﴾ لِمِثْلِ هَٰذَا فَلْيَعْمَلِ الْعَامِلُونَ ﴿٦١﴾﴾

جا ئەو شەخسە موسوڵمانە کاتێ چاوی بە برادەرەکەی دنیای لە ناوەڕاستی دۆزەخا کەوت پێی‌وت: وەڵڵاهی بە راستی نزیك بوو کە تۆ لە دنیادا من لەناوبەری و منیش وەکوو خۆت کافر بکەی، وە ئەگەر فەزڵ و رەحمەتی خودای خۆم نەبوایە منیش لەوانەبووم کە حازر بکرێم لە دۆزەخدا لەگەڵ تۆدا. ئایا راست وەکوو ئەوە بوو کە تۆ ئەتوت: ئێمە نامرین مردنی یەکەم نەبێ کە مردنی دنیایە و ئێمە زیندوو

ناکرێینەوە و لەسەر کوفر و تاوانباری سزا نادرێین؟ جا ئەم نیعمەت و خۆشییە کە بە ئێمە دراوە لە بەهەشتا ئەوە بەشی رەسای گەورەیە و بۆ وێنەی ئەم بەشە با تێکۆشێ ئەوەی تێئەکۆشێ.

﴿أَذَٰلِكَ خَيْرٌ نُّزُلًا أَمْ شَجَرَةُ ٱلزَّقُّومِ ﴿٦٢﴾ إِنَّا جَعَلْنَٰهَا فِتْنَةً لِّلظَّٰلِمِينَ ﴿٦٣﴾ إِنَّهَا شَجَرَةٌ تَخْرُجُ فِىٓ أَصْلِ ٱلْجَحِيمِ ﴿٦٤﴾ طَلْعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٦٥﴾ فَإِنَّهُمْ لَءَاكِلُونَ مِنْهَا فَمَالِـُٔونَ مِنْهَا ٱلْبُطُونَ ﴿٦٦﴾ ثُمَّ إِنَّ لَهُمْ عَلَيْهَا لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ ﴿٦٧﴾ ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى ٱلْجَحِيمِ ﴿٦٨﴾﴾

واتە ئایا ئەم رۆزی بەهەشتە و، ئەم تەماشا و سەیرانی گوڵگەشتە و، ئەم خواردن و خواردنەوەی مادەی بەلەزەتە و، ئەم رابواردن و هاورێتی دۆستانی میهرەبانە و، ئەم دەوامە بە سەلامەتی و بێ‌دەردی‌سەرییە و، ئەم جیلوەی ئەنواری لیقای خودایە و... ئەمانە باشن بۆ پێشکەشکراوی میوانی قیامەت؟ یا بەری داری «زەقوم» کە بۆ دۆزەخییەکان دانراوە؛ ئێمە ئەو دارەمان کردووە بە هۆی سزا و نارەحەتی بۆ ستەمکاران؛ چونکی لە دۆزەخدا لە بەری ئەوە ئەخۆن. وە یا خود باسی ئەو دارەم کردووە بە فیتنە بۆ ستەمکارە بێ‌دینە بێ‌عەقڵەکان کە ئەڵێن: چۆن ئەبێ لەناو ئاگرا داری سەوزی خاوەن بەر بژی؟! ئەو داری زەقوومە دارێکە لە بێخی دۆزەخەوە دەرئەچێ و لق و پۆپەکانی ئەڕوا بە هەموو دەرکەکانی دۆزەخا و بەرەکەی وەك کەللە سەری شەیتان وایە! وە ئەو کۆمەڵی ئەهلی دۆزەخە لە کاتی برسێتیدا لێی ئەخۆن و گەدەی خۆیانی لێ پڕ ئەکەن، پاش خواردنیان لەو بەرە زەقوومە تینوویان ئەبێ و بۆ ئەوان هەیە بەسەر ئەو زەقوومەدا ئاوێ لە عەینی ئاوی گەرمی دۆزەخ، وە لە پاش ئەوە لەو ئاوەیان خواردەوە ئەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان بۆ دۆزەخ و سزای پێشووی خۆیان.

عالەمی دۆزەخ عالەمێکە مادی و واقیعی و بە بیر و باوەڕی ئەهلی سونەت ئێستە لەگەڵ بەهەشتا هەر دووکیان هەن و دروستکراون. وە خودا وەکوو تەوانایە لەسەر ئەوە لە دارا مادەی ئاگر دروست بکا وەهایش تەوانایە لە ناو ئاگرا دار بڕوێنێ و بەربگرێ. وە ئەمانە بە نیسبەتی واقیعەوە پاش ئیخباری خودا جێگەی باوەری موسوڵمانانە.

﴿إِنَّهُمْ أَلْفَوْا ءَابَآءَهُمْ ضَآلِّينَ ﴿٦٩﴾ فَهُمْ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمْ يُهْرَعُونَ ﴿٧٠﴾ وَلَقَدْ ضَلَّ قَبْلَهُمْ أَكْثَرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿٧١﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا فِيهِم مُّنذِرِينَ ﴿٧٢﴾ فَٱنظُرْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿٧٣﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿٧٤﴾﴾

ئەگەر نازانن بۆچی ئەو کافرانە موستەحەقی ئەو سزا ناهەموارەن بزانن هۆی ئەوەیە ئەم کافرانە باوك و باپیرەی خۆیان بە گومڕا دەست کەوت و ئەمانیش بە شوێنی ئەوانا بە توندی رایان کرد، وە لە پێش ئەوانیشدا زۆربەی پێشینانەکەیان هەر گومڕا بوون. وە بە راستی گەلێ لە پێغەمبەرانی ئینسانترسێنمان بۆ ناردن، کەچی ئەوان سەرکێشی و نافەرمانییان کرد، بەندە چاکە پاکەکان نەبێ. جا تەماشا بکە بزانە ئەنجامی کاری ئەوانە کە ترسێنران و گوێیان بە ترسەکە نەدا چۆن بوو؟

﴿وَلَقَدْ نَادَىٰنَا نُوحٌ فَلَنِعْمَ ٱلْمُجِيبُونَ ﴿٧٥﴾ وَنَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥ مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٧٦﴾ وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ ﴿٧٧﴾ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِى ٱلْءَاخِرِينَ ﴿٧٨﴾ سَلَٰمٌ عَلَىٰ نُوحٍ فِى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٧٩﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨١﴾ ثُمَّ أَغْرَقْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ﴿٨٢﴾﴾

نووح‌عليه السلام پاش ئەوە کە لە ئیمانهێنانی گەلەکەی نائومێد بوو، بانگی کردین بۆ ئەوەی کە فریای بکەوین و لە دەستی گەلە پەستەکەی رزگاری بکەین، جا خۆی و خێزان و منداڵەکەیمان لەو مەینەت و ئاو و لافاوە بێ‌ئامانە رزگار کرد و تەنیا نەتەوەکەی ئەومان لەسەر زەویدا هێشتەوە، وە هێشتمانەوە بۆ ئەو لە ناو گەلانی دواییدا وشەی: ﴿سلام على نوح في العالمين﴾، واتە هەموو گەلەکانی دوایی هەر سەلامی لێ ئەکەن، ئێمە ئا بەو شێوە پاداشی خاوەن چاکەکان و پیاوچاکان ئەدەینەوە.

ئـەوەی بـە راسـتی بـۆ خـودا راسـتە　　　خـودا لە بـۆ ئـەو سـەلام خـواسـتە
هـەرچی رێگەی حـەق ئیعتیبار بکا　　　خـوا بـۆ ئـەو سـەلام ئـیختیار ئـەکا

بە راستی نووح‌عليه السلام لە بەندە دڵزیندووە بە باوەڕەکانی من بوو، ئیتر ئەو دوای ئادەمیزادی ئەو چەرخەمان هەموو بە ئاوی لافاو خنکاند.

﴿وَإِنَّ مِن شِيعَتِهِۦ لَإِبْرَٰهِيمَ ﴿٨٣﴾ إِذْ جَآءَ رَبَّهُۥ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٤﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَاذَا تَعْبُدُونَ ﴿٨٥﴾ أَئِفْكًا ءَالِهَةً دُونَ ٱللَّهِ تُرِيدُونَ ﴿٨٦﴾ فَمَا ظَنُّكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾﴾

وە بە راستی لە هاوباوەڕ و هاوکێشی نووحە لە ئوسوولی دین و خودا بەیەکناسیدا ئیبراهیم‌عليه السلام هاوڕشتەی ئەو بوو کە رووی کردە خودای خۆی بە دڵێکی ساغی دوور لە کوفر و پاك لە خۆڵ و خاشاکی بیر و باوەڕی ناپاکەوە، هاویاسای ئەو بوو کە فەرمووی بە باوکی و بە گەلەکەی: ئەوە ئێوە بەندەیی چی ئەکەن؟ ئایا بە درۆ و دەلەسە چەن خودایەکی درۆتان بۆ خۆتان خواستووە بۆ ئەوەی بەندەییان بۆ بکەن؟ ئەوە ئێوە گومانتان چۆنە دەربارەی ئەو خودایە کە پەروەردگاری جیهانە؟ چۆن لە بەیەکناسی ئەو لائەدەن و ئەو دار و بەردە ئەخەنە پاڵی.

﴿فَنَظَرَ نَظْرَةً فِي ٱلنُّجُومِ ﴿٨٨﴾ فَقَالَ إِنِّي سَقِيمٌ ﴿٨٩﴾ فَتَوَلَّوْاْ عَنْهُ مُدْبِرِينَ ﴿٩٠﴾ فَرَاغَ إِلَىٰٓ ءَالِهَتِهِمْ فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ ﴿٩١﴾ مَا لَكُمْ لَا تَنطِقُونَ ﴿٩٢﴾ فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبَۢا بِٱلْيَمِينِ ﴿٩٣﴾﴾

ئەویش لەسەر یاسای ئەو رۆژە کە تەماشای هاتوچۆی ئەستێرەیان ئەکرد و، دەرکەوتن و ئاوابوونیان ئەکرد بە نیشانەی ساغی و نەخۆشی و ئارامی و نائارامی دنیا، تەماشایەکی ئەستێرەی کرد و فەرمووی: وا دەرئەکەوێ کە من نەخۆشم، چاك وایە ماوەیێ لە خەڵك کەنار بگرم؛ چونکی لە وەزعی ئەستێرەوە وا دەرئەکەوێ کە من نەخۆشم. جا خەڵکەکەیش پشتیان لە ئیبراهیم هەڵکرد و لێی دوورکەوتنەوە، سا یا لە ترسی ئەوەی ناساغییەکەی ئەویان بۆ بێ یا لەبەر ئەوە بڕوا وچانێ بدا و ماندوێتی بحەسێتەوە.

کاتێ لە یەکدی جیابوونەوە بە پەناپسکێ رۆیشت بۆ لای بتەکانیان و فەرمووی پێیان: ئەوە بۆچی ئێوە هیچ ناخۆن؟ کاتێ ماتڵ بوو ئەوانیش وەڵامیان نەبوو پێی وتن: ئەوە بۆچی قسە ناکەن؟ جا لای کردەوە بەلایانا و بە راستە تێی سرەواندن و پێیانا هات بە لێدان.

﴿فَأَقْبَلُوٓاْ إِلَيْهِ يَزِفُّونَ ﴿٩٤﴾ قَالَ أَتَعْبُدُونَ مَا تَنْحِتُونَ ﴿٩٥﴾ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾﴾

کاتێ گەلەکەی هاتن و چاویان بە بتەکان کەوت بە سەرو گوێلاك شکاوی و وردکراوی، رایان کرد بۆ لای ئیبراهیم بۆ پرسیار لە شکانی ئەو بتانە، ئەویش لە وەڵامیانا فەرمووی: ئایا ئێوە بەندەیی شتێ ئەکەن کە خۆتان تاشیوتانن؟ لەگەڵ ئەوەدا کە دروستکەر هەر خودایەو ئەو ئێوە و ئەوانەیش کە ئەیانپەرستن و ئەیانتاشن دروستی کردوون.

﴿قَالُوا۟ ٱبْنُوا۟ لَهُۥ بُنْيَـٰنًا فَأَلْقُوهُ فِى ٱلْجَحِيمِ ﴿٩٧﴾ فَأَرَادُوا۟ بِهِۦ كَيْدًا فَجَعَلْنَـٰهُمُ ٱلْأَسْفَلِينَ ﴿٩٨﴾﴾

جا پاش پرسیارو وەلامێکی زۆر لە لایەنی بتپەرستەکانەوە لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیمدا و پاش ئەوەی کە ئیبراهیم هەر سوور بوو لەسەر بانگکردنی گەلەکەی بۆ خوداناسی و وازهێنان لە بتپەرستی، بڕیاریان دا کە بیسووتێنن و، وتیان: شوورایێ دروست بکەن و ناوەکەی پڕبکەن لە دارو ئاگری تێبەردەن و جا ئیبراهیم بهاونە ناو ئاگرەکەوە! جا ئەم کارەیان ئەنجام دا و ئیبراهیم خرایە ناو ئاگرەکە و، ویستیان فێڵ بکەن و بە فڕو فێڵ بەرپەرچی بەڵگەی راستی ئیبراهیم بدەنەوە، بەڵام ئێمە ئەوانمان فڕەدایە پلەی پەستی و بێنرخمان کردن و هەرچییان لەگەڵا کرد بێسوود دەرچوو، ئەو گەلە لە پلەی خوارووی هەموو پلەو جێگەیەکەوە داکەوتن و، ئەوانمان کرد بە خوارتر لە هەرچی خوارکەوتوو هەیە.

دەڵێن: ئەو ئاگرەیان لە دەشتی «بیتوین»دا، (کە دەشتێکە لە قەزای رانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی) کردووەتەوە و لەوێدا ئیبراهیمیان خستووەتە ناو ئاگرەوە، بەڵام خودا رزگاری کرد سوپاس بۆ خودا.

﴿وَقَالَ إِنِّى ذَاهِبٌ إِلَىٰ رَبِّى سَيَهْدِينِ ﴿٩٩﴾﴾

وە پاش ئەوە کە لە ئاگرەکە رزگار بوو، فەرمووی: من ئەڕۆم بۆلای پەروەردگاری خۆم بێگومان ئەو رێنومایيم ئەکا بۆ بەختیاری و پیرۆزی هەردوو دونیا.

حەزرەتی ئیبراهیم لە لایەنی خوداوە پێیوترا: کە عێراق بەجێبێڵێ و بەرەو شام بڕوا خودا یارمەتی ئەدا، لەسەر ئەو فەرمانە لەگەڵ «سارە»ی خێزانی و «لووت»ی برازایا رۆیشت بۆ «حەڕان»، پاش ماوەیێ لە حەڕانەوە چوو بۆ فەلەستین و، لە

فەلەستینەوە چوو بۆ میسر و لە میسرەوە گەڕایەوە بۆ فەلەستین و پادشای میسر جارییەیەکی «هاجەر» ناوی پێدا.

﴿ رَبِّ هَبْ لِي مِنَ الصَّالِحِينَ ﴿١٠٠﴾ فَبَشَّرْنَاهُ بِغُلَامٍ حَلِيمٍ ﴿١٠١﴾ ﴾

کە هاتەوە فەلەستین لە خودا پاڕایەوە و فەرمووی: پەروەردگارا رۆڵەیەکم پێ ببەخشە کە لە پیاوە باشەکان بێ، ئێمەیش دوعاکەیمان وەرگەرت و موژدەمان پێدا کە کوڕێ خاوەن هۆش و خاوەن حەوسەڵەت پێ ئەدەین، جا «ئیسماعیل»مان لە هاجەر ـ جارییە میسرییەکە ـ پێدا. پاش ماوەیێ فەرمانی پێدرا کە ئەو کوڕەو دایکەکەی ببا لەو شوێنەدا کە ئێستە حەرەمی کەعبەیە دایان بنێ. ئەویش فەرمانەکەی بەجێ هێنا.

﴿ فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَىٰ فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَىٰ ۚ قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ ۖ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ ﴿١٠٢﴾ فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ ﴿١٠٣﴾ وَنَادَيْنَاهُ أَن يَا إِبْرَاهِيمُ ﴿١٠٤﴾ قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا ۚ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ ﴿١٠٦﴾ وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ ﴿١٠٧﴾ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ ﴿١٠٨﴾ سَلَامٌ عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ ﴿١٠٩﴾ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ ﴿١١٠﴾ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ ﴿١١١﴾ ﴾

جا کاتێ ئیسماعیل گەورە بوو گەیشتە پایەیێ کە بتوانێ لەگەڵ باوکیدا بگەڕێ و کار بکا، ئیبراهیم بە ئیسماعیلی فەرموو: ئەی کوڕی خۆم من لە خەودا وەهام دیوە کە سەرت ئەبڕم! جا بیربکەرەوە و بزانە ئەتوانی خۆت بگری؟ ئەویش لە وەڵاما عەرزی کرد: ئەی باوکی خۆم ئەوەی تۆ ئەتەوێ بیکەی و ئەوەی فەرمانت پێدراوە بیکەی فەرموو بیکە، ئینشائەڵڵا ئەمبینی بە خۆگری و لە خۆگران ئەبم بەرابەر بەم فەرمانی خودا.

جا کاتێ باوك و کوڕ هەردووکیان خۆیان تەسلیمی خودا کرد و بەلای راستیدا دای بەزەویدا و، لەو کاتەدا تەوێڵی دای بە زەویدا فەرمانمان دا بە بەخشینی ئیسماعیل و رزگار کردنی لەو مەینەتە و، بانگمان کرد و وتمان: ئەی ئیبراهیم بە راستی خەوەکەی خۆت بە راست گێڕا و، فەرمانەکەت بەجێ‌هێنا و گومان نەما لە خۆبەختکردنتانا لە رێگەی بەجێ‌هێنانی فەرمانی خودادا، وە لەبەر ئەو خۆبەختکردنەتان ئێمە چاوپۆشیمان لێ کردن و، بەو شێوە پاداشی چاکەکەران و پیاوچاکان ئەدینەوە. بە راستی ئەمە بەراوردێکی دیاری بوو، فیدیەی ئیسماعیلمان دا بە کوشتێکی گەورەی گۆشتنی قەڵەو و بەجێمان هێشت بۆ ئەو لە ناو گەلانی دواییدا جوملەی سەلام کردن لەسەر ئیبراهیم. ئێمە بەو شێوە پاداشی چاکەکەران ئەدەینەوە، بە راستی ئیبراهیم لە بەندە خاوەن باوەڕەکانی ئێمەیە.

﴿ وَبَشَّرْنَٰهُ بِإِسْحَٰقَ نَبِيًّا مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١١٢﴾ وَبَٰرَكْنَا عَلَيْهِ وَعَلَىٰٓ إِسْحَٰقَ ۚ وَمِن ذُرِّيَّتِهِمَا مُحْسِنٌ وَظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ مُبِينٌ ﴿١١٣﴾ ﴾

وە موژدەمان دا بە ئیبراهیم بە پەیدابوونی ئیسحاق کە حاڵی وەهایە پێغەمبەرێکە لە رشتەی پیاوچاکان، یا خودی خۆی چاکەو لە پیاوە باشەکانە، وە بارانی پیرۆزیمان رژاند بەسەر ئیبراهیم و ئیسحاقا و لە نەتەوەی ئەوانیشا ئینسانی خاوەن ئیحسان و ئینسانی ستەمکاری ئاشکرا هەیە کە ستەمی لە خۆی کردووە.

﴿ وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿١١٤﴾ وَنَجَّيْنَٰهُمَا وَقَوْمَهُمَا مِنَ ٱلْكَرْبِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١١٥﴾ وَنَصَرْنَٰهُمْ فَكَانُوا۟ هُمُ ٱلْغَٰلِبِينَ ﴿١١٦﴾ وَءَاتَيْنَٰهُمَا ٱلْكِتَٰبَ ٱلْمُسْتَبِينَ ﴿١١٧﴾ وَهَدَيْنَٰهُمَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿١١٨﴾ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِمَا فِى ٱلْءَاخِرِينَ ﴿١١٩﴾ سَلَٰمٌ عَلَىٰ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿١٢٠﴾ إِنَّا

كَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢١﴾ إِنَّهُمَا مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٢٢﴾

وە بە ڕاستی منەتمان نا بە سەر مووسا و هاروونا كاتێ خۆیان و گەلەكەیانمان لە بەڵای گەورە، كە زاڵبوونی فیرعەون بوو بەسەریانا، ڕزگار كرد. دەیشگونجێ بەڵای گەورە دەریای نیل بێ كاتێ خودا فیرعەون و گەلەكەی تێدا خنكاند و مووسا و هاروون و پەیڕەوانیانی ڕزگار كرد.

وە یارمەتیمان دان و لە ئەنجامدا ئەوان زاڵ بوون بەسەر فیرعەونا و لە سەركەوتوان بوون، وە ئەو كتێبە ڕووناكەم پێداون و ڕێگەی ڕاستم نیشان داون و لەناو كۆمەڵە دواییەكانا ناو و سەلامم بۆ بەجێ هێشتوون، كە گەلانی دوایی سەلام لە مووسا و هاروون ئەكەن. ئێمە ئاوا پاداشی چاكەكەران و پیاوچاكان ئەدەینەوە، بە ڕاستی ئەوان لە بەندە موسوڵمانەكانی ئێمەن.

﴿ وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٢٣﴾ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٢٤﴾ أَتَدْعُونَ بَعْلًا وَتَذَرُونَ أَحْسَنَ ٱلْخَٰلِقِينَ ﴿١٢٥﴾ ٱللَّهَ رَبَّكُمْ وَرَبَّ ءَابَآئِكُمُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٢٦﴾ فَكَذَّبُوهُ فَإِنَّهُمْ لَمُحْضَرُونَ ﴿١٢٧﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٢٨﴾ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي ٱلْآخِرِينَ ﴿١٢٩﴾ سَلَٰمٌ عَلَىٰٓ إِلْ يَاسِينَ ﴿١٣٠﴾ إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣١﴾ إِنَّهُۥ مِنْ عِبَادِنَا ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٣٢﴾ ﴾

بێگومان ئیلیاسی كوڕی یاسین كچەزای هاروونی برای حەزرەتی مووسا لە پێغەمبەرەكانە، لەو كاتەدا كە فەرمووی بە گەلەكەی: بۆچی تەقوای خودا ناكەن؟ ئایا ئێوە بانگ لە «بەعل» ـ ناوی بتەكەیانە ـ ئەكەن و واز لە خودا دێنن كە باشترینی پەروەردگارە كە ناوی ئەڵلایە و خودای ئێوە و باوك و با پیرە گەورە پێشووەكانتانە؟!

ئەوانیش بەدرۆیان خستەوە، جا بە راستی ئەوان حازر ئەکەرێن و رائەکێشرێن بۆ مەیدان و لەوێوە بۆ شوێنی سزا، بەڵام بەندە پاکەکانم دوور و پارێزراون لە سزا، وە دوای خۆیان، لەبەر رێزی ئەوان، ناو و سەلاممان هێشتەوە بۆ «الیاسین» تا نیشانەی رێزی پیاوچاکان بێ لای خودا و، ئێمە بەو جۆرە پاداشی پیاوچاکان ئەدەینەوە و بە راستی ئیلیاس لە بەندە خاوەن باوەڕکانی ئێمەیە.

﴿وَإِنَّ لُوطًا لَّمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٣٣﴾ إِذْ نَجَّيْنَٰهُ وَأَهْلَهُۥٓ أَجْمَعِينَ ﴿١٣٤﴾ إِلَّا عَجُوزًا فِى ٱلْغَٰبِرِينَ ﴿١٣٥﴾ ثُمَّ دَمَّرْنَا ٱلْءَاخَرِينَ ﴿١٣٦﴾ وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم مُّصْبِحِينَ ﴿١٣٧﴾ وَبِٱلَّيْلِ ۗ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٣٨﴾﴾

بێ‌گومان حەزرەتی «لووت»ی برازای ئیبراهیم لە پێغەمبەرە بەڕێزەکانە لە لای خودای تەعالا، جا باسی ئەوە بکە کە خۆی و ئەهل و خێزانی هەموویان، پیرە ژنێ نەبێ کە لەوانە حیساب کرابوو کە بەر قاری خودا ئەکەون، رزگارمان کردن لە سزای وێرانکردنی نیشتمان بەسەریانا، وە پاش ئەم ئەهلە ئەودوای ئەو گەلەم هەموو وێران و وەیلان کرد و، وڵاتەکەم بەسەردا هەڵگێڕانەوە، وە ئێوە بەیانیان و ئێواران بەلایانا و بەسەر وڵاتەکەیانا رائەبوورن و شوێنەواری وێرانەیان و ئەنجامی سەرسەختی و بەدبەختی ئەبینن، ئایا پاش ئەو دیتن و تەماشا کردنە هێشتا هەر عەقڵی ئەوەتان نییە کە بیربکەنەوە لەوەدا کە فەرمانبەرداری خودا باشەو نافەرمانی خراپە؟

﴿وَإِنَّ يُونُسَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٣٩﴾ إِذْ أَبَقَ إِلَى ٱلْفُلْكِ ٱلْمَشْحُونِ ﴿١٤٠﴾ فَسَاهَمَ فَكَانَ مِنَ ٱلْمُدْحَضِينَ ﴿١٤١﴾ فَٱلْتَقَمَهُ ٱلْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ ﴿١٤٢﴾ فَلَوْلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُسَبِّحِينَ ﴿١٤٣﴾ لَلَبِثَ فِى بَطْنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴿١٤٤﴾ ۞ فَنَبَذْنَٰهُ بِٱلْعَرَآءِ وَهُوَ سَقِيمٌ ﴿١٤٥﴾ وَأَنۢبَتْنَا عَلَيْهِ شَجَرَةً مِّن يَقْطِينٍ ﴿١٤٦﴾

وَأَرْسَلْنَٰهُ إِلَىٰ مِائَةِ أَلْفٍ أَوْ يَزِيدُونَ ﴿١٤٧﴾ فَـَٔامَنُوا۟ فَمَتَّعْنَٰهُمْ إِلَىٰ حِينٍ ﴿١٤٨﴾

وە بە راستی یوونس کوڕی مەتی لە فرستادەکانی خودایە بۆ تەمێی ئادەمیزاد، لەو کاتەدا کە دڵی زویر بوو لە گەلەکەی هەڵهات بۆ ناو ئەو کەشتییە کە پڕبوو لە ئادەمی و لە کووتاڵی پێویستی ئینسان، جا کاتێ کەشتییەکەیان لە دەریادا وەستا و پەکی کەوت قورعەیان کێشا یەکێکیان بخەنە دەریاکەوە، قورعە بۆ یوونس دەرچوو و خستیانە ناو دەریاوە و نەهەنگێ قووتی دا، لەو کاتەدا یوونس لۆمەی خۆی ئەکرد: بۆچی وای کرد بە خۆی و خۆی نەگرت بەرابەر گەلەکەی؟ جا ئەگەر یوونس لەوانە نەبوایە کە لە کاتی هێمنیدا زیکری خودای ئەکرد، یا ئەگەر لە ناو سکی نەهەنگەدا نەیوتایێ: «لا إله إلا أنت، سبحانك إني كنت من الظالمين»[1] لە سکی ئەو نەهەنگەکەدا ئەمایەوە هەتا ئەو رۆژە کە ئادەمیزاد زیندوو ئەکرێنەوە لە قیامەتا، جا بە هۆی پیرۆزی ئەو زیکرو تەسبیحاتەوە فەرمانماندا نەهەنگەکە هاتە کەناری دەریا و دەمی کردەوە تا یوونس ئامادە بوو فڕمان دا دەرەوە بۆ شوێنێکی خاڵی لە دار و لە گیا و، ئەویش نەخۆش بوو، لەوێدا دارکوولەکەیەکمان بەسەردا رواند؛ چونکە ئەو دارە مێشی لێ نانیشێ و ئەویش لەشی زۆر ناسك بووبووەوە، ئەگەر مێشی لێ بنیشتایە ئازاری ئەدا، وە بەو جۆرە مایەوە تا کەمێ لەشی بەشێکی لە ساغی وەرگرت، جا رەوانەمان کرد بۆ لای گەلێ لە ئاشوورییەکان لە مووسڵدا کە ژمارەیان سەد هەزار کەس بوون و بەڵکوو لەو ژمارەیش زیاتر بوون، جا باوەڕیان پێ‌کرد و ئێمەیش خۆشی و رابواردن و سەربەرزیمان پێدان تا کاتێکی دیاریکراو.

---

١. الأنبياء؛ ٨٧

﴿فَٱسۡتَفۡتِهِمۡ أَلِرَبِّكَ ٱلۡبَنَاتُ وَلَهُمُ ٱلۡبَنُونَ ﴿١٤٩﴾ أَمۡ خَلَقۡنَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ إِنَٰثٗا وَهُمۡ شَٰهِدُونَ ﴿١٥٠﴾ أَلَآ إِنَّهُم مِّنۡ إِفۡكِهِمۡ لَيَقُولُونَ ﴿١٥١﴾ وَلَدَ ٱللَّهُ وَإِنَّهُمۡ لَكَٰذِبُونَ ﴿١٥٢﴾ أَصۡطَفَى ٱلۡبَنَاتِ عَلَى ٱلۡبَنِينَ ﴿١٥٣﴾ مَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ ﴿١٥٤﴾ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿١٥٥﴾ أَمۡ لَكُمۡ سُلۡطَٰنٞ مُّبِينٞ ﴿١٥٦﴾ فَأۡتُواْ بِكِتَٰبِكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٥٧﴾﴾

جا لەو کافرە بێهۆشانە، کە مەلائیکە بە کچی خودا دائەنێن، بپرسە: ئایا خودا کچانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و بۆ ئەوانە کوڕان؟ یا خەیر هەر لە بناغەدا من فریشتەکانم بە مێیینە دروست کردووە و ئەوان حازری دروستکردنیان بوون؟! بێداربنەوە! ئەمە لە درۆی ئەو کافرانەیە کە ئەڵێن خودای تەعالا نەوەی هەیە و ئەوان درۆزنن و، بە تایبەتی لەم وتارەدا درۆ ئەکەن.

ئایا لەسەر فەرزی نەتەوە ئەو کچان هەڵئەبژێرێ و کوڕ هەڵنابژێرێ؟ چیتان لێ قەوماوە چۆن ئەم حوکمە ناماقوولانە ئەدەن؟ ئایا بیرێ بۆ خۆتان ناکەنەوە هەتا بزانن پێویستە ئینسان قسەیێ بکا رێگەو جێگەیەکی بێ؟ یا خەیر ئەگەر کەسێ داوای بەڵگەتان لێ بکا ئێوە بەڵگەیەکی ڕووناکتان هەیە لەسەر بیر و باوەڕەکەتان؟ دەی ئەو کیتابە کە ئەم جۆرە داوایە دەسەلمێنێ لە کوێیە؟ بیهێنن ئەگەر ڕاست ئەکەن.

﴿وَجَعَلُواْ بَيۡنَهُۥ وَبَيۡنَ ٱلۡجِنَّةِ نَسَبٗاۚ وَلَقَدۡ عَلِمَتِ ٱلۡجِنَّةُ إِنَّهُمۡ لَمُحۡضَرُونَ ﴿١٥٨﴾ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٥٩﴾ إِلَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿١٦٠﴾ فَإِنَّكُمۡ وَمَا تَعۡبُدُونَ ﴿١٦١﴾ مَآ أَنتُمۡ عَلَيۡهِ بِفَٰتِنِينَ ﴿١٦٢﴾ إِلَّا مَنۡ هُوَ صَالِ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١٦٣﴾﴾

وە ئەو کافرە درۆزنانە بڕیاریان داوە لە نێوان خودا و جینەکانا پەیوەندی و ژنخوازی، ئەڵێن خودا ژنی خواستووە لە جین و لەبەر شەرەفی خودا مەلائیکە پەیدا بووە، وە بە راستی جینەکان ئەزانن و بیستوویانە کە لە رۆژی قیامەتا سزا ئەدرێن و حازر ئەکرێن بۆ سزا. خودا زۆر پاك و دوورە لەو پەیوەندییە بێ‌نرخانە کە ئەوان دروستیان کردوون، بەڵام بەندەپاکەکان دوورن لە سزا، بە راستی ئەی جینەکان ئێوەو ئەوانە کە بەندەییان بۆ ئەکەن ناتوانن ئیفسادی ئادەمیزاد بکەن لەسەر خودا، مەگەر یەکێ لە عیلمی خودادا رابوردبێ کە ئەبێ داخڵی دۆزەخ ببێ.

﴿وَمَا مِنَّآ إِلَّا لَهُۥ مَقَامٌ مَّعۡلُومٌ ﴿١٦٤﴾ وَإِنَّا لَنَحۡنُ ٱلصَّآفُّونَ ﴿١٦٥﴾ وَإِنَّا لَنَحۡنُ ٱلۡمُسَبِّحُونَ ﴿١٦٦﴾﴾

ئەم ئایەتانە چەن جوملەیەکی سەربەخۆن و بەیانن بۆ ئیقراری فریشتەکان بەوە کە ئەوان بەندەی فەرمانبەرداری خودان و، ئامادەی خزمەتن و، پەیوەندی رشتەی وەلادەت و خزمایەتییان لەگەڵ خودادا نییە وەکوو کافرەکانی قورەیش وتوویانەو بە ناو خەڵکا بڵاویان کردووەتەوە.

واتە هیچ تاقمێ لە ئێمە و هیچ یەکێ لە مەلائیکە نییە ئیللا جێگە و شوێنێکی دیاری لە خوداناسیدا و، لە بەندەیی کردنا و، لە بەجێ‌هێنانی فەرمانی خودادا لە زەویدا یا لە دەریادا یا لە هەواو ئاسماندا... هەیە، واتە هەرچۆن فەرمانمان پێ‌ئەدرێ ملکەچین بۆ بەجێ‌هێنانی.

وە هەموو ئێمە بە ریز ئەوەستین و ئامادەین بۆ بەجێ‌هێنانی فەرمان و ئێمە هەموو تەسبیحی زاتی خودا ئەکەین و بەیانی ئەوە ئەکەین کە خودا دوورە لە کەم و کوورِی و خاوەنی سیفاتی تەواو و کردەوەی جوانە.

جا مادام فریشتەکان ئەم بەیانە ئەکەن لە ئاسمانا یا لە زەویدا ئیتر ئەو داوا پڕوپووچانە کە کافرەکان ئەیانکەن بێ‌مەعنا و بێ‌سوودن.

﴿وَإِن كَانُوا۟ لَيَقُولُونَ ﴿١٦٧﴾ لَوْ أَنَّ عِندَنَا ذِكْرًا مِّنَ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٦٨﴾ لَكُنَّا عِبَادَ ٱللَّهِ ٱلْمُخْلَصِينَ ﴿١٦٩﴾ فَكَفَرُوا۟ بِهِۦ ۖ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿١٧٠﴾﴾

وە بە ڕاستی کافرەکانی قوڕەیش ئەیانوت: ئەگەر ئێمە کتێبێکمان بۆ بهاتایێ لە لایەنی خوداوە و بە هۆی فرستادەی ئەوەوە وەکوو کتێبی گەلە پێشووەکان ئێمەیش لە بەندە موخلیسەکانی خودا ئەبووین و باوەڕێکی بەهێزو کردەوەیەکی جوانمان ئەکرد. کەچی لە پاش ئەوە کە خودا کتێبێکی بەرزی بەڕێزی بۆ ناردن، کە قورئانە، ئینکاریان کرد و وتیان: کەلامی خودا نییە! جا لەمەولا لە دنیادا یا لە قیامەتا باش حاڵی ئەبن و ئەزانن ئەو قورئانە کەلامی خودایە یا نە!

﴿وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمْ لَهُمُ ٱلْمَنصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿١٧٣﴾ فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿١٧٤﴾ وَأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ ﴿١٧٥﴾ أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ ﴿١٧٦﴾ فَإِذَا نَزَلَ بِسَاحَتِهِمْ فَسَآءَ صَبَاحُ ٱلْمُنذَرِينَ ﴿١٧٧﴾ وَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّىٰ حِينٍ ﴿١٧٨﴾ وَأَبْصِرْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ ﴿١٧٩﴾﴾

بە ڕاستی ڕابوردووە و دامەزراوە وتاری ئێمە.و وەعدەمان بۆ ئەو بەندانەمان کە کراون بە پێغەمبەر و ڕەوانەکراون، بە ڕاستی ئەوانە کەسانێکی وەهان کە لە لایەنی خوداوە یارمەتییان ئەدرێ و ئەوانە سوپای ئێمەن و، هەرچی سەرباز و سوپای ئێمە بێ، بە ڕاستی ئەوە هەر ئەوانن زاڵ و سەرکەوتوو بەسەر دوژمنەکانی دینا. دەی وازیان لێ بێنە تا ماوەیێ، تا کات و سەعاتی تۆڵە لێ‌سەندنیان دێ، جا بۆیان بڕوانە بزانە چییان بەسەر دێ، لەوەولا چاویان بە ئەنجامی خۆیان ئەکەوێ! ئایا ئەو کافرانە

پەلەپەلی هاتنی سزای سەختی ئێمە ئەکەن؟ کاتێ ئەو سزا بەردەرگایان پێبگرێ و گەمارۆیان بدا ئەو کاتە سبەینێیەکی بەد و ناشیرینە سبەینێی ئەو گەلە ترسێنراوانە. دە پشتیان لێ هەڵبکە تا ماوەیێ و بڕوانە بۆ حاڵیان لەمەولا چاویان بە خۆیان ئەکەوێ!

﴿ سُبْحَٰنَ رَبِّكَ رَبِّ ٱلْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿١٨٠﴾ وَسَلَٰمٌ عَلَى ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٨١﴾ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٨٢﴾ ﴾

خودای تۆ، ئەی خۆشەویست، پاکە لە عەیبی هاوسینفی و هاوجۆری و هاوجینسی لەگەڵ هیچ شتێکدا و، پەروەردگاری خاوەن عیزەت پاکە لەو عەیبانە کە ئەو کافرانە نیسبەتیانی لێ ئەدەن. وە سەلام و هێمنی لە هەموو عەیب و مەکرووهێ بێتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرە مورسەلەکان و، هەرچی سوپاس و ستایش هەیە بۆ خودایە ئەو خودا کە پەروەردگاری هەموو عالەمە.



سووره‌تی «ص»، له سووره‌ته مه‌ککه‌ییه‌کانه، "٨٨" ئایه‌ته،
دوای سووره‌تی قه‌مه‌ر هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿صٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ ذِي ٱلذِّكۡرِ (١) بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِي عِزَّةٖ وَشِقَاقٖ (٢)﴾

ئه‌م سووره‌ته پێی ئه‌ڵێن: «صاد»، سوێند ئه‌خۆم به‌م قورئانه که هۆی ڕێز و که‌رامه‌ته بۆ ئه‌وانه که باوه‌ڕی پێ ئه‌که‌ن، وه هۆی ڕێنومایی و ئامۆژگارییه بۆ ئه‌وانه ده‌رسی ئه‌ده‌ب وه‌رئه‌گرن و، به زیکری خودا ئه‌ژمێررێ بۆ ئه‌و که‌سانه قورئان ئه‌خوێنن، سوێند به‌م قورئانه که باسمان کرد! بۆ ئه‌وه ئه‌شێ بکرێ به پێشه‌وا بۆ هۆشیاران و بکرێ به هۆی به‌ختیاری به‌ختیاران.

به‌ڵام تۆ وازبێنه له‌وه که به ڕاستی قورئان پایه‌داره، کافره‌کان هه‌میشه وان له ده‌ماربازی و ئاشووب‌سازیدا به‌رابه‌ر به‌و، وه خه‌ریکی موخالفه‌کردنی خودا و پێغه‌مبه‌ری خودان، که وابێ پێویسته دین‌خواهان خۆبگرن و خزمه‌تی قورئان بکه‌ن هه‌تا ئه‌مرن.

﴿كَمۡ أَهۡلَكۡنَا مِن قَبۡلِهِم مِّن قَرۡنٖ فَنَادَواْ وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٖ (٣)﴾

گه‌لێ ئه‌هلی چه‌رخی پێشوومان له‌ناو برد له‌سه‌ر به‌دبیری و بێ‌باوه‌ڕی و به‌دکرداری و، کاتێ گیرۆده بوون ده‌ستیان کرد به هاوار کردن و پاڕانه‌وه له خودا بۆ ڕزگار بوون،

بەڵام ئەوە کە ئەوان تیایا پاڕانەوە لە خودا وەخت بەسەر چووبوو، ماوەی پەنابردن نەمابوو.

﴿وَعَجِبُوٓاْ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٞ مِّنۡهُمۡۖ وَقَالَ ٱلۡكَٰفِرُونَ هَٰذَا سَٰحِرٞ كَذَّابٌ ﴿٤﴾ أَجَعَلَ ٱلۡأٓلِهَةَ إِلَٰهٗا وَٰحِدًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عُجَابٞ ﴿٥﴾ وَٱنطَلَقَ ٱلۡمَلَأُ مِنۡهُمۡ أَنِ ٱمۡشُواْ وَٱصۡبِرُواْ عَلَىٰٓ ءَالِهَتِكُمۡۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٞ يُرَادُ ﴿٦﴾ مَا سَمِعۡنَا بِهَٰذَا فِي ٱلۡمِلَّةِ ٱلۡأٓخِرَةِ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا ٱخۡتِلَٰقٌ ﴿٧﴾ أَءُنزِلَ عَلَيۡهِ ٱلذِّكۡرُ مِنۢ بَيۡنِنَاۚ بَلۡ هُمۡ فِي شَكّٖ مِّن ذِكۡرِيۖ بَل لَّمَّا يَذُوقُواْ عَذَابِ ﴿٨﴾﴾

وە ئەو کافرانە سەریان سوڕئەما لەوە کە پێغەمبەرێکی خەڵکترسێن لە نەتەوەی خۆیان هاتووە بۆ لایان و ئەیان‌ترسێنێ لە سزای قیامەت و، کافرەکان بەو سەرسوڕمانەوە نەوەستان، بەڵکوو هێرشیان بردەسەری و وتیان: ئەم شەخسە جادووگەرە ئەیەوێ بە فێڵ خۆی بە ڕەهبەر نیشان بدا و زۆر درۆزنە، ئایا ئەمە عەقڵ وەری ئەگرێ کە چەن خودای چەرخ بەسەرا هاتوو بەتاڵ بکاتەوە و بڵێ خودا هەر یەکێکە! بە ڕاستی ئەمە شتێکە جێگەی سەرسوڕمانە، وە کومەڵەی پیاوە گەورەکانیان لە مەجلیسی ئەبووتالیب دەرچوون و وتیان: بڕۆن بە ڕێگەی یاسای خۆتانا و خۆتان بگرن لەسەر بەندەیی و پەرستنی خوداکانتان، بە ڕاستی ئەمە کە ئەم شەخسە بەیانی ئەکا بۆ ئێوە شتێکە قەسد ئەکرێ، واتە ئەکرێ و ڕوو ئەدا، دنیا خاڵی نییە لە بەرانبەرکێ و دژایەتی. وە یا خود ئەم جۆرە داوایانە ئەم شەخسە ئەیانکا مەقسوودە بۆی بۆ گەیشتنی بە پایەی سەرۆکی و گەورەیی.

ئەمەی کە ئەم پیاوە ئەیڵێ شتێکی تازەیە و لەم چەرخە دوایيەدا نەمانبیستووە، ئەمە درۆ و دەلەسە هەڵبەستن نەبێ هیچی‌تر نییە، ئایا ئایەتی خودا لە ناو ئەم هەموو کۆمەڵی قوڕەیشەدا تەنها بۆ ئەو هاتووەتە خوارەوە؟!

جا خودا بۆ بەرانبەری ئەوان ئەفەرموێ: ئێوە واز لەم کافرانە بێنن، ئەمانە دوودڵ و گوماناوین لە هاتنی قورئاندا، واتە لە ناردنەخوارەوەی ئایەتی مندا و ئەڵێن: پەیام و هاتنەخوارەوەی وەحی لە ئاسمانەوە درۆیەو بناغەیەکی نییە. نەء، ئەمانە بۆیە ئەوەندە بێشەرمن هێشتا سزای ئێمەیان نەچەشتووە، ئەگەرنا ئەوەندە بێشەرم نەدەبوون.

﴿أَمْ عِندَهُمْ خَزَآئِنُ رَحْمَةِ رَبِّكَ ٱلْعَزِيزِ ٱلْوَهَّابِ ﴿٩﴾ أَمْ لَهُم مُّلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ۖ فَلْيَرْتَقُوا۟ فِى ٱلْأَسْبَٰبِ ﴿١٠﴾ جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ ٱلْأَحْزَابِ ﴿١١﴾﴾

ئایا ئەم کافرانە گەنجینەی میهرەبانی خودای خاوەن عیزەتی بەخشندەیان لە لایە هەتا بە ئارەزووی خۆیان پلە و پایە ببەخشنەوە؟ یا خود گەورەیی و سەرداری ئاسمان و زەوی و نێوان ئەوانیان هەیە و بە بێ ئەوان هیچ کەس بە هیچ مەبەستێ ناگا؟ جا ئەگەر وەهایە با سەرکەون بە هۆی پەینجەوە بە ئاسمانەکانا و، برۆن بۆ ئاسمان و بۆ عەرش و ئەو شوێنانەیش داگیر بکەن! خاك بەسەریان سوپاگەلێ هەن لە هەموو تاقمە عەرەبەکان کە بەم زوانە ئەشکێن و بەرباد ئەبن.

﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ ذُو ٱلْأَوْتَادِ ﴿١٢﴾ وَثَمُودُ وَقَوْمُ لُوطٍ وَأَصْحَٰبُ لْـَٔيْكَةِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلْأَحْزَابُ ﴿١٣﴾ إِن كُلٌّ إِلَّا كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ فَحَقَّ عِقَابِ ﴿١٤﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئەم سەرپێچی و بەربەرەکانییە لەگەڵ پێغەمبەرانا هەر ئیمرۆ نەبووە، ئەمە کۆنە و لە پێش ئەم کافرانی قورەیشەدا گەلی نووح و، گەلی عاد و، گەلی فیرعەونی ستەمکاری خاوەنی چوارمێخە. واتە فیرعەون یەکەم کەسێ بوو کە تاوانباری قانوونی وڵاتی خۆی ئەهێنا و چوارپەلی ئەبەستنەوە بە

چوار مێخ لە دووری یەکەوە هەتا هەر یەکێ لەوانە بکێشرێ بۆ لایێ و کابرا بەو سزاوە بمرێ. بەمە دەوترێ: «چوار مێخە کێشانەوە».

وە گەلی سەموود و، گەلی لووت و، ئەو کۆمەڵە کە لە نزیکی بێشەڵان و مێرگدا بوون. واتە گەلی شوعەیب. ئەم گەلانە هەر یەکە لە لای خۆیەوە هێرشیان بردووەتە سەر پێغەمبەرەکانی خۆیان. وە هەموو ئەمانە هیچ نەبوون ئەوە نەبێ کۆمەڵێ بوون بێشەرم و پێغەمبەرەکانی خۆیان بەدرۆخستەوە، جا قار و تۆڵەی من هات بەسەر هەموویانا.

﴿وَمَا يَنظُرُ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا صَيۡحَةٗ وَٰحِدَةٗ مَّا لَهَا مِن فَوَاقٖ ﴿١٥﴾ وَقَالُواْ رَبَّنَا عَجِّل لَّنَا قِطَّنَا قَبۡلَ يَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴿١٦﴾﴾

وە ئەو کۆمەڵە کافرانی دەوری تۆیە تەماشای هیچ ناکەن و چاوەڕوانی ناکەن بۆ دەنگێکی ترسناکی وا نەبێ کە پاش ئەو دەنگدانە ماتڵ بوون نییە بە قەی ئەوەنەی کە وشترێ ڕائەگیرێ لە نێوان دوو دۆشینا بۆ ئەوە شیر بدا بە خاوەنەکەی. وە ئەو کافرانی مەککە حاڵیان وەها بوو ئەیانوت: پەروەردگارا بەشی خۆمان پێ بدە لەو سزایە کە بۆت ئامادە کردووین لە پێش ڕۆژی حیسابا.

﴿ٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَا دَاوُۥدَ ذَا ٱلۡأَيۡدِۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿١٧﴾ إِنَّا سَخَّرۡنَا ٱلۡجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحۡنَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِشۡرَاقِ ﴿١٨﴾ وَٱلطَّيۡرَ مَحۡشُورَةٗۖ كُلّٞ لَّهُۥٓ أَوَّابٞ ﴿١٩﴾ وَشَدَدۡنَا مُلۡكَهُۥ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحِكۡمَةَ وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ ﴿٢٠﴾﴾

خۆت بگرە لەسەر وەرگرتنی تاڵی ئەو قسانە کە ئەو کافرانە ئەیانکەن و، باسی بەندەی خاوەن پایە و دڵڕووناککەرەوە «داوود»م بۆ بکە، کە خاوەن هێز و کۆشش بوو بۆ بەرگری لە مافی ڕەوای خۆیدا، بە ڕاستی ئینسانێکی گەڕاوە بوو بۆ لای خودای جیهان.

ئێمە کێوەکانمان بۆ رام کردبوو، بۆ ئەوە بەیانی و ئێوارە تەسبیحاتی خودای لەگەڵدا بکەن، وە پەلەوەریشمان لە هەموو لایەکەوە بۆ گرد کردبووەوە و دارایی و حوکوومەتی داوودمان باش بەهێز کرد و، هێزی زانستی رەسامان پێدا، هەروەها وتارێکی وامان پێ بەخشی کە داوەری دەکرد لە نێوان ناکۆکاندا بێلادان و ستەم لە هیچ بەرەیەکیان داواکەی دەبڕییەوە و، وتەکانی رەوا و بێفێڵ و تەڵەکە بوون.

﴿وَهَلْ أَتَىٰكَ نَبَؤُا۟ ٱلْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا۟ ٱلْمِحْرَابَ ﴿٢١﴾ إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ ۖ قَالُوا۟ لَا تَخَفْ ۖ خَصْمَانِ بَغَىٰ بَعْضُنَا عَلَىٰ بَعْضٍ فَٱحْكُم بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ وَٱهْدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ ﴿٢٢﴾﴾

ئایا ئەی خۆشەویست هەواڵی دوژمنەکانی لای حەزرەتی داوودت بۆ هاتووە؟ کاتێ کە بە دیواری مزگەوتەکەیدا سەرکەوتن و چوونە ماڵەوە بەسەر داوودا و داوود لێیان ترسا؛ چونکی لە ناکاوا و لە رێگەی نائاساییەوە چوونە لای. کاتێ تێگەیشتن کە داوود لێیان ترساوە، پێیان وت: لێمان مەترسە ئێمە مەبەستمان لەگەڵ تۆدا خراپ نییە. ئەوەندە هەیە ئێمە دوو کەسین نیزاعێك لە نێوانماندا هەیە و بازێکمان چووە بەسەر بازێکمانا، جا تۆ داوا و باسەکەمان لێ وەربگرە و داوەریمان بکە بە شتێ کە راست بێ و، لە داوەرییەکەدا ستەم مەکە و رێگای راستمان پێ نیشان بدە.

﴿إِنَّ هَٰذَآ أَخِى لَهُۥ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِىَ نَعْجَةٌ وَٰحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِى فِى ٱلْخِطَابِ ﴿٢٣﴾ قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ۖ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْخُلَطَآءِ لَيَبْغِى بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ ۗ وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ فَٱسْتَغْفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ ۩ ﴿٢٤﴾

فَغَفَرْنَا لَهُۥ ذَٰلِكَۖ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴿٢٥﴾ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٦﴾

جا بۆ روون کردنەوەی مەبەستەکەیان یەکێکیان بە داوودی وت: ئەمە وا لەگەڵما برامە و نەوەد و نۆ کاوڕە مێچکەی هەیە و من تاقە کاوڕێکم هەیە، کەچی براکەم ئەڵێ: ئەو کاوڕی خۆتمە پێ بدە و، بە قسە زەوتی ناکەم.

جا داوود فەرمووی: بە راستی ئەو برا زۆری لێ کردووی لەوەدا کە داوای ئەو تاقە کاوڕەی لێ کردووی تا بیخاتە پاڵ کاوڕەکانی خۆی، با لە سەد کەمتر نەبێ، بە راستی گەلێ لەوانە کە وا ماڵیان بەیەکەوەیە و ئاژەڵ و شتیان ئامێتەیە زیادەڕەوی ئەکەن و دەسدرێژی ئەکەن بەسەر بازێکیانا، ئەوانە نەبێ کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی باشیان کردووە ـ ئەوانەیش زۆر کەمن ـ.

جا کابراکان رۆیشتن و، حەزرەتی داوودعليه السلام لەم هاتنە ناوادە و لەم رۆیشتنە بە بێ هەرا و قاڵەدا بێدار بووەوە بۆ تەماشا کردنی حاڵی خۆی و، حاڵی بوو کە ئێمە گیرۆدەی ئەو ترسە ناوەختە و ئەو پرسیارەمان کردووە بۆ ئەوە کە خۆی زۆر چاودێری نەفسی خۆی بکا و بە قەی پیرۆزی پێغەمبەران پاکی نەفسییەتی خۆی رابگرێ و دووری بخاتەوە لە خەیاڵی نابار. جا لەبەر ئەوە کەوتە پاڕانەوە و کەوت بەڕوودا و بۆ لای خودا گەڕایەوە. ئێمەیش لەو خەیاڵاتە کە بە دڵیدا هاتبوون بەخشیمان. بە راستی بۆ داوود لە لای ئێمەوە پایەی نزیکی و سەرئەنجامی جوان لە قیامەتا لە کاتی بەقادا هەیە. وە بانگمان کرد: ئەی داوود ئێمە تۆمان کرد بە جێگەنشینی پێغەمبەرانی پێشوو لە گەیاندنی فەرمانی خودا و تەمێکردنی ئادەمی و حوکمدان لە نێوان ئەوانا،

ئادەمیزاد دێنە لات و داوای داوەریت لێ ئەکەن دەی بە حەق داوەرییان بکە و لە ڕێگە لامەدە و مەکەوە شوێن ئارەزووی نەفس تا لە ڕێگەی خودا لات نەدا، بە ڕاستی ئەوانە کە ئەو ڕێگەیە ون ئەکەن خودا سزایەکی سەختی بۆ داناون بە هۆی فەرامۆشکردنی ڕۆژی حیساب و ڕۆژی کێشانەکردنەوە.

وە ئەوەی کە زانایانی تەفسیر لەم شوێنەدا لەسەر یەك قسەن ئەمەیە: کە جارێ لە جاران باس و تاریفی خێزانی یەکێ لە لای حەزرەتی داوود کرا و، زۆر باسی جوانی و شۆخی ئەو ئافرەتە کرا. ئەویش لە دڵی خۆیدا وتی: خۆزگە ئەو ژنە بە حەلاڵی بۆ ئەو بوایە. لەگەڵ ئەوەیشدا خۆی لەو کاتەدا گەلێ ژن و جارییەی جوانی هەبوو. جا خودا بەم کارەساتە ئاگاداری کردەوە کە ڕەوا نییە بۆ پێشەوای مەزن خەیاڵی ئەوە بکا نیعمەتێ درابێ بە یەکێ دەردەستی بکا بۆ خۆی، وە یا بە دڵ ئارەزووی بکا.

وە زیاد لەمە هەر قسە و باسێ بکرێ هەمووی بێبایەخ و بێبناغەیە و لەگەڵ ئەو ستایشەدا ناگونجێ کە خودا بۆ ئەوی کردووە. ئەنا چۆن ئەکرێ ئینسانێ ڕەهبەر و پێغەمبەر بێ و کەژ و کێو و پەلەوەر زیکری خودای لەگەڵدا بکەن و، زۆربەی ژیانی لە جیهاد لە ڕێگەی خودادا سەرف کردبێ و، خودا بڵێ لای ئێمەوە پایەیەکی بەرز و ڕێز و نزیکی لە ئێمەوە بۆ هەیە... چۆن ئەبێ زاتی ئاوا خەریکی بیری ناڕەوا بێ؟![1]

[١. کەوا بوو ئەو داستانەی کە لە هەندێ لە کتێبەکاندا نووسراوەتەوە ـ کە گویا حەزرەتی داوود چاوی بە خێزانی یەکێ لە فەرماندەکانی بەناوی «ئەوریا» ئەکەوێ و دڵی ئەچێتە سەری و ئەوەندە ئەو فەرماندەیە ئەنێرێ بۆ جیهاد کە بەڵکوو شەهید بکرێ و ژنەکەی بخوازێ ـ لاری هەیە لەگەڵ شەئنی نوبووەت و عیسمەتی پێغەمبەرانا. وە داستانێکی بێپایەیە و لە ئیسرائیلییاتە هەروەک چۆن داستانێکی واشیان بۆ پێغەمبەری ئێمە لەگەڵ حەزرەتی زەینەبی کچی جەحشدا هەڵبەستووە ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

زاتێ لە لەوحی عیلمی ئەنوەری	ناوی نووسرابێ بۆ پێغەمبەری
جا بێتە وجوود بۆ چەرخی جیهان	لەگەڵ رەوشتی مەردانەی جوان
کاتێ هاتە ناو لە بۆ کار و بار	ببێ بە مایەی خۆشی رۆزگار
کاتێ کە دەرچوو بۆ جیلوەی جیهاد	پاڵەوانێ بێ سەربەرز و ئازاد
برازێتەوە بە ئەمری خودا	بۆ نیشاندانی ئادابی هودا
ببێ بە ئوستاد بۆ تەمێی ئینسان	ببێ بە مایەی کەرەم و ئیحسان
ببێ بە مەرکەز بۆ دەوری مەردی	بۆ ئیرشادی عام بە بێ دڵ سەردی
بە جۆشی دڵ و دەروونی بوریان	مادەی جەمادات بێنێتە گریان
قەت قابیل نییە داوێنەی چاکی	بدوورێتەوە دەزووی ناپاکی
خەیاڵی نابوود قیاسی نەفسە	قیاس لەم کارا وەسیلەی نەفسە
ئەوەی «نامی» بێ ناوی لە دینا	رێ ناکا مەگەر بە جێی ئەمینا

﴿وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَآءَ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَٰطِلًا ۚ ذَٰلِكَ ظَنُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿٢٧﴾ أَمْ نَجْعَلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَٱلْمُفْسِدِينَ فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ ٱلْمُتَّقِينَ كَٱلْفُجَّارِ ﴿٢٨﴾ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢٩﴾﴾

ئێمە ئەم ئاسمان و زەوی و نێوانی ئەوانمانە بە خۆڕایی دروست نەکردووە، ئەمە گومانی ئەو کەسانەیە کە کافرن و باوەڕیان بە خودا نییە و باوەڕیان وایە ئەم دنیا سارای زۆرانبازی و هاتوچۆی بێسەر و سەردارە! حاشا هەرچەن گیانداری بەهێز گیانداری بێهێز داگیر ئەکا، بەڵام هێزێ هەیە کە لەو خاوەن هێزە بە قیمەتتر بێ، وە ئەو کردەوانە ئەبێ هەموو وەڵامیان بدرێتەوە، هەرگیز ئێوە گومانی خراپی وەها مەبەن وەکوو کافرەکان. هاوار بۆ کافرەکان لە سزای ئاگری دۆزەخ! قەت ئێمە شتێ

دروست ئەکەین کە بێ‌حیکمەت بێ؟ یا خەیر خاوەن ئیمانەکان ئەکەین بە هاوشانی بێ‌ئیمان و، خاوەن کردەوەی باش ئەکەین بە هاوشانی بەدڕەوشتەکان؟ حاشا هەزار حاشا. یاسای ئێمە دادگەری و چاودێرییە و، رووناکی و تاریکی خودایان یەکێکە. ئەم قورئانە کتێبێکە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ لای تۆ بەرز و پیرۆزە بۆ ئەوە کە هۆشیاران بیر لە ئایەتەکانی خودا بکەنەوە. وە بۆ ئەوە ئینسانی عاقڵ تەمێی پێ بگرێ و پەندی لێ وەربگرێ.

﴿ وَوَهَبْنَا لِدَاوُدَ سُلَيْمَٰنَ ۚ نِعْمَ ٱلْعَبْدُ ۖ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴿٣٠﴾ إِذْ عُرِضَ عَلَيْهِ بِٱلْعَشِىِّ ٱلصَّٰفِنَٰتُ ٱلْجِيَادُ ﴿٣١﴾ فَقَالَ إِنِّىٓ أَحْبَبْتُ حُبَّ ٱلْخَيْرِ عَن ذِكْرِ رَبِّى حَتَّىٰ تَوَارَتْ بِٱلْحِجَابِ ﴿٣٢﴾ رُدُّوهَا عَلَىَّ ۖ فَطَفِقَ مَسْحًۢا بِٱلسُّوقِ وَٱلْأَعْنَاقِ ﴿٣٣﴾ ﴾

وە بەخشیمان بە داوود کوڕێکی نەجیب ناوی سولەیمان بوو، زۆر بەندەیەکی باش بوو، بەندەیەکی وەهابوو بە زیکر و تەسبیحات و یادی خودا لە کاتی شەو و رۆژا بۆ لای خودا ئەگەڕایەوە. واتە یادی خودا کاتی داگیر کردبوو.

لەو کاتەدا کە پاش نیوەڕۆ خەریکی رەوگی ئەسپی رەسەنی وەها بوو کە دەست و پێیان بڵاو بوو، یاخود لەسەر یەك سم رائەوەستان و ئەوەیش نیشانەی وڵاخی رەسەنە و، ئەو ئەسپانە خۆش‌رەوت بوون و پێیانەوە مەشغووڵ بوو هەتا ویردی عیبادەتی ئەو رۆژەی دواکەوت، کاتێ کە لەو کارەساتە ئاگادار بوو ئەو کارەی زۆر پێ ناخۆش بوو. فەرمووی: من خۆشەویستی ئەو رەوگەم هەڵبژارد و بەجێهێنانی زیکری خودای خۆم دواخست هەتا پەردەی کەنارەی ئاسمان رۆژی شاردەوە. ئەو رەوگەم بۆ بگێڕنەوە، کە گێڕانیانەوە بۆ لای حەزرەتی سولەیمان. دەستی کرد بە بڕینی سەر و قاچیان، واتە سەری ئەبڕین و پاش ئەوە دەست و پێشی ئەبڕین.

ریوایەت کراوە: کە حەزرەتی سولەیمان غەزای دیمەشق و نەسیبینی کرد و، لەو ولاتانەدا هەزار ئەسپی بە غەنیمەت گرت و هێنانیەوە بۆ فەلەستین و، لە رۆژێکدا لە رانواندنی ئەو ئەسپانەدا ویرد و زیکری پاش عەسری لە بیرچوو. جا ئەویش بۆ کەفارەتی ئەوە ئەسپەکانی سەربڕی و کردنی بە قوربانی لە رێگەی خودادا. لەو چەرخەدا قوربانی کردن بە ئەسپ باو بووە.

وە بازێ لە خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە: مەبەست لە مەسحی «سوق» و «أعناق» ئەمەیە کە حەزرەتی سولەیمان ئەو ئەسپانەی نیشانە کردووە لە گەردن و پەلیانا و دوایی لە رێگەی خودادا وەقفی کردوون بۆ جیهاد و بۆ ئەوەی پیاوانی جەنگی سواریان بن بۆ غەزا.

﴿ وَلَقَدْ فَتَنَّا سُلَيْمَٰنَ وَأَلْقَيْنَا عَلَىٰ كُرْسِيِّهِۦ جَسَدًا ثُمَّ أَنَابَ ﴿٣٤﴾ قَالَ رَبِّ ٱغْفِرْ لِى وَهَبْ لِى مُلْكًا لَّا يَنۢبَغِى لِأَحَدٍ مِّنۢ بَعْدِىٓ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ ﴿٣٥﴾ فَسَخَّرْنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجْرِى بِأَمْرِهِۦ رُخَآءً حَيْثُ أَصَابَ ﴿٣٦﴾ وَٱلشَّيَٰطِينَ كُلَّ بَنَّآءٍ وَغَوَّاصٍ ﴿٣٧﴾ وَءَاخَرِينَ مُقَرَّنِينَ فِى ٱلْأَصْفَادِ ﴿٣٨﴾ هَٰذَا عَطَآؤُنَا فَٱمْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٩﴾ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴿٤٠﴾ ﴾

بە راستی ئێمە سولەیمانمان گیرۆدە کرد بە رووداوێکی وەها کە دڵی ئینسانی تێك ئەدا، بەم جۆرە کە لەشێکی ناتەواومان فڕەدایە سەر کورسیەکەی، جا پاش ئەوە کە لە نهێنی ئەو فیتنە گەیی بە لاڵە و پاڵە و پاڕانەوەوە گەڕایەوە بۆ لای خودای خۆی. وە عەرزی بارەگای کرد و وتی: پەروەردگارا لێم خۆش بەو تاوانم بپۆشە و داراییەکی وایشم بدەرێ کە پاش من بۆ کەس رێك نەکەوێ دارایی وای ببێ، تا

ببێ بە موعیجزەیەکی وا دەمی تانە و خراپەی گەلی بەنیئیسرائیل بگرێ، خودایە بە راستی تۆ بەخشندەی.

جا ئێمە «با»مان بۆ رام کرد، لە هەوادا بە فەرمانی سولەیمان بە نەرمی ئەڕۆیی بۆ هەر شوێنێ سولەیمان بیویستایێ، وە شەیاتینیشمان بۆ رام کرد لە هەموو جۆرە کارکەرێ؛ وەکوو: خانوودروستکەر بۆ دروستکردنی کۆشك و قەڵای بەرز و ئەستوور، وە وەکوو ئەوانە رۆئەچن بە دەریادا بۆ دەرهێنانی جەواهیرات، وە کۆمەڵێتر لە شەیاتینی بەدڕەوشتمان بۆ رام کردبوو، کە لە زنجیرا ریز کرابوون، وە بانگمان کرد لە سولەیمان و بە وەحی پێمان وت: ئەمەی کە پێمان داوی بەخششی ئێمەیە، جا بەخشش ئەکەی بیکە و نایکەی مەیکە، بە بێ ئەوە لێپرسینەوەت هەبێ. وە بە راستی بۆ سولەیمان هەیە لە لای ئێمە نزیکی و ئەنجامی باش.

بزانن! لە بەیانی ئەو لەشەدا کە فڕەدراوەتە سەر کورسییەکەی حەزرەتی سولەیمان فەرموویانە: جارێ سولەیمان عليه السلام فەرموویەتی: ئێمشەو ئەڕۆم لە ناو خێزانەکانما ئەنووم و، لە هەرکام لەوانە کوڕێکی وام ئەبێ سوار ببێ و جیهاد بکا لە رێگەی خودادا. بەڵام ــ بە قەزا و قەدەری خودا ــ لە بیری چوو بڵێ «إن شاء اللّٰه» ، دوایی ئەو ژنانە هیچیان سکیان نەکرد یەکێکیان نەبێ، ئەویش منداڵێکی ناتەواوی بوو کە نیوە ئینسانێ بوو! جا کاتێ مامانەکەیان ئەو مەلۆتکەیە دی کەوتە خوارەوە زۆر سەری سوڕما و، هێنای لەسەر کورسییەکەی حەزرەتی سولەیمان عليه السلام فڕەی دا. کاتێ حەزرەتی سولەیمان چاوی پێیکەوت ئاگادار بووەوە و زانی ئەمە ئەنجامی ئەوەیە کە «إنشاءاللّٰه»ی نەکردووە، بۆیە بە لاڵە و پاڕانەوەوە گەڕایەوە بۆ لای خودا و داوای لێخۆشبوونی لێ کرد. «واللّٰه أعلم».

﴿وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ إِذۡ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلشَّيۡطَٰنُ بِنُصۡبٖ وَعَذَابٍ ﴿٤١﴾ ٱرۡكُضۡ بِرِجۡلِكَۖ هَٰذَا مُغۡتَسَلُۢ بَارِدٞ وَشَرَابٞ ﴿٤٢﴾ وَوَهَبۡنَا لَهُۥٓ أَهۡلَهُۥ وَمِثۡلَهُم مَّعَهُمۡ رَحۡمَةٗ مِّنَّا وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٤٣﴾ وَخُذۡ بِيَدِكَ ضِغۡثٗا فَٱضۡرِب بِّهِۦ وَلَا تَحۡنَثۡۗ إِنَّا وَجَدۡنَٰهُ صَابِرٗاۚ نِّعۡمَ ٱلۡعَبۡدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٞ ﴿٤٤﴾﴾

باسی بەندەی پاکی ئێمە بکە کە ئەییووبی کوڕی «عیص»ی کوڕی ئیسحاق و ژنەکەی «لیا»ی کچی یەعقووب بووە، لەو کاتەدا کە بانگی لە خودای خۆی کرد: بەوە کە شەیتان ئازار و سزای گەیاندووە بە دڵی من، وە ئێمە چووین بە دەمی ئەو هاوارەوە و وەحیمان بۆ نارد: پێت بکوتە بە زەویدا، ئەوە ئاوێکە بۆ ئەوە باشە خۆتی پێ بشۆی و لێیشی بخۆیتەوە، کە لێت خواردەوە دەرد و ناساغی ناوسکت هەموو لائەچن، وە کاتێ خۆیشت پێ شۆری برینی لەشت لە دەرەوە هەمووی خۆش ئەبێتەوە، ئەویش پێی کوتا بە زەویدا و ئاوەکەی بۆ دەرچوو خۆی پێ شۆری و لێی خواردەوە. وە هەرچی منداڵی لە ناو چووبوو هەمووم پێ داوە و بۆم زیندوو کردەوە و بە قەی ژمارەی ئەوانەیشم لەگەڵ ئەوانی‌تردا پێدایەوە. ئەمەیش لە میهرەبانی خۆمەوە و، تا ببێ بە یادگاریش بۆ ئەوانە کە پەند لە ڕووداوی جیهان وەرئەگرن.

وە لەبەر ئەوە کە سوێندی خواردبوو سەد داریش بدا لە خێزانەکەی ئێمە وەحیمان بۆ نارد: بازێ لقەوردەی تووڵ بگرە بە دەستەوە کە سەد دانە ببێ بەو کۆمەڵە وردە تووڵە بدە لە ژنەکەت و سوێندی خۆت مەخە. ئەویش لەسەر فەرمانی ئێمە ڕەفتاری کرد. ئێمە ئەییووبمان بە خۆگر هاتە پێش‌چاو، ئەیووب بەندەیەکی چاکی خودایە؛ چونکی زۆر پەنا بۆ خودا دەبات و دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا.

بێداری! بازێ فەرموویانە: کە ئەییووب کوڕەزای «عیص» و، ژنەکەیشی ڕەحمەی کچی ئەفراییم کوڕی یووسفە.

هەروا بازێ فەرموویانە: تاقە جارێ پێی کوتا بە زەویدا و یەك ئاو دەرچوو بۆ غوسڵ و خواردنەوەیش. وە بازێ ئەڵێن: دوو جار پێی داوە بە زەویدا و دوو ئاو دەرچووە؛ یەکێ بۆ غوسڵ و، یەکێ بۆ خواردنەوە.

وە ڕۆژێ لە ڕۆژانی ناساغی ئەییووبدا خێزانەکەی سا «لیا»ی کچی یەعقووب بووە یا ڕەحمەی کچی ئەفراییم، ڕۆیشت بۆ دەرەوە بۆ ئیشێك و درەنگ هاتەوە بۆ ماڵەوە. لەو ماوەدا ئەییووب سوێندی خوارد وتی: کاتێ هاتەوە سەد داری لێ ئەدەم! جا خودای تەعالا ئەم جۆرە کارەی نیشان دا بۆ ئەوە کە سوێندەکەی نەکەوێ.

وە بازێ لە زاناکان ئەفەرموون: ئەم حوکمە بۆ ئایینی ئێمەیش بە کار دێ.

وە بازێ لە تەفسیری: ﴿و وهبنا له أهله﴾دا فەرموویانە: یانی منداڵە مردووەکانم بۆ زیندووکردەوە و، بازێ ئەڵێن: وێنەی ئەوانەی پێدا، بەم جۆرە لە خێزانەکەی بوون پاش چاك بوونەوەی و، ئەوەندەی‌تریش.

ڕیوایەت کراوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە، لە حەزرەتەوە ﷺ کە ئەییووب علیه السلام لەو تەنگانەدا هەژدە ساڵ ماوەتەوە بە جۆرێ کە گۆشتی بەدەنی دائەڕزایە خوارەوە. وە بازێ ئەڵێن: حەوت ساڵ مایەوە. جا کاتێ خودا لەو ئازارە ڕزگاری کرد و ئاوی خواردەوە و خۆی شۆرییەوە هات لە شوێنێکدا دانیشت، کاتێ خێزانەکەی هاتەوە نەیناسی و وتی: ئەی بەندەی خودا نەخۆشێ لێرەدا بوو چی لێ‌هات؟! وە ماوەیێ قسەی لەگەڵا کرد نەیناسی، تا ئەییووب فەرمووی: بۆچی باوەڕ ناکەی؟ من ئەییووبم و خودا شیفای دام! جا ژنەکەی قەناعەتی کرد. وە ڕۆژێ حەزرەتی ئەییووب خۆی ئەشۆری، تەماشای کرد ئاڵتوون وەکوو کوللە بەسەریا ئەباری و ئەییووب بە پەلە گردی ئەکردەوە. جا خودا وەحی بۆ نارد و فەرمووی: ئەوە تێرت نەخواردووە لە

نیعمەتەکەی من؟ ئەویش عەرزی کرد: نەوەڵڵا کەس لە نیعمەتی خودا تێر ناخوا! با بێت بەسەرما هەتا هەرکاتێ کە دێ.

﴿ وَٱذۡكُرۡ عِبَٰدَنَآ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ أُوْلِي ٱلۡأَيۡدِي وَٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴿٤٥﴾ إِنَّآ أَخۡلَصۡنَٰهُم بِخَالِصَةٖ ذِكۡرَى ٱلدَّارِ ﴿٤٦﴾ وَإِنَّهُمۡ عِندَنَا لَمِنَ ٱلۡمُصۡطَفَيۡنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴿٤٧﴾ ﴾

وە باسی بەندە باشەکانم بکە کە ئیبراهیم و ئیسحاقی کوڕی و، یەعقووبی کوڕەزایەتی، کە ئەمانە خاوەن دەست و چاو بوون. واتە خاوەن هێز بوون لە ڕاگەیاندنی ئاییندا، دووربین و خاوەن چاوڕوونی بوون لە فەرمانبەرداری خودادا. وە ئێمە ئەم زاتانەمان پاك کردووەتەوە لە خراپە بە هۆی یەك سیفەتی چاکەوە کە باسی ڕۆژی قیامەتە. واتە بە زۆری باسی قەبر و قیامەت و لێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەتیان ئەکرد، بۆ ئەوە مەبادا خودایان لە بیر بچێ و نەفسیان بایی ببێ. وە ئەو زاتانە لە لای من لەو ئینسانە باشانەن کە لە ناوچەکانا هەڵبژێرراون.

﴿ وَٱذۡكُرۡ إِسۡمَٰعِيلَ وَٱلۡيَسَعَ وَذَا ٱلۡكِفۡلِۖ وَكُلّٞ مِّنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ﴿٤٨﴾ ﴾

وە باسی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم بکە کە چەن فەرمانبەرداری باوك و دایکی بوو، وە چەن ئینسانێکی ڕاستگۆ و بە ئیدارە بوو لەگەڵ هەموو کۆمەڵێکدا. وە باسی ئەوەی بکە کە لە لایەنی ئێمەوە ڕەوانە کرابوو بۆ ڕاگەیاندنی شەریعەتی ئیبراهیمی باوکی.

وە باسی «الیسع» بکە کە کوڕی «اخطوب» بوو، حەزرەتی ئیلیاس کردی بە جێداری خوێ لەسەر بەنیئیسرائیل و، پاش ماوەیێ خودا وەحی بۆ نارد و کردی بە پێغەمبەر.

وە باسی «ذاالكفل» بكە، ئەویش ئامۆزای «الیسع» بوو لە بەنیئیسرائیل بوو. یاخود مەبەست لە «ذو الكفل» بیشری كوڕی ئەیيووبە.

ریوایەت كراوە: كە نزیكەی سەد كەس لە پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیل لە دەس فیتنە رایان كرد بۆ لای، ئەویش كەفالەتی كردن بۆیە بە (ذوالكفل) ناسرا. وە مەشهوور وایە مەرقەدی لە نزیكی شاری حیللەدایە لە عێراقدا.

وە ئەم زاتانە هەموو لە پیاوە باشەكانن.

﴿ هَٰذَا ذِكْرٌ ۚ وَإِنَّ لِلْمُتَّقِينَ لَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴿٤٩﴾ جَنَّٰتِ عَدْنٍ مُّفَتَّحَةً لَّهُمُ ٱلْأَبْوَٰبُ ﴿٥٠﴾ مُتَّكِـِٔينَ فِيهَا يَدْعُونَ فِيهَا بِفَٰكِهَةٍ كَثِيرَةٍ وَشَرَابٍ ﴿٥١﴾ ۞ وَعِندَهُمْ قَٰصِرَٰتُ ٱلطَّرْفِ أَتْرَابٌ ﴿٥٢﴾ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴿٥٣﴾ إِنَّ هَٰذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴿٥٤﴾ ﴾

ئەمەی كە باسم كرد لە هەواڵی ئەم زاتانە شەرەفە بۆ ئینسان بیانزانێ؛ چونكی نابێ عاقڵ بێئاگابێ لە مێژووی پیاوی گەورە. وە بێگومان هەیە بۆ ئەوانە كە ئەهلی تەقوان و خۆیان لە سزای خودا ئەپارێزن ئەنجامی جوان كە بریتییە لە بەهەشت و گەیشتن بە خودا و بەردەوامی لە خەیر و شادمانیدا، وە ئەو شوێنە كە جێگەیانە بەهەشتی ناسراو بە «عدن»ە، كاتێ نزیكی ئەو بەهەشتە بوونەوە دەرگاكانیان بۆ كراوەتەوە و، لەو بەهەشتەدا لەسەر كورسی پاڵ ئەدەنەوە لەوێ بانگ لە فریشتەی بەهەشت ئەكەن كە میوەی هەمەجۆریان بۆ بێت و، خواردنەوەی پاكیان بۆ بكرێتە ناو پەرداخەوە و لایاندا حازر ببێت. وە چەن حۆری وایان لە لادایە كە لە مێردەكانی خۆیان بەولاوە بۆ كەس ناڕوانن و دڵیان بۆ كەسیتر ناچێ ئەو حۆرییانە هەموو هاوتەمەنی مێردەكانیانن. ئەمە ئەوە بوو كە بەڵێنتان پێدرا بوو رۆژی لێپرسینەوە. بە راستی ئەمە هەموو رۆزی ئێمەیە بۆ ئێوە و تەواو بوونی نییە.

﴿هَـٰذَا ۚ وَإِنَّ لِلطَّـٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴿٥٥﴾ جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٥٦﴾ هَـٰذَا فَلْيَذُوقُوهُ حَمِيمٌ وَغَسَّاقٌ ﴿٥٧﴾ وَءَاخَرُ مِن شَكْلِهِۦٓ أَزْوَٰجٌ ﴿٥٨﴾ هَـٰذَا فَوْجٌ مُّقْتَحِمٌ مَّعَكُمْ ۖ لَا مَرْحَبًۢا بِهِمْ ۚ إِنَّهُمْ صَالُوا۟ ٱلنَّارِ ﴿٥٩﴾ قَالُوا۟ بَلْ أَنتُمْ لَا مَرْحَبًۢا بِكُمْ ۖ أَنتُمْ قَدَّمْتُمُوهُ لَنَا ۖ فَبِئْسَ ٱلْقَرَارُ ﴿٦٠﴾ قَالُوا۟ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا هَـٰذَا فَزِدْهُ عَذَابًا ضِعْفًا فِى ٱلنَّارِ ﴿٦١﴾ وَقَالُوا۟ مَا لَنَا لَا نَرَىٰ رِجَالًا كُنَّا نَعُدُّهُم مِّنَ ٱلْأَشْرَارِ ﴿٦٢﴾ أَتَّخَذْنَـٰهُمْ سِخْرِيًّا أَمْ زَاغَتْ عَنْهُمُ ٱلْأَبْصَـٰرُ ﴿٦٣﴾ إِنَّ ذَٰلِكَ لَحَقٌّ تَخَاصُمُ أَهْلِ ٱلنَّارِ ﴿٦٤﴾﴾

ئەوەی لە پێشەوە باس کرا لە: شوێنی خۆش و، میوەی هەموو چەشنە و، خواردنەوەی پاك و، ژنی جوان و... ژیانی خەڵکی بەهەشت بوو. وا لێرەیشدا دیمەنێکی ناو دۆزەخ دەخوێنینەوە:

حەق ئەوەیە کە باسم کرد، بە راستی هەیە بۆ ئەو کافرە بایی‌بوانە ئەنجامی ناهەموار و ناشیرین کە بریتییە لە دۆزەخ و ئەڕۆنە ناوی و جێگە و مەنزڵگایەکی نابارە. ئەمە حاڵیانە جا با بیچەژن: خواردنەوەکەیان ئاوی گەرمی سك سووتێنە و ئاوی برینی خەڵکی دۆزەخە. وە جۆرێکی‌تریش لە خواردنەوە یا لە سزای دۆزەخ هەیە بۆ ئەو کافرانە لە وێنەی ئەو زووخاو و زیچکاوە، وە ئەمانە چەن بەشێکن لەیەك ئەچن. جا لەو کاتەدا کە کافرەکان ئەبرێن بۆ دۆزەخ و ئەخرێنە ناو دۆزەخەوە بازێ لە کافرە گەورەکان کە لە دنیادا دەوریان گێرابوو ئەڵێن بە بازێکیان: ئەمە کۆمەڵێکە لە کافران وا دێنە دۆزەخەوە لەگەڵ ئێوەدا. واتە لەو کافرە سووکە بێ‌نرخەکان بە خێر نەیەن و مەرحەبایان لێ نەبێ! بە راستی ئەمانە شیاوی ئاگری دۆزەخن و ئەڕۆنە

ناو ئاگری دۆزەخەوە. جا کافرەکانیتر کە لە دنیادا لە خوار ئەوانەوە بوون و پلەیان لەوان کەمتر بووە ئەڵێن بەو بازە گەورە: ئێوە بەخێر نەیەن و مەرحەباتان لێ نەبێ، ئێوە ئەم سزا نابارەتان بۆ ئێمە سازاند، واتە ئێوە بوون بە هۆی ئەم ڕۆژە ڕەشەی ئێمە. ئەم دۆزخە کە ئێوە ئێمەتان بۆ هێنا شوێنێکی زۆر خراپ و نابارە و، ئێوە ئێمەتان دووچاری کرد. جا دوایی ئەم کافرانە بە جۆشەوە ئەپاڕێنەوە و ئەڵێن: خودایە هەرکەس ئەم سزایە خستە پێش دەمی ئێمە و ئاوا تووشی کردین. تۆ سزای دوو قاتی بدەرێ و ئەو قاتەی بۆ زیاد بکە بەسەر هەموو خەڵکەکانیتری دۆزەخدا.

وە هەموو کافرە بایی بووەکان ئەڵێن: ئەوە چیمان لێ قەوماوە ئەو پیاوانە کە لە دنیادا بە خراپ و شوومان ئەزانین ئێستە لە دۆزەخدا نایان بینین و چاومان پێیان ناکەوێ؟ ئایا ئەوان پیاوی باش بوون و جێگەیان بەهەشتە و ئێمە بە ناڕەوا لە دنیادا گاڵتەمان پێ ئەکردن، یاخود ئەوان هەر خراپ بوون و ئێستە وان لە ناو دۆزەخا و بەڵام چاوی ئێمە لایان داوە و تێکچوون و ئەوان نابینن؟ جا ئا ئەم باسە بۆم کردن یانی دوژمنایەتی ئەهلی دۆزەخ ڕاستە و بە ڕاستی بزانن.

﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ مُنذِرٌ ۖ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴿٦٥﴾ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ ﴿٦٦﴾ قُلْ هُوَ نَبَؤٌا۟ عَظِيمٌ ﴿٦٧﴾ أَنتُمْ عَنْهُ مُعْرِضُونَ ﴿٦٨﴾ مَا كَانَ لِىَ مِنْ عِلْمٍۭ بِٱلْمَلَإِ ٱلْأَعْلَىٰٓ إِذْ يَخْتَصِمُونَ ﴿٦٩﴾ إِن يُوحَىٰٓ إِلَىَّ إِلَّآ أَنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٧٠﴾﴾

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو بەو کافرانە: من هیچ نیم ئەوە نەبێ ئادەمیزاد و جینی ئەترسێنم لە سزای خودا و، هیچ خودایێ نییە ئەو زاتە نەبێ کە ناوی «اللّٰه»یە و تاق و تەنیایە لە زات و لە سیفاتا و، باڵادەستی هەموو کەسێکە، پەروەردگاری

ئاسمانەکان و زەوی و ئەوانەیشە وان لە نێوانیاندا، خودایەکی خاوەن عیززەتە و تاوانبەخشە. تۆ بفەرموو بەو کافرانە: ئەوەی کە من بەیانم کرد لە کتێبی خودا هەواڵێکی گرنگ و گەورەیە، بەس ئێوە لەبەر بێئاگایی خۆتان لێی لائەدەن و خۆتانی تێ ناگەیەنن، وە عاقڵ لەوە بێخەبەر نەبێ؛ چونکی بوونەکەی بە شایەتی شوێنەوار دامەزراوە و، یەکیەتییەکەیشی بە دەلالەتی دەوامی یاسای رۆزگار سابتە، وە سیفاتەکانی دەرئەکەون بۆ کەسێ بە شوعووری ورد تەماشای جوانی شوێنەوارەکانی بکا.

وە ئەگەر عاقڵ بوونایێ بە بێ دوودڵی باش ئەتان زانی کە من پێغەمبەری خودام؛ چونکی ئەو قسە باسی زەوی و ئاسمانە چۆن لە خۆمەوە ئەزانم؟ من هەرگیز ئاگاداری و زانستم نەبووە بە کۆمەڵەی مەجلیسی زۆر بوڵەند و باڵا لە کاتێکدا لە ناو خۆیانا ئەکەونە رەد و بەدەڵ و قسە بە زۆراندان. [بە من وحی ناکرێ مەگەر بەو هۆیەی کە من ترسێنەرێکی ئاشکرام].

﴿إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى خَٰلِقٌۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾ فَسَجَدَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ كُلُّهُمْ أَجْمَعُونَ ﴿٧٣﴾ إِلَّآ إِبْلِيسَ ٱسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ يَٰٓإِبْلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسْجُدَ لِمَا خَلَقْتُ بِيَدَىَّ ۖ أَسْتَكْبَرْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْعَالِينَ ﴿٧٥﴾ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ ۖ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴿٧٦﴾﴾

وە ئەو قسە بەیەکادانەیان لەو کاتەدا بوو کە خودا بە مەلائیکەکانی فەرموو: من ئەمەوێ ئادەمیزادێ لە قوڕ خەلق بکەم، جا لە کاتێکدا تەواو رێکمخست و فوومان پێدا کرد بەو رۆحی حەیاتی تەواوە کە لە توانای مندایە ئەوە ئێوە بە روودا بکەون و کرنووشی رێزی بۆ ببەن، لە واقیعا کاتێ کە خودای تەعالا ئادەمی دروست کرد

و رۆحی کرد بەبەریا هەموو مەلائیکەکان ـ ئیبلیس نەبێ ـ سوجدەیان بۆ برد، ئەو فیزی کرد و سوجدەی نەبرد و لە کافرەکان ژمێررا. جا خودا فەرموی: ئەی ئیبلیس بۆ سوجدەت بۆ ئادەم نەبرد و، چی نەیهێشت سوجدە بۆ ئەو کەسە بەری کە خۆم موباشەرەی کاری دروستکردنی ئەوم کردووە و، بە هێز و تەوانایی خۆم گیانم کردووە بەبەردا؟

ئایا خۆت بە گەورە دانا بە بێ ئەوە لایەقت بێ؟ یاخود لە زاتی خۆتا لە واقیعا پایە بەرز و گەورەی؟ ئەویش هاتە وەڵام و وتی: بە خۆڕایی خۆم بە زل نەگرت، بەڵکوو من هەر بە تەبیعەتی خۆم لەو گەورەترم؛ تۆ منت لە ئاگری ناسك و نوورانی دروست کردووە و ئادەمت لە گڵێکی خەست و تاریك دروست کردووە، کە وابێ من لەو بەرزترم و سوجدەی بۆ نابەم.

﴿ قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ﴿٧٧﴾ وَإِنَّ عَلَيۡكَ لَعۡنَتِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿٧٨﴾ قَالَ رَبِّ فَأَنظِرۡنِيٓ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ﴿٧٩﴾ قَالَ فَإِنَّكَ مِنَ ٱلۡمُنظَرِينَ ﴿٨٠﴾ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡوَقۡتِ ٱلۡمَعۡلُومِ ﴿٨١﴾ قَالَ فَبِعِزَّتِكَ لَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٢﴾ إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴿٨٣﴾ قَالَ فَٱلۡحَقُّ وَٱلۡحَقَّ أَقُولُ ﴿٨٤﴾ لَأَمۡلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنكَ وَمِمَّن تَبِعَكَ مِنۡهُمۡ أَجۡمَعِينَ ﴿٨٥﴾ قُلۡ مَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُتَكَلِّفِينَ ﴿٨٦﴾ إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴿٨٧﴾ وَلَتَعۡلَمُنَّ نَبَأَهُۥ بَعۡدَ حِينِۭ ﴿٨٨﴾ ﴾

جا خودای تەعالا فەرمووی: مادام تۆ خۆت وا تەماشا ئەکەی دەرچۆ لە بەهەشتی کەرامەتسەرای من، بە راستی تۆ لە میهرەبانی من دوورخراویتەوە نەفرین و لەعنەتی

منت لەسەرە تا رۆژی قیامەت؛ چونکە هیچ نەبێ ئەزانی دروستکردنی ئادەم لە گڵ و دروستکردنی تۆ لە ئاگر بە خواستی خودایە، نەك بە خواستی خۆتان. پێویست بوو ئەوەندە تەماشا بکەی کە بوون و نەبوونی تۆ وا لەسەر خواست و ئیرادەی ئێمە.

جا ئیبلیس عەرزی بارەگای خودای کرد: مادام وای لێهات ماوەی مانەوەم پێ بدە هەتا ئەو رۆژە کە ئادەمیزاد و باقی هۆشیاران زیندوو ئەکرێنەوە! خودای تەعالا فەرمووی: تۆ لە مۆڵەتدراوەکانی هەتا هاتنی ئەو کاتە دیارییە.

جا شەیتان بە جەسارەتەوە وتی: سا قەسەم بە گەورەیی خۆت هەموویان لە رێگە لائەدەم و گومڕایان ئەکەم، ئەو بەندانە نەبێ کە زۆر پاك کراونەتەوە لە خەوش و خاڵی تەعەلوقاتی ناهەموار.

جا خودای تەعالا فەرمووی: من حەقم و راستم و قسەی حەقیش ئەکەم و ئەڵێم: دۆزەخ بەو گەورەییە کە هەیە پڕی ئەکەم لە تۆ و لەو کەسانە ئەکەونە شوێنی تۆ لە ئادەمیزاد و لە پەری هەموولایەکیان بە تێکڕایی.

جا ئەی خۆشەویست تۆ بفەرموو من داوای ماڵ و مادە لە ئێوە ناکەم لەسەر ئەم بەیانە و، من لەوانە نیم بە «تصنع» و زۆر قسە بکەم. ئەم قورئانە کەلامی منە و رەوانە کراوە و، زیکر و رێنومایی و ئامۆژگارییە بۆ جیهان و، لەمەولایش گەورەیی قورئان و سوود و قازانجی بۆ هۆشیاران ئەزانن و، بۆتان دەرئەکەوێ قورئان بەسوودە بۆ رێنومایی و خزمەتی هۆشیارانی ئادەمیزاد تەنانەت لە خزمەت و رەفتاری باش لەگەڵ گیانلەبەرانا.

سووره‌تی زومه‌ڕ، له‌ سووره‌ته‌ مه‌ککه‌ییه‌کانه‌، ئایه‌ته‌کانی "٥٢" و "٥٣" و "٥٤" نه‌بێ، "٧٥" ئایه‌ته‌، پاش سووره‌تی سه‌به‌ء هاتووه‌ته‌ خواره‌وه‌.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ۝١ إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ۝٢ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ ۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِى مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ كَٰذِبٌ كَفَّارٌ ۝٣ لَّوْ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّٱصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ ۖ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ۝٤﴾

ئه‌مه‌ که‌ هاتووه‌ته‌ خواره‌وه‌ بۆ لات، کتێبێکه‌ له‌ لای خودایه‌کی خاوه‌ن عیزه‌ته‌وه‌ بۆت هاتووه‌، ئه‌و خودایه‌ ده‌ستی به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا ئه‌ڕوا و خاوه‌ن حیکمه‌ته‌ له‌ کاره‌کانیا.

به‌ راستی ئێمه‌ قورئانمان نارده‌ خواره‌وه‌ بۆ لای تۆ به‌ هۆی خواستی دامه‌زراندنی بیر و باوه‌ڕی راست و کرده‌وه‌ی باشه‌وه‌. ده‌ی به‌نده‌یی بۆ خودا بکه‌ له‌ حاڵێکدا

که کردەوەی خۆت لە هەموو تۆز و گەردێ پاك بکەیتەوە. وە بزانن کردەوەیێ که پاك بێ هەر بۆ خودایە و خودا هەر دینی پاکی ئەوێ. وە ئەو کەسانە کە بێجگە لە خودا دۆستانیان بۆ خۆیان بڕیار داوە و بەهانەیان ئەوەیە ئەڵێن: ئێمە بۆیە بەندەیی بۆ ئەو بتانە ئەکەین تا لە خودامان نزیك بخەنەوە بە چەن پلەیێ، ئەوە خودا ئەو بەهانە بێمەعنایانە وەرناگری و، بە ڕاستی خودایش حوکم ئەکا لە بەینی ئەوان و بەینی ئەهلی ئیمانا لەو شتانەدا کە ئەوان جیاوازییان تیایانا هەیە و، لەسەریان تێکچوون. واتە بەندەیی هەر بۆ خودایە و بە هیچ بەهانەیەکەوە بەندەیی بۆ غەیری خودا وەرناگیرێ، وە ئەمانە کافر و درۆزنن و، بە ڕاستی خودا هیدایەتی کافر و درۆزن و ساختەچی نادا. خودا ڕاستە و ڕاستی خۆش ئەوێ. وە لە غەیری ئەو یاسای شەرعە دایناوە بۆ بەندەیی هەرکەس هەر یاسا و ڕێبازێ‌تر بگرێ پووچە و بە قەی پووشێ بایەخی نییە.

وە هەر وەکوو هاوبەش دانانەکەیان بۆ خودا کوفرە، نەوە دانە پاڵ خودایش کوفرە، لەبەر ئەوە نەتەوە لەسەر هاونەوعی ئەڕوا و ئەوەیش سەبارەت بە خودا مەحاڵە؛ چونکە ئەگەر خودا خواستی نەوە بکات ئەبێ لەو شتانە وان بە لایەوە، لە دروستکراوی خۆی، هەڵبژێرێ ئەمەیش شتێکی موستەحیلە؛ چونکی مەخلووق هاونەوعی خالیق نییە.

﴿خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِٱلْحَقِّ ۖ يُكَوِّرُ ٱلَّيْلَ عَلَى ٱلنَّهَارِ وَيُكَوِّرُ ٱلنَّهَارَ عَلَى ٱلَّيْلِ ۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ أَلَا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفَّٰرُ ۝٥ خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَأَنزَلَ لَكُم مِّنَ ٱلْأَنْعَٰمِ ثَمَٰنِيَةَ أَزْوَٰجٍ ۚ يَخْلُقُكُمْ فِى بُطُونِ

أُمَّهَٰتِكُمْ خَلْقًا مِّنۢ بَعْدِ خَلْقٍ فِى ظُلُمَٰتٍ ثَلَٰثٍ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ ٱلْمُلْكُ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴿٦﴾

ئەو خودایە خودایەکە ئاسمانەکان و زەوی بە حەق دروست کردووە، شەو دێنێتەوە بەسەر رۆژا و رۆژ دێنێتەوە بەسەر شەوا، واتە جاربەجار شەو رۆژ دائەپۆشێ و جاربەجار بە پێچەوانەوە. وە رۆژ و مانگی رام کردووە بۆ هاتوچۆو هەڵسووڕان و هەرکام لەوان دێت و ئەچێ هەتا ئەو کاتە بڕیاردراوە بۆیان کە راوەستن. بێدارەوەبن کە هەر خودا خاوەن عیززەت و تاوانبەخشە.

ئێوەی لە یەك نەفس دروست کردووە کە ئادەمە و، لەو نەفسە ژنەکەی دروست کردووە کە «حەوا»یە. وە لە بارەگای بەرزی میهرەبانی خۆیەوە هەشت جۆر لە حەیواناتی بۆ ناردوون بۆ ئیستیفادە و ژیواری ئێوە لەسەریان:

دوو وشـتری بـەرز بـێداوا و بـێ گەڕ   دوو بزن و دوو مەڕ دووگای خاوەن فەڕ

وە خودا دروستتان ئەکا و پێتان ئەگەیەنێ لە ناو سکی دایکتانا بە دروست کردن پاش دروستکردن، گیانلەبەرێکی رێك لە پاش پارچەگۆشتی لە پاش نوتفە و خوێن. وە لە سێ تاریکیدا پاراستوونی: تاریکی منداڵدان، تاریکی رەحەم، تاریکی سك. جا ئەو کەسە کە ئەمانە ئەکا زاتی خودایەکە وا پەروەردگاری ئێوەیە، هەر بۆ ئەوە سەرۆکایەتی و تەسەڕوفات، هیچ خودایێ نییە ئەو نەبێ، جا ئیتر ئێوە چۆن لە رێگەی راست لائەدرێن؟

رێـگەی راسـتەڕێ رێـگەی خـودایـە   غـەیری رێـگەی حـەق رێـگەی هـەوایـە
کـــەوتیتە هـــەوا هـــەر دائـــەکەوی   چـونکی هـەوای نـەفس فـەوتانی تـیایە

﴿إِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِىٌّ عَنكُمْ ۖ وَلَا يَرْضَىٰ لِعِبَادِهِ ٱلْكُفْرَ ۖ وَإِن تَشْكُرُوا۟ يَرْضَهُ لَكُمْ ۗ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۗ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٧﴾﴾

ئەگەر ئێوە لەسەر کوفرەکەتان ئەمێننەوە ئەوە بزانن خودا بێ‌نیازە لە ئێوە، وە خودا رازی نییە بە کوفر بۆ بەندەکانی خۆی. وە ئەگەر ئیمان دێنن و سوپاسی خودا ئەکەن ئەوە خودا بەوە لە ئێوە رازی ئەبێ. وە هیچ نەفسێکی موکەللەفی بارهەڵگر باری یەکێ‌تر هەڵناگرێ، لە پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای خودایە، جا هەواڵتان پێ ئەدا بە جەزای کردەوەکان و کردەوەکان خۆیان. بە راستی خودا زانایە بەو خەیاڵانە وان لە سینەدا، یانی کە بە دڵدا رائەبوون.

﴿وَإِذَا مَسَّ ٱلْإِنسَٰنَ ضُرٌّ دَعَا رَبَّهُۥ مُنِيبًا إِلَيْهِ ثُمَّ إِذَا خَوَّلَهُۥ نِعْمَةً مِّنْهُ نَسِىَ مَا كَانَ يَدْعُوٓا۟ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا ۖ إِنَّكَ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلنَّارِ ﴿٨﴾﴾

کاتێ نەخۆشییەك یا گەدایی و نەبوونییەك یا ترسێ لە زۆرداری، بدا لە ئینسانێ بە گەڕانەوەوە بۆ لای خودا و بە پاڕانەوەوە بۆ لای بانگی لێ ئەکا و هاواری بۆ ئەبا، پاش ئەوە کە خودا بەهاواریەوە هات و بەڵاکەی لەسەر لابرد و نیعمەتێکی لە لایەنی خۆیەوە داپێی گورج ئەو بەڵا و مەینەت و پاڕانەوەی پێشووەی لە بیر ئەچێ و، چەند وێنە و نەیارێکی زۆر بۆ خودا بڕیار ئەدا بۆ ئەوە خەڵك گومڕا بکا و لە رێگەی راست لایان بدا. جا تۆ بەو کەسە بڵێ: ماوەیەك رابوێرە و لەزەت لە کوفرەکەت وەربگرە لە ماوەیەکی کەمدا کە ماوەی ژیانی دنیایە؛ چونکە تۆ لە ئەهلی ئاگری دۆزەخی.

﴿أَمَّنْ هُوَ قَٰنِتٌ ءَانَآءَ ٱلَّيْلِ سَاجِدًا وَقَآئِمًا يَحْذَرُ ٱلْءَاخِرَةَ وَيَرْجُوا۟ رَحْمَةَ رَبِّهِۦ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٩﴾﴾

ئایا کەسێ کە بەندەیی خودا بکا لە سەعاتەکانی شەوا و لە کاتی راوەستانا بە پێوە و، لە کاتێکدا کە سوجدە بۆ خودا ببا و لە سزای قیامەت بترسێ و رجای رەحمەتی خودای ببێ وەکوو کەسێ وەهایە کە دوور بێ لەم سیفەتانە؟ تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو: وەکوو یەك نین و، ئایا هەرگیز وەکوو یەك ئەبن ئەوانە کە زانان بە زات و سیفاتی خودا لەگەڵ ئەوانەدا کە هیچ نازانن؟ بە راستی بیر ناکاتەوە بە جۆرێ کە قازانجێکی دینی یا دنیایی ببێ کەسانێ نەبێ کە عەقڵی ساغیان هەیە.

﴿قُلْ يَٰعِبَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمْ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ فِى هَٰذِهِ ٱلدُّنْيَا حَسَنَةٌ ۗ وَأَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٌ ۗ إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾ قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿١١﴾ وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٢﴾ قُلْ إِنِّىٓ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّى عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٣﴾ قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُۥ دِينِى ﴿١٤﴾ فَٱعْبُدُوا۟ مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِۦ ۗ قُلْ إِنَّ ٱلْخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْخُسْرَانُ ٱلْمُبِينُ ﴿١٥﴾ لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ ٱلنَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ۚ ذَٰلِكَ يُخَوِّفُ ٱللَّهُ بِهِۦ عِبَادَهُۥ ۚ يَٰعِبَادِ فَٱتَّقُونِ ﴿١٦﴾﴾

ئەی پێغەمبەر تۆ لە لای منەوە بە خاوەن باوەڕەکان بڵێ: ئەی بەندە خاوەن باوەڕەکان لە خودا بترسن و خۆتان لە نافەرمانی ئەو بپارێزن، هەیە بۆ ئەو کەسانە کە

لە دنیادا ڕەفتاری باش ئەکەن لە پاشەڕۆژا پاداشێکی باش. یاخود هەیە بۆ چاکەکەرەکان لەم دنیادا چاکییەك کە عافییەت و ژیواری دنیایە و، لە پاشەڕۆژیشدا چاکەیەکیان بۆ هەیە کە چوونە بەهەشتە. وە ئەگەر لە وڵاتی خۆتانا ماوەی تاعەت و بەندەیی خوداتان کەم بوو ئەوە بزانن خاکی خودا زۆر گوشاد و بڵاوە و زەوی فراوانە، بڕۆن بۆ شوێنێکی‌تر و لەوێ بەندەیی خودا بکەن، بە ڕاستی ئەو کەسانە کە خۆگرن لەبەر باری ئاڵۆزی دنیادا و خۆگرن لە عاستی بێ ماوەیی و کەم دەسەڵاتیدا و لەسەر نوێژ و فەرمانبەری دەوام ئەکەن بۆ خاتری ئیمان ڕاگرتن، ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتا بێ‌ئەندازە پاداشیان ئەدرێتەوە.

تۆ پێیان بڵێ: بە ڕاستی من فەرمانم پێدراوە کە بەندەیی خودا بکەم و ئایینی خۆم پاك بکەمەوە لە دووڕوویی و تەمەڵی و ناتەوانی، وە فەرمانم پێدراوە کە من ببم بە یەکەم موسوڵمانی جیهانی خۆم.

تۆ بڵێ: من ئەگەر نافەرمانی خودا بکەم ئەترسم سزایەکی گەورەم لە لایەنی خوداوە بۆ بێت. تۆ بڵێ: من بەندەیی تەنها بۆ خودای خۆم ئەکەم و دینی خۆم بۆ خودا پاك ئەکەم. جا ئێوە بە ئارەزووی خۆتان هەرچی ئەپەرستن بیپەرستن.

تۆ بڵێ: زیانکارەکان ئەوانەن کە نەفسی خۆیان و ماڵ و خێزانیان لەکیس چووە؛ چونکە بەندەیی لەگەڵ باوەڕا هۆی پارێزی ئینسان و ئەهلی ئینسانە، خۆ ئەوان نە خۆیان و نە ئەهلیان باوەڕیان نییە، کە وابوو زیانکاری قیامەتن. جا بێداربنەوە ئەم زیانی نەفس و خێزانە زیانێکی زۆر ئاشکرایە.

ئەمانە بۆیان هەیە لە لای سەروویانەوە چەن تەبەق لە ئاگر و لە ژێریشەوە چەن تەبەق، بەم سزایە خودای تەعالا بەندەکانی خۆی ئەترسێنێ، ئەی بەندەکانم لە خودا بترسن و خۆتان لە نافەرمانی و کوفر و ئینکاری حەق و لە تاوانباری بە کردەوەی ناحەق و بە ڕۆچوون لە دەریای دنیا پەرستیدا، بپارێزن.

﴿وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ ۚ فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾ أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ ٱلْعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِى ٱلنَّارِ ﴿١٩﴾ لَٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِّن فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ ۖ لَا يُخْلِفُ ٱللَّهُ ٱلْمِيعَادَ ﴿٢٠﴾﴾

وە ئەو بەختیارانە کە لە ئیبلیسی لە رێگەلاداو دوورکەوتوونەتەوە، واتە لە بەندەیی و پەرستیاری ئەو دوورکەوتوونەتەوە و گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا، ئەوانە موژدەیان بۆ دێ بە پاداشی چاکە لەسەر بیر و باوەڕی پاك و کردەوەی چاك. جا تۆ موژدە بدە بەوانە کە بەندەی ساغ و تایبەتی منن کە کەسانێکن گوێ ئەگرن و دڵ رائەگرن بۆ فامی دەرس و ئامۆژگاری و لە حەرام و مەکرووه دوورئەکەونەوە و، لە واجبات و مەندووبات نزیك ئەبنەوە، وە لە ناو ئەمانەدا لەسەر یاسای دین ئەکەونە شوێنی ئەوە کە جوانترە لە هەموو، گرنگتر پێش گرنگ ئەخەن، بۆ نموونە لە نێوان لێبووردن و تۆڵەدا لێبووردن هەڵئەبژێرن، ئەوانە کۆمەڵێکن کە خودا هیدایەتی داون بۆ خێری دنیا و قیامەت، وە ئەوانە خاوەنی عەقڵ و هۆشی ساغن. ئیتر ئەو کەسانە کە ئەوەندە ئامۆژگاریت کردن بە تەواوی ماندوو بووی و، دەرسی حەق ناڕوا بە دەماخیانا وازیان لێ بێنە، ئەوانە کەسانێکن فەرمانی سزادانیان دەرچووە.

جا ئایا کەسانێ کە کەلیمەی سزا لەسەریان دامەزرابێ بە جۆرێ هەر لە ئێستەوە وا ئەزانێ وان لە ناو ئاگردا، ئایا تۆ ئەتوانی تەئسیری لێ بکەی و تۆ کەسێ رزگار ئەکەی کە لە ناو ئاگری دۆزەخ دا بێ؟

بەڵام ئەوانە کە خۆیان لە نافەرمانی خودا ئەپارێزن ئەوە چەند باڵەخانەی بەرزیان هەیە کە لە ژووری ئەوانیشەوە باڵەخانە هەیە کە دروستکراو و دامەزراون و لە ژێریشیانا ئاوی جۆبار ڕەوان ئەبێ. ئا ئەمە خودا بەڵێنی داوە بەوەی بیان دا بە ئەهلی تەقوا لە بەندەکانی خۆی، وە هەرگیز لاری و پێچی لە بەڵێنی خودادا نییە.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَسَلَكَهُۥ يَنَٰبِيعَ فِى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِۦ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَجْعَلُهُۥ حُطَٰمًا ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿٢١﴾﴾

ئایا نابینی کە خودای تەعالا ئاو لە ئاسمانەوە ئەنێرێتە خوارەوە و باران ئەبارێنێ و ئەو ئاوە ئەبا بە ناو چەن کوڕگەیێ لە زەویدا لەو کوڕگانە کە وان لە ناو زەویدا ئاو دەرئەکا و بە جۆبار ئەگەن بە کشتوکاڵ، لە پاش ماوەی خۆی کشتوکاڵی ڕەنگامەی پێ دەرئەکا، لە پاش ماوەیێ زۆر ئەستێنێ و دێ بەیەکا، پاش ئەوە بە زەردی ئەیبینی، پاش ئەوە ئەیکا بە مادەیەکی شکاو لە ژێر زەویدا و لەبەرپێدا؟ بە ڕاستی هەیە لەم کردارە بەرزانەدا هۆی بیر کردنەوە بۆ خاوەن عەقڵی ساغ و هۆشی دامەزراو.

﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٍ مِّن رَّبِّهِۦ ۚ فَوَيْلٌ لِّلْقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢٢﴾﴾

ئەم ئایەتە دەربارەی حەمزە و عەلی و، ئەبوولەهەب و کوڕەکەی هاتووەتە خوارەوە.

ئایا ئەو کەسانە کە خودای تەعالا سینەی گوشاد کردوونەتەوە بۆ دامەزرانی ئیمان و ئیسلام لە ناویاو جا هەمیشە خاوەنی نوور و پڕتەوی ئیحسانە لە لایەنی خودای خۆیەوە وەکوو ئەو کەسانە ئەبن کە سینەتەنگ و دڵ تاریك و باوەڕ بێسوودن؟

حاشا فەرقیان زۆرە و لە یەکەوە دوورن. وە وەیل و ناخۆشی و چارەڕەشی هەیە بۆ ئەوانە کە دڵیان رەقە و دوورە لە یادی خودا، وە ئەوانە وان لە ناو گومڕاهییەکی دیاریدا.

﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا مَّثَانِيَ تَقۡشَعِرُّ مِنۡهُ جُلُودُ ٱلَّذِينَ يَخۡشَوۡنَ رَبَّهُمۡ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمۡ وَقُلُوبُهُمۡ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ ﴿٢٣﴾ أَفَمَن يَتَّقِي بِوَجۡهِهِۦ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ وَقِيلَ لِلظَّٰلِمِينَ ذُوقُواْ مَا كُنتُمۡ تَكۡسِبُونَ ﴿٢٤﴾﴾

ریوایەت کراوە: جارێ لە جاران یارەکانی پێغەمبەر ﷺ کەمێ دڵگرانییان بەسەرا هات، جا ئایەتی: ﴿الله نزل أحسن الحديث﴾ هاتە خوارەوە.

واتە خودای تەعالا جوانترین و لەبارترین واتەیەکی ناردووەتە خوارەوە کە بخوێنرێتەوە، ئەو واتە جوانە کتێبێکە بازێکی لەگەڵ بازێکیا هاوبابەت و هاوشان و رێکە. وە ئەو واتە جوانە لە خوێندنەوەدا چەندپات ئەکرێتەوە بۆ هێزدان بە دڵ، وەکوو چۆن ئاو ئەخورێتەوە و خواردەمەنی ئەخورێ بۆ ژیواری گیان. وە لە کاتی خوێندنەوەیا پێستی موسوڵمانەکانی پێ گرژ ئەبێ. ئەوانە کە لە خودای خۆیان ئەترسن، لە پاشان پێستی لەشیان نەرم ئەبێتەوە و لە هەردوو حاڵەکەدا دڵیان رووی کردووەتە خودا. واتە لە خودا بێئاگا نین. [ئەمە رێنوێنی خودایە، کەسێ کە بیەوێ بەوە رێنوێنی دەکا و هەرکەسیش خودا لاڕێیی و گومڕای بکا هیچ رێنوێنیکەری بۆ نابێ]. جا ئایا کەسێ دەستی ببەسرێ لە دۆزەخا و بە دەم و چاوی بەرگری لە سزای سەخت و ناباری دۆزەخ بکا لە رۆژی قیامەتا وەکوو ئەو کەسانەیە کە بە

خۆشی لە بەهەشتا رائەبوێرن؟ حاشا ئەمانە جیاوازییان زۆرە. وە لەو رۆژە رەشەدا بە ستەمکارەکان ئەوترێ: بچەژن تۆڵەی ئەو کردەوە خراپانە کە لە دنیادا ئەتانکردن.

﴿ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ فَأَتَىٰهُمُ ٱلۡعَذَابُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٢٥﴾ فَأَذَاقَهُمُ ٱللَّهُ ٱلۡخِزۡيَ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَكۡبَرُۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾

ئەو گەلانە کە لە پێش زەمانی قورەیشدا بوون پێغەمبەرەکانی خۆیان بەدرۆخستەوە، جا سزای خودایان بۆ هات لە شوێنێکەوە کە پێیان نەئەزانی و گومانیان نەدەبرد کە لەو شوێنەوە سزایان بۆ دێ.

جا خودای تەعالا رسوایی پێ چەشتن لە ماوەی ژیانی دنیادا وەکوو گۆڕینی شێوە و، رۆچوون بە زەویدا و، کوشتن و، بە دیل رۆیشتن و... وە سزای پاشەڕۆژیان لەم سزای دنیا گەورەترە. ئەگەر بیانزانیایێ و باوەڕیان پێی ببوایە خەریکی تاوانباری نەدەبوون و باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەری خودا ئەکرد.

﴿ وَلَقَدۡ ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٧﴾ قُرۡءَانًا عَرَبِيًّا غَيۡرَ ذِي عِوَجٖ لَّعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴿٢٨﴾ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا رَّجُلٗا فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلٗا سَلَمٗا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾

بە راستی لەم قورئانەدا چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەری وەهامان بۆ ئادەمیزاد باس کرد کە سوودی تیابێ بۆ تەمێ کردن، بە هیوای ئەوە کە ئەو کافرانە بیر بکەنەوە و باوەڕ بە خودای تەنیا بکەن، وە ئەو تاوانبارانە دەستبەرداری تاوان ببن و روو بکەنە

ئادەمی و، حاڵ و شەئنی ئەو قورئانە وایە بە زمانی عەرەبییە و هیچ هەڵە و لاری و ناباری تێدا نییە، بە هیوای ئەوە کە ئادەمیزاد لە خودا بترسن و خۆیان بپارێزن لە هاوڕێ بڕیاردان بۆ خودا.

وە خودا نموونە و وێنەیەکی جوان بۆ خەڵك دێنێتەوە تا بەو نموونە جیاوازی نێوان کوفر و هاوڕێ بڕیاردان بۆ خودا و خودابەیەکناسییان بۆ روون بکاتەوە. نموونەکە ئەوەیە: دوو پیاوی بەندە هەن؛ یەکێکیان بەندەی چەن کەسێکی ناڕێك و ناجۆری بەدڕەوشتە و، هەر یەکە بە لایەکدا رایدەکێشێ و بۆ کارێکی دەوێ. ئەوی دیکەیان بێ‌زیان و بێ‌کێشە و دەردی‌سەری لەبەردەستی یەك گەورەدایە، ئایا ئەم دوو پیاوە بەندە وەك یەك ژیان بەسەر ئەبەن؟ حاشا! دیارە یەکەمیان وا لە ناو ئاگری ئاشووب و داوای خزمەتی ئەو چەن ئاغا بێ دەماخەدا و، نازانێ چۆن و لە چ تاریکییەکی ژیاندایە. ئەوی‌تریان هێمن و ئارام کەمێ کار ئەکا و گەلێ ئاسایش ئەبینێ، چەنێك شانی ئازادە دڵی لەوە زۆرتر شادە. سوپاس بۆ خودا کە نموونەی هاوڕێ بۆ خودا بڕیاردەر و، خودا بەیەکناس دەرکەوت. بەڵام زۆربەی ئەو کافرانە لە جیاوازی ئەم دوو پیاوەیش تێ‌ناگەن و راستی نازانن.

﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ ﴿٣١﴾ ۞ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَبَ عَلَى اللَّهِ وَكَذَّبَ بِالصِّدْقِ إِذْ جَاءَهُ ۚ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْكَافِرِينَ ﴿٣٢﴾ وَالَّذِي جَاءَ بِالصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِ ۙ أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ ﴿٣٣﴾ لَهُم مَّا يَشَاءُونَ عِندَ رَبِّهِمْ ۚ ذَٰلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ ﴿٣٤﴾ لِيُكَفِّرَ اللَّهُ

عَنۡهُمۡ أَسۡوَأَ ٱلَّذِي عَمِلُواْ وَيَجۡزِيَهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ ٱلَّذِي كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴿٣٥﴾

ئەی رەهبەری خۆشەویست ئەو کافرانە لەسەر بناغەی بێدەماخی چاوەڕێی مردنی تۆ ئەکەن، وەکوو تۆ ئەمری ئەوانیش ئەمرن، وە نە مردنی تۆ پاداشی گەیاندنی پەیامی تۆ کەم ئەکاتەوە و، نە مردنی ئەوان ئەبێ بە هۆی رزگار بوونیان لە سزای پاشەڕۆژ. هەروا نە مردنی تۆ ئەبێ بە هۆی نەمانی تەکلیف لەسەر ئەوان و، نە مردنی ئەوان ئەبێ بە هۆی ئەوە کە ئێستە موکەللەف نەبن، وە پاش ئەوە کە خودای تەعالا بە هۆی رەهبەرانەوە ئیعلانی تەوحیدی خۆی کرد لە جیهانا ئەم یاسا دامەزرا.

وە هەرکەس غەیری تەوحید بکا بە یاسا بۆ خۆی ئەوە گومڕایە.

وە پاش هاتنی رۆژی خۆی ئێوە لە لای خودای خۆتانا ئەوەستن و بەربەرەکانێ یەکتر ئەکەن و، تۆ پێیان ئەڵێی من بانگم کردن بۆ ئایینی خودا بەیەکناسی و ئێوە نەهاتن و ئێوە ئینکار ئەکەن تا ئەنجام ئەندامەکانی لەشی خۆتان لێتان دێنە وتار و شایەتی ئەدەن لەسەرتان.

ترمزی ریوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە رضي الله عنهما: کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا جارێکیتر بەربەرەکانێ و دوژمنایەتی لە نێوان تۆ و خەڵکدا رووئەدا؟ ئەویش فەرمووی: کاتێ ئەوە رووئەدا کاری ئادەمیزاد لەو رۆژەدا دشوار و ناهەموارە.

جا کێیە لەو کەسە ستەمکارتر بێ کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵبەسێ بە نیسبەتدانی هاوڕێ یا نەوە بۆ لای خودا و، حوکمی خودا، کە راستە و لەگەڵ واقیعدایە، بەدرۆ بخاتەوە؟ وەکوو ئەوانە کە حەزرەتی موحەممەد ﷺ فەرموویەتی لە لایەنی خوداوە، کاتێ ئەو حوکمە بێتە لای ئەو کەسە؟ واتە کاتێ پێی بزانێ. وە وەڵامی ئەم پرسیارە

ئەمەیە ئەو کەسە کافرە و کەس نییە لە کافر ستەمکارتر بێ. وە تۆڵەی ئەو کەسە ئەوەیە ئەچێتە دۆزەخەوە و دۆزەخ جێگەیەتی، ئایا لە دۆزەخدا جێگەی کافران نییە؟! بەڵێ جێگەیان دۆزەخە.

وە ئەو کەسەیش کە دینی راست بێنێ، یا وتاری راست بێنێ بۆ لای عالەم و باوەڕی پێ بکا، ئەوانەیش لە خودا ترس و ئەهلی تەقوان، وە بۆیان هەیە لە لای خودای خۆیانەوە ئەوەی دڵخوازیان بێ، وە ئەمە پاداشی خاوەن چاکەکانە. وە خودای تەعالا خراپترین و ناشیرینترین کردەوەیێ کە کردوویانە دایئەپۆشێ و پاداشیان ئەداتەوە بە بەرانبەری باشترین کردەوەیانەوە.

﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٦﴾ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ ﴿٣٧﴾﴾

ئایا خودای تەعالا بەس نییە بۆ چاودێری ئەو بەندەی خۆیە کە موحەممەدە بۆ پاراستنی لە فیتنە و بەڵا و مەینەتی؟ وە ئەو کافرانە بەو بتانە کە ئەوان ئەیانپەرستن تۆ ئەترسێنن، وە کەسێ خودا گومڕای بکا کەس نییە هیدایەتی بدا و، کەسێکیش خودای تەعالا هیدایەتی بدا و شارەزای بکا بۆ رێگەی باش کەس ناتوانێ گومڕای بکا. ئایا خودای تەعالا بە دەسەڵات و تەوانا نییە بەسەر خواستی خۆیا و تۆڵەسێن نییە لەو بەدکارانە؟

﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۚ قُلْ أَفَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنْ أَرَادَنِىَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلْ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ

ضُرِّهِۦٓ أَوۡ أَرَادَنِي بِرَحۡمَةٍ هَلۡ هُنَّ مُمۡسِكَٰتُ رَحۡمَتِهِۦۚ قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُۖ عَلَيۡهِ يَتَوَكَّلُ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ﴿٣٨﴾

ئەگەر تۆ لەو کافرانە بپرسی و پێیان بڵێی: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟ لە وەڵاما ئەڵێن: خودا دروستی کردوون. جا تۆ پێیان بڵێ: مادام خودا ئاسمان و زەوی دروست کردووە ئیتر پێم بڵێن: ئەوانە کە ئێوە ـ بێجگە لە خودا ـ بانگیان ئەکەن و هاواریان بۆ ئەبەن ئەگەر خودا خواستی زیانێکی بێ بۆ من ئەو بتانە ئەتوانن ئەو زیانەم لەسەر لابەن و لێم دووربخەنەوە؟ یا ئەگەر خودا خواستی قازانجێکی بێ و بیەوێ خێرێ بدا بە من ئەو کافرانە ئەتوانن بەرگری ئەو خواستی خودا بکەن و نەیەڵن ئەو خێرەم بگاتێ؟ دیارە ئەڵێن: نەء، نەء. جا کە وایە تۆ بڵێ: خودام بەسە و هەر پشت بەو ئەبەستم و پەنا بەو ئەبەم و، هەروەها ئەوانەیش خاوەن رەشادن پشت بەو ئەبەستن و پەنا بۆ لای ئەو ئەبەن.

﴿قُلۡ يَٰقَوۡمِ ٱعۡمَلُواْ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمۡ إِنِّي عَٰمِلٞۖ فَسَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ﴿٣٩﴾ مَن يَأۡتِيهِ عَذَابٞ يُخۡزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيۡهِ عَذَابٞ مُّقِيمٌ ﴿٤٠﴾ إِنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّۖ فَمَنِ ٱهۡتَدَىٰ فَلِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَاۖ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٍ ﴿٤١﴾﴾

ئەی خۆشەویست تۆ بڵێ: ئەی گەلی من ئیش بکەن و خەریکی فرو فێڵ و ئەسبابی بایی بوونی خۆتان بن بە گوێرەی توانای خۆتان منیش وا لەسەر فەرمانی خودا کار ئەکەم، جا لەمەولا ئەزانن کێ سزایەکی وەهای دێتەسەر کە لە دنیادا رسوای بکا و لە پاشەڕۆژیشا سزای نەبڕاوەی ئاگری دۆزەخی دێتەسەر.

ئێمە قورئانمان ناردووەتە خوارەوە بۆ لای تۆ بۆ ڕێنومایی ئادەمیزاد. جا هەرکەسێ بە گوێی قورئان و ڕێنومایی قورئان بکا ئەوە قازانجەکەی بۆ خۆیەتی، وە هەرکەسێکیش پەیڕەوی قورئان نەکا ئەوە گومڕا ئەبێ و لەسەر زیانی خۆی گومڕا ئەبێ، وە تۆ نەکراوی بە وەکیل لەسەر ئەوان و، تۆ بەرپرسیاری حاڵی ئەوان نیت.

هەرکەس لە ماوەی کاتی ژیانی هەر بۆ خۆیەتی سوود و زیانی

﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَـٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٢﴾ ﴾

بزانن! «ڕۆح» جەوهەرێکی پاکی قودسییە و لە ئاو و ئاگر و هەوا و برووسکە ناسکترە. وە ئەوەندە حەقیقەتەکەی پەنهانە خودا ئەوەندە مەیدانی باسکردنی داوە کە فەرموویەتی بە پێغەمبەر: تۆ بە خەڵك بڵێ: ڕۆح لەو شتانەیە کە بە تەنیا فەرمانی خودا پەیدا ئەبێ، ئیتر لە عالەمی مادە و خەلق و تەرکیب نییە. جا ئەم ڕۆحە کاتێ پەیوەندیی بە هەموو لەشی گیاندارەوە ببێ ـ دیار و نادیاری ـ ئەوە کاتی بێداری عادەتییە، وە کاتێ پەیوەندی هەر بە ئەجزای نادیارییەوە ببێ کە دڵ و خوێنی و ئەجزا لەتیفەکانە و پەیوەندی بە حەواسەوە نەمێنێ ئەوە کاتی نوستنە کە ئینسان زیندووە بەڵام ئاگای لە خۆی نییە، وە کاتێ ئەو پەیوەندییە لە ئە جزای دیاری و پەنامەکی بڕا ئەوە کاتی مردنە و نە عەقڵ و نە شوعوور نامێنێ.

جا مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە کە خودای تەعالا گیانی گیانلەبەر وەرئەگرێ و پەیوەندی ئەبڕێ لە لەش لە دیاری و پەنامەکیدا لە کاتی مردنی ئەوانا، وە گیانی ئەوانەیش کە ئاکامیان نەهاتووە لە نوستندا گیانیان وەرئەگرێ و پەیوەندی بە زاهیری

حەواسەوە ئەبڕێ، لەم کاتە دا پەیوەندی بە باقی ئەعزاکانی لەشەوە؛ وەکوو دڵ و خوێن و لەتائیفی وجوود ئەبڕێ، هەتا کاتی مردنی دێ، وە ئەمە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی زاتی خودا و کردارە عەجیبەکانی لە جیهانا. وە لەم کردارە سەرسوڕهێنەرانەدا بەڵگەی زۆر هەیە بۆ گەلێ کە بیر لە شوێنەواری هێز و تەوانایی خودا بکەنەوە.

﴿أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَۚ قُلۡ أَوَلَوۡ كَانُواْ لَا يَمۡلِكُونَ شَيۡـٔٗا وَلَا يَعۡقِلُونَ ﴿٤٣﴾ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ثُمَّ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٤٤﴾ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُ ٱشۡمَأَزَّتۡ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴿٤٥﴾﴾

یا خەیر ئەو کافرانە بت و پەرستیار بڕیار نادەن بەڵکوو مەبەستیان تکاکاری قیامەتە و داوای ئەوە ئەکەن کە ئەم بتانە تکایان بۆ بکەن لە قیامەتا. جا تۆ بڵێ: با ئەگەر ئەو بتانە خاوەنی هیچ نەبن و عەقڵیان بە هیچ نەشکێ لەبەر ئەوە کە وشك و بێ‌گیانن، تۆ بڵێ: هەرچی شەفاعەتە موڵکی خودایە و بە بێ ئیزنی خودا کەس ناتوانێ شەفاعەت بکا، وە موڵکی ئاسمانەکان و زەوی بۆ خودایە و، لە پاش حەیاتی دنیا و ماوەی بەرزەخ بۆ لای خودا ئەگەڕێنەوە.

وە هەرکاتێ زاتی خودا بە تەنیا ناو ببرێ کافرەکان دڵیان تەنگ ئەبێ و بەو ناوی خودا تێك ئەچن، وە کاتێ غەیری خودا لە بتەکان باس بکرێ ئەو کافرانە لەو کاتەدا شادمان ئەبن.

﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ عَٰلِمَ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ أَنتَ تَحۡكُمُ بَيۡنَ عِبَادِكَ فِي مَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴿٤٦﴾﴾

جا تۆ بڵێ: ئەی خودا، ئەی خالیقی ئاسمانەکان و زەوی ئەی زانای پەنهان و ئاشکرا تۆ فەرماندار و فەرمانڕەوای لە نێوان بەندەکانتا لە هەر شتێکدا کە ئەوان جیاوازییان تیایاندا هەیە.

﴿ وَلَوْ أَنَّ لِلَّذِينَ ظَلَمُوا مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لَافْتَدَوْا بِهِ مِنْ سُوءِ الْعَذَابِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَبَدَا لَهُمْ مِنَ اللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُونَ (٤٧) وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَحَاقَ بِهِمْ مَا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (٤٨) ﴾

ئەگەر هەرچی شت لە زەویدایە و ئەوەندەی تریش بە قەد ئەوانە هی ئەو کەسانە بوایە کە ستەمیان کردووە و ستەمکار بوون، هەموویان ئەدا لە ڕێگەی ئەوەدا کە لەو سزاخراپە ڕزگاریان بکا کە بە هۆی ستەمکارییەکەیانەوە بۆیان ئامادە کراوە، وە ئەو ساتە بۆیان دەرئەکەوێ لە لای خوداوە لە سزا ئەوەی کە گومانیان بۆی نەئەچوو و بیریان لێ نەدەکردەوە. وە بۆیان دەرئەکەوێ کردەوە ناشیرینەکانیان و تۆڵە و سزای ئەو کردەوانەیان کە لە دنیادا بە گاڵتەیان ئەزانی و گاڵتەیان پێ ئەکرد.

﴿ فَإِذَا مَسَّ الْإِنْسَانَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَاهُ نِعْمَةً مِنَّا قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ بَلْ هِيَ فِتْنَةٌ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ (٤٩) قَدْ قَالَهَا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَمَا أَغْنَى عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ (٥٠) فَأَصَابَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَالَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ هَؤُلَاءِ سَيُصِيبُهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَمَا هُمْ بِمُعْجِزِينَ (٥١) أَوَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (٥٢) ﴾

یاسای غاڵب وەهایە کاتێ زیانێ لە پایە یا لە ماڵ یا لە نەفسدا بگا بە یەکێ ئەو کەسە لێمان ئەپاڕێتەوە و هاوارمان بۆ دێنێ بۆ چارەسەری دەردەکەی، وە هەرکاتێ لە لای خۆمانەوە نیعمەتێکی پێ بدەین ئەڵێ: ئەم نیعمەتەم بە هۆی زانستی خۆمەوە پێدراوە، واتە بە ئازایی خۆم پەیدام کردووە. نەء وا نییە، ئەم شتە کە دەستت کەوتووە هۆی گیرۆدەیی و تاقیکردنەوەیە، بەڵام زۆربەی ئێوە ئەم راستییە نازانن.

ئەو کەسانەیش کە لە پێش ئەمدا بوون و رابووردن هەمان قسەیان کرد، بەڵام ئەوەی کە بوویان لە پلە و پایە و ئەوەی بە دەستیان هێنابوو ـ بە خەیاڵی خۆیان بە ئازایەتی خۆیان ـ هیچ سوودێکی پێ نەدان و لە هیچ گرفتارییەك دووری نەخستنەوە. وە تۆڵە و سزای کردەوە ناشیرینەکانیان پێگەیشت، ئەوانەیش لەمانە ستەم ئەکەن لەمەولا تۆڵەی کەسب و کاری ناپەسەندی خۆیان پێ ئەگا و، ئەوان ناتوانن لە دەستی خودا دەرباز ببن.

ئایا ئەم خەڵکە نەیانزانیوە و نازانن کە خودای تەعالا رۆزی خۆی زۆر ئەکا بۆ هەرکەسێ خواستی لێی ببێ و کەم و کووڕیشی ئەکا بۆ هەرکەسێ خواستی ببێ. بە راستی لەم کردارانەدا بەڵگە و ئایەتی زۆر هەیە بۆ ئەو گەلانە کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەری خودا هەیە.

﴿قُلْ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسْرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُواْ مِن رَّحْمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٣﴾ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُواْ لَهُۥ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ ﴿٥٤﴾﴾

تۆ ئەی رەهبەری خۆشەویست لە لایەنی ئێمەوە بەو ئادەمیزادانە بفەرموو: ئەی بەندەگەلێکی وەها کە زیادەڕەوییان لەسەر نەفسی خۆیان کردووە و تاوانیان کردووە بە جۆرێ گومانیان وایە نابەخشرێن، پێیان بڵێ: هیوابڕاو مەبن لە رەحمەتی خودای

تەعالا بە راستی خودای تەعالا هەموو گوناهان ئەبەخشێ بە مەرجێ روو بکەنە خودا و باوەڕی پێ بکەن و داوای لێ خۆشبوونی لێ بکەن، بە راستی خودا تاوانبەخش و میهرەبانە.

وە بگەڕێنەوە بۆ لای خودای خۆتان و فەرمانبەرداری ئەو بکەن لە پێش ئەوەدا کە سزای خوداتان لە ناکاوا بۆ بێت و ئێوە ئاگاتان لە خۆتان نەبێ و هەست بە هاتنی ئەو سزا نەکەن.

ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە: کە کۆمەڵێ لە کافرەکان هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ و ئەوانە کەسانێکی وابوون خەڵکی زۆریان کوشتبوو، زینا و خراپەی زۆریان کردبوو، عەرزیان کرد: ئەوەی کە تۆ ئێمەی بۆ بانگ ئەکەی باشە ئەگەر خەبەرمان بدەیتێ دەربارەی کردەوە خراپەکانمان ئایا کەفارەتیان هەیە؟ جا ئایەتی: ﴿والذين لا يدعون مع اللّٰه إلهاً آخر ولا يقتلون النفس التي حرم اللّٰه إلا بالحق ولا يزنون﴾[1] و ئایەتی: ﴿قل يا عبادي الذين أسرفوا على أنفسهم لا تقنطوا من رحمة اللّٰه إن اللّٰه يغفر الذنوب جميعاً﴾ هاتە خوارەوە.

﴿وَٱتَّبِعُوٓاْ أَحۡسَنَ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلۡعَذَابُ بَغۡتَةٗ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ﴿٥٥﴾ أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ﴿٥٦﴾ أَوۡ تَقُولَ لَوۡ أَنَّ ٱللَّهَ هَدَىٰنِي لَكُنتُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ ﴿٥٧﴾ أَوۡ تَقُولَ حِينَ تَرَى ٱلۡعَذَابَ لَوۡ أَنَّ لِي كَرَّةٗ فَأَكُونَ مِنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٥٨﴾ بَلَىٰ

١. الفرقان: ٦٨.

قَدْ جَآءَتْكَ ءَايَٰتِى فَكَذَّبْتَ بِهَا وَٱسْتَكْبَرْتَ وَكُنتَ مِنَ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٥٩﴾

وە بکەونە شوێن جوانترین ئایات و ئەحکامێ کە نازڵکراون بۆ لای ئێوە لە لایەنی خودای خۆتانەوە لە پێش ئەوەدا کوتوپڕ سزای خودا بێتە سەرتان و ئێوە هەست بەو سزا نەکەن کە هاتووە بۆ سەرتان. مەبادا نەفسێ لە نفووسی بەشەری لەو دنیادا هاوار بکا و بڵێت: ئەی درێغ لەسەر ئەو کەم و کووڕییە دەرحەق تۆ کردم! وە بە راستی من لەو کاتەدا گاڵتەم بە پیاوچاکان و بەندەکانی خودا دەکرد. یاخود یەکێ هاوار بکا و بڵێ: ئەگەر خودا رێنومایی بکردمایە لە پیاوە باشە خاوەن تەقواکان ئەبووم. یاخود لەو کاتەدا کە سزای خودا ئەبینێ بڵێ: ئەگەر جارێ‌تر بگەڕایەمەوە بۆ دنیا ئەبووم بە یەکێ لە پیاوەچاکەکان. نەخەیر ئایاتی زۆر و زەبەندەی ئێمە هاتن بۆ لات و تۆ بە درۆت دانان و خۆت بە زل زانی، وە تۆ لە کافرەکانیت.

﴿ وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ تَرَى ٱلَّذِينَ كَذَبُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ وُجُوهُهُم مُّسْوَدَّةٌ ۚ أَلَيْسَ فِى جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٦٠﴾ وَيُنَجِّى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ بِمَفَازَتِهِمْ لَا يَمَسُّهُمُ ٱلسُّوٓءُ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦١﴾ ﴾

وە لە رۆژی قیامەتا ئەبینی ئەوانەی درۆیان بۆ خودا هەڵبەستووە و، ئەڵێن: خودا کچی هەیە، یا هاوبەشی هەیە، ئەیان‌بینی روویان وەکوو قیر رەشە لەبەر قاری خودا. وە یا ئەکەونە نارەحەتی و بێ‌ئاسایشییەوە و ناوچاویان بە تۆزی ئازار رەش ئەبێتەوە. جا لە لایەنی فریشتەکانی خوداوە ئەوترێ: ئایا لە دۆزەخا جێگەی ئەوانە نییە کە خۆیان بە زل ئەگرن و حەق وەرناگرن و ئیمان نایەنن؟ بەڵێ جێگەیان هەیە و، دۆزەخ جێگەی تۆڵەیە.

وە خودای تەعالا ئەوانە رزگار ئەکا کە لە خودا ئەترسن و بە هۆی ئەو ترسان و پارێزەوە لە خودا و بە هۆی ئەو رزگار بوونەوە خراپەیان تووش نابێ و زویر و دڵگیر نابن.

﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ﴿٦٢﴾ لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿٦٣﴾﴾

زاتی پەروەردگاری زانای تەوانا کە ناوی ئەڵڵایە خالیقی هەموو شتێکە لە کائیناتا لە خێر و شەڕ و قازانج و زیان و بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە و خاوەن دەسەڵاتە و، جڵەوی ئیش و کاری ئاسمانەکان و زەوی لە دەستی توانایی ئەودایە و کەس دەستی بەسەریاندا نارِوا خودا نەبێ و، ئەو نەبێ کەس توانای هەڵسووڕاندنیانی نییە. وە ئەو کەسانە باوەڕیان بە ئایاتی خودا نییە و، ئینکاری قورئان ئەکەن و، باوەڕ بە موعجیزات ناکەن، ئەوانەن زیانکار و بێسوود و بێخێر دەرئەچن لە رۆژگارا.

﴿قُلۡ أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ تَأۡمُرُوٓنِّيٓ أَعۡبُدُ أَيُّهَا ٱلۡجَٰهِلُونَ ﴿٦٤﴾ وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٦٥﴾ بَلِ ٱللَّهَ فَٱعۡبُدۡ وَكُن مِّنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٦٦﴾﴾

ئەی رەهبەری خۆشەویست بڵێ بەو کافرانە: ئەی نەزانەکان ئایا ئێوە داوای ئەوەم لێ ئەکەن کە من بێجگە لە خودا بەندەیی بۆ بتانێ یان شتانێکی دیکە بکەم؟ ئەی رەهبەر وەحی هاتووە بۆ لای تۆ و بۆ لای رەهبەرانی پێش تۆیش ئەگەر هاوبەش و هاوڕێ بۆ خودای جیهان بڕیار بدەی هەر کردەوەیەکی چاکەت هەبێ هەمووی پووچ و بێسوود دەرئەچێ و ئەبی بەوانە کە زیانۆمەندن. بەڵکوو تۆ هەر

تەنیا بەندەیی بۆ خودای خۆت بکە و لەوانە بە کە بە دڵ و زمان و چاو و دەست سوپاسی خودا بکەن.

﴿وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾﴾

ئەو کافرانە وەك پێویست و شیاو رێزی خودایان نەگرتووە و حەقی ئەویان رانەگرتووە، وە ئەم زەوییە بەم زۆرییە هەمووی وەکوو شتێ وایە کە لە شتێکدا بێ، بەو جۆرە وا لەبەر قەبزەی قودرەتی خودادا. وە ئاسمانەکان بە هێزی خودایی ئەپێچرێنەوە، خودا پاکە و دوورە لەو شتانە کە ئەو کافرانە ئەیانکەن بە هاوڕێ بۆ خودای تەعالا.

﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ ﴿٦٨﴾﴾

وە بڕیاردراوە کە لە لایەنی فریشتەی ئامادەی فەرمانەوە فوو بکرێ بە «سوور»ا بۆ وێرانکردنی کەژ و کۆسار و مردنی گیاندار، جا کاتێ فووی پێدا کرد ئەوەی لە ئاسمان و زەویدایە هەموو بێهۆش ئەکەون، کەسانێ نەبێ کە خودا خواستی وابێ بمێننەوە، وەکوو چوار فریشتەی نزیکی بارەگا: جوبرەئیل و، میکائیل و، عیزرائیل و، ئیسرافیل. وە ئەوانە کە هەڵگری عەرشن.

وە پاش ئەم جارە فوو کردنە چل ساڵ جیهان چۆڵ و وێرانە ئەبێ، دوای ئەوە بۆ جاری دووەم فووی پیا ئەکرێ و هەموو گیانلەبەران زیندوو ئەبنەوە و کوتوپڕ هەمووی بە راوەستاوی دەبینرێن.

وە لەم ئایەتە پیرۆزەدا تەنیا باسی دوو نەفخەکە هەیە، وە لە پاش نەفخەی دووهەم هەموو گیانلەبەران رەوانەی سارای مەحشەر ئەکرێن و چاوەڕوانی لێپرسینەوە ئەکەن.

﴿ وَأَشْرَقَتِ ٱلْأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ ٱلْكِتَٰبُ وَجِاْىٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَقُضِىَ بَيْنَهُم بِٱلْحَقِّ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٦٩﴾ وَوُفِّيَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَا يَفْعَلُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾

وە لەو کاتەدا رۆژی ئاسمان نەماوە و مانگ و ئەستێران لەناو چوون و، زەوی وەکوو بەینی بەیانی و هەتاو کەوتن رووناك ئەبێتەوە بە پڕتەوێ کە خودا دروستی ئەکا و، پەیوەندی بە هیچ ئەستێرەیەکەوە نییە؛ چونکی ئەو خودایە:

وا نوور دەرئەکا لە جەبهەی هەتاو   پـڕتەو دەرئـەکا بـێ رۆژ لە مـەهتاو

وە پاش ماوەی چاوەڕوانی خەڵك لەم سارادا و تکای گەورەیی حەزرەت ﷺ بۆ دەستکردن بە لێپرسینەوە، کیتابی کردەوە دائەنرێ و پێغەمبەرەکان ئەهێنرێن بۆ شایەتی لەسەر بەندەکانی خودا. وە ئەو کەسانەیش کە ئاگادارن لە ئەحواڵی ئەفرادی ئوممەت وەکوو مەلائیکەی نووسەری کردەوە، وە ئەو موسوڵمانانە ئاگادارن لەسەر کردەوەکان، وە یاخود نەفسی شەهیدانی جەنگ بۆ ئەوە شایەتی بدەن لەسەر جەنگەکەیان، یا هەر لەبەر دەرخستنی پایەی بەرزیان، وە حوکم ئەدرێ لە نێوان بەندەکانی خودادا بە حەق، وە ئەوانە کەسیان ستەمیان لێ ناکرێ، وە هەرکەسێ بە گوێرەی ئەو کردەوە کردوویەتی جەزای ئەدرێتەوە. وە لەگەڵ ئەوەدا کە خودا زانایە بە کردەوەی خەڵك و پێویستی بە شایەت و مەحکەمە نییە خودا ئەم مەحکەمە ئەکا و، شتێکی دیمەنییە، لەبەر ئەوەی کەس نەڵێت فلانە شتم نەکردووە، یا فلان خێرم کردووە. ئەنا پێویست ناکا.

﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا فُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَآ أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ رُسُلٞ مِّنكُمۡ يَتۡلُونَ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِ رَبِّكُمۡ وَيُنذِرُونَكُمۡ لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَاۚ قَالُواْ بَلَىٰ وَلَٰكِنۡ حَقَّتۡ كَلِمَةُ ٱلۡعَذَابِ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٧١﴾ قِيلَ ٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٢﴾﴾

لە پاش جیا بوونەوەی کافران لە موسوڵمانان، کافرەکان ئەدرێنەبەر بۆ دۆزەخ کۆمەڵ کۆمەڵ، کاتێ گەیشتنە دۆزەخ دەرگاکانیان بۆ ئەکرێتەوە و، ئەوانە کە کاربەدەست و دەرگاوانی دۆزەخن بە سەرزەنشتەوە پێیان ئەڵێن: ئایا پێغەمبەرانێ لە خۆتان نەهاتن بۆ لاتان کە ئایەتەکانی خوداتان بەسەرا بخوێننەوە و بتانترسێنن لە پێگەیشتنی ئەم رۆژە رەشە؟! ئەوانەیش لە وەڵاما ئەڵێن: بەرێ وەڵڵا رەهبەرەکان هاتن و ئامۆژگارییان کردین، بەڵام کەلیمەی سزا لەسەرمان دامەزرابوو لەبەر بێشوعووری خۆمان و کافر بووین. جا لە لایەنی ئەو فریشتانەوە پێیان ئەوترێ: دەی برۆن بەو دەرگایانی دۆزەخەدا و ئەوە بزانن و بڕیاری بدەن کە ئەمێننەوە تیایا هەتا هەتایە.

جا بە راستی قەرارگای کافرەکان زۆر ناباره؛ چونکی خۆیان لە دنیادا بە گەورە تەماشا ئەکرد و ئەمەیش ـ کە جێگەیەکی پیسە ـ جێگەی ئەو کەسانەیە کە خۆیان بە زل ئەزانن.

﴿وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ رَبَّهُمۡ إِلَى ٱلۡجَنَّةِ زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتۡ أَبۡوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمۡ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ طِبۡتُمۡ فَٱدۡخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَقَالُواْ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي صَدَقَنَا وَعۡدَهُۥ وَأَوۡرَثَنَا ٱلۡأَرۡضَ

﴿نَتَبَوَّأُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَاءُ فَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ ﴿٧٤﴾ وَتَرَى الْمَلَائِكَةَ حَافِّينَ مِنْ حَوْلِ الْعَرْشِ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِالْحَقِّ وَقِيلَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٧٥﴾﴾

وە لە کۆمەڵی موسوڵمانانیشدا ئەوانەیان کە تەقوای خودایان کردووە بەرەو بەهەشت ئەدرێنەبەر، کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر پایە و مایە، هەتا کاتێ ئەگەنە بەر بەهەشت دەرگاکان کراونەتەوە و، دەرگاوانەکان پێیان ئەڵێن: دروودی خوداتان لەسەر بێ و پاك بن لە چڵکی تاوان دەی بێن بەسەری چاوان، فەرموون بڕۆنە ناو بەهەشتەکان و بڕیار بدەن و بزانن تیایانا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

جا ئەوانیش لە خۆشییانا ئەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ خودا کە بەڵێنی خۆی لەگەڵدا جێبەجێ کردین، وە ئەم وڵاتی بەرزی بەڕێزەی بەهەشتی پێ کەرەم کردین و، بێئیستیحقاقی ئێمە کردی بە خەڵات وەکووماڵی میرات، بۆ خۆمان دائەنیشین و لە بەهەشتا جێگە ئەگرین لە هەر شوێنێکا بمانەوێ، زۆر جوانە پاداشی چاکەکەران. جا لەوێدا فریشتەکان ئەبینرێن دەورەی عەرشی خودایان داوە و سوپاس و ستایشی خودای خۆیان ئەکەن، وە لە لایەنی ئەوانەوە، یا لە لای خوداوە دەوترێ: ﴿الحمدلله رب العالمین﴾ سوپاس بۆ خودای جیهان.



سووره‌تی غافیر، له سووره‌ته مه‌ککه‌ییه‌کانه، ئایه‌ته‌کانی "٥٦" و "٥٧" نه‌بێ، "٨٥" ئایه‌ته، دوای سووره‌تی زومه‌ڕ هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿حمٓ ① تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ ② غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوْبِ شَدِيدِ ٱلْعِقَابِ ذِى ٱلطَّوْلِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ إِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ③ مَا يُجَٰدِلُ فِىٓ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فَلَا يَغْرُرْكَ تَقَلُّبُهُمْ فِى ٱلْبِلَٰدِ ④﴾

ئه‌م سووره‌ته «حامیم»ه، وه ئه‌م ئایه‌تانه که له‌مه‌ولا ئه‌خوێنرێنه‌وه ئایاتی کتێبێکن که له‌لایه‌نی خودای خاوه‌ن عیززه‌ت و زانسته‌وه نێرراونه‌ته خواره‌وه، ئه‌و خودایه که تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌ی زۆر به‌هێز و تینه و، خاوه‌ن فه‌زڵیشه، گه‌لێ جار ده‌س له تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه هه‌ڵئه‌گرێ، هیچ مه‌عبوودێ نییه ئه‌و نه‌بێ و گه‌ڕانه‌وه بۆ لای ئه‌وه، شۆڕ و ئاشووب ناگێڕێ به‌رابه‌ر به ئایه‌ته‌کانی ئێمه ئه‌و که‌سانه نه‌بێ کافر و بێباوه‌ڕن به ئێمه، با تۆ بایی نه‌کا هاتوچۆی ئه‌وان له شاره‌کانا، واته مۆڵه‌تدانی ئه‌و کافرانه مه‌که به به‌ڵگه‌ی رزگار بوونیان، من ئه‌گه‌ر ماوه‌یێ مۆڵه‌تیان بده‌م پاش ئه‌وه ئه‌یانگرم.

وه بزانن جیدال و ئاشووب‌نانەوە ئەگەر بە بەتاڵ بێ و بۆ ونکردنی راستی بێ ئەوە خراپە و پێویستە لەسەر دەست رۆیشتوان خەڵك لەو جیدالە مەنع بکەن، بەڵام گەلێ جار جیدال ئەکرێ بۆ دەرخستنی راستی و دەفعی بازێ موعاریزین لە قسە کردن، ئەم جۆرە جیدالە دروستە، بەڵکوو واجبە بۆ پاراستنی قورئان.

﴿كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۖ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍۭ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ ۖ وَجَٰدَلُوا۟ بِٱلْبَٰطِلِ لِيُدْحِضُوا۟ بِهِ ٱلْحَقَّ فَأَخَذْتُهُمْ ۖ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ ﴿٥﴾ وَكَذَٰلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّهُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٦﴾﴾

لە پێش ئەم گەلی چەرخی تۆدا گەلی نووح و چەن کۆمەڵێ لە کافرانی دنیا لە پاش ئەوان، واتە لە پاش گەلی نووح، چوون بە گژ پێغەمبەرەکانیانا و بە درۆیان‌خستنەوە، وە هەر گەلێ لەو گەلانە ویستی پێغەمبەرەکەی خۆی بگرێ و شوێنەواری پەیام و پەیامبەران نەیەڵن، وە گەلێ بەربەرەکانی پووچیان کرد بۆ ئەوە حەق ون بکەن! جا منیش ئەوانم گرت، جا بزانن تۆڵەی من چەنێ بەهێز بوو بۆ ئەوان؟

ئاوا بەو شێوە دامەزراوە و جێگیر بووە فەرمانی خودای تۆ لەسەر بەدئەنجامی ئەو کافرانە کە لایان دا لە فەرمانی خودا و پێغەمبەرو چوون بە گژی یاسای دینا و فەرمانەکەی ئەمەیە ئەو دوژمنانی حەقە وان لە ئاگری دۆزەخا.

﴿ٱلَّذِينَ يَحْمِلُونَ ٱلْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُۥ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِۦ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَىْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَٱغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا۟ وَٱتَّبَعُوا۟ سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٧﴾ رَبَّنَا

وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّٰتِ عَدْنٍ ٱلَّتِى وَعَدتَّهُمْ وَمَن صَلَحَ مِنْ ءَابَآئِهِمْ وَأَزْوَٰجِهِمْ وَذُرِّيَّٰتِهِمْ ۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٨﴾ وَقِهِمُ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ۚ وَمَن تَقِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُۥ ۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٩﴾

واتە ئەو فریشتە پیرۆزانە کە عەرشی خودا هەڵئەگرن و ئەو فریشتانەیش کە وان بە دەوری عەرشا کە خودا نەبێ کەس نازانێ چەنێ زۆرن سوپاس و ستایشی خودای خۆیان ئەکەن و باوەڕی پێ ئەکەن و، داوای لێخۆشبوون و تاوانبەخشی و گوناحپۆشی ئەکەن بۆ ئەو کەسانە ئیمانیان هێناوە، ئەڵێن: ئەی پەروەردگاری ئێمە تۆ هەموو کائیناتت داگرتووە بە میهرەبانی و زانیاری، زانیاریت چەند رەسایە لە جیهانا میهرەبانیشت ئەوەندە رەسایە، دەی تاوانی ئەوانە بپۆشە کە باوەڕیان پێ کردوویت و کەوتوونەتە شوێن رێباز و شەریعەتی تۆ، وە لە سزای دۆزەخ بیانپارێزە، پەروەردگارا بیشیانبەرە ناو بەهەشتی عەدن؛ ئەو بەهەشتەی کردووتە بە سارای ئاسایش بۆ دۆستانت، ئەو بەهەشتەی کە بەڵێنت پێداون لە بەرابەری باوەڕ و کردەوەی باشیانەوە، وە بەڵێنیشت داوە بە هەرکەسێ رێك کەوتبێ لەگەڵ یاسای ئایینا لە باوك و باپیرەکانیان و ژنەکانیان و نەتەوەکانیان. بە راستی هەر تۆی کە زاڵی بەسەر هەموو مومکینێ لە مومکیناتا و هەر تۆی خاوەن حیکمەتی لە کارەکانتا، وە لە دنیایشا بیانپارێزە لە بیر و باوەڕی نابار و لە کردەوەی ناهەموار و بیشیانپارێزە لە سزای ناباری رۆژی قیامەت، وە هەرکەسێ کە تۆ بیپارێزی لەو خراپانە ئەوە بە راستی میهرەبانیت لەگەڵدا کردووە، وە ئەم لە سزا پاراستنە ئەنجامی گەورەی عالەمییە بۆ بەختیاران.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ ٱللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى ٱلْإِيمَٰنِ فَتَكْفُرُونَ ﴿١٠﴾﴾

بە راستی ئەو کەسانە کافر بوون بە خودا و پێغەمبەری خودا و لەسەر ئەو کوفرە مردن، لە ڕۆژی قیامەتا لەو کاتەدا کە بۆیان دەرئەکەوێ کە کارێکی خراپیان بە خۆیان کردووە و کاتێ کە لۆمە و سەرزەنشتی خۆیان ئەکەن لەسەر کوفرەکەیان، بانگ ئەکرێن و پێیان ئەوترێ: ئەو سەرزەنشت و لۆمەیە کە ئیمڕۆ خودا ئەیکا بە ئێوە زۆر لە سەرزەنشت و لۆمەکانی خۆتان بۆ خۆتان گەورەترە؛ چونکە سەرزەنشتەکەی خودا لەگەڵ فەرمانی سزا و چوونەناو دۆزەخدایە.

وە ئەم سەرزەنشتە گەورەی خودایە بۆ ئێوە لەبەر ئەوەیە کە لە دنیادا بانگ ئەکران بۆ ئیمان و ئێوە کوفرتان هەڵئەبژارد بە سەر ئیمانا.

﴿قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَمَتَّنَا ٱثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا ٱثْنَتَيْنِ فَٱعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴿١١﴾﴾

ئەو کافرانە کاتێ سزا ئەدرێن و لە ئاگری دۆزەخدا سزا ئەچەژن، ئەڵێن: پەروەردگارا تۆ دوو جار ئێمەت مراندووە و دوو جاریش زیندووت کردینەوە و، تۆ زاتێکی تەوانا و زانای و، ئێمە پێمان لە تاوانباری خۆمان نا، ئایا ڕێگەیەك هەیە بۆ دەرچوونمان لە ئاگری دۆزەخ؟ وە خودایش ئەفەرموێت: نەخەیر ناتوانن لە دۆزەخ دەرچن و بگەڕێنەوە بۆ دنیا.

﴿ذَٰلِكُم بِأَنَّهُۥٓ إِذَا دُعِىَ ٱللَّهُ وَحْدَهُۥ كَفَرْتُمْ ۖ وَإِن يُشْرَكْ بِهِۦ تُؤْمِنُوا۟ ۚ فَٱلْحُكْمُ لِلَّهِ ٱلْعَلِىِّ ٱلْكَبِيرِ ﴿١٢﴾﴾

وە ئەم سزا نابارە کە ئێوەی تێکەوتوون لەبەر ئەوەیە کاتێ خودا بە تەنیا بانگ بکرایە کوفرتان ئەکرد و بە خودابەیەکناسی رازی نەدەبوون، بەڵام ئەگەر هاوڕێ و، هاوبەشی بۆ بڕیار بدرایێ باوەڕتان پێ ئەکرد لەگەڵ هاوبەشەکەدا، دەی فەرمان بۆ خودایە کە دوورە لە هاوبەش و، گەورە و خاوەن دەستە کە فەرمان ئەدا بەسەر کافرەکانا بە سزا هەتا هەتایە.

بزانن! ئەو دوو مردن و دوو زیندوو کردنەوە بە دوو جۆر مانایان لێ دراوەتەوە:

[مانای] یەکەم: ئەمەیە مراندنی یەکەم بوونی ئینسانە بە مادەی بێ‌گیان و نوتفەی بێ‌رۆح. مردنی دووەمیش مردنی کاتی هاتنی ئەجەلە لە دنیادا.

وە زیندوو کردنەوەکان؛ یەکەم لەو کاتەوەیە کە لە سکی دایکیا زیندوو ئەبێ و رۆح ئەکرێ بە بەریا. زیندوو کردنەوەی دووەم ئەوەیە کە لە رۆژی قیامەتا ئینسان لە گۆڕ دەرئەکرێ و بەرەو سارای لێپرسینەوە ئەدرێتەبەر.

مانای دووەم: مراندنی یەکەم مراندنە لە دنیادا و لە کاتی ئاکاما و، دووەم مراندنە لە گۆڕا لە پاش پرسیاری ناو گۆڕ لە بارەی ئایین و باوەڕەوە، وە زیندووکردنەوەی یەکەم ئەوەیە کە خودا گیان ئەکا بە بەری ئینسانا لە سکی دایکیا پاش ئەوە کە چوار مانگی تەواو کرد. وە زیندووکردنەوەی دووەم یا زیندووکردنەوەی پاش ناشتن و خستنەگۆڕ بۆ پرسیاری فریشتە. وە یا زیندووکردنەوەی پاش هاتنی رۆژی قیامەتە.

بەڵام مانای یەکەم باشترە؛ چونکی ئەم زیندووکردنەوەی گۆڕە زیندووکردنەوەیەکی لاوازە و هەر ئەوەندەیە کە لە پرسیاری فریشتەکان بگا و، بەمە دەوترێ «زیندووکردنەوەی بەرزەخی».

﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ رِزْقًا ۚ وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ فَٱدْعُوا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ وَلَوْ

كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾ رَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلْعَرْشِ يُلْقِى ٱلرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ لِيُنذِرَ يَوْمَ ٱلتَّلَاقِ ﴿١٥﴾ يَوْمَ هُم بَٰرِزُونَ ۖ لَا يَخْفَىٰ عَلَى ٱللَّهِ مِنْهُمْ شَىْءٌ ۚ لِّمَنِ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ۖ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿١٦﴾ ٱلْيَوْمَ تُجْزَىٰ كُلُّ نَفْسٍۭ بِمَا كَسَبَتْ ۚ لَا ظُلْمَ ٱلْيَوْمَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٧﴾

ئەو خودایە کە ئێوە بانگ ئەکرێن بۆ ئەوە کە بە یەکی بناسن خودایەکە نیشانە و بەڵگەی یەکیەتی خۆی و بەڵگەی ئەوە کە هەموو کەماڵێکی هەیە و دوورە لە عەیب نیشانی ئێوە ئەدات و، لە ئاسمانەوە رۆزیتان بۆ ئەنێرێتە خوارەوە؛ باران ئەبارێنێ تا کشتوکاڵ و گیا و گوڵی زەرد و ئاڵ بڕوێنێ و گیای خواردەمەنی زۆربن، وە لە ئاسمانەوە گەزۆتان بۆ ئەبارێنێ و، شۆکەتان بەسەردا ئەڕژێنێ و، پەلەوەری شەلاقە دائەبارێنێ بەسەرتانا و هەوای ئاسمان وەها ئەگۆڕێ کە چەن جۆر بەر و بەرامە لە دنیادا پێ بگا، بەڵام کەسانێکی هۆشیار نەبێ بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەم نیعمەتانە لە خوداوەن و ئەو بۆی بەرهەم هێناوین. وە بۆ لای خودا بگەڕێنەوە. دەی بانگ لەو خودا بکەن بە حاڵی ئیخلاسی دینەوە هەرچەن کافرەکان پێیان ناخۆش بێ. پایەی کەمالاتی ئەوەندە بەرزە عەقڵ پیایا ناگا و لێی تێناگا، هەروەها لە مەعنای زۆری و رەسایی زانست و تەوانایی خودا حاڵی نابێ. خودا خاوەنی عەرشە، فریشتە گەورەکە کە جوبرەئیلە، ئەینێرێ بۆ سەر هەرکەسێ بیەوێ بیکا بە پێغەمبەر لە بەندەکانی، هەتا خەڵك بترسێنێ لە رۆژی گەیشتنیان بە خودا و، بە جەزای بیر و باوەڕ و کردەوەکانیان، ئەو رۆژە کە ئەوان لە سارای قیامەتا دەرئەکەون کەس لەوان

لە خودای تەعالا ون نابێ و لەبەرچاوی ئاگاداری خودادا دیارە. جا لەو ڕۆژەدا کە عالەم وا لەبەر هێزی هەیبەتی خودادا و کەس هیچ جۆرە هێزێکی نییە ئەگەر پرسیار بکرێ کە سەرۆکایەتی و گەورەیی ئەمڕۆ بۆ کێیە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە بۆ خودای تاقی تەنیای قەهارە.

جا لەم ڕۆژەدا هەموو کەسێ بە پێی کردەوەی خۆی پاداشی ئەدرێتەوە و، کەس ستەمی لێ ناکرێ. خودا چەسپانحسێبە، واتە زۆر بە زوویی لێپرسینەوەی هەموو بەندەکانی خۆی تەواو ئەکا.

﴿ وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ ٱلْـَٔازِفَةِ إِذِ ٱلْقُلُوبُ لَدَى ٱلْحَنَاجِرِ كَـٰظِمِينَ ۚ مَا لِلظَّـٰلِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ يُطَاعُ ﴿١٨﴾ يَعْلَمُ خَآئِنَةَ ٱلْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِى ٱلصُّدُورُ ﴿١٩﴾ وَٱللَّهُ يَقْضِى بِٱلْحَقِّ ۖ وَٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَقْضُونَ بِشَىْءٍ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿٢٠﴾ ﴾

وە ئەو خەڵکە بترسێنە لە ڕۆژی قیامەت، کە هاتنی نزیکە، بیانترسێنە لەو کاتە کە لەبەر ترس و پەرێشانی لەوانەیە دڵیان دەربێت و، دڵیان گەیوەتە نزیکی قوڕگیان لەبەر قار و خەمی دڵیان. لەگەڵ ئەوەدا ئەو خەمی خۆیانە بە ناچاری ڕائەگرن و دان بە خۆیانا ئەگرن، لەو کات و ساتەدا ستەمکارەکان نە دۆستێکی گەرمی وەهایان هەیە یارمەتییان بدا و، نە تکاکارێکیشیان هەیە کە گوێی بۆ بگیرێ.

دە ئەو خەڵکە تێبگەیەنە کە خودا زانایە بە نیگای خەیانەت لە چاوانا و بەو وردەخەیاڵانە کە وان لە دڵدا و، خودای تەعالا هەر حوکمێ بکا حوکمەکەی حەقە و ئەوانە کە خەڵك بانگیان ئەکەن، بێجگە لە خودا، وەکوو بتەکان ئەوە هیچیان پێ ناکرێ و حوکم و دەسەڵاتی هیچیان نییە، بە ڕاستی هەر خودایە شنەوا و بینایە.

﴿أَوَلَمْ يَسِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُوا۟ كَيْفَ كَانَ عَـٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ كَانُوا۟ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَانُوا۟ هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِى ٱلْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن وَاقٍ ﴿٢١﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَكَفَرُوا۟ فَأَخَذَهُمُ ٱللَّهُ ۚ إِنَّهُۥ قَوِىٌّ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٢٢﴾﴾

ئایا ئەو کافرانە بۆ ناگەڕێن بە زەویدا تەماشا بکەن بزانن ئەنجامی ئەوانە کە لە پێش ئەمانا بوون چۆن بووە؟ ئەوانە لەمانە بەهێزتر بوون لە بابەتی ئەسبابەوە و شوێنەوارەکانیان وەکوو قەڵای ئەستوور لە زەویدایە، جا خودا بە بۆنەی گوناحەکانیانەوە گرتنی و کەسیان دەس نەکەوت کە لە قاری خودا بیانپارێزێ. ئەمە لەبەر ئەوە بوو کە پێغەمبەرەکان ئەهاتن بۆ لایان لەگەڵ موعجیزاتا کەچی ئینکاریان کرد و دەستیان کرد بە بەربەرەکانێ لەگەڵیانا، جا خودای تەعالایش گرتنی بە قار بە راستی خودا بەهێزە و تۆڵەوەرگرتنی سەختە.

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ وَقَـٰرُونَ فَقَالُوا۟ سَـٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٢٤﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا۟ ٱقْتُلُوٓا۟ أَبْنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ وَٱسْتَحْيُوا۟ نِسَآءَهُمْ ۚ وَمَا كَيْدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ ﴿٢٥﴾﴾

بە راستی مووسامان لەگەڵ ئایات و موعجیزاتی دیاری خۆمانا و لەگەڵ بەڵگەی بەهێزدا وەکوو عاساکەی بێ کە لە جیهانەوە دیار بوو، نارد بۆ لای فیرعەون و هامانی وەزیری و قاروونی خزمی مووسا، ناردمان بۆ لای فیرعەون و هامان بۆ ئەوە

لە فەساد دابەزن و، واز لە بەدکاری و تەسخیری بەنی‌ئیسرائیل و ئازاردانیان بێنن و بۆ ئەوە خۆی ئیمان بێنێ و روو بکاتە خودا و رێگەی ئیسلام و ئیمان بگرێ. وە بۆ لای قاروون بۆ ئەوە بەو ئەندازە ماڵە دەستی کەوتووە بایی نەبێ و واجباتی شەرعی لێ بدا و، دەسگرۆیی هەژار و داماوانی لێ بکا و، بەشی هاوڕێکانی بدا. کەچی ئەوان لە باتی ملکەچکردن بۆ فەرمانی مووسا وتیان: ئەم کابرا جادووگەرێکی درۆزنە!

جا کاتێ مووسا دەستی کرد بە دەعوەتیان بۆ لای خودا و ئەو پەیامە راستانە کە لە لای ئێمەوە پێی‌درابوو نیشانی ئەوانی دا، وتیان: ئەو کەسانە کە شوێن مووسا کەوتوون هەموو منداڵە نێرینەکانیان بکوژن و هەرچی منداڵی مێیینەیان هەیە بیانهێڵنەوە با هێزی دڵیان بشکێ و نەکەونە شوێن مووسا. بەم جۆرە دەستیان کرد بە فڕو فێڵ و لە واقیعدا فڕو فێڵی کافران هەر لە ونبوون و زایەبوونایە.

﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِيٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٦﴾ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٧﴾﴾

وە فیرعەون پاش تەبلیغاتی مووسا عليه السلام قاری هەستا و وتی بە دەستە و بەستەکەی بارەگای خۆی: وازم لێ بێنن مووسا ئەکوژم، جا با مووسا هاوار لە خودای خۆی بکا چی ئەکا بیکا! چونکی بە راستی من لە مووسا ئەترسم کە دین و ئایینی ئێوە بگۆڕێ و هەموو بڕۆنە سەر دینی ئەو. وە یاخود لەم زەوی میسرەدا فەسادی دووبەرەکی دەربخا و خەڵك تێکبچن. وە مووسایش فەرمووی: بە راستی من پەنا ئەگرم بە خودای خۆم و خودای ئێوە، کە یەك خودایە، لە ئاشووب و ئازاری هەر خاوەن دەمارێ کە ئیمانی بە رۆژی لێپرسینەوە نییە.

﴿ وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـٰنَهُۥٓ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّىَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ۖ وَإِن يَكُ كَـٰذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥ ۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ ﴿٢٨﴾ يَـٰقَوْمِ لَكُمُ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ظَـٰهِرِينَ فِى ٱلْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأْسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا ۚ قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾ ﴾

جا کاتێ فیرعەون ئەو هەڕەشەیە کرد و مووسا بەیانی پەنا بردنی خۆی بە خودا کرد لە ئاشووبی فیرعەون، پیاوێکی خاوەن باوەڕ بە مووسا و لە دەستەی فیرعەون لە رووی خێرخواهی و ئامۆژگارییەوە بە گەلەکەی وت: ئایا ئێوە کەسێ ئەکوژن کە بڵێت «اللّه» خودا و پەروەردگاری منە؟ لەگەڵ ئەوەیشدا گەلێ موعجیزەی لە لای خودای خۆیەوە بۆ هێناون! ئەگەر بڵێین درۆ ئەکا ئەوە ئوباڵی درۆکە بە ئەستۆی خۆیەتی، وە ئەگەر راست بکا ئەوە بازێ لە و سزایانە کە ئەو هەڕەشەیان پێ ئەکا ئەگا بە ئێوە. جا لەمە زیاتر زیادەڕەوی مەکەن لەگەڵ پێغەمبەری خودادا، بە راستی پیاوێ ئاوا خەریکی زیادەڕەوی بێ و ئەوە پیشەی بێ لە بەرابەری خودا و پێغەمبەرانیەوە، خودا دەستی پێ نادا و شارەزای ناکا بۆ رێگەی پیرۆزی. ئەی گەلی من ئێوە ماڵ و دارایی زۆرتان هەیە و لە زەویدا دەست رۆیشتوون، جا خودانەخواستە ئەگەر بازێ زەحمەت بێت بەسەرمانا ئەوە کێ یارمەتیمان ئەدا و رزگارمان ئەکا لەو سزای خودایە؟

جا لەوێدا فیرعەون بە گەلی میسری وت: من پیشانتان نادەم ئەوە نەبێ کە خۆم ئەیبینم و شارەزاتان ناکەم بۆ ڕێگەی چاك و پیرۆزی ئینسانییەت نەبێ.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَٰقَوْمِ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ ٱلْأَحْزَابِ ﴿٣٠﴾ مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۚ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ ﴿٣١﴾ وَيَٰقَوْمِ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ ۗ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ ﴿٣٤﴾﴾

وە ئەو پیاوە خاوەن باوەڕە کە لە خزم و دەستەی فیرعەون بوو لە شێوەی دڵسۆزیدا وتی: ئەی گەلی من لەم بێباوەڕی و سەرپێچی ئێوە ئەترسم، ئەترسم سزای چەن ڕۆژێکی سەختی وەکوو ڕۆژەکان کە هاتن بەسەر کۆمەڵ کۆمەڵی گەلە پێشووەکانا، وەکوو بیستووتانە خودا هەمووی لەناو بردن، بێت بەسەر ئێوەیشا. دوایی بێت بەسەرتانا ئەوەی بەسەر گەلانی نووح و عاد و، سەموود و، ئەوانەیش بە شوێن ئەوانا هاتن، وەکوو گەلی لووت، ئەترسم شتێکتان بەسەرا بێ وەکوو ئەوان و ئەو ئوممەتانەیش لە دوای ئەوان هاتن کە هەموو بەرباد بوون. وە ئاشکرایە خودا نایەوێ ستەم لە بەندەکانی خۆی بکات.

وە ئەی گەلی خۆم من ترسم لە ئێوە هەیە کاتێ کە ساتی بانگکردنی خەڵکی قیامەت دێت و بازێکیان بانگ لە بازێکیان ئەکەن و هاوار لەیەك ئەکەن بۆ فریاکەوتن و کەس بەکاری کەس نایێ، دوچاری ئەو ڕۆژە ببن.

ئەو ڕۆژە کە پشت لە سارای لێپرسینەوە هەڵئەکەن و ئەتانەوێ رابکەن و ئەتانگێڕنەوە، وە یا کە ئەتانبەن بۆ دۆزەخ و کەس لە ئێوە کەس نییە بیپارێزێ لە زەحمەت و سزای خودا و، لە واقیعدا ئەو مەینەتانە هەمووی ئەنجامی گومڕاهی دنیایە و هەرکەس خودا گومڕاهی بکا لەبەر بەدڕایی خۆی کەس نییە بتوانێ هیدایەتی بدا.

وە بە راستی لەمەو پێش حەزرەتی یووسفی کوڕی یەعقووب هات بۆ لاتان و، ئەحکامی خودای تەعالای پێگەیاندن و گەلێ موعجیزەی ڕووناکی نیشاندان، کەچی ئێوە هەر لەسەر دوودڵی لە عاستی پەیام و پەیامبەراندا مانەوە و باوەڕتان بەوە نەکرد کە ئەو بۆی هێنابوون، هەتا کاتێ کۆچی کرد وتتان: ئیتر لە پاش یووسف خودای تەعالا کەسی‌تر نانێرێ بۆ رەهبەری ئادەمیزاد. واتە وەکوو گومانتان بوو لە پێغەمبەرایەتی یووسفدا سووریش بوون لەسەر ئەوە کە لە پاش ئەو خودا پێغەمبەر نانێرێ، واتە کوفرە کۆنەکەتان مابوو کوفرێکی تازەیشتان کرد بە سەرباری.

یاخود لە پاش کۆچی دوایی یووسف ئەوەندە سیفاتی گەورەی یووسفتان لەبەرچاودا جێگیر بووبوو ئەتانوت: ئیتر کەسی وەها ئەم سیفەتانەی ببێ لە عالەما نابێ، بێ‌ئاگا بوون لەوە کە خودا تەوانایە بەسەر ئەوەدا هەرکەسێ خواستی لێی ببێ دروستی بکا. جا ئاوەها خودا گومڕا ئەکا ئەو کەسەی کە دەربارەی خودا و پێغەمبەری خودا زیادەڕەوی ئەکا و گومانی لە خودادا هەیە.

﴿ ٱلَّذِينَ يُجَـٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَـٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۖ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ ﴿٣٥﴾ ﴾

ئەو کەسانە کە موجادەلە و شۆڕی بەتاڵ ئەکەن لە ئایتی خودادا و بێباوەڕێ نیشان ئەدەن بەو ئایەتانە بە بێ ئەوە بەڵگەیان هەبێ یان بۆیان هاتبێ، ئەوانە تاوانیان

زۆر گەورەیە و گەلێ لە رەحمەتی خوداوە دوورن، هەروا تاوانیان لای موسوڵمان و خاوەن باوەڕەکانیش گەلێ گەورەیە. وە ئەمانە بۆیە ئەو جەدەل و شۆڕە ئەکەن؛ چونکی خودای تەعالا مۆری ناوە بەسەر دڵیانا و نووری حەقپەرستی ناڕواتە ناو دڵیانەوە لەبەر دەمار و خۆبەزل گرتن و گاڵتەکردنیان بە دین. وە هەرکەسێ خۆی بە زل بزانێ و ستەمکار بێ بێ‌گومان ئەوانە خودا مۆر ئەنێ بە دڵیانا.

بزانن! بە گوێرەی سیاقی ئایەتەکان ئیحتیمالی بەهێز هەیە لەسەر ئەوە کە ئەم ئایەتە ناوەرۆکی قسەی پیاوە موسوڵمانەکەی گەلی فیرعەون بێ و کۆتایی ئامۆژگاری و ڕێنومایییەکەی ئەو بێ. وە هەڵیش ئەگرێ کە هەر «ئیستیئناف»بێ لە لایەنی خوداوە بۆ بەیانی حاڵی ئەو کافرانە.

﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا ۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴿٣٧﴾﴾

وە فیرعەون فەرمانی دا بە هامان، کە وەزیری گەورەی بوو، وتی: ئەی هامان قەڵایەکی بەرزم بۆ دروست بکە، وەها کە لە جیهانەوە دیار بێ، بە هیوای ئەوەم بگەم بە زانستی هەواڵی ئەو ئەستێرانە لە ئاسمانا کە دەلالەت ئەکەن لەسەر کارەسات و ڕووداوەکانی دنیا، تا بە هۆی ئەو زانستەوە ئاگاداری کردار و کار و باری خودای مووسا ببم لە ئاسمانا، ئەگەر ببێ، بزانم هەیە یا نییە، وە ئەگەر هەیە بزانم مووسای کردووە بە ڕەهبەر بۆ پێشەوایی ئینسان لەم چەرخەدا، یاخود لە خۆیەوە بە درۆ قسە ئەکا؟ جا بەم شێوە لەبەر دڵی فیرعەونا کردەوە ناباڕەکانی جوان کرابوو لە

ڕێگەی حەق مەنع کرابوو. وە فڕو فێڵی فیرعەون زیانکاری نەبێ بۆ خۆیی و پەیڕەوەکانی هیچ ئەنجامێ‌تری نەبوو.

وا دیارە لەو چەرخەدا بتپەرستی و ئەستێرەناسی و ئیستیدلال بە ئاڵ و گۆڕی ئەستێرە لەسەر کارەساتی دنیا زۆر بووە، بۆیە فیرعەونیش بۆ خۆی ویستوویەتی ئەو ڕێگە بەکار بێنێ بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری خۆی.

وە یاخود گومانی وا بردووە کە خودای مووسا مادەیەکە وا لە ئاسمانا و ویستوویەتی پێی بگا و تێی بگا.

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِيٓ ءَامَنَ يَٰقَوۡمِ ٱتَّبِعُونِ أَهۡدِكُمۡ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٣٨﴾ يَٰقَوۡمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا مَتَٰعٞ وَإِنَّ ٱلۡأٓخِرَةَ هِيَ دَارُ ٱلۡقَرَارِ ﴿٣٩﴾ مَنۡ عَمِلَ سَيِّئَةٗ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَاۖ وَمَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ يُرۡزَقُونَ فِيهَا بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴿٤٠﴾ ۞ ﴾

وە ئەو پیاوە خاوەن باوەڕە کە لە گەلی فیرعەون بوو وتی: ئەی گەلی من! شوێن من بکەون با ڕێگەی گەیشتن بە مەقسوودی شەرعی ڕاستان نیشان بدەم. ئەی گەلی من ئەم ژیانی دنیایە هۆی ڕابواردنی کاتییە، پاشەڕۆژ و شوێنی موسوڵمانان لە پاشەڕۆژا خانووی ئارامگای هەتا هەتایە. جا هەرکەسێ لەم دنیادا کردەوەی خراپ بکا هەر بەگوێرەی کردەوەکەی خۆی تۆڵەی لێ ئەسێنرێتەوە، ئیتر دووقات و سێ قاتی لێ ناسێنرێتەوە، وە هەرکەسێ کردەوەی باش بکا نێرینە بێ یا مێیینە بێ ـ مادام خاوەن باوەڕ بێ ـ ئەوە ئەوانە ئەچنە بەهەشت و ڕۆزییان لەوێدا بە ئارەزووی خۆیان پێ ئەدرێ، بە بێ ئەوە کە میزانی بە قەی کردەوەکەی بێ. واتە یەك بەدە و حەوسەد هەزار ئاسانە لە بۆ پاشای کەرەمکار.

﴿۞وَيَـٰقَوۡمِ مَا لِيٓ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ ﴿٤١﴾ تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞ وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّـٰرِ ﴿٤٢﴾ لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ لَيۡسَ لَهُۥ دَعۡوَةٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَلَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ هُمۡ أَصۡحَـٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٤٣﴾ فَسَتَذۡكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمۡۚ وَأُفَوِّضُ أَمۡرِيٓ إِلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرُۢ بِٱلۡعِبَادِ ﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُواْۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٥﴾ ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗاۖ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٦﴾۞﴾

وە یارۆی خاوەن ئیمان بانگی کردن وتی: ئەی گەلی من! من چ زیانێ ئەکەم کە ئێوە بانگ ئەکەم بۆ رزگاری و ئێوە چ قازانجێ ئەکەن من بانگ ئەکەن بۆ ئاگری دۆزەخ؟ واتە بۆ کوفر و ئەنجامی دۆزەخ، ئێوە من بانگ ئەکەن بۆ ئەوە کوفری خودا بکەم و بیکەم بە شەریك و هاوڕێی کەسانێ کە من زانستم نییە بەوە کە ئەوان قابیلییەتی هیچیان ببێ لە گەورەیی و، من ئێوە بانگ ئەکەم بۆ لای خودایێ خاوەن عیززەت و تاوانبەخشە.

وە هیچ لادان لەم واتە راستە نییە کە من بەیانی ئەکەم ئەوەیش ئەوەیە کە ئەوەی ئێوە من بانگ ئەکەن بۆ پەرستیاری هیچ مەجالی دەعوەت و عیبادەت و عیززەتی نییە نە لە دنیادا و نە لە قیامەتا، وە هەموو گەڕانەوەمان بۆ لای خودایە، وە ئەوانە کە زۆر یاخی و لەحەق لادەرن وان لە ناو ئاگرا و هەرگیز لێی جیانابنەوە.

وە لەمەولا کاتێ سزای قیامەتتان چاوپێکەوت بیری ئەم قسانی منە ئەکەنەوە، ئێستە من هەموو کارێکی خۆم حەواڵەی خودا ئەکەم، بە راستی خودا بینایە بە هەموو بەندەکانی.

جا خودا پیاوە خاوەن باوەڕەکەی لە فڕو فێڵی فیرعەون پاراست. یاخود حەزرەتی مووسای لە مەکری فیرعەون پاراست، وە تاقمەی فیرعەونیش سزا ئەدرێن بە چ سزایێ؟! سزایەکی زۆر نابار بەم شێوە کە بەیانی و ئێوارە رائەنوێنرێن بە سەر ئاگردا و، لە رۆژی قیامەتیشا فریشتەی بەرپرسیاری سزا بانگ ئەکرێ و پێی ئەوترێ: گەلی فیرعەون، واتە خۆی و دەستەو بەستەی بخەنە ناو سزایەکی زۆر سەختەوە، بە جۆرێ لە هەموو سزاکان بەتینتر بێ.

﴿ وَإِذْ يَتَحَاجُّونَ فِي ٱلنَّارِ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ ٱلنَّارِ ﴿٤٧﴾ قَالَ ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُوٓاْ إِنَّا كُلٌّ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ ٱلْعِبَادِ ﴿٤٨﴾ ﴾

باسی ئەوە بکە کە تاقمە بێدەست و نەداراکانی دنیا لە کافران بە گەورە و زۆردارەکانیان ئەڵێن، کاتێ هەموویان لە دۆزخدان: ئێمە پەیڕەو و دەستەو دائیرەی ئێوە بووین، ئایا ئێوە ئەمڕۆ شتێ لەو ئاگری دۆزەخەمان لەسەر لائەدەن؟ جا گەورەکان بەو بێدەستانە ئەڵێن: ئێمە هەمووومان واین لە ناو ئاگری دۆزەخدا. بە راستی خودا فەرمانی داوە و بڕیاری تۆڵە و پاداشی بۆ بەندەکانی خۆی داوە و هەموو شتێ بڕاوەتەوە.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ فِي ٱلنَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ يُخَفِّفۡ عَنَّا يَوۡمٗا مِّنَ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٩﴾ قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ تَكُ تَأۡتِيكُمۡ رُسُلُكُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ قَالُواْ بَلَىٰۚ قَالُواْ فَٱدۡعُواْۗ وَمَا دُعَٰٓؤُاْ ٱلۡكَٰفِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَٰلٍ ﴿٥٠﴾﴾

وە لە رۆژی قیامەتا ئەو کەسانە وان لە ناو ئاگری دۆزەخا بە دەرگاوان و بەرپرسیارەکانی دۆزەخ ئەڵێن: داوا لە خودا بکەن بەڵکوو رۆژێ سزامان لەسەر لا ببا! ئەوانیش لە وەڵاما پێیان ئەڵێن: ئەوە نەبوو پێغەمبەرەکان هاتن بۆ لاتان و موعجیزەی خۆیان نیشان‌دان و ئێوە باوەڕتان پێ نەکردن؟

ئەوانیش ئەڵێن: بەرێ‌وەڵڵا راست بوو. جا دەرگاوانەکان پێیان ئەڵێن: دە هەر دوعا بکەن و بپاڕێنەوە بە بێ سوودا! دوعا و پاڕانەوەی کافران سوود و نرخی نییە و لە سزا رزگار نابن.

﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ﴿٥١﴾ يَوۡمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعۡذِرَتُهُمۡۖ وَلَهُمُ ٱللَّعۡنَةُ وَلَهُمۡ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴿٥٢﴾﴾

ئێمە یارمەتی پێغەمبەرەکانی خۆمان و خاوەن باوەڕەکان ئەدەین لە ماوەی ژیانی دنیادا بە حوججەت و گەیشتن بە مەبەست، هەروا لە رۆژێکا کە شایەتەکان رائەوەستێنرێن بۆ شایەتی‌دان لەسەر تاوانباران، لەو رۆژەدا کە سوود نادا بە ستەمکارەکان هەرچی بیانوویێ بیهێننەوە و لەعنەت و دووری لە رەحمەت بۆ ئەوانە و، قەرارگای بێ‌ئارامیش هەر بۆ ئەوانە.

﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡهُدَىٰ وَأَوۡرَثۡنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱلۡكِتَٰبَ ﴿٥٣﴾ هُدٗى وَذِكۡرَىٰ لِأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ ﴿٥٤﴾ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ

وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِبْكَـٰرِ ﴿٥٥﴾

ئێمە شتێکی وەهامان دا بە مووسا کە ببێ بە هۆی شارەزایی و چاو و دڵ رووناکی ئەوانە کە دڵیان لەسەر حەقە. وە کیتابی ئاسمانی ـ تەورات ـ مان هێشتەوە پشت لە دوای پشت لە ناو پێغەمبەرەکانا، یا چین لە دوای چین لە ئوممەتەکەدا بە حاڵێ کە بوو بە هۆی شارەزا بوونیان بۆ ئەحکامی دین و بە ئامۆژگاری و رێنومایی بۆ شوێنکەوتوانی دینەکەیان لەوانە کە خاوەنی عەقڵ و هۆشی ساغن.

جا تۆ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست خۆت بگرە لەسەر ئازاری ئەو کافرانە، بە راستی ئەو بەڵێنە کە خودا داویەتی بە تۆ بۆ یارمەتیدانت راستە و دێتە جێگە، وە داوای چاوپۆشی بکە لە خودای میهرەبان لەسەر ئەو شتانە کە بە «خلاف الأولی» بەسەر تۆدا هاتوون و، تەسبیحی خودای خۆت بکە لەگەڵ سوپاس و ستایشدا لە ئێواران و بەیانیاندا بە تایبەتی. یاخود ئە م تەعبیرە کینایەیە لە دەوامدان بە تەسبیح و ستایشی خودای تەعالا لە هەموو کاتێکدا. بەم مەعنایە بەقەی هەناسەدانێ خودای لە یاد نەچێ و، لە موراقەبەی ئەو بێئاگا نەبێ؛ چونکە:

پایەی رەهبەران ئەوەندە بەرزە نابێ سێبەریان بدا لەم عەرزە

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُجَـٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَـٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۙ إِن فِى صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَـٰلِغِيهِ ۚ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿٥٦﴾ لَخَلْقُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾﴾

ئەو کەسانە کە موجادەلە لە ئایاتی خودادا دەکەن بە بێ ئەوە بەڵگەیەکیان دەست کەوتبێ و پێیان گەیشتبێ، ئەوانە دڵیان فیز و خۆ بە زل گرتنێکی ناباری ناڕەوا نەبێ هیچی‌تری تێدا نییە، کە لە واقیعا ئەوان ناگەن بە پایەی ئەو فیزە و خۆیان بە هەوا داوای ئەکەن، کە وابێ ئەوانە ئەهلی هەوان و شوێنکەوتووی شەیتانن و، تۆیش پەنا بگرە بە خودا لە شەڕی ئەو شەیاتینە خاوەن دەمارانە، بە راستی خودا هەموو قسەیێ ئەبیسێ و هەموو شتێ ئەبینێ.

بێ‌گومان دروستکردنی ئاسمان و زەوی لە دروستکردنی ئادەمیزاد گەورەترە، کە وابێ کەسێ بتوانێ ئاسمان و زەوی دروست بکا ئەتوانێ ئادەمیزادیش زیندوو بکاتەوە و دروستی بکاتەوە بۆ پاشەڕۆژ. ئیتر بۆچی موجادەلە ئەکەن لە ئایەتەکانی زیندوو بوونەوە و گردکردنەوە و لێپرسینەوەی عالەمدا؟

وە یاخود دروستکردنی ئاسمان و زەوی لە دروست کردنی ئینسان گەورەترە، هەزار جار فیز و دەمار بخاتە مێشکییەوە بە هیچ ناچێ و نرخی نییە، ئیتر بۆچی وا خۆی زل ئەکا و بە فیزەوە رائەبوێرێ؟ ئەمە کە بەیانمان کرد شتێکی دیارییە بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەوەندە پەردەی عەناد وا بەسەر دڵیانەوە لە حەق حاڵی نابن.

﴿وَمَا يَسْتَوِي ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَلَا ٱلْمُسِىٓءُ ۚ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٥٨﴾﴾

کوێر و چاوساغ وەکوو یەك نین، هەروەها ئەوانەی خاوەنی باوەڕن و کردەوەی باشیان کردووە لەگەڵ بەدکار و بەدڕەوشت جیان و دوورن لە یەك، ئێوە کەمێ جار بیر ئەکەنەوە.

﴿إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَءَاتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٥٩﴾﴾

بێ گومان قیامەت دێت و هیچ گومان لە هاتنەکەیدا نییە، بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد ئەم راستییە نازانن و، باوەڕیان پێی نییە.

﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾﴾

بزانن پەروەردگاری ئێوە فەرموویەتی: ئێوە من بانگ بکەن و منیش بە دەنگتانەوە دێم و پاداشی چاکتان ئەدەمەوە، کەچی بازێ کەس خۆیان بێعەقڵ ئەکەن و خۆیان بە گەورە ئەگرن لە عاستی بەندەیی خودادا. وە منیش بە تۆ ئەڵێم: ئەو کەسانە کە خۆیان بە زل ئەزانن لە عاستی بەندەیی مندا ئەبێ لەمەولا مل دانەوێنن و بە داماوی بچنە ناو دۆزەخەوە.

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ لِتَسۡكُنُواْ فِيهِ وَٱلنَّهَارَ مُبۡصِرًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشۡكُرُونَ ﴿٦١﴾﴾

خودا ئەو کەسەیە شەوی بۆ ئێوە دروست کردووە تا ئارامی تیا بگرن، وە ڕۆژیشی کردووە بە شتێکی وا کە چاوتان مادە ئەبینێ تیایا. بە ڕاستی خودای تەعالا خاوەنی زیادە نیعمەتە بەسەر ئێوە و ئادەما، بەڵام زۆربەی خەڵك سوپاسی نیعمەتی خودا ناکەن.

﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ﴿٦٢﴾ كَذَٰلِكَ يُؤۡفَكُ ٱلَّذِينَ كَانُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجۡحَدُونَ ﴿٦٣﴾﴾

ئەو کەسە کە ئەو شتانەی باس کران کار و کردەوەی ئەون، زاتێکە ناوی ئەڵڵایە و پەروەردگاری ئێوەیە، هەموو شتێکی دروست کردووە و دروستکەری هەموو

شتێکە، هیچ خودایێ نییە ئەو نەبێ، دەی چۆن لائەدەن، یا لاتان پێ ئەدرێ لە بەندەیی خودا؟! ئەوانەی کە سەرپێچییان لە فەرمانی خودا ئەکرد و ئینکاری ئایاتی خودایان ئەکرد بەو شێوە لائەدرێن.

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ ۖ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٤﴾ هُوَ ٱلْحَىُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ۗ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٥﴾ ۞ قُلْ إِنِّى نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَمَّا جَآءَنِىَ ٱلْبَيِّنَٰتُ مِن رَّبِّى وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٦﴾ ﴾

خودا ئەو خودایە کە زەوی کردووە بە قەرارگا و نیشتەجاگا بۆ ئێوە، وە ئاسمانی کردووە بە بینا و خەیمەگا و، پەیکەری بۆ کردوون بە شێوەی ئینسانی و پەیکەرەکەی جوان دروست کردوون و، رۆزی ئێوەی داوە لەو شتە خۆش خواردەمەنییانە، ئەمانە ئیشی خودای پەروەردگاری ئێوەن، ئەو خودایە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە زۆر گەورە و بالآدەستە.

خودا زیندووە بە زات و، هیچ پەرستیار و پەروەردگارێ نییە بە حەق ئەو نەبێ، دەی بانگی بکەن و بەندەیی بۆ بکەن و لێی بپاڕێنەوە و، دین و کردەوەی خۆتان پاك و پاڵفتە بکەن بۆ ئەو و بۆ فەرمانی ئەو و لەبەر رەزای ئەو و بەس، سوپاس و ستایش هەمووی بۆ خودای پەروەردگارە، پەروەردگاری هەموو جیهان و ئەوەی لە جیهانایە.

تۆ ئەی خۆشەویست بفەرموو: من نەهیم لیٚ کراوە کە بەندەیی بۆ ئەو شتانە بکەم کە ئێوە بەندەییان بۆ ئەکەن و بێجگە لە خودا بانگیان ئەکەن لە کاتێکا موعجیزە و ئایەتی قورئانی پیرۆزم بۆ هاتووە، هەروەها فەرمانم پێدراوە بەندەیی بکەم و ملکەچ بکەم بۆ پەروەردگاری جیهان.

﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوٓا۟ أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا۟ شُيُوخًا ۚ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ مِن قَبْلُ ۖ وَلِتَبْلُغُوٓا۟ أَجَلًا مُّسَمًّى وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٦٧﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ فَإِذَا قَضَىٰٓ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٦٨﴾﴾

ئەو خودایە کە ئێمە ئەیپەرستین و داوا ئەکەین ئێوەیش پەرستیاری بن ئێوەی لە گڵ دروست کردووە، بە ئیعتیباری باوکی هەموومان ئادەم، دوای ئەوە حەوای لە پەراسووی ئادەم دروست کرد. دوای ئەوە نەوەکانی دروست کردووە لە پێشدا لە تۆوی باوك و دایك، ئەوسا ئەو تۆوە بووە بە پارچەییٚ خوێن، ئەوسا پاش ماوەییٚ کە دروستبوون لە سکی دایکدا خودا دەری کردوونەتە دەرەوە بە منداڵی و مەلۆتکەیی، پاش ئەوە بەخێوی کردوون تا بوون بە ئینسانێکی پاڵەوان و گەیشتوون بە هێز و توانایی خۆتان، پاش ئەوە هێشتوونیەتیەوە تا پیر بوون و لاواز و لێکەوتە بوون، وایش ئەبیٚ هەندێکتان پێش ئەو تەمەنە ئەمرن، هەموو ئەم کەم و زۆرە بۆ ئەوەیە بگەن بە وادەی ناوبراو و دیاریکراو بۆ ئەوە لە کردار و تەوانایی خۆتان بگەن لە ماوەی ژیانتانا.

وە هەر خودایە مردن و زیندووبوونەوە ئەکات و، کیٚ خۆی بیەویٚ ئەیمرێنیٚ و کیٚ بیەویٚ ئەیژیێنیٚ، جا هەرکاتیٚ ویستی و فەرمانی دا بە کردنی شتیٚ هەر ئەوەندەی ئەویٚ بفەرمویٚ، ببە! ئیتر ئەو شتە کە فەرمانی پێدراوە ئەبیٚ.

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ أَنَّى يُصْرَفُونَ ﴿٦٩﴾ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِالْكِتَابِ وَبِمَا أَرْسَلْنَا بِهِ رُسُلَنَا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ ﴿٧٠﴾ إِذِ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَالسَّلَاسِلُ يُسْحَبُونَ ﴿٧١﴾ فِي الْحَمِيمِ ثُمَّ فِي النَّارِ يُسْجَرُونَ ﴿٧٢﴾ ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ ﴿٧٣﴾ مِن دُونِ اللَّهِ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُو مِن قَبْلُ شَيْئًا كَذَٰلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ الْكَافِرِينَ ﴿٧٤﴾ ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَمْرَحُونَ ﴿٧٥﴾ ادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٦﴾ فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ ﴿٧٧﴾ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ئایا تۆ ناڕوانی بۆ ئەو کافرانە کە موجادەلە ئەکەن بۆ بەرپەرچدانەوە و دانەدواوەی ئایاتی خودا! ئەوە چۆن لائەدرێن لە باوەڕ بەو ئایەتە رووناکە بەرزانە کە پێویستی سەرشانی ئینسانی عاقڵە باوەڕیان پێ بکا؟ وە ئەوانە کە موجادەلە لە ئایەتەکانی خودادا ئەکەن کەسانێکن کە ئەو ئایەتانە بۆ تۆ هاتوون کە قورئانە و کتێبەکانی پێغەمبەرەکانی پێش تۆیشیان بەدرۆخستووەتەوە و، ئەمە پیشەی کۆنیانە. جا لەمەولا تێ ئەگەن! کاتێ کۆت و زنجیر ئەخرێتە گەردنیان و لە ناو ئاوی گەرمی کوڵبەکوڵدا رائەکێشرێن، جا پاش ئەوە لە ئاگردا ئەسووتێنرێن، پاش ئەمانە پێیان ئەوترێ: ئەوە ئەوانەی کە بە هاوبەشی خوداتان ئەزانین و کردبووتانن بە دۆستی خۆتان لە کوێن؟ بۆ دیار نین یارمەتیتان بدەن؟ ئەوانیش لە وەڵامدا ئەڵێن: ئەوانەمان لێ گوم بوو! زیاد لەوە بۆمان دەرکەوت کە ئێمە لەمەوپێش نەفام و نەزان

بووین و، هیچ کەس و هیچ شتێکی بەسوودمان بانگ نەکردووە و نەمانناسیوە؛ چونکە ئەوانەی کە بانگ ئەکران لە گیانی خۆیانا هیچ نەبوون. جا ئاوەها خودا کافرە بەدکردەوەکان گومڕا ئەکا.

وە ئەم کارەساتی ڕۆژی قیامەت و سزای دۆزەخە لەوەوە پەیدا بوو کە لە دنیادا بە ناحەق شادمانیتان ئەکرد و بە گاڵتە و ڕابواردنی بێبایەخ لە زەویدا ئەژیان و کاتی بەنرختان بە بەندەیی بت و دار و بەردەوە خەرج ئەکرد. جا لە ڕۆژی قیامەتا پێیان دەوترێ: دەی بچنە ناو دۆزەخەوە لەو دەرگایانەوە کە بۆتان کراوەتەوە؛ هەرکەس بە گوێرەی کار و کردەوەی بەدی خۆی شوێن و جێگەی تایبەتی خۆی بۆ بڕیار دراوە. کە ئەچنە دۆزەخەوە ئەوە بزانن و با دڵتان یەکلا بێتەوە کە هەتا هەتایە لە دۆزەخدا ئەمێننەوە. وە شوێن و مەڵبەندی ئەوانە کە خۆیان بە زل ئەگرت و فیز و دەماریان ئەکرد جێگەیەکی زۆر خراپ و ناهەموارە.

ئەی خۆشەویست خۆت بگرە لەبەر ئازاری وتار و کرداری ئەو کافرانەدا، بە ڕاستی بەڵێنی خودا بە یارمەتی تۆ و بە لە ناوبردنی ئەوان لە دنیادا و، بە بەهەشت بۆ تۆ و پەیڕەوانی تۆ و بە دۆزەخ بۆ ئەوان و هاوبابەت و هاووێنەیان ڕاستە و جێگەی گومان نییە.

جا یا بازێ لەو کارانە کە بەڵێنم داوە بە هەردوولا نیشانت ئەدەین، وە یاخود ڕۆحی پیرۆزت وەرئەگرین و ئەوانیش بۆ کوێ دەرئەچن؟ هەموویان بۆ لای ئێمە ئەگەڕێنەوە.

زەڕە لە عەرزا یا لە ئاسمان — یاخود لە بێخی دەریای بێسامان

ئەمێنێتەوە لە بارەگادا — لەبەر قودرەتی زاتی خودادا

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ ۗ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ ۚ فَإِذَا جَاءَ أَمْرُ اللَّهِ قُضِيَ بِالْحَقِّ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْمُبْطِلُونَ ﴿٧٨﴾﴾

وە بە راستی لە پێش تۆدا چەن پێغەمبەرمان رەوانە کرد، هەندێ لەو پێغەمبەرانەم بۆ تۆ باس کردووە، وە هەیشیانە بۆم باس نەکردووی، وە هیچ یەکێ لەو پێغەمبەرانە نەیتوانیوە ئایەتێ بێنێ و بیخوێنێتەوە بە ئیزنی خودا نەبێ. جا کاتێ فەرمانی خودا هات بە سزا بۆ یەکێ یا بۆ کۆمەڵێ لە دنیادا یا لە قیامەتا ئەوە ئەو سزا جێ‌بەجێ ئەکرێ و هەرکەسێ خاوەن عەقیدەی نارەوا بووبێ لەوێدا دەرئەکەوێ کە زیانی کردووە.

﴿اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَنْعَامَ لِتَرْكَبُوا مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٨٠﴾ وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَأَيَّ آيَاتِ اللَّهِ تُنكِرُونَ ﴿٨١﴾﴾

خودا خودایەکی وایە چوارپێکانی دروست کردووە بۆ ئەوەی کە سواری بازێکیان ببن وەکوو وشتر و، لە بازێکیشیان بخۆن، وەکوو بزن و مەڕ و گا و مانگا. وە ئەو چوارپێیانە چەند قازانجێکیان بۆ ئێوە هەیە لە: تووك و، موو و، مەرەز و، گورگ و، غەیری ئەوانەدا. وە لە: شیر و، دۆ و، ماست و، کەشك و، رۆن... وە دروسمان کردوون بۆ ئەوە بە هۆی ئەوانەوە بگەن بە بازێ نیازی وا کە لە دڵتانایە، وە بە سواری ئەوان و بە سواری کەشتی لە وشکان و لە دەریادا ئەڕۆن و هاتوچۆ ئەکەن.

وە خودا بەڵگەی گەورەیی خۆیتان پیشان ئەدا. کە وابێ ئێوە نینکاری کام ئایەت لە ئایەتەکانی خودا ئەکەن؟

﴿أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْۚ كَانُوٓاْ أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَءَاثَارًا فِي ٱلْأَرْضِ فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَكْسِبُونَ ﴿٨٢﴾ فَلَمَّا جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَرِحُواْ بِمَا عِندَهُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٨٣﴾ فَلَمَّا رَأَوْاْ بَأْسَنَا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِۦ مُشْرِكِينَ ﴿٨٤﴾ فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَٰنُهُمْ لَمَّا رَأَوْاْ بَأْسَنَاۖ سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِۦۖ وَخَسِرَ هُنَالِكَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٥﴾﴾

ئایا ئەم کافرانە بە زەویدا ناگەڕێن هەتا تەماشا بکەن کە چۆن بووە ئەنجامی ئەو کافرانە لە پێش زەمانی ئەمانەدا بوون، کە لە ژمارەدا لەمان زۆرتر بوون و، هێزی دارایی و دەست و پایەیان لەمان زیاتر بوو، شوێنەوار و پاشماوەی ساختمان و کۆشك و تەلاریان لەمان فراوانتر بوو... کەچی سوودی پێ نەدان ئەوەی ئەوان کردبوویان و نەیپاراستن و کەڵکی نەبوو.

جا کاتێ پێغەمبەرەکانی ئێمە هاتن بۆ لایان ئەو کافرانە شادمانییان دەربڕی بەوەی لە لایانا هەیە لە دارایی و حاڵ و ماڵ، تا لە ئەنجاما جەزا و قەزای ئەو دینە کە ئەوان گاڵتەیان پێ ئەکرد دەوری دان و گرتنی.

جا کاتێ بە چاوی خۆیان سزای ئێمەیان بینی وتیان: باوەڕمان بە خودای تاق و تەنیا هەیە و کوفر ئەکەین بەوانەی کە زوو باوەڕمان وابوو هاوبەشی خودان و،

حاشا هاوبەشی خودا نەبوون! بەڵام ئەو باوەڕە کە لەو کاتەدا دەریانبڕی هیچ سوودی پێ نەدان؛ چونکی باوەڕەکە لە کاتێکا بوو کە سزای ئێمەیان دی و باوەڕکردن لە کاتی وادا بێسوودە و وەختی بەسەرچووە. ئێوە تەماشای ئەو یاسا بکەن کە خودای تەعالا لە چەرخەکانی پێشووەوە دایمەزراندووە و لە ناو بەندەکانیدا رابوردووە و، لەمەولایش هەروایە کە بریتییە لەوە هەرکەس پەیڕەوی ڕەهبەری کرد رزگار بوو، وە هەرکەس لە پێشدا باوەڕی پێ نەکرد و بەڵام دوایی پەشیمان بووەوە ئەوە چارەسەری ئەکرێ، وە هەرکەس لەسەر بێباوەڕی مایەوە هەتا سزاکەی بەسەردا باری ئەوە ئیتر هەرچی بکا بێسوودە. وە لەو پایەی داوییەدا کافرە بێباوەڕە بێبارەکان زیانکار ئەمێننەوە!

یاسای چەرخی بەرز «سنة اللّه»یە ... کەسێ دایناوە بە حەق ئاگایە
قەت ئادەمیزاد بێ رابەر ناکا ... نەزان و زانیار بەرانبەر ناکا
کە ڕەهبەری نارد بە دەرسی بەسوود ... هەرکەس وەری گرت گەیی بە مەقسوود
ئەوەی تەرکی کرد بەڵام هاتەوە ... بەشی سوودی خۆی هەر ئەباتەوە
ئەوەی کەوتە سەر باری ناباری ... بەری بۆ دەرچوو لە زیانکاری
ئەو کەسەی لە حەق روو هەڵسووڕێنێ ... دنیا بۆ ئەو بێ زوو ئەیدۆڕێنێ
جا کاتی نەهات کە کەوتە هاوار ... لە دەستی چەرخی گەرمی جەفاکار
هەزار جار بپاڕێتەوە ... سوودێ لە بۆ خۆی نادۆزێتەوە
چارەی موشکیلات لە پێشدا ئەکرێ ... نەخۆش لە پێش مەرگ دەوای بۆ ئەبرێ
«نامی» بە فەیزی ناوی خودای خۆی ... وەری گرت بەشێ دانرابوو بۆی



سووره‌تی «فصّلت»، له سووره‌ته مه‌ككه‌ییه‌كانه، ٥٤ ئایه‌ته،
پاش سووره‌تی «مؤمن» [(غافر)] ، هاتووه‌ته خواره‌وه.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿حمٓ ۝١ تَنزِيلٞ مِّنَ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝٢ كِتَٰبٞ فُصِّلَتۡ ءَايَٰتُهُۥ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّقَوۡمٖ يَعۡلَمُونَ ۝٣ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا فَأَعۡرَضَ أَكۡثَرُهُمۡ فَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ ۝٤﴾

واته ئه‌م سووره‌ته «حامیم»ه و له لایه‌نی خودایه‌كه‌وه نێرراوه‌ته خواره‌وه كه میهره‌بانه له دنیا و قیامه‌تدا و هه‌میشه بۆ مه‌سڵحه‌تی دنیا و قیامه‌ت كیفایه‌ت ئه‌كا.

وه ئه‌مه كه نێرراوه‌ته خواره‌وه كتێبێكه ئایه‌ته‌كانی له‌یه‌ك جیا كراونه‌ته‌وه له بابه‌تی له‌فزه‌وه و له بابه‌تی مه‌عنایشه‌وه؛ هه‌ندێكیان به‌ڵێنی خۆش و، هه‌ندێكیان هه‌ڕه‌شه‌یه و، هه‌ندێكی تریان ته‌وانایی خودا ده‌رئه‌خا و، بازێ‌تریان باسی پێغه‌مبه‌ر ئه‌كا. وه ئه‌م نێرراوه قورئانێك و خوێنراوه‌یه‌كه به زمانی عه‌ره‌بی هاتووه‌ته خواره‌وه بۆ گه‌لێ كه عه‌ره‌بی ئه‌زانن. هه‌روا موژده‌ده‌ر و خه‌ڵك ترسێنه، وه ئه‌و كافرانه زۆربه‌یان لایان دا و سه‌رپێچییان كرد له ره‌فتار پێ كردنی جا ئه‌وانه گۆیا نین و نابیسن.

﴿وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا فِىٓ أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ وَفِىٓ ءَاذَانِنَا وَقْرٌ وَمِنۢ بَيْنِنَا وَبَيْنِكَ حِجَابٌ فَٱعْمَلْ إِنَّنَا عَٰمِلُونَ ﴿٥﴾﴾

وە ئەو کافرە لاداوانە وتیان: دڵمان وا لە پەردەیەکی وادا نایەڵێی ئەوە ببیسین کە تۆ بانگمان ئەکەی بۆی، وەکوو باسی خودابەیەکناسی و باسی پێغەمبەرایەتی ئەو پێغەمبەرانە کە راستن. وە گوێچکەمان کەرە و کەڕی تێدایە و لە نێوان ئێمەو ئێوەدا پەردە هەیە. واتە پەردەیێ کە نایەڵێ دەرسی تۆ بگا بە ئێمە. دەی تۆ برۆ ئیش بکە و خەریکی کاری خۆت بە، تۆ شەو و رۆژ هەوڵی بەرز کردنەوەی ئەو ئایینەت بە کە هێناوتە بۆ ئێمە، ئێمەیش لە ئاوەدانیدا کار و کۆشش بۆ ئێوە ئەکەین.

﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ فَٱسْتَقِيمُوٓا۟ إِلَيْهِ وَٱسْتَغْفِرُوهُ ۗ وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ ﴿٦﴾ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُم بِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ كَٰفِرُونَ ﴿٧﴾﴾

ئەی خۆشەویست بفەرموو: من هیچ نیم ئەوە نەبێ ئادەمیزادێکم لە لای خوداوە وەحیم بۆ دێ کە خودا و پەرستیار بۆ ئێوە نییە ئەو خودا نەبێ کە تاق و تەنیایە، دەی رێك بن لەسەر روو کردن بۆ لای ئەو و داوای پۆشینی تاوانی لێ بکەن. وە «وەیل» ـ کە شوێنێکی شوومی تایبەتییە لە دۆزەخدا، یا بە مەعنای هاوارە ـ بۆ ئەو کافرانە کە سەرەڕای کوفرەکەیان زەکاتی ماڵیان نادەن بە گەدا و بێنەواکان لەبەر دڵڕەشی و نامیهرەبانییان، وە ئەوانە باوەڕیان بە پاشەڕۆژیش نییە.

لەم ئایەتانە و وێنەی ئەمانەوە دەرئەکەوێ کە کافر «مکلف»ن بە فەرعەکانی ئەحکام وەکوو نوێژ و رۆژوو و زەکات و حەج، نەك لەسەر بناغەی ئەوە کە ئەمانە

لە کاتی کوفردا بەجێیبێنن، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە لەسەریانە ئیمان بێنن، جا دوای ئیمان و باوەڕ ئەمانە بەجێبێنن.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَهُمۡ أَجۡرٌ غَيۡرُ مَمۡنُونٖ ﴿٨﴾﴾

ئەو کەسانەیش کە باوەڕیان بە خودای تەنیا و تاك کردووە و کردەوەی باشیان کردووە (لە واجبات و موستەحەبات) ئەوانە لە ڕۆژی خۆیدا پاداشێکی نەبڕاوەیان هەیە.

﴿قُلۡ أَئِنَّكُمۡ لَتَكۡفُرُونَ بِٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ فِي يَوۡمَيۡنِ وَتَجۡعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادٗاۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ مِن فَوۡقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقۡوَٰتَهَا فِيٓ أَرۡبَعَةِ أَيَّامٖ سَوَآءٗ لِّلسَّآئِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَاۚ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ وَحِفۡظٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ﴿١٢﴾﴾

تۆ بفەرموو بەو کافرانە: ئایا ئەوەندە بێهەست و نەفامن ئینکاری بوونی ئەو پەروەردگارە ئەکەن کە لە دوو ڕۆژدا زەوی دروست کردووە و، ئەچن دوژمن و وێنەی بۆ بڕیار ئەدەن بە درۆ و ئەو خودایە پەروەردگاری هەموو عالەمە. وە لە ناو ئەو زەوییەدا چەن کێوێکی بەرزی دروست کرد و پیرۆزی هاویتە سەر ئەو کێوانە لە: هەڵگرتنی بەفرو بارانی زۆر و، ڕواندنی جۆرەها گیا و گوڵ و دار و درەخت و، دەرکردنی گەلێ شتی زەوی کە بۆ خواردن و ژیوار بشێن و، لە دروستکردنی چەشمە و جۆبار و ئەودوای کانەکان. وە لە هەر زەوییەکدا ژیواری ئەوانەی دیاری

کرد و بڕیاری دا کە تیایا ئەژین، هەموو ئەمانەی لە دوو رۆژا کرد لەگەڵ دوو رۆژە پێشووەکەدا کە ئەکەنە چوار رۆژ.

ئەم ژمارەی رۆژە دروستکردنی ئەوزاعی زەوییە بە نیسبەتی هەموو کەسێکەوە پرسیار بکا وەکوو یەکە؛ چونکی حەقیقەتە و حقیقەت ناگۆڕێ.

جا رووی خواستی خۆی کردە لای بەرزی لە کائینات، کە بە ئاسمان ناوی ئەبەین، لەو کاتەدا هەموو شتێکی تاریك بوو وەکوو دووکەڵ، لەبەر ئەوە لەو کاتەدا هەتاو دروست نەکرا بوو. جا فەرمووی بە ئاسمان و زەوی: بێن بۆ مەیدانی وجوودی خاوەن بەهرە و سوودا با ئاسمان رۆژ و مانگ و ئەستێرەکانی بێنە پڕتەودان بە جیهانا و، زەوی و دەریا بێنە سەر هەڵخستنی با و بوخار، وە با هەور هەستێ و باران بڕێژێ بە رووی زەوی و سارا و کێو و کۆسارا. وە با هەموو جۆرە شتێکی بەسوود بێتە وجوود. ئەم هاتنەتان لەسەر خواستی منە بتانەوێ و نەتانەوێ، پێویستە خواستم تەواو بێتە جێ، وتیان: ئامادەین فەرمانت هەرچۆن بێ، وا بە ملکەچی هاتین. جا خودای تەعالا ئاسمانەکانی کرد بە حەوت ئاسمان و حەوت پایە لە ماوەی دوو رۆژی‌ترا. ئەمە شەش رۆژ. وە لە هەموو ئاسمانێکدا کاری ئەو ئاسمانە و پێویستی ئەسیر و ئەستێرەکانی هەموو تەدبیر کرد، وە ئەو ئاسمانەیانمان ـ کە یەکەم ئاسمانە بە نیسبەت دنیاوە ـ جوان کرد و رازاندمانەوە بە چرای هەڵکراوی عالەم‌تابی ئەستێران. وە پاراستماندن لە مەوانیعی وجوود، یا لە شەیاتینی نامەردی نابوود. ئەم کارە هەمووی تەدبیری پەروەردگارێکە خاوەن عیززەت و خاوەن عیلم و زانیاری رەسایە.

جا ئەتوانین لەسەر بیری ڕووناك بڵێین: بە گوێرەی زاهیری ئەم ئایەتە بەرزە پیرۆزە هەرچەن ئەستێرە هەن، چ نزیك چ دوور، هەتا ئەوانەیشیان کە ئێستە

دۆزراونەتەوە و ئەڵێن بە ملیۆنها ساڵ بە تیژی حەرەکەی دەنگ لە رۆژەوە دوورن. هەموو ئەمان وان لە ئاسمانی یەکەمدا.

﴿فَإِنْ أَعْرَضُواْ فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَٰعِقَةً مِّثْلَ صَٰعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ ﴿١٣﴾ إِذْ جَآءَتْهُمُ ٱلرُّسُلُ مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّا ٱللَّهَ قَالُواْ لَوْ شَآءَ رَبُّنَا لَأَنزَلَ مَلَٰٓئِكَةً فَإِنَّا بِمَآ أُرْسِلْتُم بِهِۦ كَٰفِرُونَ ﴿١٤﴾﴾

جا ئەگەر لایان دا لە بیستنی ئایاتی خودا و ئیمانیان نەهێنا تۆ پێیان بفەرموو: من ئەتانترسێنم بە داهاتنی تریشقە و بەڵایێ وەکوو ئەوە کە بەسەر گەلی عاد و سەموودا هات؛ لەو کاتەدا کە پێغەمبەرەکان هاتن بۆ لایان لە بەردەمەوە و لە پشتەوە؛ واتە بە هەموو جۆرێ. بە خۆشی و ناخۆشی و، لە هەموو شوێنێکدا، لە ماڵەوە و لە دەرەوە و، لە هەموو کاتێکدا بە درێژی ساڵ خەریك بوون بۆ ئەوە ئیمان بێنن. پێیان ئەوتن: لە خودا بەولاوە بەندەیی بۆ کەس مەکەن و بتپەرستی مەکەن. کەچی ئەوان هەر بە رەهبەرەکانیان ئەوت: ئەگەر خودا بیویستایێ رێنومایی ئێمە بکات فریشتەی بۆ ئەناردین نەك ئادەمیزاد! مادام فریشتەی بۆ نەناردووین ئیتر باوەڕ بەوە ناکەین کە ئێوە بۆتان هێناوین.

﴿فَأَمَّا عَادٌ فَٱسْتَكْبَرُواْ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَقَالُواْ مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّ ٱللَّهَ ٱلَّذِى خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَكَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿١٥﴾ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِىٓ أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ ٱلْخِزْىِ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَلَعَذَابُ ٱلْـَٔاخِرَةِ أَخْزَىٰ وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٦﴾ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّواْ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ فَأَخَذَتْهُمْ صَٰعِقَةُ

ٱلۡعَذَابِ ٱلۡهُونِ بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴿١٧﴾ وَنَجَّيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿١٨﴾

جا بزانن کە قەومی عاد خۆیان بە گەورە دانا لە زەویدا، وە یا خۆیانیان گەورە کرد لەسەر زەویدا کەس بە نزیکی دەستی بەسەریانا نەئەڕۆیشت، بەڵام کە خۆیان بە گەورە دائەنا بە ناڕەوا و پێچەوانەی واقیع خۆیان وا ئەزانی؛ چونکی هەر گەلێ کە هۆشیار بێ ئەزانێ هەموو کاتێ مرۆڤ بێهێز و لاوازە لەبەر هێز و دەسەڵاتی خودادا و، ڕەوا نییە خۆی بە گەورە بژمێرێ.

وە یاخود کە خۆیان گەورە کرد بەسەر خەڵکا بە کاری ناڕەوا خۆیان گەورە کرد؛ بە کوشتنی ئادەمیزاد و، داگیر کردنی ماڵ و دارایی و زەوی و ئاوی خەڵك و، کاری نابار خۆیان گەورە کرد، نەك لە ڕێگەی ڕەوا و کاسبی و بەرهەمهێنانی زەوی و ئاو و ماڵی خۆیانەوە.

بە هەر حاڵ ئەو گەلە گەیشتنە پایەیێ ئەیانوت: ئەوە کێ لە ئێمە دەسدارتر و زۆردارترە لە بابەتی هێزی عادەتییەوە، وەکوو ژمارەی تیرە و بەرە و، دارایی و، چەك و، ئەسبابی جەنگ؟ جا خودای تەعالا دەمکوتیان ئەکا و ئەفەرموێ: ئایا نازانن کە ئەو خودایە ئەوانی دروست کردووە لەوان بەهێزترە؟! ئەبوو ئەوەیان بزانیایە. وە لەگەڵ ئەو وتارە ناهەموارەیشا ئینکاری ئایەتەکانی ئێمەیان ئەکرد کە بە هۆی «هوود»ەوە ناردبوومانن.

بۆیە ئێمەیش بۆ تۆڵە لێسەندنەوەیان بایەکی زۆر ساردمان لە ماوەی چەند ڕۆژێکی ناهەموارا ناردە سەریان. لە چوارشەممە تا ئەو چوارشەممە لە مانگی «شەوال» یا لە مانگی «سەفەر»دا، بۆ ئەوە کە سزای ڕسواییان پێ بچێژم لە ژیانی دنیادا و بە جۆرێ بیانکوژم کەسیان سەر کەسیانی نەپەرژێ. وە بە ڕاستی سزای پاشەڕۆژ

زۆرتر هۆی رسواییيە؛ چونکی لە دنیادا ئینسان لە لای گەلێکدا رسوا ئەبێ، بەڵام لە پاشەڕۆژا لە لای عالەمێ، وە ئەوانەیش کە ئاوایان لێ ئەکرێ بە هیچ جۆرێ یارمەتی نادرێن.

هەرچی وەکوو گەلی سەموودیش، ئەوە بە هۆی رەوانە کردنی «سالح»ەوە عليه السلام بۆ لایان شارەزامان کردن بۆ رێگەی حەق کەچی ئەوان رێگەی کوێری و حەق نەبینییان هەڵبژارد رێگەی راستیان بەردا، ئەوانیش تریشقەی هۆی سزای رسوا کردن گرتنی بە هۆی ئەو کارە نابارانەوە کە کردبوونیان. وە ئەوانە کە خاوەن باوەڕ بوون و لە خودا ترسان ـ لە هەردوو گەلەکە ـ هەمووومان رزگار کردن.

﴿ وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٠﴾ وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ۖ قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢١﴾ وَمَا كُنتُمْ تَسْتَتِرُونَ أَن يَشْهَدَ عَلَيْكُمْ سَمْعُكُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُكُمْ وَلَا جُلُودُكُمْ وَلَٰكِن ظَنَنتُمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِّمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٢٢﴾ وَذَٰلِكُمْ ظَنُّكُمُ ٱلَّذِى ظَنَنتُم بِرَبِّكُمْ أَرْدَىٰكُمْ فَأَصْبَحْتُم مِّنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن يَصْبِرُوا۟ فَٱلنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ۖ وَإِن يَسْتَعْتِبُوا۟ فَمَا هُم مِّنَ ٱلْمُعْتَبِينَ ﴿٢٤﴾ ۞ وَقَيَّضْنَا لَهُمْ قُرَنَآءَ فَزَيَّنُوا۟ لَهُم مَّا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَحَقَّ عَلَيْهِمُ ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿٢٥﴾ ﴾

باسی ئەو رۆژە بکە کە دوژمنەکانی خودا بانگ ئەکرێن و کۆ ئەکرێنەوە و بەرودوایان یەك ئەخرێ و بەرەو ئاگری دۆزەخ ئەدرێنەبەر، تا کاتێ دێنە لای ئاگرەکە و دەست ئەکرێ بە سزادانیان کافرەکان ئەڵێن: چیمان کردووە بۆچی وەها سزامان ئەدرێ؟ جا لەو کاتەدا گوێچکەیان و چاویان و پێستیان لێیان دێنە زمان و شایەتییان لێ ئەدەن لەسەر ئەو کردەوە نابارانە کە کردوونیان. گوێچکە ئەڵێ: ئەو جنێوە و ئەو غەیبەتەم بیست. چاو ئەڵێت: تەماشای ئەو بێگانەم کرد. پێست ئەڵێت: لکام بەو شتە نارەواوە. وە یاخود ئەم حەواسانە شایەتی لەسەر خاوەنەکانیان ئەدەن بەو کردەوانە کردوویانە؛ ئەویانە گوت و ئەویانە کرد.

جا خاوەنەکانیان بەو ئەندامانە ئەڵێن: ئێوە بۆچی شایەتیمان لێ ئەدەن؟ ئەوانیش ئەڵێن: ئێمە ناچارین، ئەو خودایە کە هەموو خاوەن زوبانێ دێنێتە گوفتار ئێمەی هێناوەتە گوفتار، وە ئەو خودایە کە لە پێشدا دروستی کردوون لە دواییشدا بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوە.

خۆ کاتی خۆی کە گوناحتان ئەکرد و خۆتان دائەپۆشی لە چاوی خەڵك لەبەر ئەوە نەبوو کە ترستان بوو گوێتان یا چاوتان یا پێستتان شایەتیتان لێ بدەن. بۆیە خۆتان دائەپۆشی گومانتان وەها بوو خودا گەلێ شت لە کردەوەکانێ ئێوە نازانێ و تەنیا دراوسێکانتان پێتان ئەزانێ و ئێوەیش خۆتان لەوانە ئەشاردەوە. وە ئەو گومانتانە گومانێکی نارەوا بوو بە پەروەردگاری زانای خۆتان. ئەو گومانە نارەوایە بوو ئێوەی بەرباد کرد و لە ئایین دووری خستنەوە و بوون بە کۆمەڵێکی زیانکاری تاوانبار.

جا ئەگەر لە ناو ئاگرەکەدا خۆیان ئەگرن ئەوە ئاگر شوێن و جێگەیانە، وە ئەگەر ئەیانەوێ بۆ دنیا بگەڕێنەوە ئەوە لێیان وەرناگیرێ و ناگەڕێنەوە.

وە کاتی خۆی ئەم کافرانە لەبەر بەدخوویی و نەفامی خۆیان و پشتهەڵکردنیان لە رەهبەر چەن شەیاتینیم بۆ رێکخستبوون کە دەورەی دڵی ئەوانیان دابوو، جوانیان

کردبوو لە پێش چاویانا ئەوەی بوویان و لە بەردەستیانا بوو لەو ئارەزووبازییانە کۆیان ئەکردنەوە و ئەیانکردن. هەروەها جوانیان کردبوو لە بەرچاویانا ئەو کردەوە نابارانە کە لە داهاتوودا پێیان ئەگەن. واتە دڵیان لەسەر ئەوە دامەزرابوو وەکوو لە حاڵی حازرا کاری نابار ئەکەن، لە داهاتوویشدا هەرکاتێ بۆیان رێکەوێ هەر بیکەن. وە بەم بۆنەوە کەلیمەی سزا و بەدبەختی پاشەڕۆژیان لەسەر دامەزرابوو لەگەڵ چەن گەلێکی‌ترا لە پێش ئەمانەدا لە دنیادا بوون و کردەوەی خراپیان کردبوو لە پەری و ئادەمی، واتە ئەم کافرانەیش بوون بە گەلێ لەو گەلە گومڕاهانە کە ئامادە کراون بۆ دۆزەخ. جا بە راستی ئەوانە زیانبار و بەدبەخت بوون.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَسْمَعُواْ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْاْ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴿٢٦﴾ فَلَنُذِيقَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ عَذَابًا شَدِيدًا وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَسْوَأَ ٱلَّذِى كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ جَزَآءُ أَعْدَآءِ ٱللَّهِ ٱلنَّارُ لَهُمْ فِيهَا دَارُ ٱلْخُلْدِ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا يَجْحَدُونَ ﴿٢٨﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ رَبَّنَآ أَرِنَا ٱلَّذَيْنِ أَضَلَّانَا مِنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ نَجْعَلْهُمَا تَحْتَ أَقْدَامِنَا لِيَكُونَا مِنَ ٱلْأَسْفَلِينَ ﴿٢٩﴾﴾

کافرەکان وتیان: گوێ مەگرن لەم قورئانە و لە کاتی خوێندنەوەیا دەنگ بەرز بکەنەوە بە قسەی پووچی عادی بە هیوای ئەوە کە ئێوە زاڵ ببن بەسەر قورئانەکەدا. جا بە راستی ئێمە سزایەکی سەختی نابار بەو کافرانە ئەچێژین و تۆڵەیان لێ ئەکەینەوە بە گوێرەی خراپترین کردەوەیێ ئەوان بیکەن. ئەمە جەزای ئەو دوژمنانی خودایە کە ئاگری دۆزەخە. وە ئەو کافرانە لە دۆزەخدا خانووی دەوامدار و هەمیشەییان هەیە، بۆ ئەوە تۆڵەیان لێ بکرێتەوە بە هۆی ئەوەوە کە ئینکاری ئایاتی ئێمەیان ئەکرد.

وە لە رۆژی قیامەتدا کافرەکان ئەڵێن: خودایە ئەو «شیاطین الانس»ە یا ئەو «شیاطین الجن»ە کە لە دنیادا ئێمەیان گومڕا کرد نیشانمان بدە هەتا بیانخەینە ژێر پێمان و باش بیانساوینەوە هەتا ببن بە ژێر پێ و لە خواری هەموو شتێکەوە بن. واتە پەشیمان ئەبنەوە و هەڕەشە لەو کەسانە ئەکەن کە لە دنیادا گومڕایان کردوون.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَـٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾ نَحْنُ أَوْلِيَآؤُكُمْ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِىٓ أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ ﴿٣١﴾ نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ ﴿٣٢﴾ ﴾

بێ‌گومان ئەوانەی کە ئەڵێن: پەروەردگاری ئێمە تەنیا ئەو زاتەیە کە ناوی ئەڵڵایە و لەسەر یاسای خودابەیەکناسی ئەڕۆن و لێی لانادەن هەتا ئەمرن ئەوە فریشتەی بەرپرسیاری یارمەتیدانی موسوڵمانان دێن بۆ لایان و پێیان ئەڵێن: مەترسن لەوەی کە دێتە ڕێگەتان و دڵزویریش مەبن بۆ ئەوەی کە بەجێتان هێشتووە و موژدەگیر بن بە گەیشتن بەو بەهەشتە کە لە دنیادا بەڵێنتان پێدرابوو، وە ئەو فریشتانە پێیان ئەڵێن: ئێمە دۆستان و یارمەتیدەرانی ئێوەین لە ژیانی دنیاتانا و لە پاشەڕۆژیشتانا، وە بۆ ئێوە هەیە لەو بەهەشتانەدا ئەوەی کە نەفستان ئارەزووی ئەکا. وە بۆ ئێوە هەیە ئەوەی کە داوای ئەکەن، هەرچەن لە خواردەمەنیش نەبێ، وە ئەمانە کە بۆ ئێوە هەیە بۆتان ئامادە کراوە وەکوو ئەوەی بۆ میوان ئامادە ئەکرێ، کە بۆیشتان ئامادە کراوە لە لایەنی خودای میهرەبانەوەیە.

بزانن! عەتا ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوەﷺ: کە ئەم ئایەتە لە شانی ئەبووبەکری سدیقدا هاتووەتە خوارەوە، کاتێ کافرەکان ئەیانوت: خودای ئێمە ئەڵلایە و مەلائیکەکان کچی خودان و بتەکان تکاکاری ئێمەن لای خودا و، لەسەر خودابەیەکناسی نەبوون و هاوبەش و هاوڕێیان بۆ بڕیار ئەدا، جا حەزرەتی ئەبووبەکر فەرمووی: خودای ئێمە ئەڵلایە هاوبەشی نییە، موحەممەدﷺ بەندە و پێغەمبەری ئەوە.

وە لە مانای ﴿ثم استقاموا﴾دا چەن قسەیێ ریوایەت کراوە: ئەبووبەکری سدیقﷺ فەرموویەتی: مانای ئەوەیە کە هاوبەش بۆ خودا بڕیار نەدەن.

وە عومەری کوڕی خەتاب فەرموویەتی: یانی دەوامیان کردووە لەسەر پەیڕەوی فەرمانی خودا و فڕو فێڵیان تێدا نەکردووە.

وە عوسمان فەرموویەتی: یانی ئیخلاسیان بووە لە تاعەتا.

وە عەلی فەرموویەتی: یانی تاعەتی خودایان بەجێهێناوە و خۆیان لە گوناح لاداوە.

وە زانایانی تابیعین و غەیری ئەوان چەن تەفسیریتریان لەم شوێنەدا بەیان کردووە، لە هەموو قسەیێ باوتر ئەمەیە: ئیستیقامەت بریتییە لە دەوام لەسەر عەقیدە و بیر و باوەڕی ڕاست و، لەسەر تەرکی حەرام و کردنی واجب، خوا ئەم حەرام و واجبە وتار بن یا کردار. لەبەر ئەوە لە ئەنەسەوە ریوایەت کراوە کە حەزرەتﷺ فەرموویەتی: «هم أمتي و رب الكعبة» واتە ئەو خاوەن ئیستیقامەتانە ئوممەتی منن سوێند بە خودای کەعبە. کەوابێ مەبەست عادیلانی ئوممەتی حەزرەتﷺ بێ، وە عەدالەت نایەتە جێگە بە بیر و باوەڕی ساغ و وتاری چاك و کردەوەی پاك نەبێ.

وە ریوایەت کراوە کاتێ حەزرەتی حەسەنﷺ ئەم ئایەتەی ئەخوێندەوە ئەیفەرموو: «اللّٰهم أنت ربنا، فارزقنا الاستقامة».

ئەمجار با باسی هاتنە خوارەوەی فریشتەکان بۆ سەر ئەهلی ئیستیقامەت بکەین.
جا ئیبنوزەید فەرموویەتی: ئەم هاتنە خوارەوەی فریشتە و موژدەدانە لە سێ کاتدایە:

١. کاتی مردنی کابرای خاوەن ئیستیقامەت، وە لەو کاتەدا مەلائیکە دێن بۆ سەری، یا بە ئیلهامی دڵ، وە یا لەگەڵ چاوپێکەوتنا پێیان ئەڵێن: نە زویر ببن لەسەر بەجێهێشتنی ماڵ و منداڵ و پەیوەندی دنیا و نە بترسن لە رووداوی خراپ لەمەولا.

٢. کاتێ ئەخرێتە گۆڕەوە و خەڵك بەجێی ئەهێڵن، ئەو مەلائیکەتانە دێن بۆ لای پێی ئەڵێن: ئێمە لە دنیادا کردەوەی تۆمان ئەنووسی و لە گەڵتا بووین و ئێستەیش موژدەت پێ ئەدەین بۆ لەمەولات.

٣. لە کاتی زیندوو بوونەوەیانا بۆ حەشر و لەو کاتەدا ئەڕۆن بۆ مەحشەر ئەو مەلائیکەتانە دێن بۆ لایان و دڵخۆشییان ئەدەنەوە و پێیان ئەڵێن: ئێمە دۆستی ئێوە بووین لە دنیادا و ئیمڕۆیش کە قیامەتە هەر لەگەڵتا ئەبین و بەجێت نایەڵین هەتا ئەڕۆیتە جێگەی خۆت لە بەهەشتا.

وە بازێ فەرموویانە: زاهیر وایە ئەم هاتنە خوارەوەی فریشتە نەبەستراوە بەم سێ کاتەوە، بەڵکوو هاتنەخوارەوەیان لە هەموو کاتی ناخۆشی و تەنگانەدایە، ئیتر هەرچۆن رێ بکەوێ و ئەو کارەساتە چۆن بێت بەسەریانا؛ بە هۆی زیانی نەفسی، یا دارایی، یا شان و پایە، یا شتیترەوە... وە هاتنە خوارەوەی فریشتەکان بە گوێرەی حاڵ و سیفەتی کابرای «موستەقیم»ە؛ وا ئەبێ کە فریشتەکان ئەبینێ، وەکوو کاتێ فریشتە هاتن بۆ لای عیمرانی کوڕی حسەین کە باوە و عیمران قسەی لە گەڵا ئەکردن. یاخود بە شێوەی ئیلهام و دڵخۆش کردن بێ، یاخود بە خەوبینین بێ؛ وەکوو تەماشا ئەکەین گەلێ ئینسانی باش تووشی زیانی گەورە ئەبن کەچی حاڵیان تێك ناچێ و بە پێی حاڵ سوپاس و ستایشی خودا ئەکەن.

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ وَلَا تَسْتَوِى ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِى بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِىٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُوا۟ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ نَزْغٌ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٣٦﴾﴾

ئەفەرموێ: ئەوە کێ وتاری جوانتر و شیرینترە لەو کەسە کە ئادەمیزاد و هۆشیاران بۆ لای خودا بانگ ئەکا و بۆ رەفتار کردن بە پێی فەرمانی خودا رێنومایيان بکا و خۆیشی رەفتاری چاك بێ و بیشڵێت: بە راستی من خۆم لە موسوڵمانانم بە شێوەیێ کە شانازی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە بکا؟ وە بزانە هاوکێش نین تۆڵەسەندنەوە لە یەکێ خراپەی کردبێ لەگەڵتا، لەگەڵ رەوشتێکی جوان کە کابرای پێ دڵشاد بکەی، وەکوو بەخشینی بێ، جا تۆ بەو سیفەتە کە زۆر جوانە شتی خراپ و نابار لە ناوا مەهێڵە؛ ئەگەر وات کرد تەماشا ئەکەی ئەو کەسەی کە لە نێوان تۆ و ئەودا دوژمنایەتی هەیە وای لێ دێت وەکوو خزمێکی نزیکی خۆشەویستت بێ. بەڵام ناگا بەم پایە ئەو کەسانە نەبێ کە خۆیان ئەگرن لە کاتی دوژمنایەتی و ناحەزیدا و، هەروا ناگا بەو پایە کەسانێ نەبێ کە خاوەنی بەشێکی گەورە بن لە فەرمانبەری و لە خوداترسیدا. وە یاخود کەسێ کە بەشی گەورە کە بەهەشتە بۆی دانرابێ.

وە ئەگەر لە لایەنی شەیتانەوە ختە درای بۆ ئەوە بەرابەر بە نەیار و ناحەزەکانت بوەستی و بەرابەری خراپە بە خراپە بکەی، ئەوە گوێ بەو ختەدان و هەڵنانی شەیتانە مەدە و پەنا بگرە بە خودا لە شەیتان و بڵێ: «أعوذ بالله من الشيطان الرجيم» چونکی

بە راستی خودا گۆیایە و دەنگی قسە و وەسواسەی تۆ ئەبیسێ و ئاگای لە راز و نیازی دڵی تۆ و غەیری تۆیشە.

بزانن! لێرەدا چەن قسەیێ هەیە:

یەکەم: حەسەنی بەسری و، ئیبنوسیرین و، سودەی ئەڵێن: مەبەست لە ﴿و من أحسن ...﴾ حەزرەتە ﷺ وە حەسەنی بەسری کە ئەم ئایەتەی ئەخوێندەوە ئەیفەرموو: ئەوە پێغەمبەری خودایە، ئەوە خۆشەویستی خودایە، ئەوە هەڵبژاردەی خودایە، وەڵڵاهی خۆشەویسترینی خەڵکی سەرزەوییە لە لای خودا. فەرمانبەرداری خودای کرد لە دەعوەتا و ئادەمیزادی بانگ کرد بۆ ئەو شتە کە خۆی باوەڕی پێی بوو پەیڕەوی کرد.

وە عەکرەمە و، قەیس و، موجاهید و، عائیشە ئەڵێن: ئەم ئایەتە دەربارەی بانگوێژەکان هاتووەتە خوارەوە.

وە بازێ ئەڵێن: مەبەست هەرکەسێکە کە ئادەمیزاد بۆ ڕێگەی چاك و بیر و باوەڕی پیرۆز بانگ بکا؛ وەکوو خودابەیەکناسی و زیکری خودا و، دەرس وتنەوە و، فێر کردنی موسوڵمانان بۆ ئەحکامی دین. وە حەزرەتی ئەبووبەکریشی بەرئەکەوێ؛ چونکە ستایشی حەزرەتی کرد لە کاتێکا کە حەزرەت ﷺ لە دەوری کەعبەدا نوێژی ئەکرد و عوقبەی کوڕی ئەبوموعەیت هات و شانی حەزرەتی گرت و، ئەو جلەی بە شانیەوە بوو خستیە ملی و توندی کرد و لەوانەبوو کە بیخنکێنێ! جا ئەبووبەکر هات فریای کەوت و شانی ئەو کافرە بەدبەختەی گرت و پاڵی پێوەنا بۆ دواوە و حەزرەتی رزگار کرد و فەرمووی: «أتقتلون رجلاً أن يقول: ربي الله وقد جاءكم بالبينات؟» واتە: ئایا پیاوێ ئەکوژن لەسەر ئەوە کە بڵێت: پەروەردگاری من خودایە و، لەگەڵ ئەو وتارە جوانەیشا گەلێ موعجیزەی لە لای خوداوە بۆ هێنابن؟

ئەم عوقبەیە لە جەنگی بەدرا کوژرا و بە کافری رەوانەی دۆزەخ کرا.

دووهەم: مەبەست لە: ﴿وعمل صالحاً﴾ دوو رکات نوێژە لە نێوان بانگ و قامەتا. وە عەکرەمە ئەڵێ: یانی نوێژ بکا و رۆژوو بگرێ، وە کەلبی ئەڵێ: یانی فەرزەکان بەجێ بێنێ. وە ئەمە جوانتریانە، بە مەرجێ کابرا خۆی لە حەرام بپارێزێ و سوننەتەکانیش بکا.

سێهەم: ﴿ادفع بالتي هي أحسن﴾ فەرموویانە: بە ئایەتی «سەیف» نەسخ بووەتەوە و وجووبەکەی نەماوە. بەس ئەوەندە ماوەتەوە کابرا موجامەلە و دراوسێتی جوانی ببێ و باری ئازار هەڵبگرێ و چاوپۆشی بکا.

ئیبنوعەباس رضي الله عنهما فەرموویەتی: بە حیلم و حەوسەڵەی خۆت نەفامی و نەزانی کەسێ کە قسەی تاڵت لەگەڵا ئەکا بدەرە دواوە و وەڵامی خراپە بە چاکە بدەرەوە.

هەروا لە ئیبنوعەباسەوە ریوایەت کراوە کە فەرموویەتی: ئەمە مەعنای ئەوەیە کاتێ کەسێ جنێوی پێدای و وتی: فاسقی نوێژنەکەر یا شتێکی‌تر، ئەم بڵێت: ئەگەر راست ئەڵێیت خودا لێم خۆش بێ. وە ئەبووبەکری سدیق جارێك ئەمەی بەسەرا هاتووە.

چوارەم: ئایەتی: ﴿فإذا الذي بينك و بينه ...﴾ الآية. لە شانی حەزرەتا هاتووەتە خوارەوە، لەگەڵ ئەبووسوفیانی کوڕی حەربدا کاتی خۆی دوژمنایەتییەکی ناباریان بوو، دوایی حەزرەت صلى الله عليه وسلم «ام حبيبه»ی کچی ئەوی مارەکرد بۆ خۆی، ئەبووسوفیان بوو بە دۆستێکی راستی و لە بەردەمی حەزرەتا لە جەنگی «حونەین»دا بە رم چاوێکیان دەرهێنا. وە لە زەمانی عومەری کوڕی خەتابیشدا هەم لە غەزادا چاوەکەی‌تریان دەرهێنا و بە کوێری لە رێگەی ئیسلامدا کۆچی دوایی کرد.

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴿٣٧﴾ فَإِنِ ٱسْتَكْبَرُوا۟ فَٱلَّذِينَ عِندَ رَبِّكَ يُسَبِّحُونَ لَهُۥ بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَهُمْ لَا يَسْـَٔمُونَ ۩ ﴿٣٨﴾ ﴾

وە لە ئایەت و بەڵگەی گەورەیی زاتی خودایە کاتی شەو و رۆژ؛ تاریکی ئەو و رووناکی ئەم و بەیەکاچوونیان بە زیاد و کەم و ئاشووب و ئارامی لەوانا، وە لە بەڵگەی تەوانایی و زانایی خودایە رۆژ و مانگ هاتوچۆیان و هەڵسووڕانیان لە دائیرەی خۆیاندا بە پڕتەوی جیهانگیرەوە... ئەمانە هەموو ئەندامی لەشی جیهانن و جیهان نەوجوانێکە ئامادەکراوە بۆ خزمەتی راستی و دادپەروەری، هەر جوزئێ لەم کائیناتەدا نرخی بە قەی راستی و دادپەروەری خۆیەتی. جا کە وابوو ئەمانە هەموو ئەندامی خزمەتکارن، ئێوە سوجدە بۆ خزمەتکارەکان مەبەن؛ سوجدە بۆ رۆژ و مانگ مەبەن؛ سوجدە بۆ ئەستێرەی گەش و گای رەش مەبەن، سوجدە بۆ ئەو خودایە ببەن ئەوانەی دروست کردووە ئەگەر راست ئەکەن ئێوە بەندەیی هەر بۆ ئەو ئەکەن.

جا ئەگەر کافرەکان دەمار گرتنی و خۆیان بە گەورە نیشاندا و سوجدەیان بۆ پەروەردگار نەبرد، با بزانن ئەوانە کە وان لە لای خودای تەعالا، وەکوو مەلائیکەکان، ئەوە بە شەو و رۆژ تەسبیحات بۆ خودای تاکی تەوانای زانا ئەکەن، وە ئەوانە هەرگیز لەم تەسبیحاتە مەلوول و ماندوو نابن.

﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ ﴾

وە لە بەڵگەکانی تەوانایی خودایە لەسەر ئەوە کە خودا ئەتوانێ مردووەکان زیندوو بکاتەوە ئەمە: کە تۆ ئەبینی زەوی داماو و کز و کەنەفت و وشك و بێ‌گوڵ و گیایە، جا کاتێ ئاوی بارانمان بەسەرا باراند ئەو زەوییە ئەکەوێتە هاتوچۆ و بەشی سەرەوەی نم وەرئەگرێ و بەرز ئەبێتەوە و ئاو و هەوا ئەمژێ هەتا ئەو ریشەو تۆوە کە وا لە ناویا ئەتەقێ و کڵاوەی زەوی ئەدڕێ و سەر دەردێنێ و بەقەی تەوانای خۆی پەل بڵاو ئەکاتەوە و ئەگا بە پایەی مایەبەخشی خۆی بۆ سوود وەرگرتنی ئەوانە کە چاوەڕێن بۆ پیتی ئەو. جا بە راستی ئەو کەسە کە ئەو زەوییە مردووە زیندوو ئەکاتەوە و لە ناوکە خورمایێ دارێکی کەشکەشانی دەرئەکا و لە دەنکە گوێزێ دارێکی گومەزی ئەروێنێ، ئەوە مردووەکانیش زیندوو ئەکاتەوە، بە راستی خودا تەوانای بەسەر هەموو مومکینێکدا هەیە.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ۗ أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ ٱعْمَلُوا۟ مَا شِئْتُمْ ۖ إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِٱلذِّكْرِ لَمَّا جَآءَهُمْ ۖ وَإِنَّهُۥ لَكِتَٰبٌ عَزِيزٌ ﴿٤١﴾ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ ۖ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ ﴾

ئەو کەسانە لە ئیستیقامەت لائەدەن لە بەرابەری ئایاتی قورئانی ئێمەوە و تانەی لێ ئەدەن و ئەڵێن: ئەفسانەیە. یا تانە لە خاوەنەکەی ئەدەن و ئەڵێن: شێتە، یا جادووگەرە، یا لە خەڵکەوە فێری ئەو ئایەتانە بووە، ئەوانە وننابن ئێمە ئاگامان لێیانە و بە تۆڵە و رۆژی خۆیان ئەگەن، وە لە قیامەتا ئەخرێنە ناو ئاگرەوە.. جا ئایا کەسێ بخرێتە ناو ئاگرەوە باشە یا کەسێ کە بە هێمنی بێ‌مەترسی بێت شوێنی خۆی بگرێ؟ زۆر ئامۆژگاریتان کرا و وەرتان نەگرت، وە هەربیری خۆتان بەلاوە پەسەندە. جا کە وایە چی‌ئەکەن بیکەن، بە راستی خودای تەعالا بینایە و چاوی لە کارەکانتانەوەیە.

بە راستی ئەو کەسانە کە ئینکاری راستی و زیکری خودا ئەکەن کە ئایاتی قورئانە کاتێ بێتە لایان ـ لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو کیتابە کیتابێکی بەرێز و بە نرخە ـ شتی پێچەوانەی راستی و واقیعی تیا نییە و شتی پووچی تێ ناچێ نە لە پێشەوە و نە لە پاشەوە. واتە: هەرچی وا تیایا راستە چی باسی ئیمڕۆ و چی باسی ئەمەولا. وە لە لای خودایەکەوە هاتووەتە خوارەوە کە لە لایەنی هۆشیارانەوە ستایشی ئەکرێ و خاوەن حیکمەتە لە واقیعدا، گوێ بەو کەسانە مەدەن کە نەفام و بێنوور و بێشوعوورن.

﴿مَّا يُقَالُ لَكَ إِلَّا مَا قَدْ قِيلَ لِلرُّسُلِ مِن قَبْلِكَ ۚ إِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ وَذُو عِقَابٍ أَلِيمٍ ﴿٤٣﴾ وَلَوْ جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا أَعْجَمِيًّا لَّقَالُوا لَوْلَا فُصِّلَتْ آيَاتُهُ ۖ أَأَعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ ۗ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ ۖ وَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِي آذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ۚ أُولَٰئِكَ يُنَادَوْنَ مِن مَّكَانٍ بَعِيدٍ ﴿٤٤﴾﴾

لە بارەی دڵدانەوەوە بە تۆ ناوترێ شێوە و جۆری ئەوە نەبێ کە بە پێغەمبەرە پێشووەکان وتراوە لە کاتێکا کافرەکان ئازاری دڵیان داون. بێگومان خودای تۆ خاوەن بەخشش و میهرەبانییە بۆ ئەوانە کە رووی تێ ئەکەن، وە خاوەن سزا و تۆڵەیشە بۆ ئەو کەسانە کە دوژمنی پێغەمبەرەکانن.

ئەو کافرانە جارجار ئەڵێن: ئەوە بۆچی قورئانەکەی بە زمانی عەجەمی نییە؟ تۆ ئەو جۆرە قسەت نەچێ بە گوێدا؛ چونکە ئەگەر ئەو قورئانەمان بە شێوەی عەجەمی بناردایە ئەیانوت: شتی وا چۆن ئەبێت؟ بۆچی ئایەتەکانی بە جۆرێ نەهاتوون کە لێیان تێ بگەین؟ ئایا شتی وا ئەبێ وتار عەجەمی بێ و خاوەن وتار عەرەبی بێ؟ جا ئەم جۆرە رەخنە ئەوان ئەیگرن لەسەر واقیع نییە و، تۆ بەو خەڵکە بڵێ: ئەم

قورئانە بۆ ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەری خودا هەیە هۆی ڕێنومایی و شارەزا کردنە بۆ حەق و، شیفا و رزگاربوونە لە نەخۆشینی بیر و باوەڕی نابار لە ناو دڵدا. وە ئەو کەسانە کە باوەڕیان نییە ئەوە بارێ «قورس» وا لە ناو گوێچکەیانا و، ڕووناکی ئەو قورئانە بۆ ئەو دڵ مژمۆڕانە ئەبێ بە هۆی کوێری و شەوارەی پێ ئەکەن، وە ئەو کۆمەڵە کافرە لە هۆی بیستنی حەقەوە ئەوەندە کەڕ و نەژنەوان وەکوو ئەو کەسانە وەهان کە لە شوێنی دوورەوە بانگیان لێ بکرێ و قسەکە نەبیسن.

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ فَٱخْتُلِفَ فِيهِ ۗ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿٤٥﴾ مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! وەنەبێ کافران تەنیا بەرابەر بە کتێبی تۆ رەخنەیان گرتبێ و عەیبیان لێ دەرهێنابێ، سەبارەت بە کتێبی باقی پێغەمبەرانیش هەر وابوون، بە ڕاستی ئێمە کیتابمان دا بە مووسا کە لە پێغەمبەرانی «أولوالعزم»ە؛ تەوراتمان بۆ نارد کە هەموو یاسایەکی تێدا بوو، کەچی بەنیئیسرائیلیەکان ئیختیلافیان تێدا پەیدا کرد و بازێ باوەڕیان پێ نەکرد و، بازێ ئینکاریان کرد. وە ئەگەر وشەی بڕیاری سزای بەنیئیسرائیلیەکان دیاری نەکرابایێ زوو حوکم لە بەینیانا ئەکرا و کافرەکان بەرباد ئەکران، بەڵام لەبەر ئەوە سزاکەیان دواکەوت کە وادەی بڕیاری دیاری لە پاشەوە بوو. بە ڕاستی ئەو بەنیئیسرائیلانە وان لە گومانێکی دڵ تێکدەرا بەرابەر بە تەورات. وە یاخود ئەو کافرانە وان لە گومانێکی نابارا بەرابەر بە قورئان.

هەرکەسێ کردەوەی باش بکا ئەوە قازانجی بۆ نەفسی خۆیەتی و، هەرکەسێ کردەوەی خراپ بکا ئەوە زیانەکەی لەسەر خۆیەتی و، خودای تەعالا لە زاتی خۆیا یا بە فەزڵ رەفتار ئەکا لەگەڵ بەندەکانی خۆیا؛ بە بێ بەرانبەر و رەنجی زۆر پایە

ئەدا بە بازە کەسێ ﴿یختص برحمته من یشاء﴾. وە یاخود بە عەداڵەت رەفتار ئەکا و بە گوێرەی کردەوە پاداشی ئینسان ئەداتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە هەرچی بکا لەگەڵ بەندەدا هەر ستەم نییە؛ چونکی خالیقە و خاوەنی مادە و مەعنایە و خاوەن تەسەڕوفە لە موڵکی خۆیا جا لەسەر یاسای عەداڵەتی خۆی فەرموویەتی خودای تۆ ستەمکار نییە بۆ بەندەکانی.

بزانن! بازێ رەخنەیان گرتووە و وتوویانە: «ظلام» سیغەی موبالەغەیە بە مانا زۆر ستەمکار، وە لەم شوێنەدا نەفی روو ئەکاتە قەید و مەعنای: ﴿وما ربك بظلام﴾ و وای لێ دێ: «کە خودای تۆ ستەمی زۆری نییە هەرچەند ئەسڵی ستەمەکەی ببێ» ئەم مەعنایش هەڵەیە! وەڵامەکەی سێ شتە:

یەکەم: ئەم کەلامە لە سەر شێوە و رێبازی کەلامی خەڵك هاتووە، واتە ئەو کافرانە وتوویانە: خودا «ظلام» نییە، ئیتر مەبەست کەم و زۆر نییە.

دووەم: روو کردنی مەعنای نەفی بۆ «قەید» واجب نییە و دروستە روو بکاتە «موقەیەد». واتە هەر ستەمی نییە چ جای زۆر.

سێهەم: «ظلام» سیغەی نیسبەتە وەکوو «خشّاب» و «تمّار» و «لبّان». وە فەرموویەتی: خودا «ظلام» نییە، یانی نیسبەتی زوڵمی لێ نادرێ و هەر لە بناغەدا ستەمی لەگەڵا رێك ناکەوێ.

﴿إِلَيْهِ يُرَدُّ عِلْمُ ٱلسَّاعَةِ ۚ وَمَا تَخْرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنْ أَكْمَامِهَا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَىٰ وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِۦ ۚ وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ أَيْنَ شُرَكَآءِى قَالُوٓا۟ ءَاذَنَّٰكَ مَا مِنَّا مِن شَهِيدٍ ﴿٤٧﴾ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَدْعُونَ مِن قَبْلُ ۖ وَظَنُّوا۟ مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴿٤٨﴾﴾

هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە زانستی کاتی وێران بوونی ئەم جیهانی ئێمەیە و کەسی‌تر لەوبەولاوە نایزانێ و، بەری هیچ دارێ لە پەردەی قەباغەکەی دەرناچێ و، منداڵدانی مێیینە هیچ هەڵناگرێ یا دایانێ بە بێ زانستی خودا. وە لەو ڕۆژەدا کە خودا بانگ لەو کافرانە ئەکا و ئەڵێ: کوا هاوبەشەکانم لە کوێن؟ ئەوانیش لە وەڵاما ئەڵێن: ئێمە ئاگادارمان کردی و ئەڵێین کەس لە ناو ئێمەدا ئاگادار نییە و کەس شایەتی بەوە نادا کە هاوبەشێ بۆ تۆ هەیە. ئەوانەیش کە زوو بانگمان ئەکردن لێمان ون بوون و نازانین چییان لێ‌هات. وە باوەڕیان دێتە سەر ئەوە کە ماوەی ڕاکردنیان نییە تا لە دەستی خودا دەربچن و لەسەر کوفرەکەی دنیایان و لە تۆڵەی بێ‌باوەڕیدا سزا ئەدرێن.

﴿لَّا يَسْـَٔمُ ٱلْإِنسَٰنُ مِن دُعَآءِ ٱلْخَيْرِ وَإِن مَّسَّهُ ٱلشَّرُّ فَيَـُٔوسٌ قَنُوطٌ ﴿٤٩﴾ وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِى وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَىٰ رَبِّىٓ إِنَّ لِى عِندَهُۥ لَلْحُسْنَىٰ فَلَنُنَبِّئَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِمَا عَمِلُوا۟ وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ ﴿٥٠﴾ وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ وَإِذَا مَسَّهُ ٱلشَّرُّ فَذُو دُعَآءٍ عَرِيضٍ ﴿٥١﴾﴾

ئادەمیزاد لە داوا و دوعای خێر و خۆشی مەلوول نابێ، بەڵام ئەگەر دوچاری خراپەیەك ببێ نائومێد ئەبێ و تەنگی دنیای لێ دێتە یەك و هیوابڕی میهرەبانی و بەزەیی خودا ئەبێ.

وە ئەگەر لە لایەنی خۆمانەوە، دوای ئەوەی تووشی زیانێ بوو، خێر و خۆشییەکی بدەینێ و لایەکی لێ بکەینەوە ئەڵێت: ئەم خێرەماڵی خۆم و بەشی خۆمە و هیچ

منەتی کەسی تیدا نییە و، گومانم نییە کە پاشەڕۆژ هەبێت و بێت و لێپرسینەوە هەبێ! وە ئەگەر شتێکی وا ببێ و لە فەرزێکدا پاشەڕۆژ و لێپرسینەوە هەبێ من لەو ڕۆژەیشدا ئینسانێکی بەپایەو شان ئەبم و لای خودا شوێن و پلەی جوان و بەرزم ئەبێ. جا بێ‌گومان ئێمە ئەو کافرانە ئاگادار ئەکەینەوە و هەواڵی تۆڵەی کردەوەی ناباری خۆیانیان ئەدەینێ و تاڵی و ژاراوی سزایەکی سەختیان پێ ئەچێژین.

وە کاتێ نیعمەتێ بڕێژین بەسەر ئینسانێکدا پشت لە ڕاستی هەڵئەکا و لا ئەکاتە ئێمە و سوپاس ناکا. وە کاتێکیش شەڕ و گەڕ و ئاشووبێکی پێ بگا ئەبینی دوعا و پاڕانەوەیەکی درێژ و پانی هەیە.

﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ثُمَّ كَفَرْتُم بِهِۦ مَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ هُوَ فِى شِقَاقٍۭ بَعِيدٍ ﴿٥٢﴾﴾

ئەی خۆشەویست تۆ بەو کافرانە بفەرموو کە باوەڕیان بە قورئان نییە بڵێ: ئەگەر قورئان لە لای خوداوە بێ و ئێوە ئینکاری بکەن ئەوە کێیە لەو کەسانە گومڕاتر بێ کە وان لە لای موخالیفی حەق و حەقیقەتەوە و لە ڕاستی دوورن؟ واتە مادام دەربکەوێ قورئان کەلامی خودایە ئەوە ئێوە هەر گومڕایی و بەدبەختیتان بۆ ئەمێنێتەوە.

﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِى ٱلْءَافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ أَلَآ إِنَّهُمْ فِى مِرْيَةٍ مِّن لِّقَآءِ رَبِّهِمْ ۗ أَلَآ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطٌۢ ﴿٥٤﴾﴾

واتە بە ڕاستی لە داهاتووی نزیکا ئایات و بەڵگەی خۆمیان نیشان ئەدەم لە جیهانا و لە نەفسی خۆیانا هەتا بۆیان دەربکەوێ کە خودا ڕاستە و تەنیایە و تەوانایە و زانایە، وە یا بۆیان دەربکەوێ کە پەیام و پێغەمبەرێتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ

حەقە و راستە. وە یا بۆیان دەربکەوێ قورئان حەقە و کەلامی زاتی خودایە و پەیوەندی بە فریشتە و پەری و ئادەمیزادەوە نییە. ئایا بۆ تۆ بەس نییە کە پەروەردگاری تۆ ئاگاداری هەموو شتێکە و ئەزانێ کێ دۆستی تۆیە و کێ دوژمنتە هەتا یارمەتی دۆستەکانت بدا و دوژمنەکانت لەناو بەرێ؟

بیداربەرەوە! بە راستی ئەم کافرانە لەبەر ئەوە کە ژەنگی نەفامی و نەزانین لەگەڵ شوێنکەوتنی وشکدا سەر و سینە و دڵی داگیر کردوون، هەر وان لە گومان و دوودڵیدا دەربارەی خودای خۆیان و، وا ئەزانن خودا نییە، وە ئەگەر ببێ ئەم دنیا نافەوتێ، وە ئەگەر بفەوتێ هۆشیاران زیندوو ناکرێنەوە و ناگەن بە بارەگای خودا و لێپرسینەوەیان نابێ. جا بێداربینەوە خودا لە بارەی زانست و هێز و تەواناوە هەموو شتێکی داگیر کردووە و کەس لە دەستی توانای دەرناچێ.

بزانن! دەلالەتی «ئافاق» و «أنفس» لەسەر زاتی خودا بە دەلالەتی قەتعی لە رووی ئیمکان و حودووسەوەیە. واتە ئافاق ئاسمان و زەوی، سارا و دەریا و کەژ و کۆسار هەمووی لە حەوادیس و مومکیناتن، مادام مومکین بوون و نەبوونی وەکوو یەکە بە بێ «مرجح» نابێ، وە «مرجح» کە خاریج لە مومکیناتە خودایە. هەروا حودووسی مومکینات ئەویش موحتاجی موحدیسە و بە بێ موحدیس نابێ.

وە دەلالەتەکەیان بە دەلالەتی ئیقناعی ئەوە لە رووی جوانی و پوختەیی و یاسا و نیزامی کائینات لە زەوی و ئاسمانا و لە دەقایقی ئاساری نەفسی لە: شادی و مەلوولی و، نەخۆشی و ساغی و، زیرەکی و کەودەنی و... ئەمانە بۆ ئینسانی بە ویژدان دەلالەت ئەکەن لەسەر وجوودی «واجب الوجود»ی کامیل لە سیفاتا و دوور لە عەیب و نوقسان.

وە دەلالەتی ئافاق لەسەر ریسالەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ ئەمەیە یەکێ ئاگای لە مێژووی جیهان بێ ئەزانێ جیهان لە پێش هاتنی حەزرەتا پڕ بوو لە تاریکی

ڕەوشتی پەست و بەندەیی ناڕەوا بۆ بەرد و دار و ئاگر و گیانلەبەر و، پڕ بوو لە ڕەوشتی دوور لە ئەدەب و یاسا. بە هاتنی حەزرەت ﷺ ڕەنگی جیهان جوان بوو بە یاسای پاك و، بە ڕەوشتی چاك ڕازاوە، بە جۆرێ کە دڵی ئینسانی دڵدار و هۆشیار قەناعەتی پێ ئەکا.

وە دەلالەتی «أنفس» لەسەر ریسالەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ ئەمەیە: ئەو کەسە کە باوەڕی نەبێ بە ڕەهبەری گەورە سەرگەردانە و بێیاسایە و پەرێشانە، وە ئەو کەسە کە باوەڕی ببێ بە ریسالەتەکەی و تەماشای سیفاتی بکا بۆ خۆی ئارام ئەبێ، لای کەمی بە سوپاسی نیعمەت و بە خۆ گرتن لەسەر زەحمەت، وە ئەمە بەسە بۆ قەناعەتی نەفسی ئینسان بەوە کە ریسالەت حەقە و ئەو ئیمانە چرای شەوی جیهانە.

وە دەلالەتی ئافاق و ئەنفوس لەسەر ڕاستی قورئان ئەوەیە: قورئان باسی ئاسمان و ئەستێرە و جموجوڵی کەوکەبەکان ئەکا و، باسی گەلێ سوودی سەرزەوی ئەکا، ئەگەر قورئان وتاری خودا نەبوایە ئەو بەیاناتەی بۆ نەدەکرا. لە لایێترەوە لە هەموو ئافاقی جیهانا هیچ فەسیحێ و هیچ بەلیغێ نەیتوانی وێنەی قورئان دابنێ.

هەروەها دەلالەتی «أنفس» لەسەر ڕاستی قورئان لە زۆر ڕووەوەیە، گرنگیان ئەمەیە کە ئەو سیفەتانە قورئان باسیان ئەکا بۆ ئینسان هەرکەسێ وەریان بگرێ بە پیرۆزی ئەژی. وە ئەو قورئانە جۆرە تەئسیرێکی هەیە لە دڵدا وەکوو تەئسیری ئاگرە لە مادەی تەڕا و تەئسیری هەتاوە لە تاریکستانا و تەئسیری چاوە لە ڕێگەدا و، تەئسیری دەلیلە لە وڵاتی غەریبیدا. وە بە هۆی قورئانەوە دڵ وشك ئەبێتەوە و چڵك و چەپەڵی لەسەر نامێنێ و تاریکی گومڕایی و نەزانی لائەچێ و ڕێگەی ڕاست دەرئەکەوێ. وە لە هەر کارێکدا بیەوێ بیکا ئەزانێ چۆنی بکا.

ئافاق و ئەنفوس یەك یەك سەراسەر دەلیلن لەسەر خالیقی ئەکبەر

دەلیلن لەسەر زات و سیفاتی سیفاتی بەرزی پڕ کەمالاتی

دەلیلن لەسەر مەقامی ئەحمەد کە هات بە رەحمەت بە فەیز و مەدەد

بوو بە وەسیلەی زانستی ئادەم بوو بە وەسیلە بۆ عیلم و عەلەم

دەلیلن لەسەر مەقامی قورئان کەلامی حەقە بێ‌عەیب و نوقسان



سووره‌تی شوورا، له سووره‌ته مه‌ککه‌ییه‌کانه، ئایه‌ته‌کانی "۲۳" و "۲٤" و "۲۵" نه‌بێ، "۵۳" ئایه‌ته‌، دوای سووره‌تی «فصّلت» هاتووه‌ته خواره‌وه‌.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿حمٓ ۝١ عٓسٓقٓ ۝٢ كَذَٰلِكَ يُوحِىٓ إِلَيْكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكَ ٱللَّهُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝٣ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ۝٤ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرْنَ مِن فَوْقِهِنَّ ۚ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِمَن فِى ٱلْأَرْضِ ۗ أَلَآ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ۝٥﴾

ئه‌م سووره‌ته ناوی «حامیم عه‌ین سین قاف»ه‌، وه‌کوو ئه‌م مه‌عنا و مه‌فهوومانه که له‌م سووره‌ته‌دان و فام ئه‌کرێن ئاوه‌ها وه‌حی ئه‌نێرێ بۆ لای تۆ و بۆ لای پێغه‌مبه‌ره پێشووه‌کان ئه‌و خودا که خاوه‌ن عیززه‌ته و خاوه‌ن حیکمه‌ته له هه‌موو کارێکدا.

وه هه‌ر بۆ خودایه به موڵك و ته‌سه‌ڕوف هه‌رچی وا له ئاسمان و زه‌ویدا و ئه‌و خودایه به‌رزه له پایه‌دا و گه‌وره‌یه له ده‌سه‌ڵاتا.

له‌وانه‌یه له ترس و هه‌یبه‌ت و گه‌وره‌یی خودا ئاسمانه‌کان له‌سه‌ره‌وه تا خوار له‌ت له‌ت و پارچه پارچه ببن، وه فریشته‌کان ته‌سبیح و ستایش بۆ خودای خۆیان

ئەکەن و داوای تاوانبەخشی لە خودا ئەکەن بۆ ئەوانە وان لەسەر زەویدا. بێداربنەوە! بە راستی هەر خودای تەعالا تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ اللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيْهِمْ وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ ﴿٦﴾ ﴾

وە ئەو کەسانە، بێجگە لە خودا، چەن دۆستێکیان بۆ خودا دروست کردووە ئەوە خودا ئاگای لێیانە و ئەو ئەتوانێ تۆڵەیان لێ بکاتەوە، وە تۆ وەکیلی خودا نیت لەسەریان.

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا وَتُنذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ ﴿٧﴾ ﴾

وە هەر بە وێنەی ئەوە لەمەوپێش ناردوومانە بۆ لای پێغەمبەرانی پێش تۆ، وەحیمان بۆ تۆیش ناردووە ئەو وەحیەیش قورئانێکە بە عەرەبی لە لوغەتا و لە شێوازا بۆ ئەوە کە ئەهلی «ام القری» واتە شاری مەککە و هەرکەس بە دەوری ئەوێدا هەیە بیان‌ترسێنی لە سزای رۆژی قیامەت و عالەم بترسێنی لە بیمی رۆژی گردبوونەوەیان لە مەحشەرا کە هیچ گومانی تێدا نییە و لەو رۆژەدا تاقمێ وان لە بەهەشتا و، تاقمێ وان لە ناو دۆزەخا.

﴿ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَهُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن يُدْخِلُ مَن يَشَاءُ فِي رَحْمَتِهِ وَالظَّالِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٨﴾ أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ فَاللَّهُ هُوَ الْوَلِيُّ وَهُوَ يُحْيِي الْمَوْتَىٰ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٩﴾ ﴾

ئەگەر خودای تەعالا بیویستایێ ئەیتوانی هەموو ئەم کۆمەڵانە بکا بە یەك کۆمەڵ، یا هەموویان بکا بە گەلێکی هۆشیار و شارەزا بۆ ئاشتی، وە یا بە گەلێکی گومڕای

سەرلێتێکچوو، بەڵام خودا ئەو خواستە ناکا، بەڵکوو تەماشای خواستی خەڵك ئەکا؛ ئەوانە کە خۆیان حەز لە ڕێگەی باش ئەکەن ئەوانەن کە جیا ئەکرێنەوە بۆ پیرۆزی و خواستی خودایش وا ئەبێ کە بیانهاوێتە ناو ڕەحمەتی خۆیەوە، وە ئەوانەیش کە خواستیان لەسەر ستەمکاری و بەدبەختییە ئەمانەیش لە ڕەحمەت دوور ئەخاتەوە بە جۆرێ کە ماوەی ئەوە نابێ دۆست و یارمەتیدەر لە پاشەڕۆژا یارمەتییان بدەن.

تۆ واز لەم باسە بێنە ئەو کافرانە بە هەڵبژاردنی بەد و خراپی خۆیان چەن دۆستێکی نارەوایان بۆ خودایان بێجگە لە خودا، وەرگرتووە و بە دەوریانا ڕائەبوێرن، ئەمانە نافامن بگەڕێن بە شوێن دۆستی ڕاستدا ئەنا ئەگەر بە شوێن دۆستی خاوەن سوود بۆ دنیا و قیامەتدا بگەڕێن هەر خودا بە دۆست ئەگرن و ئەو دۆستە ڕاستە خودایە و، ئەو مردووەکان زیندوو ئەکاتەوە و ئەو بەسەر هەموو شتێکدا هێز و تەوانایی هەیە.

﴿ وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبِّي عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴿١٠﴾ فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا يَذْرَؤُكُمْ فِيهِ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ ﴿١١﴾ لَهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾

ئەوەی ئێوە و کافرەکان جیاوازیتان تیایاندا ئەبێ؛ وەکوو تەوحید و، هاوبەش بۆ خودادانان و، ڕیسالەتی موحەممەد ﷺ و، هاتنە خوارەوەی قورئان لە لایەنی خوداوە ئەوە حوکمەکەی وا لە لای خودادا و ئەو خودایە خودای منە، هەر لەسەر ئەوە تەوەکول و ئیعتیمادم و، هەر بۆ لای ئەویش ئەگەڕێمەوە، ئەو خودایە کە

دروستکەری ئاسمانەکان و زەوییە، وە لە نەفسی نەوعی خۆتان ژنی بۆ داناون و، لە بزن و گا و مەڕ و وشتر و... چەن هاولفی بۆ دروستکردوون، ئێوە و حەیوانەکانی ئێوە زۆر ئەکا بە هۆی ئیجادەوە و هیچ شتێ وەکوو ئەو نییە، ئەو گۆیا و بینایە، وە خەزێنەکانی ئاسمان و زەوی بۆ خودایە، وە یا رستی ئاسمان و زەوی بە دەستی توانایی ئەوە و، رۆزی گوشاد ئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ، وە کەم و کووڕیشی ئەکا بۆ کەسێ بیەوێ کەمی بکاتەوە. بە راستی خودا زانایە بە هەموو شتێ.

﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ ۚ كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ۚ ٱللَّهُ يَجْتَبِىٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾ وَمَا تَفَرَّقُوٓا۟ إِلَّا مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْعِلْمُ بَغْيًۢا بَيْنَهُمْ ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى لَّقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُورِثُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِنۢ بَعْدِهِمْ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ﴿١٤﴾﴾

ئەی ئادەمیزاد ئەم دینە کە موحەممەد ﷺ هێناویەتی بۆ ئێوە کە دینی خودا بەیەکناسییە دینێکی دامەزراوی کۆنە، خودا ئەڵێ: دینێکی وام بۆ دامەزراندوون بریتییە لەوە کە نووح وەسیەتی پێ کردبوو، وە ئەوەی کە بە وەحی ناردم بۆ لای تۆ کە وتم: ﴿فاعلم أنه لا إله إلا الله﴾[1]، وە ئەوەی کە وەسیەتم پێ کردبوو بۆ ئیبراهیم و مووسا و عیسا: کە ئەو دینە تەفسیر ئەکرێتەوە بە فەرمان بە راگرتنی دین کە

١. محمد؛ ١٩.

بریتییە لە ئیمان بەوەی واجبە بۆ هەموو گەلێ بەجێی بێنێ لە ئوسووڵ و یاسای بیر و باوەڕی خودابەیەکناسی و، نەهی لە ئیختیلاف و لەیەك جیاوەبوون لە ئوسووڵدا، وە ئەم دینی خودابەیەکناسییە راستە و، کافرەکان زۆر دوور ئەکەونەوە و، زۆر گەورە و گرانە ئەوەی کە تۆ ئەو کافرانەی بۆ بانگ ئەکەی، بەڵام خودا خۆی ئەزانێ بۆ کێ ئەبێ و خۆی کەسێ هەڵئەبژێرێ بۆ ئەم دینە و بۆ راگرتنی کە خۆی خواستی لەسەری بێ و، وە شارەزا ئەکا بۆ ئەم دینە کەسێ کە بە راستی ئەگەڕێتەوە بۆ لای خودا.

وە ئەم دینی خودابەیەکناسییە لە هەموو چەرخە پێشووەکانا باو و ناسراو بوو، گەلە پێشووەکان لە بیر و باوەڕدا لە یەك جیانەبوونەوە دوای ئەوە نەبێ کە زانستیان بە ئایینی خودابەیەکناسی پەیدا کرد و زانییان ئایینێکی راستە، وە جیابوونەوەکەیان لەسەر ئەساسی عەناد بوو لە ناو خۆیانا لەبەر داواکردنی تەماعی دنیا، وە ئەگەر فەرمانێ لە لایەنی خوداوە رانەبوردایە لەسەر مۆڵەتیان هەتا وادەیەکی دیاریکراو حوکم ئەدرا لە ناویانا بە بەرباد کردنی کافرەکان، وە ئەوانەیش کە لە رەهبەرە پێشووەکانەوە کیتابیان دەس کەتووە؛ وەکوو کیتابییەکانی زەمانی موحەممەد ﷺ وان لە گومان و دوودڵی و بێباوەڕییەکی زۆر دڵ ئازاردەرا لە هۆی خودابەیەکناسییەوە، واتە ئارەزووی خودابەیەکناسییان نییە.

﴿فَلِذَٰلِكَ فَٱدْعُ ۖ وَٱسْتَقِمْ كَمَآ أُمِرْتَ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ ۖ وَقُلْ ءَامَنتُ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِن كِتَٰبٍ ۖ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ ۖ ٱللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ ۖ لَنَآ أَعْمَٰلُنَا وَلَكُمْ أَعْمَٰلُكُمْ ۖ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ۖ ٱللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا ۖ وَإِلَيْهِ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٥﴾ وَٱلَّذِينَ يُحَآجُّونَ فِى ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مَا

ٱسۡتُجِيبَ لَهُۥ حُجَّتُهُمۡ دَاحِضَةٌ عِندَ رَبِّهِمۡ وَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ وَلَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدٌ ﴿١٦﴾

جا لەبەر ئەو زانستە رەسایە خودا پێداوی هەر ئادەمیزادان و هۆشیاران بانگ بکە بۆ رێگەی خودابەیەکناسی و بۆ ئەوە کە یاسای دین بگرنە گەردن، وە ئیستیقامەت بکە لەسەر کاری خۆت کە بانگ کردنی خەڵکە بۆ لای حەق و، هەرگیز مەکەوەرە شوێن ئارەزووی پووچی ئەوان، وە بۆ ئارامکردنەوەی دڵیان بفەرموو: باوەڕم هەیە بەو کتێبانە کە خودا ناردوونی هەر کیتابێ بێ، وە هەموو شەریعەت و ئایینی خودا کە لەمەوپێش بوون، وە هەرچی ئێستایش وا لە ناوا کە بریتییە لە قورئان. هەموویان حەقن، وە فەرمانم پێدراوە کە عەداڵەت بکەم لەناوتانا لە ناکۆکێ و مامەڵە و ئیش و کارتانا، خودا پەروەردگاری ئێمە و ئێوەیە، هەموو لە بەندەیی خودادا وەکوو یەکین، بەڵام هەرکەس راستتر بێ پێشکەوتووترە، کردەوەی خۆمان بۆ خۆمانە و کردەوەی ئێوەیش بۆ خۆتانە و، کێشە و بەرە و جیدال نییە و غەوغا و هەرای ناوێ، ئینسان بە هەرا و قاڵە ناگاتە مەبەست و، حەسوود سوود وەرناگرێ. خودا هەموومان لە پاشەڕۆژا گردئەکاتەوە و گەڕانەوە و ئەنجامی ئێمە بۆ لای ئەوە.

وە ئەو کەسانە کە دەمەدەمە و جیدال لە ئایینی خودابەیەکناسیدا دەکەن، دوای ئەوەی چی پێویست بێ لە راگەیاندنی دین و رێنومایی و ئامۆژگاری پێی گەیاندن، ئەوە بەڵگەو دەلیلیان پووچ و بێنرخە لە لای خودا. لە دنیادا قاری خودایان دێتەسەر و لە پاشەڕۆژیشا سزای سەختیان هەیە.

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ وَٱلۡمِيزَانَۗ وَمَا يُدۡرِيكَ لَعَلَّ ٱلسَّاعَةَ قَرِيبٞ ﴿١٧﴾ يَسۡتَعۡجِلُ بِهَا ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِهَاۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مُشۡفِقُونَ مِنۡهَا وَيَعۡلَمُونَ أَنَّهَا ٱلۡحَقُّۗ أَلَآ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُمَارُونَ فِي ٱلسَّاعَةِ

لَفِى ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ ﴿١٨﴾ ٱللَّهُ لَطِيفٌۢ بِعِبَادِهِۦ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ ۖ وَهُوَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْعَزِيزُ ﴿١٩﴾

خودا ئەو خودایە کە کتێبی لە غەیبەوە ناردووە بە هۆی بەجێ‌هێنانی ئادابی راستەوە و میزانی تەماشا کردنی مافی گشتی و تایبەتی ناردووە بۆ ئەوە هەموو خاوەن مافێ مافی خۆی بدرێتێ وە بۆ ئەوە ئامادەیی و توانای نەفسی و شەخسی ئادەمیزاد ون نەکرێ، ئیتر ئەوان عەلاقەیان چییە بە هاتنی کاتی قیامەتەوە؟ وە کێ تۆ ئاگادار ئەکات لە هاتنی؟ هیوا وایە نزیك بێ!. ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە هاتنی رۆژی قیامەت نییە پەلەپەل ئەکەن لە هاتنی قیامەتا و پرسیار دەربارەی ئەکەن و، پرسیارەکەیان جۆرە گاڵتە و گەپێکە. ئەگەرنا یەکێ باوەڕی بەو رۆژە ببێ و بزانێ سام و ترسی کارەساتەکە چۆنە زۆر لە هاتنی ئەو رۆژە ئەترسێ و، بە بیمەوە باسی ئەکا.

وە ئەوانە کە باوەڕیان بەو رۆژە هەیە و ئەزانن قیامەت دادگایەکی حەقە و پێویستە لەسەر حیکمەتی خودا دابنرێ بۆ ئەوە هەرکەس بگا بە پاداشی خۆی، ئەوانە لەو رۆژە ئەترسن و بە ترسەوە باسی ئەکەن.

جا بێداربنەوە ئەوانە کە دەمەدەمە ئەکەن لە هاتن و نەهاتنی پاشەڕۆژا وان لە لایەکی دوور لە حەقەوە و وان لە گومڕاییەکی زۆر دوورا.

خودا زۆر میهرەبانە لەگەڵ بەندەکانی خۆیا و رۆزی ئەدا بە هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ و خودا خاوەن هێز و خاوەن عیززەتە.

﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلْـَٔاخِرَةِ نَزِدْ لَهُۥ فِى حَرْثِهِۦ ۖ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ﴿٢٠﴾ ﴾

هەرکەسێ خواستی لەسەر کشتی قیامەتە لەو کشتە و لە بەرهەمی ئەو کشتەی بۆ زیاد ئەکەین، وە هەرکەس کشتی دنیای ئەوێ لە دنیادا بەشی ئەدەین و لە قیامەتا بەشی نییە.

﴿أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَـٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوۡلَا كَلِمَةُ ٱلۡفَصۡلِ لَقُضِيَ بَيۡنَهُمۡۗ وَإِنَّ ٱلظَّـٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٢١﴾ تَرَى ٱلظَّـٰلِمِينَ مُشۡفِقِينَ مِمَّا كَسَبُواْ وَهُوَ وَاقِعُۢ بِهِمۡۗ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَٰتِ فِي رَوۡضَاتِ ٱلۡجَنَّاتِۖ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ عِندَ رَبِّهِمۡۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَضۡلُ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٢٢﴾ ذَٰلِكَ ٱلَّذِي يُبَشِّرُ ٱللَّهُ عِبَادَهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَٰتِۗ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ أَجۡرًا إِلَّا ٱلۡمَوَدَّةَ فِي ٱلۡقُرۡبَىٰۗ وَمَن يَقۡتَرِفۡ حَسَنَةٗ نَّزِدۡ لَهُۥ فِيهَا حُسۡنًاۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ شَكُورٌ ﴿٢٣﴾﴾

یا خەیر ئەو کافرانە چەن هاوبەشێکیان هەیە کە بە خەیاڵی پووچ دایان‌ناون بۆ خۆیان، وە ئەو هاوبەشانە چەن ڕێگە و یاسایەکی دینی وایان بۆ داناون کە خودا حەزیان لێ ناکا. جا ئەگەر وشەی بڕاوەی نەگۆڕاوی ئێمە نەبوایە لەسەر بڕیاری کاتێکی تایبەتی بۆ سزادانیان، حوکم ئەدرا لە ناویانا، وە ئەم داوا پووچانە وەکوو هاوبەش دانان بۆ خودا و، باوەڕ نەکردن بە زیندوو بوونەوەی ئادەمیزاد بۆ لێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەت و، کار کردن هەر بۆ دنیایان لێ وەرنەدەگیرا، بەڵام ئەو وشە ڕابوردووە و، بە ڕاستی ئەو ستەمکارانە سزایەکی سەخت و ئازاراوییان بۆ هەیە.

جا تۆ لە ڕۆژی قیامەتا ستەمکارەکان ئەبینی وان لە ترس و بیمی تۆڵەی ئەو کردەوانەدا کە لە دنیادا کردوونیان و لە واقیعدا ئەو سزا و تۆڵەیان پێ ئەگا. وە ئەو

کەسانەیش باوەڕیان بە ئایین بووە و کردەوەکانیان باشە وان لە ناو باخەکانی بەهەشتا و ئەوەی ئارەزووی بکەن و دڵیان بۆی بچێ هەیە و لای خوداوە بۆیان دێ. جا ئەم پایە بەشێکی زۆر گەورەیە، ئەم پایە و شوێنە بازێ لەوانەیە کە خودای تەعالا بە شێوەی موژدە موژدەی پێ ئەدا بەوانە کە باوەڕیان هەیە و کردەوەیان باشە لە بەندەکانی خودا. جا تۆ بەو کافرانە بڵێ: من ڕاگەیاندنیم لەسەرە و لەسەر ئەم زەحمەتکێشانە بۆ شارەزا کردنی ئێوە بۆ ڕێگەی ئیسلام هیچ موزد و حەقێکم ناوێ ئەوە نەبێ کە منتان خۆش بوێ لەبەر ئەو خزمایەتییە وا لە ناومانا و من هەم وام لەگەڵتانا. یا ئەوە نەبێ کە خۆتان لەگەڵ خزمەکانتان باش بن و، یا ئەوە نە بێ کە لەگەڵ خزمەکانی منا باش بن، ئەنا من پێویستیم بە پایە و مایەی ئێوە نییە. وە هەرکەسێ چاکە و تاعەتێ لەبەر ڕەزای خودا بکا ئەوە لە پاداشی ئەوەدا جوانی زیاد ئەکەین بۆی، واتە پاداشەکەی چەن قات ئەکەینەوە بە خواستی خۆمان، بە ڕاستی خودا تاوانبەخش و تاعەت وەرگرە.

﴿أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَىٰ عَلَى اللَّهِ كَذِبًا ۖ فَإِن يَشَإِ اللَّهُ يَخْتِمْ عَلَىٰ قَلْبِكَ ۗ وَيَمْحُ اللَّهُ الْبَاطِلَ وَيُحِقُّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ ۚ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿٢٤﴾﴾

یا خەیر ئەم کافرانە دڵیان دانامەزرێ و، ئەڵێن: موحەممەد درۆی بە دەم خوداوە هەڵبەستووە کە ئەڵێت منی کردووە بە ڕەهبەر و ئەم قورئانە کەلامی ئەوە! نافامن کە تۆ ترست لە خودا هەیە و تۆ درۆ بە دەم خوداوە هەڵنابەستی؛ چونکی باوەڕت هەیە ئەگەر خودا بیەوێ ئەتوانێ دڵت مۆر بکا، وە ئینسانی خاوەن باوەڕ قەت درۆ هەڵنابەستێ زیاد لەوە خودا یاسای وەهایە شتی پڕوپووچ لە ناو ئەبا و شتی حەق و ڕەوا دائەمەزرێنێ و ئەیهێڵێتەوە بە قەزا و قەدەری خۆی، دەی چۆن ڕێگەی ئەوە ئەدا کە کەسێ بێت شتی بێبناغە بکا بە بنج و بنەوان بۆ ئایینی دامەزراو؟ بە ڕاستی خودا زانا و ئاگایە بەو خەیاڵانە وان لە دڵاندا.

﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُوا۟ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴿٢٥﴾ وَيَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِۦ ۚ وَٱلْكَـٰفِرُونَ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ﴿٢٦﴾﴾

خودا خودایەکی وایە تەوبە و گەڕانەوە لە بەندەکانی خۆی وەرئەگرێ و، ئەیانبەخشێ لە کردەوە ناهەموارەکانیان و، زانایشە بەوەی کە ئێوە ئەیکەن، وە نزا و پاڕانەوەی ئەوانە گیرا ئەکا کە کردەوەی باش ئەکەن و لە کەرەمی خۆیەوە پاداشیان بۆ زیاد ئەکا و کافرەکان سزای سەختیان هەیە.

﴿وَلَوْ بَسَطَ ٱللَّهُ ٱلرِّزْقَ لِعِبَادِهِۦ لَبَغَوْا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَـٰكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَآءُ ۚ إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ بَصِيرٌ ﴿٢٧﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ ٱلْغَيْثَ مِنۢ بَعْدِ مَا قَنَطُوا۟ وَيَنشُرُ رَحْمَتَهُۥ ۚ وَهُوَ ٱلْوَلِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٢٨﴾﴾

ئەگەر خودای تەعالا رۆزی بۆ بەندەکانی خۆی زۆر بکردایە دەستیان ئەکرد بە ستەم کردن و داگرتنی بازێکیان بۆ ماڵ و نەفسی بازێکیان، بەڵام خودا لەسەر تەقدیری خۆی ئەوەندە خواستی بێ رەوانەی ئەکا، بە راستی خودا زانا و بینایە بە بەندەکانی خۆی.

وە خودا خودایەکە باران لە ئاسمانەوە ئەبارێنێ پاش ئەوە کە ئادەمیزاد بێئومێد ئەبن، وە رەحمەتی خۆی بڵاوئەکاتەوە بە دنیادا، وە خودا گەورەیە و شیاوی سوپاس و ستایشە.

﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَآبَّةٍ ۚ وَهُوَ عَلَىٰ جَمْعِهِمْ إِذَا يَشَآءُ قَدِيرٌ ﴿٢٩﴾ وَمَآ أَصَـٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا

كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴿٣٠﴾ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِي ٱلْأَرْضِ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٣١﴾

وە لە نیشانەی گەورەیی خودایە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی کە بڵاوی کردووەتەوە لەوانا لە گیانلەبەرێ کە بڕوات بەسەر زەویدا وەکوو ئینسان و گیانلەبەرەکانی‌تر لە دڕندە و چەڕندە و پەلەوەر و گیانلەبەرانی وشکان و دەریا (وە ئیمامی رازی و غەیری ئەویش ئەڵێن: دوور نییە گیانلەبەری وەکوو ئێمە لە کەواکیبی ئاسمانا هەبێ) وە هەرکاتێ خودای تەوانا بیەوێ ئەتوانێ لە دنیادا گردیان بکاتەوە بەم جۆرە بە هۆی رووداوێکەوە چەن خەڵك لە دێهات و شارانا لە یەك شوێنا حازر بکات، وە یا لە قیامەتا زیندوویان بکاتەوە و گردیان بکاتەوە.

وە هەر شتێکتان لە بەڵا و ئازار و ناساغی و مەینەتی‌تر پێ بگات ئەوە بە هۆی ئەو کردەوە نابارانەوەیە کە دەستی خۆتان کردوونی و لە زۆر کردەوەی نابارێشتان ئەبوورێ.

وە ئێوە لەوانە نین لە دەستی توانایی ئێمە دەربچن و ئەو بەڵا و ئازارانە لە خۆتان دوور بخەنەوە کە ئێمە بۆتانی ئەنێرین لە زەویدا و، کاتی گیرۆدەیی دۆست و یارمەتیدەرتان نییە و کەس نییە بە هانا و هاوارتانەوە بێت.

بزانن! خاوەن تەفسیرەکان فەرموویانە: ئەم ئایەتە تایبەتە بە تاوانبارەکانەوە؛ چونکی ئەوەی بە بێ تاوان ئەگا هۆی‌تری هەیە بە پێی حیکمەتی خودا لە ئیش و کاری خۆیا وەکوو خواستی بۆ بەرزیی پلە و پایەی ئەو کەسەی گیرۆدەی بەڵا و مەینەت ئەبێ.

بازێ ئەڵێن: «مصیبة» ناوە بۆ زەحمەتێ کە لە تاوانبارییەوە پەیدا ئەبێ؛ وەکوو: دەس بڕینی دز و، کوشتنی جەردە و، حەددی زینا و... وێنەی ئەمانە. بەڵام ئەو

دەردە کە لە تاوانبارییەوە پەیدا ئەبێ وەکوو دەردی منداڵ و، دەرد و زەحمەتی پێغەمبەران ﷺ و بەلاێ کە دێتە سەر پیاوچاکان ئەوە «مصيبة» نییە بەڵکوو «بەلا»یە وەکوو لە فەرموودەی حەزرەتەوە دەرئەکەوێ کە فەرموویەتی: «أشد الناس بلاء الأنبياء، ثم الصالحون الأمثل فالأمثل».

﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلْجَوَارِ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ ﴿٣٢﴾ إِن يَشَأْ يُسْكِنِ ٱلرِّيحَ فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهْرِهِۦٓ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّكُلِّ صَبَّارٍ شَكُورٍ ﴿٣٣﴾ أَوْ يُوبِقْهُنَّ بِمَا كَسَبُوا۟ وَيَعْفُ عَن كَثِيرٍ ﴿٣٤﴾ وَيَعْلَمَ ٱلَّذِينَ يُجَٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا مَا لَهُم مِّن مَّحِيصٍ ﴿٣٥﴾ فَمَآ أُوتِيتُم مِّن شَىْءٍ فَمَتَٰعُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ﴿٣٦﴾﴾

وە لە نیشانەی گەورەیی خودایە ئەو کەشتییانە کە لە دەریادا ئەڕۆن وەکوو کێوی بەرز بە هۆی بای بەهێزەوە، ئەگەر خودا بیەوێ ئەو بایە ئەگرێتەوە و کەشتییەکان بە وەستاوی لەسەر ئاوەکە ئەمێننەوە، بە راستی هەیە لەم جۆرە کارانەدا بە شەپۆلدان بە بای بەهێز و بە گرتنەوەیان چەن بەڵگە و نیشانە بۆ گەورەیی خودا، هەروەها چەن بەڵگە هەیە بۆ پەندگرتن بەرابەر بە ئینسانێ خۆگر بێ لەبەر فەرمانی خودادا و سوپاسی خودا بکا.

یاخود ئەگەر هەر بیەوێ ئەو کەشتییانە و سەرنشینانی ئەوان بە هۆی شوومی و نەگبەتی تاوانی ئەوانەوە لە ناو ببا لە ناویان ئەبا و، خودا لە گەلێ تاوان ئەیانبەخشێ. وە بۆ ئەوە لەناویان ئەبا کە تۆڵەیان لێ بکاتەوە، وە ئەوانەیش کە باوەڕیان بە خودا نییە و موجادەلە ئەکەن لە ئایەتەکانی مندا بزانن ماوەی رزگار بوونیان نییە. جا بزانن ئەوەی کە بە ئێوە دراوە لە ماڵ و دارایی ئەوە هۆی ژیان و رابواردنی ئینسانە لە ژیانی

دنیادا، وە ئەوەیش کە لە لای خودایە لە پاداشی پاشەڕۆژ باشترە بۆ ئەوانە کە باوەڕیان هەیە و پشت بە خودای خۆیان ئەبەستن.

﴿ وَٱلَّذِينَ يَجۡتَنِبُونَ كَبَٰٓئِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡفَوَٰحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُواْ هُمۡ يَغۡفِرُونَ ﴿٣٧﴾ وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَابَهُمُ ٱلۡبَغۡيُ هُمۡ يَنتَصِرُونَ ﴿٣٩﴾ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ فَمَنۡ عَفَا وَأَصۡلَحَ فَأَجۡرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٠﴾ وَلَمَنِ ٱنتَصَرَ بَعۡدَ ظُلۡمِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَا عَلَيۡهِم مِّن سَبِيلٍ ﴿٤١﴾ إِنَّمَا ٱلسَّبِيلُ عَلَى ٱلَّذِينَ يَظۡلِمُونَ ٱلنَّاسَ وَيَبۡغُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴿٤٢﴾ وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَٰلِكَ لَمِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ﴿٤٣﴾ ﴾

وە ئەو بەشە وا بە لای خوداوە باشە بۆ ئەو کەسانە کە لە تاوانە گەورەکان دوورئەکەونەوە، وەکوو پیاو کوشتن و فەرمانە ئابڕووبەرەکان وەکوو زینا کردن، وە لە کاتێکدا رقیان ئەستوور بوو لە خۆیانەوە رقەکە ئەخۆنەوە و عەفو ئەکەن، وە بۆ ئەو کەسانەیش کە فەرمانی خودا بەجێ دێنن و نوێژەکان بە پوختەیی لە سەرەتای کاتەکانا ئەکەن و ئیش و کاری گرنگیان بە راوێژ دەرئەخەن، وە لەوەیش کە کردوومانە بە رۆزی و بژێو بۆیان سەرف ئەکەن. وە بۆ ئەو کەسانەیش کاتێ زۆریان لێ بکرێ و ستەمیان پێ بگا ئەتوانن حەقی خۆیان وەربگرنەوە، وە پاداشی خراپە خراپەیەکە وەکوو خۆی، جا ئەگەر کەسێ خەڵك ببەخشێ و چاکە و ناوبژی بکا لە نێوان خەڵکا ئەوە پاداشەکەی لەسەر خودایە، بە راستی خودای تەعالا ستەمکارانی خۆش ناوێ. وە هەرکەسێ کە حەقی خۆی بسێنێ پاش ئەوە کە ستەمی لێ کرا ئەوە ئەوانە

ڕێگەی لۆمە و سەرزەنشتیان لەسەر نییە، ڕێگەی لۆمە لەسەر ئەوانەیە کە ستەم لە ئادەمیزاد ئەکەن و زیادەڕەوی ئەکەن لە زەویدا بەناڕەوا ئەوە ئەوانە لە پاشەڕۆژا سزایەکی سەختیان هەیە و، بە ڕاستی کەسێ خۆگر بێ لەسەر ئەو زەحمەتانە کە تووشی ئەبن و تاوانبەخشیش بێ ئەوە بە ڕاستی یەکێکە لە خاوەن عەزم و باوەڕە بەهێزەکان و دروستە باسی بکەی بە ڕەهبەری بەماریفەت.

﴿وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن وَلِيٍّ مِّنۢ بَعْدِهِۦ ۗ وَتَرَى الظَّالِمِينَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ يَقُولُونَ هَلْ إِلَىٰ مَرَدٍّ مِّن سَبِيلٍ ﴿٤٤﴾ وَتَرَاهُمْ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا خَاشِعِينَ مِنَ الذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرْفٍ خَفِيٍّ ۗ وَقَالَ الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۗ أَلَا إِنَّ الظَّالِمِينَ فِي عَذَابٍ مُّقِيمٍ ﴿٤٥﴾ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَاءَ يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ ۗ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن سَبِيلٍ ﴿٤٦﴾﴾

ئەو کەسەی کە خودا گومڕای بکا ئیتر بێجگە لە خودا دۆستێکی نییە شارەزای ڕێگەی بکا و تۆ ستەمکاران ئەبینی کە لە ڕۆژی قیامەتا هاوار ئەکەن و ئەڵێن: ئایا ڕێگەمان هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ دنیا؟

وە ئەیانبینی ڕائەنوێنرێن بەسەر ئاگری دۆزەخا حاڵیان وایە سەردانەویون لەبەر کزی و داماوی، لە ژێرەوە ئەڕوانن بۆ ئەو ئاگری دۆزەخە. جا خاوەن ئیمانەکان ئەڵێن: بە ڕاستی زیانکار ئەو کەسانەن کە خۆیان و خێزانیان لە کیس چووە لە ڕۆژی قیامەتا. بێداربنەوە ستەمکارەکان وان لە ناو سزایەکی زۆر نابارا و بێجگە لە خودا هیچ کەسێ لە دۆست و یارمەتیدەریان نییە لە سزای دۆزەخ ڕزگاریان بکا. وە هەرکەسێ خودا گومڕای بکا ئیتر هیچ ڕێگەیەکی پان و پۆڕی نییە.

﴿اسْتَجِيبُوا لِرَبِّكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ ۚ مَا لَكُم مِّن مَّلْجَإٍ يَوْمَئِذٍ وَمَا لَكُم مِّن نَّكِيرٍ ﴿٤٧﴾ فَإِنْ أَعْرَضُوا فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ۖ إِنْ عَلَيْكَ إِلَّا الْبَلَاغُ ۗ وَإِنَّا إِذَا أَذَقْنَا الْإِنسَانَ مِنَّا رَحْمَةً فَرِحَ بِهَا ۖ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَإِنَّ الْإِنسَانَ كَفُورٌ ﴿٤٨﴾﴾

واتە فەرمانبەرداری خودای خۆتان بکەن لە پێش ئەوەدا کە ڕۆژێکی واتان پێ بگات کە گەڕانەوەی نییە لە لایەنی خوداوە و، هیچ پەنایێ بۆ ئێوە نییە لەو ڕۆژەدا و ناتوانن ناڕەزایی لەو وەزعە دەربڕن کە لەو کاتەدا دەیبینن، جا ئەگەر ئەو کافرانە پشتیان لەم ئامۆژگارییانەی تۆ هەڵکرد ئەوە تۆ حەقت نەبێ؛ چونکی ئێمە تۆمان نەناردووە بە پارێزەری ئەوان لە کوفر، تۆ هەر ڕاگەیاندنت لەسەرە و درێغیت نەکردووە لەو کارەدا. وە کاتێ ئێمە لە لایەنی خۆمانەوە خێر و خۆشییەك بە ئینسانێ بچەژێنین پێی شادمان ئەبێ: وە ئەگەر بەڵایەکی تووش ببێ بە هۆی ئەو کردەوە خراپانەوە کە پێشتر کردوونی ئەوە زۆر نائومێد و بێ حاڵ ئەبێ.

﴿لِّلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ ﴿٤٩﴾ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾﴾

واتە هەر بۆ خودایە موڵکی ئاسمانەکان و زەوی، چی خواستی لەسەر بێ دروستی ئەکا؛ نەتەوەی مێینە ئەبەخشێ بە بازە کەسێ و، نێرینە ئەدا بە بازێکیتر، یاخود بۆیان جووت ئەکا نێرینە و مێینە، وە هەرکەسێکیش ئارەزووی لێ بێ ئەیکا بە نەزۆك. بە ڕاستی خودا زانا و بە تەوانایە.

﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَآيِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ إِنَّهُۥ عَلِيٌّ حَكِيمٌ ۝٥١﴾

واتە نەبووە بۆ ئادەمیزاد کە خودا قسەی لەگەڵا بکا بە یەکێ لە سێ جۆر نەبێ:

یەکەم: قسەی لەگەڵا بکا بە شێوەی ئیلهام و مانا هاویتنە ناو دڵەوە بە بێ ئەوە کەسێ لە نێواندا بێ و، بە بێ ئەوە حەرف وەربگیرێ؛ وەکوو ئەوە کە وەحی نارد بۆ دایکی حەزرەتی مووسا. واتە تێگەیاندنی مەفهووم نەك بە حەرف و لەفز.

دووەم: ئەمەیە قسەی لەگەڵا بکا بە بێ واسیتەی کەس بەڵام بە شێوەی وەرگرتنی حەرف و دەنگ لە پشتی پەردەوە، وەکوو ئەوە کە خودا قسەی کرد لەگەڵ حەزرەتی مووسادا و، وەکوو ئەوەیش کە قسەی لەگەڵ حەزرەتی موحەممەدا ﷺ کرد لە شەوی میعراجدا.

سێهەم: ئەمەیە بە واسیتەی کەسێکەوە قسەی لەگەڵا بکا و بە حەرف و دەنگ، وەکوو ئەوە فریشتەیێ بنێرێ بۆ لای پێغەمبەرەکە و فەرمایشتی خودای پێ بگەیەنێ، وەکوو زانراوە لە دینا خودا جوبرەئیلی ناردووە بۆ لای پێغەمبەرەکان لە ئادەمەوە تا خاتەم ﷺ و جوبرەئیل فەرمایشتی خودای گەیاندووە بە پێغەمبەر ﷺ بە ئیزنی خودا ئەوەی کە خودا ویستی پێی بگا. بە راستی خودا بەرزە لە پایەدا و خاوەن حیکمەتە لە کارەکانیا.

بزانن! لەسەر ئەم تەقریرە قسە کردنی خودا لەگەڵ دایکی مووسادا بە ئیلهام بەر کەلامی خودا کەوت لەگەڵ بەشەرا، بەڵام دایکی مووسایش نابێ بە پێغەمبەر؛ چونکی یەکێ لە مەرجی پێغەمبەریێتی پیاوەتییە.

وە قسە کردنی پێغەمبەر لەگەڵ یەکە یەکەی گەلەکەیا بەر کەلامی خودا ناکەوێ لەگەڵ بەشەرا.

وە بازێ وتوویانە: مانای ئەم ئایەتە ئەمەیە: کە خودا قسە ناکا لەگەڵ بەشەردا بە وەحی بە واسیتەی جوبرەئیل یا لە پشتی پەردەوە نەبێ، وەکوو قسە کردنی لەگەڵ مووسا و قسە کردنی لەگەڵ حەزرەتا ﷺ لە شەوی میعراجا، یاخود پەیامبەرێ لە بەشەر بنێرێ جا وەحی بنێرێ بۆ لای ئەو پەیامبەرە کە رەوانەی ئەکا ئەویش وەری‌ئەگرێ و رای‌ئەگەیەنێ بە ئادەمیزادا، لەم کاتەدا ئەڵێن خودا قسەی لەگەڵا کردوون؛ چونکە بە واسیتەی پێغەمبەرەکەوە قسەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادەدا کردووە کە لەو کاتەدا بوون.

﴿وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ صِرَٰطِ ٱللَّهِ ٱلَّذِى لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ أَلَآ إِلَى ٱللَّهِ تَصِيرُ ٱلْأُمُورُ ﴿٥٣﴾﴾

وە هەر بەو جۆرە باسمان کرد وەحیمان نارد بۆ لای تۆ و کتێبێکی پیرۆزی وەهامان داپێت کە ئەبێ بە هۆی رۆح و ژیانی هەمیشەیی لە دڵی بەندەدا، وە ئەم کتێبە پیرۆزەیش لە فەرمانی ئیحسانی منەوە دەرچووە و، تۆ لەمەوبەر نەتئەزانی حەقیقەتی کتێبی خودایی چییە و نەتئەزانی حەقیقەتی باوەڕ بە خودا چییە و، نەتبیستبوو کە خودای تەعالا کاتی خۆی ئیبراهیمی کردووە بە پێغەمبەر و کۆمەڵێ ئادەمیزاد باوەڕیان پێ کردووە. ئیتر ئاگاداری ئەوە نەبووی کە کیتاب کەلامی خودایە و، حەقیقەتەکەی سیفەتی زاتیی ئەوە و هاتنە خوارەوەی بۆ سەر پێغەمبەران ئەبێ بە هۆی پیرۆزی جیهان و بەختیاری ئادەمیزاد. وە نەتئەزانی باوەڕ بریتییە لە زانستێکی وا هەموو دڵ داگیر بکا و پڕتەوی بکات بە «مەشاعر» بە جۆرێ خاوەنەکەی نوورانی

بکا، هەموو وتار و کردەوەیەکی بکا بە هۆی فەڕ و پیرۆزی بۆ خاوەنەکەی... بەڵام ئێمە بە ڕێژنەی میهرەبانی خۆمان دڵی تۆمان کرد بە پڕتەوگا و جیلوەگای ئەو کتێبە پیرۆزە و ئەو باوەڕە و، ئەو کتێبە یا ئەو باوەڕەمان کرد بە ڕووناکییەك ببێ بە هۆی شارەزایی بۆ هەرکەسێ خواستمان لەسەر شارەزایی ئەوە بۆ ڕێگەی ڕاست کە ڕێگەی ئیسلامە، کە ڕێگەی خودایەکی وایە بۆ ئەوە بە دارایی و تەسەڕوف هەرچی وا لە ئاسمانەکاندا و هەرچی وا لە زەویدا. بێداربەرەوە هەر بۆ لای خودایە گەڕانەوەی عالەم بە فریشتە و ئادەمی و پەری و غەیری ئەوانیشەوە.

هـــەزاران مـــلیار ســـوپاسی لایـــق	تـەقدیم بـێ لە بـۆ بـارەگای خـالیق
ئـــەو خـــودا کـــەوا بـــە مـــیهرەبانی	ڕەهــــبەرانـــی نـــارد بـــۆ زیـــندەگانی
لە بـــۆ ژیـــانی گـــیانی ئـــادەمی	بـــۆ نـــیشاندانـــی ڕێـــگەی ســـالمی
ڕێـی سـەلامەتی لە مـەکری شـەیتان	بـــێمەلامەتی لە دەردی جـــیهان
هەرکەس کەوتە دووی ئەو ڕەهبەرانە	ئـــەوە ئـــازادی هـــەردوو جـــیهانە
(نامی) خـادیمە بـۆ ڕێـگەی ڕەهـبەر	هـەر لە ئـێستەوە تـا ڕۆح دێـتەدەر